ڕامان

١٨٧

مانگنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی حەڤدە/ کانوونی یەکەمی ٢٠١٢

- **خاوەن ئیمتیاز**

  شەوکەت شێخ یەزدین

- **سەرنووسەر**

  ئازاد عەبدولواحید

- **بەڕێوەبەری هونەری**

  سەرکەوت وەلی

- **مۆتیف و پۆرترێت**

  قەرەنی جەمیل

- **بەرگ**

  باسم ڕەسام



ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی

ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net

تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662

(دەرەوە)/ 009647504494662

تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582

پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com

sarkautwali@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک

نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی


**● دەق**

- وەرەوە فاتیمە وەرەوە/ کەریم دەشتی/ 3
- دڵخۆش/ هیوا شەمسی بورهان/ 5
- خۆشترین ماچ/ کامیل ژیر/ 6
- ئاوازا ئێشێ/ ئایتەن چاچان/ 7
- بەور/ لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی/ 8
- دوایین شەو لە تەمەنی دوو گیانلەبەر/ ئەحمەد قادر سەعید/ 9
- دیوارەکان..!/ بەکر دەروێش/ 15
- جازیبەی زەوی/ ک. د. ئازاد (کەریم دافیعی)/ 19
- کامیۆن/ مەزهەر بۆزان/ 22
- کەبابی قاز/ لە فارسییەوە: کەماڵ تاهیر نەژاد/ 24

**● هەڤپەیڤین**

- هەڤپەیڤینێکی هەمەلایەن لەگەڵ نووسەر و وەرگێڕ (عەبدولکەریم شێخانی)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 30

**● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

- بەهاری ڕەش، لەبەر ڕووناکی خوێندنەوەیەکی سیمیۆلۆژیدا/ عەبدولغەنی کاکۆ/ 47
- ژانرەکانی ئەدەب/ د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود/ 57

**● زاراوەسازی**

- وەرگێڕانی چەمک و زاراوە ڕەخنەیی و تیوریکەکان/ د. بەختیار سەجادی/ 67

**● هزر و فەلسەفە**

- فینۆمینۆلۆژی هوسەرل/ د. حەمید عەزیز/ 73

**● وتار**

- دەقئاویزان/ ئاری عوسمان خەیات/ 85
- بایەخی هەڵکەوتە لە هەمبەر یاسا و ڕێساکاندا/ حوسێن شێربەگی/ 89

**● بیرەوەری**

- بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم/ کەریم شارەزا/ 92

**● زمانزانی**

- زمانی ستاندارد لە هەندێک وڵاتدا/ د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو/ 97

**● مێژوو**

- شێرەژنی باڵاگریوە بۆ سەری هەڵدا/ڕەحیم لوقمانی/ 116

**● ڕۆژنامەنووسی**

- ڕۆژنامەنووسیی منداڵان لە باشووری کوردستاندا/ جەواد حەمەدبەگ ساڵح/ 123

**● هونەر**

- چەمکی ترازان لە کۆنتێکستی دوا ئەزموونە هونەرییەکانی (خۆشی شەوقی)دا/ وەهبی ڕەسووڵ/ 128
- هونەرە بنەڕەتییەکانی درامایە کە دەروازە بۆ خوێندنەوەی نوێ دەکەنەوە/ لە سوێدییەوە: دانا ڕەووف/ 132

**● خوێندنەوەی کتێب**

- نۆڤێچێنتۆی پیانۆژەن، یان (ئەفسانەی ١٩٠٠)/ هاشم سەڕاج/ 140
- خوێندنەوەی کتێبی: (کاریگەری ئیسلام لەسەر کولتووری کورد)/ حەسەن مەحموود حەمەکەریم/ 143

**● نرخاندن**

- ڕامان و دەرفەتی وەک یەک بۆ هەمووان/ ئەسکەندەر جەلال/ 157

**● سووکە لەنگەر**

- پارێزگاری ڕەسەنایەتی هونەری گۆرانی و موزیکی کوردیمان/ وریا ئەحمەد/ 160

# وەرەوە فاتیمە وەرەوە

كەریم دەشتی

دەزانی چەند تەنهام تەنهاتر لە دەشتایی خوای پەنهان
تەنهاتر لە شیعری پڕ برین
تەنهاتر لە تەونی بێ نەخشان
لە شیعری بێ ئامان فاتیمە وەرەوە
لە گریان
لە گیان
لە گیا
من و تۆ فاتیمە پێکەوە تیشکی مانگی دوورمان
لە شەودا چنیوە
هەزاران سەبەتەی شەفەقمان لە باخی سپێدە ڕنیوە
بەفرمان لە بانان ماڵیوە و هەنگوینمان
لە شانەی شاخاندا دزیوە
سەدان جار پێکەوە عەترمان لە گیای کێوستانان هاڕیوە
قاوغمان لە گوڵی مەریەمە چنیوە
دەچووینە سەرابە دوورەکەی گۆڕستانی چۆلی
شمشێری وەستاوی منارە
کە ئێستاش هێماکان
بەسەر خشتەکانی دیواریا هەر ماوە
بەردە سپییەکامنان دەهێنا و نەزرمان لە کێلان گیر دەکرد
خودایە لای یەک بین
خودایە بۆ یەک بین
من کەوتمە باکوور و تۆ باشوور
من بوومە هی کونجی غوربەت و تۆ بوویتە هی گریان
شەوان لە بانێکدا سەیری ئەستێرەی لەیلە و
مەجنوومنان کردووە
ئێستا نا ئێستاکێ هەر خۆیان لێک دەدەن
تا لەبەر خوا بپاڕێینەوە بۆ یەک بین
دوعامان قبووڵ بێت
نە ئەستێرەکان لێکیان دا، نە ئێمەش بۆ یەکبووین
مناڵیمان لەگەڵ سەگەکەی گۆڕستان بردە سەر
بە پەنجەی بچووکمان شیری ژێر زەویمان هەڵدەمژی



پێمان وابوو ئەم شیرە لە جۆگەکانی بەهەشتەوە دەپڕژێتە پەنجەی بچووکمان
فاتیمە بیرت دێت پەنگرمان لە ئاگردانەکان دەدزی
تۆش ئاردی ناو کەندوو بۆ قاویت
فاتیمە وەرەوە فاتیمە
ئەو ڕۆژانەی لە دەشتاییەکان بارانێ دەباری و زەوی تۆزی دەکرد
خۆمان لە باوەشی یەک دەناو دوو چاومان دادەخست
لەرزێ دایدەگرتین لەرزێکی خوداوەندی بوو
شەرمێ دایدەگرتین شەرمی جودابەندی بوو
بریا دەتزانی شەوەکان چەند پڕ سام و درێژ بووینە فاتیمە
کە تۆ لەژێر تریفەی پڕی مانگەشەوانیا نەماوی
پێدەشتەکان چەند چۆلن فاتیمە
کە تۆ وەک ئاسکەکان ڕاناکەی
هەندێ جار هەست دەکەم ئەم دنیایە چۆلترە لە ئەشکەوتە دوورەکان
چۆلترە لەو ساتانەی کە عاشقان پێی دەڵێن دڵ لێکبەردان
تازە ژین فاتیمە چ تامێکی ماوە تۆ نەبیت
تازە من چۆن گۆرانییەکەی جارانم بڵێمەوە کە تۆ وشەکانی نەبیستی
ئاخ دڵم چەند توندە فاتیمە وەرەوە تۆزێ دڵم بدەرەوە
ئێمە بەیەکەوە بووین کە هێشتا پەڕەسێلکە نەهاتبوونەوە
بیرتە پووشی تازەمان دەنایە ناو لانە کۆنەکان
تا درەنگان تا کاتێ مەلی تیشک دەمردن لە ئاسمان
وەرەوە فاتیمە وەرەوە
دەشت و دۆڵمان دەبڕی، قەتێمان ڕاو دەکرد
ئاگرمان لە پەنا بەرد و تاوێرەکان دەکردەوە
ڕۆحمان شەڵاڵی بارانی ناوەخت دەبوو
ئاخر دەزانی فاتیمە ئەو ساتانە چەند خۆش بوون
ژیان سادە
قسە سادە
دڵەکان سادە
تەمەشا فاتیمە تەمەشا برینم سەت دیوە
قسەی دڵم چەند بە سفت و سۆیە
تەمەشا فاتیمە تەمەشا
ئەوەندە سەیری قووڵایی دەریام کردووە بەدوای تۆ
پشتم کووڕ بۆتەوە کووڕ
تەمەشا تەمەشا شمشێری فیراقت
چۆن بەناو خوێندا شۆڕ بۆتەوە

# دڵخۆش

**هیوا شەمسی بورهان**
**(فەڕەنسا )**

لەنێو هاتوچۆی بەتاڵووکەی خەڵکی ئەم شارەدا
دەگەڵ عەتری جۆراوجۆری ژنەکانی
دەگەڵ جلی ڕێکوپێکی پیاوەکانی
قەرەجێک چڵکن و ئارام
لێو بە بزە ئاکاردیۆنی لێ دەدا.
هەر کە دیتم ناسیمەوە!
هەر هەژارە دڵخۆشەکەی تاران بوو
بەهاران بە داشقەیەک
فەریکە بادامی دەفرۆشت،
هەر ئەو مامە پیرەی موکریان بوو
سەری لە بێ قەراریی خەڵک سوڕمابوو
چەند پاکەتێک جگەرە لە پێش
لە تێک کەشکی بە دان دەکرۆشت.

**لیل ۲۰۱۲/٦/۱٤**



**خەستەخانە**

کۆمەڵێک خەڵک
گوڵ بەدەست و لێو بە بزە
ڕووی یەکتر ماچ دەکەن و
دڵخۆشی وەک کانییەک
لە سیمایان هەڵدەقوڵێ.
دەستەیەک لەولاتر
دەنگیان پڕ لە بوغزە
لە باوەشی یەکدا دەگرین
پەژارە وەک لافاوێک
دەروونیان ڕادەماڵێ.
ئێرە خەستەخانەیە.
جێی مردن و لە دایک بوونی مرۆیە
بوون، یان نەمان لێرەدا
زۆر پڕ ڕەنگ و بە بۆیە.

**۲۰۱۲/۸/۲۸، ۱۳۹۱/۵/۳۰ مەهاباد**

# خۆشترین ماچ

کامیل ژیر
(سلێمانی)



چ جۆرێ ماچ خۆشترینە؟
تەڕ و پاراو و شیرینە؟
شیلەی شەکر، یا هەنگوینە؟
سەری گۆنا؟ خاڵی ڕوومەت؟ یا ناوچەوان؟
سەرگۆی مەمک؟ لێو و زمان؟
ئەندامی ڕووت؟ یا داپۆشراو؟
بەردەسکەوێ، یا ببینرێ بە نیگای چاو؟
زۆروزەبەن؟ یاخود دەگمەن؟..
بە هیچ کامیان باوەڕ مەکەن
❊ ❊ ❊
بە ئاسمانا مەلەی دەکرد کەژاوەکەم
لەشی ئاڵایە پرچی خاوی هەور و تەم
بێ ترس و خەم
ماچی تەڕ و پاراوی دەم
❊ ❊ ❊
بە شارانی ماچبارانا
بەناو شەپۆلی جوانانا
هەزاران قۆناغم بڕی
بلیتی شوێنی ناوازەم گەلێ کڕی
لە کەنارا
لەناوەندی گەورە شارا
ڕیزە بووکی شۆخی تەلار
لەناو بەرگی سپی بەورا
پێیان لەسەر فەرشی گوڵزار
دەمیان لەناو دەمی هەورا
تێرمژینی لێو و زمان
چلەی زستان
دەچەرخێنێ بە ڕۆژانی بەهارستان!
❊ ❊ ❊
لە هاوینا
لە دیمەنێکی شیرینا
مەمکەکانی سنگی سەوزی نیاگارام(❊)
گرت و مژی
لەبەر پرژی تاڤگەکانی
وام دەزانی
ئەم دەڤەرە بە هەشتێکەو مرۆڤ تیایا
هەتا دەژی!
کەچی مەلی سرکی خۆزگەم
هەر جووکەی بوو
بۆ خۆشترین ماچی خاکی وڵاتەکەم.

**(❊) تاڤگەکانی نیاگارا**
**Buffalo- New york- USA**
**2012/ 7 /19**

**فەرهەنگۆک:**
**ناوازە: جوان، خۆش، خلاب**
**بەور: بەفر**
**دەڤەر: ناوچە**

# ئاوازا ئێشێ

**ئایتەن چاچان**
**(قامشلۆ)**



١
ب تەیرۆکێن گولەیان رە
دایکان وەلەدێن خوە ئاڤێتن ژ دلۆپێن زلمێ
٢
بەربانگ
پاخلێن کەچێن عەزێب ددزە
ژ شەڤڕەشکێن زلکاران
٣
خوین
تەرمێ خوە وەکە کاشکولکان
تەڤزانیە
ل سەر بەدەنا بهارێ
٤
بابلیسۆکێن حەزکرنێ
ل قەلەمێن کەرەنگان تەڤزینە
ل تۆفانێن چیان وەکە شڤانەکی بەندەشیڤ
ل خوەدیێ خوە دگەڕە
٥
کەنێن ل پێسیرێن کوچە و کۆلانێن بیانیان
هاتنە خەنقاندن
ب شوون ڤە دخلخلن دلێ کو ب ئاشێ جنان هاتیە
هێراندن
٦
خوەزی هەموو بهار ب شلووپەیێن چاڤێن تە دەست پێ
کربانا
ب ڕەنگێ گولیێن تە بخەملیانا
هەموو زارۆکان ب چاڤێن تە بدیتانا
ب لێڤێن تە بکەنیانا
هەموو بووک ب کلێن چاڤێن تە ب ڕێ کەتبانا
ئەڤیندار ب هەڤۆکێن تە ب هەڤ شابانا
٧
من و نەینووکێن سێ ڤیزێن عەزێب حەنە کربانا
ب گولیێن زێڕین خستبانا بەربوویێن کێلەکێن تە
ئەزێ ببووما پنپنیکەک ل سەر دەستێ تە بڕەڤسیاما
تێر و تژی بژیاما
د دەلاڤێن تە دا


**ئەڤ هەلبەستە ژ ڕێنڤیسا لاتینی هاتیە وەرگەڕاندن بۆ سەر ڕێنڤیسا کوردی یا نها ل هەرێمێ لکارە. کو ل پەرتووکا ئانتۆلۆژیا هەلبەستا کوردی یا نووژەن هاتیە وەرگرتن ڕووپەلێن (٢٧-٢٨) کو چاپا وێ یا یەکەمین ل سالا (٢٠١٢)ێ ل ئامەد چاپ و بەلاڤبوویە. هەژیە بێتە گۆتن کو ئایتەن ل سالا ١٩٧٣ێ ل گوندێ چۆرسینێ ل دەڤەرا تەتوانێ ل باکوورێ کوردستانێ ژدایکبوویە و ماوەیەکی ل ئەزمیر ژیایە و تەڤلی خەباتا ڕۆژنامەڤانی و ئەدەبیاتێ بوویە و پاشان هاتیە قامشلۆ و لوێرێ ئاکنجی بوویە.**

**«ڕامان»**

دوو شیعری بیانی

# بەور

**لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی**
**(زانکۆی جیهان)**



**ویلیام بلێیک**

بەور، بەور، تۆ ئەی بەور!
پزیسکی ئاگر لە دارستانی شەودا،
کام دەست، یان کام چاوی هەرمان
تەکووزیی ترسناکی تۆی داهێنا!؟
* * *

لە کام قووڵایی، یان ئاسمانانی دوور
ژیلەمۆی ئاگری چاوانتی داگیرساند
بەسەر کام باڵدا ورەی هێنایە بەرخۆ هەڵبزنێت!؟
بە کام پەنجە دەستی لە ئاگرت وەراند!؟
* * *

کام شان و باهو، فرتوفێڵ وێرایان
تانوپۆی هەزارتوێی دڵت دابڕێژن!؟
لەو ساتەشدا کە وا دڵت کەوتە ترپە
کام دەست و پێ سامناکی خستە جووڵە
* * *

بە کام پەتک، کام ئاسندان، کامە زنجیر
میشکت لە کام کوورەی ئاگردا بیچمی گرت!؟
کام چنگی بەهێز ورەی ئەوەی تێدا بوو
ڕوخساری مەرگهێنی تۆ بگرێتە خۆ!؟
* * *

ئەو کاتەی ئەستێرە سپەریان فڕێ دا و
ئاسمانیان بە فرمێسکی چاوانی خۆیان شووشتەوە،
ئایا بزەی هاتێ ئەو دەمەی کە دەسکردی خۆی بینی!؟
ئایا ئەوەی بەرخی خوڵقاند نەخشی تۆیشی داڕشتووە!؟
* * *

بەور، بەور، تۆ ئەی بەور!
پزیسکی ئاگر لە دارستانی شەودا،
کام دەست، یان کام چاوی هەرمان
تەکووزیی ترسناکی تۆی داهێنا!؟


## سترانێک بۆ شەراب

**دەبلیۆ.ب. یتس**

بادەی شەراب لە دەمەوە دەڕژێتە گیان
خۆشەویستی لە چاوەوە.
ئەمە تەنیا ڕاستییەکە کە دەیزانین
بەر لەوەی پیر بین و بمرین.

دەم بە پیاڵەیەکی شەرابەوە دەنێم،
چاوانت تێدەبڕم و ئاخێکی قووڵ هەڵدەکێشم

**ژێدەر:**
**Selected English Poetry, Oxford Publishing House, 1989.**



# دوایین شەو لە تەمەنی دوو گیانلەبەر

**ئەحمەد قادر سەعید**
**(سلێمانی)**

بۆ ئەوەی خاوەن ماڵەکەتان خەبەری نەبێتەوە، هەموو شەوێ کە دەرگای حەوشەکەت لێ دەکردەوە، سەعات لە دوانزەی تێ دەپەڕاند، تۆ ماوەیەکی زۆرە لەسەر ئەو حاڵەتە بەردەوامی و لەگەڵیدا ڕاهاتووی، زۆربەی بەیانیان ژنی خاوەن ماڵەکەتان ئیرەیی پێدەبردی کە چۆن توانایی ئەم هەموو دانیشتنەت هەیە و بە تەنیا لەگەڵ دوو منداڵی سەروپێچکەدا ئەو هەموو کاتە لە چاوەڕوانیدا دەمێنییەوە. هەرکاتێک ژنەکە تۆی بدواندبایە و لە هۆکاری ئەو ئێشکگرتنەی بپرسیایە، تۆ بە وەڵامێکی سەرپێیی، یان بەخۆدزینەوە لە وەڵامدانەوەی خۆت قوتار دەکرد، چونکە دەتزانی، ئەگەر دوایین وەڵام لە کۆشی ژنەکە بکەی، ڕەنگە ئەویش لێتان بێزار بێ و پەلپی چۆڵکردنی خانووەکەتان لێ بگرێ و مێردەکەی هان بدات کە بوونی ماڵێکی وەکو ئێوە بەوان ناخوات، ئەگەرچی تەنیا هەر لە دوو ژوور و هەیوانێکی بچووک پێکهاتبوو. زۆر شەوان کە بە تەنیا دەمایتەوە و دوو منداڵەکانت دەخەواند، دەچوویەوە ناو دنیای بێگەردی منداڵی خۆت کە ئەو کاتەش ئەو بێگەردییە لە تۆ شێوێنرابوو.

دنیای منداڵی واتە دنیای پڕ جوانی و پاکی و جووڵەی بەردەوام، دنیای فەزای کراوە و هەڵبەز و دابەز و پێکەنین و تریقانەوە و گەمە و دەیان خواستی تر، بەڵام تۆ لەناو ئەو هەموو دنیایەدا لە کونجێکی تەسکی بەردەم زڕدایکێکی دڵڕەقدا بووی. ئەوکاتەی کە دایکی خۆت دنیای بەجێ هێشت تۆ تەمەنت هەشت ساڵان بوو، لە هەشت ساڵیدا منداڵ هەست بە زۆر شت دەکات هیچی وای نامێنی تەمەنی منداڵی وەلانێ، بەڵام بە هەر جۆر بیچوێنی ئەو تەمەنە هەر تەمەنی منداڵییە. تەنها و دوای ساڵێک لە کۆچی دوایی دایکت لە قوتابخانە مایتەوە و لە تەمەنی نۆ ساڵیدا کە زەرد و خوردی خۆت نەدەزانی لە خوێندن دەریان هێنای و لە خوێندەواری بێ بەشیان کردی، هەرچەند ئەو کاتەت

بیـردەکـەوێتـەوە، دەکـەوێتـەوە ناو دنیـای منداڵیت و ناو کۆمەڵێک لە هاوڕێ قوتابییەکانت لەو کاتەدا ئاوا لەگەڵ خۆتدا دەدوێی:

- "ئەوکـاتە تەمـەنم شـەش ساڵان بوو، لەبیـرمـە دایکم بردمییە قوتابخانە و ناونووسی کردم، وەک هەرمنداڵێک کە حەز بەخوێندن بکات حەزم دەکرد بخوێنم و لە هاوڕێ و دەسـتـە خـوشکە بچکۆلەکانم دوا نەکەوم، بەڵام قـەدەر هەر زوو ئەو خـواسـتـەی لەمن وەرگـرتەوە، هەر چۆن بوو هەتا پۆلی سێی سەرەتاییم بڕی، بەڵام نەخۆش کـەوتنی دایکـم ئەو هـەلـەی لـەبەردەممدا بـوو بە ڕێـگر و ئـەویش کـۆچی دوایی کـرد هەمـوو دەرگـاکان بە ڕوومـدا داخـران. دایکم لە دوادەمـەکـانی ژیـانیـدا زۆر لەبەر بـاوکم پاڕایەوە کە ئاگای لەمن و براکەم بێ و نەمانداتە دەست زڕدایک و با هەر خۆی چاودێریمان بکات و لەژێر سێبەری خۆیدا پەروەدەبین، بەڵام باوکم هیچ لە ئـامـۆژگـاریـیـەکـانی دایکمی لەگوێ نەگـرت و پەیڕەوی لەقـسـەکـانی نەکـرد، بەڵکو هەر زۆر زوو دایکێکی تری بۆ پەیدا کـردین و شوێنی دایکمی گرتەوە. من ئەوکاتە بەهیـچم نەدەزانی و لەوە بەئاگا نەبووم کە لەو تەمەنە فـەریکە بەشوودراوم و یان لەبری زڕدایکەکەم دراوم بەکەسێک کە نازانم کێیە و لە چ تـەمـەنێکدایە و دەمکەن بەهاوسـەری کێ. خـەندە گیـان ئاخۆ ئێستا لەکوێ بێت و دەبێ لەچ قوتابخانەیەک مـامـۆسـتـابێ؟ خـۆ ئەگـەر منیش بمخـوێندایە ڕەنگە مـامـۆسـتـا، یـان شـتـێکی تر بام، کێ دەڵێ وانە دەبوو. ڕەنگە زیاتریش بام".

کە جیـرە لە دەرگـاکە هات، هاتیـیەوە ناو چوارچێوەی دیوارەکـانی ژوورەکـە و چاوێکت بەسـەر دوو منداڵەکـەتدا خـشـانـد و بەتانیـیـەکـەت پێـدادانەوە و گـوێت بۆ دووبارەبوونەوەی جیـرەی دەرگـاکـە گـرتەوە، هەتا ئەگـەر دەنگەکـە دووبـارە بۆوە پەلە لەکـردنەوەی بکـەی وخـێـرا مێردەکەت بهێنییە ژوورەوە و بەخێرایی ئەوەی پێویست بێ لەگـەڵیدا بکەی بە چاک گـوێگرتن و هەسـتـراگـرتنت دەنگەکـانت دەناسـیـیـەوە و لێت تێکەڵ نەدەبوون. ئەو جارە لە جیـاتی جیرە، گوێت لە تەقـەتەقێکی نامۆبوو. هەسـتـای ویسـتت دەرگـاکـە بکەیـتـەوە. خۆت لێ نزیک کـردەوە بە هێـواشی کلیلی نـاو کـێلوونەکـەت بـادا و دەرگـاکـەت ڕاکـێشـا و سـەرت بردە دەرەوە ئەوەی دیتت مـێـردەکـەت نەبوو، بەڵکو گـوێدرێژێک بوو دەیویـست لە تەنەکە خۆڵێک نزیک ببێتەوە بەو نیازەی شتێکی دەست کـەوێت و خۆی لەبرسـێـتی پێ ڕزگـار بکات. دەرگاکـەت بەهێواشی داخستەوە و هاتییەوە ناو ژوورەکە و لە نزیک منداڵەکان دانیشتییەوە، لە بۆتەی چاوەڕوانی مێردەکەت و خـەمی ئەو گـوێدرێژەی کە دوور نییـە خاوەنەکەی هەتا ئەو بەسـتـەزمانە تێن و تاقـەتی هەبووە بە ئارەزووی خۆی کـاری گـرانی پێکردووە و ئێـسـتـا کـە زانیـویەتی هێـزی جارانی نەماوە بەری داوە بۆ کۆڵانەکان و لەناو ئەو دنیا سەرماوسۆڵەیەدا بەرەڵڵای کردووە:

-"ئـای ئینسـان! چەند سـەرسـەخت و دڵڕەق و بێ بەزەیی. ئەو گـیـانداره بەسـتـەزمـانە چ تاوانێکی کـردووە تۆی دڵڕەق بەو شـێـوەیە ڕەفـتـاری لەگـەڵ دەکـەی؟ ئەمـانە هەتا توانـایی و هێـزیان تێـدابێ دەیانچـەوسـێننەوە و خـزمـەتی خـۆتانیـانی پێـدەکـەن و ئـەگـەر لە توانایی و تاقەتیش بوون، دەریان دەکەنە نـاو کۆڵانەکـان، تا منداڵە نەگریسەکان ڕۆژانە لەئێوەی دڵڕەق زیاتر ئازاریان بدەن و شەوانەش لە پەناوپەسیوەکاندا هەڵ بلەرزن و بە ڕووت و قـووتی و برسـێـتی بمێننەوە، لەدواییـشـدا بمرن. ئەوە ویژدانی ئەو مرۆڤانەیە کە نازانن بەزەیی و سۆز چین، یان دڵنەرمی لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە".

لەوکـاتەدا نەتویست بچیـتـە ژێر جـێگاکـەت، چونکە دەتزانی کـاتی هاتنەوەی مـێـردەکـەت نزیک بۆتەوە، هەر بەدانیشتنەوە لەپاڵ منداڵەکانتدا چاوت نووقاند و لەبەر ئەوەش زۆر هەستت بەهیلاکی دەکرد، چاوت لەبیرە خەو ڕاچوو، بەدەم وێژینگەوە جـارجـارە سـەرت بۆ پێشـەوە و جـارجـارەش بۆ دواوە دەکـەوت و خـەونی پچـڕ پچـڕ و ناخۆش ئێـخـەیان پێدەگرتی و هەر جـارەش کە خـەبەرت دەبۆوە، چاوت بەدیمەنی منداڵەکـانتـدا دەخشـاند و دەیان بیـری سـەیر و لێکدانەوەی هەمـەجـۆر کـە خـۆیان لە دەروونتدا پەنا دابوو دەکەوتنە جووڵە و هانیـان دەدای بۆ ئەوەی بەخۆتدا بچیـتەوە و لەو دۆزەخەی تێی کـەوتووی خـۆت ڕزگـار بکەیت، بەڵام کـە چاوت بە دیمەنی منداڵەکـانتـدا دەخشـاند، هەمـوو گـیـانت دەبووە بەزەیی، ئەوانیـش وەکـو تۆ و براکـەت دووانـن، ئێـوە خـوشـک و برایەک بوون، بەهۆی نەمـانی دایکتـان نازتان شـێـوا و لەکـۆشی گـەرم و هەسـتی دڵسـۆزی ئەو بێ بەش بوون. ئەوکاتە بەخۆتدا دەهاتییەوە و فرمێسکە قەتیسماوەکانت دەسڕی و لەناو بیری مێردەکەت و گوێدرێژە بەرەڵڵاکاندا

لوولت دەخوارد و لەگەڵ خۆتدا دەکەوتییە دوان:

- "ئەو گـوێدرێژە بەرەڵڵایانە بەهەمـوو مـانایەکی مرۆڤایەتی زۆرداربیان بەرانبەر دەکرێت وەک خاڵە حاجی باسی دەکـرد، جـاران کـەسـێک گـوێدرێژێکی هەبایە ماڵێکی پێ دەژیاند، جووتیاران هۆیەکی بژێوی خێزانیان بەسەر پشتی گوێدرێژەکەیانەوە بوو! ئەگەر ژیان زۆر لە ئێستاش سەختتر بووایە بەو جۆرە ڕەفتاریان لەگەڵدا نەدەکردن، ئەو کاتە خانەی مەولوود هەولێری دەبوو بە خـانەی کـەرە بێ دەرەتانەکـان، مـام مـەولوود و چەند کـەسێکی دی لەخانەکەدا داڵدەیان دەدان و هەتا دنیـا گەرم دەبۆوە، لە سەرماوسۆڵە دەیانپاراستن و لە سەرەتای بەهارانیش دەیاندانەوە بەچەند کـەسێک بەو مەرجەی جارێکی دی بەرەڵڵایان نەکەنەوە. خۆ باوکی منداڵەکانی من بەرەڵڵای کۆڵانان نەکراوە، ئەدی بۆچی نایەتەوە ناو خـێـزانەکـەی خـۆی و دەسـتـێکی بەزەیی بەسـەری منداڵەکانیدا بهێنێ، کە ئێستا لەمنداڵە بێ باوکەکان نەبێ، لە هیچی تر ناچن؟".

تۆ لەو بیرە ئاڵۆزانەدا پەنگت خواردبۆوە کە جارێکی تر دەنگ لە دەرگای حەوشەکەوە هاتەوە، خێرا هەستای و چوویت بە ئەسـپـایی دەرگـاکـەت کـردەوە و بەلۆژە لۆژ نەوزادی مـێـردت هاتە ژوورەوە تۆش پاڵێکت پێـوە ناو حەواڵەی ناوەوەت کرد. بەبێ ئەوەی بهێڵێ منداڵەکان خەبەریان بێتەوە، پەرداخێک ماسـتاوی خەستت بە قوڕگیدا کرد و لەبەر دەستشۆرەکەدا دەست و دەموچاوت شۆرد و کراس و پانتۆڵەکەیت لەبەر داکەند. ئەوت خستە ژێر جێگاکە و خۆشت دەستت بەکراس و پانتۆڵ شۆردن کـرد و کـە تەواویش بووی دوای هیـلاک بوونێکی زۆر خـۆشت لەو بەرەوە منداڵەکـانت بەسـەر کـردەوە و پاڵکەوتی.. زۆری نەبرد، خەوت لێ کەوت و خۆت لەناو خەوێکی پچڕ پچڕدا دۆزییەوە. ئەو جۆرە خەوانەت لێ ببوو بە کارێکی ئاسایی، چونکە پیشەی هەموو شەوانت بوو، نەوزاد بەسـەرخـۆشی و جـاری واش هەبوو چەند کەسێک دەیانهێنایەوە و لە نزیک ماڵەوەدا بەجێیـان دەهێشت و ئەویش بەدارەدارە و دەستگرتن بە دیوارەوە تەقـەی لە دەرگـاکـە هەڵدەسـتاند و تۆش بەبێ دەنگی دەتهێنایە ژوورەوە و نەتدەهێشت هیچ کەس بزانێت، یان دەنگێکت لێـوە بێ، ئەم شـەو زۆرتر لە شـەوانی تر نیگەرانی ئەو بارودۆخـەی خـۆت بووی. لێت بوو بە مۆتەکە و سواری شانت بوو. دەتویست پەنا بۆ هەندێک هۆکار بەری کە بەلای تۆوە ڕێگاچارەی خۆ دەربازکردنت بوون لەو دەردەسەرییەی دووچارت بووە، بەڵام کە سەیری منداڵەکانت دەکرد. یەکسەر خۆت دەهاتەوە بەرچاو، کە ئێوەش کاتی خۆی دوو منداڵی لە ناز دابڕاوبوون، نازی دایکایەتیـتـان لێ شێـوا و هەر زۆر زوو تۆی کـرد بە خـۆراکی دەردەدەسـەری و ئەنجـامـەکـەشی ئەو بە زۆر بەشوودانە بوو، کە ئێستا پێیەوە دەناڵێنی. براکەت لەتۆ خراپتر بوو، ئەگەرچی ئەو بە چەند ساڵێک گەورەتر بوو، بەڵام کەسی بێ سەرپەرشتیار هەمیشە سەر لێشێواو دێتە دەرێ. ئەویش ئێسـتـا گـرفـتـاری دەسـتی تەواو نەکردنی خوێندنە، هەر ڕۆژە لە جێیەک و هەر جارە لەسەر کـارێک بە کـولەمـەرگی ژیان بەسـەر دەبات. لە وڵاتی ئێمەدا ئەوە قـەدەری دەستی نەمانی دایکە. دایک ئەو مـرۆڤـە کـە دەبێ خـۆی بسـووتێ و منداڵەکـانی لە ئاسـوودەییـدا بژین، دایکی ئێمـە هەر ئەوندەی بۆ کـرا ئامۆژگاری باوکمان بکات، بەڵام ئەویش بەقسەی نەکرد، دوای مردنی بەزوویی منی کردە بارمتەی ژن هێنانەوەی خۆی و ئێستـا بە باشی لە دنیـا نەگەیشتـبووم کە لەو نەوزادە هەمیـشـە سەرخۆشەیان مارە بریم، بەو پێیـەی مامۆستـایە و لە داهاتوودا لەگەڵمدا باش دەبێ. نەوزاد هەتا ساڵێک برێک باش بوو، بەڵام دوای ئەو ساڵە لە ناکاو گۆڕا، بە جۆرێک ژیانم کەوتە ناخۆشییەکی ئەوتۆوە بوو بە دۆزەخ، گـەلێک جـاران پەنام بۆ باوکم دەبرد بێ سوود بوو! زڕدایکەکەم لەجیاتی بەهاناهاتنەوەم تۆمەتی خراپی دەدایە پاڵم، زیاتر باوکمی هان دەدا لێمان دوور کەوێتەوە و گوێ لە هانامان نەگرێ، من نەمدەزانی بۆ بەو شێوەیە ڕەفتارمان لەگەڵ دەکات و ناهێڵێت باوکم لەناو ئەو زۆنگاوی قەدەرە ڕەشەدا دەرمان بهێنێ، یان هەر نەبێ بەزەیییەکی بەو منداڵە ساوایەمدا بێتەوە کە تازە لەدایک ببـوو. من خـاوەنی منداڵێک بووم، بەڵام خۆم منداڵ بووم و پێویستیم بە کەسێک هەبوو نازم هەڵگرێ، ئامـۆژگـاری باشم بکات، بملاوێنێـتەوە نەک هەمـوو ڕۆژێ بمداتە بەر شـەق و پێلاقـە و نەتوانم لە ئاستـیدا تاکە وشەیەک بڵێم و لەپاڵ ئەوەش تۆمەتی خـراپم بۆ دروست بکەن، هەرچەند من دڵنیـابووم کـە ڕۆژێک دادێ باوکم هەستی بەزەیی بجووڵێ و لێمان بپرسێتەوە، بەڵام لەو هەموو بێ دەنگییەی کە بەرانبەر

ئێمە هەیبوو، گومانم پەیدا کرد، بۆیە منیش بە ناچاری ملی ئەو ڕێگا پڕ لەهەڵەتەم گرت و خۆم دایە دەست ئەو قەدەرەی ئێستا لە ڕێگامدایە.

تۆ کە لەناو بیری ئەو ئەندێشە چڕەدا بووی، دڵنیا نەبووی ئاخۆ بەتەواوی خەوت لێکەوتووە، یان نا. لەو کاتەدا لەبۆڵە و پرتەی نەوزاد بەئاگا هاتییەوە. بێ دەنگ هەستای هەر زوو نەوەکو کارەباکە بکوژێتەوە، پلاکەکەیت داگیرساند و کراس و پانتۆڵەکەی نەوزادت ئوتووکرد و بەرچاییت دایە. نەوزاد بە تەنیا وشەیەک سوپاسی نەکردی، تاکە وشە کە لە دەمی هاتە دەرەوە ئەوە بوو وتی:

– ئەرێ ئەمشەو هەوا زۆر سارد نەبوو؟

تۆش بەکەمێک پلارەوە وتت:

– مێشوولەی نەبوو..

– ئای نەرمین خان فێری پلار و قسەی لاقرتێش بووی؟!

– تۆ بەو شێوەیە ڕەفتار بکەی فێری شتی تریش دەبین.

– وەکو چ جۆرە ڕەفتارێک؟ لەوەتەی بۆ ئێرە گوازراوینەوە، شتی تازە فێربووی. چییە خانم دەتەوێ چی بکەی، یان چی بکەم؟

تۆ لەوەڵامدا هەر ئەوەندەت گوت:

-کاتەکە درەنگە بڕۆ با لێرەش زیاتر دوورمان نەخەنەوە.

ئەو ڕۆیشت و دەتزانی تادرەنگانی شەو نایەتەوە و کە هاتیشەوە ئەوە بە سەرخۆشی وەک کەسێکی نیوە گیان خۆی دەکاتەوە بەماڵدا، یان دەیهێننەوە و چەند برادەرێکی لەخۆی نەگریستر پەلی دەگرن فڕێی دەدەنە ژوورەوە، یان هەر لەبەر دەرگاکە بەجێی دەهێڵن و منی نەگبەتیش دەبێ هەتا ئەو کاتە ئێشکەچی بم، کە هاتیشەوە لەبەر شەرم و سەنگینی خۆم هەر ئەوکاتە دەمودەست جلەکانی لەبەرداکەنم و ئەگەر کراسەکەی پیس بووبێ، بەخێرایی بۆی بشۆرم و بۆی وشک بکەمەوە و بەیانی زوو بۆی ئوتوو بکەم و نەهێڵم دەرو دراوسێکانمان بەگرفت و ناخۆشیمان بزانن و واهەست بکەن کە پیاوەکەی من لەبەر خۆ سەرخۆشکردن ناتوانێ تەنیا کراسێک بۆ خۆی بکڕێت و هەر ئەو کراسەی هەیە کە ڕۆژانە لەبەری دەکات و منیش شەوانە بۆی دەشۆم و ئامادەی دەکەم تا بەیانی لەبەری بکاتەوە.

پێش ئەوەی بگوێزرێینەوە ئێرە، من گەلێک هانام بۆ باوک و کەسوکارم برد تا فریام بکەون و لەو دۆزەخەی تێی کەوتووم ڕزگارم بکەن، بەڵام کەسێک بەهانامەوە نەهات. خۆشم نەمدەتوانی ئەرکی ئەو خۆ دەربازبوونە هەڵگرم و پەنابردنە بەرهۆکارەکانی خۆ لەناوبردنم بە بەزین دەزانی، کە بیریشم لەو حاڵەتە زۆر دژوارەی خۆم دەکردەوە کە کەسێکی وا بەناو مامۆستایە و نەوەیەک پەروەردە دەکات و خەڵک چاوی لە دەستی ئەو و هاوشێوەکانیەتی منداڵەکانی بۆ پێ بگەیەنێ. نەفرەتم لە هەموو بەهایەکی لەو شێوەیە دەکردەوە. بۆ ڕاگرتنی کەمێک هاوسەنگی و لەپێناو نەشێواندنی نازی دایکایەتی منداڵەکانم کە هەردووکیان زۆر ساوابوون، بیرم لەوە کردەوە بۆ خۆم چارەیەک بدۆزمەوە، بۆیە بەر لە هاتنمان بە نەوزادم گوت:

– ئەوە لەبەر ڕەفتارە ناشیرینەکانت ناچارکراوی بچیتە شوێنێکی دوور و دەبێ بە ناچاری لەوێ بژیت. ئەرێ تۆ هەر بەهەمان بیر و هەستەوە دەمانبەی بۆ شوێنێک کە کەسی لێ ناناسین و نازانین کوێیە؟

ئەویش بێ ئەوەی خۆی تێک بدات، یان وەک ئەوەی هەر هیچی بەسەر نەهاتبێ و لە فەرمانگەکەی خۆی نەفرەتی لێ نەکرابێ. وتی:

– ژیان بە ئالۆزییەوە خۆشە. ئەو خەڵکە ڕقیان لێمە دەنا مەی خواردنەوە نەبووە بەو عەیبەی ڕەفتاری وا ناشیرینی بەرانبەر بکرێت وەک ئەوەی بەرانبەر بە من کراوە. من ئەگەر زیانێکیشم هەبێ بۆ خۆمە و کەسم هەراسان نەکردووە.

– چەند بەستەزمانی، ئەگەر وابزانی خەڵکی هەر لەخۆڕا دوور دەخرێنەوە و کەسانی دی لە هەڵسوکەوتی ئاگادار نین.

– دەی خانم دیارە لە شتەکانیش تێدەگەی. باشە با من پێت بڵێم ئێمە تاوانمان چییە بەو شێوەیە ڕەفتارمان لەگەڵ دەکەن؟

– هەر کارێک لە ئاستی ئاسایی چووە دەرێ، کارێکی نائاساییە و کاری لەو جۆرەش تاوانە تاوان!

– ئەو جارە من بە ئامۆژگارییەکانی تۆ دەکەم. فەرموو بزانم فرمانت بە چییە و ئامۆژگاریەکانت کامانەن؟

– فەرمووی ناوێ دوورخستنەوەت باشترین

ئامۆژگارییە، ئەگەر پێ بزانی ئەوەندە بەسە بەخۆتدا بچیتەوە.

- با بزانین ئاوارەیی چیمان پێدەکات و ژیان بەرەو کوێ ملی ڕێگامان پێدەگرێ و لە چ هەڵدێرێکدا خۆمان دەبینینەوە؟

- تۆ بەرانبەر ژیان شکستت هێناوە دەنا بەو جۆرە نییە کە بیری لێ دەکەیتەوە؟

ئەوکاتەی هاتینە ئەو شارە کەسمان نەدەناسی، هەرچۆن بوو لە دوو ژووری کرێدا جێی خۆمان کردەوە و ماوەیەک نەوزاد بەباشی کارەکانی خۆی ڕادەپەڕاند، لەدوای کاری ڕۆژانەی دەهاتەوە ناومان و لەگەڵ منداڵەکان ڕەفتاری گۆڕا و زۆری نەمابوو ئۆخەی بکەم و بڵێم ئەوە نەوزادەکەی ڕۆژانی لێرەوپێش نییە، کەچی هەر ئەوندەمان خۆش بوو چەند کەسی وەک خۆی نەگبەتی ناسی بە هەمان تاس و حەمامی جاران دەستی پێکردەوە، بگرە خراپتریش. جاران ئەگەر شەوانە کەمێک زوو بهاتایەتەوە، کەچی ئێستا هیچ شەوێک لەدوانزەی شەو کەمتر نایەتەوە، جاری وایە دوو سێ شەو منداڵەکان نایبینن و وەک باوکیان نەبێ وایان لێهاتووە.

ئێستا کاتی هاتنەوەی نەوزادە لەوە دەترسێم پوورە ئامینە بەخەبەر بێ و کردنە ژوورەوەی ئەم نەگریسە ببێتە هۆی نا ئاسوودەیی ئەویش و بەیانییەکەی بۆڵەبۆڵمان بەسەر دا بکات، بۆیە بڕیارم دا زۆرتر لەسەر هەست بم و نەهێڵم گوێی لە جیڕەی دەرگاکە ببێ. ئەوە کات بەرەو هەڵکشانە، سەعات لەسەرووی دوانزەی شەوە، منداڵەکانم گەرم داپۆشیوە، بەڵام شەوانی درێژی زستان و چاوەڕوانی کردن، هەر دەقیقەی بەسەعاتێک تێدەپەڕێت. دەقیقە ژمێرەکە لەسەرخۆ هەناوی پانتایی کاتژمێرەکەی دەکێڵا. بەخۆت نەبوو دوای سەعات یەکی نیوە شەو، دڵت کەوتە پەلەپەل. تۆ لەناو ئەو هەست ڕاگرتن و دڵەکوتەیەدا، گوێت لە تەپەتەپێکی بەهێزبوو، کە لە دیواری پشتەوەتان دەهات، دڵت کەوتە ناو چەندین بیری پڕ لە مەترسییەوە، ویستت بچیبە دەرەوە، بەڵکو شتێک دەربارەی ئەو تەپە تەپە نائاساییە بزانی، بەڵام ترسێک هاتە ناو گیانتەوە و نەیهێشت لەشوێنی خۆت بجووڵێیتەوە و نەتوێرا بەو شەوە درەنگ وەختە لە سۆراغی ئەو تەپە تەپە هیچ تێبگەی، بەناچاری جارێکی تر لە منداڵەکانت نزیک بوویەوە و خۆت دایە دەست ئەو قەدەرەی نازانی بەرەو کوێ ڕاپێچت دەکات. لەوکاتەدا کەم کەمە لەگەڵ خۆت دەدوای و چرکە چرکی سەعاتەکەت دەژمارد و لە وڕێنەدا بووی کە دەتوت:

- تا دێ لەبەر چاوی من هێواشتر میلەکانی دەبزوێنێ. منیش تا کات هەڵدەکشێ زیاتر ئۆقرەم لەبەر دەبڕێ و ئەوە وام لێدەکات حیساب بۆ هەموو ئەگەرەکان بکەم. زۆری نەمابوو بڕیاری ئەوە بدەم منداڵەکان بەجێ بهێڵم و بەرەو ئەو یانە نەگریسە بچم کە بۆ دەیان ماڵی وەک منی نەگبەت بووە بەدەردی شێرپەنجە و لە دەستی ڕزگارمان نابێ، بەڵام تەپەی ئەوجارەی دیواری پشت ماڵەکەمان ئەو بڕیارەی پێ هەڵوەشاندمەوە و بەناچاری هاتمەوە ناو دنیای چاوەڕوانییەوە، ئەگەرچی تەپەکە هێندە بەهێزبوو وامزانی شوێنێک ڕووخا، ئیتر دوای ئەوە بێ دەنگییەکی کپ خۆی نواند و منیش لەدنیای چاوەڕوانیدا جارجارە سەیری سەعاتەکەم دەکرد و لەگەڵ خۆم دەکەوتمەوە دوان و بەخۆمم دەگوت:

- ئەوە دوایین شەوی ژیانمە بەو شێوەیە بەسەری بەرم، هەر لەبەیانییەوە هەموو شتێک یەکلایی دەکەمەوە زوو ئەو شارە بەجێ دەهێڵم و هەتا تین لە جەستەمدا بێ دوور دوور دەکەومەوە و ناگەڕێمەوە.

سەعات هەر بەرەو ژوور ملی دەنا و تۆش دڵت بچووکتر دەبۆوە و چاوت بینایی کز دەبوو و نەتدەزانی بەو شەوە درەنگە پەنا بۆ کێ بەری و لە دەرگای کێ بدەی. لەهاتنە دەرەوە و چوونە ژوورەوەت پوورە ئامینە خەبەری بۆوە و هاتە دەرەوە و کەمێک لێت نزیک بۆوە وتی:

- کچەکەم ئەوە خێرە ناشێ هەتا ئێستا نەوزادە فەندی نەهاتبێتەوە؟

- بەڵێ پوورێ گیان هەتا ئێستا باوکی منداڵەکانم نەهاتۆتەوە و زۆریش دەترسم.

- جا ترس لە چی کچەکەم. خۆ خوا نەخواستە هیچ نەبووە؟

- نەخێر، بەڵام ئەوە خەریکە ڕۆژ دەبێتەوە، کەچی ئەو هەر دیار نییە بێتەوە، پوورێ گیان چیم لێدەکەی؟

پوورە ئامینە هاتە ژوورەوە، هەردووکتان دانیشتن، ئەو کەمێک سەیری منداڵەکانی کردی و چاوێکی بەدیمەنی سیسبووی تۆدا خشاند و چ قسەی نەکرد! ئەوەندە نەبێ لە تێڕوانینیدا سۆزێکی قووڵ دەخوێندرایەوە. ئەوەی بێ

دەنگی ئەو ساتەی ئێوەی شکاند دەنگی ئەو تەپە تەپەی پشتی دیوارەکەی خۆتان بوو دووبارە بۆوە، لەپاڵ ئەو تەپە تەپەدا کە وەک بە چوار کەس بدەن لەدیوارەکە وابوو، پوورە ئامینە دەیزانی هەموو شەوێ سێ چوار گوێدرێژ لەو کۆڵانە مۆڵ دەبن و خۆیان لەسەرما دەپارێزن، بەڵام تۆی بیرئاڵۆز، بیرت بۆ لای شتێکی تر چوو لەناو ئەو بیرە ئاڵۆزانەدا خۆت گرمۆڵە کردبوو، چاوەڕوانی دەستێکی بەبەزەیی بووی ئاورێکت لێبداتەوە. لەوکاتەدا وات هەست کرد ئەوەی ئەو تەپە تەپە لەدیوارەکە دەهێنێ، نەوزادی هاوسەرتە بە سەرخۆشی گەڕاوەتەوە و ڕێی لێ تێکچووە و پێ نازانێتەوە و دەشێ سەرما کەسیرەی کردبێ و نەتوانێ خۆی بگەیەنێتە دەرگای حەوشەکە. تۆ ئەوەت بە پوورە ئامینە نەوت، بەڵام لێت بوو بەگرێ کوێرە و بۆت نەدەکرایەوە. شەو بەرەو دوادەمەکانی هەنگاوی دەنا، میلی سەعاتەکە لە دوایین ساتەکانی شەو و هەڵاتنی ڕۆژێکی نوێ نزیک دەبۆوە. تەپەی لێدانی دڵی تۆش تا دەهات بەرەو خێراتر دەچوو. لەناو ئەم دیمەنی چاوەڕوانی و خێرا لێدانی دڵەتدا، هەستایە سەر پێ. پوورە ئامینەش هەستا. ئەو وتی دەبا بچم بانگی باوکی منداڵەکان بکەم، بەڵکو شتێک بزانێ، یان چارەیەک بدۆزینەوە، خۆ ئەوە ڕۆژە ئەو پیاوە دەبێ چی لێ بەسەرهاتبێ. تۆ نەتهێشت ئەوە بکات، بەڵام دیاربوو لە دەنگە دەنگی ئێوە خەبەری بۆوە ئەوەندەی پێ نەچوو هاتە لاتانەوە و وتی:

– لە دەمێکەوە لەسەر هەستم، بەڵام هەر دەمگوت ئەو پیاوە، ئەوە پیشەی هەموو شەوانیەتی، ڕەنگە ئەمشەو زیاتر مەست بووبێ و ڕێ سەرەودەر نەکات. دەی باشە ئێستا کچەکەم دەتەوێ چی بکەین؟

– خاڵە حاجی گیان هیچم ناوێ ئەم شەو جگە لە چاوەڕوانی و دەردەسەری خۆم تەپە تەپێکی زۆر لەپشت دیوارەکەوە دێ و نەموێراوە بچم بزانم چییە؟


کە خاڵە حاجی گوێی لەو قسەیە بوو دەرگای حەوشەکەی ترازاند و کردییەوە و بەرەو کۆڵانەکەی پشتەوە ڕۆیشت کە گەیشتە ئەوسەری کۆڵانەکە بینی شتێکی گەورە لەپاڵ دیوارەکە بەلادا کەوتووە، یەکەم جار وای زانی ئەوە نەوزادە مەستێتی بەری نەداوە و ڕەنگە لە هۆش خۆی چووبێ، بەڵام کە نزیکتر بۆوە بینی کە یەکێک لەگوێدرێژەکان دوا هەناسەی ژیانی دا و ملی بەلاداکەوت. لەگەڕانەوەدا نەرمینی بینی کە بەدوایدا هاتبوو. ئێوە هەردووکتان گەڕانەوە هەر یەکەتان لەبەر خۆیەوە سەرکۆنەی خاوەنەکانیانتان کرد، هاتنەوە ماڵەوە.

ئێستا بە تەواوی دانەنیشتبوون بزانن پێشهاتی دی چی دەبێ لە دەرگای ماڵەوەتان درا، تۆ هەر زوو ڕات کرد و پوورە ئامینەش بەدواتدا هات و دەرگاکەت کردەوە. کوڕێکی گەنج پرسی: ئێرە ماڵی مامۆستا نەوزادە؟

– بەڵێ ماڵی ئەوە، پێم بڵێ چی ڕووی داوە؟ منیش پێت نەڵێم کەسانی تر هەن پێت بڵێن. وەک باس دەکەن ئەم شەو مامۆستا نەوزاد دوای مەستبوونێکی زۆر نەیتوانیوە بێتەوە ماڵەوە، بە بێهۆشی داخزاوەتە بن مێزەکانی یانەکە و هەر لەوێ لە سەرمان گیانی دەرچووە. ئێستا تەرمەکەی لە نەخۆشخانەیە.

پوورە ئامینە و خاڵە حاجی بن باڵیان گرتی و هێنایانییەوە ژوورەوە. تا ئەوانە ڕووی دا دنیا بەتەواوی ڕووناک بۆوە. تۆ لە دەمێکەوە گریانەی ئەو پێشهاتەت کردبوو. دەتزانی منداڵەکانی خۆشت وەک خۆت بەشێوەیەک لە شێوەکان سەریان لێ دەشێوێ. ئەوە پێشبینییەکەت هاتەدی. ئەو کارەساتە، ئەگەرچی بۆ تۆیەکی تا سنوورێک نامۆ لە شارێکدا کە جگە لە خاڵە حاجی و پوورە ئامینە کەسێکی تر ناناسی، بارێکە هەتا بڵێی گران بوو، بەڵام هەموو ئەوانە ڕێی لە بیستنی ئەو قسەیە نەگرت کە خاڵە حاجی بە هاوسەرەکەی وت: ئەمشەو دوایین شەوی ژیانی دوو گیاندار بوو، بەڵام هەر یەکەیان بە جۆرێک گیانی دەرچوو.

**شوباتی ٢٠١٢**



# دیوارەکان..!

**بەکر دەروێش**
**(خورماتوو)**

هەنگاوەکانی ئەوەندە بە ئەستەم و لەسەرخۆ بوون، دەتگوت ئەمە دواجاریەتی بەپاڵ ئەو دیوارانەدا گوزەر دەکات! لەبەر خۆمەوە وتم: تۆ بڵێیت ئەویش وەک ئەوانیتر بەتەما بێت (خورماتوو)«١» بەجێ بهێڵێت؟ سەرچاوەی ئەم پرسیارەم ئەوەبوو کاتێک لە نزیکی (قەیسەری ئاسنگەرەکان)«٢» بینیم، لەسەرخۆی دەرۆیشت و بە قووڵی و بە تامەزرۆوە تەماشای دیوارەکانی دەکرد، دەستی بەخشت و گڵەکانیدا دەهێنا، وەک یەکێک لە ژیانیدا دیواری نەبینیبێت، ئێستا بەچاو هەموویان قووت دەدات، قووتێک کە هەرگیز لەچاوانی نایەتەدەر، دەرهێنانێک کە بۆ من ئاسان نەبوو بتوانم شوورەکانی بشکێنم و بەنێو هەواو هەوەسی نیگاکانیدا بێ باکانە تێپەڕم، بۆیە دیسان لەخۆمم پرسی: دیوارێکی لەخشت دروستکراو، خانوویەکی لە گەچ و بەرد ڕۆنراو، شەقامێکی خۆڵاوی، کۆڵانێکی پڕ لە خۆڵ و خاشاک، دەبێت چ تامەزرۆیەک بەدیدەی ئینسان ببەخشن؟ کەچی هەر خۆم وەڵامی خۆمم دایەوە و گوتم : بۆ نا مرۆڤ بوونەوەرێکە زۆرجار یادەوەری و هەست و سۆزەکانی دەیبەن بەڕێوە، هەڵوێستی پێ وەردەگرن.

بێ ئەوەی بمبینێت، یان هەستم پێ بکات فرەیەک لێی نزیک بوومەوە، دیتم سەر دەنێت بەسینگی دیوارەکانەوە، دەست دەخشێنێت بە ڕوومەتی خشت و گڵەکاندا، چاوی دەنا بە چاوی بەردەکانەوە، لەگەڵ ڕوحی خانووەکاندا قسەی دەکرد، تەماشای باڵای کۆڵەکەکانی دەکرد، نارە ناری وێردێک لەسەر زاری بوو، من هەر لە منداڵییەوە وەستا ڕەحیمی کوڕی وەستا سەفەر دەناسم، بنەماڵەکەیان هەموویان وەستای تەلارسازی و دیوار و گەجکاری و لەبغسازین، وەستا ڕەحیم بەشێک لە منداڵیی خۆی لە گەڕەکی (قەسابخانە)«٣» بردەسەر، دواییش کە بۆ گەڕەکی (کۆماری)«٤»

باریان کرد ئەو بەشەکەی تری لەوێ تەواوکرد، ئەم دوو گەڕەکە سەراپا خانووەکانیان لە خشت و بەرد و گڵ دروستکرابوون، قوڕی سوور و ڕەش و بۆر و زەرد سیمای سەرەکییان بوو، ڕۆژانی منداڵی نەخشەیەکی پتەویان لە زەینیدا کێشاوە، بەباهۆزی هیچ زەمەنێک ناسڕێتەوە، ئەو دەمەی لە نزیک ماڵی (حەمەی ڕەحیم)«٥» لەپاڵ یەکێک لە دیوارە قوڕەکاندا پاڵ دەکەوت و بە کۆمەڵێ بەرد و (قاچ)ی«٦» ورد خانووی دروست دەکرد، لەبن خانووەکاندا کونی قووڵ قووڵ و چاڵی گەورە گەورەی هەڵدەکەند، دەیکردنە کون بۆ (کەروێشکە پەڕۆییەکانی)«٧»، تاقی جوانی لە سینگی دیوارەکان هەڵدەکەند و دەیکردنە هێلانە بۆ (کۆترە قوڕینەکانی)«٨»، لەسەر ڕووی دیوارەکان وێنەی خانووبەرە و باڵندە و تەیر و تواڵ و ئاسک و مامز و بزنەکێوی دەکێشا، لەبیریەتی جارێکیان وێنەی کەڵەکێوییەکی گەورەی لەسەر دیواری حەوشەکەی ماڵی خۆیان کێشابوو، منداڵانی گەڕەک هەموویان بوون بەتەماشاچی، سمەی مامەخولە لێی پرسی: ڕەحە ئەمە ڕەسمی چییە کردووتە، ئێژی شەیتانە شاخی هەیە؟ بەتووڕەییەوە بە سمەی وت: شەیتانی چی جیقن، ئەوە کەڵەکێوییە کەڵەکێوی.

زۆرجار وەک پشیلە بەدیوارەکاندا هەڵدەزنا، پێیاندا شۆڕدەبووەوە، خۆشەویستییەکی سەیر و عەجایەبی بۆ دیوار و دار و بەرد هەبوو، هەمیشە بەکۆڵانەکانی (بنار و ئاوەسپی و هەنجیرەدا)«٩» دەگەڕاو لە نەخشونیگاری ماڵەکان ورد دەبووەوە، جارێکیان لە دیواری حەوشەکەی ماڵی حەسەن ئەفەنی کە دیوارێکی بەرز و بڵند بوو، نزیکەی نیو مەتریش پان بوو کەوتە خوارەوە و دەستێکی شکا، بەڵام ئەم ڕووداوە هەرگیز نەبووە هۆی بێزار بوون و ڕق هەستانی لە خانوو و دیوار و شوورە و حەسار، ئەو ڕۆژانە ڕۆژگەلێک بوون، هەرگیز لەبیری ناچنەوە، لەگەڵیدا گەورە دەبن، ئەو عاشقێکی گەورە و ڕەهای دیوارە، هەمیشە بەدوای مێژووی یەکەم دیواردا دەگەڕێت، دەیەوێت بزانێت کێ و کەی یەکەم دیواری دروستکرد و بۆ چ مەبەستێک بوو؟ ئەو دەزانێت هەندێک جار دیوارەکان بۆ هەندێک کەس دەبنە زیندان و خەڵکانێکی بێ تاوان بەند دەکەن، بەڵام بێ دیوار مرۆڤ دەبێتە ئاوارەیەکی بێ دەرەتان، مرۆڤی بێ خانووی بێ دیوار ئینسانێکی بێ ماڵ و حاڵە، دیوار ئەو پەناو پەسێوەیە کە ستری ئینسان دەدات، دەیحەوێنێتەوە، مرۆڤ لەسایەی دیواردا هەست بەئاسوودەیی دەکات، دیوار و دەرگە و پەنجەرەکان متمانە و ڕوحی ژیاندۆستی بە مرۆڤ دەبەخشن، ئینسان لەپاڵ دیواردا نەبێت، لەژێر ساباتی چوار کۆڵەکەدا نەبێت ناحەوێتەوە، مرۆڤ زۆرجار ڕقی لەدیوارەکان دەبێتەوە و دەیانڕووخێنێت، بەڵام هەر زوو پەشیمان دەبێتەوە و دووبارە بە جوانترین شێوە دروستیان دەکاتەوە، چەندین قات بەرزیان دەکاتەوە، بەرزیی دیوارەکان نیشانەی بەرزیی شارستانییەتی ئەو وڵاتانەن کە تێیاندا دروست کراون، چەند دیواری ماڵەکان نزم و پەرپووت بوون، ئەوە بزانن کە ژیان لەو جۆرە شوێنانەدا لە ئاستێکی نزمدایە، ژیانی مرۆڤ لەو جێگایانەدا بێ بایەخ و بێ بەها تەماشا دەکرێت، بژێوی ئینسان سادە و ساکارە، مرۆڤ لەنێو کەلاوەشدا بێت دەژێت، بەڵام ئایا ژیانی نێو کەلاوەیەک و کۆشکێک وەک یەک وایە؟ ئەو خواردنەی لەنێو کۆشکێک و کولیتە شرێکدا دەخورێت وەک یەکن؟ من وەڵام نادەمەوە، خۆتان وەڵام بدەنەوە، لێگەڕێن با ویژدانتان قسەبکات، چاوی خۆتان بچووقێنن و خانوویەکی سێ نهۆمی لەخشت دروستکراوی مەرمەڕ ڕێژکراوی بۆیەکراوی ڕەنگاوڕەنگ، دەرگە ساج و پەنجەرە پلاستیک بێننە بەرچاوی خۆتان و لەگەڵ خانوویەکی لە قوڕ و خشت دروستکراوی دەرگە و پەنجەرە لە تەنەکە و ئاسن دروستکراودا بەراورد بکەن، بزانن چی دەبینن؟ ئێوە گوێ لەو قسەیە مەگرن کە ئێژێت قەناعەت حەساوە، کابرا ئەگەر ماڵێکی ڕێکوپێکی نەبێت وەک بەشەر تێیدا بژیت قەناعەتی بەچی هەبێت، بۆیە ئەم پیاوە سەرەڕای هەموو شتێک دیواری خۆش دەوێت و لەپاڵ دیوارەکاندا هەست بە ئاسوودەیی دەکات، حەزێکە هەر لە منداڵییەوە لە ناخیدا ڕواوە، هەرچەندە ئێستا کەرەستەی بیناسازی دیوارەکان گۆڕاوە و دڵی شوورەکان ڕەقتر بوونەتەوە و شێوەیان جیاوازە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هێشتا دیواری خۆش دەوێ و لەنهێنی سیحری دیوار تێر نابێت، بەتایبەتی ئەو دیوارانەی لە قوڕ و خشت و خۆڵ دروست کراون، چونکە بەشێکن لەیادەوەرییەکانی تەمەنی منداڵی، ئەو زۆری بەلاوە سەیرە کە کەسێکی وەک (بەختیار عەلی)«١٠» لە(دواهەمین هەناری دنیادا)«١١» دیواری ماڵەکەی

(محەممەد دڵشووشە)«١٢» لە جیاتی قوڕوخشت لە شووشە دروست دەکات؟ شووشەبەند هەرگیز نابێتە دیوار، شووشە ناسکەو زوو دەشکێت، بەرگەی هیچ باهۆز و لافاو و زەبروزەنگێک ناگرێت، تەنکە و ناتوانێت نهێنییەکانی مرۆڤ بشارێتەوە، ڕاستە ئەو دەیەوێت پێمان بڵێت باشەفاف بین و شەفاف بژین، باچیتر تەمومژاوی نەیگوزەرێنین، بەڵام کاتێک مرۆڤ لە نهێنییەکانی دادەماڵرێت چی بۆ دەمێنێتەوە؟

دیوارەکان ئارامگەی ژیانن، مرۆڤ لە سایەیاندا هەست بەبوونی خۆی دەکات، ئەوە دیوارەکانن کە هەمیشە سابات و سوپەری ئینسانەکان بوون، ئێوە تەماشای دیواری چینی مەزن بکەن (کە ساڵی ٢٢١ پێش زاین ئیمپراتۆری چین شی هوانگ بەشێوەی پچڕ پچڕ بۆ پاراستن و یەکپارچەیی وڵاتەکەی دروستی کرد، پاشانیش لەلایەن فەرمانڕەوایانی بنەماڵەی مینگەوە لە ساڵی ١٣٦٨-١٦٤٤ درا بەدەمییەوە تا درێژییەکەی گەیشتە ٦٧٠٠ کیلۆمەتر، ئەم دیوارە پانیی زیاتر لە دە مەترە و بەرزییەکەی لە حەوت مەترەوە بۆ هەشت مەترە)«١٣» ئەم دیوارە پاش هەزاران ساڵ لە ڕۆنان و دروستکردنی هێشتا جوانی و قایمی خۆی لەدەست نەداوە، ساڵانە ملیۆنان گەشتیار دەچنە دیدەنی، ئەم شتە سەرسوڕهێنەرە بۆ هەر مەبەستێک ڕۆنرابێت هێشتا سیحری جوانی و دڵگیری خۆی لەدەست نەداوە، سەیری دیواری کۆشک و قەڵا کۆنەکان بکەن، سەیری دیواری قەڵای هەولێر و کەرکوک و شێروانە بکەن، ئەو نەخشونیگارانەی بە تەلارسازی ئەم قەڵایانەوەن جێگەی سەرنج و ڕامانی هەزاران کەسن، شایەتی ڕەسەنایەتی میللەتێکن، کە هەزاران ساڵ پێش ئێستا لێرەدا شارستانیەتی بنیاد ناوە، ئەو وەستایانەی ئەم دیوارانەیان دروست کردووە، خۆشەویستییەکی گەورەیان بۆ ژیان هەبووە، لەنهێنی سیحری تەلارسازی و دیوار و شوورەکان گەیشتوون، زانیویانە ئەو دیوارانە چەند قایم و پتەو بن، چەند نەخشونیگاری جوانیان لەسەر بێت، چەند بەرز بن، چەند پان و پۆڕ بن، ئەوەندە ژیان و ئایندەی مرۆڤەکان دەپارێزن، ئەو وەستایانە توانیویانە لەدیوار ئەفسانە بخوڵقێنن، ئەوەی ژیانی خۆش نەوێت ناتوانێت دیواری لەم چەشنە دروست بکات، پێوەندی نێوان مرۆڤ و دیوار پێوەندییەکی ئەزەلییە، پێوەندییەکە

تازە بەهیچ شێوەیەک هەرەس ناهێنێت، من دوای ئەم ڕاستییانە، ئێستا هەقی پێ دەدەم و خۆیشم وەک ئەو کەوتوومەتە تەماشا و ڕامان لەسیحری جوانی دیوارەکان، مێژووی ڕابردووی هەموو دیوارەکان دێنمە پێش چاوی خۆم و لەگەڵیاندا دەگەڕێمەوە بۆ سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتی، ئەو کاتەی مرۆڤ یەکەم ماڵی لەخشت و بەرد و قوڕ دروست کرد، بۆ ئەوەی خۆی و ماڵ و منداڵی لەدەستی دڕندە و سەرماو گەرما بپارێزێت، ئەو کاتەی مرۆڤ یەکەم ماڵی دروست کرد دنیا وەک ئێستا نەبوو، حەزیش ناکەم هیچ کەس وا بزانێت من پیاوێکی دەبەنگم و لەهیچ تێناکەم؟ من باش دەزانم ئەمڕۆ ماڵەکانمان ئەو زیندانە گەرموگوڕانەن کە بەدەستی خۆمان دروستمان کرد تا ئەسیرانە تێیاندا بژین، ژنەکانمان ئەو ئاگرەن کە خۆمان لەتەنیایی خۆمانمان بەرداوە، منداڵەکانمان ئەو کوڵانەن کە خۆمان خوڵقاندمانن و بەرەڵڵای نێو سەوزایی ژیانی خۆمانمان کرد، بەڵام دەڵێیت چی ئەمە سونەتی ژیانە و بەدەستی کەس نییە، هەر واهاتووە و واش دەڕوات، گۆڕانی ئەم ڕەوتە ئەستەمە و بەئاسانی ناکرێت، ئێوە پیاوێکی بێ خانوو و ماڵ، بێ ژن و منداڵ، بێننە بەرچاوی خۆتان، چی دەبینن، لەلای ئێمە پیاوی لەم بابەتە بەچاوی سووکەوە تەماشا دەکرێت، کەس حەز لەچارەی ناکات، دەبێتە گاڵتە و بەزم و ڕەزمی دەمی کوڕوکاڵ، ڕۆژێک لە ڕۆژان لەسەر شۆستەیەک، یان لەناو کەلاوەیەکدا لە سەرما، یان لە برساندا تاک و تەنیا سەر دەنێتەوە و دەمرێت، ئەمە چارەنووسی پیاوی بێ ماڵوحاڵە، بەڵام ئەگەر چوار دیواری هەبێت، چارەنووسی بەو ڕەوشە ناگات، دەبێتە خاوەنی ماڵێک کە ڕەنگە زۆرجار خەڵکی بۆ میوانی و سەردان ڕووی تێکەن، لەو دانیشتنانەدا باسی زۆر شت بکەن، وەک دروستکردنی کۆشکێکی گەورە لەسەر لووتکەی شاخێکی بەرز، دروستکردنی ماڵێک لە نێوەڕاستی دارستانێکی چڕدا، لەپانی دەشتێکی سەراپا سەوز و ڕەنگیندا بۆ ئاشتبوونە لەگەڵ سروشتدا، هەروەها لەوانەیە باسی زۆر ژن و کچی جوان بکەن، کچگەلێک کە مرۆڤ حەزدەکات جوانترین ماڵیان بۆ دروست بکات و بیانکاتە ژنی خۆی، ژنگەلی خانم و خاڵخاس، گودیلە شۆڕ پەرچەم خەنەیی، ناوقەد باریک و مەمک قوت، ڕوخۆش و دەم بەپێکەنین، ئەو ژنانە لەنێو خانوویەکی پڕ لە دیکۆردا کە بە جوانترین

شێوە دروست کراوە، شەوانە لەسەر سیسەمێکی نەرمی لە لۆکە دروستکراو لەنێو جێگایەکدا کە پڕە لەخەیاڵی جوانی پیاوانە، جوانترین و بەلەزەترین چێژ بە پیاوان دەبەخشن، هەموومان دەزانین ژن کوڵەکەی پێنجەمی ماڵە، بێ ژن ماڵ دەبێتە خانوویەکی ساردوسڕ، تامی ژیان لە تامی ژندایە، خوا ژنی بۆ ڕازاندنەوەی ماڵ خەڵق کردووە، بۆ ئەوە خەڵقی کردووە تا پیاوان لەنێو ماڵەکانیاندا بەتاک و تەنیا وەڕز نەبن، پیاو مەخلووقێکە ئەگەر وەڕز بوو تووشی بەدگۆڕان دێت و دەبێتە گیانلەبەرێکی دڕندەی شەڕانی، جەنگ هەڵدەگیرسێنێت، ئاگر لەتەڕ و وشک بەردەدات، جەنگ گەورەترین دوژمنی دیوارەکانە، کرمی کوشندەی خانوو و ماڵەکان، عەمبار و کۆشک و تەلارەکان شەڕە، جەنگەکان سوزێنەری خانووەکانن و مایەی ئاوارەبوونی بنیادەمەکانن، بۆ ئەوەی دیواری ماڵەکانمان ساغ و سەلامەت بن، دەبێت بەر لە بەرپابوونی شەڕ و جەنگەکان بگرین، تا خۆشمان لە سپەیاندا، لەژێر ساباتە پتەو و قایمەکانیاندا سەرخەوی ئاسوودەیی بشکێنین، قسەکردن لەسەر نهێنی دیوارەکان، لەسەر پێوەندی ئەفسووناوی نێوان ئەوان و مرۆڤەکان کۆتایی نایەت، هەندێک شت هەن مرۆڤ تا خۆی تاقی نەکاتەوە و هەڵیان نەسەنگێنێت زەحمەتە بەگوێگرتن لە قسەی ئەم و ئەو بتوانێت تام و چێژی نهێنییەکانیان بکات، بۆیە من حەز دەکەم هەر یەکێک لە ئێوە ڕۆژێک لە ڕۆژان ساتێک لە ژیانی خۆی بۆ بیرکردنەوە لەم مەسەلەیە تەرخان بکات، بزانە ئەمەی گوتمان ڕاستە، یان درۆیە؟! بەداخەوە ئەم کاتەی لەگەڵ ئێوەدا سەرقاڵی تاووتوکردنی ئەم چیرۆکە بووم بیرم لەخاڵە ڕەحیم بڕی، نازانم بەهاوڕێیەتی چی دیوارێک و بە مەبەستی ئاشنابوونی مەڵبەندی چ گەڕەکێکی تر بزر بوو، بۆیە منیش بە دەم هەڵکردنی شوێن پێی ئەوەوە کەوتمە تەماشا کردن و ورد بوونەوە لە دەم و چاوی پڕ ئەفسووناوی دیوارەکان.

**پەراوێزەکان:**

**١-خورماتوو، مەبەست لەقەزای دوزخورماتووە کە بەحەفتا کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی کەرکووک و بەسی کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری زنجیرە چیای حەمرینەوە، لەسەر ڕێگای نێوان کەرکووک بەغدایە، دوا شارێکە لەخوارووی کوردستان کە کوردی تێدا دەژی.**

**٢-قەیسەری ئاسنگەرەکان، بازاڕێکی کۆنی خورماتووە کاتی خۆی جوولەکەکان دروستیان کردووە، ئێستا زۆربەی ڕووخاوە، چەند دوکانێکی ئاسنگەری تێدا ماوە.**

**٣-قەسابخانە، گەڕەکیکی کۆنی کوردنشینی خورماتووە، کاتی خۆی یەک ماڵ و قەسابخانەیەکی لێ بوو، ئێستا ناوی ڕزگارییە.**

**٤-گەڕەکێکی کۆنی کوردنشینی خورماتووە، سەرەتای دروستبوونی بۆ پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، ئەوجا ناوی جمهورییە بوو، گەورەترین گەڕەکە لە هەموو خورماتوودا.**

**٥-حەمەی ڕەحیم، پیاوێکی ناوداری خورماتووە، یەکەم کەس بووە لە گەڕەکی کۆماری دوکانی کوتاڵفرۆشی هەبووە، ئێستا بەشێک لەم گەڕەکە بەناوی ئەوەوە ناسراوە.**

**٦-قاچ یانی بەردی ورد، جاران وەک ئێستا یاریچە نەبوو، منداڵان بە جۆرێک بەردی ورد یارییان دەکرد پێیان دەگوت قاچ.**

**٧-جاران منداڵان لەجیاتی یاریچەی ئێستا لەپەڕۆوپاتاڵ یاریچەو تۆپیان دروست دەکرد، کەروێشکە پەڕۆینە یەکێکە لەو یاریچانەی کە کوڕان بۆ یاری دروستیان دەکرد، کچانیش دروستیان دەکرد، بەڵام یاریچەکانی ئەوان زیاتر بووک بوو لە گەرمیان پێی دەڵێن (وەوی).**

**٨-کۆترە قوڕینە جۆرێک لە سیرامیک بوو، منداڵان لەقوڕ دروستیان دەکرد، دوایی لەنێو ئاگردا سووریان دەکردەوە، پاشان ڕەنگیان دەکرد و یارییان پێ دەکرد.**

**٩- سێ گەڕەکی کوردنشینی خورماتوون، کە لە گەڕەکی کۆماری جیا بوونەتەوە، ئەم ناوانەیان لەدوای ڕووخانی بەعسەوە لێ نرا، پێشان ناوەکانیان عەرەبی بوو.**

**١٠-مەبەست لە ڕۆماننووسی ناسراوی کورد بەختیار عەلی-یە.**

**١١-مەبەست لە دووەمین ڕۆمانی بەختیار عەلی-یە کە هەر بەم ناوەوەیە.**

**١٢-مەبەست لە پاڵەوانی ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیایە.**

**١٣-ئەم زانیارییانەم لە ڕۆژنامەی ئاسۆوە وەرگرت، بە داخەوە ژمارەکەم لەبیر نەماوە.**



# جازیبەی زەوی

ک.د ئازاد
(بانە)

- کچەکان! نا... هەڵەیە!

بێگەرد هەڵیدایە: مامۆستا چی هەڵەیە؟ ئەوەی مرۆڤ نابێ درۆ لەگەڵ دڵی خۆی و ئیحساس و ئەوینی بکا؟ یان شاردنەوەی ئەو ئیحساس و ئەوینە؟

- ئەوین شتێکی جیاوازە! هیچ سنوورێک ناناسێ. جاری وایە دەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵایەتیشدا نایەتەوە! کاری بە ڕەگەز و پلە و پایە و دەوڵەمەندی و فەقیریشەوە نییە! بەڵام لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەڵەیە کچ و کوڕێک لەبەر خاتری ئەوینی خۆیان پشت لە دابونەریتی بابوباپیرانیان بکەن!

پەروانە کە تا ئێستا بێ دەنگ بوو، چاوەکانی بڕیبۆ ئەم هەراوهۆریایە، چیتر خۆی پێ نەگیرا:

- ببوورە مامۆستا! گەر قەرارە ئەوین دیاردەیەکی سروشتی و خودایی بێ، ڕەنگە و دەبێ و پێویستە دابونەریتی کۆمەڵایەتیشی لەبەر پێیدا بکرێ بە قوربانی!

* * *

نازانم بۆ لە دەرسی فیزیک ڕا پەڕیبووینە سەر ئەوین و باسی کۆمەڵایەتی! من مامۆستای فیزیک بووم و ئەو ڕۆژە باسی کێشی موغناتیسی زەوی و مانگم دەکرد، لە ناو قسەکانمدا تەنیا گوتم: ئەم ڕاکێشانی زەوی و مانگە لە سەر هەموو شتێک شوێن دادەنێ، بە تایبەتی کێو و دەریا و ڕووەک و ئینسان و باقی جانەوەران!

لەو کاتەدا «نەشمیل» هەڵیدایە و گوتی:

- مامۆستا ئەو جازیبەی زەوی و مانگە هەر وەک جازیبەی ئەوینە! وەک چۆن ئەوین ناچار مرۆڤ بۆ لای خۆی

ڕادەکێشێ و کاری بەسەر پلەوپایەی کۆمەڵایەتیشەوە نەداوە...

زێنەب جوابی دایەوە:

– ئەوین هەست و ئیحساسی مرۆڤ ڕادەکێشێ و زەوی و مانگ، خوێن و قورسایی ئینسان! ئەمانە بە یەکەوە ناسازێن!

شەوبۆ و ئەختەر و بێری و کچەکانی تر هەریەکەیان بیروڕای خۆی سەبارەت بە ئەوین دەربڕیبوو!

بەم جۆرە باسی زەوی و مانگ وەلانرا و باسی ئەوین هاتە مەیدان!

* * *

ژاڵە ڕووی کردە من و گوتی:

– مامۆستا تۆ قەت عاشق بووی؟

پۆل لەنکاو بێ دەنگ بوو! نەمدەزانی چی وەڵام دەمەوە! هەموو چاویان بڕیبوو دەمی من، ئەگەر بڵێم نا ،درۆم کردووە! ئەگەر بڵێم؛ ئەرێ! داوام لێ دەکەن لە نووکەوە هەموو شتێک بدرکێنم!

– ئەو باسە زۆری پێدەوێ! تکایە بگەڕێنەوە سەر باسی دەرس و...

هەموو یەک دەنگ گوتیان: نابێ! نابێ! تکایە مامۆستا جوابمان بدەرەوە!

– کچەکان من لە ژیانمدا سێ جار عاشق بووم! هەر سێ جاریش بەداخەوە هەر یەک بە هۆیەکەوە تێک شکاوم!

هەڵاڵە خۆی پێ ڕانەگیرا و خێرا گوتی:

– جاری یەکەم! جاری یەکەم! کێ بوو؟ تکایە مامۆستا!

– تازە خوێندنی ناوەندیم تەواو کردبوو، عاشقی کچێکی قەرەج بووم!

وێکڕا پۆل پرسیاریان کرد: کچی قەرەج؟!

– بەڵێ قەرەج! ناوی ئەسمەر بوو! باوکی ڕازی نەبوو کچەکەی بدا بە نیشتەجێی دێ و شاران! دەیەویست منیش ڕەگەڵیان کەوم و ببم بە قەرەج! نەریتی کۆمەڵایەتی و دابی ناو خۆمان نەیهێشت! لێک دابڕاین!

شەوبۆ چاوە جوانەکانی لەچاوم بڕیبوو: ئەی دووەم ئەوین؟

– مامۆستای ئاواییەک بووم، کچی جووتیارێکم خۆش دەویست. ناوی مەهاباد بوو!

ئەسرین پرسیاری کرد: پاشان چی لێ هات؟

– باوکی دەیەویست ژن بە ژنی پێ بکات!

– بۆ خۆی؟!

– نا بۆ براکەی! منیش نە خوشکم هەبوو بیدەمێ و نە بڕواشم بەم جۆرە کارانە هەبوو!

شەوبۆ چاوە خەمگینەکانی کە یەک دنیا هاوبەشی دەرد و خەمی تێدا بوو، لە چاوەکانم بڕی و گوتی:

– ببوورە مامۆستا، ناڕاحەتت دەکەین و ئەم خەمانەت بیر دێنینەوە! تکایە ئەی سێیەم ئەوین؟

هەناسەیەکی ساردم هەڵکێشا، پشتم لە کچەکان کرد و چاوم بڕییە دیمەنی دار و گوڵ و چیمەنی حەوشەی قوتابخانە! گریان ئەوکی گرتبووم! قسەم بۆ نەدەهات! یادی ئەم بیرەوەرییە فرمێسکی گەرمی لە چاوم هێنا و بە سەر ڕوومەتمدا خزایە خوار! پۆل بێ دەنگ بوو، وەک ئەوەی کەسی تێدا نەبێ! بە قوڕگی پڕ گریانەوە گوتم:

– کچەکان! سێیەم ئەوین، دوایین ئەوینم بوو!

مامۆستای ناوەندی بووم؛ لە شاری مەهاباد! عاشقی کچێکی قوتابی خۆم بووم! ناوی «بەهار» بوو! بەهار وەک بەهار سروشتی جوان و پاک و چاک بوو!

بێ دەنگ بووم. بێ دەنگی من کچەکانی پتر هارووژاند!

نازانم چەند کەس، بەڵام زیاتر لە نیوەی کچەکان پرسیاریان کرد:

– پاشان چی لێ هات؟

– زۆرمان یەکتر خۆش دەویست. ناردم بۆ خوازبێنی. باوکی ڕازی بوو. زەماوەندمان کرد. زۆر بەختەوەر بووین. بەڵام...

– بەڵام چی؟ تکایە مامۆستا!

چاوم وەرگێڕا، شەوبۆ بوو! بە نیگەرانی و تامەزرۆییەکی تایبەتییەوە گوێیدابۆ قسەکانم! چاوە جوانەکانی دەبریسکایەوە!

– پاش ساڵێک ژیانی پڕ لە بەختەوەری، ڕۆژێک مزگێنی دامێ کە منداڵمان بەڕێوەیە! لە خۆشیان نەمدەزانی چ بکەم!

لە کاتی منداڵ بوونا بردمە خەستەخانە. زۆر ناڕاحەت بوو. لە خەستەخانە گوتیان؛ منداڵەکەی نائاسایی لە سکیدا ترازاوە، دەبێ بیبەن بۆ شارێکی گەورەتر. ئەو کارەشم کرد. لە ڕێگای «ورمێ» ئەو دەگەڵ خوشکی لە

«ئامبۆلانس»دا بوون و من و برایەکی بەهار و برایەکی خۆم بە ماشێنێکی تر بە شوێنیانەوە بووین. ئامبۆلانسەکە لە بەر بەهار، کە زۆر ناڕاحەت بوو، خێرا دەڕۆیی! بە چەشنێک کە ماشێنی ئێمە نە تەنیا تۆزیشی نەدەشکاند، بەڵکو زۆریش دوا کەوتبووین!

لە پێچی هەورازێکی تووشدا کە سەیرمان کرد ئامبۆلانسەکە لە حەوا ڕابەربۆتەوە ناو دۆڵەکە! شوێنەکە زۆر بەرز بوو. کەبە پەلە گەیشتینە سەریان، سەیرمان کرد بەهار و پەرەستارێک جێبەجێ مردبوون و خوشکەکەی و شوفێری ئامبۆلانسەکە بە سەختی بریندار بوون!

لێرە دا بە خۆم نەبوو فرمێسکی گەرم پەیتا پەیتا بەسەر ڕوومەتمدا دەهاتنە خوارێ! کچەکان وێکڕا دەگریان! هیچ شەرم و شکۆیەک نەمابوو! هەر کەس فرمێسکی زۆرتر با، بە نرختر بوو!

ئەو ساعەتەی دەرسی فیزیک هەموو گریاین؛ تێر و پڕ!

کاتێ زەنگی پشوو لێ درا، هەموو کچەکان لە دەورم کۆبوونەوە و هەر یەک بە شێوەیەک دڵی دەدامەوە. شەوبۆ دڕی بە ڕیزی کچەکان دا و هاتە پێش:

– مامۆستا خۆ تۆ ناتەوێ هەر بەو بیرەوەریانەوە بژی؟

– چ بکەم؟

– ئەوینێکی تر! ژنێکی تر بێنە!

ئەو قسەیە لەوکاتەدا ئەوەندە سەیروسەمەرە بوو کە هەموو کچەکان یەک دەنگ وەرگەڕانەوە سەر شەوبۆ!

– چۆن؟!

– بۆ پێتان سەیرە؟ مامۆستا کچێکی تر وەدۆزێ و بیهێنێ! ئێستا ماشەڵڵا جوان و جحێڵە! قەیدی چییە؟ ئەمە کەی جێگای سەرسوڕمانە؟کوا سەیرە؟ بۆ وا دەڕوانن؟

پەروانە، کە بێ پەرواترین کچی پۆل بوو، بە بزەیەکەوە گوتی:

– چییە؟ شەوبۆ دەتەوێ ئەوینی چوارەمی مامۆستا بی؟

ڕەنگی شەوبۆ سوور هەڵگەڕا! منیش دەستەکەمێکم لە شەوبۆ نەبوو!

شەوبۆ، نە ترسا! نە شڵەژا! بەڵکو سەری بەرز کردەوە و بوێرانە چاوە جوانەکانی لە چاوی من بڕی و گوتی:

– ئەوە دەگەڕێتەوە سەر مەیل و ئارەزووی مامۆستا! ئەگەر ئەو بیەوێ من ئامادەم کە جێگای ئەسمەر و مەهاباد و بەهاری بۆ بگرمەوە و تەنیا کەمێک لە خەمی مامۆستا داشکێنم و هاوبەشی ئازارەکانی بم! ئەمە شتێک نییە مرۆڤ شەرمی لێ بکا!

حەوتەی داهاتوو هەر لەوکاتەدا لەو پۆلە دەرسی فیزیکم بوو!

ئەمجار من و شەوبۆ بە جووت چووینە ژوور! پۆلەکە نەدەگریان! بەڵکو هەموو بەچەپڵە و بزە و گوڵەوە بەخێر هاتنیان کردین!

شەوبۆ دوو پاکەتی گەورەی شیرینی هێنابوو. بەپۆلەکەدا دەگەڕا و لە بەینی کچەکاندا دابەشی دەکرد. کچەکان بەوپەڕی ڕێزەوە ماچیان دەکرد و پیرۆزباییان لێ دەکرد! منیش بەرانبەریان وێستابووم. لەوپەڕی بەختیاریدا پێدەکەنیم!


ڕووداوی جازیبەی زەوی، من و شەوبۆی لێک نیزیک کردەوە و بڕیارم دا بۆ هاوسەری خۆم دەستنیشانی کەم. شەوبۆ، هەر وا کە شیرینی دەگێڕا، جار جاریش وەردەگەڕایەوە و چاوێکی لێ دەکردم!

لەدوای هەمووان دەنکێک شیرینی بەدەستەوە گرت و بۆ لای من هات!

– دەم وەکە زاوا زێڕینە! بووک دەیەوێ شیرینیت بە دەمەوە بکا!

پۆل لە پێکەنیندا تەقییەوە!

**١٣٧٩/٦/١٤ (٢٠٠٠ز)**



# کامیۆن

**مەزهەر بۆزان**
**(ستەنبۆل)**

گوندەک بچووک، پڕ بچووک، دەه مال هەبوو ئان نەبوو. خانیێن کەرپیچ ل گۆرییا خوە ڤی ئالی، وی ئالی جیه گرتبوون. عەردا ڕاست تێرا خوە فرەه بوو. ل ملێ ڕاستێ خانیەک مەزن، درێژ و فرەه هەبوو. دیار بوو کو ئەو خانی، خانییێ ماقوولێ گوند بوو. نە ئەو چەند ب فیاقە بوو کو مرۆڤ بگۆتا یێ ئاغا بوو. لێ تێرا خوە هەبوو. ل ملێ چەپێ خانیەک دن هەبوو. چارقۆزی بوو. منانی کابێ بوو. (یانی بیلا تەشبیه د شکلێ وێ دە بوو،) هوندور ئۆدەک، مەتبخ، سەرشۆک، چاوا بوون؟ نە دیارە. ل کێلەکا خانی، ل ملێ چەپێ ڕێ هەبوو. گوندان ب هەڤ ڤە گرێدابوو. تەدی ڕێییێن گوندان بوو. ئاخ بوون. ئێرەتی بوون. ژ ڕێ وێ دە چەند خانییێن کو شکلێن وان نە دیار بوون هەبوون.

ل پێشیا خانییێ چارقۆزی حەوشەک بێ سنۆر هەبوو. ژ هەر هێلێ ڤە ڤەکری بوو. ئان یا مالێ بوو، ئان ژی یا گوند بوو، نە دیارە، ل حەوشێ کوڕکەک بچووک هەبوو. سەرقۆت، پێخواس، و ب تەنا فیستان، کوڕک سێ سالی بوو ئان ژی، ژێ پچەک مەزنتر بوو. دبوو کو چەند مەهەک با، نە زێدەتر. تاڤێ ل ڕوویێ کوڕک دابوو. کوڕکی هوورک بوو. پۆر ڕەش، چاڤ ڕەش، ئەسمەر و ژ بەر تاڤێ پچەک قەمری بوو.

ل بەر دەرییێ مالێ (دبە کو دەری شین، ئان ژی کەسک بوو،) تشتەکی مەزن هەبوو. هەما هەما ب قاسی خانی بلند و درێژ بوو. پێشی چاوا بوو، نە دیارە. پاشی چاوا بوو ئەڤ ژی نە دیارە. مومکن بوو کو ئەو سەرگرتی بووبا. کوڕکی ب مەراق و ب کەلەجان ل وی تشتێ گرس دنهێری. (ئەو کامیۆنەک بوو بەس کوڕکی نەدزانی بوو.) کوڕکی ل مرۆڤێن گرس یێن کو ئالاڤان دکشاندن و ل وی تشتێ گرس ب جیه دکرن (هەر کەس و هەر تشت گرس خویا دکر.) دنهێری، ب چاڤێن فرەه، وێ ژ بیر کربوو. د ناڤا وان کەسان دە دیا وی، باڤێ وی هەبوون ئان نا، نزانیبوو. یەکی ژ

وان مرۆڤێن گرس گۆت:
"کورۆ خوە بدە ئالی."

کورکی خوە دا ئالی. نە گۆت "نا" و نە ژی گۆت "چما؟!" خوە د عەردێ دە نەدا. ب لەز خوە دا ئالی. ئیتەعاتکار بوو. د رووییێ وی دە کێفەک ژی هەبوو کو کەسی ئەو کێف نەددیت. هایا کەسی ژێ تونە بوو. کێفا پێزانینا کو دێ قاسەک دن ئەو ب تەڤ مالباتێ ڤە ل وی تشتێ گرس سوار ببا هەبوو د رووییێ کورکی دە. کورکی دزانی بوو کو ئەو تشتێ گرس ب رێ ڤە دچوو. کورک دێ لێ رووتشتا و دێ ئەو بچووبا. دێ کورک نەوەستیا با. دێ کورک ل دۆرا خوە بنهێرتا. دێ د بەر خانییان رە، د بەر گوندان رە دەرباس ببا. حەزەک مەزن بوو ژێ رە. د ژیانا خوە دە کورکی هێ نوو تشتەکی وەها دکر. ژ گوند دچوون. ئێدی هەوە دهاتن. ژیانەک نوو دەستپێ دکر. نە ئەو چەند موهیم بوو و ژ خوە بیر نە دبر.

مالبات ژ پێنج کەسان موتەشەککیل بوو. باڤ، دێ، خووچک، برا و کورک، خووچکا کورک ژ وی ب شەش سالان مەزنتر بوو. برایێ وی ژی، ژ وی ب دو سالان مەزنتر بوو. دبوو کو نە دوو سالێن تەمام بوون ژی. هەردوو برا د سەر سەرێ هەڤدوو رە بوون. د ناڤبەرا خووچک و برا دە کەچەک هەبوویە. پر نەژیایە. کورک نزانیبوو. ددوو کو برا ژی ب ڤێ یەکێ نزانیبوو. یانی ئەو کەچک دبە کو بەریا کو برا چێ ببە چووبە رەحمەتێ. دێ و باڤێ چار سالان حەسرەتا کورەکی کشاندنە. پشتی دو کەچان برا چێببوویە. سۆرک، بەدەو و دەلالی.

باڤ مەلا بوو. کورکی نزانیبوو. دێ مال بار بکرانا و بچوونا بەر ب چیێ دە. چما؟ کورکی نزانیبوو. (دبوو کو ژ بەر نە ل هەڤکرنەک د ناڤبەرا ماقوولێ گوند و باڤێ کورکی دە بوو. باڤێ ب زەکاتێ دژی. زەکاتا هەری مەزن ژی یا ماقوولێ گوند بوو. دەما کو بهاتا برین، تەڤ برچی دمان.) باڤێ کورکی عالم بوو. ئیجازا وی هەبوو. ل با سەیدایەکی مەزن و ل وەلێت ب ناڤ و دەنگ خوەندبوو. ل هەر دەرێ ژ باڤێ کورکی رە جیە و مزگەفت هەبوون. (دبوو کو ژ بەر تشتەکی دن با. وەکە تێکەلیهەڤیەک مەزن یا ل تەڤاهیا وەلێت بوو. لەشکەرییێ دەست دانی بوو سەر حوکم. کورکی ب ڤێ یەکێ نزانی بوو. گورسەل کی بوو. مەندەرەس کی بوو. بایار کی بوو؟ نزانی بوو. پاشێ پاشێ دهاتە گۆتن کو ئینقیلاب چێ بووبوو. مەندەرەس خەندقاندبوون. بایاری فلتی بوو ژ بەر کو سەر شێست و پێنجان رە بوو ب تەمەنێ خوە. لێ ئەو چل سالێن دن ژیابوو و لەشکەرێن بیست و پێنج سالییێن وێ دەمێ بەریا وی چووبوون گۆرێ.)

ژ بەر کیژان سەدەمی دبا بلا ببا، کێف کێفا کورکی بوو. پشتی ب جیە کرنا ئالاڤێن مالێ، مالبات ب تەڤاهی ل وی تشتێ گرس سوار بوون. کورکی ل پاشییێ یە. دەستی وی ب دەرییەکی درێژ و هەتا بەر پۆزێ بلند ڤە بوو. کورکی ل سەر پیا بوو، ب زەوق، ب عشق ل تشتێن ل پاش دمان و ل تۆزا کو رێ رادبوو دنهێری. ناڤا پۆرێن وی تژی تۆز ببوو. ژێ رە نە خەم بوو!

**ئەڤ دەقە ژ پەرتووکا (زارۆکێن مە) جلدا یەکەم، رووپەلێن ٥-٦ هاتیە وەرگرتنێ کو ل سالا ٢٠٠٥ێ ل ستەنبۆل هاتیە چاپکرن و ژ وەشانێن (پێری) یە. هەژییە بێتە گۆتن کو مەزهەر بۆزانی د ئەڤان چەند سالێن داوی دا چەندین پەرتووک نڤیسینە و گەهاندینە چاپێ ژ ئەوان: ئاڤ زەلال بوو، کو دوو جلدە. سێ کولم ئاخ. سێ بوویەر و سینەما. ئەز ژی ژیامە. زارۆکێن مە... ژبلی ئەڤان پەرتووکێن کوردی، نڤیسەری چەندین پەرتووکێن دن ب تورکی ژی بەلاڤکرینە. ئەڤ دەقا سلال ژی وەکە پشکەک سەرپێهاتیا ژیانا زارۆکەکی کورد تێ خویا کرن ... کو د زنجیرە سەرپێهاتیێن هۆسا دە نڤیسەری ب هۆستاتی کرینە چەندین بابەتێن هونەری و وەکە رۆمانەکا پەروەردەیی یا سەرکەفتی تێنە پێش چاڤ و ب راستی هەر وەسایە. مە ژی ئەڤ بابەتە هەلبژارت و ژ پیتێن لاتینی وەرگەراندە سەر رێنڤیسا نها ل هەرێمی دهێتە بکارئینان، ژبۆ کو یەکەک ژ دەستپلیا نڤیسەری د داهێنانێ دە بێخینە بەر دەستێ خوەندەڤانێن گۆڤارا خوە.**

**«رامان»**



# کەبابی قاز

**محەمەد عەلی جەمالزادە**
**لە فارسییەوە: کەمال تاهیرنژاد**
**(سنە)**

دەمەو نەورۆز بوو و کاتی پێدانی پلە و پاداشت. لە فرمانگە لەگەڵ هەڤاڵان بڕیارمان دا هەر کەسێ زووتر پلەی سەرتری پێ بەخشرا، سوورانەیەک ڕێ بخات و هەمووان بۆ خواردنی کەبابێکی بەتامی قاز دەعوەت بکات کە بیخۆن و دوعای تەمەن درێژی و سەربەرزی بۆ بکەن.

وا هاتە پێشێ کە بە ناوی منەوە دەرچوو. دەسبەجێ باسی میوانییەکەم بە خێزانم گوت کە تازە ژیانی هاوبەشمان دەست پێکردبوو؛ ئەویش گوتی: «خۆ تۆ شیرینی زەماوەندەکەشت پێ نەداون و دەبێ قەرەبووی ئەوەش بکەیتەوە»؛ بەڵام چونکە دەفر و چەقۆ و چەنگاڵمان بۆ دوازدە کەس نییە، یان دەبێ هەندێکی تریش بکڕین، یان نابێ میوانەکان زیاتر لە یازدە کەس بن کە بە خۆتەوە ببن بە دوازدە کەس. گوتم: «تۆ خۆت باشتر دەزانی لەم دەمەو نەورۆزەدا باری ماڵیمان چۆنە، جارێ ناتوانین خرکەوپرکە بکڕین و دۆستەکانیشم کەمتر لە بیست و چوار کەس نین»!

ئەویش گوتی: «خۆ نابێ هەندێ نێرەکەری ملهوڕ دەعوەت بکەیت! تەنیا باڵا دەستەکان بانگ بکە و ئەوانی تر لە بیر بکە، کورد گوتەنی: با، سیر بخۆن و سڕنا بژەنن».

گوتم: «نابێ، خوا هەڵناگرێ. ئەم هەژارانە ساڵێکی ڕەبەق جارێک ئاوایان بۆ هەڵدەکەوێ و دەمێکە وادەی سەر خەرمان بە زگیان دەدەن کەبابی قاز بخۆن و چاوەڕێشن، ئەگەر خۆم گێل بکەم ئابڕووم دەبەن و ناحەقیشیان نییە. ئێژم با لە ماڵی برادەر و ناسیاوێکدا هەندێ دەفر و شتی وا بە قەرز وەربگرین».

بە تووڕەییەوە گوتی: «ئەم خەیاڵەت لەسەر دەرکە، مەحاڵە لە یەکەمین میوانی دوای ژیانی هاوبەشمان بێڵم بە قەرز شتێ بێتە ئەم ماڵەوە، بۆچی نازانی نەهامەتییە و منداڵی یەکەم دەمرێ»؟!

گوتم: «کەوایە چارمان نییە جگە لەوەی میوانییەکە بکەینە دوو ڕۆژ. ڕۆژێکی، نیوەیان بێن و ڕۆژێ تریشی

نیوەکەی تر، یانی ڕۆژی دووەمی نەورۆز نیوەی یەکەمیان و ڕۆژی سێیەمیش نیوەی دووەم».

ئێستا ڕۆژی دووەمی نەورۆزە و بۆ پێشوازی لە میوانان هەموو شتێ ئامادەیە. سەرەڕای قازی بڕیاردراو، ئاشی جۆ و کەبابی بەرگی باش و دوو جۆر پلاو و چەند جۆری تر شلە بە هەموو چەشنەکانییەوە ئامادە کراوە لەسەر نوێنێ کە «جیاز»ی خێزانەکەم بوو، ڕاکشام و بە ئاسوودەییەوە خەریکی خوێندنەوەی چیرۆکە بێ وێنەکانی «سادق هیدایەت» بووم. خەریک بووم کەیفخۆش بم کە خێزانەکەم هاتە ژوورەوە و گوتی: «لاوێکی شڕەبار، مستەفا ناوێک هاتووە و دەڵێت ئامۆزای تۆیە و بۆ جێژنە پیرۆزە هاتووە»

مستەفا ئامۆزای تەقە ترێشتەکەمان بوو. لاوێکی تەمەن بیست و پێنج - شەش ساڵان، لات و لووت و ئاسمان لێف و نالەبار و ساویلکە و تا بڵێی ناحەز و نامژمەڵ! کاتێ دەیویست قسە بکات هەڵدەبزڕکا و ڕەش هەڵدەگەڕا، وەک بڵێی: دەسکی ئاوان لە گەروویدا گیری کردووە، زاری نەدەبەسترا و دەکەوتە قرخەقرخ. شوکری خوا هەر بە تەنیا ساڵێ جارێ زیارەتمان دەکرد و پێ دەگەشاینەوە

بە هاوسەرەکەم گوت: «تو خوا بڵێ: فلانی هێشتا خەتووە و شەڕی ئەم دێوە حۆلەم لەکۆڵ بکەرەوە بەشکم ئەویش بچێتە لای باوکی کۆچکردوویەوە.»

گوتی: «ئەمن چم لەوە داوە ماڵی خراپ سەر بە خاوەنەکەیە. ماشەڵڵا حەوت قورعان لە بەینا بێ، ئامۆزای کەر و خۆڵەمێشی خۆتە، خێر و بێری بۆ خۆت. ئەمن سوێندم خواردووە کارم بە خزمە ئەنتیکەکانت نەبێ، ئەویش نەخوازەڵڵا ئەم حۆلە زەبەلاحیشە» .

دیتم ناچارم و خواش هەڵناگرێ ئەم هەژارە نائومێد بکەم کە ڕەنگە لە ڕێگەی دوورەوە بە زەحمەت و زگی برسییەوە بە هیوای جێژنانەوە هاتبێ. لای خۆمەوە گوتم: «لەم ڕۆژە پیرۆزەدا سیلەی ڕەحم بەجێ نەهێنی کەی دەیهێنی؟» بەناچار بانگم کرد، سەری دانەواند و هاتە ژوورەوە کە بینیم، بێ چاوی بێ، نزیک بوو بەر ببێ. باڵای درێژ و دەم و قەپۆزی ناحەزتر ببوو. ملی وەک ملی قازە دایک مردووەکە وا هەر ئەو کاتە لە مەنجەڵدا خەریک بوو بێتە کەباب، سەری لە یەخەی چڵکنەوە دەرهێنابوو. ئەمە لای خۆیەوە ڕیشی تاشیبوو، مووی زەرد و سوور و خورمایی بە بڵندی قامکێ لە ژێر یەخەکەیەوە هاتبوونە دەر و چەشنی کرم کە لە گیامارانی گەنیو دەدات، لە دەوری مل و گەروویەوە لە جووڵەدا بوون. ئیتر باسی جلوبەرگی ناکەم! هەر ئەوەندە دەزانم سەر ئەژنۆی پاتۆڵەکەی، چونکە زۆر شۆردبوویان - وەها بای کردبوو کە پێم وابوو دوو دانە شووتی دزیوە و لەوێ شاردوویەتەوە خەریکی ڕوانین و چاولێکردنی ئەم بوونەوەرە سەیر و سەمەرە بووم کە خێزانەکەم بە نیگەرانییەوە هاتە ژوورێ و گوتی: «قوڕم بە سەر، پیاوەکە ئەگەر بۆ ئەمڕۆ ئەم قازە لێ بنێین، ئەدی بۆ میوانەکانی بەیانی چ بکەن؟ خۆ تۆ هەر قازێکت کڕیوە و بەڵێنی کەبابی قازت بە هەموو دۆستەکانیشت داوە»!

دیتم ڕاست دەڵێت و باشمان لێقەوماوە گوتم: «ناکرێ نیوەی قازەکە بۆ ئەمڕۆ و نیوەکەی تری بەیانی بێنینەوە سەر سفرەکە» ؟

گوتی: «مەگەر گەرەکتە ئابڕووی خۆت ببەیت؟ قەت نەبووە نیوەی قاز بهێننە سەر سفرە. چاکی کەبابی قاز لەوەدایە کەل نەکراو و سەر بە مۆر بیهێنیتە سەر سفرە».

بە ڕاستی قسەیەکی ژیرانە بوو و بڕایەوە، دەسبەجێ بە ئاڵۆزی دۆخەکەم زانی و دوای ماوەیەک ئەندێشە و بیرکردنەوە تەنیا ڕێگەم لەوەدا دیتەوە کە قازێکی تر بکڕم. لای خۆمەوە گوتم: «ئەگەرچی مستەفا زۆر بلح و گێژە، بەڵام خۆ ئیتر ئەم کارەی لە دەست دێ، خۆ کڕینی قازێک لە شارێکی گەورەی وەک تاراندا دۆزینەوەی ئەمریکا و شکاندنی گەردەنی ڕۆستەم نییە»». پێم گوت: «دیارە ئاگاداری باسەکە هەیت، لە دەورت گەڕێم، دەمەوێ پیشان بدەیت چیت لە دەست دێت و لە بن هەورانیش بووە قازێکی چاکمان بۆ بکڕیت».

مستەفا وەک هەمیشە سەرەتا بڕێ سوور و ڕەش هەڵگەڕا و پاشان پرتە پرت وەک نێرگەلە وا ئاوەکەی کەم و زیاد دەکەن، دەنگی لە پێچاوپێچی گەروویەوە هاتە دەر و دەرکەوت کە دەفەرموون: «لەم ڕۆژە نەورۆزە دەبێ قاز لە بیر بکەن و خەیاڵی لەسەر دەرکەن، چونکە هەموو دووکانەکان داخراون».

چەشنی لێقەوماوان پرسیم: «ئەدی قوڕی کوێ بکەم بە سەرما؟» هەر بەو دەنگ و نازەوە تفێکی قووت دا و گوتی: «وەڵڵاهی نازانم چ بڵێم، کەیفی خۆتانە بەڵام باشتر وایە میوانییەکە وەدوا بخەن». گوتم: «خوا عەقڵت بداتێ، ئەوەتا سەعاتێکی تر میوانەکان دێن، چلۆن وەدوای بخەم»؟ گوتی: «بڵێ نەخۆشم و دکتۆر

گـوتوویه لە جـێی خـۆت نەجـوولێی». گـوتم: «هەر ئەم بەیانییە بۆ چەند کەسێکیان تەلەفۆنم کردووە چلۆن بلێم نەخۆشم»؟ گـوتی: «بلێ قـازێکم کڕیـبوو سـەگ بردی». گوتم: «تۆ دۆستەکانم ناناسیت خۆ ساوا نین لە لانکیـان نێم و هەڵیـانخەڵەتێنم. دەڵێن با گـیـانت دەرچووبایە و یەکـێکی ترت کڕیبـایە. ڕەنگیـشە بلێـن: سـەگەکـە بێنە تۆڵەی لێ بکەینەوە»! گـوتی: «باشە بێژین ئاغا لە ماڵ نییە و ڕۆیشتووە بۆ زیارەتی حەزرەتی مەعسوومە».

دیتم خەریکە گەوجانە دەڕێسێ، ویستم دەمی داخەم و جـووچکەی بخـەمـە بان شـانی و دەری کـەم. گـوتم: «مستەفا دەزانی چییە؟ جێژنانەکەت ئامادەیە، دەمەوێ زوو بچیت و لە زاری من و خـێزانمەوە سلاو لە مامـۆژن بکەیت و بلێیی ئیشەڵلا سالی تازەتان لێ پیرۆز بێت و بژین بە شادی».

بەڵام پێدەچوو ئەندێشەی مـستـەفا لە شـوێنی تردایە، بێ ئەوەی گـوێی لە قـسـەکـانم گـرتبێ، هەودای بیـری بەرنەدا و گـوتی: «ئەگـەر فـێـڵـێ بکەین کـە ئەوڕۆ میـوانەکان دەست لە قـازەکە نەدەن، دەتوانین بەیانی هەر ئەم قازە گەرم بکەینەوە و بیهێنینە سەر سفرەکە».

سەرەتا ئەم قسـەیە زۆر قـۆڕ دەینواند، بەڵام کاتێ باش لێکم دایەوە و لە مێشکمدا سەنگ و سووکم کرد زانیم ئەوەندەش قـۆڕ نیـیـە و نابێ سـەرسـەری بگیـردرێت. هەرچی زیـاتر لێی قـووڵ دەبوومـەوە هەسـتم بە ئومـێدێ دەکرد و ئەستێرەیەکی کز لە ئاسمـانی تاریکی دەروونمدا خۆی دەنواند. بەرەبەرە کەیفخۆش بووم و شاد و خۆشحاڵ ڕووم لە مـسـتـەفـا کـرد و گـوتم: «ئافـەرین! یەکـەم جـارە قسـەیەکی تەواوت لێ دەبیسم، بەڵام پێم وایە ئەم گرێیە تەنیـا بە دەستی خـۆت دەکرێتەوە، دەبێ بە زیرەکییەوە وا بکەیت هیـچ کـام لە مـیـوانەکـان خـەیاڵی خـواردنی قـازەکە نەکەن».

مـسـتـەفـاش گـوڕی تێکەوت و هەرچەند هێـشـتـا نەیدەزانی مەبەستم چییە و دەمەوێ بەرەو کوێی ڕادەم، شـادی و خـۆشی لە ڕوخـسـاریدا دەرکـەوت. خـولْـک و مـاسـتـاو کردنم زیاد کرد و گـوتم: «بۆچی دانانیـشـیت؟ وەرە پێشەوە، لەسەر ئەو کورسییە مەخمەڵە لەکن خۆم دانیشە، ئێستە بلێ بزانم حاڵت چۆنە چی دەکەی؟ حەز دەکـەیت ژن و کـارێکی باشت بۆ بدۆزمـەوە، بۆچی گـەز ناخۆیت؟ لەم پاقلا نۆشی گیان بکە دیاری یەزدە»!

مستەفا، باڵای درێژ و لاروگێڕی خستە سەری کورسی مـەخـمـەڵەکـە و ویسـتی پرتە پرت سـوپاسی ئەم خۆشەویستی و گفتو لفتە خۆشەم بکات کە تا ئەو کاتە نە دیبووی و نە بیستبووی، بەڵام دەرفەتم نەدایە و گوتم: «خوا نەکات، ئەو قسانە چییە ئەتۆ برای بچووکی منی. ئەسلەن ئەمڕۆش ناهێلم بڕۆیتەوە، دەبێ مـیـوانی ئازیزم بیت، بۆ سـالێک دەچێ سـەرێکت لێ نەداوین، ئەمـە گـوایە لەم شـارەدا ئامـۆزایەکت هەیە، لێمـان بێـزاریت؟ ئیللاو بیللا دەبێ ئەم نیـمـەڕۆیە بۆ نان خـواردن لێـرە بمێنیـتـەوە، هەر ئێـسـتـاش بە خـێزانم دەڵێم جلوبەرگی تازەشت بۆ بێنـێ لە بەری بکەیت و کـاتێ خـۆت ڕازاندەوە، دەبێ لەسـەر مـێـزەکـە لەکن خـۆم دانیـشـیت، تەنیـا لە بیـرت بێ، دوای خـواردنی ئاشی جـۆ و کـەبابی بەرگ و برنج و شلە، کـاتێ قـازەکـەیان هێنا بلێ: برا دەسـتم بە داوێن، ئیـدی زگـمـان ئاخنراوە ئەوەندەمـان خواردووە خەریکین بەربین! کا هی خۆمان نییە خۆ کادێن هی خۆمانە، حەیفە ئەم قازە سەگ خۆر بکرێت، لە لایەن خـۆم و ئەم بەڕێزانەوە داوا دەکـەم بیـبـەنەوە ڕەنگە لەم بەهارەدا جـارێکی تر ببینەوە مـیـوانتان و ئۆخـژمان بێت! بەڵام بە خوای ئەگەر ئەمڕۆ لەمە زیاتر بخۆین وەردەکەوین و دەبینە ملتـان، مەگەر ئەوەی بە دەستمـانەوە یاس بن. ئەوسـاش ئەمن هەرچی داوام کـرد و خـولْکم کـردن تۆش لەسەر نەخواردن سوورتر دەبی و هەر جۆرێ بێ میوانەکان لەگەڵ خۆتدا هاوڕێ و هاوڕا دەکەیت!

مـسـتـەفـا کـە بە زاری ئاوەڵا و ملی درێژەوە گـوێی بۆ ڕاگرتبووم، بزەیەکی هاتێ، یانی ئەم کارە بۆ من چەشنی ئاوی خـواردنەوەیە. دوای کـۆک کـردنی دەزگـای دەنگی گوتی: «تێگەیشتم، دڵنیا بە پێم دەکرێت».

چەندین جار وانەکەم بۆ دووپات کردەوە تا باش فێری بوو. کاتێ دڵنیا بووم تێگەیشتووە بۆ گۆڕینی جلو بەرگ و ڕازاندنەوەی خـۆی، ناردمـە ژوورێکی تر و دیسـانەوە خەریک بووم بە چیرۆکەکانی کتێبی «سایە ڕوشن»ـەوە

پاش دوو کـاتژمـێر مـیـوانەکـان بەبێ درەنـگ کـردن لە دەوری مێزەکە کۆبوونەوە و کاری هەڵمەقووتیان بە باشی ئەنجـام دا. لە پڕ مـسـتـەفـا بە جلی نوێ و گـۆرەوی کراواتی هەورێشمی جوان و پێلاوی جیڕی بە تروسکە بریقـەوە سنەیی وتەنی:خـۆی دابوو لە گـوڵەهەنارێ و خـەرامـان خـەرامـان وەک تاوسی مـەست هاتە ژوورەوە و ڕیشی تاشیبوو، کەلێن و چاڵ و چۆڵەکانی دەم و چاوی بە کـرێم و دەرمـان سـواخ دابوو، بریقـەی لە زوڵفـەکـانی

خستبوو، تووکی گوێ و لووت و گەردنی هەڵقەندبوو، ئەوها خۆی عەتراوی و جوان و لاس و لووس کردبوو دەتگوت یەکێ لە ناودارەکانی سینەمایە دەرکەوتووە و مەجلیسی بە هەنگاوە جوانەکانی ڕازاندۆتەوە، بەلامەوە زۆر سەیربوو کە بەو باڵادرێژییەوە چ فیڵێکی کردووە کە جلەکانی من پڕ بە بەریەتی. دەتگوت دەرزی ئەزەڵ ئەم جلانەی بە بەژنی ئەو دووربوە. ئاغەی مستەفا خان بەو پەڕی هێمنی و جوانییەوە چاک و چۆنی لەگەڵ کردن و لە سەرخۆ و ئارام، هات و لە جێگەی خوێ و لەکن من دانیشت.

مستەفام وەک یەکێ لە لاوە شیاو و مەزنەکانی پایتەخت بە میوانەکان ناساند و کاتێ زانیم بە جوانی ئەرکەکانی بەڕێوە دەبات لە دڵەوە خۆشحاڵ بووم و سەبارەت بە فیڵەکەمان، بە تەواوی خەیاڵم ئاسوودە بوو. بۆ دەربڕینی ڕەزامەندی پێکێکی شەڕابم بۆ تێکرد و خوڵکم کرد و گوتم: «جەنابی مستەفا خان ئەمە شەڕابی ئیسفەهانە و ئەلکولی کەمە، فەرموو نۆشی گیانی بکە»». لێوەکانی وەک خونچە لێکرد و گوتی: «ئەگەرچی بە کۆنیاکی فەڕانسی ئەستێرە نیشان ڕاهاتووم، بەڵام چونکە ئێوە حەزدەکەن بە چاوان». ئەمەی گوت و بە جووڵەیەکی مەچەکی، پێکی شەڕابی ڕژاندە چاڵی گەروویەوە و دیسانەوە پێکەکەی بەرەو لای من ڕاکێشا و گوتی: «شەڕابەکەی خراپ نییە تامی ڤۆدگای لینینگرادی هەیە کە ماوەیەک لەمەوبەر (شارژ دافر)ی ڕووسی چەند بوتڵێکی بە دیاری بۆ ناردووم. زۆر خۆشە، بەڵام شەڕابی ئیسفەهانیش لەو نامێنێتەوە، ئێرانی سووری کە بینی سەمای لە بیر دەچێتەوە، زەحمەت نەبێ پێکێکی تریشم بۆ تێکە بزانم».

ئیتر بڵێم چی؟ ئەوەندەی نەخایاند، دوو لە سێی شووشەی عارەق و زۆرێک لە شەڕابەکانی تر ڕژانە ناو کووپەی زگی ئەم لاوە نەجیب و بەگزادەیەوە لەی بڵێم؟ ئیدی لە خواردنیشدا بەقەد نووکە دەرزییەکیش نەدەمایەوە، سەرەڕای ئەمانەش بە هۆی کاریگەری شەڕاب و کەبابەوە، وەها دڵی گەرم داهاتبوو کە سەرت سووڕ دەمایەوە، ئیتر چەناگەشی گەرم داهاتبوو و لەخۆش زمانی و زۆربێژی و گەپوگاڵتە و نوکتەدا کەسی پێ ڕانەدەگەیشت و لە ڕازاندنەوەی مەجلیسدا کەسی بە ڕەقیب نەدەبوو. کلیلی چارەسازی شەڕاب، قفڵی (تورەتور)ی لە زمانی لابردبوو و زمانی وەک زوڵفەقار لە کالان هاتبووە دەر و شەقولقەمەری دەکرد.

ئەم مرۆڤە بێ شەرم و سەهەندەیە کە لە کۆڵان و گەڕەکی خۆیان بەولاوەتر نەچوو بوو، بەسەرهاتەکانی خۆی لە شیکاگۆ و پاریس و شارەکانی تری ئەورووپا و ئەمریکا وەها دەگێڕایەوە کە ئەوەندەی نەمابوو ئەمنیش بڕوای پێ بکەم. هەموویان گوێ بوون و ئەمیش زمان. سەیر لەوەدا بوو کە خواردن و لووشدانی بێ وچانیش قەت پێشی بە دەنگی نەدەگرت، دەتگوت گەرووی دوو کونی هەیە یەکێ بۆ خواردن و ئەوی تریش بۆ قسەی زل.

بۆ سێزدە بەدەر قەسیدەیەکی خوێند و گوتی: «ئەمە دوێنێ دامناوە». دەنگی ئافەرم و سوپاس و دەسڕەنگینی گەیشتە ئاسمان. دوو کەس لە میوانان کە زۆر خۆیان بە گەورە و لێزان دەزانی، چەند بەیتێکیان دوو سێ جار خوێندەوە، یەکێ لە میوانان کە لافی شیعر و ئەدەبی لێدەدا وەها مات ببوو کە ڕۆیشتە پێشەوە و تەوێڵی شاعیری ماچ کرد و گوتی: «ماشەڵڵا، بەڕاستی مامۆستایت»، پاشان نازناوی پرسی. مستەفاش بە ڕەسمی خۆ بەکەم زانین، برۆکانی تێک ناو گوتی: «ئەمن نازناو بە باش نازانم و لەو نەریتانەیە کە دەبێ لە ناو بچێ، بەڵام لەسەر داوای کۆچکردوو (ئەدیبی پێشاوەری) کە زۆر خۆشی دەویستم و لە ئاخر و ئۆخری ژیانیدا زۆر پێکەوە بووین و بە کاسەیەک دەمانکرد و بە کەوچکێ دەمانخوارد، نازناوی مامۆستام هەڵبژارد، هەرچەند خۆم زۆر بە کاری نابەم»!

هەموو میوانەکان یەکدەنگ گوتیان کە نازناوێکی زۆر بە جێیە و بە ڕاستی شیاوی ئەم بەڕێزەیە!

لە هەمان کاتدا دەنگی زڕەی تەلەفۆن هەستا. مامۆستا ڕووی لە نۆکەرەکەی کرد و گوتی: «هاوڕێم! پێم وایە وەزیری ناوخۆیە و کاری بە من هەیە. بڵێ فلانی لەسەر سفرەیە و خۆی تەلەفۆنت بۆ دەکات»، بەڵام دیار بوو لێی تێکچوو بوو، ئەگەر بە هەڵکەوت بۆ ناو چاوانم بڕوانیبا، بە هەمان زمانی بێ زمانی نیگاوە، تۆڵەم لێی دەکردەوە، بەڵام بای شەماڵ دایبووی بە گوێیدا و چاوی چەشنی مریشکی سەربڕاو بێ وچان لەسەر سفرەکە ئەم قاپ و ئەو قاپی دەکرد و ئاوڕی لە کەس نەدەدایەوە

ئێستا ئاشی جۆ و کەبابی بەرگ و پڵاو و زۆر شتی تریان خواردووە و کۆنسێرتی قورقێنە دەستی پێکردووە و وەختی ئەوەیە کەبابی قازەکە بێنین.

وەک بڵێی چاوەڕێی ڕوودانی کارەسات بم، دڵم

لێــدەدات و بۆ پاراستن و لە دەست نەچوونی قــازەکــە «فالله خیر حافز» دەخوێنم. خزمەتکارەکەم بینی قاپ لەسەر دەست هاتە ژووریّ و قازێکی قەڵەوی، کە هێشتا ڕۆنی دەوروبەری هەڵدەقرچا، لەسەر سفرەکە دانا و ڕۆیشت.

هەموو هۆشم بەلای مستەفاوە بوو نەکا بۆنی قاز وەها مەستی بکات کە ئاگای لە خۆی نەمێنێ! بەڵام نە شوکری خوا هێشتا عەقڵی لەسەر جێ و بە ئاگا بوو. تا چاوی بە قــازەکــە کــەوت، ڕووی لە مــیــوانەکــان کــرد و گوتی: «بەڕێزان چاوی لێکەن! ئەم کارەی خانە خوێمانە جوان نەبوو». ئایا ئێستا کاتی خواردنی قازە ئەمن بۆ خۆم زگم ئاخنیوە و ئەگەر سەربشم ببڕن ناتوانم یەک پارووش بخۆم، تەنانەت ئەگەر خوانی ئاسمانیش بێت. خۆ گەرەکمان نییە لێرەوە ڕاستەوڕاست بچینە نەخۆشخانە، زگی ئینسانیش خۆ ڕووباری سیروان نییە قەت پڕ نەبێت. ئەوسا ئەم نۆکەری بانگ کرد و گوتی: «وەرە کاکە ! ئەم بەڕێزانە داوا دەکەن قازە -کە لابەیت و بیبەیتەوە».

مــیــوانەکــان بە تەواوی تێــدا مــابوون چ بکەن؟ لەلایەکەوە بۆنی کەبابی تازەیان هەڵمژیبوو و بێ مەیل نەبوون کە بۆ تاقی کردنەوەش بێ، نەختێکی لێ بخۆن و لەگەڵ کەبابی بەرگدا بەراوردی بکەن، لەولاشەوە لە بەرانبەر کەسایەتییەکی مەزنی وەک «مامۆستا» دا دوو دڵ بوون، ئەگەرچی چاویان بە قازەکەوە قەتیس مابوو، بەناچار جگە لە قبووڵ کردن و بەگوێی کردنی قسەکانی مستەفا، چاریان نەبوو. دڵنیا بووم فێڵەکەمان سەری گرتووە، دەمەویست دەسڕەنگینی لە مستەفا بکەم و دەم و لێوی شۆڕ و درێژی بلێسمەوە، گەرەکم بوو لەمەوبەدوا یارمەتی بدەم و کارێکی باشی بۆ بدۆزمەوە، بەڵام بە ڕواڵەت و لەبەر دڵی میوانان، کاردێکی گەورەم چەشنی ساتووری قەسابی گرتبووە دەستەوە و چەشنی حەزرەتی ئیبراهیم کە دەیەوێ ئیسماعیلی بکاتە قوربانی، بێ وچان پەلامارم بۆ گیانی قاز (ع) دەدا. ئاوام دەنواند کە دەمەوێت ئەم گیانلەبەرە بێ یار و یاوەرە ئەنجن ئەنجن بکەم. هەروەها لە زاری مامۆستاوە چەند داوایەکم لێ کردن کە لەبەر دڵی منیش بێت، تەنیا پارچەیەکی لێ بخۆن کە لانیکەم زەحمەتی لێنەرەکە لەکیس نەچێت و تەریق نەبێتەوە .

بەختەوەرانە قەسابەکە زمانی قازەکەی دەگەڵ کەللەیدا بڕیبوو، دەنا بەو زمانی بێ زمانییەوە حەیای منی دووڕووی دەبرد!

بەڵێ ئەمن باشارم دەکرد و مستەفاش حاشا. لە ئاکامدا هەموو میوانان لەگەڵ مستەفادا هاودەنگ بوون و تێکڕا داوای لابردن و دەسدرێژی نەکردنە سەر و پاراستنی یەکپارچەیی قازەکەیان دەکرد.

خەریک بوو فێڵەکە سەر بگرێت، کتوپڕ لە زاری شکاوم دەرچوو کە «بەڕێزان! زۆر حەیفە دەست هەڵگری ئەم قازە بن کە زگیان لە «هەڵووژەی بەرەغان» ئاخنیوە، بە تایبەتیش کە بە ڕۆنی فەرەنگی سوور کراوەتەوە»! هێشتا ئەم قسەیەم لە زاری شکاو دەرنەچووبوو کە مستەفا وەک بڵێی لەناکاو فەنەری دەرچووبێت، بێ ئیختیار دەستی درێژ کردەوە و باڵی قازەکەی هەڵکەند و بردی بۆ دەمی و وتی: «ئێستا کە دەفەرموون لە هەڵووژەی بەرەغان ئاخنراوە و بە ڕۆنی فەرەنگی سوور کراوەتەوە باش نییە ڕووی خانەخوێ بشکێنین، لەبەر دڵی ئەویش بێت هەر کام پارچەیەک دەخۆین».

میوانەکانیش کە چاوەڕێی ئەوها قسەیەکیان دەکرد، چەشنی لێقەوماو کەوتنە گیانی قازەکە و لە چاوترووکانێکدا گۆشت و ئێسقانی قازی دایک مردوویان وەک گۆشت و ئێسقانی وشتری قوربانی، لە ناوقەدی دەرکەی قورگ و ملەی چەند جین زگ و ڕیخۆڵەدا، قۆناغەکانی لووشدان و هەرس کردنیان وەها تێپەڕ کرد کە دەتگوت هەرگیز قازێ سەری لە هێلکە دەرنەهێناوە و هەنگاوی نەناوەتەوە دنیاوە کورد گوتەنی: «کارێکیان پێکرد با بە دەواری شڕی نەکردووە».

دەڵێین مرۆڤ ئاژەڵێکی گۆشتخۆرە، بەڵام ئەم بوونەوەرە سەیرگەلە ئێسقانخۆر بە دنیا هاتبوون. بەڕاستی دەتگوت هەرکامیان زگێکی تریان بە یەدەک لەگەڵ خۆ هێناوە زۆر سەیر بوو، ئەم میوانانە دوو کاتژمێر لەوەوبەر لەسەر مێزەکە تێکڕا کارد و چنگاڵ لە دەست، لەگەڵ خەروارێ گۆشت و پێست و وردەدان و وشکەداندا خەریکی گێر و کێشە بوون و بن قاپەکانیشیان لستبۆوە، هەر دوازدەکەیان بەتەواوی و بێ کەموکوڕی سەر لە نوێ خەریکی خواردن بوون و بە چاوی خۆم بینیم کە قازی خوێناویم، ڕووتی ڕووت و پارچەپارچە، بوو بە خۆراکی جەماعەتێکی داڵ سیفەت و "کان لم یکن شیئا مذکورا" لە گۆڕستانی زگیاندا نوقم بوو.

ئەمن لە دیتنی ئەم کارەساتە تف لە زارمدا وشک بوو

و جگە لە پێکەنینی درۆیی و بەخێرهاتنی ڕەمەکی هیچم بۆ نەدەکرا.

ئێستا دەبا باسی مامۆستاتان بۆ بکەم کە تازە کەیفخۆش ببوو. لە حاڵێکدا دەسماڵە ئاوریشمەکەی لە گیرفانی دەردەهێنا کە هی ئەم نۆکەرەی بوو، بە ناز و عیشوەوە دەم و لێوی نازەنینی سڕی و دیسانەوە دڵی کەڵکەڵەی جارانی کرد و دەستی کرد بە قسە کردن. لە ڕاوە بەرازی دارستانەکانی سویسرا، هاوڕێ لەگەڵ هێندێ کەسایەتی بەناوبانگ و گەورەدا بگرە و عەشقبازی لەگەڵ یەکێ لە جوانترین و ناسکترین کچەکانی ئەو وڵاتەدا باسی وای دەگێڕایەوە کە سەرت سوڕ دەمایەوە، میوانەکانیش وەک بڵێی لە ئاسمانەوەڕا هاتبوونە خوارەوە دەسبەجێ قسەکانیان پەسند دەکرد و دەمیان بۆ دەتەقاند.

لە هەمان گەرمەی خواردندا کە دیمەنی لەناوچوون و فەوتانی قازی ڕەحمەتی، بۆرە پیاو و لاساریی مرۆڤی پەست و فریوکاریی جیهانی شێتۆکە و بێ شەرمی مستەفای گەمژەی، بیر دەخستمەوە هەمدیسان زرەی تەلەفۆن هەستا! دەرکەوتم و دەسبەجێ گەڕامەوە و ڕووم لە ڕاوچی ئازا و عاشق کوژ کرد و گوتم: «جەنابی مستەفا خان! وەزیری ناوخۆ خۆی تەلەفۆنی کردووە و داوا دەکات لەگەڵتدا قسە بکات»! ئیتر کابرا زانی چ باسە و بێ ئەوەی دەقی خۆی بشێوێنێ، هەستا و بە شوێنمەوە هاتە دەرێ. کاتێ لە ژوورەکە وەدەرکەوتین دەسبەجێ دەرکەم پێوەدا و کابرا گوتەنی، دەنگی زللەیەکی ئاودار هەستا و پێنج قامکی دوعاوێژم هاوڕێ لەگەڵ مەچەک و لەپی دەست و پاشکۆکانی، لەسەر کولمی ئاڵی مامۆستا سرەوت و گوڵی نەخشاند.

گوتم: «ماڵوێران! تا گەرووت ئاخنیبوو، چاوت بە قازەکە کەوت دین و ئیمانت هەرزە بوو و بە منێ کە تۆی گەمژەم کردبووە ڕازداری خۆم، خەیانەتت کرد و فێڵت کرد؟ ئەمەش دەسڕەنگینی بۆ تۆ»! دیسانەوە زللەیەکی دیکەشم پێشکەش کرد.

هەر بە پرتەپرت و تووڕەتوور و ئەدا و ئەتوارە ئاساییەکانییەوە کە لە ماوەی خواردندا نەدەبینرا، هەسکە هەسک و بە فینەفینەوە گوتی: «ئامۆزا گیان، تاوانی من چییە لە بیرت نییە بڕیارمان دا تەنیا باسی قازەکە بکەیت؟ کەنگێ گوتت لە ناو ڕۆنی فەرەنگیدا سوور بۆتەوە و زگی لە هەڵووژەی بەرەغان ئاخنراوە خۆت لێکی بدەوە ئەگەر تاوانێ هەیە هی تۆیە نە من».

ئەوەندە تووڕە ببووم کە هیچم نەدەدی. لەم پاساکردنە خەریک بوو شاخم لێوە دەرچێ، دەرکەی خانووم کردەوە و ئەم گەنجە بێ ئەمەگەم وەکو مشکێ کە لە خێگەڕۆنیان هێنابێتە دەرێ، فڕێ دایە دەرەوە بۆ وچان و دامرکانی ئاگری دەروون، لە حەساردا پیاسەیەکم کرد و ئەوسا بە دەم و چاوێکەوە کە دەتگوت چینێ بزەی دەسکردیان لەسەر کێشاوە چوومە ژووری میوانەکانەوە.

دیتم هەموو میوانان هەڵتروشکاون و خەریکی کایەی تەختە نەردن (تاوڵە) و تێکڕای بیر و هۆشیان بە لای شەش و بێش و داخستنی ئەفشاریەوەیە، گوتم: «مستەفا خان داوای لێبوردنی لێ کردن، چونکە ناچار بوو بەبێ ماڵاوایی بەجێتان بێڵێ. وەزیری ناوخۆ، ئوتۆمۆبیلەکەی خۆی ناردبوو بەدوایدا، ئیتر نەیویست لە ئێوەی تێک بدەن».

تێکڕای میوانەکان لە قسەخۆشی و گفت ڕەوانی و زانایی و گەورەی وی باسیان دەکرد و بۆ بانگهێشت کردنی بۆ مەجلیسان ژمارە تەلەفۆن و ناونیشانی ماڵەکەیان لێ ویستم، ئەمنیش بەو پەڕی بێ شەرمییەوە بێ ئەوەی خۆم تێک بدەم بە هەڵە هەمووم پێدان.

بەیانی ڕۆژی دواتر هاتەوە بیرم کە دوێنێ یەک دەست لە باشترین جل و بەرگە تازە دووراوەکانم لەگەڵ پاشکۆ و خرکە و پرکەکانییەوە بە دەستی شکاوی خۆم داوەتە مامۆستا مستەفا خان و دەریشم کردووە

بەڵام داخەکەم «ئاوی ڕۆیشتوو بە جۆگەدا نایەتەوە» و جارێکی تر ئیمانم بەم وتە بەنرخە هێنا کە «دار هۆرەی لە خۆی نەبێ ناقەڵشێ» و پشتی دەستم داخ کرد کە تۆبە بکەم و بە دوای وەرگرتنی پاداشت و پلەی بەرزتردا نەچم.

**سەرچاوە:**

**ئەم چیرۆکە لە کتێبی (یکی بود یکی نبود) لەساڵی ١٣٠٠ی هەتاویدا (١٩٢١ز) چاپ کراوە.**



## عەبدولکەریم شێخانی:

## ڕەخنەگر دەبێ بە ویژدانەوە ڕەخنە بگرێت، تەنانەت لە بەرهەمی ئەو کەسەی خۆشیشی ناوێ... نووسینەوەی یاداشت و بیرەوەریش شتێکی زۆر پێویستە.

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(٢ – ٢)**

لە دنیای نووسین و وەرگێڕان و ئەدەبیاتی کوردیدا عەبدولکەریم شێخانی بە یەکێک لە نووسەرە پێشەنگەکان دەژمێردرێ کە نیو سەدە زیاترە بەبێ پچڕان لەگەڵ نووسین بە زمانی کوردی و عەرەبی بەردەوامە.

وەک وەرگێڕێک لە ناوەڕاستی حەفتایەکاندا بۆ یەکەم جار چیرۆکی (ماسییە ڕەشە بچکۆلەکە)ی نووسەری بەناوبانگی فارس سەمەدی بیهرەنگی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و ئەوکاتە دەنگ و سەدایەکی باشی لەنێو ناوەندی ڕۆشنبیری و ئەدەبیدا هەبوو، دواتر لە هەشتایەکاندا بەهۆی وەرگێڕانی ڕۆمانی (براکوژی)ی نیکۆس کازانتزاکی زیاتر وەک وەرگێڕێک ناسرا و ژمارەیەکی زۆریش لەو وەرگێڕانەی فرۆشرا و خوێنرایەوە.

وەک نووسەر و زمانزانێک لەمێژە لە گۆڤار و ڕۆژنامە و فیستیڤاڵ و سیمینارەکاندا وەک کەسێکی چالاک دەرکەوتووە و لە زۆر گۆشەی ڕۆژنامەوانی جیاجیادا وەک خەمخۆرێک بایەخ بە زمانی کوردی دەدا و لەم ڕووەوە نووسینەکانی جێگەی بایەخ و سەرنجی خوێنەران بووە. لە هاندان و دەستگیرۆیی لاوەکان کەمتەرخەمی نەکردووە، لە بواری پەروەردە و فێرکردنیشدا ساڵانێکی زۆر وەک مامۆستایەک خەریکی وانە وتنەوەو پەروەردەکردنی قوتابیانی کورد بووە و چەند وەچەیەکی پێگەیاندووە، هەروەها لە وەرگێڕان و دانان و بژارکردنی بەرنامەی خوێندن و پەیڕەو پرۆگرامی هەموو قۆناغەکانی خوێندنی کوردیدا بەشدار بووە.

ئەمرۆکە کە تەمەنی مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی نزیکی هەشتا ساڵە، کەچی بە گوڕوتینی لاوێک کار دەکات و دەنووسێ و بەدواداچوونی هەیە و گۆشەی ڕۆژنامەنووسیی بەڕێوە دەبات. دەمێک بوو لە گۆڤاری (ڕامان)دا دەمانویست گفتوگۆیەکی تێروتەسەلی لەگەڵدا ساز بکەین، تا بەم دواییە ئەم دەرفەتەمان بۆ ڕەخسا و ئەم گفتوگۆیەمان لە بارەی چەند پرسێکی جۆراوجۆر لەگەڵی سازدا.

**رامان:** خەڵاتکردنی نووسەران و ئەدیبان چۆن دەبینی؟ ئەوەی تا ئێستا لە کوردستاندا کراوە و دەکرێ، بەشێوەیەکی مەوزوعیانە و هاوسەنگ و بە ویژدانانە کراوە و جێگەی خۆی گرتووە، یان کەموکوڕی و ناهەقی و ناعەدالەتی زۆری تێدایە و زۆرتر مۆرکی حزبایەتی و سیاسەتی بەسەرەوە زاڵە؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** پرسیارەکە خۆی لەخۆیدا لە کۆتاییەکەی وەڵامی خۆی داوەتەوە. دیارە لەو ماوەیەدا چەند ئەدیبێک خەڵات کراون و پیرۆزیان بێت، بەڵام نابێ وەکو دەڵێن «خاتروخۆتر»ی تێدا بێت، بەڵکو دەبێ لەسەر بنچینەی داهێنان و لێهاتوویی ئەو ئەدیبە بێت.

من پار ڕۆژێکیان یەکێک تەلەفۆنی بۆ کردم و بە عەرەبی پرسی: تۆ فلان کەسیت؟ گوتم بەڵێ. گوتی: ئێمە «منظمة لارسا لحقوق الأنسان»ین لێرە لە سلێمانی هەندێک چالاکیمان هەیە و خەڵات بەسەر چەند نووسەر و هونەرمەندێکی ناسراو دابەش دەکەین و تۆش یەکێکی لەو نووسرانەی بۆ ئەو مەبەستە دەستنیشان کراویت. سوپاسم کردن و ڕۆژی دیاری کراو چووین بۆ هۆڵی «تەوار». ئەوانەی خەڵات کران پێم وابێ بیست و پێنج کەس بوون. هەرکەسە و خەڵاتەکەی وەردەگرت و دەڕۆیشت. من گوتم دەتوانم چەند قسەیەکی کورت بکەم؟ گوتیان بەڵێ. بە عەرەبی گوتم:

«يسرني أن اكون واحدا من الأدباء الذين وقع عليهم الأختيار لتكريمهم من قبل منظمة لارسا لحقوق الأنسان، تلك الحقوق التي تنتهك بأبشع صور الأنتهاك في منطقتنا على مسمع و مرأى من العالم كله، إني أعتز بهذه الألتفاتة الكريمة، ولكن كم كنت أتمنى لو جاءت هذه الألتفاتة الكريمة من قبل الأخوة الأقربين، ولكن يبدو أن هؤلاء الأخوة يعملون بالمثل الكوردي القائل: أمسك بذوات الأرجل، فأن ما لاقوائم لها هي ملك لنا»، من ناڵێم خەڵات، بەڵکو دەڵێم دەستخۆشانە، توخوا چەند خۆشە، ئەگەر تۆ کارێکی باش بکەیت، پێت بڵێن یاخوا دەستت خۆش بێت، بەڵام زۆر خۆشترە، ئەگەر ئەو دەستخۆشی لێ کردنە لەسەر بنچینەی خزمەتی لێهاتوویی بێت و پێوەندی بە حزبایەتی و سیاسەتەوە نەبێت.

**رامان:** تۆ خەڵاتی ئەدەبی و هونەری بەپێویست دەزانیت بدرێتە نووسەران و هونەرمەندان؟ پێت باشە



ئازا عەبدولواحید – عەبدولکەریم شێخانی

ئەو خەڵاتانە بە چ پێوەرێک دابەش بکرێن؟ ئەوەی تا ئێستا کراوە ئامانجی خۆی پێکاوە، یان باری سەرنج و تێبینی خۆت لە بارەیەوە هەیە؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** من لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشوودا وەڵامی ئەم پرسیارەم داوەتەوە و گوتوومە و دیسان دەیڵێمەوە پێویستە ئەو خەڵات کردن و ڕێزلێنانە لەسەر بنچینەی خزمەت و لێهاتوویی بێت و هیچ ئیعتیبارێکی دیکە نەکرێ بە پێوەر.

**رامان:** ئەو خەڵاتانە بەلای تۆوە چەندە دەبنە پاڵپشتێکی مەعنەوی بۆ نووسەران و هونەرمەندان تا زیاتر کاربکەن و داهێنانیان ببێ؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** بێ گومان خەڵات و دەستخۆشی کردن دەبنە هۆی هاندانی نووسەران و هونەرمەندان. هەموو کەسێک پێی خۆشە کارەکانی، لە هەموو بوارێکی کارکردندا، بەدڵی خەڵک بێت و دەست خۆشی لێ بکرێت.

**رامان:** زانکۆکانی کوردستان بۆچی نەیانتوانیوە کاریگەرییان بەسەر شەقامدا هەبێ؟ بۆچی جاران سوختەخانەیەک کە فەقێیەکانی کوردستان لەوێ دەیانخوێند، کاریگەرییان بەسەر کۆمەڵەوە هەبوو، کەچی زانکۆکانی ئەمڕۆ ئەو کارلێکردن و کاریگەرییەی بەسەر گۆڕانی کۆمەڵگاوە نییە؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** من باوەڕ ناکەم زانکۆکان کاریگەرییان بەسەر شەقامەوە نەبێت و ناکرێ لەگەڵ سوختەخانەکان، واتە حوجرەکانی جاران بەراورد بکرێن. ئەو سەردەمەی سوختەخانەکان کاریگەرییان هەبوو،

خەڵکی بەگشتی نەخوێندەوار بوون و گوێڕایەڵی هەموو شتێک بوون و ئەو کەسەی لە حوجرە دەیخوێند و شتێک فێر ببوو لەو هەموو نەخوێندەوارە زۆر باڵاتر بوو، بەڵام ئەمڕۆ خەڵکی بەگشتی خوێندەوارە و چاوی کراوەتەوە و ئەو خەڵکەی ئێستا زۆر جیاوازە لە خەڵکی ئەو سەردەمە. من پێم وایە لێرەدا هۆیەکی دیکە هەیە بۆ کار تێنەکردن و شوێنەواری کار تێ کردن، ئەویش کاڵ بوونەوەی زانست و زانیارییە، هەموومان دەزانین کە لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا سیستمی خوێندن بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕاو و بەشێوەیەک ئاسان کرا کە قوتابی زۆر پێوەی ماندوو نەدەبوو، بێجگە لەوەش، وردە وردە قۆناغەکانی تاقیکردنەوەیان گۆڕی و قوتابی تاڕادەیەکی زۆر، بە ئاسانی دەردەچێت و دەگاتە قۆناغی زانکۆ و لەوێش بە ئاسانی دەردەچێت. باشە ئەگەر یەکێک بە تەواوەتی و بە تێروپڕی زانست و زانیاری وەرنەگرتبێت، چۆن دەتوانێ کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا هەبێ، بە داخەوە تا ئێستاش کاریگەری سیستمی ڕووخاوی پێشوو بەسەر شێوەی خوێندندا دیارە.

**ڕامان:** یاداشت و بیرەوەری نووسینەوەی کەسانی وەک ئێوە، دوای ئەو تەمەن و ئەزموونەی هەتانە بە پرۆژەیەکی پێویست و گرنگ دەزانیت؟ ئایا هەوڵت نەداوە بیرەوەرییەکانت بنووسیتەوە، یان نووسیوتانە و ئێمە پێمان نەزانیوە؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** بە دڵنیاییەوە دەڵێم، نووسینەوەی یادداشت و بیرەوەری شتێکی زۆر پێویستە، چونکە هەموو کەسێک ڕووداوی سەرنجڕاکێش لە ژیانیدایە و وا باشترە هەر کەسێک باسی قۆناغەکانی ژیانی خۆی بکات. من لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا گوتوومە کە یادداشتەکانم لە ساڵی ١٩٧٤ سەریان تێداچوو و برای ئەوکەسەی دوو ژوورم لێ بەکرێ گرتبوو، هەستا بوو کتێبەکانی منی بردبوو و حەمامی پێ داخستبوون. ئەو کارە گێلانەیەی ئەو پیاوە کە هیچ هەقێکی بەسەرماڵەکەوە نەبوو، بەڕاستی بە تەواوەتی ڕایچەناندم و تا ماوەیەکی زۆر وەک گێژانم لێ هاتبوو، ئێستا نیازم وایە وردە وردە ئەو شتانەی لەبیرم ماون بیاننووسمەوە و ئەگەر بۆم بکرێت هەوڵ دەدەم بەم زووانە تەواوی بکەم.

**ڕامان:** چەند باوەڕت بەو ئەدەبیاتە هەیە کە ئافرەتان دەینووسن؟ ئەو ئەدەبەی ناونراوە ئەدەبیاتی ئافرەتان دەخوێنیتەوە؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** بۆ ئافرەت مرۆڤ نییە؟! ئەی ئێمە ناڵێین جیاوازی لەنێوان ژن و پیاودا نییە؟ کەس دەتوانێ بڵێ پیاو لە ڕووی مێشک و بیرکردنەوەوە، لە ژن باڵاترە؟ ئەگەر ئێمە بڕوامان بەوە هەبێت، مانای ئەوەیە کە بڕوامان بەو قسەیە هەیە کە دەڵێت ئافرەت (ناقص العقل)ن وەکو هەندێک کەس دەڵێن، ئەگەر بگوترێت ئەدەبی ئافرەتان، ئەوە مانای ئەوە نییە کە ژنان لە پیاوان جودا دەکەینەوە، بەڵکو ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو دەرفەتەی بۆ پیاوان ڕەخساوە، بە هەمان پێودانگ بۆ ژنان نەڕەخساوە. خۆمان دەبینین کە لە هەموو جومگەکانی حکومەتدا ئافرەت شانبەشانی پیاو کار دەکات وەک مامۆستا، ئەندازیار، پزیشک و تەنانەت وەک ئەفسەری پۆلیس و پێشمەرگە و گەلێک بواری دیکەی ژیان و ئەدەبیاتی ئەوانیش وەک هەموو نووسەرێکی دیکەی پیاو دەخوێنمەوە، بەڵام پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم کە ڕەنگە ئافرەت ڕاستگۆیانەتر بتوانێ گوزارشت لە گیروگرفت و هیوا و ئاواتی هاوڕەگەزەکانی خۆی بکات و ئەو کارە لە دەستی پیاو نەیەت و هەموو پیاوێک نابێت بە (نزار قبانی) لە شیعرەکانیدا گوزارشتی تەواو لە شێوەی بیرکردنەوەی ژنان بکات.

**هەندێ کەس پێیان وایە کە زمانی ستاندارد دەبێتە هۆی پووکانەوەی شێوەزار.**

**ڕامان:** باسوخواسێکی گەرموگوڕ سەبارەت بە زمانی ستانداردی کوردی لەگۆڕێیە، بیروڕای تۆ لەم بارەیەوە چییە؟ پێت وایە ئەو زمانە ستانداردە بە بڕیار دروست بێ؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** ئەم مەسەلەیە قسەی زۆر هەڵدەگرێ و باسێکی زۆری لە بارەوە کراوە. لە ڕاستیشدا زمانێکی ستاندارد، واتە یەکگرتوو کە هەموو کورد پێی بنووسێت و بخوێنێتەوە گەلێک پێویستە و بەکۆڵەگەی پتەوی خۆڕاگری کورد دادەنرێت، دەبێ هەوڵی جددی بدرێت بۆ ئەو مەبەستە، چونکە ناکرێ ئەو دوو شێوەزارە بەرە بەرە لێک دووربکەونەوە. بەڕای من هەر

پێداگرییەک لەسەر هێشتنەوەی ئەو حاڵەتە، بە زیانی میللەتی کورد تەواو دەبێ. هەندێک کەس پێیان وایە کە زمانی ستاندارد دەبێتە هۆی پووکانەوەی هەندێک شێوەزار. ئەم ڕایە دڵسۆزی پێوە دیار نییە، چونکە ئەوەتا بە بەرچاوی خۆمان شێوەزاری هەورامی لە ئەنجامی نووسین بە شێوەزاری ئەوەی پێی دەڵێن کرمانجی خواروو (سۆرانی)، نەک هەر ماوەتەوە، بەڵکو گەشەی تەواویشی کردووە، من لێرەدا جۆرە دەمارگیرییەک دەبینم کە هەندێ کەس ئاڵاکەیان بەرز کردووەتەوە و وای دەبینن کە دەبێ شێوەزاری زۆرینە بکرێتە بنچینە. من پێم وایە شێوەزارە گەشە کردووەکە دەبێ بکرێت بە بنچینە نەک زۆرینە. لەلایەکی دیکەوە من پێم وایە وەک دڵسۆزییەک بۆ ئەو پرسە گرنگە، ئێمە بۆ بنچینەی ئەو یەک خستنەوەیەی هیوا و ئاواتمانە، وشە و زاراوە لە یەکتر وەرگرین نەک هەریەکە سوور بێت لەسەر وشە و زاراوەی خۆی، چونکە بەم کارە ئاواتەکانی ڕۆژنامەی (ئاسۆ) و (بزاڤ)ی سەردەمی (صدام) وەدی دەهێنین.

**ڕامان:** دەرکردنی یاسایەک بۆ پاراستن و پەرەپێدانی زمانی کوردی لەمێژە لەلایەن نووسەرە پەرۆشەکانی زمانی کوردی داوا دەکرێ، ئەو یاسایە چەند بۆ زمانی کوردی بەپێویست دەزانی؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** من نازانم ئەوە بە یاسا دەکرێ، یان بە شێوەیەکی دیکە، بەڵام زۆرجار جۆرە خەمساردییەک لەم ڕووەوە دەبینم کە لە دەسەڵاتی کوردی ناوەشێتەوە. من ناڵێم، خوانەخواستە دڵسۆز نین، بەڵام جۆرە کەمتەرخەمییەک دەبینم کە مایەی نیگەرانییە، ڕەنگە ئەگەر ئەو کارە بخرێتە ئەستۆی ئەکادیمیای کوردی دوای بانگهێشت کردنی شارەزایانی زمانی کوردی و تەنیا بڕوانامەی دکتۆرا نەکەنە پێوەر بۆ زمانزانی، پەرە بە زمانی کوردی بدرێ و بپارێزرێ.

لێرەدا حەز دەکەم شتێک بگێڕمەوە:

مامۆستا هێمنی نەمر لە بەغدا بوو، ڕۆمانێکی «مارک توین»ی ئەمریکایی لە فارسییەوە کردبوو بە کوردی و لەگەڵ نامەیەک بۆ منی نارد، لە نامەکەدا داوای لێ کردبووم بیبەم بۆ کۆلێژی ئەدەبیات، بەڵکو زانکۆی سلێمانی بۆی چاپ بکات. ڕۆمانەکەم بردە لای خاتوو (دکتۆر کوردستان موکریانی) و پێم گوت کە مامۆستا هێمن ناردوویەتی بەو هیوایەی بۆی چاپ بکەن. خانمی دکتۆر پێی گوتم کە داواکارییەک بەناوی مامۆستا هێمن بنووسم. درێژەی نەدەمێ دەوری سێ مانگێکی پێ چوو، هیچ وەڵامێک نەبوو. مامۆستا هێمن وەڵامی بۆ ناردم تا سۆراغێکی ڕۆمانەکەی بۆ بکەم. چوومە لای خانمی دکتۆر کوردستان، گوتی بڕۆ لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری سۆراغی بکە. خوا لێ خۆشبوو (حەمە فەرەج) بەرپرسی ئەو مەڵبەندە بوو. کە چووم بۆ لای، پێی گوتم ڕۆمانەکە دراوەتە دکتۆرێکی زمانی کوردی تا وەک پسپۆڕی زمان سەیری بکات و ئەویش نووسیویەتی کە زمانەکەی بە کەڵک نایەت و هەر وشەیەکی کوردی کە ئەو نەیزانیبوو مانای چییە، هێڵێکی بەژێریدا هێنابوو. نامەیەکم بۆ مامۆستا هێمن نووسی و لە نامەکەدا گوتبووم: مامۆستا ڕۆمانەکە بڕیاری لەسەر نەدراوە، چونکە زمانە کوردییەکەی باش نییە، بەداخەوە لای ئێمە فیتوو بە برای بێ لێو (سێ لچ) لێ دەدەن. کەسانی وەک گۆران و عەلائەدین سوجادی و حەمەی مەلا کەریم و مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە خۆ بڕوانامەی دکتۆراشیان نەبووە و نییە، بەڵام لە زۆرکەسی خاوەن بڕوانامەی کوردی باشتر دەزانن و دەنووسن و زۆریش لە ئەوانە کوردیزانترن.

**ڕامان:** بۆ پاک و پوختە ڕاگرتنی زمان و ڕێنووسی کوردی، بوونی سەرپەرشتیاری زمان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بە پێویست دەزانن؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** دەک بە قوربانی زارت بم لەگەڵ خۆت و قسەت. لە وڵاتان زۆربەی ڕۆژنامەکان و گۆڤارەکان سەرپەرشتیاری زمانیان هەیە، بەڵام لای ئێمە لەبەر ئەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە زۆرن و ڕۆژنامەنووسیش زیاتر، زۆرجار نووسینەکان باش ناجوورێن، بەڵکو پەڵکۆ دەکرێن و دەنێردرێن بۆ چاپخانە. زۆر بە قەناعەتەوە دەڵێم، هەندێ نووسەری کوردی نەزان هەن پێویستە سزا بدرێن و لە نووسین بوەستێنرێن تا دەچن فێری کوردی دەبن، تۆ ئەگەر تەماشایەکی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بکەیت، ئەوەندە هەڵە دەبینی کە مایەی سەرسوڕمانە. جارێکی دیکەش گوتوومە، لە دوای ڕاپەڕینەوە، زمانی کوردی لە جیاتی ئەوەی پێش کەوێ، دواکەوتووە لە ئەنجامی لێشاوی نووسەرانی بێ ئەزموون. وڵاتێکی بچووکی وەک هەرێمی کوردستان زیاتر لە (٨٠٠) گۆڤار

و ڕۆژنامەی لێ دەردەچێت، بێجگە لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، ئەو هەمووە پێویستیان بە نزیکەی (٨) هەزار ڕاگەیەنکار هەیە، تۆ پێت وایە هەموو ئەو ڕاگەیەنکارانە کەسانی لێهاتوو و لێ وەشاوە بن؟ بۆیە ئاستی زمانی کوردی ڕۆژ بەڕۆژ دادەبەزێ. وەکو لەسەرەوە گوتمان ڕۆژنامە و گۆڤارەکان پێویستیان بە (فیلتەر) هەیە بۆ پاک کردنەوە. من پێم وایە هەموو گۆڤار و ڕۆژنامە دیارە عەرەبییەکان سەرپەرشتیاری زمانیان هەیە و بوونی سەرپەرشتیارێک بۆ ئەو مەبەستە لەبەرژەوەندی بڵاوکراوەکەیدایە. ئەمە لە ڕووی زمانەوە، خۆ لە ڕووی ڕێنووسەوە، ئەوە هەر مەپرسە و باوەڕ ناکەم چوار نووسەر ببینی کە ڕێنووسەکەیان وەکو یەک بێت، بەڵکو هەریەکە بە جۆرێک دەنووسێ. نووسەری ئاخر زەمانی ئەوتۆ دەبینی دوو سێ وشەت بۆ پێکەوە دەنووسێت و دەڵێت لە وڵاتە ئەوروپاییەکان بەو شێوەیە دەینووسن. جاری وا هەیە دوو وشە بەیەکەوە دەلکێنێ بەبێ هیچ پاساوێک و دەڵێت وا ئاسانترە و دەست هەڵناگریت و کاتت لەدەست ناچێت. لە دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ و دەست کردن بە وەرگێڕان بۆ کوردی، ئەو لیژنانەی کاری وەرگێڕانیان پێ دەسپێردرا، لەسەر کۆمەڵە بنچینەیەک ڕێک کەوتن بۆ ڕێنووسی کوردی و ئەو بنچینانە بەگشتی چەسپێنران و هەموو وەرگێڕەکان کاریان پێ دەکرد و لەسەری کۆک بوون. من لێرەدا نامەوێ باسی هەموویان بکەم، بەڵکو تەنیا ئاماژە بە دوو نموونە دەکەم.

١- نیشانەی فرمان (کار)ی ڕانەبوردوو (دە)یە نەک ئە، دەڵێین: (دەڕۆم. دەکرم، دەنێرم)، نەک (ئەڕۆم، ئەکرم، ئەنێرم)، کەچی هەندێک نووسەر (مع سبق الأصرار) ئەو کۆبەندییەی نووسەران لەسەری ڕێک کەوتبوون واز لێ دێنێ و دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی سفر، وەک ئەوەی کە لەو ماوەیەدا هیچ نەکرابێت.

٢- لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە واوی درێژ بە دوو واو بنووسرێت، بۆ ئەوەی نووسەر، یان خوێنەر تووشی هەڵە نەبێت، بۆ نموونە ئەگەر کووڕ بەیەک (و) بنووسرێت، چۆن لە کوڕ جیای دەکەینەوە. (ئەگەر بڵێم: ئەو کوڕە پشتی (کوڕە) کێ دەزانێ مەبەستمان لە وشەی ناو کەوانە کووڕە؟ یان ئەگەر پیاوێک کوڕێکی هەبێ و ئەو کوڕە هەر خەریکی ڕابواردن بووبێ و تێ نەکۆشابێ،



**عەبدولکەریم شێخانی – محەمەدی مەلا کەریم**
**٢٠١١/١٢/٣١ – سلێمانی**

باوکەکە پێی دەڵێ: کوڕم سوڕ دەزانم تۆ لەو ماوەیەدا هەر خەریکی سووڕدان بووی. ئەگەر (سووڕ) بەیەک واو بنووسین، چۆن لەگەڵ (سوڕ) لێکیان جیا بکەینەوە. بەداخەوە ئێستا هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەکان بە ئارەزووی خۆیان، یان بە ئارەزووی تاکەکەسێک، ڕێنووسەکە دەگۆڕن و بە جۆرێک تێکی دەدەن کە بە ئێمەمانان ڕاست ناکرێتەوە. ئەو دوو نموونەیەی باسم کردن و گەلێکی دیکەش لەکاتی خۆی، کۆڕی زانیاریی کورد بڕیاری لەسەر دابوو و هەموو نووسەران پەیڕەویان دەکرد. قوڕبەسەرییەکی دیکە هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی گرتۆتەوە، بە تایبەتیش هەندێک ڕۆژنامە ئاڵاکەیان هەڵگرتووە. بۆ نموونە بڕگەی (کەر) کە (ناوی بکەرە) وەک (ئیشکەر، نوێژکەر، نانکەر، پیسکەر) و گەلێکی دیکەی لەم بابەتە هەندێک نووسەر بە (ئامان و زەمان) توخنی ناکەون و لێی نزیک نابنەوە و پێیان عەیبە و دەیکەن بە (کار). هەر بۆ نموونە ئەو کەسەی بەرنامەیەک پێشکەش دەکات.

(پێشکەشکەرە) ئەوان دەیکەن بە (پێشکەشکار) و (چاکەکەر) دەیکەن بە (چاکەکار). جارێکیان هەر لە گۆڤاری (ڕامان)ی خۆشەویستدا لەو دیدارەی لەگەڵ برای بەڕێزم (کاک ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی)دا سازی کردبوو، (کاک ئەحمەد) دەڵێ «ئەدەب و سیاسەت تەواوکەری یەکترن» مەبەستی ئەوەیە کە یەکتر تەواو دەکەن و باوەڕ ناکەم کەسێک هەبێ وا تێ بگات کە ئەو

دووانه (ئەدەب و سیاسەت)کەری یەکتر بن.

هەر بڕگەی (گا) لە ناوەڕاستی وشە، یان لە کۆتاییدا، هەندێک ڕۆژنامە زراویان لێی چووە و دەیکەن بە (گە). بۆ نموونە ئاگاداری دەبێت بە ئاگەداری، پێشانگا بە زۆر دەکرێت بە پێشانگە، ڕێگا و جێگا دەکرێن بە ڕێگە و جێگە. ئەم بڕیارە هیچ لایەنێکی زمانزان نەیداوە، بەڵکو ئەمە خواست و ئارەزووی تاکە کەسێکە کە تاڕادەیەکیش دەسەڵاتێکی بووە، لە نووسیندا سەپاندوویەتی و ئەم و ئەویش چاویان لێ کردووە و بە قسەیان کردووە و ئیدی وەک پەتایەک بڵاوبۆتەوە. ئەو برادەرانە دەیانەوێ زمانمان لە (قالب) بدەن، لە کاتێکدا کورد دەڵێ ڕێگە و ڕێگا، یان جێگە و جێگا، هەروەها سەبارەت بە وشەکانی دیکەش کە کۆتاییان بە (گا) هاتووە. من جارێکیان هەر لە گۆڤاری (ڕامان)ی خۆشەویستدا وتارێکم لەم ڕووەوە بەناوی (کێشەی زمانی کوردی لەنێوان کەروگادا) نووسی. لەو وتارەدا نموونەیەکم هێناوەتەوە: جارێکیان کتێبی «ڕەنێو هێنانی کشتوکاڵمان» دەکردە کوردی. باسی ئەوە هاتبوو کە هەندێک جار، دۆ لە مەشکە، یان بەرمیلێکی بچووکی ئەلەمنیۆم، یان بەرمیلی داردا دەژەنرێ، یادی بەخێر، لە خانەقای مەولانا لە سلێمانی لە مامۆستا مەلا محەمەدی شەڵماشیم پرسی و گوتم: لای ئێمە هەر بەرمیلی ئاسن هەیە و بەرمیلی دار نییە. پێکەنی و گوتی لای ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە و پێی دەڵێن (نێرە) و لە دێیەکەی ئێمە مەلایەک هەبوو دەستی دارتاشی هەبوو و نێرەی دروست دەکرد و پێیان دەگوت: «مەلا نێرەکەر»، بێ گومان مەبەست لێرەدا نێرە دروستکەرە، بەڵام کەسانی نیاز بەد لایەنە ناشیرینەکەی دەخەنە ڕوو، یاخوا ئۆباڵی مەلایان بە مل بێت.

جاران ژن هەبوو نانی بۆ ماڵان دەکرد پێیان دەگوت «نانکەر»، یان ئەوەی چێشتی بۆ خەڵک لێ دەنا «چێشتکەر» بوو، بەڵام بە دڵنیاییەوە هیچیان «کەر» نەبوون و پێشیان شوورەیی نەبوو کە پێیان دەگوترا «نانکەر»، یان «چێشتکەر».

گۆرانی نەمر لە شیعری «دوا سرنج»دا، بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

**ئەی قژ زەرد! ئەی بەژن و باڵا کەڵەگەت**
**بۆ کز ڕاوەستاوی بەرامبەری من؟**
**بۆ دەستت ناوەتە ژێر چەنەی خەفەت**
**لە عاستی دیمەنی دەربەدەری من؟**

ئینجا دەڵێ:

**بەڵام ئەهرەمەنی گەڵای باخ «سیسکەر»**
**بێزارە لە جوولەکەی دەنووکی کوردی**
**ڕاوکەری دارستان لە باڵدار «پیسکەر»**
**جێی چینەی لێ تەنیم بە داوی وردی**

تۆ بڵێی گۆران کوردیی نەزانیبێ و «سیسکەر» و «پیسکەر»ی لە جیاتی «سیسکار» و «پیسکار» بەکارهێنابێ؟ زمانی کوردی بڕگەی «کەر» و «گا»ی زۆری تێدایە. دوای ئەوە نازانم ئەو تازە پێ گەیشتووانە بۆ ئەوەندە بەرانبەر بە «کەر» و «گا» هەستیارن؟ «کەر و گا» دەورێکی گرنگیان لە مێژووی شارستانی مرۆڤایەتیدا هەبووە، چونکە هەر بارێکی قورس و گران بووبێ بەسەر پشتی کەر گوێزراوەتەوە و هەر زەوییەکی ڕەقەن بووبێ، بە شان و ملی گا کێڵراوە و شارستانی مرۆڤایەتی لەسەر لاپشتی کەر و شان و ملی گا» دروست بووە.

بە دڵنیاییەوە دەڵێم و لە بەرزاییەوە هاوار دەکەم، ئینجا کێ پێی ناخۆشە، با پێی ناخۆش بێت: لەم سەردەمی تەکنۆلۆژیایەدا کە ئۆتۆمبیل جێگای کەری گرتۆتەوە و تراکتۆریش جێگای «گا»، زۆر کەس هەن، نەک هەر وەکو کەر و گا، نەهاتوون خزمەتی مرۆڤایەتی بکەن، بەڵکو خزمەتی گەل و وڵاتەکەی خۆشیان نەکردووە، کەچی دێن تازە بە تازە زمان بۆ میللەتی کورد دادەنێن. ئێمە بەو زمانەی خۆمان ڕازین و شانازیشی پێوە دەکەین و ئەوەی خۆی بە مۆدێرن دەزانێ و زمانەکەی بەدڵ نییە، دەرگا حوشتری پێوە دەچێ، با بڕوات بۆ خۆی زمانێکی مۆدێرن بدۆزێتەوە.

**ڕامان:** نووسەرێکی کورد بیەوێت زمانەکەی پاراو بێ و لە کوردی نووسیندا، زمانێکی پوخت و ڕەوانی هەبێ، بەلای تۆوە چی بکات باشە؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** هەر نووسەرێکی کورد، ئەگەر زمانی نووسینی باش نەبێت، بەلای منەوە تاوانە بنووسێت، چونکە هەموومان دەزانین کە کەرەستەی نووسین زمانە، تەنانەت ئەگەر بیرۆکەکە باشیش بێت، بەڵام بە زمانێکی سەقەت بێتە دەربڕین، مەبەستەکە ناگەیەنێ، بۆیە پێویستە هەر نووسەرێک کە دەست بە کوردی نووسین بکات، خۆی فێری زمانێکی کورد چاک

بکات، تا بۆی بکرێ شارەزایی لە شێوە زارەکان پەیدا بکات ئینجا ڕوو بکاتە نووسین.

**ڕامان:** بەشەکانی زمانی کوردی لەناو زانکۆکانی کوردستاندا، تا چ ڕادەیەک توانیویانە خزمەتی زمانی کوردی بکەن؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** من ناتوانم ڕۆڵی بەشەکانی زمانی کوردی لە زانکۆکانی کوردستان وەکو پێویست هەڵسەنگێنم، چونکە لە نزیکەوە پێوەندیم پێیانەوە نییە. ئەوەی من ئاگادارم کۆمەڵێک دکتۆری زمانی کوردی لەو زانکۆیانە وانە دەڵێنەوە و هەر یەکەیان پسپۆڕی لە لایەنێکی زمانی کوردیدا هەیە و ساڵانە کۆمەڵێک خوێندکار لە بەشی کوردی ئەو زانکۆیانە دەردەچن. لێرەدا خاڵێک هەیە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت.

بۆ وەرگرتنی خوێندکاران لەو زانکۆیانە، کۆمپیوتەر ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ و بەپێی نمرە، خوێندکاران بەسەر کۆلێژەکاندا دابەش دەکات و زۆرجار ئەوانەی نمرەیان کەمە بەر کۆلێژی ئەدەبی/ بەشی زمانی کوردی دەکەون و لەوانەشە ئەو خوێندکارانە حەز بەو بەشە نەکەن، بەڵام خوا ماڵی کۆمپیوتەر وێران بکا کە بە هیچ شێوەیەک حەز و ئارەزووی خوێندکاران ڕەچاو ناکات، بۆیە ئەو خوێندکارە بەناچاری لەو بەشەدا دەمێنێتەوە و سەرەنجام کە دەردەچێت، هیچ شتێکی وا فێر نەبووە کە سوود بگەیەنێ، لەبەر ئەوە ئەو دەرچووانە دەبن بە بارگرانی بەسەر ڕەوتی ڕۆشنبیری و زمانی کوردییەوە و شانەکەش لەسەری زانکۆدا دەشکێ، لە کاتێکدا کۆلێژی ئەدەبیات هیچ درێغییەکی نەکردووە و خەوشەکە لە خوێندکارەکەیە کە بە خواست و ئارەزووی خۆی نەچۆتە ئەو کۆلێژە و ئەو قوربەسەرە وەکو کچێک وایە کە بە زۆر بە مێردی دەدەن و دەیدەن بە کەسێک ئەو دڵی پێ خۆش نییە و نایەوێ.

**ڕامان:** ئەو نووسەرە کوردانەی داهێنەری ناسراو و بەرچاون، بەڵام بە زمانێکی دیکە دەنووسن وەک زمانی (عەرەبی) و (تورکی) و (فارسی)، تۆ بەرهەمی ئەو نووسەرانە بە بەرهەمێکی کوردی دەزانیت، یان بیروڕای تایبەتی خۆت سەبارەت بەو پرسە هەیە؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** ڕای جیاواز لە بارەی ئەو مەسەلەیەوە هەیە. هەندێک دەڵێن، نووسینی ئەو نووسەرە کوردانەی بە زمانی «عەرەبی»، یان «تورکی»، یان «فارسی» دەنووسن، بە بەرهەمی کوردی دانانرێن، وەک (سەلیم بەرەکات) بە عەرەبی و (یەشار کەمال) بە تورکی و (ئیبراهیمی یونسی) و (دەروێشیان) بە فارسی. هەندێکیش ڕای پێچەوانەیان هەیە. من بۆ خۆم وەک کوردێک شانازییان پێوە دەکەم، بەڵام ئەو بەرهەمانە بە بەرهەمی کوردی نازانم، ئێمە نووسەرمان هەیە بە عەرەبی و کوردی دەنووسێ و بەرهەمی بە هەردوو زمان هەیە، بۆیە بە بەرهەمی کوردی دادەنرێن، پێم وایە ئەو دیاردەیە لە نووسینی هەندێک نووسەری عەرەبیشدا، بە تایبەتی جەزائیری هەیە کە بە زمانی فەڕەنسەیی دەنووسن.

**ڕامان:** چەند حەز بە خوێندنەوە و بەدواداچوونی (ڕەخنە) دەکەیت؟ چ جۆرە ڕەخنەیەکت پێ خۆشە بیخوێنیتەوە؟

**پەیامی سەرەکی وەرگێڕان ئەوەیە کە وەرگێڕ ڕوحی نووسینەکە وەربگێڕێت بۆ سەر زمانی دووەم.**

**عەبدولکەریم شێخانی:** ڕەخنە، واتا هەڵسەنگاندن و دەرخستنی لایەنە ئیجابی و سلبییەکانی ئەو بەرهەمەی ڕەخنەکەی لێ دەگیرێ. زۆرجار کە ڕەخنە دەخوێنمەوە، سەیر دەکەم هەندێک کەس بەشێوەیەکی میزاجی، ڕەخنە دەگرێ و ئەگەر کەسێکی خۆش بوێت، ئەوە دەیباتە کەشکەڵانی فەلەک و ئەگەر کەیفیشی بە چارەی نەیەت و ڕقی لێی بێتەوە، ئەوە بە ئەرزی خارایدا دەباتە خوار. ڕەخنەگر دەبێ بە ویژدانەوە ڕەخنە بگرێت، تەنانەت لە بەرهەمی ئەو کەسەی کە خۆشیشی ناوێ. بەداخەوە هەندێک کەس تەنیا بە مەبەستی ڕەخنەگرتن ڕەخنە دەگرن. لەبیرمە، لە سەردەمی ڕژێم کە ڕۆژنامەی (ئاسۆ) و (بزاڤ) دەردەچوون. محەمەد ڕەنجاو لە ڕۆژنامەی (ئاسۆ)دا ڕەخنەیەکی بێ بەزەییانەی لە مامۆستا (عومەر عەبدولڕەحیم)ی خوا لێ خۆشبوو گرتبوو سەبارەت بە چیرۆکی «گرەوی ڕەشەبا و خەو». ڕەنجاو گوتبووی (عومەر عەبدولڕەحیم) ئەو چیرۆکەی بە کوڵک و پێستەوە لە چیرۆکەکانی (ئیزۆپ) وەرگرتووە کە دکتۆر (عەزیز گەردی)ی بە ڕێز وەریگێڕاوە بۆ زمانی کوردی. من ئەو چیرۆکەم بە منداڵی لە دایکمەوە بیستبوو و بە

دڵنیاییش دایکم زمانی یۆنانی نەزانیوە و خوێندەواریش نەبوو تا بڵێین لە یۆنانی وەرگرتووە. دەشێ ئەو چیرۆکە و دەیان چیرۆک و بەرهەمی دیکە لە ئەنجامی شاڵاوەکەی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ سەر وڵاتی فارس کە بە کوردستاندا تێپەڕیوە، گەیشتبنە یۆنان، دوای ئەوە بە چەند ساڵێک کە محەمەد ڕەنجاوم ناسی، پێم گوت: باشە، تۆ بۆ ئەو ڕەخنە توندەت لە مامۆستا (عومەر عەبدولڕەحیم) گرتبوو؟ گوتی: لە ڕاستیدا من نووسینەکەم نەخوێندبووەوە، بەڵکو خوشکەکەم گوتی ئەو چیرۆکەی لەچیرۆکەکانی ئیزۆپ وەرگرتووە. ئەمە نموونەیەکە لەو ڕەخنە ناهەقییانەی لە خەڵک دەگیرێن.

**ڕامان:** خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ڕۆشنبیریی کوردی بە چی دیاری دەکەیت و بە چی دەناسرێتەوە؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** خەسڵەتە تایبەتییەکانی ڕۆشنبیری کوردی بەوە دیاری دەکرێت کە گوزارشت لە واقیع و هەڵکەوتەی کورد بکات و هەر بەو گوزارشتەش دەناسرێتەوە. واقیعی کوردستان تایبەتایەتی (خصوصیات)ی خۆی هەیە و ڕەنگە لەگەڵ واقیعی گەلانی دەوروبەر جیاوازییەکی بەرچاوی هەبێ، بۆیە دەرخستنی ئەو واقیعە دەبێتە بنچینەی ڕۆشنبیری کوردی.

**ڕامان:** پێت وا نییە ڕۆشنبیریی کوردی، ناسنامە و تایبەتمەندییەکانی خۆی لەناو هەر سێ کولتووری نەتەوە سەردەستەکانی تورک- فارس- عەرەب تواببێتەوە و ناسنامەکەی خۆی بەرەو ون بوون بردبێت؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** من هەرگیز پێم وانییە کە ڕۆشنبیری کوردی ناسنامە و تایبەتایەتی خۆی لەدەست دابێت، یان لەنێو کولتووری نەتەوە باڵادەستەکانی «تورک و فارس و عەرەب»دا توابێتەوە.

**ڕامان:** بۆ خۆ دەربازکردن لەو ون بوون و لە دەستدانی ناسنامەیە و گەشانەوە و دووبارە هەوڵدان بۆ زەقکردنەوە و دەرکەوتنەوەی چی بکرێت و چۆن هەنگاوی بۆ بنرێت؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** ئەو پرسیارەش پێوەندی بە پرسیاری پێشووەوە هەیە، بۆیە تەنیا ئەوە دەڵێم کە دەبێ واقیعی کورد بکەین بە بنچینەی ڕۆشنبیری کوردی بۆ ئەوەی سێبەری هیچ یەک لە کولتووری نەتەوەی باڵا دەستەکانمانەوە لەسەر نەبێت.

**ڕامان:** لایەنێکی گرنگ و درەوشاوەی شارستانیەتی گەلان مەسەلەی وەرگێڕانە، واقیعی حاڵی وەرگێڕانی لای خۆمان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** ڕاستە وەرگێڕان لایەنێکی درەوشاوەی شارستانی گەلانە، لە وڵاتان دەزگا، یان بەڕێوەبەرایەتی تایبەتی بۆ وەرگێڕان هەیە و ساڵانە بە سەدان کتێب وەردەگێڕن. بۆ نموونە لە ئێران، لە لبنان، لە میسر و زۆربەی وڵاتانی دیکە، ئەوان بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو کتێبەکان وەردەگێڕن. ڕەنگە خەڵک هەبن وەک تاکەکەس ئەو کارە بکەن، بەڵام لای ئێمە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی وەرگێڕان دەکرێت و هەریەکە و لەلایەن خۆیەوە بە ئارەزووی خۆی کتێبێک، یان بابەتێک وەردەگێڕێ، بەشێوەیەکی گشتی، ئەو وەرگێڕانانە کاڵ و کرچن و زمانە کوردییەکەی ئەوە نییە کە رووی پیاو سپی بکاتەوە و دڵخۆشکەر بێت و هەشیانە دەسکاری کراون و وەرگێڕ باش تێی نەگەیشتووە، یان نەیزانیوە. لێرەدا پێویستە پەنجە بۆ وەرگێڕانی بازرگانی و کۆمپانیاکان ڕاکێشم کە هەموو «جەڵەبین» و بە پەلە وەرگێڕراون بۆ لە کۆڵ خۆ کردنەوە حەیای زمانی کوردییان بردووە.

**ڕامان:** ئەو وەرگێڕانە جوان و سەرنجڕاکێشانەی لە یادەوەریتدا ماونەتەوە، کامانەن؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** وەرگێڕانەکانی مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە، مامۆستا شوکور مستەفای خوا لێ خۆشبوو، کاکە حەمەی مەلا کەریم.

**ڕامان:** تۆ کە زمانی عەرەبی و فارسی دەزانیت، لەو دوو زمانە وەرگێڕانت هەیە، بەلاتەوە وەرگێڕان لە کام لەم دوو زمانە ئاسانترە و زووتر و باشتر بەدەستەوە دێت؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** بێ گومان وەرگێڕان لە زمانی فارسییەوە ئاسانترە و زووتر دێتە دەست، چونکە فارسی و کوردی لە یەک بنچینەوەن کە (هیند و ئەوروپییە). بۆ نموونە: ئەگەر کابرایەک ناوشان پان بێت، بە عەرەبی دەڵێین: (كان رجلا عريض المنكبين)، کەچی لە زمانی فارسیدا دەڵێین «مردی چهارشانه بود» و بە کوردیش دەڵێین: «پیاوێکی چوارشانە» بوو. ڕەنگە ئێستا لەبیرم نەبێت، بەڵام ئەگەر دەرفەتم هەبێت و کەمێک بگەڕێم، دەیان نموونەی دیکە دەخەمە بەردەمی خوێنەران.

**ڕامان:** هەرچەندە تۆ چیرۆکنووس، یان ڕۆماننووس نیت، کەچی وەرگێڕانەکانی تۆ زیاتر لە بواری چیرۆک و

ڕۆماندا بووە، هۆیەکەی چییە؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** چۆن دەزانی چیرۆکنووس نیم؟ من چیرۆکنووسم و ڕۆمانیشم نووسیوە، بەڵام وەکو لە پرسیارێکی دیکە لەمەوپێش گوتم، بە داخەوە، کابرایەکی نەفام کتێبەکانی سووتاندم، لەگەڵ کتێبەکاندا چیرۆکەکان و دوو ڕۆمانی سووتاندم و وەکو خۆی گوتی حەمامی پێ داخست، بۆیە من زۆر چێژ لە چیرۆک و ڕۆمان وەردەگرم و زۆریشم خوێندۆتەوە، بە تایبەتی نووسەرە کۆنەکانی وەک: «تۆلستۆی، تۆرگنێف، دۆستۆیڤسکی، چیخۆف، مەکسیم گۆرکی، دیکنز، هۆگۆ، گوتێ، لامارتین، ئەرسکین کالدویل، شتاینبیک، هەمەنگوای و گەلێکی دیکەی وەک (نەجیب محفوظ و محمد عبدالحلیم عبدالله) لە هەولێر بووم ئەدیب و ڕەخنەگرێکی ئەدەبی و هونەری گەورە هەبوو ناوی «یوسف عبدالمسیح ثروت» بوو، زۆر بەیەکەوە دادەنیشتین. ڕۆژێکیان گوتی: من ئەگەر گۆڤارێک، یان ڕۆژنامەیەکم بکەوێتە دەست، یەکەم جار ئەو بابەتانە دەخوێنمەوە کە لە بارەی ڕەخنەوەن. منیش گوتم: من یەکەم جار چیرۆکەکان دەخوێنمەوە. گوتی: «یا أخی کل واحد و شغلته». هەر بەو بۆنەیەوە، ڕۆمانێکی (محمد عبدالحلیم عبدالله)ی میسریم کردووە بە کوردی (بعد الغروب) و کردوومە بەدوای خۆرئاوابوون.

**ڕامان:** چۆنە تا ئێستا خۆت لە قەرەی وەرگێڕانی شیعر نەداوە؟


**عەبدولکەریم شێخانی:** شیعریشم وەرگێڕاوە، بەڵام بە زۆری شیعری کوردیم کردووە بە عەرەبی، بە تایبەتیش شیعرەکانی خاتوو کەژاڵ ئیبراهیم خدر، بەشی زۆری دیوانەکەی کاک شێرکۆ بێکەس «گۆڕستانی چراکان»م کردووە بەعەرەبی و بە نیاز بووم لە مەهرەجانی مەربەدی پار لە بەسرە بیخوێنمەوە، بەڵام ڕێیان نەدام و گوتیان زۆر درێژە. دەمەوێ چاوێکی پێدا بخشێنمەوە و ئەگەر ڕێک کەوت لە ڕۆژنامەی (الاتحاد)دا بڵاوی بکەمەوە.

**ڕامان:** بێجگە لە پاشخانی ڕۆشنبیری و خوێندنەوەی بەردەوام، چێژ وەرگرتن چ ڕۆڵێکی لە هەڵبژاردنی بابەتێکدا هەیە بۆ وەرگێڕان؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** شتێکی ئاشکرایە، هەر وەرگێڕێک کاتێک بابەتێک وەردەگێڕێت کە چێژی لێ وەرگرێت و بەدڵی بێت. ڕەنگە کەسی ڕۆشنبیر گەلێک بابەت بخوێنێتەوە، بەڵام مەرج نییە هەموو ئەو بابەتانەی وەکو یەک بچنە دڵەوە، بەڵکو وەک شارەزایی پەیداکردن و ئاشنابوون بە بابەتی هەمەجۆرە و تەنیا ئەو بابەتە وەردەگێڕێت کە زیاتر دەبێتە مایەی بایەخ پێ دانی و دیاریشە هیچ وەرگێڕێک بابەتێک وەرناگێڕێت کە بە دڵی نەبێت.

**ڕامان:** پەیامی سەرەکی وەرگێڕان لەچیدا دەبینی؟ پێت وایە پرۆسەی وەرگێڕان لەلای ئێمەدا ئەو پەیام و ئامانجەی خۆی پێکابێ کە بۆی دانراوە؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** پەیامی سەرەکی وەرگێڕان ئەوەیە کە وەرگێڕ ڕوحی نووسینەکە وەربگێڕێت بۆ سەر زمانی دووەم.. ئەوەش کاتێک وەدی دێت کە هەردوو زمانەکە بە چاکی بزانێت. سەبارەت بە پرۆسەی وەرگێڕان لای ئێمە، بە شێوەیەکی پەڕاگەندەیە، هەر کەسە لەلایەن خۆیەوە دەست پێشخەرییەک دەکات و بابەتێک وەردەگێڕێت. لای ئێمە بەڕێوەبەرایەتی وەرگێڕان هەیە، بەڵام ئەو دەورە نابینێ کە لێی چاوەڕوان دەکرێ. چەند کەسێکی کەم کە ژمارەیان لە پەنجەی دەستێک تێپەڕ ناکات کاری تێدا دەکەن. بۆ نموونە، سەردەمێک لە لبنان (دارالعلم للملايين) هەبوو کە (منير البعلبكي) بەڕێوەی



دەبرد و چەندان شاکاری جیهانی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی. لە سوریاش (المؤسسة العربية للتأليف و الترجمة) هەبوو و ئەویش چەندان شاکاری ئەدەبی جیهانی کردە عەرەبی. ئەوەی ئێمە هەرگیز بەوانە بەراورد ناکرێت لەگەڵ ئەو توانستە داراییەی کە ئێمە ئەمڕۆ هەمانە. من پێم وایە حزبایەتی زیاتر دەور دەبینێ لەوەی کە دەزگایەک، یان دامەزراوێکی کارای وەرگێڕانمان هەبێت، نەک تەنیا بابەتی ئەدەبی، بەڵکو بابەتی زانستی هەمەجۆر بکات بە کوردی، چونکە خۆ ئێمە تەنیا بۆ ئەم سەردەمەی ئێستامان ناژین، بەڵکو دەبێ دوارۆژێکی ڕۆشن بۆ نەوەی داهاتوو پێکەوە بنێین. ڕەنگە ئێمە لە هەنگاوی یەکەمدا، سەبارەت بە بابەتی زانستی، تووشی گێرە و کێشە بین و لە هەندێک ڕووەوە دەستەوەستان بوەستین، بەڵام دەبێ ئێمە یەکەم خشت بخەینە چینی ئەو دیوارەی دەمانەوێ بەرزی بکەینەوە و دوای ئێمە خەڵکی دیکە دێن و ئەوانیش دەوری خۆیانی تێدا دەبینن، چونکە وەرگێڕان دەورێکی باڵا دەبینێ لە گەیاندنی زادەی مێشکی بەهرەدار و هونەرمەند و ئەدیب و زانستخوازان و لەو دەروازەیەوە ئێمە خۆمان بە هاوبەشی ئەو مێشکانە دەزانین و بەشدار دەبین لە زادەی ئەو مێشکانە.

**ڕامان:** بزاڤی وەرگێڕان لە وەرزی پێش ڕاپەڕین و وەرزی دوای ڕاپەڕین چۆن دەبینی؟ گرفتەکانی بەردەم پێشکەوتنی پرۆسەی وەرگێڕان لەچیدا خۆیان دەبیننەوە؟ سەرەکیترینی ئەو گرفتانەمان بۆ دەستنیشان بکە؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** پێش ڕاپەڕین بزاڤی وەرگێڕان لەچاو ئەوەی ئێستا هەیە، کەمتر بوو، بەڵام پوختتر بوو، چونکە ئەو کەسانەی کاری وەرگێڕانیان لە ئەستۆ گرتبوو، شارەزای هەردوو زمانەکە بوون، بەڵام ئێستا گەورەترین گرفتی بەردەمی وەرگێڕان نەزانینی زمانە، زۆر کەس بە زۆری زۆردارەکی جڵەوی ڕەوتی وەرگێڕانیان گرتۆتە دەست و شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەو زمانەدا نییە کە لێیەوە وەردەگێڕن. بۆ نموونە، جارێکیان کتێبێکیان دامێ سەیری بکەم، بەداخەوە، بە تەواوەتی هەموو ئەو وشانەم بیر نەماون کە تێبینیم لەسەریان هەبوو و تەنیا یەک وشە نەبێ، (الرعاع)ی بە شوانکارە دانابوو، لە کاتێکدا ئەو وشەیە مانای ڕاو و ڕووتکەر و هەرچی و پەرچی دەگەیەنێ. یەکێکی دیکە «دورات المياه» کە مانای ئاودەستە، کردبووی بە سووڕەکانی ئاو. یەکێک بۆ «غاز الأعصاب» گوتبووی «گازی تووڕەیی». تۆ وەرە وەرگێڕانەکانی سەر فیلمەکان ببینە، یان گوێ لە فیلمە دۆبلاج کراوەکان بگرە، هەر سەرت لەو وەرگێڕانانەی ئاخر زەمان سووڕدەمێنێ. دیسان نموونەیەکی دیکە دەخەمە بەرچاوی خوێنەری بەڕێز. مامۆستایەک شتێکی لە بارەی «بەڕێوەبەری سەرکەوتووی قوتابخانەوە» نووسیبوو و هەندێ سیفەتی بۆ دانابوو و «جهوري الصوت»ی وەرگێڕابوو بە «دەبێ دەنگی کۆماری» بێ، لەکاتێکدا دەبوایە بڵێ: «دەنگی بەرز بێت». نموونە زۆرن، بەڵام نامەوێ باسیان بکەم نەوەک بەوە تۆمەتبارم کەن کە «هەڵەی خەڵکی بە داوێوە دەکەم»، بۆیە دەبێ دەزگایەکی گەورەی وەرگێڕان دابمەزرێت و کەسانی زمانزان و لێهاتوو، بە تایبەتی ئەوانەی زمانی زیندووی جیهانی دەزانن بێجگە لە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی و ئەو کتێبانەی دەکرێن بە کوردی، یان وەرەدەگێڕدرێن بۆ ئەو زمانانە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێ و کەس لەخۆیەوە بەشێوەی پاشەگەردانی نەکەوێتە وێزەی وەرگێڕان و شێواندنی. ئەم کارە زۆری تێ ناچێ و پارەی زۆر لەوە زیاتر بۆ مەبەستی نەخوازراو خەرج دەکرێ و بە ئارەزووی ئەم بەرپرس، یان ئەو بەرپرس تەخشان و پەخشانی بۆ مەبەستی پرۆپاگەندە، پێ دەکرێت. ئەگەر بمانەوێ خزمەتی زمانەکەمان بکەین، ئەگەر نیازپاکی لە ئارادابێ، ڕێگا زۆرە.

**ڕامان:** ئاسۆی ئەو بزاڤەی وەرگێڕان کە ئەمڕۆکە وەڕێ کەوتووە چۆن دەبینی؟ پاشەڕۆژی هەیە، یان هەروا پەرشوبڵاو دەمێنێتەوە؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** لە پرسیارەکەی پێشوو وەڵامم داوەتەوە و پێویست ناکات دووبارەی بکەمەوە، بەڵکو تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە هەوڵدانێک هەیە، بەڵام با پوخت و چاک بێت.

**ڕامان:** بۆ هەڵبژاردنی ئەو کتێبەی دەتەوێ وەری بگێڕێت پێوەر و پێوانەت چییە؟ کۆمەڵێک کتێب لە بابەتێک دەخوێنیتەوە، پاشان دانەیەکیان لێ هەڵدەبژێری و دەیکەیە کوردی، یان لە پڕ بەسەر کتێبێکدا دەکەوی و دەست بە وەرگێڕانی دەکەیت؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** نەک تەنیا من، بەڵکو هەموو کەسێک کە دەخوێنێتەوە لەوانەیە، بابەتێک، کتێبێک،

یان ڕۆمـانێکی بەدڵ بێت و ئینجـا بیـر لە وەرگـێـڕانی دەکاتەوە. منیش هەر وام، بەڵام دەبێ بواری بۆ بڕەخسێ. سەبارەت بە وەرگێڕان و گرفتەکانی کە لە پرسیارێکی پێش ئێستـا هاتبـوو، ئەوەم بیـرچوو کە بڵـێم: ئێـستـا بەڕێوەبەرایەتییەکی وەرگێڕان لە سلێمـانی هەیە، نازانم لە هەولێـریش هەیە، یان نا، ئەو بەڕێوەبەرایەتیـیـە سێ چوار کەس بەشێوەی گرێبەست کاری تێدا دەکەن و هەموو ساڵێک هەتا گرێبەستەکەیان بۆ تازە دەکرێتەوە، قیـر سپی دەبێ. بۆ ئەم مـەبەسـتـە پێـویسـتـە ئەو کەسانەی دادەنرێن، یەکەم زۆر بن و دووەمیش ئەوەندەیان بدرێتێ پێی بژین، چونکە کـەسـانی دیکە هەن مـووچەکـەیان ئەوەندە زۆرە، نازانن چی لێ بکەن.

**ڕامان:** لەکاتی وەرگێڕانی بەرهەمەکانت بۆ سەر زمانی کوردی، هەستت بە چ کێشە و گرفتێک کردووە؟ ئایا زمانی کوردی لەباریدا هەیە دەرەقەتی وەرگێڕانی بابەتی سەردەمیانە و کایە جۆراوجۆرەکانی مەعریفە بێت؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** هەموو کەسێک کە شتێک وەردەگـێـڕێ، بێ گومان گرفتی دێتە پێش.. خۆ ئەگەر بابەتەکە زانستی بێت، ئەوە گرفتەکە زۆرتر دەبێ، بەڵام بابەتی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی گرفتی کەمتری دێتە پێش، چونکە زمـانی کوردی دەوڵەمـەندە، بە تایبـەتی، ئەگەر یەکـێک لە ناوەندە جـوتیـارییـەکـە ژیابێت و سـەرو سـەودای لەگـەڵ خـەڵکی لادێدا هەبێت، هەرچەندە بە داخەوە، ئەو لادێییەی جاران نەماوە، لەبەر ئەوەی ڕژێمی




بەعسی فاشی سەری لێ شێواندن و وەک پۆلە کۆتری نەرمونیان بەکۆدێکاندا هەترەی کردن، ئەو گرفتەش تەنیا لە ڕێگای زمـانی کـوردیدا نیـیـە، بەڵکو دێتـە ڕێگای زمانی عەرەبیش و هەندێک جار بۆی دادەتاشن، یان هەر ئەو وشەیە بەعەرەباندن کردن دەنووسنەوە و ئەگەر سەیری زمـانی فـارسی و تورکی بکەین، ئەوە لە خـۆشـیـیـان کڵاوەکەمان هەڵدەدەینە ئاسمان و دەڵێین: زمانی کوردی لە چاو فـارسی و تورکی زۆر پاک و پاراوە و لەوان زیاتر توانایی دەربڕین و لێکدانەوەی هەیە.

**ڕامـان:** ڕاسـتـە دوای ڕاپەڕین بزاڤـێکی گـورجوگـۆڵی وەرگـێـڕان دەسـتـی پێکرد و پڕ بەرهەمـتـر و پۆشـتـە و پەرداخـتـرە لەپێش ڕاپەڕین، بەڵام پێت وانیـیـە ئەو بەرهەمانەی وەرمانگێڕاون بێ سەرو بەر و پڕ گرفتترن؟ بە تایبەتی لە ڕووی زمان و دیقەتکاری.

**عـەبدولکەریم شـێـخـانی:** ڕاسـتـە لە دوای ڕاپەڕین بزاڤێکی بەربڵاوی وەرگێڕان هەیە، بێ سەروبەری زۆری پێوە دیارە و لێرەدا پەندێکی کوردی دێنمەوە کە دەڵێ: کەم و پوخت، نەک زۆری زلۆر. من چی لەبەرهەمی زۆری (سەقەت و سوقوت) بکەم. من بەرهەمێکم دەوێ نەوەی داهاتوو فێری زمانی ڕەسەنی کوردی بکات نەک سەری لێ تێک بدات و ئەوەی کـە هەیە بیـشـوێنێ. هەمـوو ئەوانەی کە زگیان بە زمانی کوردی دەسووتێ و بەزەییان پێیدا دێتەوە و بە پەرۆشن بۆی، ئەو بزاڤە بە گڕوکفێکی کەم بایەخ دەزانن.

**ڕامـان:** تا چ ڕادەیەک وەرگـێـڕانەکـانت تینوێتـیت دەشکێنن و خۆت لێیان ڕازیت؟ ئەگەر ئێستـا جارێکی دیکە بەو بەرهەمـە وەرگـێـڕاوانەتدا بچیـتـەوە و وەریان بگێـڕیتـەوە سـەر زمـانی کـوردی، چ گـۆڕانکارییـەکـیـان بەسەردا دەهێنی و جیاوازییان چی دەبێ؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** من شەرم دەکەم باسی بەرهەمە وەرگـێـڕدراوەکـانی خـۆم بکەم و هەڵسـەنگاندن و نرخـاندنیـان بۆ خـوێنەرانی بەڕێز جێ دەهێـڵم، یان کـورد گوتەنی، منیش نەڵێم (کەس بە دۆی خۆی نالێ ترشە)، بەڵام ئەوەندە دەڵێم من بەدڵ و داو ئەو کـارەم کـردووە و هەوڵـم داوە زمـانێکی کـوردی کـرمـانجـانە (لادێییـانە) بەکاربێنم و گەلێک کەسیش دەست خۆشییان لێ کردووم و کـەسـانی زۆر خـوێندەوار و زمـانزان بەدڵیـان بووە و منیش ئەوەندەم بەسـە. بۆ نموونە زیاتر لە دوازدە سـاڵ

پێش ئێستا چیرۆکێکی (پۆشکین)م بەناوی (گوللە) کردبووە کوردی، سەرەتا دام بە گۆڤاری (کاروان)، بەڵام کە بڵاوبووەوە هەڵەی چاپی زۆری تێ کەوتبوو، دوایی دام بە گۆڤاری سەردەم و ئەوان بە پوختی بڵاویان کردەوە. من خۆم بیرم چووبووەوە. لەم ڕۆژانە ئەو گۆڤارەی سەردەمم بەرچاوکەوت. کە هەڵم دایەوە، هەمووی بابەتی وەرگێڕراو بوو. نەمزانی کە بابەتی خۆمی تێدایە، بەڵام لە پڕ بەسەر بابەتەکەی خۆمدا کەوتم. بڕوا بکەن کە خوێندمەوە، خۆشییەکی زۆر دایگرتم، چونکە بە ڕاستی وەرگێڕانەکە بێ کەموکووڕی بوو. ڕەنگە هەموو وەرگێڕێک هەڵە بکات، یان بۆی نەکرێ لەو کاتەدا وەکو پێویست شتەکە بە چاکی دەربڕێ، بەڵام هەڵە هەیە بچکۆلەیە، بەڵام هەندێک هەڵە کوشندەن و لە ڕووی نەزانییەوەن.

**ڕامان:** هەر زوو یەکێک لە شاکارەکانی سەمەدی بیهرەنگی (ماسییە ڕەشە بچکۆلەکە)تان وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی، هەڵبژاردنی ئەو بەرهەمە حەتمەن هەست کردنتان بووە بەو کەلێن و کەلەبەرەی لەناو ئەدەبیاتی منداڵان و مێردمنداڵاندا هەیە... بۆچی بەرهەمی دیکەی بەدوادا نەهات؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** زارخۆش.. باسی وەرگێڕانی «ماسییە ڕەشە بچکۆلە»ت کرد. ئەو چیرۆکە سەرگوزەشتەی تایبەتی خۆی هەیە. ئەو چیرۆکەم دەست کەوت و خوێندمەوە و پێم خۆش بوو. حەزم کرد بیکەم بە کوردی و ئەوەبوو دەستم پێ کرد و زوو تەواوم کرد. حەزم کرد فارسیزانێک سەیری بکات. لەو سەردەمەدا چەند ئاوارەیەکی ڕۆژهەڵات لە سلێمانی بوون و لەوانە برای تێکۆشەری بەڕێز کاک هاشمی کەریمی بوو، کە لە ماڵی خزمێکی دەژیا و پێم وایە ناوی مەلا حەمەدین و حافز (نابینا) بوو. ڕۆژێکیان پێم گوت یارمەتیم بدات و پێکەوە بە وەرگێڕاوەکەدا بچینەوە. ئەوەبوو لە ماڵی خۆمان پێیدا چووینەوە و تەنیا لە یەک دوو وشە بەرچاو ڕوونی پێ بەخشیم و لەوە زیاتر هیچ تێبینییەکی نەبوو و بە دڵی بوو، چیرۆکە فارسییەکە کاک سمکۆ ناکام لێی وەرگرتم و نەیدامەوە، ڕۆژێکیان لای «ڕەئووف مارف»ی خوا لێ خۆشبوو باسم کرد و ئەویش نامەیەکی دامێ و بردم بۆ بەغدا بۆ بارەگای حزبی شیوعی و لێیان وەرگرتم و بەڵێنی چاپ کردنیان پێ دام. دوای ماوەیەک چاپیان کرد، بەڵام لەسەر کاغەزی بۆری ڕۆژنامە و بە خەتێکی ورد و بێ ئەوەی وێنەیەکی تێدا بێ و هەروەک بڵاوکراوەیەکی حزبی چاپیان کرد. بە هەرحاڵ دە هەزار دانەیان لێ چاپ کرد و هەر بە زوویی لە بازاڕدا نەما. لەو ماوەیەدا برای بەڕێزم کاک (عەبدولغەنی عەلی یەحیا) وتارێکی ڕەخنەئامێزی بە عەرەبی لە ڕۆژنامەی (العراق)دا بڵاوکردەوە و لە سەرەتای وتارەکەیدا دەستخۆشی لێ کردبووم، بەڵام ئامۆژگاری کردبووم کە لەمەودوا لە وەرگێڕاندا ئەمینتربم و چەند ڕستەیەکی هێنابوو و گوتبووی: ئەم ڕستانە لە عەرەبییەکەدا هەن و لە کوردییەکەدا نین، یان لە کوردییەکەدا هەن و لە عەرەبییەکەدا نین. ڕەخنەکەی غەدرێکی زۆری پێوە دیار بوو، من وەڵامم دایەوە، لە وەڵامەکەدا گوتبووم کە من لە فارسییەوە کردوومە بەکوردی، نەک لە عەرەبییەوە. بە داخەوە، وەڵامەکەی من بڵاونەکرایەوە و واتێ بگەم ئەمەش لەبەر خاتری ئەو بوو. لە کۆنگرەی یەکێتیی نووسەران بووین لە بەغدا، کاک موحسین ئاوارە هاتبوو و پێی گوتم: کاک عەبدولغەنی سڵاوی هەیە و دەڵێ: من نەمزانیوە لە فارسییەوە وەریگێڕاوە و وام زانیوە لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی و من لەم ڕووەوە ڕوونکردنەوەیەک (إیضاحێک) بڵاودەکەمەوە، بەڵام ئەو (إیضاح)ـە بڵاونەکرایەوە. لە ساڵی ١٩٩٢ چووم بۆ هەولێر لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دەست بەکار بووم. ڕۆژێکیان نووسینێکی مێژوویی (دريية علي عوني)م کردبوو بە کوردی، بەڵام چەند هەڵەیەکی مێژوویيم بەرچاو کەوت. بردم بۆ لای سەرنووسەر بەڕێکەوت کاک عەبدولغەنی لە ژوورەکە بوو و پێم گوت: بەڕای جەنابت ئەمانە هەڵە نین؟ ڕووی تێ کردم و گوتی: تۆ دەزانی شتێک لە نێوان من و تۆدا هەیە؟ وەڵامم دایەوە گوتم: هیچ شتێک لەنێوان من و تۆدا نییە و تەنیا ئەوەندە هەیە کە تۆ (إیضاحێکم) قەرزاری. سەبارەت بەوەیش کە بۆچی هیچی دیکەی بەدوادا نەهات. لە ڕاستیدا کتێب و گۆڤاری زۆری فارسیم هەبوو و هەندێکیانم کردبوو بە کوردی. خۆت دەزانی لە ماوەی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عیراق و ئێران، هەموو نووسینێکی فارسی قەدەغە بوو و هەندێک جار خاوەنەکەی بەرەو مەرگ دەبرد. ساڵی ١٩٨٥ کە قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە سلێمانی جاڕ درا، باش بوو من ڕزگار بووم، چونکە کتێبی فارسی

زۆرم هەبوو. دوای ئەوە کتێب و گۆڤارەکانم بردە ماڵی دوو پەنابەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ماڵیان لە سلێمانی بوو، بەڵام بەداخەوە ئەوەی یەکەمیان ماڵەکەی سووتاو بە مایە و سایەوە هەرچییەکی هەیانبوو سووتا و زیانێکی زۆری لێ کەوت و کتێبەکانی منیش سووتان. ئەوەی دووەمیشیان بە زۆری چیرۆکی منداڵانم لا دانابوو و دوای ئەوە لێک دابڕاین و نازانم ئەو بڕادەرە چی بەسەرهات. یەکێک لەو کتێبانەی لای ئەو دۆستەم دانابوو (داکۆکی کردنەکەی خوسرەوی ڕۆزبە) بوو کە حەزم دەکرد بیکەم بە کوردی، بەڵام ئەویش فەوتا و بە دەردی کتێبەکانی دیکە چوو.

**ڕامان:** لە وەرگێڕانی کتێبی قوتابخانەکانیشدا بەشدار بوونت هەبووە، لەمەدا تا چەند سەرکەوتنت بەدەست هێناوە و هەوڵەکانت جێگەی خۆیان گرتووە؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** ڕاستە، بەشدارییەکی باشم لە وەرگێڕانی کتێبەکانی قوتابخانەدا کردووە و لە سەرەتادا غەدرێکی زۆرم لێ کرا. مامۆستایەک کە خەڵکی بۆ ئەو مەبەستە دەستنیشان دەکرد، خوا لێی خۆش بێت، کەمێک خۆ خۆیی بە خەرج دا و ناوی منی نەخستە ناوەوە، لە کاتێکدا کە کارم لەگەڵ دەکرد و دەشیزانی کە شتێکی لێ دەزانم و دوای ئەوە لە زۆر بواری دیکە یارمەتیم دا. ڕۆژێکیان دۆستێکم هات بۆ لام.. بیرم نەبوو بڵێم ئەوکاتە من لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی تەنسیب کرابووم، ئەو دۆستە پێی گوتم: فلان کەس کراوە بە ئەندامی لیژنەی وەرگێڕانی کتێبێک و بواری نییە و کەمێک تەندروستی باش نییە، حەز دەکەم یارمەتی بدەیت و بەشەکەی ئەو وەربگێڕی، گوتم: بەسەرچاو و ئیدی کتێبەکەیان بۆ هێنام و ئەو بەشەی ئەوم وەرگێڕا، ئینجا چووم بۆ ماڵەوە پێکەوە پێیداچووینەوە. بڕواتان بێت یەک وشەی لێ نەگۆڕی. دوای ئەوەی کتێبەکە چاپ کرا و پاداشتەکەی وەرگرت، ڕۆژێکیان (٢٠) دیناری بۆ ناردم، تەلەفۆنم بۆ کرد و گوتم: مامۆستا من بەپارە بۆم نەکردووی. گوتی: پاداشتەکە (١٢٠) دینار بوو و من لەبەر ئەوەی قەرزار بووم و پارەکەیم بە سەوزی خواردبوو. گوتم: براکەم من چاوەڕوانی پارە نەبووم و بە تەمای ئەوەش نەبووم کە تۆ پارەم بۆ بنێری، چونکە ئەگەر مەسەلە پارە بوایە، دەبوایە تۆ تەنیا (٢٠) دینارەکە وەرگری و (١٠٠) دینارەکە بۆ من بێت، بە تایبەتی کە تۆ هیچت نەکردووە و ناوەکەشت لەسەر کتێبەکەیە، لەو ماوەیەدا یارمەتی زۆر کەسم داوە و کتێبم بۆ کردوون بە کوردی و تەنیا تاقە یەکێکیان پێی زانیوە و من سوپاسی دەکەم، بەڵام لە هەموویان پێ نەزانتر (ع.ع. شەونم)ە کە بەشەکەی ئەوم وەرگێڕا، بەڵام کە پاداشتەکەی وەرگرت، ڕەفتاری زۆر خراپی لەگەڵ کردم و ئامادەم لە بەرانبەر خۆی پێی بڵێم کە دۆستایەتی منی بە پارە گۆڕییەوە. دوای ئەوە لە گەلێک لیژنەی وەرگێڕاندا بەشداریم کردووە و جێ دەستیشم دیارە.

**ڕامان:** یەکێک لە خراپییەکانی ئەو بزاڤی وەرگێڕانەی ئێمە کاری بەرفراوانی وەرگێڕان دەبینرێ، بەڵام بەبێ پلان بەڕێوە دەچێ... تۆ ئەو بێ پلانییەی وەرگێڕان چۆن دەبینی؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** پێشتر باسی ئەو بێ سەروبەرییەی وەرگێڕانم کردووە و گوتوومە کەس ئاگای لە کەس نییە و هەروەکو شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەڵێ: «شاعیر زۆر بووە لەم عەسرەدا..) ئەوە لە عەسری شێخ ڕەزا، بەڵام لە عەسری ئێمەدا، وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس زۆر بوون، دەڵێم ئەگەر خانەی وەرگێڕانێکی ڕێکوپێک هەبێ و ئەو خانەیە بە بەرنامە و بەپێی پێویستی، کتێب هەڵبژێرێت و بیداتە وەرگێڕی بەتوان و لێهاتوو بۆ ئەوەی لەو پاشەگەردانییە ڕزگارمان بێت، شتێکی باشە و ئەگەر وەرگێڕێکیش لە خۆیەوە کتێبێکی وەرگێڕا، ئەوە دەبێ وەک فیلتەر بە خانەی وەرگێڕاندا تێ بپەڕێت هەتا ئەوان چرای سەوزی بۆ دانەگیرسێنن، چاپ نەکرێ.

**ڕامان:** وەک وەرگێڕێک ئەگەر بەرنامە و پلانمان بۆ پرۆسەی وەرگێڕان دانا، پێت باشە لە کوێوە دەست پێبکەین؟ ئەو کتێبە گرنگانەی لەخەیاڵتدان و بۆ وەرگێڕان بە پێویستیان دەزانی کامانەن، کە خۆت فریای وەرگێڕانیان نەکەوتوویت؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** ئەگەر پلان و بەرنامە بۆ پرۆسەی وەرگێڕان دانرا، ئەوە دەبێ لەلایەن ئەو خانەیە، یان دەزگایەی وەرگێڕان پەسەند بکرێت، ئەو شارەزاو پسپۆڕانەی لەو دەزگایە کار دەکەن، دەبێ گەلێک لایەنی ڕۆشنبیری بگرێتەوە وەک ئەدەب و مێژوو و زانست و...تاد.

سەبارەت بەو کتێبانەی کە دەمویست، وەریان بگێڕم،

هەندێکم وەرگێڕاوە و ئێستا یەکێکی دیکەم بەدەستەوەیە و هیوام وایە بتوانم تەواوی بکەم. لە ڕاستیشدا بەرهەمی چاک و بەنرخ زۆرن، بەڵام مرۆڤ کە خەریکی کاری دیکە بوو بۆ نان پەیدا کردن، شتی دیکەی بیردەچێتەوە.

**ڕامان:** خۆتان لە ئێمە باشتر دەزانن کە ئەمانەت و دەستپاکی لە کاری وەرگێڕاندا چەند گرنگ و پێویستە، بەڵام بەشێکی زۆر لە وەرگێڕانەکانمان پڕن لە هەڵەی تێنەگەیشتن لە وشە و دەستەواژە، یان بەدەست نەبوونی دەستپاکی و ئەمانەتەوە دەناڵێنن، تۆ پێداچوونەوەی پێش چاپکردن لەلایەن کەسانی زمانزانەوە بە پێویست نازانیت؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** ڕاست دەفەرموویت. وەرگێڕانەکان هەڵەی زۆریان تێدایە.. هەندێکیان، وەرگێڕ مانای دەستەواژە، یان وشەکەی نەزانیوە و بۆ خۆی شتێکی بۆ داناوە، یان ماناکەی بە هەڵە لێک داوەتەوە، وەرگێڕەکانمان زۆربەیان زمانزانی چاک نین و زۆر جاریش لەپێناوی خۆ دەرخستندا پەلە دەکەن. بە کورتی، هەرچەندە ڕەوتێکی چاک و خێرا هەیە بۆ وەرگێڕان، بەڵام وەرگێڕانەکە بێ پێز و لاوازە. جارێکیان کوڕێکی گەنجم دیت شیعرەکانی (نزار قباني) کردبوو بە کوردی. چاوێکم پێدا خشاند و هەر لەوێ چەند تێبینییەکم پێ گوت. وەرگێڕ دەبێ دەست بۆ بەرهەمێک ببات کە سوڕ بزانێ دەسەڵاتی بەسەریدا دەشکێ، دەنا بە پێچەوانەوە، گلەیی زۆری دێتە سەر.

**ڕامان:** بۆ پێشخستنی هەر بوار و کایەیەکی ئەدەبی و هونەری، بزاڤێکی ڕەخنەیی پێویستە، ئەی بۆ وەرگێڕانەکانمان بوونی ئەو ڕەخنە و بەدواداچوونانە پێویست نییە؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** هەر بوار و کایەیەکی ئەدەبی و هونەری، پێویستیان بە ڕەخنە، واتە هەڵسەنگاندن هەیە، واتە دەرخستنی لایەنە بەهێز و باشەکانی و دەستنیشان کردنی لایەنی لاواز و خراپی بەرهەمەکە، چونکە ئەگەر خاوەن بەرهەمەکە هەستی بەوە کرد کە چاودێرێک بەسەریەوەیە، زاتی ئەوە ناکا بەرهەمی کرچ و کاڵ و بێ پێز بخاتە بەردەمی خوێنەر.

**ڕامان:** وەرگێڕ تا چ ڕادەیەک بۆی هەیە دەستکاری دەقی نووسەرێک بکات؟ تۆ بۆچی وەرگێڕانی ڕۆمانی (الاخوة الأعداء)ی کازانزاکیت کردە (براکوژی) و لە وەرگێڕانی وردی ئەو ناوونیشانە خۆتت دوور خستەوە، ئایا ئەوە بۆ زیاتر فرۆشی کتێبە وەرگێڕاوەکە نەبوو، کە لەو کاتەدا شەڕی براکوژی لە ئارادا بوو؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** پێم وایە هیچ نووسەرێک مافی ئەوەی نییە دەستکاری دەقی نووسینی نووسەرێک بکات. سەبارەت بەناوی ڕۆمانەکەش، من ناوەرۆکی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەم کردووە بەناوەکەی و وابزانم ئەمەش بە دەستکاری کردن دانانرێت، چونکە ڕاستە ئەو برایانە دوژمنی یەکترن، بەڵام لە هەمان کاتدا یەکتر دەکوژن. جگە لەوەش من زۆر پێش ڕووداوە مەرگەساتبارەکانی کوردستان، ڕۆمانەکەم وەرگێڕابوو و ناوی براکوژیم لێ نابوو و هەرگیز بیرم لەوە نەکردبووەوە کە بەو ناو لێنانە، فرۆشتنی کتێبەکە زۆر بکەم، بەڵام بڵاوبوونەوەی لە کاتێکدا بوو کە شەڕی براکوژی ماڵوێرانکەر لە گەرمەیدا بوو و دۆستەکان بۆمان دەگریان و ناحەز و دوژمنانیش چەپڵەیان بۆ لێ دەدایین و دەڵێین تەنانەت (صدام)ی دیکتاتۆر گوتبووی: «با ئەوان لەنێوان خۆیاندا ڕێک کەون، من بە سەربەخۆیی کوردستان ڕازیم». شتێکی دیکەش هەیە حەز دەکەم بیڵێم، کە ڕۆمانەکەم برد بۆ ڕەقابە، ماوەیەکیان بۆ دانام، کە ماوەکە تەواو بوو، چووم بۆ بەغدا و لەبەر دەرگای بەڕێوەبەرایەتی چاودێری چاپەمەنی تووشی مامۆستای خوا لێ خۆشبوو، مستەفا نەریمان بووم، دەستخۆشی لێ کردم و گوتی: دەترسم لەبەر ناوەکەی ڕەزامەندی دەرنەبڕن، چونکە خۆت دەزانێ جەنگی عیراق و ئێران گەرمە و نەوەک وابزانن تۆ مەبەستت ئەوەیە، منیش گوتم ئەگەر لە بنەڕەتدا ڕێی بڵاوکردنەوەیم پێ نەدەن، من ناوەکەی ناگۆڕم، ئیدی ئەوە بوو دەرچوونی هاوکات بوو لەگەڵ شەڕی براکوژی نێوان خۆمان.

**ڕامان:** وەک وەرگێڕێک چەند لە بارودۆخی وەرگێڕانی لای خۆمان ڕازیت؟ بۆ زیاتر بەرەو پێشڤەچوونی ئەو بزاڤە و هەنگاونانی زیاتر چی بەباش دەزانیت و پێشنیار دەکەیت؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** بزاڤێکی وەرگێڕانی زۆر بێ سەروبەر هەیە و کاری چاک کراوە و هەندێ وەرگێڕ توانان هەیە و بەرهەمی چاکیان خستۆتە نێو کتێبخانەی کوردی، بەڵام ئەو وەرگێڕە شارەزا و لێهاتووانەی کە من

لەمـــەوپێش گـــوتوومـــە دەبێ دامـــەزراوەیەک، یان بەڕێوەبەرایەتییەکی کارا هەبێ، یان ئەو دامەزراوەیە سەر بە ئاکادیمیای کوردستـان بێت و سەیری ئەو بەرهەمانە بکات و دوای ڕەزامـــەندی خـــۆی لە بارەی زمــــان و ناوەڕۆکەوە، ئینجا بڵاوبکرێتەوە.

**ڕامان:** تۆ لە بواری وەرگێـڕان بۆ سەر زمانی کوردی کارەکانت دیارن، ئەی لە بواری وەرگێڕانی پێچەوانە، واتە وەرگێڕان بۆ سەر زمانەکانی عەرەبی و فارسی چیت کردووە؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** زۆرجار شیعرم کردووە بە عەرەبی، بە تایبەتی شیعری خانمە شاعیری هەست ناسک (کـەژاڵ ئیـبـراهیم خـدر) و هەمـووشـیـان بڵاوبوونەتەوە، هەر بەرهەمێکم بەدڵ بووبێت، کردوومە بە عـەرەبی، بێ ئەوەی خـاوەنەکـەی ئاگـای لێ بێت و دوایی کـە دیویەتی زۆری پێ خـۆش بووە و سـوپاسی کردووم. ڕۆمانێکی خاتوو گەلاوێژی خێزانی مامۆستا «ئیبراهیم ئەحمەد»ی نەمرم کرد بە عەرەبی، کوردییەکەی بەناوی «ڕێبـوارێکی سـەرگـەردان» بوو و بە عـەرەبی کردبووم بە (عابرة سبیل هائمة) و ئەو خانمە بەڕێزە زۆری بەدڵ بوو و دەستخۆشی لێ کردم، بەڵام هیچ بەرهەمێکی کوردیم نەکردووە بە فارسی.

**ڕامان:** وەرگێڕان پرۆسەیەکە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە زمانی نەتەوەوە هەیە، وەرگێـڕان بۆ سەر زمانی کوردی چەند خزمەتی زمانی کوردی کردووە و خوێنەری بۆ پەیدا کردووە و زمانەکەمانی دەوڵەمەند کردووە؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** هیچ گومانی تێدا نییە کە وەرگێـڕان پرۆسـەیەکی کـاریگەرە و پێـوەندی بە زمـانە بنەڕەتییـەکە و زمانی دووەمەوە هەیە. وەرگێڕان لە هەر زمانێکەوە وا دەخوازێ کە وەرگێـڕ دەسەڵاتێکی باشی بەسەر زمانی یەکەمدا بشکێ و شارەزاییەکی باشیشی لە زمانی دووەمدا هەبێ. وەرگێڕ پێویستی بە کەرەستە هەیە و ئەو کـەرەسـتـەیەش زمـانەکـەیە. من پێم وایە وەرگـێـڕان، زمـانی کـوردی زۆر دەوڵەمـەند دەکـات. هەندێک جـار وەرگـێـڕ دەبینێ بۆ وشـەیەک دادەمـێنێ. ئەگەر وەرگێـڕێکی باش بێت، لەم و لەو دەپرسێ... یان جـاری وا هەیە لە ئەنجـامی بیـرکـردنەوەوە، وشـەیەکی کوردی دێتـەوە بیر کە خـەریکە لەبیـر دەچێتـەوە لەبەر ئەوەی لە ژینگەی ئەمـڕۆ، کـە پێی دەڵێن سـەردەمی پێشکەوتن و شارستانی، کەمتر بەکاردێت و ئەگەر زوو فریای نەکەوین، ڕەنگە لەنێو بچێت، یان دەبینی وەرگێڕ هەندێک جـار پەنا بۆ وشەسـازی دەبات لەبەر ڕۆشنایی ڕەوشی زمـانی کـوردی، وشـەیەک دێنێـتـە کـایەوە کـە زۆرجار جێی خۆی دەکاتەوە. لە سەرەتای حەفتاکان و بەدواوە کە وەرگێڕانی کتێبەکانی قوتابخانە دەستی پێ کرد، لەبەر پێویستی و دەست کورتی، دەیان وشەی تازە لە بارەی زانسـتـەکـانەوە کـەوتنە سـەر زاری قـوتابی و مامۆستایان و ئێستا بە ساف و لووسی و بێ گرێ و گۆڵ بەکاردەهێنرێن و زمانی کوردییان دەوڵەمەند کردووە، بۆ نموونە لەناوچەی پشدەر گوێم لە وشەی (ئاماژە) بوو (ئەم وشەیە ڕەسەنە و دروست نەکراوە) کە گەڕامەوە باسم کرد و ئیـدی وشـەی ئامـاژە لە جیـاتی (إشـارة)ی عـەرەبی بەکارهێنرا و جێگەی خۆی گرت، یان وشەی (زانکۆ) کە بۆ (جـامـعـة) بەکـاردێت، پێش دروست بوونی زانکۆ، نەبووە و دوای ئەوەی کە پێویستی وای کرد وشەیەک بۆ (جامـعـة) بدۆزرێتـەوە، زانکۆ پەیدا بـوو. من وەرگێـڕ بۆ سەر زمانی کوردی بەکاسبکارێک دەشوبهێنم. کاسبکار هەتا پارەی زۆرتری هەبێ، قـــازانجی زیاتر دەکـــات، هەروەها وەرگـێـڕیش هەتا سـامـانی زمـانی زۆرتر بێت، کـارەکەی پوختـتـرە، هەروەک کاسبکار کـە هەوڵ دەدات سـەرمـایەکـەی خـۆی زیاتر بکات، هەر بەم شـێـوەیە، وەرگێڕیش لە هەوڵی ئەوەدا دەبێ کە زیاتر شارەزای زمان بێت و لەو سامانە زیاتر بەهرەمەند بێت.

**ڕامان:** ڕەنگە ئەوانەی بە وەرگێڕانی شیعر و چیرۆک و ڕۆمانەوە خەریکن، کەمتر لەوانەی خەریکی وەرگێڕانی لێکۆڵینەوەیەکی فـیکری و فـەلسـەفی و ڕەخنەیی و زانسـتی تووشی گـرفـتی زاراوە و دەسـتـەواژە و واژەی تایبـەت بەو بابەت و بوارانە بن، تۆ بیروڕات لەم ڕووەوە چییە؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** بێ گومان وەرگێڕانی بابەتی زانسـتی و فـەلسـەفی و ئەو بابەتانەی پێـوەندییـان بە هزرەوە هەیە، وەرگێـڕ زیاتر ماندوو دەکەن لەچاو بابەتی ئەدەبی کە زۆر ئاسانتر دێنە دەست، چونکە ئێمە لەبواری فەلسەفە و زانستەوە تا ڕادەیەک هەژارین.

**ڕامان:** تۆ بۆ خۆشت لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا کارت کـردووە و لە ڕۆژنامـەنووسـیـەوە نزیکی، بەشێـوەیەکی گـشـتی باری سـەرنج و تێـبـینی تۆ سـەبارەت بە

ڕۆژنامەنووسیی کوردی چییە؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** تۆ بەم پرسیارە گێرە و کێشەم بۆ پەیدا دەکەیت.. لە وڵاتێکی چوار پێنج ملیۆنی وەکو هەرێمی کوردستان تۆ وەرە سەیرکە نزیکەی (٨٠٠) ڕۆژنامە و گۆڤار دەردەچێت، ئایا ئەو هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارانە لە ئاستێکدان دڵمان پێیان خۆش بێت؟ ئایا ئەو بڵاوکراوانە ئەگەر تۆ تێکڕای ئەو کەسانەی کاریان تێدا دەکەن بە (١٠) کەس دانێی ژمارەیان ناگاتە (٨٠٠٠) کەس؟ تۆ بڵێی ئەو ڕۆژنامەنووسانە هەر هەموویان لەو ئاستەدا بن کە ئێمە دەمانەوێ؟ دوای ئەوە زۆربەی گۆڤارەکان بازرگانییان پێوە دەکرێ و هەندێکیان کەسانی قورس و گران نایانخوێننەوە، بەڵکو بۆ بزواندنی هەست و غەریزەی گەنجان وتاری ئاست نزمیان تێدا بڵاودەکەنەوە.

**ڕامان:** سەبارەت بەو زمانە زبرەی لە ڕۆژنامەنووسیی ئێمەدا بووەتە دیاردە بیروڕاتان چییە؟ ڕۆژنامەنووسی ئێمە بەو هەڵەشەیی و زمانە زبر و پەلاماردانە دەگاتە (حەقیقەت)، یان بە بەڵگە و دوکیومێنت و مەنتیقێکی بەهێز و هێمن کە گیانی دیالۆگ کردنی تێدا بێ، دەتوانێ بە (حەقیقەت) بگات؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** من نەک لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤار، بەڵکو لەژیانی ئاسایی ڕۆژانەی خۆشمدا، قسەی زبر و خەڵک ڕووشێن بەکارناهێنم، چونکە من لەو بڕوایەدام وەک من زمانم هەیە، خەڵکی دیکەش زمانیان هەیە و ئەگەر جارێک، دووجار وەڵامیان نەدامەوە، سەرەنجام وەڵامێکم دەدەنەوە دەمتەزێنن. دوای ئەوە ڕۆژنامە و گۆڤار شوێنی شەڕە قسە و زمانی زبر و شەڕانی نین و بەڕای من ئەو کەسانەی زمانی زبر لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بەکاردێنن، هەست بە کەمی دەکەن و ڕەنگە ئەگەر لەنێو خەڵکیش بن هەر بەو زمانە ناشیرینە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەن. ئەگەر یەکێک بابەتێکی نووسی و زانیت لەنزیک، یان لە دوور، تۆ دەگرێتەوە، دەتوانی بە زمانێکی نەرم وەڵامی بدەیتەوە و ئەگەر بەڵگەیەکیشت بەدەستەوە بوو، ئەوە دەتوانی بەکاری بێنی و بڵاوی بکەیتەوە.

**ڕامان:** لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا کارتان کردووە و ئەزموونێکتان بۆ خۆتان تۆمار کردووە، چی بە باش دەزانی تا ڕۆژنامەنووسیی کوردی خۆی لەو نا پیشەیی بوونە دەرباز بکات؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** بەڕای من لەبەر ئەوەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن زۆرن و لەبەر ئەوەی خەڵکێکی زۆر خزاونەتە ئەو بوارەوە و بێ گومان کەسانی ناشیاو و لێ نەهاتووشی تێ کەوتووە و بووەتە ڕێگەیەک بۆ نان پەیدا کردن.. پێم وایە دەبێ هەڵسەنگاندنێک بۆ ئەو کەسە بکرێت کە دەیەوێت ببێ بەڕۆژنامەنووس و بۆ ماوەیەک بخرێتە بەر تاقیکردنەوە و دەرچوون و ئەو تاقیکردنەوەیە، چارەنووسی دیاری دەکات، ئایا دەشێ ببێ بە ڕۆژنامەنووس؟

**ڕامان:** گۆشەنووسین لە ڕۆژنامە و گۆڤاردا هونەرێکی تایبەت و سەربەخۆیە، تۆ وەک گۆشەنووسێک خەسڵەت و تایبەتمەندی گۆشەی سەرکەوتووی زیندوو لەچیدا دەبینی؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** گۆشەنووسین کارێکی زۆر ئاسان نییە و هەموو کەسێک بۆی ناکرێ گۆشە بنووسێ، پێویستە گۆشەنووس بابەتی هەستیار و سەرنجڕاکێش هەڵبژێرێ و هەوڵ بدات بە کەمترین وشە مەبەستەکەی خۆی بگەیەنێ و هەندێک جار وا پێویست دەکات کە مەبەستەکە بخاتە کۆتایی نووسینەکە و زوو خۆی بەدەستەوە نەدات بۆ ئەوەی خوێنەر بە نووسینەکەوە ببەستێتەوە و تا کۆتایی نووسینەکە لەگەڵ نووسەردا بێ. من دڵم بەوە خۆشە گەلێک کەس بەهۆی گۆشەکەمەوە بوونەتە دۆستم و دەستخۆشیم لێ دەکەن.

## ژیاننامە

* لە ساڵی **١٩٣٣** لە کۆیە لە دایک بووە، بەڵام لە دەفتەر نفووسەکەی نووسراوە **١٩٣٤**.

* خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە کۆیە تەواو کردووە، دواناوەندیش لە هەولێر، دوای ئەوە بۆ ماوەی ساڵێک لە بەغدا خوێندوویەتی بڕوانامەی دیبلۆمی پەروەردەی وەرگرتووە.

* دوای تەواوکردنی خوێندن کراوە بە مامۆستا، سەرەتا لە گوندی «گۆبان»ی سەر بە قەزای کفری مامۆستا بووە و دوای ئەوە گوێزراوەتەوە بۆ لیوای هەولێر و لە چەند گوند و ناحیە و قەزایەکی لیوای هەولێر و سلێمانی مامۆستا بووە.

* لە قوتابخانەی سەرەتایی، بە تایبەتی لە پۆلی پێنجەم و شەشەم، کەوتووەتە ژێر کاریگەریی گۆڤاری گەلاوێژ کە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دەریدەکرد و بۆ ماوەی (١٠) ساڵ بەردەوام بوو، لە ساڵی ١٩٣٩-١٩٤٩ و لەو ساڵەدا لەبەر گیرانی، گۆڤارەکە داخرا، دووەمیش گۆڤاری (دەنگی گێتیی تازە) بوو کە باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا، وەک پڕۆپاگەندە بۆ وڵاتانی هاوپەیمان دژی ئەڵمانیای نازی دەریدەکرد و تۆفیق وەهبی و حوسێن حوزنی موکریانی سەرپەرشتییان دەکرد و زمانی کوردیی پاراو لەو دوو گۆڤارەوە فێربووە. بۆ زمانی عەرەبیش، چونکە خوێندن لە ناوەندیی بە عەرەبی بوو، مامۆستاکان هانیان دەدان کتێبی عەرەبی بخوێننەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە زمانە عەرەبییەکەشی باش بێت.

* لە پۆلی شەشەم بوو کە چووە نێو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و هاتوچۆی کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی دەکرد.

* لەنێو ڕیزەکانی پارتیدا دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی **١٩٥٨** و پاش ئەوەی پارتی مۆڵەتی کارکردنی ئاشکرای وەرگرت وەک ئەندامی لیژنەی ناوچەی ڕانیە هەڵبژێرراوە و یەکێک بووە لەو سێ کەسەی بە دەستەی کارگێڕی هەڵبژێردراون.

* لە ساڵی **١٩٦٠** گوێزراوەتەوە بۆ هەولێر و لە دەستەی کارگێڕیی نەقابەی مامۆستایان نوێنەری پارتی بووە.

* لە ساڵی **١٩٦٢** لە هەولێر دەسگیر کراوە و نێرراوە بۆ بەندیخانەی حیللە و نزیکەی دوو ساڵ بە بەندکراوی ماوەتەوە و دوای ئازادکردنی دووبارە گوێزراوەتەوە بۆ سلێمانی و ئەوە (٤٨) ساڵە لەو شارەیە.

* لە گەلێک گۆڤار و ڕۆژنامەدا چیرۆک و وتاری نووسیوە، ئارەزووی وەرگێڕانی هەیە لە عەرەبییەوە بۆ کوردی و بە پێچەوانەشەوە. (الأخوە الأعداء)ی کازانتزاکی بەناوی (براکوژی) کردووە بە کوردی و (ماسییە ڕەشە بچکۆلە)ی (سەمەوی بیهرەنگی) لە فارسییەوە کردووە بە کوردی. ڕۆمانێکی خاتوو (گەلاوێژ فەتاح)ی لە کوردییەوە کردووە بە عەرەبی بەناوی (عابرة سبیل هائمة). ڕۆمانی (بعد الغروب)ی (محمد عبدالحلیم عبدالله)ی ڕۆماننووسی بەناوبانگی میسری کردووە بە کوردی و ئامادەیە بۆ چاپ، ڕۆمانی (جین ئێر)ی (شارلۆت برۆنتی) بە دەستەوەیە بۆ وەرگێڕان و بەشێکی زۆری تەواو کردووە.

* ئێستا گۆشەیەکی تایبەتی بەناوی (جا قوربان مەسەلەیەک هەیە)ی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا هەیە کە هەموو ڕۆژێکی دووشەممە بڵاودەبێتەوە و لە نووسیندا بەردەوامە.

# بەهاری ڕەش
# لەبەر ڕووناکی خوێندنەوەیەکی سیمیۆلۆژیدا

**عەبدولغەنی کاکۆ**
**(ئەڵمانیا)**

سەرەتا حەز دەکەم هەڵوەستەیەکی کورت لەسەر زاراوەی سیمیۆلۆژیا بکەم، بۆ ئەوەی خوێنەر نەخەمە بەردەم زاراوەیەکی نامۆ کە تەنیا لەناو ناوەندێکی دیاری کراوی نووسەران و خامەبەدەستاندا تاووتو دەکرێ. مادام وتارێکی ئاوا لە گۆڤارێکدا بڵاودەکرێتەوە کە ڕووی دەمی تەنیا لە ناوەندێکی ئەکادیمی دیاریکراو نییە، دەبێ زاراوە نامۆکان بە ڕۆشنی بخرێنە بەردەستی خوێنەران. سیمیۆلۆژیا زانستێکە بایەخ بە ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی ئەو نیشانەو ئاماژانە دەدات کە لەناو کایە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا خۆیان دەدۆزنەوە. بۆ نموونە زمان سیستمێکە لە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ، کە لە کۆمەڵێک ئاماژە پێکهاتووە، هەر ئاماژەیەک کورتبوونەوەی کۆمەڵێک دەربڕین و وێناکردن لەخۆ دەگرێ. بەو پێیەی کە دەقی ئەدەبی لەسەر بنچینەی سیستمی زمان دادەمەزرێ، کەواتە هەر دەقێک خاوەنی کۆمەڵێک نیشانەو ئاماژەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەقی ئەدەبی بە ناو پرۆسەیەکی ئاڵۆزی داهێنان و ئەفراندندا تێدەپەڕێ، بۆیە نیشانەو ئاماژەکانیشی هێندە بە ئاسانی خۆ بەدەستەوە نادەن وەک ئەو نیشانەو ئاماژانەی بە سادەیی لە زمانی ئاخاوتندا خۆ بەدەستەوە دەدەن، سیمیۆلۆژیا کە لەسەر دەستی زاناو توێژەرانی وەک دی سیسۆر و پرۆپ و گریماس و ڕۆلان بارت و تاد.. سەری هەڵداوەو بەرەوپێشەوە براوە، کار لەسەر ئەو لایەنەی دەق دەکا.

مەبەستی سەرەکی لەم خوێندنەوەیەدا، بەدواداچوون و دۆزینەوەی ئەو ڕەگەزە سیمیۆلۆژیانەیە لە ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)دا، کە لە لایەک ئەو تەکنیک و شێوازە هونەرییە ڕۆشن دەکاتەوە کە نووسینەکە پشتی پێ بەستووە، لە لایەکی دیکەوە تیشک دەخاتە سەر ئەو بەها ئیستێتیکییانەی لەو نیشانەو ئاماژە وردانەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئینجا بەو پێیەی بونیادی تێکستەکە لەسەر کۆمەڵێک پێگەی نیشانە ئامێز دامەزراوە، کەواتە سیمیۆلۆژیا دەبێتە ڕوانگەیەکی ڕەخنەیی گونجاو بۆ خوێندنەوەی ئەو دەقە تا سەرئەنجام یارمەتیمان بدات بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ئەو ئاماژانە.

### ناوەرۆک و شێوازی گێڕانەوە لە بەهاری ڕەش-دا

ڕۆمانی "بەهاری ڕەش" یەکێکە لەو کارە ئەدەبیانەی تراژیدیایەکی مرۆڤایەتی لە سەردەمێکی مێژوویی، لەسەردەمی شارستانیەتی مۆدێرندا نووسیوەتەوە! ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل ئەو نووسەرە گەرمیانییەی خاوەنی



**ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل**

ئەزموونێکی دوورودرێژە لە بواری چیرۆکی نوێی کوردیدا، بە سەلیقەیەکی ئەدەبی زۆر جوان ئەو ڕۆمانەی نووسیوە. ئەم خۆی خەڵکی ناوچەیەکە کە لەو سەردەمەدا شانۆی گەورەترین تاوان بووە بەرانبەر مرۆڤایەتی، تاوانی دڕندانەی ئەنفال بەرانبەر خەڵکی بێ تاوانی کورد. کە ئەم خۆی لەو سەردەمە تاریکەدا ژیاوە، بۆیە پێویستی بەوە نەبووە بۆ نووسینەوەی ئەو ڕۆمانە بەدوای دوکیۆمێنت و سەرچاوەی مێژووییدا بگەڕێت.

بەهاری ڕەش ڕۆمانێکە بەقەبارە بچووک، وەلێ بەناوەرۆک گەورە، ناوەرۆکی ڕۆمانەکە لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفال دەدوێ. ئەو ڕووداوە لە مێژووی کوردستاندا هێندە گەورە و کارەساتبارە، کە زۆر ئەستەمە هەموو وردەکارییەکانی لە توێی ڕۆمانێکدا کۆبکرێتەوە، بەڵام لە بەهاری ڕەش-دا نووسەر هاتووە زۆرترینی ئەو وردەکارییانەی لەو قەبارە بچووکەی ڕۆمانەکەدا وێنا کردووە، بەبێ ئەوەی خوێنەر هەست بەوە بکات بابەتەکان بەزۆری و بە پاڵەپەستۆ ئاخنراونەتە پاڵ یەکدی، بە پێچەوانەوە لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا هەست دەکرێ بەشێنەیی نووسراوە، نووسەر هیچ ڕستەیەکی بەبێ مەبەست نەنووسیوە، هەوڵی داوە زۆرترین دەلالەت و مەبەست نەک هەر لەنێو خودی ڕستەکاندا چڕ بکاتەوە، بەڵکو سەرجەمی ئەو ڕەگەزانەی بنیادی دەقەکە پێکدەهێنن، هیچیان خاڵی نەبن لەو ئاماژە و دەلالەتانەی مەبەستێکی گەورە و دیاری کراو کورت دەکەنەوە.

گێڕانەوە وەک ڕەگەزێکی بنچینەیی لە بنیادی ڕۆمانەکەدا ڕۆڵی بینیوە، هەڵبەتە زۆر جار هونەری نووسین لەو ژانرە ئەدەبییەدا خۆی لە شێوازی گێڕانەوەدا چڕ دەکاتەوە، ئەوە ئەو شێوازەیە وامان لێدەکات ئاوێتەی ناو ڕووداوێک ببین، یان نا. نووسەر لە ڕۆمانی بەهاری ڕەش-دا لە گۆشەیەکەوە وێنەی ئەو کارەساتەی گرتووە، کە هەموو گەورەیی کارەساتەکە خۆیان لەو گۆشەنیگایەوە دەخەنە ڕوو، شانۆی ناوەرۆکی ڕۆمانەکە پانتایی هۆڵێکی سیخناخە لە مرۆڤ لە زیندانی نوگرە سەلمان. ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و بیۆگرافییەکانی ئەو زیندانیانە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە پێکدەهێنن. شێوازی گێڕانەوە ڕووی دەمی نووسەرە لە کارەکتەری سەرەکی. ئەو شێوازی گێڕانەوەیە لە کورتە چیرۆکدا سەرکەوتووە، بەڵام لە ڕۆماندا ئەگەر نووسەر زۆر وریا نەبێ، ناتوانێ تا کۆتایی سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی ڕابکێشێ. ئەم وریاییە لە نووسینی ڕۆمانەکەدا شتێکی هەست پێکراوە.

## ڕەگەزە سیمیۆلۆژییەکانی دەق

بەهاری ڕەش لەسەر کۆمەڵێک ڕەگەزی سیمیۆلۆژی دامەزراوە، کە هەندێکیان بوونەتە ستراتیژی تێکستەکە و هەندێکی دیکەیان وەک پێگەی ئیستێتیکی ڕۆڵی خۆیان دەبینن.

دەتوانین ڕەگەزە ستراتیژییەکان لە دوو خاڵدا کورت بکەینەوە:

**یەکەم:** گێڕانەوە لە دەرەوەی وتاری سیاسی.

**دووەم:** وێناکردنی تراژیدیا.

ئەو ڕەگەزانەی وەک پێگەی ئیستێتیکی ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن، دەکرێ لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکرێنەوە:

**یەکەم:** نوستالژیای مرۆڤ بۆ ڕابردوو (کولتوور)

**دووەم:** جوانییەکانی شوێن.

**سێیەم:** پابەندییەکانی مرۆڤ بە بنەما مۆراڵییەکان.

**چوارەم:** دەستبەردار نەبوونی ژیان.

### کارەکتەر وەک تەوەری ئاماژەکان

بۆ دۆزینەوەی ئەو ڕەگەزە سیمیۆلۆژییانە، دەبێ شیکردنەوەیەکی ورد بۆ خەسڵەتی ئەو کارەکتەرانە بکەین، کە ڕۆڵی بنچینەیی لە ڕۆمانەکەدا دەبینن، چونکە سەرئەنجام خودی ئەو کارەکتەرانە دەبن بەو نیشانەو ئاماژانەی کە بنیادی دەقەکە پێکدەهێنن. کارەکتەرەکان لەم ڕۆمانەدا سەرەڕای بوونیان بەتەوەری ئەو ڕووداوانەی لە ڕەهەندە بیۆگرافیەکانیانەوە سەرچاوە دەگرن، لەلایەکی دیکەوە دەبن بە تەوەری ئەو نیشانەو ئاماژانە.

### سابیر کەسایەتی یەکەمی ڕۆمانەکەیە

سابیر کەسێکی خەڵکی شارۆچکەیەکی گەرمیانە، لە دەست ڕەشبگیرییەکانی ڕژێم پەنای بردووەتە بەر دێهاتەکان، تا بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتووە لەوێ ژیانی سەر بردووە. سابیر لەو ڕۆمانەدا دەبێتە چەقی ڕووداوەکان. نووسەر هاتووە لە میانی کۆمەڵێک هەڵوێست و شێوازی بیرکردنەوەی ئەو پاڵەوانە بە خەسڵەتە تایبەتییەکانی ئاشنامان دەکات، بە واتایەکی دیکە ئەو هەڵوێست و شێوازی بیرکردنەوانەی سابیر دەبن بە نیشانەو ئاماژە بۆ بنەمای ستراتیژی تێکستەکە. نووسەر بەم تەکنیکی ئاماژەکارییە خۆی لە شێوازی کلاسیکی وەسفی سادەی کەسایەتییەکان پاراستووە، بە چەشنێک بەبێ ئەوەی لە وردەکارییەکانی شێوەی ئەو کەسایەتییە بدوێ، ئێمە وێنەی ئەو کەسەمان دێتە بەرچاو. هەڵبژاردنی کارەکتەرێکی سەرەکی لە گێڕانەوەی ڕووداوێکی وەها گەورەدا کارێکی ئاسان نییە، چونکە بەر لە هەموو شتێک دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە لەم حاڵەتەدا گۆشەنیگای بیرکردنەوە و جیهانبینی ئەو کارەکتەرە هەر لە سەرەتاوە ئاماژە بە ئاستی سەرکەوتوویی و ناسەرکەوتوویی کارەکە دەکات. هەڵبەتە نووسەریش لەو ڕۆمانەدا بە چاکی درکی بەم ڕاستییە کردووە، ئەو نایەوێ کارەکتەرێکی نموونەیی چەقی سەرتاپای ڕووداوەکان بێ، بەڵام لە هەر شوێنێ کە ڕووداوەکان ئازادانە بە ئاراستە لۆکالییەکاندا دەڕۆن، ئەو زوو دەیهێنێتەوە ناو گۆشەنیگای کەسایەتی سەرەکییەوە.

### کەسایەتی دووەم حەمە غەریبە

حەمە غەریب بەر لەوەی بەر ئەو شاڵاوە بکەوێ، بەهۆی کارەکەی کە سووکە ئاڵوێرییەکی بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی لەنێوان دێهاتەکان بەدەستەوە بوو (حەمە غەریب زستان و هاوین، باران و تۆف بووایە.. قرچەی گەرمای هاوین لە ماڵەوە نەدەمای، بەو دێهاتانەدا دەگەڕای..... هەگبەیەکت دەخستە سەر گوێدرێژەکەت و بە ئاواییەکانا دەگەڕای..... دەوربان دەدای هەواڵ و دەنگ و باسی ئەو ئاواییانەت دەگێڕایەوە ل١٠١).

### کەسایەتی سێیەم گەرمیانە

گەرمیان مێردمنداڵێکی خەڵکی ئاوایی (برایم غولام)ە، لە کاتی شاڵاوەکەدا (... بەیانی زوو ئاواییان ئابلۆقە دا.... ئێمەش بۆی دەرچووین.... باوکم دەستی منی گرتبوو، دایکم و نازەی خوشکم لە پێشمانەوە بوون، لە پاین ئاوایی باوکم بەدەما کەوت، تەماشام کرد شانی سوور بووە، وتی برۆ.. ترسام هاتن منیان هێنا باوکم لەوێ بە جێما ل١٨).

### کەسایەتی چوارەم هاپۆ خدرە

هاپۆ خدر خەڵکی هەمان دێیەکەی گەرمیانە، هاپۆ پیرێکی تەمەن حەفتا ساڵی نوورانی، جوامێر و دڵ پڕ لە بەزەییە. هاپۆ زۆربەی کەسە زیندانییەکان دەناسێ، چونکە ئەویش لە ژیانی خۆیدا ئاشنایەتییەکی چاکی لەگەڵ خەڵکی دێهاتەکای دیکەی گەرمیان هەبووە.

### کەسایەتی پێنجەم لفتەیە

لفتە کەسێکی گەرمیانییە، ئەمیش وەک دانیشتویەکی ئەو ناوچانە بەر شاڵاوەکە کەوتووەو لە ژووری زیندانەکە، هاوڕێ و هاوخەمی ئەوانی دیکەیە، لفتە کەسێکی دەنگخۆشە، هەر ناوە ناوە بە قەتار و ئەڵلاوەیسییەکەی زیندانییەکان دەباتەوە ناو خەیاڵ و بیرەوەرییەکانیان. هەریەکە لە زیندانییەکان دەباتەوە ناو بیرەوەری و خەیاڵاتی ڕۆژانی ڕابردوو.

## کەسایەتی شەشەم چنارە، کە لە شێوەی تارمایی دەردەکەوێ

چنار ئەو کچە گەرمیانییەیە کە سابیر لەو کاتەی خۆی لە دێهاتەکان حەشار دابوو، لە دێیەکدا، لەگەڵی کەوتبووە ناو پێوەندییەکی خۆشەویستی، کە سەرئەنجام بوو بە عەشقێکی ناکام. لەو کاتەی سابیر بەر شاڵاوەکە دەکەوێ، لە زیندانی نوگرە سەلمان، چنار وەک تارمایی دێت خۆی بە سابیر نیشان دەدات و هیوای دەکاتەوە بەر. خاڵی هاوبەش لەنێوان ئەو کەسایەتییانەدا هێمنی هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەیانە، دیارە نووسەر لە پەنای ئەو خاڵەوە دەیەوێ ئاماژە بەوە بکات کە ئەوە خەسڵەتی هەموو خەڵکی گەرمیانە. "ئەم گەرمیانیانە دەڵێی نەوەی کابرایەکن، ڕەنگ و سیمایان لە یەک دەچن."(ل١٢)

## شیکردنەوەی ئاماژەکان

ئەگەر سەیری هەر یەکە لە کەسایەتی ئەو کارەکتەرانە بکەین، سەرنج دەدەین نووسەر زۆر بە کارامەیی هەڵیبژاردوون، بۆ ئەوەی لە دوو توێی ڕۆمانێکی قەوارە بچووکی ئاوادا، هیچ ڕستەو دەستەواژەیەک بە هەدەر نەدات، هەڵبژاردنەکانی مەبەستی خۆیان پێکاوە.

هەڵبژاردنی سابیر وەک کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکە، لە پاڵ تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی سابیرەوە، مەبەستی خۆی دەپێکێ:

**یەکەم:** سابیر کەسێکی شارنشینە، ڕەفتار و بیرکردنەوەکانیشی تایبەتمەندیەتی شاری هەڵگرتووە. ئەو شاڵاوە بەر شارەکەی ئەو نەکەوتووە، ئەم لە ئەنجامی پەنابردنی بۆ دێهاتەکان لەگەڵ خەڵکەکە بەر شاڵاوەکە کەوتووە، کەواتە ئەو شایەتحاڵی کارەساتەکەیە، خەڵکی دێیەکی دیاریکراوی گەرمیان نییە تا لەناو ڕۆمانەکەدا ببێتە چەقی قورسایی ڕووداوەکان، ڕۆماننووس زۆر بە کارامەیی لەپاڵ کەسایەتی سابیردا وەک پاڵەوانی سەرەکی ویستوویەتی لە گۆشەنیگایەکی هەمەکی بڕوانێتە سەرتاپای گەرمیانی ژێر شاڵاوی ئەنفال، نەک ڕووداوەکە لە گۆشەیەکی جوگرافی بچووک قەتیس بکات. باس کردنی ئەنفال باس کردنە لە ئۆپەراسیۆنێکی کۆمەڵکوژی گەورە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، باسکردنی ئەو کارەساتە لە چوارچێوەی هەر ژانرێکی ئەدەبی پێویستی بە تەکنیکێکی تایبەتی هەیە کە توانایی وێناکردنێکی واقیعیانەی هەبێ، ئەو تەکنیکە لەو ڕۆمانەدا بەدی دەکرێ.

**دووەم:** سابیر کەسێکی هۆشیارە، ئاستێکی باشی خوێندەواری هەیە، مێژووی خوێندووەتەوە (ئەم گێژەلووکەیە ئەم گەرداوە، ئەم سێلاوە لێخن و شینە لە ناکاودا چیبوو وا ئەم هەزار هەزار ژن و منداڵ و پیر و لاوەی ڕامالیوە، ئەو قات و قڕی و کارەساتانەی بیر دەکەوتەوە کە لە کتێبەکاندا خوێندبوونی ل١٧)، مەبەست لە گێڕانەوەی ئەو کارەساتە لە گۆشەنیگای شایەتحاڵێکی هۆشیار هەوڵێکە بۆ بە بابەتی کردنی پرۆسەی گێڕانەوە و وێنا کردنێکی کارەساتەکە.

**سێیەم:** سابیر سەر بە هیچ لایەنێکی سیاسی نییە، ئەوە وای کردووە ئەو کەسایەتییە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان زۆر ئازاد بێ، لە دەربڕینی تێڕوانینی خۆی بەرانبەر بە ڕووداوەکان، نووسەر دەزانێ ئەگەر سابیر لە ڕووی سیاسییەوە سەر بەلایەنێک بووایە، ئەوە دەبووایە ئەو کارەساتە بە هەناسەیەکی حزبی بنووسێتەوە، ئەوەش خراپ کاری لە ئاستی فەنتازیاو ئیستێتیکی ڕۆمانەکە دەکرد، ئەوە ئەگەر لەو کاتەدا خەسڵەتی ڕۆمانی پێوە نەمابایە!.

لە ڕێگەی کەسایەتی حەمە غەریبەوە، هەموو



دێهـاتەکـانی ئەم سـەرو ئەوسـەری گـەرمـیـان بەیەکـەوە دەبەسـترێنەوە، چونکە حـەمـە غـەریب خـەڵکی هەمـوو ناوچەکـانی گـەرمـیـان دەناسێ، هەر لە رێگەی ئەمیشەوەیە، چەندین کەسایەتی دیکە دێنە ناو گۆڕەپانی رووداوەکـانەوە، لە ڕاسـتـیـدا کـەسـایەتی حـەمـە غـەریب دەچێـتـە ناو بازنەی ئەو تەکنیکە جـوانانەی ئەحـمـەد محـەمـەد ئیـسـمـاعـیل باڵادەسـتـانە لە تەوزیف کـردنی کـارەکـتـەرەکـانی، لە پانتـایی رووداوەکـاندا بەکـاریان دەهێنێ، پاشان دێینە سەر ئەو وردەکارییانەش.

کـەسـایەتی گـەرمـیـانی مـێـردمنداڵ، ئامـاژەیە بۆ نیـشـانـدانی بەرائەت، لەلایەکی دیکەوە ئامـاژەیە بۆ تێکشکاندنی بەرائەتی مرۆڤ، لە رێگەی تاوانێکەوە کە هەمـوو مـۆراڵێکی مـرۆڤـایەتی پێـشـێل کـردووە کـاتێ منداڵێکی دابڕاو لە خـانەوادەکەی بەرەو چارەنووسـێکی نادیار ڕاپێچی زیندانێکی ناو جەرگەی بیابان دەکات.

کـەسـایەتی هاپۆ خـدر بەرجـەسـتـەکـردنی مـۆراڵە مـرۆڤـایەتیـیـەکـانە، کـە خـۆی لە ئامـادەبوونی هاپۆدا دەدۆزێتەوە بۆ قوربانیدان و زیندووڕاگرتنی گیانی سۆز و بەزەیی مرۆڤ لە ڕۆژانی نەهامەتیدا. کاتێ گەنجێک بە قـاچی شکاوەوە فـێـری دەدەنە ژووری زیندانەکـەوە، هاپۆ گـۆچانەکـەی خـۆی دەشکێنێ تا قـاچە شکاوەکـەی بۆ بگرێتـەوە، ل٣٩)، لەو تاقـە سـەمـوونەی ڕۆژانە پێـیـان دەدەن کەمێکی پاشەکەوت دەکات بۆ منداڵە برسییەکانی ناو زیندانەکە(ل٦٥).

لە رێگەی کـەسـایەتی لفـتـەوە نوسـتـالژیای مـرۆڤ بۆ ڕابردوو دەخرێتـە ڕوو، لفـتـە بەو دەنگە خـۆشـەیەوە، کـە ئاماژەیە بە کولتووری دەوڵەمەندی ناوچەی گەرمیان، یاد و بیرەوەرییەکانی خۆی بە گۆرانی دەردەبڕێ. لفتە پێی وا نییـە گـۆرانی هەر تەنیـا بۆ کـاتی خـۆشی بوترێ، بەڵکو پێی وایە (گۆرانی بۆ کاتی تەنگانەو دڵتـەنگیش دەست دەدا، ئەگـەر هەر بۆ کـاتی خـۆشی بوترایە، ئەوە لە گەرمـیـاندا گۆرانی نەدەبوو، چونکی خـۆشیـمـان کـەمـە. گـۆرانی ئەم گـەرمـیـانە بۆیە وا کـاریگەرە چونکی لە دڵتـەنگی و خـەفـەت و ئازارەوە سـەری هەڵداوە.. ل١٠٥).

**لە بەرجـەسـتـەبوونی چنار لە شـێـوازی تارمـاییـەک چەندین مەبەستی پێکاوە:**

١- ئاوڕدانەوە لە لایەنێکی تایبەتی ژیانی سابیر، تا ئەو پاڵەوانە سەرەکییـە هەر تەنیـا وەک وتاری سیـاسی نـەیـەتە بـەر دیـدەی خـوێـنەر، بـەڵـکـو لاپـەڕەیـەکی هەڵنەدراوەی بیۆگرافیای پاڵەوانمان بخاتە بەردەم، لایەنی سۆز و خۆشەویستی ئەو مرۆڤە بۆ ژیان.

٢- پیـشـانـدانی دڕندایەتی ئەو ئۆپەراسـیـۆنە پڕ لە تاوانە لە رێگەی نیـشـانـدانی چارەنووسی ئەو ئافـرەتە بەدبەخـتـانەی کە لە دۆزەخی ئەنفالەوە بێ سـەروشـوێن کران.

٣- کـاتێ نووسـەر لە رێگەی چنارەوە، باس لە چارەنووسی مـرۆڤـە دەربازبووەکـانی ئەو دۆزەخـە دەکـات، ویسـتـوویەتی خـۆی لەوە بەدوور بگرێ کـە باس کـردنی واقیـعێکی تاڵی مـێژوویی لە بەرگی وتـارێکی سیـاسیـدا بخـاتە ڕوو: چنار بەسـابیـر دەڵێ (... ئێـمـە ڕزگـارمـان بوو.... زۆرین... سابیر ویستیان پیسمان بکەن..

- ئەی نامەردینە....

- بەکێ دەڵێی؟.. بە وانەی لای خـۆمـان ئەڵێی یان بەمانەی ئێرە؟

- هەموویان چنار.. هەموویان....... ل٩٢).

چنار زیاتر هەواڵی ئەو دەربازبووانە بـۆ سـابیـر باس دەکات:

(مردن هەندێ جار لە مانەوە چاکترە..! بێ لانەو داڵدە لەو ناوانە ماونەتەوە کەس بە خۆیانەوەیان ناگرن، تاک و تەرا خێـرەومەندێک جـاروبار لایەکـیان لێ دەکـاتەوە، تا هەندێکیان خزم و کەسەکانیشیان پشتیان تێکردوون....

هەندێ ئافرەتیان پێیان خلیسکاوەو کەوتوونەتە نێو..

سـابیـر بە چنار دەڵێ: ئەی باشـە کـەسـێک نیـیـە خەمێکتـان بخوات، ڕەنگە هەر لەسەر مـێزی خواردنەوە بکەونە بیـریان.. یان بازرگـانی بەم کـارەساتەی ئێـمـەوە دەکەن، ل١٠٠).

٤- کـەسـایەتی چنار هەڵگیـرساندنەوەی تروسکایی هیوا و ئومێدە بەژیان، چنار ئاماژەیە بەوەی کە ژیان لە هیچ وێستگەیەکی پڕ لە نەهامەتی کۆتایی نایەت، ژیان بەردەوامـە، نەهامـەتیـیـەکـان هەرچەندە سـەخت و پڕ لە قوربانیش بن، بەڵام هەمـیـشـە تەمـەن کورتن لە بەرانبەر ویستی مرۆڤ بۆ بەردەوام بوونی ژیانی.

دەرخـسـتنی کـەسـایەتی چنار لە شـێـوازی تارمـایی، چیـرۆکـەکـەی لەوە دەربازکـردووە کـە لە رێگەی گێڕانەوەیەکی سادە، خاڵی لە خەیاڵ و فەنتازیا کۆتایی

بە چیرۆکەکە بهێنرێت، یان ڕۆمانەکە بکرێتە دەقێکی مێژوویی، بۆ گێڕانەوەی سەربردەی ئەو کارەساتە.

کەواتە دەتوانین کەسایەتییەکان بۆ چەند ئاماژەیەک کورت بکەینەوە، کە سەرئەنجام بنیادی ڕۆمانەکە پێک دەهێنن:

**سابیر:** هەوڵدان بۆ گێڕانەوەیەک لە دەرەوەی وتاری سیاسی

**گەرمیان:** بەرجەستەکردنی گەورەیی تاوانی ئەنفال.

**هاپۆ خدر:** وێناکردنی پەیوەست بوون بە مۆراڵ و بەهاکانی مرۆڤ.

**حەمە غەریب:** بەرجەستە کردنی جوگرافیای گەرمیانی ژێر شاڵاوەکە.

**لەفتە:** نوستالجیای مرۆڤ بۆ ڕابردوو (بۆ کولتوور).

**چنار:** دەستبەردار نەبوون و گەڕانەوە بۆ ژیان.

## ئاماژەکانی گێڕانەوە لە تەنگژەی وتاری سیاسیدا

بەو پێیەی ئەنفال ئۆپەراسیۆنێکی مێژووییە، زۆر ڕەهەندی سیاسیش لەپشتی ئەو ئۆپەراسیۆنەوەن، بۆیە کاتێ لە هەر شوێن و لەسەر هەر ئاست و لە هەر چوارچێوەیەکدا بێتە بەرباس، ئەو ڕەهەندە سیاسیانەش خۆیان دێننە پێشەوە، لەبەر ئەوەیش ئەو ڕەهەندانە لە ژێر کاریگەری خوێندنەوەی جیاواز و ئایدیۆلۆژیای جیاوازەوەن، بۆیە پرۆسەی گێڕانەوەی لەو ئاستانەدا بە ئاشکرا خۆی لەبەردەم ئەو کێشەیەدا دەدۆزێتەوە. لەنێوان وتاری سیاسی و بەرزکردنەوەی ڕووداوێکی کارەساتبار بۆ ئاستی ئەدەب و لە قاڵبدانی لە چوارچێوەی ژانرێکی بەرزی ئەدەبی وەک ڕۆمان، جارێکی تریش نووسەر دەخاتە بەردەم کێشمەکێشی ڕاگرتنی هاوسەنگییەک، بۆ ئەوەی وتارە سیاسییەکە کاریگەری لەسەر جوانییەکانی کارەکە لەسەر ئاستە ئەدەبییەکەی دانەنێت.

لە ڕۆمانی بەهاری ڕەش-دا نووسەر زۆر هەوڵی داوە ئەو هاوسەنگییە بپارێزێ لە نێوان وردەکارییەکانی ئەو بارودۆخە مێژووییەی بەناو تەنگژەیەکی سیاسی گوزەراوە لەلایەک و لە ڕەنگدانەوەی ئەو کارەساتە لەسەر ژیان و خودی قوربانییەکان لەلایەکی دیکەوە. بۆ ئەو مەبەستەش بۆ ئەوەی گێڕانەوەی ئەو وردەکارییانە لە دەرەوەی وتارە سیاسییەکەوە بهێڵێتەوە، دێ لە پەنای ڕستەیەکی پرسیار ئامێزدا کورتی دەکاتەوە، ئەو ڕستەیە دەبێتە ئاماژە بۆ تێمایەکی هێندە گەورە کە هەتا ئێستا مشتومڕی سیاسی لەسەری بەردەوامە.

لە زیندە خەونێکی سابیردا، خەڵکی ئاواییەکی گەرمیان دەپرسن (بۆ بە جێیانهێشتین؟..ئێمە لەو دەشتی کاکی بەکاکییە چیمان پێدەکرێ؟.. بۆ کوێ بڕۆین و کوێ دەمانشارێتەوە؟ بۆ لێنەگەڕان زووتر بەخۆمان بکەوین؟ بۆ بەر لە وەخت ڕێگاتان پێنەداین ڕوو لە شارێک بکەین و خۆمانی تیا بشارینەوە؟ بۆ دەستی وڵاتێکی دیکەتان گرت و هێناتان ئێستا ئەوەشیان بە بیانوو کردووە، ل١٣).

گێڕانەوەی کارەساتێکی مێژوویی وەها لە توێی ڕۆمانێکدا کە هەڵگری پەیامی ڕاستگۆیی بێت، ناکرێ لە ترسی هەڵخلیسکانی بۆ ناو وتارێکی سیاسی ئەو وردەکارییانە فەرامۆش بکات کە ئاماژەمان پێکردن، چونکە لەو حاڵەتەدا، ئەو ڕاستییانەی لە واقیعە مێژووییەکەدا سەرچاوەیان گرتووە دەبنە قوربانی، بەڵام لە هەمان کاتدا کاتێ ئەو ڕاستیانە لە سیاقی گێڕانەوەدا بەرجەستە دەکرێن، نەک لە دیالۆگ، یان لە چوارچێوەی زیندەخەونێک، ئەوە بمانەوێ و نەمانەوێ وتارە سیاسییەکە بە چەشنێک زەق دەبێتەوە کە کاریگەری خراپی لەسەر ئاستی جوانکاری تێکستەکەدا دەبێت. (.....چەند کەسێک لە سێبەری دارتووەکە دانیشتبوون...........شەو بڕیاریان دابوو ئەوەی بەدەستەوە دێ هەڵی بگرن و بڕۆن، هەر نەبێ لەو هەردانە خۆیان مەڵاس بدەن، بەڵام کۆمەڵێک چەکداری سەر بەلایەنێکی ناوچەکە ئەو ڕێگەیان لێ بڕیبوونەوە......بۆ ناهێڵن خۆمان قوتارکەین؟ ل٢٨).

## تەکنیکی ئاماژەکاری لە گێڕانەوەدا

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل چیرۆکنووسێکی کارامەیە لە بەکارهێنانی تەکنیکە جۆراوجۆرەکانی گێڕانەوە، ئەوەی جێگەی سەرنجە، هیچ کات هەوڵ نادات تەکنیکی گێڕانەوە بۆ ئاڵۆزکردن و سەر لێشێواندنی خوێنەر بخاتە کار، ئەو لە چوارچێوەی گێڕانەوەدا یاری بەو ئاماژەو نیشانانە دەکات کە خۆیان لە توێی ڕستەو دەستەواژەکاندا دەشارنەوە و ڕەنگە بە تێڕوانینی سەرپێیی خوێنەر هەستیان پێ نەکات، بەڵام ئەو زۆر بە شێنەیی دەزانێ کەی و چۆن و بۆچی پەنا دەباتە بەر ئەو

ئاماژانە. بەهاری ڕەش ڕۆمانێکی تژییە لەم وردەکارییە جوانانە. لە زۆر شوێندا بە دەربڕینی وشەیەک، یان ڕستەیەکی کورت، هێندە دەلالەت و ئاماژەی دەوڵەمەند دەردەبڕێ، کە ڕەنگە کەسێکی ئاسایی نەتوانێ بەچەند لاپەڕەیەک ئەو مەبەستانە کورت بکاتەوە.

کە سابیر دێننە زیندان و ناونووسی دەکەن: (ژمارەی تەنیشت ناوەکەت سەرنجت ڕادەکێشێ ١٨٩٨٨ لاپەرە١٠).

ئەو سەرنجەی سابیر بۆ ئەو ژمارەیە بەسە بۆ ئەوەی پێمان بڵێ، قەوارەی ئەو شاڵاوە هەتا سەرەوەختی گیرانی سابیر چەندە گەورەبووە!

سابیر شەوێکیان لە زیندانەکە خەوی لێناکەوێ (لەم کاتەدا هەندێ نووسینی قەد دیوارەکەی بینی سەرنجی لێ گیرکرد...

مطلق فرحان ١٩٦.........رجب شبیب ١٩٧٠........چۆن تا ئێستا ئەمانەم نەبینیوە؟ ل٨).

نووسەر هاتووە بەو دەستەواژە کورتانە مێژووی سەرکوت کردنی سیاسی بۆ کورت کردووینەتەوە.

### ناوەکان بە زمانێکی ترن:

کەواتە ئەو زیندانە لە سایەی سەرکوت کردنەوەو پێشێلی مافەکانی مرۆڤی ئەو وڵاتە، دۆزەخی نەتەوەکانی دیکەش بووە.

### ژمارەی ساڵەکان:

ئاماژەیە بەوەی ئەو زیندانە لەپێش ئەو مێژووەشەوە هەر دۆزەخی ئازادیخوازان بووە.

### ژمارەی ساڵێکیان ناتەواوە:

ئاماژەیە بەوەی ئەو دەیەیەی سەدەی ڕابردوو، کە چەندین ئاڵوگۆڕی سیاسی لەسەر ئاستی دەسەڵات بەخۆیەوە بینیوە ناسنامەی درندایەتی ئەو دەسەڵاتانە جیاوازە، نووسەر لە پەنای ئەو ژمارەیەی کە دەری نەخستووە دەیەوێ ئاماژە بەو جیاوازی و ناڕۆشنییە بکات.

### ژمارەی ساڵی دووەم دەخوێنرێتەوە:

ئاماژەیە بۆ جەخت کردن لەسەر ڕۆشن بوونی ناسنامەی ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرییەی لەوساکەوە تائێستا خەریکی داپڵۆسین و سەرکوت کردنی هەر مرۆڤێکە بەبێ ئەوەی لە بازنەی تراژیدیاکە بچێتە دەرەوە، سەرەتاو کۆتایی عەشقێکی زۆر گەورەمان بۆ دەگێڕێتەوە، عەشقی نێوان چنار و سابیر، ئەو شەوەی چنار بۆ یەکەم جار لە شێوەی تارماییەک خۆی بە سابیر پیشان دەدات، بۆ خوێنەر دەبێتە شتێکی کوت و پڕ، چونکە تا ئەو شوێنە هیچ ئاماژەیەک بە پێوەندی خۆشەویستی سابیر لەگەڵ خانمێک نەکراوە، چنار: (گوناهی من نەبوو، کەس و کارەکەم نەیانهێشت یەک ببینین..تۆش چاوت بەرایی نەدا لە ئاوییەکەی ئێمە بمێنیتەوە، ئەوەبوو چوویتە ئاوایی قەلا...پێت لێمان بڕی تا بەو ناوەدا گوزەریشت نەئەکرد... ئیتر ئومێدم بڕا.. بەڵام هەر ئەمزانی ئەتبینمەوە ل٩١)، ئەو عەشقە لەو کاتەدا دێتە سەر شانۆی ڕووداوەکان کە ئیتر ژیانی زیندانییەکان گەیشتووەتە لووتکەی بێهوودەیی، برسێتی و نەخۆشی تەنگیان پێ هەڵدەچنێ، وەکو گەڵای دار هەر ڕۆژەی چەند دانەیەکیان هەڵدەوەرێن، هاپۆ خدر و حەمەغەریبیش سەردەنێنەوە، ئا لەو کەشەی کە بۆنی مردن و ماڵئاوایی کردن لە ژیان شاڵاویان بۆ دێنێ، لەوێوە وە بیرهێنانەوەی ئەو عەشقە دەبێتە ئاماژە بۆ سەرهەڵدانەوەی ژیان و ژیان و خۆشەویستی !

### جوانییەکانی شوێن

ئاماژەی جوانییەکانی شوێن لە ڕێگەی کەسایەتی سابیرەوە، دەخرێتە ڕوو، کەسایەتی سابیر بەو تایبەتمەندییانەی خۆی سەر ئەنجام دەبێتەوە بە ئاماژەیەکی دیکە بۆ جوانییەکانی شوێن.

شوێن لە بەهاری ڕەش-دا، ناوچەی دەشتی گەرمیانە بەشێکی پیشاندانی تاڵاوی ئەو کارەساتە گەورەیە پشت بە پێشاندانی جوانییەکانی شوێنی کارەساتەکەوە دەبەستێ، ئەوەش تەکنیکێکی باڵادەستانەی نووسەرە، یەکەم جار جوانییەکانی شوێن بەرجەستە دەکات، تا ئەو جوانییانە لە دوای وێران بوونیان بەهۆی کارەساتەکەوە، لە توێی هەست و ویژدانی خوێنەردا بە زیندوویی بهێڵێتەوە. ئەگەر گەرمیان بە دەشتێکی کاکی بەکاکی و ڕووتەن و هەڵقرچاو لەبەر گڕەی هاوینان ناسرابێ، ئەوە لە دیدی مرۆڤەکانی گەرمیان، بە جۆرێکی دی پێناسە دەکرێ، عەشق و خۆشەویستی ئەوان بۆ ئەو شوێنە، لەو

پێناسەیەوە سەرچاوە دەگرێ کە نووسەر لە (بەهاری ڕەش)دا پیشانی داوین، تا ئێمەش بەجۆرێک ئاوێتەی ئەو عەشقە بکات کە لەدوای لە دەست دانی ئەو جوانییانە، بزانین چیمان لە دەست داوە؟!

ئەوانەی خاوەنی هەستی ناسک و تێڕامانی وردن لە دەوروبەری خۆیان، ئەوانە زیاتر هەست بە نهێنییەکانی جوانی سروشت و دەوروبەر دەکەن. هەروەکو چۆن ئاستی چەشە لێوەرگرتنی ئەوانە بۆ ئەو جوانییانە تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، بەهەمان شێوە ڕەنگدانەوەی ئەو جوانییانەش لە هەست و دیدی ئەو کەسانەدا، چەشنێک لە خەیاڵی ناسک بەخۆوە دەگرێ کە بە ئاشکرا هەست بە ئاستی ڕۆمانسیەت و جوانی ناسییەکەی دەکرێ. دیارە نووسەر بە چاکی هەستی بەم ڕاستییە کردووە، بۆیە هاتووە کەسایەتییەکی هەست ناسکی وەک سابیری هەڵبژاردووە تا لە ڕێگەی ئەوەوە جوانییەکانی شوێن دەربڕێ. نووسەر هەر زوو بەر لەوەی ڕووداوەکان بەرەو هەڵکشان بچن لە ڕۆمانەکەدا، دێت ئەو لانەیەی تایبەتمەندیەتی سابیر دەخاتە ڕوو، کە سابیر دەهێننە ژووری زیندانەکە (هەر لە جێگاکەی خۆتەوە چاوێکت بە ژوورەکەدا گێڕا.......ژوورەکە دوو پەنجەرەی گەورەی هەیە، بە مقەبا گیراون، زەردەی ئەو ئێوارەیە لە درزی مقەباکانەوە دزەی کردووە، لاکێشەیەکی درێژی مەیلەو سووری خستۆتە سەر دیوارەکەی بەرانبەر، ل١١)، سابیر بەخۆڕایی نییە سەرنجی ئەو ڕووناکییە سوورە دەدا، چونکە (تۆ عاشقی زەردەپەڕی ئێوارانی ئەو دەشت و هەردەیەی، زەردەی ئێوارانی هەردەو پێدەشتی گەرمیانت لەم کاتەشدا لەبیر ناچێت، ل١١).

ئیتر لێرەوە بەناو وردەکاری جوانییەکاندا دەچێتە خوارەوە، ئەو جوانییانەی مەگەر هەر مرۆی خاوەن خەیاڵی شیعری و هەستی ناسک پەییان پێ ببات: (زەردەی ئێوارانی ئەم ناوچەیە کە دەڕژێتە سەر خۆڵە پەتانیە سوورەکە ڕەنگێکی تایبەتی پێ دەبەخشێ کە پەڕەموچی هیچ هونەرمەندێک ناتوانێ ئەو ڕەنگە دەربێنێ ل١١)، ئەم دیمەنە هەستێکی سەیر لای سابیر دەوروژێنێ (کە سەرنجی دەدەی و لێی ڕادەمێنی خەم و خولیایەکی سەیرت لە ناخا دەوروژێنێ، من دەڵێم ئەو ڕەنگە زەردباوە دەگمەن و جوان و دڵگوشێنەرە ئاە و

هەناسەی خەڵکەکەیە ل١١).

سابیر هێندە بە سروشت و جوانییەکانی گەرمیان سەرسامە، هەرگیز نەیویستووە لێیان دوورکەوێتەوە کە شار بەجێ دێڵێ (دەمتوانی بۆ خۆم ڕوو بکەمە ئەو کوێستانانە، بەڵام گڕەو گەرمای ئێرەکانەم لە نسێ و تاڤگەو کانیاوی کوێستانانم پێخۆشتربوو، ل٢٠) سەرنجی وردی سابیر زیاتر لەسەر جوانییەکان چڕ دەبێتەوە (.....نە لە کوێستانان، نە لەهیچ شوێنێکی کەی ئەم دنیایە هەرگیز مانگ ئەوەندە جوان و تریفەدار نابێ...... ل٢٠) سروشتی گەرمیان بە ئاووهەواو خاک و خۆڵییەوە چەشەو لەزەتێکی زۆر تایبەتیان بە سابیر بەخشیوە (خۆڵی وا ورد هەر ئەڵێی ئاردێکی سوورە ل٢٠)، (...لەو گەرمیانەدا کە لە ئاواییەکەوە بۆ ئاواییەکی کە دەچووم لە ڕێگا پێم پەتی دەکرد، ئەو خۆڵە وردە کل ئاساییەی ڕێگا تەزوو و مووچڕکێکی خۆشی بەژێر پێم دەدا...ل٢٠)، لە بەهاراندا سروشت ڕایەخێکی سەوز لەو دەشتە ڕادەخات، بەڵام بەهار تەمەنی زۆر کورتە، ئەوەندەی پێناچێ ئەو دەشتە زەرد هەڵدەگەڕێ (بۆیە دەڵێن خەڵکەکەی لە هیچ شتێکی خۆش تێر نەبوون....کەچی سەرەڕای ئەمەش بەبێ گەرمیان هەڵناکەن و تا دەمرن لێی دوور ناکەونەوە، ل٢١)، جوانییەکان لە خەیاڵی سابیر وەها چڕ دەبنەوە کە سەرەڕای بەهاری تەمەن کورتی گەرمیان کە (... هەر لە مانگی چوارەوە دەبێتە هاوین، گەرما ئەو دەشتەی هەڵپرووکاندووە، پەڵە خەلەکان، گژوگیا، زەرد چوونەتەوە گولیلکەی هەمەڕەنگ ئەو دەشتە دەتەنێ، لەم مانگەدا سیس دەبن و هەڵدەپروکێن، ل٢٣)، بەڵام لە هاویندا (.. زەردەسیری و قەلەچاری و عەگول تا ئەژنۆ دێن و تا پایزێکی درەنگ دەمێننەوە، دەبنە لانەی کەروێشک و ڕێوی و جێ هێلانەی سۆسکەو کوڕ کوڕ و تیتراوسکەو مەلۆچکەی هەمەچەشنە... ل٢٣)، بەڵام پاش ئەو کارەساتە (وا ئێستا گەرمیان چۆڵە ...... ئەو داسانەی بە کەرەو هەسان بۆ دروێنە ئامادە کرابوون لەگەڵ بێشکەی ساوادا، لەژێر خشت و خۆڵی خانووی وێران کراودا ماونەتەوە.... ل٤٠)، جوانییەکان لەگەڵ سەرگەردان بوونی مرۆڤەکانەوە سەرهەڵدەگرن (کەواو سەڵتەی بن ماڵەی پیاوانەی بۆ شین و شایی لە بوخچەنراو، سوخمەی ئاگربارانەو کراسی کرێشەو

پوولەکەدار و دەرپێی خامەکی ژنانەی ئامادەکراو بۆ ڕەشبەڵەکی گەرمیانیانە ئێستا لەو ناوەدا (با) پێش خۆی داون، دەیانهێنێ و دەیانبا، تا بەبێ جک و کونار و قەلەجارییەوە گیر دەخۆن و یا چمکێکیان بە دەشتەوەیە لە توێی خشتەکاندا با دەیان شەکێنێتەوە... ل٤٠).

سروشت بە مرۆڤەوە جوانە، ژیانی مرۆڤ لە هەر شوێنێک بێ، ئەوێ ئاوێتەی هەست و خەیاڵی دەبن، پاشان لە توێی یادەوەرییەکانی دەچەسپێن. کاتێ مرۆڤ لە شوێنێک سەرگەردان دەبێ و بەبێ ویستی خۆی دەتارێنرێ، ئیتر چی دەتوانێ بەها بۆ جوانییەکانی شوێن دابنێ؟ نووسەر لە بەهاری ڕەش-دا وێنەیەکی دیکەی گەرمیانی چۆڵکراو، گەرمیانی مرۆڤ لێ ئاوارەکراوی پاش کارەساتەکە دەخاتەڕوو (... ئیتر کنگر و شەواڵە سوورەو دۆمەڵان و قارچکی دەشتی پەتەکی و هەردەی زەنگەنە و دەشتی شاکەل دەستی کچانی گەرمیانیان پێناگا، بۆ خۆیان شین دەبن، قوت دەبنەوە و هەر لە جێگای خۆشیاندا دەپڕوکێن و سیس دەبنەوە ل٤١)، گەرمیان پاش ڕامالینی مرۆڤەکانی (نە مانگەشەوی ئەو جوانیەی دەمێنێ نە بەهاری، ل٤١).

هەوڵدانی نووسەر بۆ خستنە ڕووی جوانییەکانی شوێن، خوێندەنەوەیەکی دیکەی نووسەرە بۆ پیشاندانی گەورەیی کارەساتێک لە مێژووی مرۆڤدا، ئەو لە میانی ئەو پەرەگرافانەدا دەیەوێ ئاماژە بەوە بکات ئەنفال هەر تەنیا چۆڵکردنی پانتاییەکی جوگرافی نییە لە مرۆڤ، بەڵکو هەوڵی ڕیشەکێش کردنی هەموو ئەو ڕەهەندە ڕوحی و ئیستێتیکیانەش بووە کە لە پشتەوەی بوونی مرۆڤەکاندا خۆ بەرجەستە دەکەن.

## وێنا کردنی تراژیدیا

کاتێ مێژوو دەبێتە بابەتی ژانرێکی ئەدەبی وەک ڕۆمان، پرۆسەی نووسین بە ئاقاری ڕاگرتنی هاوسەنگییەکی سەختدا تێپەڕ دەبێ، هاوسەنگی لەنێوان فەنتازیاو ئەفراندن لەلایەک و دەرنەچوون لە سنووری ڕووداوە لە قاڵبدراوەکانی ڕابردوو لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئەو هاوسەنگییە زۆر بە کارامەیی مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێ، ڕەنگە دەقەکە ببێتە نووسینێکی مێژوویی خاڵی لە فەنتازیا و جوانی بەخشی، یان هێندە لە ڕاستییە مێژووییەکان دابڕێ کە ببێتە دەقێکی تەواو فەنتازی. ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگییە پێداویستی هەندێ تەکنیک و هونەری تایبەت بە پرۆسەی گێڕانەوە دێنێتە ئاراوە، کە تەنانەت نەک هەر لە سەردەمی ئێستادا، بەڵکو لە سەردەمی دەرکەوتنی ڕۆمانە مێژووییە کلاسیکییەکانیشدا نەتوانراوە ئەو تەکنیکانە لە چوارچێوەی سەردەمی خۆیاندا بە ئاستی جۆراو جۆر و شێوازی باوی سەردەمەکە فەرامۆش بکرێن، بۆیە سەرنج دەدەین کە تا ڕۆژی ئەمڕۆش ئەو بەرهەمانە بە شاکاری دانسقە دادەنرێن.

مەرج نییە گێڕانەوەی هەموو ڕەهەند و وردەکارییەکانی مێژوو ببنە خاڵی ناوەندی لە ڕۆمانێکی مێژووییدا، بەڵام ئەوەیان مەرجێکی بنەڕەتییە لە ڕۆماندا کە ئەو خاڵانەی سیمای جیاکەرەوەن لە ڕووداوە مێژووییەکەدا فەرامۆش نەکرێن. لە بەهاری ڕەش-دا ئەم خاڵە بنچینەییە بە تەواوەتی هەستی پێدەکرێ، ئەوەیش لە ڕێگەی ئەو تەکنیکی ئاماژەکارییەی نووسەر بۆ وێناکردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو تراژیدیایە بەکاری هێناوە. دەتوانین چەند نموونەیەک بۆ ئەمە بهێنینەوە.

کاتێ هێرش دەکرێتە سەر دێیەکەی مالّی (گەرمیان)، دایکی گەرمیان بەرگری دەکات و خۆ بەدەستەوە نادات، نایەوێت بچێت بۆ ناو زیلەکە (جاشێک قۆناغە تفەنگێکی پیا کێشاو ڕایکێشا، یەخەی تلیشان، سینگی وەدەرکەوت، باش بوو ئافرەتێک زوو بە چارۆگەکەی سینگی شاردەوە، ل٣٦) ئەم پەرەگرافە بەسە بۆ ئاماژە پێکردنی ئەوانەی هاوکاری ئەو تاوانە گەورەیە بوون.

پابەندبوونی خەڵکی گەرمیان بە مۆراڵ و ئەو دابونەریتەی لە کولتووری ژیانی کۆمەڵایەتییانەوە سەرچاوەی گرتووە، لە لایەک و داماڵینی ڕژێمێک لە هەموو ئەو چەمکە کولتوورییانە لە ڕێگەی دیمەنێکی زۆر تراژیدی نیشان دەدەرێ. پیاوانی ئاواییەک لە ترسی هێرشی سوپا ڕادەکەن و تەنیا ژن و منداڵ لە ئاواییەکە دەمێننەوە، کاتێ سەرباز و جاشەکان دێنە ناو ئاواییەوە دەرگەی ماڵەکان دەشکێنن، حەبەی کچی کاکەوڵا لە ماڵەوە لەژێر لەتە جاجمێک خۆی

دەشـــارێتـــەوە، بەڵام دەیدۆزنەوە و بە زۆری توخنی دەکەون (ئێـوارە کـە ئاوایی دەگـەڕێنەوە کـاکـەولا لەناو حەوشـەکـەدا کـۆمـەڵێ زوخـاڵ دەبینێ، تومـەز حـەبەیەو خـۆی سـوتاندووە...... ئیـتـر کـاکـەولا هـەر بەو شـەوە سـەری خـۆی هەڵدەگـرێ و ئێـسـتـەش کـەس نەیزانی لە کوێیە.. ل٥١)

ئەنفـال وەک لێکسـیکـۆنێکی گـەورەی تاوان هەمـوو ئەو وشەو زاراوانە لە خۆ دەگرێ کە پەیوەستن بە پێشێل کـردنی سـەروەرییـەکـانی مرۆڤـەوە. لە تـوێی ئەو ڕۆمـانە بچکۆلەیەدا ئاماژە بەو هەموو پێشێلکارییانە کراوە، بە بێ ئەوەی ئەو ئامـــاژانە وەک ڕاپۆرت و نـووسـێنێکی مـێـژوویی خـۆیان بخـەنە بەرچاو. مـەبەسـتی سـەرەکی نووسـەریش ئەوەیە ئەو تاوانە گـەورەیە وەک تاوانە هەرە گەورەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بخاتە بەرچاو، بەو مەرجەی سیـما ئەدەبی و فـەنتـازییـەکە لە تێکستـەکـەدا بپارێزێ. ئەوەتا جارێکی دیکەش لە پەنای ئاماژەیەکی زۆر ورد ئەو ئامـانجـە دەپێـکێ، سـابیـر لە دیالۆگـێکدا لەگـــەڵ هاپۆ خـــدر ئامـــاژە بە ئاســـتی دڕندایەتی جێـبەجێـکارانی پرۆسـەی ئەنفـال دەکـات (.. ئەمـانە بورغـووی مەکینەیەکی گـەورەن، ئەوە بۆ سێ سـاڵ دەچێ فـێـریان دەکـەن چۆنمان لەناو بـەرن، ل٧٩)، بەو ڕسـتـەیە نووسـەر زیـرەکـانە دەیەوێ ئەو ئۆپەراسـیـۆنە تراژیدیا ئامێزە بە تاوانی جینۆسایدی نازییـەکان ببەستێتەوە. تاوانبـارانی نازیش لە کـاتی دەسـتـبـەسـەرکـردنیـان بۆ بەرگری لەخۆ کـردن بەم ڕسـتـە بەناوبانگەیان وەڵامـیـان دەدایەوە و دەیانوت (ئێـمە تەنیـا بورغـوویەکی بچـووک بووین لە مەکینەیەکی گەورە!!).

سـەر ئەنجـام سـەیر دەکـەین وێنا کـردنی تراژیدیای ئـەنفــــــال لـە بەهاری ڕەش-دا، لـە تـوێی ڕووداوو دیالۆگــەکـــان بەچەشنێکی کـــورت، بەڵام کـــاریگەر ئاماژەیان پێدەکرێ، کە بەبێ ئەوەی بەزەقی لێرەو لەوێ خـــۆیان قـــوت بکەنەوە، لە ڕێی تەکنیکێکی وردی ئاماژکارییەوە دەبنە ستراتیـژی ڕستەو دەستەواژەکان، وەک ئەوەی بنیـــادی تێکســـتـــەکـــە بەچەشنێکی سیستماتیک لەسەر ئەو ڕەگەزانە دامەزرابێ. هەر لەبەر ئەمە ڕۆمـانی بەهاری ڕەش سەرەڕای خاڵی نەبوونی لە گرفتی دارشتن و هەڵەی زمانەوانی، بە کارێکی جوان و شـایسـتـە لە مـێـژووی ئەدەبی ڕۆمـاننووسـینی کـوردیدا دەمـێـنێـتـەوە، کـە دەکرێ چەندین خـوێندنەوەی جـۆراو جۆری بۆ بکرێ. گـومـانم نییـە لەوەی ئەگـەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم ڕۆمـانە وەربگـێـڕدرێتـە سـەر هەندێ زمـانی زیندووی ئەمڕۆکەی دنیا، دەتوانێ ویژدانی مرۆڤایەتی لە هەمبەر ئەو تراژیدیا مێژووییەدا ڕاچڵەکێنێ، چونکە ئەو سـتایل و تەکنیکەی ئەحمەد محەمەد ئیـسـماعیل لەم ڕۆمـانەدا کـاری پێ کـردووە، لە ڕیزی ئەو سـتـایلە جـــوانانەی ڕۆمـــاننووســـینە کـــە خـــەڵک ناتوانن دەستبەرداری خوێندنەوەی بن.

# ژانرەكانی ئەدەبی

**د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود**
**(زانكۆی سەلاحەدین - كۆلێژی پەروەردە)**

*** پێناسەی جۆرەكانی ئەدەبی:**

١- جـۆرەكـانی ئەدەبی تەنیـا شـێـوەیەكی هونەری گشـتـیـیە، تایبەتمەندی و یاسـای تایبـەتی خـۆی هەیە. جۆرەكـانی ئەدەبی لە چەند بەش و كـۆمەڵە پێكهـاتووە، بەرهەمی بیر و نووسینیـان پێ ڕێكوپێك دەكرێت، لەگەڵ هەمـــوو ئەو جـیـــاوازی و گـــرێیـــانەی لەو بەرهەم و نووسینانەدا هەیە. بە واتایەكی تر (جـۆرەكانی ئەدەبی، بەرهەمی زەین و بیر پۆلین دەكەن).

سـادە و سـاناترین نموونە: شـاعـیـر هەیە داسـتـان (ملحمة)، (Epic) دەنووسێت، شاعیری تر ئود (أود)، (Ode) دەنووسێت. ئود: قـەسـیـدەی گـۆرانی، یان قەسیدەی شیعری گۆرانی (Lyric)، هەیە مەرگەسات (مـأسـات - تراجـیـدیا)، (Tragedya) دەنووسێت، هەشـیـانە دیوانێک بۆ شـیـعـری فـێـركـردن (تعلیـمی)، (Didactic) دەنووسێت.(١)

٢- جــۆرەكـــانی ئەدەبی: بەشـــێـكی تازە و نوێی زانسـتـەكـانی ئەدەبە، لەدوای شێـواز (سـبک شناسی - الاسلوبیة) و ڕەخنەی ئەدەبییەوە دێت و بەشێكە دەچێتە نێـو تیـوری ئەدەب. بابەتی سەرەكی پۆلین كـردن و لێک نزیـک كـردنەوەی بەرهەمـەكـانە بۆ بەش و كـۆمـەڵەی تایبەتی و سنووردار.(٢)

٣- جۆرەكانی ئەدەبی: وەک ئەو ڕێگا سەرەكییانە وان بۆ گۆڕان و گەشەكردنی ئەو شێوانەی خاوەن ناوەرۆكێكی دەوڵەمـــەند و بە پێــزن، ئەو شـــێـــوانەی تایبـــەتن بە ڕۆشنفكری و تێگەیشتنی هونەری لای ئادەمیزاد.(٣)

*** ئەوانەی لەمـــەڕ جـــۆرەكـــانی ئەدەبی دواون و هەر یەكـەیان لە گـۆشـەنیـگای خـۆیەوە شـتـێكی بۆ ئەم بـابەتە نووسیوە:**


١- ئەفـــلاتوون دەڵێت: (س = ســـوقـــرات، ئەد = ئەدیمنتس)...

س: گرنگ ئەوەیە تۆ تێبگەی، ئەگـەر مـن بەو شێـوە و قـاڵبە بۆتی باس بكەم زیاتر تێدەگەیت: ئەی ئەوە نییـە شـاعـیـرەكـان، یان ئەوانەی لەسـەر ئەفـسـانە دەنووسن و لاپەڕەكـان پڕ دەكـەنەوە چیـرۆكـەكـانی كـۆن (ڕابردوو)، ئێستا، دوارۆژ نین.

ئەد: ئەی بێ لەوانە، دەبێت چی بێت!

س: ئایا دانەرەكەی بەشێوەی چیرۆک وەری نەگرتووە، یان بەشێوەی نواندن، یان بەهەردووكیان.(٤)

٢- ئەرستـۆ دەڵێت: (ئێـمە قسـان لە پیشـەی شیـعر و لە خـودی ئەوەوە دەكـەین، هەر جـۆرێک لە جۆرەكـانی چ هێـزێكی هەیە. دەبێت چۆن ئەو چیـرۆكـە بێـتە ناوەوە كە



هۆمیرۆس

تەنیا چاوی بڕیبێتە شیعرێک کە لەوپەڕی باشی و تەواویدا بێت. دەڵێن: شیعر لە چەند بەش و پارچە پێکدێت، ئەو بەش و پارچانە چین؟... شیعری داستان و شیعری مەرگەسات، هەمان شت بەزمەسات و شیعری "دیورمبی = دیپیرەم" = ئەو قەسیدانەی پڕ بن لە حەماسەت و سۆز).(٥)

٣- هۆراس لە (هونەری شیعر)ییەکەیدا زۆر بە چاکی و ئاشکرا باس لە ئاواز و تەفعیلە و ترپەی (ئیقاعی) شیعر دەکات و خاسیەت و تایبەتمەندییەکانیان دەستنیشان دەکات، لەوانە داستانەکانی هۆمیرۆس، تراجیدیا و کۆمیدیا، لیریک و... تاد. کە هەموو ئەمانەش پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە جۆرەکانی ئەدەبییەوە هەیە.(٦)

٤- گووتێ دەڵێت: (سێ جۆری ڕاست و سروشتی ئەدەبمان هەیە:

١- ئەدەبی داستان ٢- شیعری لیریک ٣- ئەدەبی درامی).(٧)

*** بنچینە و سەرەتاکانی جۆرەکانی ئەدەبی:**

جۆرەکانی ئەدەبی، یان (**الأنواع الادبية**) وەرگێڕانی (Literary Generes)ە، لە زمانەکانی ڕۆژئاوا بەو شێوانەش دەربڕاون: (Forms، Kinds، Typs، Generes)، ژانر: وەکو وشە و زاراوە لە زمانی فەرەنسی وەرگیراوە و ئینگلیزەکانیش بۆ هەمان مەبەست بەکاری دەهێنن. بن و بنەچەی ئەو وشەیەی کە لە زمانەکانی ئەوروپادا بەکاردێت، بنجوبنەوان و ڕیشەکەی بۆ وشەی "(Genes (Genos)) گینزی" گریکی دەگەڕێتەوە، کە واتاکەی بۆ بوون و لە دایک بوون دەگەڕێتەوە، دوور نییە وشەی (جنس)ی عەرەبیش هەمان شت لە (گینز)ی گریکییەوە وەرگیرابێت، بەهەر حاڵ ژانر ئێستا بە واتای (نوع)، جۆر، بەش، یا جنس دێت.

ڕەگو ڕیشەی جۆرەکانی ئەدەبی وەکو زۆربەی زانستە ئەدەبییەکانی تر بۆ بەرهەم و نووسینەکانی ئەرستۆی گریکی و هۆراسی ڕۆمانی دەگەڕێتەوە. لە هەر دوو کتێبی (هونەری شیعر)ییەکانیان دوو جۆری زۆر گرنگی جۆرەکان نیشان دراون: داستان و مەرگەسات، هەرچەندە ئەرستۆ باسی (Lyric) لیریکی نەکردووە، بەڵام بە چاکی و بە ئاشکرا دەتوانین بڵێین لای ڕۆژئاواییەکان، جۆرەکانی ئەدەبی بەو شێوەیەی خوارەوە دابەش کراوە:

١- جۆری داستان Epic

٢- جۆری گۆرانی Lyric

٣- جۆری درامی Dramatic

کە ئەوەی سێیەم دوو جۆرە:

أ- مەرگەسات Tragedy

ب- بەزمەسات Comedy

هەر لەو سەردەمانە باس لە جۆری تریش کراوە، وەک بابەت و نووسینی گاڵتە ئامێز (تەنز) (Satire) هەرچەندە تێکەڵ بە بابەتە سەرەکییەکانیش نەکراوە.

تا کۆتاییەکانی سەردەمی بووژانەوە (ڕینسانس)، کۆتایی سەدەی (١٥)و سەرەتای سەدەی (١٦) دواتر تا دەوروبەری سەدەی (١٨)ی. ز. نیشانە و سنوورەکانی ئەو جۆرانە لای نووسەر و هونەرمەند و شاعیران زۆر بە ئاشکرا دیار بوو، یاساوڕێسای پێوەندیدار بە هەر جۆرێک لەو جۆرە ئەدەبییانە لەبەر چاو دەگیرا و وەکو قاڵبێکی نەگۆڕ کاری پێ دەکرا، وەکو بابەت و شتی نەگۆڕ بڕیارە ئەدەبییەکان نەدەبا دەسکاری بکرێن، یان بە هەوای نەفس و هەر یەکە و لە ڕاستە خۆی سنوورەکانیان ببەزاندبا، بۆ نموونە: غەزەل نەدەبا لە حەفت دێڕ کەمتر

با، پێویستێکی نەگۆڕ بوو، دەبا دێڕی یەکەمی (مصرع) بێت و ناوەڕۆکیشی وەکو بابەت گۆرانی (لیریک) بێت.

دوای ئەو سەردەمانە دەبینین هەندێک لە نووسەر و هونەرمەندان خۆیان بەو بڕیارانە نەدەبەستەوە و لێیان لادەدا، لەو ڕووەوە خۆیان دەبوون بە بڕیاردەری شتە تازەکان، وردە وردە بابەت و ژانری تازە هاتنە ناوەوە، بەو پێیە لە هەر سەردەمێک، شێوە و شێوازی تایبەتی نووسین زیاتر دەهاتنە پێشەوە بە واتایەکی تر (ناوونیشانی جۆرەکانی ئەدەب لە زیادەی دەدا) هەر لەو ڕوانگەوە دەبینین، هەر سەردەمە و زمانی تایبەتی شیعری خۆی هەیە، ئەمەش بۆ هەمان ئەو گۆڕانکارییانە دەگەڕێنەوە، لەو سەردەمەی ئێستامان جۆرەکانی ئەدەب زیاد کرانە سەر جۆرەکانی کۆن: داستانی درێژ، داستانی کورت، بیۆگرافی (ژیاننامە)، وتار نووسین و..... تاد.(٨)

گرنگی و نەگۆڕ و جێگیر بوونی هەر جۆرێک لە جۆرەکانی ئەدەبی نیشانی ئەوەن کە کاریگەرییەکانیان بەردەوامن لە شێوازەکانی کارە ئەدەبییەکان و پۆلینی ڕوخسارەکانیان، هەر ئەو بەردەوامییە مێژووییەشە کە سەدەکان پێک دەگەیەنێت.(٩)

*** جیاکارە تایبەتییەکانی جۆرەکانی ئەدەبی:**

بێ گومان کە هەر جۆرێک لە جۆرەکانی شیعر: شیعری داستان و چیرۆک ئامێز، شیعری لیریک و شانۆیی، یان شیعری فێرکردن و شێوەی ئەندازەیی (هەندەسی) تایبەتی خۆیان هەیە، هەمان شت ئەو تایبەتیانەش بۆ دانان (تألیف)یش دەگەڕێتەوە. داستان جۆرێکە لە چیرۆکی درێژ، نووسراوێکی بابەتییە (موضوعی) و کەس و خودی نییە، وێنەی هەستەکانی بیانی، یان غەریب لە (نووسەر)، یان دەرەوەی شاعیرە، کە بە تەواوی لە ڕاناوی کەسی یەکەم، واتە (قسەکەر) دوور دەکەوێتەوە، هەر بۆیە چوارچێوەیەکی یەکجار گەورە و فراوانە، وێنە و تابلۆکانی کولتوور و شارستانییەتی (هەموو لایەنەکانی بوون و ژیان)ی میللەتی تێدا نەخش کراوە لە: یاسا و ڕێساکان و خوو ڕەوشت، پاشماوەکانی هێزە سروشتی و ناسروشتییەکان، (موعجیزەکان) ئەو کارانەی بەکەم کەس بکرێن و هۆش و بیر لەگەڵیان ڕانەهاتبن، شەڕ و شۆڕ و تاڵان و بڕۆ، واتە: ئەو هێزانەی کاریگەرییان لەسەر دروست بوونی میللەتدا هەیە، پاشان ئەو بەخت و شانسەی کە هەبیووە بۆ ئەوەی بمێنێتەوە و نەتوێتەوە. لە نووسەری فرەنسی فینیلون (١٦٥١-١٧١٥)، (تیلیماک) دەگێڕنەوە کە لەمەڕ داستان وتویەتی: (ئادەمیزاد دەجووڵێتەوە و خوداش دەیهاژوا).


کەچی شیعری لیریک، بە تایبەتیش لای نووسەرە تازەکان، ڕێک و ڕاست دژ و پێچەوانەی داستانە. کە بابەتێکە پڕاو پڕی هەستەکانی کەسییە، بابەتەکەی پێوەندیدارە بە خود و کەسیەتی شاعیرەوە، کە تێیدا باس لە باری دەروونی خۆی دەکا، بە واتایەکی تر هەموو شتەکانی ژوورەوەی بە جێناوی (من) دەردەبڕێت، مەیدان و گۆڕەپانەکەشی: خەون و خەیاڵ، ئێشو ئازار و خۆشی و کاتە شادەکانن. هەڵوێستی شاعیر لێرە پۆزەتیڤانە هەڵکەوتووە، بەڵگەی ئەوەی ڕووداوەکان کار و کاریگەرییان بەسەر شاعیرەوە هەیە، نەک پێچەوانەی کە ئەو کاریگەری بەسەر ڕووداوەکانەوە هەبێت، وەکو زانای ئاینی فەرەنسی (مالبرانش)، (١٦٣٨-١٧١٩)، لە (گەڕان بە دوای ڕاستی)دا دەڵێت: (لێرەکانە شاعیر کار لێ کراوە) واتە دەوروبەر کاریگەری بەسەریەوە هەیە.

شیعری شانۆیی، لە کار و نواندن پێکدێت، لەو دوو جۆرەی سەرەوە وا ڕاهاتووین کە شیعری چیرۆک ئامێز و گۆرانی ببیسین، یان بخوێنینەوە، کەچی لەو جۆرە، کەسانێکی زیندوو (بە گۆشت و خوێنەوە) لە بەرانبەرت دەجووڵێن و ناوەرۆکی بابەتەکەت بۆ نمایش دەکەن. بابەتی ئەو جۆرە شیعرە بیروباوەڕی مرۆڤایەتییە، یان پێچەوانەی ڕووداوە دەرەکییەکانە، یان سۆزە کەسییەکان، لە ڕاستیدا دراما شەڕ و جەنگێکە بۆ خۆی.

شیعری فێرکردن: دەیەوێت، یان کار بۆ ئەوە دەکات لایەنەکانی تیوری زانستی، خووڕەوشت، وەکو ئەدەب ڕێک بخات، ئا لێرەدا وەسف لەگەڵ ئیعتیباراتی فەلسەفی جێ گورکێ دەکەن، بۆیە هەر جۆرێک لەو جۆرە سەرەکییانەی شیعر جیاکاری تایبەتی خۆیان هەیە، هەمان شت لە جۆرەکانی پەخشانیش تێبینی ئەوەی لێدەکرێت.(١٠)

*** شیعر و قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ:**

هەندێک لە ڕەخنەگرەکان ئادەمیزادیان بەرانبەر بە سەردەمی منداڵی ڕاگرتووە، بە سەردەمی شیعری داستانییان چواندووە. لەبەر ئەوەی منداڵ لەو سەردەمانەدا تەنیا باس و قسەی لەسەر سەروەرییەکانی



هیرۆدۆتس

باب و باپیرانیەتی، شیعری فێرکردن بۆ قۆناغی مێردمنداڵی دەگەڕێننەوە، کە قۆناغی وەرگرتنی وانە و زانستەکانە.

شیعری گۆرانی (لیریک)ی ڕەنگدانەوەی دەربڕینی سەردەمی گەنجایەتییە، کە ئەو قۆناغەش لێوان لێوە لە سۆز و خۆشەویستی و گرنگیدان بە خود و کەسیەتی. پاش هەموو ئەمانە، دەگەینە بابەتێک کە ڕەنگدانەوەی هەر سێ قۆناغەکانە، کە ئەویش قۆناغی پیاوی تەواو، یان کامڵ، لە ئەدەبیاتی گریکی گرنگی زۆری پێ دراوە، کە ئەویش شیعری درامییە. دوای ئەمە، پەخشانی ئەدەبی سەر هەڵدەدات و گەشە دەکات. کە ئەویش نیشانە و هێمای زۆری حیکمەت و هۆشە، واتە بە ساڵا چوون و پیرییە. (١١)

*** پاڵەوان لە داستان ژیان خۆیەتی، نەک ئادەمیزاد:**

لە داستاندا بوونی ڕووداو بەسەر ئادەمیزاددا زاڵترە، بە واتایەکی تر: (ڕووداو لە داستان ئەوەندە گرنگە دەور و بوونی ئادەمیزادی داپۆشیوە). ڕووداوەکان ئەوەندە گەورە و مەزنن کەسایەتی مرۆڤایەتییان شاردووەتەوە، یان ونیان کردووە. لە داستاندا حسێب بۆ هیچ کەس نەکراوە، لەبەر گرنگییە تایبەتییەکانی ڕووداو و زۆری و ڕەنگاوڕەنگی تابلۆکانی. (١٢)

*** جیاوازی نێوان مێژوونووس و شاعیر:**

مێژوونووس و شاعیر هیچ جیاوازییان لە نێواندا نییە لەوەی کە دەیڵێن. جا چ شیعر بێت، یان پەخشان (گوتە و قسەکانی هیرۆدۆتس بێنە سەر شێوەیەک "وەزن" کێشیشیان پێ ببەخشە، کەچی هەر وەک بابەتی مێژوو دەمێنێتەوە، واتە کێشەکە هیچی لە مەسەلەکان نەگۆڕی). ئەم دووانە جیاوازییەکەیان لەوەدایە کە یەکێکیان شتێک دەگێڕێتەوە ڕووی داوە، ئەوی تریان شتێکی تر دەگێڕێتەوە هێشتا ڕووی نەداوە، بەڵام لەوانەیە ڕووبدات. هەر لەبەر ئەوەیە کە شیعر لە فەلسەفە نزیک بێت و پلە و پایەی لە مێژوو بەرزتر و مەزنتر بێت. خاڵێکی تر، شیعر سەرجەم شتەکان دەڵێت، کەچی مێژوو هەموو دەم ڕووی قسەی لە پارچە و بەشە. (١٣)

مێژوونووسی گریکی هیرۆدۆتس گوتوویەتی: (من لەو باوەڕەدام کە هزیودۆس و هۆمیرۆس ٤٠٠ ساڵ پێش ئەو سەردەمەی من ژیاون، زیاتر نا!). هیرۆدۆتسیش مێژووەکەی لە ناوەڕاستی سەدەی (٥) پ. ز. نووسیوە. بەو پێیە دەتوانین بڵێین: کە ئەلیازە و ئۆدیسە لە ناوەڕاستی سەدەی (٩) پ. ز. سەریان هەڵداوە و هاتوونەتە ناوەوە. (١٤)

*** ڕێباز و ڕەوشەکانی هونەر:**

هونەر کۆمەڵە ڕێباز و ڕەوشێکە لە چالاکی ویژدانی لای مرۆڤ، کە بە هەموو ئەو چالاکییانە دەڵێین: (هونەرە جوانەکان)، یان جوانکارییەکان، لەسەر ئەوەش پێکهاتوون کە ئەم بابەت و لایەنانە بگرێتە خۆ:

١- ئاواز و ئاهەنگ (میوزیک).

٢- ئەدەب، بە هەر دوو جۆرە ڕەنگاوڕەنگەکانی (شیعر، پەخشان).

٣- سەمای تەعبیری (دەربڕاو)، (گەیەنەر).

٤- نیگار (تابلۆکێشان)، ئەو کارانەی بە پێنووس و ماددەی ڕەژوو بێنە ئەنجام.

٥- وێنە (تەسویر)، ئەو کارەی ڕەنگ و بۆیەی تێدا خەرج دەکرێت.

٦- پەیکەرتاشین (نەحت).

٧- تەلار، باڵەخانە (عیمارە).
دەمێکە هەوڵی ئەوە دراوە کە ئەو هونەرانە بۆ چەند کۆمەڵەیەک دابەش بکەن، کە کۆمەڵە تازەکان جۆرە لێکچوونێکیان تێدابێت، یان نزیک بن لە یەک لە رووی یەکێتی بوون و رەسەنایەتییان و نیشانە تایبەتمەندییەکانیان، هەر بۆیە (نیگار، وێنە، پەیکەرتاشین، باڵەخانە) بوون بە کۆمەڵێکی سەربەخۆ کە پێوانە (مساحە)، روو (سطح) کەرەستەی سەرەکی دەربرین و بە ئەنجام گەیاندنیانن، کە بە شێوەی نەگۆڕ و بەردەوام دەمێننەوە، واتە: (ئەوانە بە هیچ شێوەیەک، هیچ گۆڕانکاری بە خۆیانەوە نابینن، وەکو ئەوەی بەسەر ئاوازی جۆرە ئاهەنگێک، یان گۆڕانییەک دێت لەوەی بە هەر کام لەو ئامرازانەی کە هەیە دەتوانرێت ئەو ئاوازەی پێ لێ بدرێت، یان ئەوانەی ئالەت و ئامرازەکان بەکار دەهێنن). سەرباری هەموو ئەمانەش، ناتوانرێت ئەم دەست و ئەو دەستیان پێ بکەین، یان دانەی دیکەیان لەبەر بگرینەوە، چونکە هەر خۆیان دانەی ئەسڵێن و وەکو تاکێکی سەربەخۆ و هیچی دی نا. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەو چوار هونەرە تەنیا بە بینین هەستیان پێدەکرێت و بە هونەری بینین ناو دەبرێن.
ئەدەب و ئاواز و سەما، کراون بە کۆمەڵێکی تر، کە ئەمانەش پشت بە ترپە (ئیقاع) دەبەستن، هەر ئەویش پێکەوەی کۆکردوونەوە. توانایی هەڵگرتنیان هەیە، لە رێی نووسخەکانیان دەستا و دەست دەکرێن، هەروەها گۆڕانکاری بە خۆوە دەبینن لەوەی (ئەو کەسەی کارەکان دەکات)، پاشان ئەوانە هونەری بیستنن (سەما و شانۆگەری دەکەونە بەر هەستی بینین و بیستن).
جیاوازییەکی دیکەی زۆر ئاشکرا و روونی ئەو هونەرانە لەگەڵ ئەدەب لەوەوە دیارە کە هەموو ئەو هونەرانە بە هەستە ئەندامییەکان ئەنجام دەدرێن (دەست و پەنجە، مۆسیقا و ئاواز لێ دەدەن و نیگار بە فڵچە دەکێشرێت و پەیکەر لە گاشە بەرد دروست دەکات، لە سەماش هەر لەشە دەجووڵێت و شتەکان دەردەبڕێت)، کەچی بەکارهات و کەرەستەکانی ئەدەب تەنیا تواناییەکانی زەین و بیرە، کە ئەویش لە (وشە)دا خۆی دەبینێتەوە، جیاوازییەکی دیکە ئەوەیە کە هەموو ئەو هونەرانە ناتوانن تەعبیر لە خۆیان بکەن تەنیا بە هۆکارە مادییەکان نەبێت (ئامرازەکان، بۆیە، بەرد)، کەچی ئەدەب بەهۆی زەینەوە تەعبیر لە خۆی دەکات کە ئەویش (زمانە)، هەر بۆیە بۆ هەموو ئەو هونەرانە دەتوانین بڵێین بە گەشتی هونەری مرۆڤایەتین، چونکە هەموو کەس بایی ئەوەندەی لێی دەیزانێ تێی دەگات، کەچی ئەدەب هیچ کەس تێی ناگات، تەنیا ئەو کەسە نەبێت کە زمانەکە دەزانێت. (١٥)

*** داستان، (مەلحەمە)، Epic**
ئەدەبی گریکی ئەدەبێکی رەسەن و ئەسیلە، بە هیچ شێوەیەک کاریگەری بیانی بە سەرەوە نییە. واتە لە ئەنجامی گۆڕان و پێشکەوتنی پلە بە پلەی بیر و رۆشنفکری و شارستانیدا دروست بووە، کە ئەمەش دیاردە و رەنگدانەوەی ئەو هۆشمەندی و لێزانینە سروشتی و ئاسایی رێکوپێکەی میللەتی گریکە. (١٦)
ئەدەب لای گریکییەکان هۆکارێکە بۆ تێگەیشتنی ژیانی مرۆڤایەتی، واتە تەنیا هەر ئەوەندە نەبووە کە رەخنە لەو ژیانە بگرێت. (١٧) هەمان ئەو رەسەنی و گەورەییە وای کردووە کە ئەو ئەدەبانەی دوای ئەو هاتوونەتە ناوەوە بە ئەدەبی لاسایی‌کەرەوە ناو ببرێن و نەتوانن لە دەستوورەکانیان لابدەن، لەوانەش ئەدەبی لاتینی، فەرەنسی و ئەوانی دیکە.

*** سەردەمی شیعری چیرۆک ئامێز:**
داستان لە رووی مێژووەوە یەکەم جۆری شیعرە لای گریکەکان، کە شیعری چینی دەسەڵاتدارە (ئوروستوکراتی) و ناوەرۆکی لەسەر شەڕ و شۆڕ دامەزراوە، کە ئەمەش ناوەرۆک و لێکدانەوەیەکی راست و دروستی کۆمەڵەی دەسەڵاتداری دەربەگ نیشان دەدات، لەوەی فلچە بەردەوام لە رکەبەری یەکتردان بۆ ئەوەی سنوور و پانتایی دەسەڵاتەکانیان لە سەر زەوی لە زیادەدا بێت. دیارە تاکە هۆکاری ئەمەش شەڕ و هەنجەت و هێز سەپاندنە. کە هەموو ئەمانەش لە کارەکانی «هۆمیرۆس»دا رەنگ دەدەنەوە.
* هۆمیرۆس: هەر چەندی دەڵێیت و تەسەوور دەکەیت لە سەر هۆمیرۆس بە زیادەوە نووسراوە. ناوێکی ئەوەندە گەورەیە بووەتە ئەفسانە، (گومانی ئەوەی لێ دەکرێت بوونیشی هەبێت). هۆمیرۆس وەکو وشە واتای دەست بەسەر، یان نابینا (کێر)ی هەیە، وەکو لێک کردنەوەی ناوەکەش (Homeros)، (ho me horon) واتە: (ئەوەی نەبینێت) دەگەیەنێت.

**هەیە دەڵێت:** (ئەلیازە ئەو کاتانە گوتراوە، کە هۆمیرۆس گەنجێکی چاپووک و دڵ گەرم بووە، بەڵام ئۆدیسا بەرهەمی ئاخر و ئۆخری تەمەنی بووە).(١٨) ئەلیازە (١٥٥٣٠) دێڕە شیعرە، شەڕی نێوان گریک و تەروادەییەکان (١٠) ساڵی درێژە کێشاوە، ئەو داستانە باس لە یەک ڕووداوی ئەو شەڕە دەکات کە ماوەی (٤٠) ڕۆژی خەیاندووە. (ئەخیل) پاڵەوانی ئەفسانەیی و خەیاڵی ئەو داستانەیە. پاریس کوڕی بریامۆس بووە، کە مەلیکی تەروادە بووە، ناوبژیوانی لە نێوان سێ ئافرەتی جوان کردووە (ئەفرۆدۆتا، ئەسینا، هیرا) دیارە پێشتر لەگەڵ ئەفرۆدۆتا جۆرە پێوەندییەکی هەبووە، بۆیە ناوبژیوانییەکەی پاریس، ڕاستو دروست نابێت، بۆیە دواتر هەر دوو خواوەند (ئەسینا، هیرا) زۆریان ڕق لە تەروادە و تەروادەییەکان بووەتەوە.

ئەدەب و هونەری گریکی لە: داستان و پەیکەرتاشیدا گەیشت بە چلەپۆپەی داهێنان و ئەفراندن، کە ئەم دوو بابەتەش یەکجار زۆر لێک نزیکن.(١٩)

ئۆدیسە داستانی دووەمی هۆمیرۆسە، (١٢٠٠٠) دێڕە. چەقی ئەو داستانە لەوەوە سەر هەڵدەدات، کە پیاوێکی خێزاندار بۆ ماوەیەکی درێژ، بزر و ون دەبێت. ئۆدیسۆس مەلیکی (ئەپاکە)یە و یەکێک بووە لە جەنگاوەرانی گریک و چووەتە شەڕی تەروادە و ماوەی (١٠) ساڵی پێچووە، خەڵکانێک چاوی تەماع و خەیاڵ دەبڕنە ژنەکەی و بە هۆی ئەوەوە کورسی و دەسەڵاتەکەی، دواتر دەگەڕێتەوە و هەموو موئامەراتەکان پووچەڵ دەکاتەوە و دژەکانی لە ناو دەبات.

* ئەفلاتوون لە سەرەتاوە گرنگییەکی زۆری بەو دوو داستانە داوە، دواتر لەبەر ئەوەی خواوەندەکانی هێناوەتە ڕیزی مرۆڤ، بۆیە وازی لێ هێناوە و لێی دوور کەوتووەتەوە. ئەرستۆ و ئەسکەندەری مەکدۆنی گرنگییان پێ داوە، ئەسکەندەر داستانەکەی بۆ (٢٤) بەش دابەش کردووە. ئەو دوو داستانەی هۆمیرۆس کێڵگە و مەیدان و بابەتێکی یەکجار فراوانی زمان و ڕێزمان و تایبەتمەندییەکانیەتی، بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەب بە گشتی و شیعر و بە تایبەتی وێنە هونەرییەکانی، هەمان شت بۆ ئەوانەی لە مێژووی شارستانی دەکۆڵنەوە بۆ دەستنیشان کردنی چینەکانی ناو کۆمەڵ و دەور و کاریگەرییان، بۆ پەنجە خستنە سەر بیر و خەیاڵ و ڕاستییەکان و تێکەڵ کردنیان بە ئەفسانە و هەڵسوکەوتی پاڵەوانە ئەفسانەییەکان و... تاد.(٢٠)

هۆراس دەڵێت: (هۆمیرۆس نیشانی ئێمەی داوە، یان تێمان دەگەیەنێت کە کامە بەحر و کێشی شیعر، بۆ کارە سەرسوڕهێنەرەکانی پاشا و پاڵەوانەکان، یان چیرۆکەکانی پڕ لە شەڕ و شۆڕ و تژی لە ئێشو ئازار دەست دەدات).(٢١)

هیگڵ لە کتێبەکەی (هونەری شیعر)دا دەڵێت: بۆ جاری یەکەم، جیهانی قەسیدەکانی هۆمیرۆس وا خۆی نیشان دەدات و خۆی دەنوێنێت، کە دەبەوێت نزیکییەک لە نێوان بنەوان و بنچینەییەکانی ژیان و ڕەوشتەکانی خێزان و ئەو فرمانانەی دەسەڵات و فرمانڕەوایان و بیروباوەڕی ئایینی بدۆزێتەوە، ئەمە لە لایەک و لەوی تریان، لەم قەسیدانە هاوکێشەکی زۆر جوان لە نێوان ڕوح و سروشت بە ئەنجام دەگەیەنن.(٢٢)

### * سەردەمی شیعری فێرکردن (Didactic):

ئەم جۆرە شیعرە لەو سەردەمانە هاتووەتە ناوەوە و گەشەی کردووە، کە گۆڕانکاری تەواو لە ناو کۆمەڵگە و ژیان ڕوویان داوە و هاوکات بوونە لەگەڵ ژیان و سەردەمی هزیود. ئەوەی لەو جۆرە شیعرەدا تێبینی دەکرێت، کار و بەرهەم و قەسیدەکانی لە بابەتی جۆرا و جۆر دەدوێن و هیچ تاڵە موویەک پێکەوەیان نابەستێتەوە، تەنیا ئەوە نەبێت بەرهەمەکانی ئەو جۆرە شیعرە لە باسکردنی خۆشەویستی و شەڕ و شۆڕ زۆر دوورە، ناوەرۆکەکەی بۆ زانست و فەلسەفە، یان هەر هونەرێک لەو هونەرە پیشەییانە دەگەڕێتەوە پێوەندییان بە زیاد کردنی بەرهەم و شتەکانی ژیانی مرۆڤەوە هەیە. لە ڕووی شێوە و ناوەرۆکەوە شیعری فێرکردن، وەکو شیعری داستان وایە، چونکە کەرەستەکان هەمان کەرەستەن و گۆڕانکارییەکان خێراییان پێوە دیارە.

### * هزیود:

هزیود بۆ شیعری فێرکردن، وەکو هۆمیرۆس وایە، بەرانبەر بە شیعری داستان. قەسیدە درێژەکەی (ئیشەکان و ڕۆژەکان) کە (٨٠٠) دێڕە، باس لە خۆی ناکات، بەڵکو باس لە هەستی مرۆڤ دەکات لە خۆشی و ناخۆشیدا. باس لە ئیش و بەرهەم و کشتوکاڵ دەکات. باس لە زۆری و ستەمی خواوەندەکان دەکات، پاشان دەپرسێت: کوا داد، کوا دادڕەس. دەپرسێت: چون خراپە

و ئازار و نەخۆشی هاتوونەتە دنیا. قەسیدەیەکی تری هەیە (١٢٠٠) دێڕە، بە ناوی (نەژادی خواوەندەکان)، یان (مێژووی خواوەندەکان) کە تەنیا باس لە خواوەندەکان دەکات و بەس.

لە قسەکانی هزیود: (ئەو پاشایانەی دیاری و بەرتیل وەردەگرن و دەخۆن عەدالەتەکانیان خوار و لاسەنگە، بەڵام زیوس یاساکانی پتەوە)، (ئەوەی زیان بە خەڵک بگەیەنێت، خراپە بە سەرە خۆی دێنێت، چونکە چاوی زیوس هەموو شتێک دەبینێت)، (هەق لە سەر هێزە، مرۆڤایەتی لە سەر حەیوانییە)، (ماسی و ئاژەڵە درندەکان و باڵندە کێوییەکان یەک یەکێک دەخۆن، چونکە هیچ بیرو بۆچوونێکی دادپەروەرییان نییە). (٢٣)

*** سەردەمی شیعری گۆرانی (لیریک):**

شیعری گۆرانی (لیریک): لیریک لە زاراوەی (Lyrikos) وەرگیراوە، کە ئەویش بۆ وشەی (Lyra) دەگەڕێتەوە، ناوی ئامێرێکی مۆسیقای ژێدارە، ئەم جۆرە شیعرە لە دێر زەمانەوە ئەم ناوەی هەڵگرتووە. یەکەمین جۆری شیعرە کە مرۆڤ هەست و نەستی دەروونی خۆی پێ دەربڕیوە.

شەڕ و شۆڕی درێژخایەن و بەردەوام، ئاشتی و ئارامی بەدوادا دێت، کورد گوتەنی (لە پاش هەر ناخۆشییەک، خۆشییەکی بە دواوەیە). دیارە ئەو کاتانەش، شار سیستمی تازەی تێدا پەیڕەو دەکرێت، بە هۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لە سەرجەم بوارەکانی ژیانی خەڵک ڕەنگ دەدەنەوە، بە تایبەتیش باری گوزەران و ئابوورییان دەبووژێتەوە. ئەوە وا دەکات تاک لە خۆی بڕوانێت و مشووری لایەنە خۆشەکانی ژیان بخوات، هەوڵیشی بۆ بدات.

شیعری گۆرانی (لیریک) سەرەتا بە تاک و پاشان بە کۆمەڵ ئەنجام دراوە، بۆ تێڕامان لە ژیان و گەردوون، ئاواز و سەماشی تێکەڵ کراوە. تاککەی واتە: (مونودی)، (میلۆس)، (melos)ی ناوە. مۆلپی (molpe) بە کۆمەڵ دەگوترێت و ئاواز و مۆسیقا و سەماشی لەگەڵدایە. ئەم جۆرە شیعرە تێکەڵ بە ئایین و بۆنەکانیش کراوە. سەرەتای دروست بوون و سەرهەڵدانی نەزانراوە، بەڵام لە سەدەکانی حەفت و هەشتی پ. ز. لەو جۆرە شیعرە لە لای گریکەکان تۆمار کراوە. دوورگەی لیسبۆس و شاری ئیسپارتە شوێنی ئەو جۆرە هونەرە بوونە، لە شاعیرە بەناوبانگەکانی: (ئەلکەمان، سافۆ، پندارۆس، ئەلیسیە). پندارۆس بۆ گیتارەکەی گۆرانی دەڵێت: (ئاواز و گۆرانی ئەرز و ئاسمان تێکەڵ بە یەک دەکەن)...

**ئەی گیتارە زێڕینەکەم**
**ئەی گەنجی ئەپۆلۆن و خواوەندەکانی هونەر**
**(ئەوانەی لەگەڵیدان و شەریک و هاوبەشینە)**
**کە تاجی بنەوشەیان لە سەرە**
**بە جووڵەی ژێیەکان دەتوانرێت**
**مەشخەڵی برووسکە نەمرەکان دامرکێتەوە**
**دەتوانیت وابکەیت هەڵۆ لە سەر سۆڵجانی زیوس بنوێنیت و**
**باڵە تیژ و بە تواناکانی شل و خاو و شۆڕکەیتەوە**

*** سەردەمی شیعری درامی:**

شیعری درامی بە هیچ شێوەیەک گەشە بە خۆوە نابینێت تەنیا لە نێو ئەو کۆمەڵ و میللەتانەدا نەبێت کە لە ڕووی بیر و ڕۆشنفکری و هونەرییەوە هەنگاویان ڕووەو پێگەیشتن نابێت. درامـا لووتکە و ترۆپکی شیعری تەواو و پێگەیشتووە، لای گریکەکانیش تا ناوەڕاستی سەدەی (٥)ی پ. ز. بەو شێوەیە لە تەواوی و بێ کەموکووڕی بە دەر نەبووە، تەنیا هەر ئەوان بوون لە نێو هەموو کۆمەڵ و نەتەوە کۆنەکاندا شیعری دراميیان بە مەنزڵگەی تەواوی خۆی گەیاند، بە واتایەکی دیکە لەو ڕووەوە میللەتان قەرداری گریکن. لە ڕاستیدا شیعری درامی لە هەموو جۆرە شیعرەکانی تر گرانتر و بە گرێ ترە.

شاعیری درامانووس ژیان دروست دەکات و دایدەمەزرێنێت، نەک هەر لە ڕووی ڕواڵەتە هەستی و ڕووداوە ماددییەکانەوە، بەڵکو لە ڕوح و گیانی شاراوەیدا: وەک ئەوانەی نەفس دەیەوێت، هەموو هەست پێکراوەکان، ئەو جووڵە خۆویستانەی (إرادی)یە کە تێیدا ڕواڵەتی دەرەوەی کە (بینراوە) ڕەنگ دەداتەوە، کە ئەمانەش هەموو پێویستییان بە شارەزا بوون و ناسینی دڵی مرۆڤە.

ئەو شارەزا بوون و ناسینەش لەو سەردەمانە دێنە پێشێ و زۆر دەبن، کە تێیدا زانستی و زانیاری فەلسەفە لە ناو کۆمەڵ لە پلە و گەشەکردنێکی زۆر پێش چاو بێت، هەر بەو پێیە دەتوانین تێبینی نەفسی مرۆڤ و

شرۆڤه کردنیان بکەین، ئەوانەش پێویستییان به بوونی بیری زانستی تەواو هەیه، لەگەڵ لێزانینی وردی هونەری، کە ئەو دووانەش ئەنجام و بەری ڕەنجی ئارام و کۆششێکی دوورو درێژە. هەر شیعری درامییه بتوانێت سنووری ئەو کاتانه دابنێت که تاک و کۆمەڵ بگەینێته پله و پایەیەک، بیرکردنەوەی باڵا به دەست بێت.

*** پەخشان**

زۆربەی سەرچاوەکان باس له جیاوازی نێوان شیعر و پەخشان دەکەن، هەمان شت دیسان باس لەوەش کراوه که کامه بابەت له (شیعر، پەخشان) کۆنتره، دیاره بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەش دوو جۆره بۆچوون هەیه ئەوانیش زۆر باس کراون، بەکورتی: (له ڕووی بەکارهێنان و قسه پێکردنەوه پەخشان له شیعر کۆن تره، به لەبەرکردن و تۆمارکردن شیعر له پەخشان کۆنتره).

پەخشان ئامرازێکه له ئامرازەکانی دەربڕینی وردی ڕاستی، پێوەندی ڕاستەوخۆی به هۆش و مەنتیق (لۆژیک)ـەوه هەیه، زمان و شێوازی جۆرەکانی دەستنیشان دەکەن، دەربڕینی کورت، سادەیی و ئاسانی، وردی، ڕوون و ئاشکرایی له شێوازی شیعر دووری دەخاتەوه، چونکه شیعر به پێچەوانەی بۆچوونەکانی خەڵکەوه، گرنگی پێدان و گەشەکردن و ئەو چاو لێبوونەی مرۆڤ زۆر پێش پەخشان دەکەوێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، نابێت ئەوه له بیر بکەین، که کۆنی پەخشان بۆ کۆنی گێتی و مرۆڤه سەرەتاییەکان دەگەڕێتەوه. وەکو ئەوەی هەر یەکێک له ئێمه دروستکەر و کارگەری دروست بوونی پەخشانه، بێ ئەوەی هەر پێشی بزانێت، بۆیه دەبینین پاش ماوەیەک خەڵکانێک بیر له گۆڕانی ئەو ئامرازە سادانەی دەربڕین بکەنەوه به ڕواڵەتێک، یان (شێوازێک) له ڕواڵەتەکانی خۆشی و گەورەیی و (فەخفەخە)... دواتر خۆ خەریک کردن به ڕسته و جوانکارییەکانی. ڕاستییەکی ئاشکرا و بەڵگه نەویسته که خەیاڵ و هەستەکان دوو مەلەکەی سەرەکی شیعرن، که ئەو دوو مەلەکەیەش زۆر زوو لای میللەتان و تەنانەت لای تاکەکانی ناو کۆمەڵیش کاری خۆیان دەکەن.

ئەفسانەکان له دایک بووی خەیاڵ و ئەندێشەن، ئاواز و مۆسیقا له نێو هەستەکان له دایک دەبن. ئەم دوو کارانەش چێژ و خۆشی به مرۆڤ دەبەخشن و زۆر پێش خۆشییەکانی ڕاستی تەواو و شێوازی ڕێکوپێک دەکەون. پاش ئەو جیابوونەوه و لێکترازانه هۆش (عەقڵ) دێته ناوەوه، لەو ئان و ساتانه عەقڵ به خەیاڵی پڕوپووچی نادیار هەڵناخەڵەتێت و ڕەتی دەکاتەوه، ئەو به دوای ناسینی ڕاستییەکان وێڵه و داواکارییەتی و گرنگیانەی بۆ دادەنێت، کە ئەمەش گفتوگۆی گەرەکه به زمانێک پڕ بێت له ئاسانی و لێو ڕێژ له وردی و وردەکاری له زمانی شیعر. ئەو کاتانەی ئیش و کارەکانی شار به پتەوی ڕێک بخرێت، کۆمەڵگەکەی زیاتر پێویستی به توندوتۆڵی قسه و شێواز دەبێت، که ئەمەش خۆی له هەموو ئەو سەرچاوانەی دواندەری (خیتابە) دەبینێتەوه که به کورتی و ڕاستو دروستی دەردەبڕدرێت که هیچ ئەم لاو ئەو لای نییە، زۆر چاکه و ڕاسته و ڕاست نیشان دەپێکێت.(٢٤)

هەر تەنیا پەخشانه به کار بێت بۆ دانانی نووسینەکانی زانستی، یان هۆشەکی، وەک: مێژوو، فەلسەفە، دواندەری، وتار و جۆرەکانی و... تاد. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نابێت ئەوه له بیر بکەین، کە ئەو جۆره نووسەرانه له ئەنجامدا کار و بەرهەمێکی هونەری پیاده دەکەن. لەو ئان و ساتانه ڕستەیەک دروست ناکرێت و به بەرهەم نایەت تەنیا پێویستییەک جێبەجێ بکات، یان شیتەڵ و شرۆڤەی بیرێک بکات، جا ئەو شرۆڤەکارییه باش بێت، یان خراپ، بەڵکو ئارەزووەکان لەوەوه سەر هەڵدەدەن کە دەبێت دەربڕینی دانراوەکان (تألیف) دەربڕینێکی جوان و دانراوێکی باش بێت و بەس، تا باری سەرنج و گرنگی پێدانی مرۆڤ بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و کاریگەری تەواوی خۆی هەبێت. ئا بەم جۆره، پەخشانەکه دەبێت به پەخشانێکی ئەدەبی، که تێیدا چێژ و سوود پێکەوه کۆ دەکاتەوه. زووتر هاتنه ناوەوەی شیعر بەرانبەر به پەخشان ئەوه یاسا و ڕێسایەکی یەکجار بڵاو و گشتییه نموونەکانیش یەکجار زیندوون و له نێو هەموو میللەتان چوون یەکن:

– لای گریکەکان: هۆمیرۆس..... هیرۆدۆت

– لای عەرەبەکان: شیعر و شاعیرانی پێش ئیسلام (جاهیلی)... سەردەمی عەبباسییەکان

– لای کوردەکان: باباتاهیری هەمەدانی..... عەلی تەرەماخی.

*** جۆرەکانی پەخشان**

پەخشان دوو جۆره: **یەکەم:** قسه و قسەکردن، یان

تـواوە لە نـاو هەوادا (بێ تەمــەن). **دووەم:** نووســراو و ئەوەی دەمــێنێت (تەمــەندار)، (هونەری). ئـەو جـۆرەی پەخشان چەندان ژانری سەربەخۆ پێکدەهێنێت.

- دواندەری (**خطابة**). – نامە (**رسالة**).
- وتار (**مـقـالة**) بە هەمــوو جـۆرەکـانی. – چیــرۆک (**قصة**) بە هەموو جۆرەکانی.
- رۆمان (**رواية**) بە هەموو جۆرەکانی.
- شانۆگەری (**مسرحية**) بە هەموو جۆرەکانی.
- ژیاننامە (**سيرة**). – مەقامە (**مقامة**، مقامات).
- نووسراوی گەڕۆکەکان (رحلات)..... تاد.

*** دواندەری (الخطابة):**

گــرنگی دواندەری وەکـو ژانرێکی دێرینی پەخـشــان، پێش ئەرســتـۆ و ســەرەتاکـانی پەیدا بوونی و بڵاوی و فرەجۆری لە بەکارهاتنا، سەردەمی ئەرستۆ و کتێبەکەی (ریتۆریکا) یەکەم بەرهەمی رێکوپێک و تەواو و بێ کەم و کــووڕی ئەو هونەرەیە(٢٥). کـاریگەری ســیــســتــمی ئازادی و دیموکراسی لەسەر ئەو هونەرە. سۆفستاییەکان، شــۆڕشی فــەرەنسی، لە ناو عــەرەب و بە تایبــەتی لە بازنەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام. دواندەرە لێهاتووەکانی جیــهـانیش، ناسراو و بە ناوبانگن: پێـغـەمبــەرەکـان، پیــاوانی ئایینی، مــەلیک و پاشــاکــان، ســەرکــردە سەربازییەکان... تاد.

دواندەری، ئاشکرا کــردن و پێش چاوخــســتنی ئەو رێگایانەن بتـوانی بەرانبــەرەکەت لە هەر بابەتێک بێت قــایل بکەیت. دیارە ئەو کــارەش بە هیچ هونەرێکی تر ئەنجــــــام نادرێت، چونکە بواری هــەر هونـەرێک بـۆ لایەنێکی تایبـەتی ئەو هونەرە دەگەڕێتـەوە، لە زانین و قــایلکردن وەک زانســتــەکـانی (پزیشکی، ئەندازیاری، بیرکاری..... تاد).(٢٦) خوتبە لە پێشـەکی، کرۆکی باســەکــە، کـۆتایی پێک دێت. جـۆریشی زۆرە لەوانە: (ئایینی، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، سەربازی... تاد).

*** رۆمان:**

رۆمــان وەکــو ژانرێکی ئەدەب (جــۆری پەخــشــان) مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە. وەکو جۆرێکی ئەدەبی لە هەمـوو کیـشـوەرەکان پەرت و بڵاوبووەتەوە و پانتاییـەکی یەکـجـار فـراوانی لە پرۆسـەی نووسـیندا داگـیـرکـردووە (ئەویش جـۆری زۆرە). چۆن داســتــان کـۆمــەڵگەکـانی سەرەتایی بە خۆیەوە خەریک کرد بوو، ئێستا رۆمان ئەو دەور و نوێنەرایەتییە دەبینێت، هەر بۆیە دەڵێن: (رۆمان داسـتــانی چەرخی تازەیە). رۆمـان بیـر و ڕا و هەست و شێوەی بیرکردنەوە و بۆچوونەکانی تاک و کۆمەڵ لە خۆ دەگــرێت، پاشــان بە تۆمــارکــراوی دەریان دەبرێت، بە وەرگێـڕانی ئەو رۆمـانانە بۆ زمـانانی تر کە دەمێکە ئەو کارە رووییەکی شارستانی و کولتووری و رۆشنبیری بە خـۆوە دەبینێت، هۆکـارێکی گـرنگە بـۆ ئاڵوگـۆڕ کـردنی هەموو ئەوانەی باسکران و لایەنەکانی تریش.

*** سادەترین پێناسەی:**

رۆمـان چیــرۆکـێکی درێژە، بە دەیان و دەیان کـەس لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان، کە خاوەنی مێژوویەکی لە مـێـژینەی ئەو بابەتەن، لێکۆڵـینەوە و باســیــان لەسـەر رۆمـانـەکـان نووسـیــوە، بۆیە دەبینین سنوور بـۆ جـۆر و شێـوەکـانی، چەندی و چۆنیـەتی دانراوە، بە تایبـەتی لە سەرەتا و دەسپێکی ئەو ژانرە زۆر دواون. هەیە دەڵێت:

- رۆمان شێوەیەکی فراوانی حیکایەتە.
- وەک چۆن درامــا لە رۆمــاندایە، ئاواش رۆمــان لە درامایە.(٢٧)
- رۆمان چیرۆکێکی پەخشان ئامێزە، درێژی تایبەتی خۆی هەیە.
- رۆمان نابێت گێڕانەوەکی ڕووت بێت، نووسەر تەنیا گێڕەوە بێت.
- رۆمان شتێکە و هەموو شتێکیشە.
- رۆمــان دەبێت خــەیاڵی بێت، یان واقــیــعی، یان مێژوویی.

درێژترین رۆمـان (شەڕ و ئاشـتی) نووسـەری رووسی تۆلسـتـۆیە، کە بە (٦٥٠,٠٠٠) هەزار وشە کـۆتایی پێ هاتووە، رۆمـانیش هەیە، تەنیـا لە (٥٠,٠٠٠) هەزار وشە پێک دێت، لێکۆڵەرەکان ئێـسـتـا وەکو رێژەیەکی گشتی دەڵێن: رۆمان لە (١٥٠,٠٠٠) هەزار وشە زیاتر نابێت. بە کــێش و وەزنیـش ئەگــەر شــەش رۆمــانی سەدەکانی کۆن، هاوکێش بکەین لەگەڵ شەش رۆمانی ئێـســتــادا دەبینین لاتەرازووی کـۆنەکـە، بە زەوییــەوە دەنووسێت و تازەکەش بۆ سەرەوە هەڵدەکشێت.

رۆمـاننووسی کۆن دیارە نەفەسیان زۆر لە هی تازە درێژ ترە، هەر بۆیە رۆمـــانمان هەیە بە سێ بەرگ و زیـاتریش تەواو بـوونە، کـە ئەوەش زیاتر بـۆ هەبوونی کـاتی زیاد،

یان وەختی (فەراغ) دەگەڕێنینەوە، کە هەبوونی ئەو کاتە زۆرە لەو سەردەمەدا زۆر ئاستەنگە، بە تایبەتیش لەبەر هەبوونی ڕادیۆ، سینەما، تەلەڤزیۆن، پیاسە و گەڕان کە ئەمەش بۆ زۆری هۆکاری گواستنەوە دەگەڕێتەوە و بە تایبەتیش ئۆتۆمۆبێل و ئامرازەکانی دیکەی هاتوچۆ.

**سەرچاوەکان:**


**١- M.L'Abbe Ci. Vincent، نظرية الانواع الادبية، ترجمة الى العربية وعلق عليه الدكتور حسن عون، الناشر منشأة المعارف، الاسكندرية، ١٩٧٨، ص٣١.**

**٢- سيروس شميسا (د)، انواع أدبي، چاپ هفتم، إنتشارات فردوس، تهران، ١٣٧٩، ص١٣.**

**٣- تأليف عدد من الباحثين السوفيت المختصين، نظرية الادب، ترجمة الدكتور نصيف التكريتي، المركز العربي للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨٠، ص١١.**

**٤- أفلاطون، جمهورية أفلاطون، نقلها الى العربية حنا خباز، الطبعة الثانية، دارالقلم، بيروت، ١٩٨٠، ص٨٤.**

**٥- أرسطوطاليس، كتاب في الشعر، حققه مع ترجمة حديثة الدكتور شكري محمد عياد، دار الكاتب العربي للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٦٧، ص٢٨.**

**٦- هوراس، هونەری شیعر، حمید عزیز کردوویە بە کوردی، (مطبعة الزمان)، بەغدا، ١٩٧٩، ل١٩.**

**٧- تأليف عدد من الباحثين السوفيت المختصين، ١٩٨٠، ص١١.**

**٨- سيروس شميسا (د)، انواع أدبي، ص٢٤-٢٥.**

**٩- تأليف عدد من الباحثين السوفيت المختصين، ١٩٨٠، ص٢٠.**

**١٠- M.L'Abbe Ci. Vincent، نظرية الانواع الادبية، ١٩٧٨، ص٣٢.**

**١١- أحمد عتمان (د)، الشعر الاغريقي، عالم المعرفة، مطابع الرسالة، الكويت، ١٩٨٤، ص٨.**

**١٢- ق. ك. بيلينسكي، ترجمة د. جميل نصيف التكريتي، الثقافة الاجنبية، العدد (١)، دارالحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠، ص٣١.**

**١٣- أرسطوطاليس، كتاب في الشعر، القاهرة، ١٩٦٧، ص٦٤.**

**١٤- لطفي عبدالوهاب يحيى (استاذ)، عالم هوميروس، مجلة عالم الفكر (الكويتى)، العدد (٣)، المجلد (١٢)، ١٩٨١، ص٢٨.**

**١٥- محمود ذهني (د)، تذوق الادب، مكتبة زهراء الشرق، ١٩٩٨، ص؟**

**١٦- M.L'Abbe Ci. Vincent، نظرية الانواع الادبية، ١٩٧٨، ص٩٣.**

**١٧- أحمد عتمان (د)، الشعر الاغريقي، عالم المعرفة، مطابع الرسالة، الكويت، ١٩٨٤، ص٩.**

**١٨- سەرچاوەی پێشوو، ص١٤.**

**١٩- هيغل، فن الشعر، ترجمة جورج طرابيشي، الطبعة الاولى، دارالطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨١، ص٢٠٦.**

**٢٠- لطفي عبدالوهاب يحيى (استاذ)، مجلة عالم الفكر، ١٩٨١، ص١٣.**

**٢١- هوراس، هونەری شیعر، ١٩٧٩، ل١٩.**

**٢٢- هيغل، فن الشعر، ١٩٨١، ص٢١٣.**

**٢٣- أحمد عتمان (د)، الشعر الاغريقي، ١٩٨٤، ص٨٢.**

**٢٤- M.L'Abbe Ci. Vincent، نظرية الانواع الادبية، ١٩٧٨، ص٤٣.**

**٢٥- أرسطو، الخطابة، ترجمة د. عبالرحمن بدوي، دارالرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨٠، ص٧.**

**٢٦- سەرچاوەی پێشوو، ص٢٧.**

**٢٧- ق. ك. بيلينسكي، الثقافة الاجنبية، ١٩٨٠، ص٣٦.**

# وەرگێڕانی چەمک و زاراوە ڕەخنەیی و تیوریکەکان

د. بەختیار سەجادی
(سنە)

(١ - ٢)

**پێشەکی:**

یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و وەرگێڕانی ئەو دەقانەی ئاوڕ لە باسە تیوریکەکان دەدەنەوە بریتییە لە چۆنیەتی بەکارهێنان، یان وەرگێڕانی زاراوە و چەمکە تیوریک و ڕەخنەییەکان. ئەم گرفتە لە زمانەکانی تریشدا هەستی پێدەکرێت، هەر بۆیە لە پرۆپۆزاڵی هەر لێکۆڵینەوەیەکی ئاکادیمیکدا سەرەتا پێویستە توێژەر ئاماژە بۆ پێناسە و مانا جیاجیاکانی ئەو چەمکانە بکات کە لەو لێکۆڵینەوەیەدا لە بەرەوپێش بردنی باسەکەدا دەوری سەرەکییان هەیە.

ئەم گرفتە ئەمڕۆکە تا ڕادەیەک لە زمانی فارسیدا چارەسەرکراوە و لە هەندێک زمانی تردا وەکو عەرەبی هەر ماوەتەوە، هەروەک لە پێشەکیی وەرگێڕانی کتێبێکدا دەربارەی میخاییل باختین ئەم بابەتەم بە وردی و بە هێنانی چەندین نموونەوە خستووەتە بەر باس، زمانی فارسی توانیویەتی تا ئاستێکی زۆر بەرز، تەنانەت تا ڕادەیەکی سەیروسەمەرەش لەم بوارەدا پێش بکەوێت. لە زمانی کوردیدا، بێجگە لە پێویستیی سەرنجدان بە پێناسە جیاجیاکانی چەمکەکان بە گوێرەی قوتابخانە جیاجیاکان، ئەمە خودی داهێنان، یان وەرگێڕانی ئەو چەمکەیە کە وەکو گرفتێکی سەرەکی لە بەردەم توێژەردا قوت دەبێتەوە. پێشتر لە چەندین نووسینی جیاجیادا ئاماژەم بۆ گرنگایەتی چۆنیەتی بە کارهێنان و وەرگێڕانی چەمکە تیوریکەکان کردووە و ئەم باسەشم بە بابەتی "پەرەسەندنی زمانی کوردی" و کۆسپەکانی بەردەم دروستبوونی شێوازێکی پاراو لە زمانی زانستیی کوردیدا گرێ داوەتەوە، کە لێرەدا پێویست بە دووبارە کردنەوەیان ناکات، هەروەهاش، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و فەلسەفی، یان زانستە مرۆییەکانی تر چاپ کراون، هەرچەند ئەم بەرهەمانە توانیویانە تا ڕادەیەک لە ناساندنی ئەو زاراوە و چەمکانە سوودبەخش بن و ڕاستە ئەمڕۆکە هەندێک لە زاراوە داهێنراوەکانی ژمارەیەک لەو فەرهەنگانە بە تەواوەتی و بە بێ گرێوگۆڵ لە زمانی کوردیدا و لە سەر دەستی نووسەر و وەرگێڕە جیاجیاکان بەکار دەبرێن، بەڵام پێویستە ئاماژەش بەوە بکرێت کە هەندێک لەم فەرهەنگانە هەڵگری چەندین هەڵەی زەقوزۆپیشن؛ ئەمەش بە شێوەیەک کە دانەری ئەو فەرهەنگانە نەیانتوانیوە مانا و هاوواتایەکی دروست و پڕ بەپێست بۆ هەندێک لە زاراوەکان دابنێن. لەم کۆمەڵە یاداشتەدا کە ژمارەیان زۆرە و لێرەدا تەنیا چەند نموونەیەک دەهێنمەوە هەوڵ دەدەم هەندێک لەو زاراوانە



بۆدلێر

بخەمە بەر باس کە بە شێوەیەکی نادروست لە زمانی کوردیدا دێنە بەکارهێنان.

## ١- کلاسیک، یان کلاسیکی؟ ڕۆمانتیک، یان ڕۆمانتیکی؟

هەڵەیە، ئەگەر «ی» ی ئاوەڵناوسازکەر بخەینە سەر کۆمەڵە وشەیەک وەک ڕۆمانتیک، دیموکراتیک و ئاکادیمیک، چونکە ئەم وشانە بۆخۆیان پێشوەخت ئاوەڵناون. کەواتە لەجیاتی دیموکراتی پێویستە بنووسین دیموکراتیک و لە بری ڕۆمانتیکی دەبێت بنووسرێت ڕۆمانتیک؛ کەواتە بەکارهێنانی ئەم زاراوانە بەم شێوەیەی خوارەوە هەڵەیە:

ڕۆمانتیکی، ئایدیۆلۆژیکی، ئاکادیمیکی، ئاکادیمی (لە پێگەی ئاوەڵناودا)، ستراتیژی (فەرەنسی و لە پێگەی ئاوەڵناودا)، ستراتیژیکی، ستراتیجی (ئینگلیزی و لە پێگەی ئاوەڵناودا)، ستراتیجیکی.

دیارە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم شێوە بەکارهێنانە بۆ کاریگەریی زمانی عەرەبی لە سەر هەندێک نووسەر و وەرگێڕ دەگەڕێتەوە کە زیاتر لە باشووری کوردستاندا پەروەردە بوونە و زیاتر بە عەرەبی دەخوێننەوە، چونکە لە زمانی عەرەبیشدا بەکارهێنانی ئەم وشە و زاراوانە هەر بە هەمان شێوەیە. هۆکارێکی تری نووسینەوەی ئەم وشانە بەو شێوەیەی سەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئاگادارنەبوون لەو ڕاستییەی کە ئەم وشانە بۆ خۆیان ئاوەڵناون. لە لایەکی ترەوە، ڕاست بە پێچەوانەوە، زۆر جار دەبینین زاراوەیەک کە بۆ خۆی ناوە، لە پێگەی ئاوەڵناودا بە کار دەبرێ. بۆ نموونە، ستراتیژی، یان ستراتیجی ناوە، بەڵام چونکە وا دەزانرێت ناوەکەی بە شێوەی "ستراتیژ" بەکار دەبرێت، کەواتە ستراتیژی وەکو ئاوەڵناو بە کار دەبرێت. کەواتە، ڕێککەوتنی ستراتیژیک، یان ستراتیجیک دروستە نەک ڕێککەوتنی ستراتیژی. نموونە بەرچاوەکانی تری ئەم شێوە بە کارهێنانە ئەمانەن:

پێوەندییە دیپلۆماسییەکان (لە جیاتی پێوەندییە دیپلۆماتیکەکان)

نووسینی تیوری (لە جیاتی نووسینی تیوریک)

هۆکاری بە کارهێنانی "تیوری" لەبری "تیوریک" بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەندێک نووسەری کورد لە زاراوەی "تیور" کەڵک وەردەگرن بە مەبەستی ئاماژە کردن بۆ "تیوری". ئەمە بە تەواوی هەڵەیە و یەکێکی ترە لە ئاکامە سلبییەکانی کاریگەریی زمانی عەرەبی لەسەر هەندێک نووسەری کورد. بۆ نموونە، ئەگەر تەماشای ماڵپەڕی نووسەرێکی ناوداری وەک بەختیار عەلی بکەین، دەبینین کە بەشێکی ماڵپەڕەکەی بۆ "نووسینی تیوری" تەرخان کردووە کە مەبەستی ئەو لێرەدا نووسینی تیوریکە، ئەگەر ئەم دەستەواژەیە بۆ فارسی وەبگێڕین، دەبێتە "نوشتن نظریە"، کەچی مەبەستی ماڵپەڕەکە "نوشتار نظری"یە کە لە کوردیدا دەبێتە نووسینی تیوریک.

«تیئوریک» فەرەنسییە نەک ئینگلیزی و لە ئینگلیزیدا بە شێوەی «تیئورتیکاڵ» بە کار دەبرێت. «تیوریک» وەکو فۆرمی سادەکراوی « تیئوریک» لە دەربڕیندا دروستە. ئێمە وەکو کورد دەتوانین "تیوریک" هەڵبژێرین. هەڵبەت ئەم سادەبژارییە زۆر لەو ساکارکردنەوەیە دوورە کە پێشتر لە هەندێ نووسیندا وەکو تایبەتمەندیی سابجێکتیڤیتی کوردی ناوم لێ هێناوە و پێوەندیی بەم باسەی بەردەستەوە نییە. هەر بە هەمان شێوەش بەکارهێنانی «تیور» هەڵەیە و کەس نازانێت بۆچی هەندێ نووسەر و وەرگێڕی کورد ئەم زاراوەیە بەم شێوەیە بەکاردەهێنن. هەرچەند لە زمانی عەرەبیدا دەنووسرێت تیور، بەڵام ئەوانیش بە هەڵە بە کاری دەهێنن. لە جیاتی تیور کە هیچ جۆرە پاساوێکی

زماننناسانه و عەقلانیی بۆ نییە دەبێ بنووسین تیئوری، یان تیوری.

لە زمانی فەرەنسی و ئینگلیزیدا هەندێک جار ئەو ئاوەڵناوانەی بە پاشگری "یک"ـەوە کۆتاییان دێت بە دوو شێوە دەردەکەون وەک:

Classic, classical

لە زمانی کوردیدا دەتوانین بۆ یەکەمیان کلاسیک و بۆ دووەمیان کلاسیکی بەکاربهێنین. هەڵبەت لە بیرمان نەچێت، ئەگەر وشەی "کلاسیک" لە هەندێک ڕستەدا وەکو ناو (واتە، ئاوەڵناوی جێگری ناو) دەرکەوت، ئەوە پێویستە لە وەرگێڕانیدا بۆ سەر زمانی کوردی، یان بە تەنیا دابنرێت، یان کۆمەڵە وشەیەکی وەکو بەرهەم، شاکار، فیلم، وێنە، یان هەندێک وشەی تری لەم چەشنە کە پێوەندییان بە ناوەڕۆکی ڕستەکەوە هەیە بخرێتە سەر:

Hamlet is a classic in woeld literature.

هەملێت بەرهەمێکی کلاسیکە لە ئەدەبی جیهاندا.

یان

هەملێت شانۆنامەیەکی کلاسیکی ئەدەبی جیهانە.

یان

هەملێت دەقێکی کلاسیکی ئەدەبی جیهانە.

یان

هەملێت لە ئەدەبی جیهاندا کلاسیکە.

هەر بەهەمان شێوە، بەکارهێنانی هەر دوو زاراوەی ئایدیۆلۆژیک و ئایدیۆلۆژیکی دروستە، بەڵام بەو مەرجەی یەکەمیان بۆ (ideologic) و دووەمیان بۆ (ideological) بێتە وەرگێڕان.

لەو زمانانەی ڕەگیان لە ناو زمانی لاتینیدایە، وەک فەرەنسی و ئینگلیزی، پاشگری "یک" ئاوەڵناوسازکەرە وەک ئایدیۆلۆژیک، یان ڕۆمانتیک کە ئاوەڵناوی ئایدیۆلۆژی و ڕۆمانسن. لێرەدا لەوانەیە چەند خوێنەرێک خێرا تووشی واق وڕمان بن و بڵێن یاساوڕێسای ڕێزمانناسانەی ئەو زمانانە چ پێوەندییەکیان بە زمانی کوردییەوە هەیە. کۆمەڵێک نووسەر و وەرگێڕ لە زمانی فارسیدا، وەک داریووش ئاشووری و بابەک ئەحمەدی، وای بۆ دەچن کە پاشگری "یک" لە زمانی فارسیی میانەدا بەکار هێنراوە، هەر بۆیەش ئەوان هەندێک جار لە نووسراوەکانیاندا لەئاوەڵناوی، بۆ نموونە، «زبانشناسیک» کەڵک وەردەگرن.

تەنیا کەسێک کە لە زمانی کوردیدا تۆزێک لەم ڕاستییە نزیک بووەتەوە مامۆستا «مەسعوود محەمەد»ـە کە لە زاراوەسازیی پێوانەدا وای بۆ دەچێت کە پاشگری «یک» تەنانەت لە زمانی کوردیشدا ئاوەڵناوی پێ دروست دەکرێت. مامۆستا مەسعوود محەمەد (بەبێ ئاگاداربوون لە ڕوانگەی ئەو دوو نووسەرە فارسەی سەرەوە) لە زاراوەناسی پێوانەدا پێی وایە کە لە کوردیشدا دەکرێت لە پاشگری "یک" بو سازکردنی ئاوەڵناو سوود وەربگرین. ئەو نموونەیەش کە دەیهێنێتەوە وشەی "پەلیک"ـە کە پێی وایە هەمان "پەلکراو"ـە (پەلیک ئەو دارە پەلکراوەیە کە منداڵان لە یارییەکی کۆنی کوردەواریدا بەکاری دەهێنن). کەواتە، دەرئەنجامی باسەکە تا ئێرە ئەوەیە کە بە مەبەستی دانانی ئاوەڵناو بۆ کۆمەڵە ناوێک وەک زماننناسی و کۆمەڵناسی دەتوانرێت کەڵک لە "زماننناسانە"، "زماننناسیانە و "زماننناسیک" و "کۆمەڵناسانە"، "کۆمەڵناسیانە" و "کۆمەڵناسی" و "کۆمەڵناسیک" وەربگیردرێت. هەرچەندە، دەبێت ئەوەش بڵێم کە من و چەند هاوڕێیەکم سەرەتا چەمکگەلی زماننناسەکی و کۆمەڵناسەکەی-مان وەک ئاوەڵناو بەکار دەهێنا و بەڵگەکەشمان کۆمەڵە ئاوەڵناوێکی تر بوو وەک دەشتەکی و گوندەکی و دەرەکی و ...تاد.

بە کورتی، لە فارسیدا بۆ دروستکردنی ئاوەڵناوی زاراوەیەکی وەک "روانشناسی" سێ ڕێگامان لەبەر دەستدایە کە ئەنجامەکانیان دەبنە: روانشناسانە، روانشناسیک و روانشناختی. لە کوردیشدا، چوار ڕێگەمان هەیە کە ئەنجامەکانیان دەبنە: دەروونناسانە، دەروونناسیانە، دەروونناسیک و دەروونناسەکی. ئێستا لە نووسینی کوردیدا بە شێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵناسانە کەڵک وەردەگرین تا نموونەکانی تر.

**٢- جوانناسی، یان جوانیناسی؟**

لە کوردیدا ئەم دوو زاراوەیە بۆ زانستی (aesthetics) دادەنرێت. پێویستە بڵێین کە جوانناسی هەڵەیە و جوانیناسی دروستە. هەر ئەم بەکارهێنانە هەڵەیە لە زمانی فارسیشدا و لەسەر دەستی کۆمەڵێک نووسەر و وەرگێڕی ناشارەزای فارس دەبینرێت و لە جیاتی زیبائی شناسی دەنووسن زیباشناسی. جوانناسی وشەیەکی هەڵە نییە، بەڵام ئەگەر مەبەست ئەو زانستەیە کە باسی جوانی، تایبەتمەندییەکانی و جۆرەکانی دەکا دەبێت بڵێین جوانیناسی، چونکە لە هەندێک بەرهەم و لقی ئەدەبی و هونەریدا- بە تایبەت ئەدەب و هونەری مۆدێرن- لەوانەیە جوانی دەلالەت نەکاتە سەر بابەت، یان شتی جوان. لێکۆڵینەوە لە هۆکاری هەڵەبوونی بەکارهێنانی جوانناسی لە کوردیدا،

یان زیباشناسی لە فارسیدا بۆ زانستی جوانیناسی باسێکی دووردوورێژ هەڵدەگرێت.

لێرەدا بە کورتی دەبێت بڵێم کە ئەم زانستە لە پێناسە و چۆنیەتی دەرکەوتنی جوانی و تایبەتمەندی و جۆرەکانی جوانی دەکۆڵێتەوە و ئەم باسانەش پێوەندییان بە شت، یان بابەت و دیاردەی جوانەوە نییە. وەک دەزانرێت، زۆر جار، بە تایبەت لە ئەدەب و هونەری مۆدێرندا، بابەت و دیاردەی دزێو و ناشیرین، تەنانەت پیسیش بۆخۆی بەشێکە لە چوارچێوەی جوانیناسانەی بەرهەمەکە، ئەگەر لە ئەدەب و هونەری کۆندا ئەمە تەنیا جوانە کە جوانی تێدایە و جوانی دەنوێنێتەوە، لە ئەدەب و هونەری مۆدێرندا هەندێک جار بابەتی دزێو و ناشیرینیش جۆرێک جوانیی هونەری و ئەدەبی دەبەخشێتە بەرهەمەکە. باس کردن لەم جیاوازییە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە جیاوازیی نێوان جوانیناسیی کلاسیک و جوانیناسیی مۆدێرنەوە هەیە و دیارە ئێرە شوێنی ئەو باسە نییە، بەڵام تەنیا وەکو بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر خوێنەر دەتوانێ بەرهەمەکانی شاعیری گەورەی فەڕەنسی شارڵ بودلێر و ڕاڤەکانی ڤوڵتێر بنیامین و تیورییەکانی بێنێدێتۆ کرۆچە بخوێنێتەوە.

**٣- ئەفسانە، یان ئوستوورە**

ئەفسانە و ئوستوورە نەک هەر یەکێک نین، بەڵکو تەنانەت جیاوازیی زۆریشیان لە نێواندایە، کەچی وەک دەبینین زۆر جار هەندێ نووسەر و وەرگێڕی کورد نەک هەر لە جیاتی یەک بەکاریان دەبەن، بەڵکو هەندێک جار ڕێک بە پێچەوانەشەوە ئەم زاراوانە بە کار دەهێنن. ئەفسانە (legend) چیرۆکێکە هەم توخمی واقیعی تێدایە و هەم توخمی خەیاڵکرد. ئەفسانە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی نییە و لەوانەشە هەر ئێستا لەم سەردەمەی ئێمەدا سەدان ئەفسانە سەبارەت بە کەسایەتی و دیاردە جیاجیاکان سازبکرێت.

بەڵام، ئوستوورە (myth)، ئەگەرچی بە تەواوی خەیاڵکردە، بەڵام هەڵگری چوارچێوەیەکی دیاریکراوە و جۆرێکە لە خوێندنەوەی جیهان و سروشت لە لایەن مرۆڤی سەردەمی ئوستوورەوە، بێجگە لە مانەش، لە بەشە جیاجیاکانی ئوستوورەدا، بە پێچەوانەی ئەفسانە، یەکگرتوویییەکی مانایی دەبینرێت و ئوستوورە ڕێسامەندە و خاوەنی هۆداریتییە، واتە پێوەندیی هۆکار و هۆکردیی تێدایە. ئوستوورە بەو مانایەی کە لێرە لە هەمبەر ئەفسانەدا ڕەچاوی دەکەین سەردەمی خولقاندنی بەسەرچووە، ئەگەرچی ڕەخنەگرێکی وەک ڕۆلان بارت باس لە ئوستوورە هاوچەرخەکان و چۆنیەتی سازبوونیان دەکات، بەڵام لێرەدا مەبەستی من ئوستوورەکانی سەردەمی کەونارایە کە بە شێوەیەک دەرئەنجامی هەوڵی مرۆڤی ئەو سەردەمە بوو بۆ دەستەبەرکردنی خوێندنەوەیەکی ئەقڵانیی بۆ جیهان، بە تایبەت میکانیزمە سروشتییەکان. باشترین سەرچاوە بۆ ئاگاداربوون لەم دەورەی ئوستوورە خوێندنەوەی بەرهەمی فەیلسووفانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، بە تایبەت ئادۆرنۆ و هۆرکهایمێر-ە. سەیر لەوەدایە من لە زمانی کوردیدا کەسی وا دەناسم کە بەرهەمی لە قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە کردووە بە کوردی، کەچی لە بری ئوستوورە کە مەبەستی نووسینەکەیەتی "ئەفسانە"ی داناوە، تەنانەت لە زمانی فارسیشدا وەرگێڕێکی بەناوبانگ و بە سەلیقەی وەک نەجەف دەریابەندەری هەر ئەم هەڵەیەی کردووە و ئوستوورەی بە ئەفسانە داناوە، ئەگەرچی ئەو پێ لە سەر ئەم بۆچوونەی خۆی دادەگرێت، تەنانەت کتێبێکیشی لە سەر ئەم بابەتە نووسیوە، بەڵام ئێمە بە گشتی پێمان وایە وەرگێڕانی myth بۆ ئەفسانە هەڵەیە و یەکسەر لە مانا و کاربردی ڕاستەقینەی ئەم زاراوەیە دوورمان دەخاتەوە.

**٤- سۆسیۆلۆژی، سۆسیۆلۆجی، سۆسیۆلۆژیا، یان کۆمەڵناسی؟**

پێویست ناکات کۆمەڵێک چەمک و زاراوەی دژوار و نامۆ و بیانی کە دەکرێت بە ڕوونی و ڕەوانی بۆ کوردی وەربگێڕدرێنەوە هەر بەهەمان شێوە لاتینییەکەیان بنووسرێنەوە. کەواتە، پێویستە لە بری ئەو زاراوە ڕەقوتەق و نامۆیانەی خوارەوە بەرانبەرەکانیان دابنرێت:

ئەپەستەمۆلۆجیا، ئێپێستێمۆلۆجی، ئێپێستێمۆلۆژی: مەعریفەناسی ("زانیاریناسی" هەڵەیە چونکە لە زمانی کوردیدا زانیاری بە تەواوی مانای مەعریفە ناگەیەنێت).

سۆسیۆلۆجیا، سۆسیۆلۆجی، سۆسیۆلۆژی: کۆمەڵناسی

سایکۆلۆجیا، سایکۆلۆجی، پسیکۆلۆژی: دەروونناسی

ئۆریەنتالیزم: ڕۆژهەڵاتناسی

سیمۆلۆجیا، سێمیۆلۆجی: نیشانەناسی

ئیستەتیکس، ئیستێتیکس: جوانیناسی

بایۆلۆجیا، بایۆلۆجی، بیۆلۆژی: زیندەوەرناسی

هەڵبەت هەندێک جار- بە تایبەت لە وەرگێڕانی ناوی هەندێک قوتابخانەی ئەدەبی و فیکریدا- باشتر وایە وشەکە وەرنەگێڕدرێتەوە وەک فۆرمالیزم لەجیاتی شێوەخوازی، یان ڕوخسارخوازی، یان قوتابخانەی لیبرالیزم، نەک قوتابخانەی ئازادیخوازی

لە کوردیدا وەکو چەمک بە کاردێت، بەڵام دانانی بۆ قوتابخانەی لیبراڵیزم هەڵەیە، چونکە ئەمڕۆکە ئەم ناوە بووەتە ناوێکی تایبەت.

زۆر بە لامەوە سەیرە لەبەرچی هەندێک نووسەری کورد زاراوەیەکی وەکو «ئیپۆک» بەکاردەهێنن. کام کورد دەزانێت ئیپۆک چییە؟ ئیپۆک وشەیەکی ئینگلیزییە بە مانای سەردەم، یان بۆچی هەر ئەم نووسەرانە لە بری ئاسۆ دەنووسن هۆریزۆن؟! بۆچی هەندێک قەڵەم بە دەستی کورد کەڵک لە زاراوەگەلێک وەردەگرن کە نەوەد لە سەدی خوێنەرانیان نازانن ماناکەیان چییە؟ کەچی هەر هەمان وشە لە کوردیشدا هەیە. سەیر لەوەدایە ئەم جۆرە چەمکانە زاراوەیەکی تیوریکی قورس و گران نین کە نووسەر نەزانێت لە کوردیدا چ هاوواتایەکیان بۆ دابنێت. ئیپۆک و هۆریزۆن دوو چەمکی گشتین و دەکرێت زۆر بە ئاسانی بکرێن بە شێوەی سەردەم و ئاسۆ وەربگێڕرێن. وەک چەندین جار بە هێنانەوەی هەندێک نموونە پیشانم داوە، زۆربەی نووسەران و وەرگێڕانی کورد هۆشیاریی زمانناسانەیان نییە، ئەمەش وای کردووە کە بەرهەمی ئەو نووسەرانە گەلێک کێشەی شێوازناسانەیان تێدا بێت.

**٥- ناسی، یان زانی؟**

بەکارهێنانی هەر دوو وشەی ناسی و زانی بۆ دەستنیشان کردنی لقە جیاجیا زانستییەکان (وەک زیندەوەرناسی و زیندەوەرزانی) ڕاستە، بەڵام چەند سەرنجێک پێویستە، هەرچەند سەرەتا ڕەنگە "زانی" بە دروستتر بزانین، چونکە لە زمانی کوردیدا زانین مانای ناسین-یش دەگرێتەوە، کەچی ناسین مانای زانین ناگرێتەوە. بۆ نموونە کە دەڵێین ئەو برادەرە دەناسم بەو مانایە نییە کە بە تەواوەتی و بە باشی دەزانم کێیە و خەریکی چییە. ئەم تایبەتمەندییە لە ئینگلیزیدا نابینرێت و کرداری to know بە هەر دوو ماناکەوە بەکاردەبرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کە لە لایەکی ترەوە، ناسین لە هەناوی خۆیدا هەڵگری بارێکی مەعریفیشە و لەبەر ئەوەش کە بەبێ گرفت بە پاشگری جیاجیاوە دەردەکەوێت و ئەم خەسڵەتە کەمتر لە «زانی»دا هەیە (وەک دەروونزانانە و دەروونناسانە)، هەروەها پاشگری لۆگی بە مانای ناسین و مەعریفەیە نەک زانین، بێجگە لەمەش، ناسی لە هەندێک زانستدا هێندە جێکەوتووە کە کاتێک بە «زانی»یەوە بیاننووسین دەبنە زاراوەیەکی نامۆ (وەک جوانیزانی لە بری جوانیناسی)؛ کەواتە بە مەبەستی یەکدەست کردنەوەی زمانی زانستیی کوردی باشتر وایە لە هەموو زانستەکاندا لە جیاتی پاشگری زانی لە ناسی کەڵک وەر بگیردرێت:

زیندەوەرناسی (زیندەوەرناس، زیندەوەرناسانە) biology

دەروونناسی (دەروونناس، دەروونناسانە) psychology

کۆمەڵناسی (کۆمەڵناس، کۆمەڵناسانە) sociology

مرۆڤناسی (مرۆڤناس، مرۆڤناسانە) anthropology

مەعریفەناسی (مەعریفەناس، مەعریفەناسانە) epistemology

دێرینەناسی (دێرینەناس، دێرینەناسانە) archaeology

ڕەچەڵەکناسی (ڕەچەڵەکناس، ڕەچەڵەکناسانە) genealogy

بێجگە لەمەش، لە زمانی فارسیدا زۆر بە وردی و بە دروستی جیاوازیی نێوان زانی و ناسی دانراوە؛ ئەمەش لەو دوو زاراوەی "کاردان" و "کارشناس" دا دەردەکەوێت. کارشناس، واتە کارناس، قۆناغێک لە کاردان، واتە کارزان، لەسەرترە.

**٦- فێرکارانە، پیشەسازانە، شیکارانە**

چەندین جار لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بینیومە کەڵک لە دەستەواژەی «ڕاپۆرتی شیکاری» وەردەگیرێت. بە ڕاستی ئەوان مەبەستیان «ڕاپۆرتی شیکارانە)یە نەک ڕاپۆرتی شیکاری. شیکاری لە ڕووی ڕێزمانییەوە ناوە و شیکارانە ئاوەڵناو، هەر بۆیە، "ڕاپۆرتی شیکاری" دەبێتە "گزارش تحلیل" کە دیارە ئەوان مەبەستیان "گزارش تحلیلی" یە کە دەبێتە "ڕاپۆرتی شیکارانە".

هەر بە هەمان شێوەش، وشەی پیشەسازی ناوە و ئەگەر بمانەوێ لە کوردیدا ئاوەڵناوی بۆ ساز بکەین، دەتوانین کەڵک لە "پیشەسازانە" وەربگرین. کەواتە، دەستەواژەی "انقلاب صنعتی" لە کوردیدا دەبێتە "شۆڕشی پیشەسازانە" کەچی ئەمڕۆکە ئەم دەستەواژەیە بە شێوەیەکی نادروست و لەسەر دەستی زۆرێک لە نووسەران و وەرگێڕانی کورد وەکو "شۆڕشی پیشەسازی" دێتە بەکارهێنان کە بە مانای "انقلاب صنعت"ـە نەک "انقلاب صنعتی". لە ئینگلیزیشدا هەر بە هەمان شێوەیە و ئاوەڵناوی industrial بەکاردەبرێت نەک ناوی industry.

ڕێک وەک ئەو نموونانەی سەرەوە، زۆر جار بینیومە کە

لە جیاتی ئاوەڵناوی "فێرکارانە" ناوی "فێرکاری" بە کار دەبرێت. لێرەشدا لەجیاتی "کۆنفرانسی فێرکارانە" و "وانەی فێرکارانە" بە شێوەیەکی نادروست دەنووسرێت "کۆنفرانسی فێرکاری" و "وانەی فێرکاری."

ئەگەر تەنیا وەکو کۆمەڵە باسێکی رێزمانی و رێنووسی سەیری ئەم خاڵانەی بەردەست بکەین، ئەوە ناهەقیمان دەرهەق بەم یاداشتانە و بایەخی ئەم بابەتانە کردووە. وەک هەمووان دەزانن من لە ژیانمدا ئەرکی فێرکردنی هیچ زمانێکم لە ئەستۆ نەبووە، بەڵکو لێرەدا مەبەست هەوڵدانە بۆ دەستەبەرکردنی تایبەتمەندییەکان و رەهەندەکانی زمانێکی پاراوی یەکگرتوو کە لە نووسین و وەرگێڕانی دەقە زانستی و تیوریکەکاندا بەکار بهێنرێت.

**٧- زاراوەی «باسکار»**

من یەکەم جار زاراوەی «باسکار»م لە گۆڤاری رەهەندا بینی، پاشان گۆڤارێکم بە دەست کەوت بە ناوی باسکار کە چەندین ساڵ پێش ئێستا لە سلێمانی دەردەچوو. لە یەکەم رووبەڕووبوونەوەمان لەگەڵ ئەم زاراوەیەدا لەوانەیە وابزانین مەبەست لەم زاراوەیە ئەو کەسەیە کە کاری باسکردنە و لە سەر دیاردە جیاجیاکان باس دەکات، بەڵام لە بیرمان نەچێت کە ئەو کەسانەی ئەم زاراوەیە بەکاردەهێنن مەبەستیان ئەو کەسەیە کە کاری توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیە، چونکە ئەوان ئەم زاراوەیەیان دەقاودەق لە "باحث"ی عەرەبییەوە وەرگرتووە، ئەگەرچی وشەی «باس» لە کوردیدا لە "بحث"ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، بەڵام لە زمانی کوردیدا ماناکەی بە تەواوی گۆڕدراوە. لە کاتێکدا کە لە زمانی عەرەبیدا ئەم زاراوەیە بە مانای لێکۆڵینەوە دێتە بەکارهێنان، لە زمانی کوردیدا باسکردن مانای لێکۆڵینەوە ناگەیەنێت و ئەم جیاوازییەش ئەوەندە زۆرە کە لە کوردیدا زاراوەی قسەوباس- ی لێ دروستکراوە، وەک چۆن دەوترێت قسەوباسی ژنانە. کەواتە، زاراوەی باسکار، ئەگەر بە مانای ئەو کەسەیە کە خەریکی باسکردنە، یان کاروباری باسکردنە ڕاستە، بەڵام لە هەر دوو نموونەکەی سەرەوە (رەهەند و باسکار) ئەم زاراوەیە بە مانای لێکۆڵەرەوە، لێکۆڵیار، یان توێژەر بەکار هاتووە. کەواتە، بەکارهێنانی زاراوەی «باسکار» بۆ «باحث» ی عەرەبی هەڵەیە. ئەم نموونەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بەداخەوە زۆربەی نووسەرە دیارەکانی کورد بەبێ سەرنجدانی ورد بە مانا و دەلالەتە قامووسی و پاڵەکییەکانی وشەکان دەستیان کردووە بە بەکارهێنانی ئەم وشانە لە ناو بەرهەمەکانیاندا.

**٨. ئەخلاق و زانستی ئەخلاق، میتافیزیک و زانستی میتافیزیک**

ئەگەرچی هەموان دەزانن ئەخلاق لە زانستی ئەخلاق جیایە و سیاسەت لە زانستی سیاسەت جیایە، بەڵام لە زۆرێک لە دەقە کوردییەکاندا بینیومە وەرگێڕ سەرنجی نەداوەتە جیاکردنەوەی ئەو دوو چەمکە و لێرەدا پیتی (S) کە واتای زانست دەخاتە سەر چەمکەکە بە تەواوی پشتگوێ خراوە، هەرچەندە ئەم خاڵە شتێکی زۆر سادەیە، بەڵام هەر ئەم خاڵە سادەیە کاتێک تۆزێک بۆمان جیدی دەبێتەوە کە بزانین هەر ئەم چاوپۆشییە لە وەرگێڕانی کۆمەڵێک زاراوەدا گرفت بۆ خوێنەر دروست دەکات.

بۆ نموونە، میتافیزیک نەک هەر چەمکێکی فەلسەفییە، بەڵکو لە هەندێک قوتابخانەی فیکری، یان ئایینیشدا ئاماژە بۆ ئاقارێک دەکات کە هەرچەندە نابینرێت و هەست پێ ناکرێت، بەڵام هەردەم ئامادەیە. ئەم زاراوەیە خۆی لە خۆیدا بۆ زۆربەی خوێنەران نامۆیە و بە تەواوی جیایە لە میتافیزیکس کە زانست، یان فەلسەفەی لێکۆڵینەوەی میتافیزیکە. وەرگێڕی کورد هەر دوو زاراوەکە بە شێوەی میتافیزیک وەردەگێڕێت. میتافیزیکس، یان فەلسەفە و زانستی میتافیزیک ئەو فەلسەفە، یان ئەو زانستەیە کە لە میتافیزیک و تایبەتمەندییەکانی و جۆرەکانی دەکۆڵێتەوە. هەر بە هەمان شێوەش، میتافیزیکی بە تەواوی لە میتافیزیک جیایە و لێرەدا چیدی وەک سەرەوە کێشەکە لەسەر جیاوازیی بچووکی نێوان، بۆ نموونە، ئایدیۆلۆژیک و ئایدیۆلۆژیکی نییە، بەڵکو میتافیزیک دەتوانێت ئاماژە بۆ ئاقارێک بکات کە لە سەرانسەری مێژوودا چەندین کتێبی گرنگی لەسەر نووسراوە، کەچی "میتافیزیکی" لەوانەیە تەنیا تایبەتمەندی، یان وێکچوویییەک لەگەڵ شتێک، یان دیاردەیەکی میتافیزیکدا دەربخات. کەواتە، پێویستە ئەم جۆرە زاراوانە زۆر بە پارێزەوە بەکار بهێنرێن. دەقی فەلسەفی و تیوریک دەقێکە کە لە وەرگێڕانیدا دەبێت بە هەستیاریی تەواوەوە هەڵسوکەوت بکەین و بەکارهێنان، یان نەهێنانی، تەنانەت یەک "ی"ی بە ڕواڵەت بێ بایەخ لەوانەیە ماناکە بە تەواوی بگۆڕێت.

# فینۆمینۆلۆژی هوسەرل

## (فەلسەفەی ئایدیالیزمی ترانسندێنتالی)

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

١- دەستپێکی فەلسەفەی سەردەم لە ئەڵمانیا بە تایبەتی و لەو وڵاتانەی بە ئەڵمەمانی قسە دەکەن بریتی بووە لە هەوڵدان بۆ بنبڕکردنی ئەو هۆکارانەی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا ببوون بە مایەی شکست هێنانی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵەمان. ئەو کۆششە بریتی بووە لە چاوخشاندنەوەیەکی کارا بە ناوەرۆک و ڕوخساری فەلسەفەدا:

- فەلسەفە چ میتودەیەک، ڕێگایەک بگرێتە بەر بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بەو مەرەیە نەچێ کە پێشتر پێی چووە؟


- چاو بە لقەکانی فەلسەفەدا بخشێنرێتەوە بۆ ئەوەی ساغ ببێتەوە کامەیان لەگەڵ ڕەوشی نوێدا کە بەهۆی شۆڕشی زانستییەوە هاتۆتە کایەوە، دێنەوە و دەگونجێن. ئەوی بە باشی و پۆزەتیڤ پشکی شێری بەرکەوتووە و کێشە و بەرەیەکی زۆروزەبەندی بەرپا کردووە، بابەتی لۆژیک بووە.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست، کۆششی چاوخشاندنەوە بە لۆژیکدا دوو ڕەهەندی هەبووە:

**یەکەم:** کردنی لۆژیک بە پاشکۆی دەروونزانی (سایکۆلۆژی)، ئەو هەوڵە بە ڕاشکاوی لە بەرهەمەکانی فەیلەسوفی نەمسایی فرانس برێنتانۆدا بەرچاو دەکەوێ.

**دووەم:** پتر بە ڕوخسارەکی کردنی لۆژیک بۆ ئەوەی لە سایکۆلۆژی دوور بخرێتەوە و لەگەڵ بیرکاریدا بخرێنە یەک خانەوە. ئەو کۆششە لەلایەن کۆتلۆب فرێگە (١٨٤٨- ١٩٢٥ز) کرا، کە لە دوو بەرەدا کارابووە:

- دیاری کردنی ناوەرۆک و بابەتی لۆژیک بۆ ئەوەی بە تەواوەتی لە سایکۆلۆژی دووربکەوێتەوە. لە کاتێکدا



هوسەرل

دەروونزانی سروشتێکی ئەزموونی هەیە و بایەخ بەبۆچوون و بەدوای یەکتریدا هاتنی (انطباع) بە عەرەبی و (Eindruuck) بە ئەڵمانی دەدات و وایدادەنێ کە هەموو چالاکییەکی هۆش (دەروونی) ئامانجەکییە و ئەو ئامانجەش لە دەرەوەی خۆیەتی، بۆ نموونە ناکرێ هەستی کینە و خۆشەویستی بەبێ ئەو کەسەی خۆش دەویسترێ، یان بەدزێو دێتە بەردڵ وێنا بکرێت، بەڵام لۆژیک ناوەرۆکی ئەو دەستەواژانەی ئەو ڕەوشە دەروونییە دەردەبڕن، پشتگوێ دەخات و ڕوودەکاتە ڕوخساری ئەو دەستەواژانەی کە پتر بەلای دوو بەهاییدا (ڕاست – چەوت)دا دەچن.

## برێنتانۆ: چەمکی ئامانجەکی

١- لەو کەشوهەوا جەنجاڵ ئامێزەدا داهێنەری فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی بە ئایین جوولەکە و بەزمان ئەڵەمان ئیدمۆند هوسەرل (١٨٥٩- ١٩٣٨ز) چالاک و کارا و دەستبەکار بووە. ڕاستە تێزەی دکتۆرییەکەی بیرکاری (ماتماتیک) بووە، بەڵام لەلای فرەنتس برێنتانۆ F. Brentano (١٨٣٨- ١٩١٧ز) فەلسەفەی خوێندووە، بەپێی سەرچاوەکان ئەو فەیلەسووفە ئەو ئەندازیارە بووە کە لە ڕشتنی ڕەنگی نەخشەی فەلسەفەی هوسەرلدا بەشداری کردووە. بۆ ئەوەی ئەو لایەنە پتر ڕوون ببێتەوە، وا پێویست دەکات ئاوڕێک لە جیهاندیدەکەی ئەو فەیلەسووفە نەمساییە بدەین:

بەلای برێنتانۆوە فەلسەفە بەگشتی، بۆچوون، بڕیاردان و ئەنجامگیری دەکات بە بابەتی توێژینەوە. ئەو چەمکانەش بەگشتی چالاکی دەروونین و دەکرێ بەبابەتی سایکۆلۆژیش دابنرێن(١)، بۆیە دەبێ ئەو زانستە (دەروونزانییە) بکرێ بە بنەمای فەلسەفە بەگشتی و هی لۆژیک بە تایبەتی. لێرەوە دوو خاڵی گرینگ لەو فەلسەفەیەوە دەکەونەوە، کە بەردی بناغەی فینۆمینۆلۆژیان داناوە:

**یەکەم:** شرۆڤەکردنی دیاردەکانی هۆش و Bewuss-tsein پۆلێن کردنیان دەبێ بە کەرەستەی سەرەکی توێژینەوە لە فەلسەفەدا کە لە زەمینەی سایکۆلۆژیدا شین دەبێت.

**دووەم:** ئامانجەکی بیرۆکەی سەرەکی و شا بیرۆکەی کار و چالاکی دەروونییە(٢). ئەو قسەیە چی دەگەیەنێ؟! چۆن لەلای هوسەرل بەرجەستە بووە و لە جیهاندیدەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە.

بەپێی سەرچاوەکان برێنتانۆ باسی پێوەندییە ئامانجەکییەکانی کردووە و ئەو ئەمانجەکییە In-tentionalitat بووە بە ئامانجەکی هۆش(٣). ئەمە چۆن کەوتۆتەوە؟ جیاوازی نێوان ئەو دوو لایەنە چۆن لێکدەدرێتەوە؟ ئایا دەکرێ ناوی ئەو ڕێبازە کە بە واتای «زانستی دیاردە» بێت لەوەوە کەوتۆتەوە گوایا دیاردەکانی هۆش بابەتی سەرەکی توێژینەوەن؟

٢- ئامانجەکی بەلای فرانتس برێنتانۆوە چالاکی و دیاردەیەکی دەروونییە، جۆرە پێوەندییەکی دیار بە بابەتێکەوە بەرجەستە دەکات. ئەو چالاکییانە بە ئاراستەیەکدا تەکان دەدەن و بابەتی خۆیان هەیە، ناکرێ دیاردەی خۆشەویستی بەبێ بابەتێک کە خۆش دەویسترێ لە ئارادابێ، خۆشەویستی بەبێ ناوەرۆک نابێ و ناگونجێ.

دیاردە هەمیشە خەسڵەت و سروشتی ئامانجەکی هەیە و ڕاستەوخۆ بابەتی هۆشە، چونکە هۆش هیچ کاتێک بێ بابەت و کەرەسە و ناوەرۆک نابێت، بەڵکو هەمیشە بریتییە لە هۆش بوون لە شتێک، لە بابەتێک:

ئەو بابەتە دەکرێ خودی مرۆڤ خۆی، بوونی دیاریکراوی خۆی بێت، بەڵام بە هیچ جۆرێک ئەو ئامانجەکییە ئەو دوو ڕەنگییەی بوونەکە لانابات، بەڵکو دووپات و جێگیری دەکات. هۆش هیچ کاتێک ڕووت و پەتی (ئەبستراکت) نابێ و ناوەرۆکی هەیە، بەڵام ئەو ناوەرۆکە خۆی هۆش نییە، بەڵکو شتێکی دیکەیە، بابەتێکە بەهۆی هۆشەوە پەی پێبردراوە و دەکرێ بە هاوردە Data ناوببرێت.

دیاردە دەروونییەکان، بێجگە لەوەی ئامانجەکین، بە پێچەوانەی دیاردە فیزیکییە (سروشتییەکان)ـەوە، بەپێی هەلومەرجی دیاریکراو و ڕێسای تایبەتی پەیدا دەبن و نامێنن وەک: هەست کردن، سۆز، بۆچوون، تێبینی، هزر، بەڵام ئەو بابەتی چالاکییانە لە دوورونزیک کەرەسەی سایکۆلۆژی (دەروونزانی) نین. لە فەلسەفەدا بە پێچەوانەوە بایەخ بەبابەتی «بیروبۆچوون» دەدرێ، ئەو دوو کەرەسەیە چالاکی و کاری بیرکردنەوە و وێناکردن (چالاکی بۆچوون) دیار و دەستنیشان دەکەن(٤).

چۆن هوسەرل لەگەڵ ئەو بیرۆکەی ئامانجەکیدا هاتۆتەوە؟ چۆن سوودی لێ وەرگرتووە و بەکاری هێناوە؟ تا چەند دوو ڕەنگی ناوەرۆکی هۆش و هۆش خۆی لە جیهاندیدەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە و بەرجەستە بووە؟! هەڵوێستی بەرانبەر بە بیرۆکەی ئامانجەکی چۆن بووە؟ ئایا هوسەرل قسەی لە ئامانجەکی هۆش کردووە؟ Be-wusstsein، یان باسی پێوەندییە ئامانجەکییەکانی کردووە، ئامانجی ئەو پێوەندییەی کە هەر چالاکییەک بە شتێکەوە، بە بابەتە گیانی- ژیرەکییەکەوە هەیەتی؟!

٣- دەکرێ، بەپێی سەرچاوەکان جیاوازییەکی سەرنجڕاکێش لەنێوان برێنتانۆ و هوسەرلدا دەستنیشان بکرێت: لەلای برێنتانۆ دیاردەکانی هۆشی مرۆڤ دەکرێن بە سێ جۆرەوە:

- بۆچوون.
- بڕیار (حوکم) دان.
- دیاردەکانی هەست و سۆز (چالاکی خواست)(٥)

ئەو جۆرە شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی هۆش و چالاکی هزر (بیری) مرۆڤ، ئەگەرچی ڕەوشی فەلسەفە و لاهووتی سەدەکانی ناوەڕاستی ژێر دەسەڵاتی کڵێسەی مەسیحی دینێتەوە یاد، ڕەنگدانەوەیەکی ئەکتیڤ و کاران لە جیهاندیدی هوسەرلدا هەبووە، بە تایبەتی لە میتودەیەکەیدا کە بە میتودەی فینۆمینۆلۆژی ناوبراوە و بە پشکی سەرەکی فەلسەفە و جیهاندیدەکەی دادەنرێت، ئەگەرچی لە سەرەتاوە هوسەرل مەیلێکی بەلای دەروونزانی ئەزموونی برێنتانۆدا هەبووە و لە لۆژیکەکەیدا بەدەرکەوتووە، بەڵام بەهۆی ئەو گازندە و ڕەخنە توندەی فرێگە لێی گرتووە، وردە وردە دەستبەرداری ڕێبازی سایکۆلۆژی Psychologismus بووە، بەڵام لەچوارچێوەی میتودەکەیدا هەر پابەندی ئاراستەی ئامانجەکییەکەی برێنتانۆ بووە و بەپێی جیهاندیدەکەی گۆڕانی تێدا کردووە. ئەو گۆڕانە بەو شێوەیە بووە:

**یەکەم:** جیاکردنەوەی لۆژیک لە دەروونزانی بەوەی ساغی بکاتەوە کە لۆژیک دیسپلینێکی تیورییانەی بێگەردە و هیچ کاتێک بنەماکانی بەهۆی میتودەی شیکردنەوەی دەروونزانی ئیمپیری بەدەست نایەن، چونکە پێوەندییان بە جۆری بیرکردنەوە و بنەماکانییەوە نییە. دەستەواژەکانی(٦) پێشبیانەکاران و ڕاستن.

**دووەم:** جیاکردنەوەی هەردوو بابەتی چالاکی و ناوەرۆکی هزر لە یەکتری. ئەو دوو خاڵانە چی دەگەیەنن و دەگەنە چ ئەنجامێک؟!

ڕاستە لۆژیک و سایکۆلۆژی هەردووکیان توندوتۆڵ بە کەرەسەی هزر (بیر)ـەوە بەندن، کەوابوو چۆن دەکرێ لە یەکتری جیا بکرێنەوە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بە جۆرێک کە دەروازەی چوونە نێو جیهاندیدی فینۆمینۆلۆژی هوسەرل بخاتە سەر پشت و واڵای بکات، دەبێ ئەوە ڕوون بکەینەوە هەریەکە لە دەروونزانی و لۆژیک چۆن و بە چ جۆرێک بابەتی هزر و چ لایەکی لێ دەکەن بە کەرەسەی توێژینەوە،ئەو کاتە سەربەخۆیی و جیاوازییان لە یەکتریش ڕوون و ساغ دەبێتەوە.

٤- ئایا ئەو جۆرە پرسیارە، گومانێک، دوورکەوتنەوەیەک لە پرسیار و بابەتی دەروونزانی و میتودەکەی ناگەیەنێ؟!

- ڕوون و ئاشکرایە کە لە پرۆسەی بیردا دوو بابەت لە یەکتری جیا دەکرێنەوە:

**یەکەم:** چالاکی بیرکردنەوەکە Akt

**دووەم:** ناوەرۆک (بابەتی) بیرکردنەوە کە هەمیشە ئاراستە ئامانجەکییەی یەکەمیان کە چالاکییە دووپات دەکاتەوە.



**نیوتن**

بۆیە بە چ جۆرێک پێناسەی لۆژیک و دەروونزانی بکرێت، وەڵامی پرسیاری پێشووتر ڕوون دەبێتەوە. ئەگەر بگوترێ لۆژیک تیورییەکە، هونەرێکە، تەکنیکی بیرکردنەوەی ڕاستو دروستە کە بڕیاردان و ئەنجامگیری و زانین و سەلماندن و پەی پێ بردن دەگرێتە خۆی، ئەوکاتە لۆژیک دەچێتە نێو پاوانی پان و بەرینی دەروونزانییەوە، بەڵام بەلای هوسەرلەوە لۆژیک و دەروونزانی لە یەکتری جیاوازن، چونکە دیسپلینی هەردوو بابەتەکە و کارەکتەریان لەیەکتری جیاوازن.

هوسەرل گوتوویەتی:

«سایکۆلۆژی وا سەرنجی هزر (بیر) دەدات خۆی لە خۆیدا چۆنە Wie es ist ، بەڵام لۆژیک کارەکتەرێکی پێوەرییانەی هەیە و وا تەماشای بیر دەکات کە: پێویستە چۆن بیت(٧): Wie es sein soll».

– بە هەلومەرجەکردنی چەند بنەمایەکی دەروونزانی لە چوارچێوەی پاوانی لۆژیکدا بە هیچ ڕێسایەک پشت ڕاست ناکرێتەوە، بەکارهێنانیشیان لە لۆژیکدا بە هەمان شێوە لەگەڵ پێناسەی ئەو لقەی فەلسەفەدا نایەتەوە، بۆیە هوسەرل ناهەقی نەبووە کە هەر لە سەرەتای دەستبەرداربوونی لە پسپۆڕی بیرکاری و هاتنە نێو جیهان و دەڤەری فەلسەفەوە سەرگەرمی لە یەکتری جیاکردنەوەی هەردوو لقەکە بووبێ!

بنەما و ڕێسا و دیاردەکانی دەوونزانی خەسڵەتی ڕێککەوت و ڕێ تێچوونیان هەیە، بەڵام بنەما و ڕێساکانی لۆژیک پابەندی کات و جێگا نین و هەمیشە ناچارین notwendig.

دەروونزانی پتر بەلای تیوری زانین و پرۆسەکەیدا دەچێ، لە لۆژیکدا هیچ مەرج نییە بزانرێت.

مێشک و فام چین و چۆن بیر دەکەنەوە و لەو چالاکییەدا چ شێواز و پەیڕەوێکی گرتۆتە بەر، بەڵکو دەبێ بزانرێت:

چۆن دەبێ و پێویستە لە بیرکردنەوەدا چ پەیڕەوێک بگرێتە بەر! ئەگەر هوسەرل لەو کایەیەدا دوو ڕەنگی لۆژیکی یەکلایی کردبێتەوە، ئەوە لە چوارچێوەی بیردا بە جۆرێکی دیکە ئەو دوو ڕەنگییەی دووپات کردۆتەوە: بیرکردنەوە، پشت ئەستوور بە بابەتی ئامانجەکی، دەکرێ بە دوو بەشی سەربەخۆ و توندوتۆڵ بەیەکەوە بەستراوە:

**یەکەم:** چالاکی و کاری بیرکردنەوە کە هوسەرل وشەی (نۆئیزیز)ی بۆ بەکارهێناوە: Noesis.

**دووەم:** ناوەرۆکی بیر(٨) «هزر»- نۆئیما- Noema.

هەر بەو پێودانگە هۆش کە بابەتی سەرەکی توێژینەوەی میتودەی فینۆمینۆلۆژییە لە چالاکی و ناوەرۆک پێکهاتووە.

ئەو هەوڵەی هوسەرل جارێکی تر پێوەندی ئامانجەکی چالاکی بیر کە دیاردەیەکی دەروونییە دووپات دەکاتەوە و لە چالاکی دیاردەی فیزیک جیای دەکاتەوە. ئەوەش ڕاستییەکە بواری هیچ ئەگەر و گومانێک نادات. هیچ کاتێک هۆش بەبێ ناوەرۆک نابێ. مرۆڤ هەمیشە هۆشی لە شتێ دەبێ، ئەگەر هۆشیار بێ و هۆشی لە دەست نەدابێ، ناکرێ مرۆڤ شەیدابێ و شتێکی خۆش نەوێ کە ناوەرۆکی چالاکی شەیدا بوون و خۆشەویستییەکەی لێ پێکدێت. هەموو کاتێک بۆچوون سنووری چالاکی خۆی دەبەزێنێ و بەرەو وێناکردنی بابەتێکی لەخۆی جیاواز ئاراستە دەبێ و پێوەندی دەگرێ. بڕیاریش هەروایە، شتێک ئا، یان نا کردرێ، پەسند، یان بەلاوە دەنرێت!

**میتودەی فینۆمینۆلۆژی**

١- شارەزا و مێژوونووسانی فەلسەفەی سەردەم لەو باوەڕ و بۆچوونەدا کۆکن کە کارەکتەر و گەوهەر و سروشتی تایبەتی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی بە پلەی یەکەم لەو میتودەیەدا بەرجەستە بووە کە بە میتودەی فینۆمینۆلۆژی ناودەبرێ، کەوابوو ئەو میتودەیە چۆنە و بەچی لە میتودەکانی دیکەی فەلسەفە جیا دەبێتەوە؟ تا چەند ئەو میتودەیە توانیویەتی جیهاندیدی ئەو ڕێبازە فەلسەفەییە کە بە ڕێبازێکی کارای سەردەم دەژمێرێ جێبەجێ بکات؟

پشت ئەستوور بەوەی تا ئێستا خرایە بەرچاو، لەو پرسیارانە ئەو پرسیارە سەرئاو دەکەوێ، تا چەند ئەو میتودەیە لە چەمکی ئامانجەکی دەروونزانی سوودی وەرگرتووە و تا چ ڕادەیەک لەگەڵ ئەو لۆژیکەدا دێتەوە کە هوسەرل هەوڵی ڕەنگ ڕشتنی داوە؟

ڕابەری فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی لە شاکاری «چەند ئایدیایەک بەرەو فینۆمینۆلۆژییەکی بێگەرد و فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژیدا بە ڕاشکاوی گوتوویەتی کە گەوهەری ئەو ڕێباز و فەلسەفەیە، میتودەکەیەتی و ئەمیش بریتییە لە شرۆڤەکردن کە بە عەرەبی بە (وەسف) ناودەبرێ. ئەو شرۆڤە کردنە خۆی لە خۆیدا باسکردنێکی ورد و ڕێکوپێک و سەرتاپاگیرانەی دیاردەیە چۆن لە هۆشدا دەردەکەوێ.

- وشەی دیاردە کە لێرەدا بەکارهاتووە، پێش قسەکردن لە میتودەکە، ئینجا بووە بەناوونیشانی سەرەکی ئەو جیهاندیدە فەلسەفەییە، بەگشتی لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستەوە کەوتۆتەوە و کانت و هیگڵ و هوسەرل بە سێ جۆر و شێوازی لە یەکتری جیاواز بەکاریان هێناوە.

وشەکە خۆی Phenomena فینۆمینا، واتای دیاردە، بەدەرکەوتوو، ئەوەی دێتە پێش چاو دەگەیەنێ.

بە ڕێکوپێکترین شێوە و شێواز لە چوارچێوەی تیوری زانیندا، بەڵام جیاواز لەوەی هوسەرل، ئیمانوییل کانت ئەو وشەی بەکارهێناوە لە پرۆسەی زانین، کانت جیاوازی لە نێوان دیاردە و شت لە خۆیدای دەرخستووە و پێی لەسەردا گرتووە. بەلایەوە مرۆڤ لەو پرۆسە گرنگەدا تەنیا هەر ئەو دیاردەی شتانە دەزانێ کە هەستیان پێدەکات و دەیانبینێ و دەیانبیستێ، بەڵام ڕاستی و هەقیقەتی شت چییە هەمیشە بە شاراوەیی دەمێنێتەوە و لە توانایی هیچ بوونەوەرێکی ژیردا نییە پەی پێ بەرێ و بیزانێ. کەوابوو لە پشت هەموو دیاردە و دەرکەوتێکەوە ڕاستییەک هەیە کە مرۆڤ ناکرێ بیزانێ. هوسەرل بەولایەدا نەهاتووە و باوەڕی بەو جۆرە دوو ڕەنگییە نەبووە.

- هیگڵ شۆڕە سواری فەلسەفەی ئایدیالیستی ڕەهای ئەڵەمان لە سەرەتای سەدەی نۆزدە (ساڵی ١٨٣٢ز) شاکارێکی خۆی بەناوی فینۆمینۆلۆژی گیان (ژیر) Geist بڵاوکردۆتەوە.

لەو بەرهەمەدا هیگڵ وشەی فینۆمێنی (دیاردەی) بۆ بەدەرکەوتن و بەرجەستە بوونی هەمەجۆر و فرە ڕەنگییەکانی ژیر-گیان بەشێوازێکی دیالێکتیکی بەکارهێناوە هەر لە هۆشیاریی سادەی - شاکاری هەستەکییەوە تاوەکو پلەیەکی باڵاتری پەی پێ بردنی هەستیانە، بەرەو تێگەیشتن (فام) و جۆرەکانی تر فۆرمی هۆشیاریی تا دەگاتە ئەوپەڕی پلەی بەرز و باڵای کارایی و چالاکی ژیر. بەو پێیە ئەو وشەیە پرۆسەیەکی چڕوپڕ و ئاڵۆز ئامێزی دیالێکتیکیانەی ژیر- گیانی بەرجەستە کردووە، هەروەک چۆن لە سروشتدا بەرجەستە دەبێ، ئینجا بەنامۆبوون بەرپەرچی خۆی دەداتەوە و جارێکی دیکە بەشێوازی سونتێزە دێتەوە سەرخۆی.

لەچەند بەرهەمێکدا هوسەرل ئەو چەمکەی بە تەواوەتی بە شێوازێکی جیاواز، بەڵام دوای ئەوەی سوودی لە کۆششەکانی پێش خۆی وەرگرتووە، کە تایبەتمەندی میتودەی جیهاندیدە ئاڵۆزەکەی بەرجەستە بکات، بەکاری هێناوە:

هوسەرل لە چوارچێوەی هۆش و ئەزموونی زیندوودا کە بە زمانی ئەڵەمانی بە Erlebnis ناودەبرێ و دەکرێ بەعەرەبی بە (التجربة المعاشة) وەربگێڕدرێ. شیکردنەوەی ئەو ئەزموونەی بە ئەرکی شیکردنەوەی فەلسەفەیی و میتودەی گێڕانەوە Reduktion بەند کردووە. چۆن ئەو بڕیار و هەڵوێستە روون دەکرێتەوە و شرۆڤە دەکرێ؟!

٢- میتودەکە کە هوسەرل لە سەرەتاوە پشتی پێ بەستووە و بەکاری هێناوە لە دوو لایەن پێکهاتووە:

**یەکەم:** لایەنێکی نالەباری ناڕێ (نێگەتیڤ): لەو لایەنەی میتودەکەدا دەبێ تەنیا بایەخ بە خەسڵەتی

گەوهەریی شت بدریّ چۆن لە هۆشدا بەرجەستە دەبیّ، ئەو ڕەوشە وا پێویست دەکات کە هەموو بیرو بۆچوونێکی پێشووتر- پێشیانە پشتگویّ بخرێت، مرۆڤ خۆی لە بڕیاردان ببوێریّ بەبیّ ئەوەی گومان لە بوونی شەمەکی دەرەکی بکرێت، دەبیّ ژێر کە لەو پرۆسەیەدا پشتی پیّ ببەستریّ، بوونی ڕیالیستی شت بخاتە نێوان دوو کەوانەوە(٩) بۆ ئەوەی بتوانیّ ڕاستەوخۆ سەرنجی گەوهەر بدات بۆ ئەو قۆناغە هوسەرل وشەی یۆنانی ئێپۆخی Epoche بەکارهێناوە.

**دووەم:** لایەنی لەباری ئاریّ (پۆزەتیڤ):

لەو بەشەدا کە پوختەی میتودەکەی لیّ پێکهاتووە، دەبیّ ڕاستەوخۆ «ڕوو بکرێتە شتەکان خۆیان»، چوون بۆ ئەو شتانەی بە ڕوون و ڕەوانی لە هۆشدا بەدەردەکەون. ئەو لایەنە پشت بە بنەمای ئامانجەکی و پرۆسەی چوونەوە سەر Zuruck Zu دەبەستیّ: ئەگەر (کانت) وای دانابیّ کە شمەکەکانی جیهانی دەورروبەر لە کۆی چەند بۆچوونێکی ژێرەکی بەولاوە نەبن و کاتێک دەبن بە بابەت و کەرەسەی زانین، ئەگەر هاتو ژێر بە جۆرێک لە جۆرەکان پێوەندی پێوە کردن، ئەوە هوسەرل بە پێچەوانەوە و بەپێی بنەمای ئامانجەکی لە چوارچێوەی ئەو میتودەیەدا وای داناوە کە هۆش خۆی کۆنترۆڵی ئەو بۆچوونانە ناکات بۆ ئەوەی بیانکات بە کەرەسەی زانین، بەڵکو ئامانجی ئەوەیە ڕوو بکاتە شمەکەکانی دەورروبەر بۆ زانینیان. ئەو هەڵوێستە وادەگەیەنیّ کە میتودەکە ئەزموونی نییە، بەڵکو بریتییە لە پەردە لەسەر لادان و ئاشکراکردنی دراو و هاوردە (داتا)، ئینجا ڕوونکردنەوە و باسکردنی ئەوەی بە دیاردە ناسراوە. لەو کۆششەدا پشت بە هیچ قانوون و بنەما و ڕێسایەک نابەستیّ.

## هۆش و ئەزموونی زیندوو

١- لە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی هوسەرلدا هەردوو چەمک- بابەتی «هۆش و ئەزموونی زیندوو» ڕۆڵی ناوەندی دەگێڕن. هۆش کە ئەو بەبیّ گەرد rein ناوی دەبات توندوتۆڵ بە جیهاندیدی فەلسەفەکەیەوە بەندە و لە یەکتری دانابڕێن، ئەمەش لە بنەمای سەرەکی ئامانجەکی و خۆ بواردن لە بڕیاردان و چوونەوە سەر شتەوە کەوتۆتەوە. لێرەوە کاتێک فەیلەسووفی فینۆمینۆلۆژی چالاک و دەستبەکار دەبیّ، یەکسەر و ڕاستەوخۆ پێوەندی بە جیهانی دەورروبەرەوە نابیّ، بەڵکو ڕووبەڕووی خەسڵەتی گەوهەری شت، واتاکەی دەبێتەوە، بۆیە لەو هەڵوێست و ڕەوشەدا تێگەیشتن و باسکردن و بەدەرکەوتنی دیاردە جۆر بەجۆرەکانی گەوهەر و واتا بە ئەرکی سەرەکی خۆی دادەنیّ.

ئەوەی بەهۆی هۆشەوە وێنا دەکرێت، جا بەدیتن، یان بە هزر و بۆچوونەوە بێت، هوسەرل بە فینۆمین- دیاردە ناوی دەبات، بۆیە زانستی هۆش بەو پێیە بە فینۆمینۆلۆژی ناودەبات(١٠).

هوسەرل لەجیهاندیدە جەنجاڵ ئامێزەکەیدا توێژینەوەی ورد و ڕێکوپێکی سیستمیانەی هۆش وەک ئەرکی فەلسەفەیی گرتۆتە ئەستۆ، چونکە هۆش تاکە دیاردەیە مرۆڤ لێی دڵنیایە و هیچ گومان و ئەگەرێک هەڵناگرێت.

شارەزایی و ئەزموون لە بارەی جیهان و دەورروبەرەوە، هەر لەپەیبردن بە کەرەسە و بابەتەکانەوە تاوەکو زانینی زانستییانە لە هۆشەوەیە و بەو پێکدێت و دەستنیشان دەکرێت. دیاردەکانی هۆشی بێگەرد ئەو دیاردانەن کە فینومینۆلۆژی بە کایە و پاوانی توێژینەوەی داناون. هۆش و هۆشیاری لە ئەزموونی زیندووی ژیانی ڕۆژانەوە دەکەونەوە کە هوسەرل بە ئەڵەمانی وشەی (Erlebnis)ی بۆ بەکارهێناوە. ئەوی بەدەردەکەویّ و مرۆڤ دەسەڵاتی بەسەریدا بشکیّ و بیزانیّ هەر لەو ئەزموونەدا بەدەردەکەویّ، ئەوەیە تایبەتمەندی ئەو ڕێبازە کە لە هی پوستیڤیزمی لۆژیکی جیای دەکاتەوە. لە کاتێکدا ڕابەرانی ئەو ڕێبازە لۆژیکییە شیکردنەوەی دەستەواژە و پرۆپۆزیشنەکانی زمان و لۆژیکیان کردبوو بە کەرەسەی توێژینەوە، هوسەرل بە پێچەوانەوە سەرگەرمی شرۆڤەکردن و توێژینەوەی ئەزموونی هۆش و پێکهاتە و بنەماکانی بووە(١١). ئەو ئەرکەی فینۆمینۆلۆژی چۆتە ژێر بارییەوە و لە جیهاندید و سیستمە فەلسەفەییەکانی دیکەی سەردەمی خۆی جیای دەکاتەوە و بگرە کاری لە چەندین ڕێبازی دیکەی سەردەم و دوای خۆی کردووە، دەکریّ بە نموونە ڕوون بکرێتەوە:

مرۆڤ بەلای باخێکدا تێدەپەڕیّ، درەختێک بەری گرتووە، چۆن ئەو دیمەنە سەرنجی ڕادەکێشیّ؟ ئەو سەرنجڕاکێشان و دیتن و وێناکردنەی مرۆڤی ئاسایی چۆن و بەچی لە هی فینومینۆلۆژی جیادەکرێتەوە؟ مرۆڤی

ئاسایی هەڵوێستی سروشتی ریالیستی هەیە، لەوەدا کە درەختەکە بوونی ئاسایی سەربەخۆیی لە کات و جێگادا هەیە و دیتنی درەختەکەش دیاردەیەکە بوونی هەڵکەوت - راستەقینەی خۆی هەیە!. کەوابوو هەڵوێستی هوسەرل لێرەدا چۆن روون دەکرێتەوە؟! راستە بابەتەکە خۆی لەخۆیدا بابەتی هەستە، بەڵام میتودەی فینومینۆلۆژی پەیرەو دەکرێ کە بریتییە لە خستنە نێوکەوانەوە، خۆ بواردن لە بڕیاردان، چوونەوە سەر شت خۆی بۆ سەرنجدانی گەوهەر (ماهیەتی) شتەکە خۆی چۆن لەهۆشدا دەردەکەوێ! لە سەرەتادا دیمەنەکە بەو جۆرە سەرنج دەدرێت کە هەڵوێست و قسە و بۆچوونی مرۆڤی ئاسایی کە شتەکەی زانیوە و پەی پێ بردووە، دەخرێنە نێو دوو کەوانەوە و هیچ لە بارەیانەوە ناگوترێ و بڕیار نادرێ (Epoche)، ئیتر ئەو هەڵوێستە دەبێتە مایەی ئەوەی توێژەری جیهاندیدی میتودە و رێبازی فینومینۆمینۆلۆژی لەبەردەم دوو رەوشدا بێت:

**یەکەم:** زنجیرەیەکی ئاڵقە توندوتۆڵ بەیەکەوە بەستراوی ئەزموونی زیندووی هەستەکی کە جۆرە پەی پێ بردنێکی هەستەکی تێدایە.

**دووەم:** چۆن ئەو ئەزموونە زیندووە هەستەکییە هەڵبسەنگێنرێت؟(١٢) ئەو دوو رەوشە دەرفەت دەرەخسێنێ بەپێی میتودەکە ناوەرۆکی هۆش بکرێت بە کەرەسە:

باسی ناوەرۆکی هەڵوێست و پێکهاتەکەی بکرێت بەبێ ئەوەی ئاماژە بە بوونی دەرەکی بابەتی بۆچوونەکە لە دەرەوەی هۆشدا بدرێت. لەو هەڵوێستەدا ئەزموون بە تەواوەتی لەبەرچاو و دیددا دەبێت و دەکرێ لەنێوان دوو کەوانەدا باسی «درەختەکە» بکرێت، ئەوکاتە کە قسە لە «درەختەکە» دەکرێت مرۆڤ دڵنیا دەبێت لەوەی کە بە تەنیا هەر باسی چەند شتێک دەکرێت کە سەر بە گەوهەر و (ماهییەتی) چییەتی ئەزموونن و پێوەندییان بە بوونی دەرەکی سەربەخۆیانەوە نییە، بەهەمان پێودانگ، دەکرێ لەو پرۆسەیەدا چالاکی زانین و دیتن و پەی پێ بردن نۆئیزیس لە نۆئیما جیا بکرێتەوە کە بابەتی گەوهەریی دیتن و زانینەکە دیار و دەستنیشان دەکات.

### بە زانست کردنی فەلسەفە

١- ئەگەرچی ئەو ناوونیشانە هەر لە سەرەتاوە لە ڕوخسار و ناوەرۆک، لە میتودە و بابەتەکانی فەلسەفە و لەو رۆڵەی لەچوارچێوەی کولتووری مرۆڤدا دەیگێڕێ جۆرە گومانێک دەوروژێنێ، بەڵام لە دوای پێچرانەوەی دامودەزگا سەرتاپاگیرەکانی کڵێسە و فەلسەفەی کۆتوبەند کراوی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست، لە چاو فەلسەفە، زانست بە هەنگاوی شۆڕش ئاسا بەرەو پێش چووە و سنووری چاوەڕوانکراوی بەزاندووە، بۆیە ئەو پرسیارە رەوا بووە: ئەگەر فەلسەفە ببێ بە زانست دەکرێ بەو جۆرەی زانستەکان بەرەوپێش بچێ؟!

ئەو پرسیارەی دووبارە لێرەدا دێتەوە یاد: ئایا مەبەست لە بە زانست کردنی فەلسەفە چییە و چ لایەنێکی فەلسەفە دەگرێتەوە و مەبەستە؟!

لەپێش فەلسەفەی ئیمپریزمی لۆژیکی کۆڕی ڤیەننادا هوسەرل ساڵی (١٩١٠ز) لە گۆڤاری بەناوبانگی (لۆگۆس)دا نووسینێکی بەناوی «فەلسەفە وک زانستێکی ورد و رێکوپێک» بڵاوکردۆتەوە کە بەلای لایەنگیرانییەوە بە مانیفێستی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی دانراوە تێیدا دروشمی بە زانست کردنی فەلسەفەی هەڵگرتووە.

ئایا دەکرێ فەلسەفە دەستبەرداری مێژووی بوونی هەزار ساڵەی خۆی ببێ و دەست بەدامێنی زانستەوە بگرێ؟ گریمان ئەو پرسیارە بە ئارێ وەڵام بدرێتەوە، ئایا فەلسەفە لەو رەوشە نوێیەیدا هیچی دیکە فەلسەفە دەمێنێ؟ دەبێ هوسەرل فەلسەفەی بە زانست بوو لە چیدا بدۆزێتەوە؟ ئایا ئەو داخوازییەی ئامرازە، یان ئامانج، تا چەند ئەو هەڵوێستەی لە چوارچێوەی جیهاندیدەکەیدا بە سوود و قازانج دەگەڕێتەوە؟!

ئەگەر لە هەندێک وردەکاری و بابەتی لابەلایی چاوبپۆشرێ، دەکرێ ئەو توێژینەوەیەی هوسەرل بکرێت بە دوو بەشەوە:

**یەکەم:** گازندە کردنی هەردوو رێبازی فەلسەفەی سروشتی و رێبازی فەلسەفەی مێژوویی: His-torismus.

**دووەم:** دووبارە دیار و دەستنیشانکردنەوەی ئەرک و میتودە و پەیرەوی فەلسەفە کە لەگەڵ ئامانجی جیهاندیدی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژیدا بگونجێ کە هوسەرل لە نووسینەکەیدا بەسەرنجدانی گەوهەر و ماهیەتی ناوبردووە: Wesensschau.

٢- ئەگەر ڕابەرانی فەلسەفەی کۆڕی ڤیەننا بە زانست بوونی فەلسەفەیان لە بابەتی لۆژیکی نوێ- بیرکاریدا بەرجەستەکردبێ و دیتبێ، ئەوە هوسەرل ئەمەی لە چوارچێوەی تیوری زانیندا دووپات کردۆتەوە. بەلای هوسەرلەوە، لە چوارچێوەی ئەو پرۆسەیەدا جێگای خۆیەتی کە بیرکردنەوە Noesis لەوەی بیری لێدەکرێتەوە Noema هەلاوێردرێ و جیابکرێتەوە. چالاکی بیر بریتییە لەوەی مرۆڤ شتێک دەزانێ، ئەوەش چالاکی زانینە، ئەو شتەش کە زانراوە بریتییە لە ناوەرۆکی زانینەکە. بە هەمان پێودانگ تیوری زانینەکە زەمینەی پرۆسەی بە زانست کردنی فەلسەفە خۆش دەکات بەو جۆرەی کە پرسیار و ناوەرۆک و بابەتی تیورییەکە بەو جۆرە ڕەنگ برێژرێن کە فینۆمینۆلۆژی سەرگەرمی جێبەجێ کردنیەتی. کەوابوو ئەو تیورییەی زانینە لە چوارچێوەی جیهاندیدی هوسەرلدا، دەبێ چۆن بێ و چۆن چالاک بێت؟. لە وەلامی ئەو پرسیارەدا هوسەرل دوو هەنگاوی هاویشتووە:

**یەکەم:** ئەو پرسیارانەی لە چوارچێوەی تیوری زانیندا وەلام دەدرێنەوە و دەکرێن بە کەرەسە و بابەتی توێژینەوە.

- پێوەندی نێوان ئەزموون و هۆش چۆن و چییە(١٣)؟!

- پێوەندی نێوان بوون و هۆش دەخرێتە چ خانەیەکەوە؟

- چ لە بابەتەکە بهێلرێتەوە و چی دوور بخرێتەوە و کامیان بخرێنە نێو دوو کەوانەوە و بریار لە بارەیانەوە نەدرێ.

ئەگەر تیوری زانین فەلسەفە بەلای زانستدا بەرێت، دەبێ سەرگەرمی توێژینەوەی پێوەندی نێوان هۆش و بوون بێت، ئیتر ئەو ئەرکە واپێویست دەکات کە ئەو دەستەواژانەی Aussagen ڕەوشی بوونی شتیان لە چوارچێوەی جێگا و کات و هۆیەکیدا تێدایە دووربخرێنەوە! ئەو دوورخستنەوە، هەروەها ڕەوشی تایبەتی بوونی توێژەر و هێزە دەروونییەکانیشی بگرێتەوە. لەمەوە چ دەکەوێتەوە و چ ئەنجامێک بەدەست دێت؟!

-هەر جۆرە بابەتێک بخوازرێ ببێ بە کەرەسەی ئاخاوتنێکی ژیرەکی، ببێ بە کەرەسەی زانینی زانستییانە، دەبێ لە پرۆسەی زانیندا بەدەربکەوێ و ببێ بە بابەتی ناوەرۆکی هۆشی خۆی... ئینجا هەموو جۆرەکانی هۆش کە بچنە خانەی ئامانجەکی زانینەوە، دەبێ لە گەوهەر و چییەتییەکانیاندا (لە ماهیەتیاندا) ببن بە کەرەسەی توێژینەوە(١٤).

**دووەم:** لەو لایەنەی کۆششەکەیدا هوسەرل کۆشاوە سێ خاڵ دووپات و جێگیر بکات:

- ئەو هەوڵەی فەلسەفەی سروشتی و ڕێبازی مێژوویی (ڕێژەیی) داویانە گوایە فەلسەفە بە زانست بکەن سەرنەکەوتووە بە هیچ جۆرێک شیاوەکی نییە.

- پێویستە بە تەواوەتی ناوەرۆک و بابەتی زانین لە یەکتری جیا بکرێنەوە. ئینجا:

- فەلسەفەی ئەزموونی بەهیچ بنەمایەکی زانستی پشت ئەستوور نییە و ناشیاوەکییە(١٥).

بەلای هوسەرلەوە لە هەموو قۆناغەکانی پەرەسەندنی فەلسەفەدا کۆششی بە زانست کردنی فەلسەفە کراوە، بەلام هەرگیزاوهەرگیز ئەو ئەنجامە دەستگیر نەبووە و ئەو نیشانە نەپێکراوە، جا ئیتر هۆکارەکەی هەر شتێک بێت هەتاوەکو ئێستا فەلسەفە بە زانست نەبووە، نەزمێکی ڕێکوپێکی نییە و ئەو کۆششەش کە فەلسەفەی سروشتی و ڕێبازی مێژوویی کردوویانە، نەزمی سیستم و سەلمێنە و تیورییەکانیان تەمومژاوی و ناتەواون.

لەلایەکی دیکەوە بە پێچەوانەی زانستەکان و بیرکارییەوە تائێستا ئەو سەردەمەش لە فەلسەفەدا بەگشتی بیروبۆچوونی جیاواز، هەڵوێست و جیهاندیدی هەمەجۆر لە ئارادان و کاریگەری و نەزمی ڕێکوپێک بەرچاوناکەوێ و هەموو شتێک لە فەلسەفەدا بەپێچەوانەی زانستەوە دەرفەتی مشتومڕ لەسەرکردن دەدات و هەموو هەڵوێستێک کە بنوێنرێ پابەندی پەسندکردنی تاکەکان و شرۆڤەکردنی ڕێباز و بۆچوون و سەرنجەکان(١٦)، بۆیە وا پێویست دەکات پەنا بۆ ڕەخنەگرتنێک ببرێ کە لە دوو کایە و بەرەدا کارا بێت:

- بەرەیەکی کارا و ئاڕێ کە ڕەخنەکردنی بنەما و میتودەکانی فەلسەفەی سروشتی بێ و ساغ بکرێتەوە کە ئەو مەبەستەی هەیەتی گوایە فەلسەفە بە زانست بکرێت بە تەواوەتی شکستی هێناوە. ئەو ڕێبازە دووچاری ڕەوتێکی ئەوپەڕی سادە و ساکار بووە و تەنکاو دەڕوات لەوەدا کە بوونی سروشت بەوپەڕی ساکارانە بە بوونێکی ڕاستەقینەی گومان هەڵنەگر دادەنێ.

– لایەنێکی نالەباری هەڵوەشێنەری ئەو ئەنجامانەی ئەو ڕێبازە سروشتییەی فەلسەفە Naturalistische بە دەستی هێناون(١٧) هەر تەنیا ئەو جۆرە ڕەخنەیە، بە قسەی هوسەرل، دەستەبەری بە زانست کردنی فەلسەفە دەبێ! ئەو پرسیارەی لێرەدا بەبیردا دێت: ئایا ئەو ڕەخنەیەی فینۆمینۆلۆژی بە بیانووی بە زانست کردنی فەلسەفە لە ڕێبازەکانی سەردەمی خۆی گرتووە تا چەند زانستییە و ئایا ئەو ڕێبازە لەو کۆششی بە زانست کردنەدا سەرکەوتووە؟.

وەڵامەکە، بە باوەڕی ئێمە بە سوود و قازانجی پرۆفیسۆر هوسەرل نابێ و ئاشکراشە کە ئەو فەیلەسووفە لە بنەماڵەیەکی زانستییەوە هاتووە، بەڵام زانستییەکی ڕوخسارەکی کە بیرکاری (ماتماتیکە) و کەرەسەکەشی چەند پێکهاتەیەکی ڕوخسارەکی و تەنیا لە مێشکی توێژەردا هەن، هەر لە ژمارەوە تاوەکو سیمبۆلی کۆکردنەوە و لێ دەرکردن و دابەشکردن و هاوکێشەکان، هەر ئەو دڵسۆزییەی هوسەرل بووە بۆ پسپۆڕێتی یەکەمی کە بۆتە مایەی ئەوەی بوونی ڕاستەقینە بخاتە نێو دووکەوانەوە و «چییەتی» کە خۆی لەخۆیدا لە ڕووت و پەتی و ئەبستراکت بەولاوە نییە، لەنێو هۆشدا بکات بە کەرەسەی سەرنجدان و توێژینەوە!

### تەنگژەی زانستەکان

١- لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٩ز هوسەرل بە جۆرێک باسی زانست و پەرەسەندنەکانی کردووە مایەی ڕامان و سەرنجدانە. پەرەسەندنی تایبەتی زانستەکان و پتر پرۆفیشناڵ بوونیان لە بوار و کایەی تایبەتی خۆیاندا نیشانی داوە ئەوانیش بە مەرەی فەلسەفە چوون و دووچاری تەنگژە و قەیران بوون، ئەو ڕەوشەش وای کردووە کە ئەو هیوایەی بە بەر مرۆڤایەتی سەردەمی خۆیانیان ناوە، لە بێ ئومێدی بەولاوە هیچی دیکەی لێ نەکەوتۆتەوە. هوسەرل گوتوویەتی:

ڕەوش و هەلومەرجی ئێستای زانستە ئەوروپاییەکان بەناچاری وا پێویست دەکات بە وردی بیری لێ بکرێتەوە و مرۆڤ ڕابمێنێ. ئەو زانستانە لە بنەڕەتەوە بروا و باوەڕ بوونیان بەخۆیان و بایەخ و گرنگیان بە تەواوەتی لەدەستداوە. ئەمرۆ مرۆڤی ئەو سەردەمەمان وەک مرۆڤی سەردەمی ڕۆشنگەری نەماوە کە لە زانست و ئەو کولتوورەی ڕەنگی ڕشتووە، بەرجەستە بوون و کارایی و جێگیرکردنی ژێری مرۆڤ بەدی بکات. ئەو باوەڕەی جاران، گوایە زانست بەرەو ڕاستی (هەقیقەت) دەچێ و هەنگاو هەڵدەگرێ کاڵ بۆتەوە و هێز و توانایی جارانی نەماوە(١٨).

ئەو بێ ئومێدییەی هوسەرل لە زانستی سەردەمی خۆی چی دەگەیەنێ و دەبێ چۆن لێک بدرێتەوە؟! ئایا دەکرێ فینۆمینۆلۆژی ترانسندێنتالی کە ڕابەرەکەی سەرگەرمی ڕەنگ ڕشتنەکەی بووە جۆرە ئومێدێک ببەخشێ؟!

ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە کە فەلسەفە هەر لە سەرەتای پەیدابوونییەوە، ئەگەر خۆی لەخۆیدا تەنگژە و قەیرانی بەرجەستە نەکردبێ، ئەوە هەرگیزاوهەرگیز لەو ڕەوشە بە دەرودەرباز نەبووە. هەبوونی چەند ڕێباز و ئاراستەی وەک گومانکاران لە چوارچێوەی فەلسەفەدا، ڕێبازی ناژیرەکی Irrationalismus، سوفیێتی و پەنابردنە بەر جیهانی ترانسندێنتی و Mystizismus ئەگەر بوونی فەلسەفەی بەکێشە ئامێز نەکردبێ، ئەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان هەبوونی ئەو تەنگژەیە پشت ڕاست دەکەنەوە، باشە دەبێ هۆکاری ئەو تەنگژەی زانستە چی بێ؟ بەچ واتایەک دەکرێ باسی ئەو ڕەوشە بکرێت و چۆن پاساو بدرێتەوە؟!

٢- ئەو تەنگژەیە، ئەگەر بوونەکەی پشت ڕاست بکرێتەوە، دەکرێ دوو ڕەهەند بخرێنە پارسەنگییەوە و قسەیان لێ بکرێت:

**یەکەم:** زانست بەشێکە لە کولتوور، ئەو کولتوورەش بە جۆرێک لە جۆرەکان بەرجەستە کردنی کەسایەتی و ژیانی مرۆڤە. لێرەوە ناکرێ ئەو تەنگژەیەی زانست لە مرۆڤ جیا بکرێتەوە.

**دووەم:** دەکرێ وا سەرنج بدرێت کە تەنگژەکە پێوەندی بە خودی زانستەوە هەیە. کە مرۆڤ باسی ئەو تەنگژەیە دەکات مەبەستی ئەوەیە کە زانست زانستێتی خۆی، گەوهەر و چییەتی خۆی لە دەست داوە، ئەو شێوازەی بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکی سەرشانی و ئەو میتودەی بەکاری دەهێنێ، بوون بە کێشە و پرسیاریان لەبەردەم قوت دەکرێتەوە، ئینجا بە ئاراستەیەکدا هەنگاو دەنێ پێوەندی ڕاستەوخۆی بە مرۆڤەوە نەماوە.

ئەوی لە پرۆسەی زانستدا سەرنج ڕادەکێشێ و ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە بابەتی پتر بەرەو پسپۆڕی و

پرۆفیشناڵ بوونە، ئەو پرۆسە و ڕەوشەیش کە بە عەرەبی (تخصص)ی پێ دەگوترێ، ڕەنگ ڕشتنی جیهانێکی تەنگەبەری وردە وردە دوورکەوتنەوە لەژیانی مرۆڤ بەولاوە شتێکی دیکە نییە، بۆیە ئەو پرسیارە هەمیشە پاساو دەدرێ و ڕەوایی خۆی دەپارێزێ: کەوابوو دەبێ مرۆڤ چاوەڕێی چی لە زانستەکان بکات، بە تایبەتی لەو ڕەوشە تایبەتیەیاندا کە پێی گەیشتوون؟!

بیانووی هوسەرل هەر چۆنێک بێت و بە هەرلایەکدا لێک بدرێتەوە ئەو ڕەوشەی کە ئەو بەتەنگژەی داناوە هەلومەرجێکە پێداویستییە هەمیشە بەرەو سەرچوو، پەرەسەندنی ماندوونەزانی ژیان خۆی لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا پێویستی کردووە و پاساویشی دەداتەوە، بۆیە ئەو پرسیارە: دەبێ مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا چاوەڕێی چی لە زانستەکان بکات و بایەخ و دەلالەتی ئەو لقە پەرەسەندووە پێشکەوتووانەی کولتوور و شارستانییەتی بە لوتکە گەیشتوو چی بێت، تاڕادەیەک کاڵ دەبێتەوە.

ئایا دەکرێ قسەکەی هوسەرل بەو لایەدا شرۆڤە بکرێت کە مەبەستەکەی لێرەدا ئەو وێنە زانستییەی ژیان و جیهان بێت کە هەردوو ڕێبازی زانستی پۆزەتیڤیستی و سروشتی naturalistisch ڕەنگیان ڕشتووە؟ ئەوکاتە کام لایەن گازندە دەکرێت؟ ئایا دەکرێ لەو هەلومەرجەدا فەلسەفە چ ڕۆڵێک بگێڕێت؟ ئیتر دەبێ ژیان و مێژوو و کولتوور چ بایەخ و واتایەکیان بمێنێ؟

٣- ئەگەر مەبەستی هوسەرل بیرکاری بێگەرد (ماتماتیک) و زانستە سروشتییەکان بێت کە تا ئەو سەردەمەش بە نموونەی زانستی ورد و ڕێکوپێک دانراون و دەسکەوتی شۆڕش ئامێزیان بەدەست هێناوە و بە هەنگاوی گەورە بەرەو پێش چوون، مەبەستەکە دەبێ میتودە، یان تیوری بێ، یان هەردووکیان بەیەکەوە بگرێتەوە؟!

کەس لاری لەوە نییە کە لە بەرانبەر ژیان و جیهاندا گۆشەگیری و دوورکەوتنەوەیەکی ماتماتیک (بیرکاری) هەیە و پێویست بە بەڵگە ناکات، ئەو دوورییەی ئەو بابەتە لە ژیان شتێکی ئاساییە لە سروشتی خۆیەوە کە زانستێکی ڕوخسارییە و بابەتەکانی چەند سیمبۆل و هێمایەکن تەنیا هەر لە مێشکی توێژەردا هەیە ئەگەر وانەبێ، دەبێ ژمارە: ٢، یان +، -، ×، یان سێ گۆشە و لاکێش چی بن و لە چی جێگا و کاتێکدا هەبن؟

هەر لەسەردەمی نیوتنەوە فیزیک و زانستە سروشتییەکان بە ماتماتیک کراون، ماتماتیک کراوە بە میتودە و ڕێبازی چالاکی توێژینەوەی زانستییان، بۆیە بە دوور ناگیرێ کە پرێشکێکی ئەو کێشەیەی- ئاگرەی بیرکاری بەر ئەو زانستانەش بکەوێ. لەگەڵ دروستیی ئەو ڕەوشەدا خاڵێک هەیە هیچ جۆرە ئەگەر و گومانێک هەڵناگرێ: ئەگەر تەنگژەی کولتوور بدرێتە پاڵ زانستەکان و ئاراستە و میتودە و بابەتەکانیان گازندە بکرێن، ناکرێ چاو لەو ڕاستییە بپۆشرێ کە ئەو زانستانە بەگشتی دەسکەوتی گەورە و مەزنیان بەدەست هێناوە و بەهیچ جۆرێک ناکرێ تۆمەتی تەنگژەی زانستەکان لە بابەخی ڕەوایەتی دەسکەوتەکانیان کەم بکاتەوە. ئەو بۆچوونە چ ئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە و هوسەرل چۆن لێکی دەداتەوە؟!

بەلای هوسەرلەوە، هەروەک لە کتێبی «تەنگژەی زانستە ئەوروپاییەکان و فینۆمینۆلۆژی ترانسندێنتالیدا» باسی کردووە کێشە دوو ڕەهەندی هەیە:

**یەکەمیان:** مێژوویییە.

**دووەمیان:** پێوەندی زانستەکان بە ژیانی مرۆڤی سەردەمەوە.

لە بارەی هەردوو ڕەهەندەکەوە هوسەرل گوتوویەتی: «ئێمە بۆ هەڵسەنگاندنی گشتی زانستەکان لەو وەرچەرخانەی زانستەکانی کە لەسەردەمی ڕابردوودا هاتە کایەوە، هەنگاو دەنێین. ئەمە پێوەندی بە زانستییەتییەکەوە نییە، بەڵکو زانست بەگشتی چ بایەخ و دەلالەتێکی بۆ بوونی مرۆڤ هەیە و دەکرێ هەیبێ. تێکڕای جیهاندیدی مرۆڤی نوێ تەنیا هەر لەلایەن زانستە پۆزتیڤەکانی نیوەی دووەمی سەدەمی نۆزدەوە دیار و دەستنیشان کراوە و هەر بەهۆی گەشەکردنی ئەوانەوە بە پەسندکردنیانەوە حەپەساوە، ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی بە خەمساردی و گوێ پێنەدانەوە ئەو پرسیارانەی بۆ مرۆڤایەتی بەڕاستی گرنگ و بڕیاردەر و یەکلایی کەرەوەن پشتگوێ بخرێن و زانستە ڕیالیستە ڕووتەکان تەنیا هەر مرۆڤی ڕیالیستی پێدەگەیەنن» (١٩). ئەگەر مرۆڤ بە وردی سەرنجی ئەو دەقە وشکە بدات مەبەستی ڕاستەوخۆی ڕاشکاوانەی هوسەرل لە بارەی ئەوەی بە تەنگژەی زانستەکانی داناوە بۆی ڕوون و ئاشکرا دەبێت کە تەنگژەکە زانستێتی و

کارایی زانستەکان ناگرێتەوە، بەڵکو ئاماژە بە دەلالەت و پێوەندییەکانی بە ژیانەوە دەدات. ئەو زانستانە بەهۆی پتر پسپۆڕ و تایبەتمەندی بوونیان وردە وردە لە کاروباری ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ دوور دەکەونەوە و بەرانبەر بە مرۆڤ ئەوپەڕی کەمتەرخەم و خەمساردن. ئەو ڕەوشە لەو پرسیارانەدا دەردەکەوێ کە زانایان سەرگەرمی وەڵامدانەوەیانن، هیچ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە بوونی مرۆڤی ئاساییەوە نییە و نەماوە. بەلای هوسەرلەوە وەک لە چەند تێکستێکی هەر ئەو بەرهەمە خۆی دەردەکەوێ کە ئەوەی زانست خەریکییەتی کەم تا زۆر لایەک لەخۆشی و ناخۆشی مرۆڤ ناکاتەوە. ئەمەیە تەنگژەی زانستەکانی ئەورووپا!

## ئایدیالیزمی ترانسندینتالی

١- هوسەرل داهێنەری ڕێبازی فینۆمینۆلۆژییە، لە سەرەتای ژیانی ئەکادیمی (دکتۆریدا) پسپۆڕێکی بیرکاری (ماتماتیک) بووە لە هەردوو زانکۆی گۆتنگن و فرایبۆرگ کارا و چالاک و دەستبەکار بووە. بەهۆی ئەو ڕەخنە توندوتیژانەی گوتلۆب فریگە کردوویەتییە سەر جیهاندیدە بیرکارییە سایکۆلۆژییە- لۆژیکییەکەی، دەستبەرداری هەندێک لەو بیروبۆچوونانەی بووە کە بریتی بوون لە ئاوێتەکردنی دەروونزانی و لۆژیک.

لە کاتێکدا فریگە لە هەلومەرجە لۆژیکییەکانی زانینی بیرکاری کۆڵیوەتەوە بۆ ئەوەی ماتماتیک بباتەوە سەر بنەمایەکی لۆژیکیانە و ساغی بکاتەوە کە بیرکاری لە لۆژیکی پەرەسەندوو بەو لاوە نییە، هوسەرل بە پێچەوانەوە بایەخی بە هەلومەرجە هزرییە- ژیرییەکانی بیرکاری و لۆژیک داوە.

هوسەرل لەو باوەڕەدا بوو ڕاستی و گەوهەر لە یەکتری جیان، ڕاستی توانایی گۆڕانی هەیە و بەهۆی ئەو گەوهەرەی تێیدایە دیار و دەستنیشان دەکرێت، هەر گەوهەرەکەش واتا و بنەما و پێکهاتەی لۆژیکیانەی ئەوانەی لە ڕاستییەکەدا بەدەردەکەون پێکدەهێنێ، لێرەوە هوسەرل پەنای بردۆتە بەر میتودەی سەرنجدان و دیدی گەوهەر کە بە ئەڵمانی بە Wesensschau ناودەبرێ. ئەو میتودەیە بەوە ناسراوە کە: سەرنجدانی گەوهەر میتودەیەکی ئیپستمۆلۆژییە، داوا دەکات ئەو هەڵکەوتەی بە هەست دەزانرێ و پەی پێدەبرێ بخرێتە نێو دوو کەوانەوە بۆ ئەوەی بوونەکەی، جەوهەرەکەی وەک گەوهەر چەمک و هزریانە دەرفەتی بەدەرکەوتن و هاتنە بەر چاو و دیدی هەبێ. بەپێی ئەو پەیڕەوە وێنەی پوختەی کەرەسەی بەرهەست، نەک کەرەسەکە لە خۆیدا، لەناوەرۆکی هۆشی لێ پێکدێت و دەکرێت بە بابەتی چالاکی توێژینەوەی فینۆمینۆلۆژی.

٢- بەپێی ئەو میتودەیە و پشت ئەستوور بەو بەرهەمانەی هوسەرل بڵاوی کردوونەتەوە چوار قۆناغ کە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە و پێکەوە تۆکمەی جیهاندیدەکە ڕەنگ دەڕێژن، دیار و دەستنیشان دەکرێن.

**یەکەم:** شرۆڤەکردن. لەو قۆناغەدا بنەمای «گەڕانەوە بۆ سەر شت خۆی» جێبەجێ دەکرێت، بەپێی ئەو بنەمایە هاوردەی ڕاستەوخۆ Gegebene لە کەرەسەکانی دەوروبەرەوە دوای ئەوەی پوختە و گەوهەرەکەی لە هۆشدا دەنەخشێ شرۆڤە دەکرێت.

**دووەم:** فینۆمینۆلۆژی ئایدێتی eidetische. لێرەدا خودێتی ترانسندێنتالی ڕەنگ دەڕێژرێ و لە چوارچێوەی گێڕانەوەی بە ئایدیاکردنی ناوەرۆکی گەوهەر و دەلالەتەکانی بەهۆی شیکردنەوەی دیاردەکان بەدەردەخرێن و کاریان لەسەر دەکرێت.

**سێیەم:** فینۆمینۆلۆژی ترانسندێنتالی بەکۆمەکی میتودەی گێڕانەوەی ترانسندنێتالی پێکهاتە و بنیادی گەوهەری خودێتی ترانسندێنتالی پشت ڕاست دەکرێتەوە.

**چوارەم:** فینۆمینۆلۆژی ڕەها: لەو قۆناغەدا هوسەرل بەردی بناغەی ترانسندێنتالی ئایدیالیزمی داناوە بەوەی لە چوارچێوەی پرۆسەی فینۆمینۆلۆژی خستنە ناو کەوانەوە تەنیا هۆشی بێگەرد دەهێڵێتەوە کە بە چاوی ڕەها تەماشا دەکرێت، چونکە هیچ پێویستییەکی بوونەکە بە دەوروبەر و هەڵکەوت نامێنێ(٢٠) بەهۆی شیکردنەوەی فینۆمینۆلۆژی ئەزموونی زیندووەوە: Er-lebnisse بۆ مەبەستی ڕەنگڕشتنی جیهاندیدێک لە بارەی جیهانەوە ڕێبازی خودێتی بۆ ئاستی هۆکارێکی ڕەهای پڕ واتا بەرز دەبێتەوە. ئەو گەوهەرانەی لەو قۆناغەی بیرکردنەوە فەلسەفییەکەدا دەستگیر دەبن تایبەتمەندی لەش و گیانیان نییە، بەڵکو جۆرە بوونێکی نموونەییان هەیە (٢١)، ئەم ڕەوشە لە خۆیدا میتافیزیک سەرئاودەخات و گەڕانەوەشە بۆ سەر بناوانی بوونەوەرە

هزری و وێنە مێشکییەکانی بابەت و کەرەسەی بیرکاری و لۆژیک.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


**1- Wolfgang Rod.: Der Weg der Philosophie. Bd.II. Beck reihe. Munchen. 1996. S.336. ff.**

**2- Wolfgang Stegmuller.: Hauptstromungen der Gegenwarts Philosophie. Bd. I. Stuttgart. 1978. S.3. ff.**

**3- Ludwig Landgrebe.: Der Weg der Phanomenologie Gutersloh. 1963. S.11. ff.**

**4- Emerich Coreth und anderen: Philosophie des 20. Jahrhunderts. Verlag W. Kohlhammer. Stuttgart. 1986. S.16.**

**5- Wolfgang Stegmuller.: Hauptstromungen der Gehenwarts philosophie. 6. Aufloge. Stuttgart. 1978. S.4. ff.**

**6- Wolfgang Rod: Die Phanomenologie Edmund Husserl. In: Geschichte der Philosophie. Bd. XII. Munchen 2004. S.136.**

**7- Edmund Husserl: Logische Untersuchungen. Bd. I. Prolegomena Zur reinen Logik. Max. 7. Auf, Niemeyer Verlag. Tubingen. 1993. S.52. ff.**

**8- Edmund Husserl: Ideen zu einer reinen Phanomenologie und Phanomenologischen Philosophie. Niemeyer Verlag. Tubingen. 2002. Sechste Auflage. S.179 ff.**

**9- Edmund Husserl: Ebenda. S.108. ff.**

**10- Hans- Joachim Storig: Kleine Weltgeschichte der Philosophie, Stuttgart 1961. S. 658.**

**11- Edo Pivcevic: Von Husserl zu Sartre. List Verlag Munchen 1972. S.13. ff.**

**12- Anton Hugli and Lubcke (Hrsg): Philosophie im 20. Jahrhundert. Bd.I. rowohlts enzyklopade. 1994. S.77- 78.**

**13- Edmund Husserl: Philosophie als Strenge Wissenschaft. Para. 300. In: Aufsatze und Vortrage. 1911- 1921.**

**14- Edmund Husserl.: Ebenda. Para. 301. ff.**

**15- Julius Kraft: Von Husserl Zu Heidegger. 3. Aufloge. Felix Meiner, Hamburg 1977. S.16. ff.**

**16- Edmund Husserl.: Ebenda. Para. 291. ff.**

**17- Edmund Husserl.: Ebenda. Para. 294. ff.**

**18- Edmund Husserl.: Formale und transzendentale Logik. 2. Auflage. Tubingen 1981. S.4. ff.**

**19- Edmund Husserl.: Die Krisis der europaschen Wissenschaften und die transzendentale Phanomenologie. Meiner Verlag. 292. Hamburg 1996. S.4. ff.**

**20- Wolfgang Stegmuller: Ebenda. S. 75. ff.**

**21- Hilmer Brauner: Dir Phanomenologie E. Husserl. Meisenheim Glan: hain 1978. S.28. ff.**


**سەرنج:**

**لەناو نووسینی کوردیدا تا ئێستا ناوی ئەم فەیلەسووفە بە (هۆسرەل) و هەندێ جار بە (هۆسرەڵ) ڕۆیشتووە، بەڵام د. حەمید عەزیز لەبەر ئەوەی خوێندنی باڵای لە ئەڵمانیا تەواو کردووە و بە ئەڵمانی خوێندوویەتی، بۆیە ئەو پێی وایە نووسینی ڕاستی ئەو ناوە، (هوسەرل)ـە، نەک (هۆسرەل)، یان (هۆسەرڵ)، هیواداریین لەمەولا ئەوەیان کە ڕاستەکەیە پێڕەو بکرێ و بنووسرێ، لە جیاتی نووسینی ئەو ناوە هەڵەیە.**

**(ڕامان)**

# دەقئاوێزان

# Intertextuality

ئاری عوسمان خەیات
(کفری)

ڕەنگە باشترین سەرەتا بۆ چوونە ناو ئەم باسەوە، ئەو وتە بەناوبانگەی (لانسون) بێت، کە دەڵێ: "سێ یەکی داهێنەر، لەوی دی پێکدێ" بەواتای ئەوەی هیچ داهێنەرێک نییە، بەشێک، یان چەند بەشێکی کەسێکی تر، لەنێو کەسێتی خۆی، یان بێ گومان ئەو دەقەی بەرهەمی دێنێ، هەڵنەگرتبێت، دیارە ئەمەش زۆر بەباشی ئەو پەندە ئینگلیزییەمان وەبیر دێنێتەوە، کە وا دەڵێ: "شێر چ نییە، پتر کۆمەڵێک بەرخی هەرسکراوە".. کەوایە، ئێمە خەریکی چین، کاتێک ڕۆمانێک دەخوێنینەوە، یان شیعری شاعیرێک؟ ئایا هەر بەڕاست خەریکی خوێندنەوەی تەنیا ئەو تێکستەین، کە لەبەردەستماندایە؟ یان بێ ئەوەی ئاگامان لێی بێ، هەرسکراوی چەندین ڕۆمان، یان شیعری دیکەیە و ئێمە پێی نازانین، هەروەک ئەوەی تەماشای (شێر)ەکە بکەین، بێ ئەوەی بزانین، ئەوە هەرسکراوی چەندین مەڕی بەستەزمانە..!!

تەواو، هەر ئەوەیە، کە (ڕۆلان بارت) دەڵێت: "هیچ خاوەنێتی و باوکایەتییەک بۆ دەق لە گۆڕێ نییە، چونکە نووسەران و داهێنەران، هەمیشە ئەوە دووبارە دەکەنەوە، کە کەسانی پێش خۆیان گوتوویانە، بەڵام بەشێواز و دەربڕینی جیاواز".

ئەگەر بمانەوێ بەدوای سەرەتای سەرهەڵدانی دەقئاوێزانیدا بگەڕێین، ئەوە سەرنجی ئەوە دەدەین، کە ئەم بابەتە پێشتر بەشێک بووە لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، واتا لەسەرەتادا، لە چوارچێوەی کارە زمانەوانییە جیاجیاکاندا جێگەی کراوەتەوە و ئەمیش وەک زۆربەی بابەت و باس و بگرە زانستەکانی تر، بەشێک بووە لە زانستێکی بەرفراوانتر، تا لە دوا جاردا



**باختین**

له قــاوغی بابەت و زانســتــێکی ســەربەخــۆدا خــۆی بینیوەتەوە.

میـخائیـل باختین یەکەمین کەس بووە، لە کـتێبەکەی خۆیدا (فەلسـەفەی زمان)، چەمکی دەقـئـاوێزانی روون کــردووەتەوە و باسی لێــوە کــردووە، بەوەی جــەخــتی کـردووەتەوە لەسەر حـەقـیـقـەتی کـارلێکی نێـوان دەقـە جـیـاجـیـاکـان و سـەرلەنوێ بەرهەمـهـێنانەوە و بەرکـەڵک خستنی دەقـەکـان، یان بەشێـک لێـیـان، لە چوارچێـوەی دەقـگـەلـێـکـی تـردا، بـەمـــــــەش زۆربـەی تـوێـژەران و لێکۆڵەرانی بوارەکـە، سـوودیان لەم دیدگـایەی باخـتین وەرگــرت، تا چەمکی دەقـئــاوێزانی لەســەر دەســتی خوێندکارەکەی باختین (جولیا کریسـتـیـڤا)، گەیشـتـە ئاستی پێویستی خۆی. ئەوەبوو کریستـیـڤا بەشێوەیەکی پراکــتــیـکی کــاری لەســەر کــۆمــەڵێک دەق کــرد، لە توێژینەوەیەکـدا کـە بە (شـۆڕشی زمـانی شـیـعـری)ی ناسـراوە و تێـیـدا بەم شـێـوەیە پێناسـەی دەقـئـاوێزانی دەکات: "کارلێکی خودی دەقێکە لەنێو دەقێکی تردا" بە واتای ئەوەی کـریسـتـیـڤا پێی وایە، کە هەمـوو دەقـێـک پێکهـاتەیەکی هەمـەرەنگی گەواهیـدەرانەیە، یان هەموو دەقێک بریتییـە لە گواستنەوە و هەڵمژینی دەقگەلێکی پێشی خۆی.

سـەبارەت بەم تێـروانینەش، رەخنەگـرەیلی رۆژئاوایی توێژینەوەگەلی خۆیان دەست پێکرد و بەچەندین شێوازی جیاجیا مشتومڕیان لە بارەی چەمکی دەقئاوێزانی هێنایە گۆڕێ، یەکێکی تر لەو رەخنەگرانەی کە لەم بوارەدا کاری کـرد و ناوی درەوشـاوەیە، رەخنەگـری فـەرەنسی (جیـرار جـینێت)ـە، کـە لە لێکۆڵـینەوەکـانی خـۆیدا، توانی پۆلێنبەندی بۆ دەقئاوێزانی بکات، بەوەی کە دەقئاوێزانی بۆی هەیە بە چەند شـێـــوەیەک روو بدات، لەوانەش: شێوازی راشکاوانەی دەقـئـاوێزانی، کە بە (گەواهیـدان) ناوزەدی کـردووە، هەروەها (دزی)، کـە ئـەمـەیـان رێژەی راشکـاوی کـەمــتـرە، هەروەک باسی لە (دەقی تەریب) کردووە، کە پێوەندی دەقە بە ناوونیشـان و دەستپێک و پێشـەکییەوە، هاوکات (دەقی پەسنی)یشی بەیەکێک لە شێوازەکانی دەقئاوێزانی ژماردووە، کە ئەمەش پێوەندی نێوان ئەو دەقە و دەقێکی تر دەخاتە روو، کە باس لەوەی دووەمیان دەکات، لەپاڵ ئەوانەشدا جینێت، دوو شێوەی دیکـەی دەقـئـاوێزانی دەسـتنیـشـان کـردووە، ئەوانیش: (دەقێتی بەرفراوان و دەقێتی کۆکار)، ئەوەی یەکەمیان پێـوەندی هەڵێنجـانی نێـوان دەقی (ئۆرگـینـاڵ/ کـۆن) و دەقی (فـراوان/ نـوێ) دەگـرێتـەوە و دەقـێـتـی کـۆکـاریش پێوەندییـەکی نازمـانییە، کە دەق بە چەشنەکانی دەقەوە دەبەسـتـێـتـەوە، ئەمـە لەرێگەی دەقـێـتی تـەریبـەوە دێتـە فەراهەم بوون.

هەر لەبارەی مێژووی دەقئاوێزانییەوە، هەن پێیـانوایە، مـێـژووی ئەم چەمکە لەسـەر دەسـتی کـریسـتـیـڤا دەسـتی پێکردووە، بەڵام لەدایکبوونی راستەقینەی دەقئاوێزانی، بۆ فۆرمالیستە رووسەکان دەگەڕێتەوە، کە ئەمانە بروایان بەوەیە، وێڕای کـاریگـەریی دەقـەکـان بەسـەر یەکـدییـەوە، بەڵام هەمـوو دەقـێـک خـاوەنی تایبـەتمەندی و ئـادگـاری دیاریکراوی خۆیەتی، کە لە هی هیچ دەقێکی تر ناچێ.

ئـیــدی لێــرەوە رووبەرووی چەندین بیــر و بۆچوونی جیاواز دەبینەوە، لەهەمبەر دەقئاوێزانی وەک چەمکێکی ئەدەبی و رەخنەیی، کە بەپێی جیاوازی دنیابینی هەریەک لەوانەی قسـەیان لەسـەر کردووە، تێروانینەکـانیش بۆ ئەو چەمکە جیـاوازیبـان تێکەوتووە، هەمـوو ئەمـانەش لەو دەلاقــەوەیە، کــە ئەدیب و نووســەر، ئەگـەرچی لەرووی

فیزیکییەوە، واتا بە جەستە، کەسێتییەکی دابڕاوبێت لە دەوروبەرەکەی خۆی، بەڵام دواجار ئەو کەسێتییەکە، ناتوانێ بە ڕوح لەو کاریگەرییانەی دەوروبەر دابېڕێ، کە ڕەنگدانەوەیان دەبێت، لە بەرهەم و نووسراوەکانیدا، پێدەچێ باشترین نموونەش لەم بارەیەوە، ئەوە بێت، کە یەکەمین دەرکەوتەکانی دەقئاوێزانی، لە لێکۆڵینەوەکانی کریستیڤادا، لە نێو دەقی ڕۆمانەوە بوو، ئەمەش بەو پێیەی ڕۆمان یەکێکە لەو ژانرە ئەدەبییانەی زۆرترین تەماسی لەگەڵ کۆمەڵگەدا هەیە، بەو مانایەی کە ڕۆمان زیاتر لە هەر دەقێکی تر، پردی پێوەندی نێوان نووسەر و خوێنەر پتەو دەکات، لە بارێکی واشدا، گریمان نووسەر کەسێتییەکی دابڕاوە لە کۆمەڵ، ئەدی چۆن ئەو حاڵەتی دەقئاوێزانییە بۆ یەکەمین جار لە ڕۆماندا، لای کەسێکی وەک کریستیڤا، سەرنج دەدرێ؟ دیارە ئەمە ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ ئەوەی کە هیچ نووسەرێک ناتوانێ دەقەکەی خۆی لە دەقئاوێزانی بپارێزێ، چونکە لەدواجاردا ئەو کەسێتییەکە، بە ڕوح لە پێوەندیدایە، لەگەڵ دەوروبەر و کۆمەڵگەکەی خۆی، هەربۆیە نووسەر چ نییە، بەدەر لە گردبوونەوەی کۆی مەعریفەی کۆمەڵایەتی و هزری دەوروبەر و جارێکی تر وەگەڕخستنەوەی ئەو مەعریفە و هزرە، لەڕێگەی دەقەوە.

یەکێک لە گرنگترین ئەو باسانەی کە پێوەندی بە پرسی دەقئاوێزانییەوە هەیە، چۆنێتی کەڵک وەرگرتنە لەم پرسە، بەواتایەکی دی دەکرێ بڵێین: بۆ ئەوەی شاعیر، یان نووسەر بتوانێ دەقئاوێزانی لە بەرهەمێکی خۆیدا ئەنجام بدات، ئەوە چەند ڕێگەیەک لەبەردەمیدایە، ئەمەش وا دەکات، دەقەکەی بە ڕووی ئاسۆگەلی وەک: ئایینی و ئەفسانەیی و ئەدەبی و مێژوویی و... تاد، بکرێتەوە، دواجاریش ئەمە کار دەکاتە سەر بەرزکردنەوەی ئاستی دەقەکە و شێوازێک لە زەمەن فرەیی و فرەیی دەلالەت و مەغزاکان، بە دەق دەگەیەنێت، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی تەکنیک و شێوازەکانی دەقئاوێزانییەوە، کە هەمیشە جێی بایەخی ڕەخنەگران و نووسەران و شاعیران بووە، ئەم حاڵەتەش بەلای (عبدالله الغذامي)یەوە، بە دەقئاوێزانی دەقەکان دەناسرێ، چونکە ناوبراو پێی وایە، کە (دەق کۆری دەق)ـە، لەوبارەیەشەوە پتر دەڵێت: هەموو دەقێک بریتییە لە دەفرێک، کە بەشێوەیەک لە شێوەکان ژەنگی دەقەیلی دیکەی تێدا ماوەتەوە" ڕەنگە ئەمە لێکچوواندنێکی زۆر جوان بێت، بۆ ڕوونکردنەوەی دەقئاوێزانی، واتا هەموو دەقێک لەسەر پاشماوەی دەقەیلی دی، کاریگەریی خۆی نمایندە دەکاتەوە.

دەقئاوێزانی جۆرێکە لە سوودوەرگرتن لە دەقێکی دی، کە ئەمەش زۆرجار بە دوو شێوە دەبێت:

١- دەقئاوێزانی دیار: ئەم جۆرە لە دەقئاوێزانی هەریەک لە (وەرگرتن) و (تێئاخنین) لەخۆ دەگرێ، هەروەک بە دەقئاوێزانی بەئاگایی، یان هەستییش دەناسرێتەوە.

٢- دەقئاوێزانی نەستی: یان ئەوەی پێی دەگوترێ دەقئاوێزانی شاراوە، ئەوەیانە کە نووسەر بێ ئاگایە لە ئامادەیی دەقێکی تر، لەنێو ئەو دەقەی خەریکی بەرهەم هێنانیەتی.

لێرەدا پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە ئەمە ناچێتە بۆتەی دزیی ئەدەبییەوە، وەک زۆرکەس بەو شێوەیە لێی دەگەن، چونکە لێرەدا نووسەر ناچێت سەرجەمی بیر و هزری نێو دەقێکی دی، کە زادەی کۆششی نووسەرێکی دیکەیە، بە ئاشکرایی بخاتە نێو دەقەکەی خۆیەوە،کە ئەمەش وەک (زانا خەلیل) دەڵێت: "هەموو کۆپیکردنێکیش نووسینەوەی ڕوحی خۆت نابێ، بەڵکو دەکەوێتە بۆتەی نووسینەوەی ڕوحی یەکێکی تر و ئەوکاتە دەبێتە تێکستێکی دزراو، وشەی دزین لێرەدا دەگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی و هەمان مەدلوولی ڕاستەقینەی خۆی دەدات"، کەواتە وەک ڕاستە لێک نزیکی و چوونیەکی لەنێوان ئەم چەمکە ئەدەبی و ڕەخنەییانەدا هەیە، بەڵام ناکرێ وەها لەخۆمان بکەین، کە هەموویان بە یەک شت لە قەڵەم بدەین، هەروەک ناوبراو (دزین لە تێکستدا بریتییە لە کۆپیکردنی تێکستێکی تر، دەقئاوێزانیش واتە: سوودوەرگرتن لە تەواوی ئەو تێکستانەی لەگەڵ ڕوحی تێکست نووسێک ئاوێتە دەبن و سەرلەنۆژەن داڕشتنەوەی بەشێوەیەک، کە بۆن و تام و ڕەنگی ڕوحی خۆی لێ بێ".

شایەنی باسە، ئەم دوو شێوازە لە دەقئاوێزانی، لەڕێگەی چەند سەرچاوەیەکەوە دەبێت، واتە سەرچاوەی دەقئاوێزانییەکە بۆ نووسەر، جێگەی سەرچاوەیەکی پێویست دەگرێتەوە و بەشێوەیەکی سروشتی و خۆڕسکانە دەگەڵ ئەو سەرچاوەیە، تێکەڵ دەبێت و دواجاریش

دەقئاوێزانی لێدەکەوێتەوە، یانیش سەرچاوەکە لە ئاست نووسەری دەقدا، سەرچاوەیەکی ناوەکییە و پێوەندی ڕاستەوخۆی بە واقیعی ژیانی نووسەرەوە هەیە و دواجاریش لە دەقەکەیدا ڕەنگ دەداتەوە، سێیەمیشیان ئەوەیە کە سەرچاوەکە، بریتی دەبێت لەو سەرچاوەیەی کە نووسەر لەکاتی نووسینی دەقەکەیدا پێویستی بە بەکارهێنانی دەبێت و بە شێوەیەکی دەست ئەنقەست بەکاری دەهێنێ.

دەبێ ئاماژە بەوەش بدەین، کە هەریەک لەو سێ سەرچاوانەی دەقئاوێزانی، بۆیان هەیە بابەتگەلی جیاجیا لەخۆ بگرن، وەک بابەتی مێژوویی، ئەدەبی، کولتووری، ئایینی و ئەفسانەیی و...تاد، کە هەموو ئەمانەش هەڤرا، ڕەنگرێژی سیمای کۆتایی دەق و دەقئاوێزانییەکە دیاری دەکەن.

چەمکی دەقاوێزانیش وەک زۆری تری چەمک و زاراوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکان بەر تیشکی ڕەخنە دەکەوێت، بە تایبەت هەندێک لە تیوریسنانی ئەدەب پێیان وایە کە ئەم چەمکە بەهای تێکست ڕەت دەکاتەوە، ئەو بەهایەی کە لەنێو هەموو دەقێکدا ئامادەیی هەیە و پێی دەناسرێتەوە، ئەمەش وا دەکات لەوەێ ڕەخنەگر نەتوانێت وەک پێویست کاری ڕەخنەیی خۆی لەنێو دەقدا بەئەنجام بگەیەنێت. هەروەک دەقاوێزان خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لە ڕەتکردنەوەی هاوکێشەی سێ لایەنی (نووسەر - دەق - خوێنەر)، کە دیارە لەم هاوکێشەیەدا بەها ئایینداییەکان لەبەرچاو گیراوە، بەڵام دەقاوێزان دێت و لە گرنگی و تایبەتمەندی داهێنەر کەم دەکاتەوە، بەوەی دەقەکەی بە دەقگەلی پێشووەوە دەبەستێتەوە. هاوکات دەقئاوێزان مێژووگەرایی دەق پێشێل دەکات و دەیگەڕێنێتەوە بۆ چەند سەرچاوەیەکی بێ سنوور و نادیار، وێڕای هەموو ئەمانەش دەقئاوێزان، چ بایەخێک بۆ تایبەتمەندیی سەردەم و کاریگەرییەکانی واقیعی کۆمەڵایەتی لە شێوەگرتنی چەمک و ئایدیا و وێنادا ناهێڵێتەوە.

**سەرچاوەکان**

**- بە کوردی:**

**١- فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، ٢٠١١.**

**٢- دزی، یان دەقئاوێزانی؟ زانا خەلیل، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (١٠٨)، ٢٠٠٦/٥/٥، ل١٢٦.**

**- بە عەرەبی:**

**٢- التناص (النشأة و المفهوم)، ايمان الشنيني، مجلة الافق الثقافية، ٢٠٠٣/١٠/١٠، http://www.ofouq.com**

**٢- التناص، مصطلح نقدي أوجده الشكلانيون الروس، أحمد بن سليمان اللهيب، http://www.bab.com**

**٣- نظرية التناص في النقد الادبي المعاصر، أحمد أنيس حسون، http://www.almolltaqa.com**

# بایەخی هەڵکەوتە لە هەمبەر یاسا و ڕێساکاندا

حوسێن شێربەگی
(بۆکان)

من ناڵێم، زانایان و تیورنووسان و تیورناسانی بواری ڕۆماننووسین و ڕۆماننناسین دەڵێن! دەڵێن نووسینی ڕۆمان بەهرەو داهاتی کۆمەڵگەی شارستانی و مەدەنی و بۆرژواییە، یانی ڕۆمانی بەپیت و پێز و سەرکەوتوو لە فۆرماسیۆن و کومەڵگەی بۆرژواییدا دەخوڵقێت. بەم پێیە دەبێت نووسەری ڕۆمانیش کابرایەکی شارستانی، یان بەهرەمەند لە ئاکار و کردە و بەهرە و بەرژەوەندییەکانی شارستانییەت بێت. ئەمە یاسا و ڕێسایە و یاسا و ڕێسا شتێکی ڕێک؛ ڕاستودروست و حاشا هەڵنەگرە، بەڵام ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کە بەشەنوکەوێک، بە شیکارییەکی زانستی تا ئەمڕۆکەشی لەگەڵدا بێت، نەکۆمەڵگە و نە فۆرماسیۆنی بۆرژواییمان هەیە، ئەی چۆن داواکاریی نووسینی ڕۆمانمان هەیە، تەنانەت چەندان ڕۆمان و بگرە ڕۆمانی سەرکەوتووشمان نووسیوە؟

ڕەنگە وەڵامەکە بۆ چەند هۆکار بگەڕێتەوە، کە ئەم هۆکارانەش شیمانەی زانستییان لە پشتە. یەکەم هۆکار، هەمیشە یاسا و ڕێسا زاڵ نین و برێک جار هەڵکەوتەیەک لە هەمبەر یاسا و ڕێساکاندا قوت دەبێتەوە و زاڵبوونی خۆی بەسەر بارودۆخ، یان دۆزەکەدا دەسەپێنێت. دووەم هۆکار: لە نەبوونی شارستانییەتی کلاسیکی و فۆرماسیۆنی ڕامیاری/ ئابووریدا، مرۆڤی بەهرەمەند لە شارستانییەت و خوێندن و زانست وەک هەڵکەوتەی بەتوانست و بەهرەیە، کە داهێنان و داهاتی پێشتر لە زەمەن و شوێن و فۆرماسیۆن دەخوڵقێنێت و دێنێتە ئاراوە.

بێتو لە وتەزای ڕەبەن و زانستی لادەین و بێینە سەر قسەی تایبەت لەسەر پرس و کێشەی تایبەت، وەک توێژینەوەیەکی مەیدانی و بابەتی من دوو ڕۆمانی



**فەتاح ئەمیری**

"هاوارە بەرە" و "میرزا" و خودی نووسەری ئەم دوو رۆمانە (فەتاح ئەمیری) دەکەمە هەوێنی لێکۆڵینەوەکە.

یەکەم، من لام وایە رۆمانی "هاوارە بەرە" و "میرزا" دەتوانن دوو رۆمانی سەربەخۆ بن و وەکو دوو بەرهەمی سەربەخۆ و جیاواز شیکاری و باسوخواسیان لەسەر بکرێت. وێڕای لەبەر چاو گرتنی ئەو رەخنە و لێکدانەوە و خوێندنەوانەی تا ئەمێستاکە لەسەریان کراوە، هەردووکی ئەم رۆمانانە و رۆمانی "زیندە خەون"یشیان لەگەڵدا بێ، چ لە بواری داهێنان و گێڕانەوەوە، چ لە بواری زبان و کەڵک وەرگرتن- کەڵک وەرگرتنی زانستی و پسپۆڕانە لە زباندا، بە خوازە و مەجاز و شوبهاندن و لەبزبازی بە وشە و رستە و دەستەواژەوە، ئەم سێ کارە، سەرکەوتوون. واتە من سووکە ئاوڕێک لە کاری داهێنانی چیرۆک و رۆمانی کوردی لەم دەڤەرە و ئاستی کەڵک وەرگرتن لە زبان بۆ نووسینی چیرۆک و رۆمان لە برگەی بڵاوبوونەوەی "هاوارە بەرە" و "میرزا" و بە دوایاندا "زیندە خەو" دەدەمەوە.

ئەمە زانیارییەکی گشتی و لە هەمووان ئاشکرایە کە مێژووی نووسینی رۆمان و چیرۆک لەم دەڤەرەی ئێمە، لەپێش ئەم سێ رۆمانەدا بۆ بڵاوبوونەوەی کۆچیرۆکی "پێکەنینی گەدا"ی مامۆستای زیندە یاد حەسەن قزڵجی دەگەڕێتەوە، رۆمانی "پێشمەرگە"ی نەمر دکتۆر رەحیم قازی و چیرۆکە سریالیەکانی "باقەبێن"ی مامۆستا ئەحمەد قازی. بێتو وەک زانیاری زیاتر باس لە برێک بیچم و پەخشان و گەڵاڵە داڕێژراوەکانی نێو کتێبی "تاپۆ و بوومە لێڵ"ی هەرمان سوارە ئێلخانیزادەش بکەین، پێم وابێت بە لێکدانەوەیەکی تیوریکی و زانستی هیچ کام لەم گەڵاڵە و پەخشانانە ناگەنە ئاستی ئەوەی بە چیرۆکی هونەری بژمێردرێن. یانی ئەم بیچم و گەڵاڵە و پەخشانانە هەر لە ئاستی ئەم سێ چەشنەدا دەمێننەوە و ناگەنە ئەو ئاستەی پێیان بوترێت چیرۆک. با وەکو بایەخ و رێزی ئەم نووسراوانەی "تاپۆ و بوومە لێڵ" زۆر بەرز و جێگەی شانازین.

دەیجا، "هاوارەبەرە" و "میرزا" وەک وەچە و داهاتی ئەزموونگەلێکی زۆر کەم و لە رووی زەمەنییەوە پچڕ پچڕ و هەرکام بە مەودایەکی زەمەنی بە دوور لەیەک دێنە مەیدانەوە و سەر هەڵدەبڕن.

بەپێی ئەزموونی مێژووی ئەدەب، ئەم دوو رۆمانەی بەرێز ئەمیری دەبوایە لە بواری زبان و رووداو و گێڕانەوە و گۆشەنیگاوە درێژەی لۆژیکیی پێشوونیانی خۆیان بایەن، بەڵام نا، هەروەک دەبینین جیاوازی مژار و بابەت و ستایل و زبان و گێڕانەوە لەم بەرهەمانەدا، زۆر زەق و بەرچاوە بە بەراورد دەگەڵ ئەوانی پێشووتردا.

"هاوارەبەرە" و "میرزا" وەک یەکەم بەرهەمی رۆمان و چیرۆکی ئەم کوردستانی رۆژهەڵاتە، بە فرمان (فعل)ی ئێستا نووسراون، کەچی بەرهەمەکانی پێش ئەمان، بە فرمانی رابردوو نووسرابوون. یانی فرمان لە نووسراوەکانی مامۆستایان قزڵجی و قازیدا فرمانی باو لە نووسیندایە (فرمانی رابردوو)، بەڵام کاتێک ئەم دوو رۆمانە بە فرمانی ئێستا نووسراون و لە پێش ئەمەشدا ئەم کارە بەبێ پێشینە بووە، ئەوە نوێخوازی لە زبانی گێڕانەوەدایە، واتە نوێخوازی لەسەرەتی سەرەکیی نووسین لە زباندا.

دووەم جیاوازی نێوان ئەم دوو بەرهەمە و بەرهەمەکانی پێش ئەمان، خوازە و مەجازی پێویست بەپێی خوازینی زرووفی "هاوارەبەرە" و "میرزا"یە کە لەم دوو کارەدا زەقتر، بەرچاوتر و سەرکەوتووتر لەوانی پێش خۆیان.

سێیەم بەرزەخوازی زبان و ڕازاوەبوونی زبانی گێڕانەوە

و ئاخافتنی کەسایەتییەکانی نێو ئەم دوو بەرهەمەیە. لە هەموو ئەو خوێندنەوانەی کە لەسەر ئەم دوو کارە کراون، زبانی گێڕانەوەی نووسەر و زبانی ئاخافتنی کەسێتی ڕۆمانەکان بەرز و سەرکەوتوو نرخێندراوە، ئەمەش ناکرێت مەگەر بۆ نووسەرێک کە پسپۆڕانە و ئاگادارانە زبانی بەرهەمەکەی وا هەڵبژێرێت کە لە دەربڕین و نووسین و گەیاندنیدا نەک خۆی و خوێنەری ئاسایی، بەڵکو خوێنەری هژڵ و جددیش قەناعەتی پێ بکەن.

دەمەوێت لەسەر ئەم شکۆدار بوون و سەرکەوتوویی زبانییە لەم دوو کارەدا هەڵوێستە بکەم و سەرنجی خوێنەر لەسەر ئەم خاڵە (زووم) کەم کە زبان لەنووسیندا دەوری سەرەکی دەگێڕێت. زبانی "هاوارەبەرە" و "میرزا" بەشکۆمەندی و تەڕ و پاراوی خۆیان، تەنانەت بەری ئەم لاوازییە دەگرن کە بگوترێت ئەم زبانە زۆر ناوچەییە و زاراوەی ناوچەیەکی سنووورداری وەک تازە قەڵا تا قەرەبلاغە، واتە شەقامی بورهان-ی نێوان بۆکان تا سابلاخ-ی موکریان.

بێجگە لەم سەرەت و بایەخانە، من لام وایە ئەم واژە گوندییانەی لە ڕۆمانەکاندا هاتوون پێویستی کارەکە بووە و ڕۆمانەکان لە کەرەستەی گێڕانەوە و نووسینی خۆیان کەڵکیان وەرگرتووە و کاری وشەدانیان نەکردووە. وێڕای برێک دابونەریتی کولتووری و فۆلکلۆری کە ئەمانیش پێداویستی هەڵوێستە کردن لەسەریان ئەرکێک بووە و بەپێی خوازینی ڕۆمانەکانن و نووسەریش زانستییانە ئەم ئەرکەی بەجێ هێناوە.

پەروەردەی کەسێتی و کەسایەتییەکان لە ئاستی سەلماو و پێویستیدان و وەسفەکان لە درێژە دادڕی پێویستی ڕۆمان درێژتر نەبوونەتەوە. گشت ئەم سەرەتانە دەیسەلمێنن کە سەرەپەت و هەودای خولقاندنەکەی بە دەست ئافرێنەرێکی بەزانست و توانابییەوە بووە کە بۆ کارەکەی پرۆژە و پلان دانانی هەبووە، وێڕای ئەوەی خۆی لە ڕووداوەکاندا، یان لە خولقاندنی ڕووداوەکان و کردە و دژکردەکاندا بەرچاو نییە، باوەکو بشلێین "میرزا" لەنووسەری ڕۆمانەکە دەچێت. ڕەنگە وەک لەزەینمدا مابێت گۆستاف فلوبێر بوو کە وتی نووسەر دەبێت خولقاندن و کارەکەی چەشنی خولقاندن و کاری خوا بێت، واتە داهێنەر و خولقێنەری گشتی بێت، لە هیچ کوێوە دیار نەبێت. سەرەپەتی هەوداکانی ڕووداوەکان و کەسێتییەکانیشی لە دەستدا بێت و لە دەستی دەرنەچێت و هەر نادیار و نادیار و نادیاریش بێت.

فەتاح ئەمیری لە برگەی زەمەنیی بڵاوبوونەوەی "هاوارەبەرە" و "میرزا"دا کارێکی گەورە و بەرچاوی کرد. بەهرەی خۆی لە ناسین و نووسینی ڕۆماندا نیشان دا، هەروەها توانایی خۆی لە شارەزا بوونی بەسەر زبانی کوردی و زاراوەی موکریانیدا سەلماند. دوو ڕۆمانی بایەخداری بەکتێبخانەی کوردی پێشکەش کرد کە جێگەی سەربەرزی و شانازین. ڕەخنە و گلەییمان لە بێ دەنگ بوونی ئەم چەند ساڵەیەتی، بەو هیوایەی هەر ئەم گلە و گازندەیە هانی دەن بۆ نووسینی چوارەم ڕۆمان و لە بۆ شکاندنی بێ دەنگی ئەم دە دوازدە ساڵە و ئافراندنی ڕۆمانێکی دیکەش.

# بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم

**بەشی (٢)**

**کەریم شارەزا**

**چالاکییەکانم لە سەندیکای مامۆستایاندا**

**«کردنەوەی لقی سەندیکای مامۆستایان لە کۆیە»**

دوای تەواوبوونی کارەکانی کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کۆماری عیراق، لە ئێوارەی ڕۆژی ٣ی شوباتی ١٩٥٩دا، ئەندامانی گەڕانەوە بۆ پارێزگا و شارەکانی خۆیان و بەپێی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکا، مەڵبەندی پارێزگا و قەزاکانی بۆیان هەبوو لقی خۆیان بکەنەوە، کۆیەش تەنیا من ئەندامی کۆنگرەکە بووم و دەبوایە چوارکەسی دیکە لە هەڵبژاردنێکی تەواوکەر (تکمیلی) هەڵبژێردرێن بۆ دەستەی بەڕێوەبەر، وابوو لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٩دا هەڵبژاردنەکە بە چاودێری دادوەر و نوێنەری دەستەی بەڕێوەبەری سەندیکای لقی هەولێر کاک پەترۆس گۆرگیس بەڕێوەچوو و لە ئەنجامدا ئەم زاتانەی خوارەوە بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر دەرچوون: خوالێخۆشبوو عەبدولمەجید جەلیزادە، خوالێخۆشبوو غەریب مستەفا، خوالێخۆشبوو ست خانە ئیسماعیل، مامۆستا موعتەسەم عەبدولمەجید موفتی. دوای کۆبوونەوەیان لەگەڵ من کاروباری دەستەی بەڕێوەبەر بەم جۆرە دابەش کرا:

١- مامۆستا عەبدولمەجید جەلیزادە سەرۆک
٢- مامۆستا کەریم شارەزا سکرتێر
٣- مامۆستا غەریب مستەفا ژمێریار
٤- مامۆستا موعتەسەم عەبدولمەجید موفتی ئەندام
٥- مامۆستا خانە ئیسماعیل ئەندام

یەکەمین کاری پیشەیی لقەکەمان کردنەوەی مەڵبەندی لەناوبردنی نەخوێندەواری بوو بۆ کاسبکاران و کرێکارانی کۆیە، لەگەڵ کردنەوەی بارەگایەکی لێوەشاوە بۆ لقەکەمان

کە بووە مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری بۆ هەموو مامۆستایانی شار و دێهاتەکانی قەزای کۆیە.

## کۆبوونەوەیەکی نائاسایی کۆنگرەی یەکەم بۆ هەڵبژاردنی نەقیبێکی نوێ بۆ سەندیکا

زەعیم عەبدولکەریم قاسمی سەرەک وەزیران لە ساڵوەگەڕی یەکەمی بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەممووز لە ئێوارەی ڕۆژی ١٣ی تەممووزی ١٩٥٩دا، دامەزراندنی وەزارەتێکی نوێی ڕاگەیاند و خاتوو نەزیهە دلێمی کردە وەزیری شارەوانی و (دکتۆر فەیسەڵ ئەلساهیر)ی نەقیبی سەندیکای مامۆستایانی کۆماری عیراقیشی کردە وەزیری ئیرشاد (ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری)، بەم جۆرە شوێنی نەقیبی مامۆستایان چۆڵ بوو و دەبوایە نەقیبێکی دیکە بۆ سەندیکا هەڵبژێردرێ، ئەم کارەش تەنیا لە دەسەڵاتی کۆنگرەدا بوو، بۆیە دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتی سەندیکا، ئەندامانی کۆنگرەی بۆ کۆبوونەوەیەکی نائاسایی لە ڕۆژی ٢٠ی ئابی ١٩٥٩دا لە بەغدا بانگهێشت کرد، لە ڕۆژی دیاریکراودا مامۆستا نەجیب محیدین بەتێکڕای دەنگ لە شوێنی دکتۆر فەیسەڵ بە نەقیبی نوێ هەڵبژێردرا و (دکتۆر سدیق ئەترووشی)یش لە جێی مامۆستا ڕەفیق حیلمی بە جێگری دووەمی نەقیب هەڵبژێردرا، بۆ ئێوارە دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتی سەندیکا (ئاهەنگێکی کۆکتێل)ی بۆ ئەندامانی کۆنگرە لە ئوتێل بەغدا سازدا کە بەسەر شەقامی (ئەبو نەواس)یدا دەڕوانی، لە پڕێک زەعیم عەبدولکەریم قاسم بە یاوەری (دکتۆر ئیبراهیم کوبە)ی وەزیری ئابووری هاتن بۆ بەشداری کردن لەو ئاهەنگە و بە هوتاف و چەپڵە پێشوازی کران.

ئێمەی نوێنەرانی مامۆستایانی کورد لەنێوان خۆماندا ڕێککەوتین کە مەسەلەی دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی، کە لە کۆنگرەی یەکەم بڕیاری لەسەر درابوو، بەبیر عەبدولکەریم قاسم بێنینەوە و پێی بڵێین دەمانەوێ ناوی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی مەعاریفی کوردستان) بێ، نەک (بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی)! من پێشنیارم کرد مامۆستا (مووسا سەمەد) کە بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی بوو و وەک میوان لە ئاهەنگەکەدا ئامادەبوو، ببێتە دەمڕاستمان و ئێمەی مامۆستایانی کورد لەگەڵیدا چووینە بەردەم عەبدولکەریم قاسم کە بریتی بووین لە مامۆستا مووسا و من و مەجید ئاسنگەر و محەمەد عەلی مەحموود و محەمەد ساڵح سەعید و حوسێن عەقراوی و حەسیب شێخ ئەحمەد و مووسا خەلیل و عەبدوڵڵا زێباری و خەلیل حەمەد خۆشناو.

مامۆستا مووسا بە زەعیم عەبدولکەریمی گوت: جەنابی سەرۆک کەی [بەڕێوەبەرایەتی گشتی مەعاریفی کوردستان] دادەمەزرێ؟

زەعیم عەبدولکەریم گوتی: «بەم زووانە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی دادەمەزرێ.» مامۆستا مووسا گوتی: بەڵام جەنابی سەرۆک دەمانەوێ ناوەکەی [بەڕێوەبەرایەتی گشتی مەعاریفی کوردستان] بێت. لێرەدا زەعیم پەست بوو، مستێکی لە مێزکەی بەردەمی دا و گوتی: [بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی] دامەزرێ و کورد بۆی هەیە لە هەر کوێیەک ژمارەیان زۆر بێت قوتابخانەی کوردی بکەنەوە، تەنانەت لە بەسراش بۆیان هەیە قوتابخانە بکەنەوە».

لێرەدا مامۆستا مووسا سەمەدمان بەنهێنی ئاگادار کردەوە کە زیاتر لەگەڵیدا پێدانەچێ و گەڕاینەوە دواوە. بەم جۆرە داخوازییەکەمان سەری نەگرت و ئاهەنگەکە دوای یەک- دوو کاتژمێر کۆتایی هات و لە خۆمان گەیشتین کە زەعیم حەز ناکات بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە بەناوی کوردستان بێ و ئەو مەسەلەیە مایەوە تاکو بەستنی یەکەم کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە، ئەوساکە یەکلا بکرێتەوە.

## کۆنگرەی ناوخۆی مامۆستایانی کورد لە هاوینەهەواری شەقڵاوە لە ڕۆژانی ١٠-١٣ی ئەیلوولی ١٩٥٩دا

بەستنی کۆنگرەی ناوخۆی مامۆستایانی کورد کە لە کۆنگرەی یەکەمی سەندیکای مامۆستایانی کۆماری عیراق لە شوباتی ١٩٥٩دا بڕیاری لەسەردرابوو. سەندیکا بڕیاری دا لە ڕۆژانی ١٠-١٣ی ئەیلوولی ئەو ساڵەدا لە هاوینەهەواری شەقڵاوە ببەسترێ. لە وادەی دیاریکراودا ئەندامانی کورد لە سەندیکا لە پارێزگاکانی کوردستان لەگەڵ چەند ئەدیب و زمانزانێکی کورد بانگهێشت کران و لەکات و شوێنی دیاریکراودا ئامادە بوون. بڕیار وابوو لە بەیانی ڕۆژی ١٠ی ئەیلوول

کۆنگرەکە بکرێتەوە، بەڵام لەبەر هەندێ گیروگرفتی سیاسی لەسەر ناونانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی بەو ناوەی کە حکومەتی عەبدولکەریم قاسم دەیویست، یان بکرێت بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی مەعاریفی کوردستان کە پارتی دیموکراتیی کوردستان مەبەستی بوو، کردنەوەی کۆنگرەکە دواخرا بۆ بەیانی ١١ی ئەیلوول. مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد)ی سکرتێری ئەوسای پارتی لەگەڵ دەستەیەک لە ئەدیب و زمانزانانی کوردستان بانگ کرابوون، ئەندامانی پارتی و هەوادارانی هان دەدا کە دەبێ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە بەناوی (مەعاریفی کوردستان) بێت و هەوادارانی حزبی شیوعیش دەیانگوت: با جارێ ناوی (بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی) بێ و خەباتی بۆ بکرێت بۆ ئەوەی لەدوارۆژدا ببێتە مەعاریفی کوردستان.

سەر لە ئێوارەی هەمان ڕۆژی ٩/١٠ ڕۆژنامەی خەباتی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان گەیشتە شەقڵاوە و بینرا لەسەروتار نووسراوە لەم قۆناغە ناسکەدا نابێ مامۆستایانی کورد داوای شتی وا بکەن کە نایەتەدی. با لەم قۆناغەدا ناوی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە [خوێندنی کوردی] بێ.کە هەوادارانی پارتی چوونە لای مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و پێیان گوت ئێمە وا دوو ڕۆژە داوای مەعاریفی کوردستان دەکەین و کەوتووینە چەنگبەردە لەگەڵ حزبی شیوعی، کەچی وا مەکتەبی سیاسی بڕیاری داوە جارێ (خوێندنی کوردی) بێت. مامۆستا برایم پێی گوتن بەگوێی ڕۆژنامەی (خەبات) بکەن، چونکە ڕای زۆرینەی مەکتەبی سیاسییە، واباشە لەم دەمەدا ململانێ لەگەڵ حکومەتی عەبدولکەریم قاسم نەکەین، ئینجا بەیاننامەیەکی هاوبەش لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی دەرچوو، کە تێیدا هاتبوو با جارێ ناوی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە خوێندنی کوردی بێ و لە دوارۆژدا خەباتی بۆ بکرێ تاکو بکرێت بە (مەعاریفی کوردستان) لەلایەن حزبی شیوعییەوە خوالێخۆشبوو حەیدەر عوسمان و لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانیشەوە مامۆستای خوالێخۆشبوو مەجید ئاسنگەر ئیمزایان کرد و بۆ بەیانی ڕۆژی ٩/١١ کۆنگرەکە بە چاودێری پارێزگاری هەولێر جەنابی عەلائەدین مەحموود، بەسڵاوی کۆماری کرایەوە و وتاری جەنابی پارێزگار و نەقیبی سەندیکای مامۆستایانی عیراق مامۆستا نجیب محێدین خوێندرانەوە، لەگەڵ وتاری لقەکانی سەندیکا لە پارێزگاکانی کوردستان و کووت و مووسڵ پێشکەش کران. منیش پێشکەشکاری بەندەکانی بەرنامەی ئاهەنگەکە بووم، ئەو برووسکانەی کە بۆ پیرۆزبایی لە بەستنی کۆنگرەکە دەهاتن بە گەرمی دەمخوێندنەوە کە زۆربەیان داوایان دەکرد بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە بەناوی مەعاریفی کوردستان بێ.

دوای ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرەکە، ئەندامانی کۆنگرە بەسەر چەند لیژنەیەکی سەرەکیدا دابەش بوون وەک:

١- لیژنەی زمانی کوردی.

٢- لیژنەی مێژووی کورد.

٣- لیژنەی دانان و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە.

٤- لیژنەی پێڕەوی ناوخۆ.

٥- لیژنەی لەناوبردنی نەخوێندەواری.

من لە لیژنەی دانان و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەدا بەشداریم کرد و گەلێک پێشنیاری بەسوودم پێشکەش کرد و میوانانی کۆنگرەش لە زمانزان و ئەدیبان و مێژوونووسان دەورێکی دیاریان لە پتەوکردنی داخوازییەکانی کۆنگرەکە هەبوو لەوانە مامۆستایان: ئیبراهیم ئەحمەد و دکتۆر عەباس ئەنوەری و جگەرخوێن و ئەحمەد دڵزار و عوسمان عەونی و شاکر فەتاح و مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی و گیوی موکریانی بوون. کۆنگرەکە لە دوو ڕۆژی کارکردندا ئەم بڕیارانەی خوارەوەی پەسند کرد:

١- دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد.

٢- دانانی فەرهەنگێکی یەکگرتووی زمانی کوردی.

٣- مێژووی نەتەوەی کورد لە قوتابخانەکانی کوردستان و عیراق بخوێندرێ.

٤- بەشێک بۆ زمانی کوردی لە زانکۆی بەغدا بکرێتەوە.

٥- قوتابی کورد لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی تەنیا ئەلف و بێی کوردی بخوێنێ.

٦- زمانی عەرەبی لە پۆلی سێیەمی سەرەتاییەوە دەست بە خوێندنی بکرێت.

٧- لە پۆلی پێنجەم و شەشەمی سەرەتایی ژمارەی وانەکانی کوردی و عەرەبی وەکو یەک بن.

٨- لە باغچەی ساوایانی کوردستان دەبێ زمانی

فێرکردن هەر کوردی بێت.

### سەرجەم میوانەکانی کۆنگرەکە

ئەوەی شایانی باسە کۆنگرەکە ١٠٥ مامۆستا و ٣٤ میوانی ئەدیب و زمانزان و مێژوونووسی گرتبووە خۆ و دیارترین میوانەکانی ئەمانە بوون:

١- لە کوردستانی ڕۆژئاوا - جگەرخوێن

٢- لە کوردستانی ڕۆژهەڵات - دکتۆر عەبباس ئەنوەری

٣- لە بەغداوە، مامۆستایان - ئیبراهیم ئەحمەد، عەلائەدین سەجادی، مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی، دکتۆر ناجی عەبباس.

٤- لە بادینان - ئیبراهیم ڕەمەزان.

٥- لە هەولێر - گیوی موکریانی.

٦- لە کۆیە - ئەحمەد دلزار، عوسمان عەونی، زەکی ئەحمەد هەناری.

٧- لە کەرکووک - مامۆستا تایەر سادق ئەحمەد.

٨- لە سلێمانی - موحەڕەم محەمەد ئەمین (چیرۆکنووس)، حوسێن عارف (چیرۆکنووس)، مامۆستا شاکر فەتاح، ا.ب. هەوری (شاعیر).

### هەندێ چالاکی ئەدەبی

لە شەوی ١٠-١٩٥٩/٩/١١دا کۆڕێکی ئەدەبی لەسەر شانۆی کۆنگرەکە سازدرا و لەو کۆڕەدا مامۆستایان: ١- جگەر خوێن، ٢- محەمەد تۆفیق وردی، ٣- کەریم شارەزا شیعریان خوێندەوە و مامۆستایان تایەر ئەحمەد حەوێزی و سابیر ئیسماعیل محەمەد چەند وتەیەکی ئەدەبی بەنرخیان پێشکەش کرد و مامۆستا خەلیل حەمەد خۆشناو لە دوارۆژی کۆنگرەکەدا شیعرێکی سیاسی خوێندەوە و (مامۆستا گیوی موکریانی)ش ڕیپۆرتاژێکی تێروتەسەڵی لەسەر کۆنگرەکە و بڕیار و پێشنیارەکانی لە ژمارە (١٦٢ و ١٦٣ و ١٦٤)ی گۆڤاری هەتاودا لە هەولێر بڵاوکردەوە و کار و کۆششەکانی کۆنگرەکەی بۆ جەماوەری خوێنەران ئاشکرا کرد و بەم جۆرە کۆتایی بە کۆنگرەکە هات بەو نیازەی لە ساڵی دادێ لە هەمان هاوینەهەوار کۆنگرەی دووەم ببەسترێ و داخوازی دیکە بۆ پێشخستنی خوێندنی کوردی لە کوردستان و عیراقدا پێشکەش بە وەزارەتی زانیاری ئەوسای عیراق بکات.

### بیرەوەرییەکی نەمر
### لەگەڵ دۆستێکی سیاسی ناو کۆنگرەکەدا

لە ڕۆژانی بەستنی کۆنگرەکەی مامۆستایانی کورد دۆستایەتیم لەگەڵ تێکۆشەرێکی کوردستانی ئێران پەیدا کرد کە بەناوی دکتۆر عەبباس ئەنوەری لە چیکۆسلۆفاکیاوە هاتبووە عیراقی پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی پیشکەوتنخواز و لە کۆلێژی ئابووری زانکۆی بەغدا کرابوو بە وانەبێژ و لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد وەک میوانی کۆنگرەکە هاتبوو تاکو بەشداریی لە دانیشتنەکانیدا بکات. لەکاتی پشوودان و دانیشتنی ئاسایی ئامۆژگاری دەکردین و دەیگوت: «ئاگاتان لەخۆتان بێت ئەو خەونەی کوردی عیراق دیویەتی هەرگیز پێشتر نەیدیوە، کە ئەمڕۆ مامۆستایان لە هەموو لایەکی کوردستانەوە بێن و لێرەدا کۆببنەوە و خۆیان بەرنامەی خوێندن بە زمانی کوردی دابنێن و ئەمەش دەستکەوتێکی یەکجار مەزنە و لەهیچ پارچەیەکی دیکەی کوردستانی دابەش کراودا ئەمە نییە و ئەم دەستکەوتەش لە سایەی خەباتی کورد و شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨دا هاتۆتە دی، دەبێ میللەتی کورد بەگیان و بەدڵ پارێزگاری لێ بکات».

من لەو کۆنگرەیەدا دەستم دەڕۆیی، چونکە ئەندامی کۆنگرەی دامەزرێنەری سەندیکای مامۆستایانی کۆماری عیراق و نوێنەری پارێزگای هەولێر بووم، توانایی دەنگدووی ئەدەبیشم وای لێکردبووم بە زۆری میکرۆفۆنی کۆبوونەوەکانی کۆنگرەکەم لەدەستدا بێت و دکتۆر عەبباس ئەنوەری دۆستم زۆرجار شوێنی کۆبوونەوەی لیژنەکانی لێ دەپرسیم و هەندێ جاریش بیروبۆچوونە پێشکەوتنخوازەکانی خۆی لەلا دەدرکاندم و من وام دەزانی سەرکردەیەکی (توودە)یی ئێرانە.

ئەم ناسیاری و دۆستایەتییەم لەگەڵ دکتۆر عەبباس ئەنوەری بە تەواوبوونی کۆنگرەکە وردە وردە کزبوو، بەڵام لەبیریشم نەچووەوە و ئاواتەخوازبووم جارێکی دی بیبینمەوە. لەدوای یازدە ساڵ و دەرچوونی ڕێککەوتننامە مێژووییەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ و دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورد و بەستنی کۆنگرەی یەکەمی لە ڕۆژانی ٢٣ و ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٧٠ و لەناو هۆڵی

خولد لە بەغدا بەسترا، لە ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرەکەدا چاوم بە دۆستی دێرینم دکتۆر عەبباس ئەنوەری کەوتەوە کە لەگەڵ مامۆستا هەژار موکریانی وەک میوانی شەرەف بانگهێشت کرابوو. هەرچەندە کەمێک بەتەمەنتر ببوو، بەڵام شێوە و ئەدگاری جارانی سەردەمی کۆنگرەی مامۆستایانی کوردی هەر مابوو، بەڵام کەمێک قەڵەوتر ببوو. بە گەرمی بەخێرهاتنم کرد و بە توندی دەستیم گوشی و پێیم گوت: «دکتۆر عەبباس ئەنوەری خۆشمان دیتییەوە و بەخێر بێیت سەرچاوان».

لە وەڵامدانەوەم پێیی گوتم: «کاکی شارەزا ئەم جار بەناوی ڕاستەقینەی خۆم هاتوومەتە کوردستانی باشوور، من [دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو]م! بۆ پیرۆزبایی کردن لە گەلی کوردی عیراق بە بۆنەی دەرچوونی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادارەوە هاتوومە عیراق و کوردستانی باشوور.»

بەڕاستی کە ئەم ڕاستییەم زانی، لەخۆم گەیشتم کە ئەوەی من ناسیومە دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوی دەبیری گشتی ئەوسای حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە و گەلێک دڵخۆش بووم کە سیاسەتمەدارێکی مەزنی کوردم لە نزیکەوە ناسی و زۆری پێ نەچوو ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرەکەی نووسەرانی کورد دەستی پێکرد و لەگەڵ ئەو سیاسەتمەدارە لێک دابڕاین.

من لەو دوو بە یەکگەیشتنەمدا لەگەڵ دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملودا، ئەو پیاوەم وەک تێکۆشەرێکی گەورەی کورد ناسی و ڕێزێکی زۆرم گرت و کاتێک هەواڵی شەهیدبوونیم لە تەمموزی ساڵی ١٩٨٩دا بیست، تاسام و خەمێکی قووڵ دایگرتم، چونکە زانیم میللەتی کورد تێکۆشەرێکی بەجەرگ و سەرکردەیەکی سیاسی مەزنی لە دەست چوو. تا مابم یادی ئەو ڕۆژانەم لەبیر ناچێ کە دکتۆر عەبباس ئەنوەری، واتە دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوم ناسی و چەند ساتێکم لەگەڵدا بەسەر برد و سوودێکی زۆرم لە ئامۆژگارییەکانی وەرگرت.

* هەر لە پەراوێزی کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد لە ساڵی ١٩٥٩ لە هاوینەهەواری شەقڵاوە، لە نزیکەوە شاعیری گەورەی کوردی کوردستانی ڕۆژئاوا (جگەر خوێن)م ناسی و لەکاتی پشووداندا چەند ساتێک لەگەڵی دانیشتم، باسی شاعیریەتی خۆی و کێشەی کوردی بۆ دەکردم، لەگەڵ مندا بەشێوەی سۆرانی دەدوا، بەڵام هەستت پێدەکرد کە بۆتانییە. گەلێک ئامۆژگاری کردین کە ئەم دەستکەوتەی هاتۆتەدی بۆ کوردی کوردستانی باشوور لەدەستی نەدەین.

بێجگە لەم کەسایەتییە مەزنەی کوردستانی ڕۆژئاوا، لە نزیکەوە ئەدیب و پەروەردەکارێکی کوردی گەرمیانم ناسی، ئەویش مامۆستا عەبدولعەزیز پشتیوان بوو، لە خانەقینەوە بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەکە هاتبوو. چەند ساتێکم لەگەڵدا بەسەربرد و ئەوەی هەستم پێ کرد مامۆستا پشتیوان پارتییەکی هەرە دڵسۆزی کورد بوو، بەمنی وت: هەرچەندە بەیاننامەی هاوبەشی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی دەرچووە، کە جارێ با ناوی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەی لە ئارادایە دامەزرێ «بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی» بێ، بەڵام من هەر لەسەر ئەوە پێدادەگرم کە بەناوی مەعاریفی کوردستان بێ، چونکە کوردستان نیشتمانی کوردە، کورد بێ نیشتمان هیچ ڕەوتێکی نابێ.

# زمانی ستاندارد له هەندێک وڵاتدا (*)

د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو
(زانکۆی ڕاپەڕین - کۆلێژی پەروەردە)

**(٢ - ٢)**

**٤- وڵاتە عەرەبییەکان**

زمانی ستانداردی عەرەبی زمانی قورئانی پیرۆزە، کە بە دیالێکتی قوڕەیش و هۆزی عەدنان دابەزیوە، قورئانی پیرۆز توانی پارێزگاری لە زمانی عەرەبی پەتی بکات و ئەم زمانە ئەمڕۆکە بۆتە بنچینەیەک بۆ هەموو دیالێکتەکانی تری زمانی عەرەبی(١٠١). بەو واتایەی ئەمڕۆکە زمانی عەرەبی پەتی، زمانی قورئانە، ئەم زمانە بەهۆی هۆکاری ئایینییەوە پارێزگاری لەخۆی کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرەتا کۆمەڵێ هۆکاری تر هەبوون، بۆ ئەوەی دیالێکتی قوڕەیش بەرەو ئاراستەی ستانداردبوون بڕوات، لەوانە هۆکاری ئابووری و بازرگانی و ڕۆشنبیری و ئایینی، بەجۆرێک سەردەمانێک شاری (مەککە) وشکەساڵی و بێ دەرامەتی بەخۆیەوە بینی بوو، لەم نێوەندەشدا کوڕانی (عەبد شەمس) لە هۆزی قوڕەیش کەوتنەخۆ بۆ ڕزگاربوون لەم بارودۆخە، بۆیە (ئومەیە) بە کاری بازرگانی خەریک بوو، (هاشم)یش بە کاری زێوانی (کەعبە)وە خەریک بوو(١٠٢)، واتە لە شاری مەککەی پیرۆز هۆزی قوڕەیش باڵادەست بوو، لە ڕووی ئابووری و بازرگانییەوە کۆنترۆڵی ناوچەکەیان کردبوو(١٠٣)، کەواتە بازاڕی کەعبە بازاڕێکی ئابووری و بازرگانی بوو و هۆزی قوڕەیش و دیالێکتی قوڕەیش خۆیان بەسەریدا زاڵکردبوو. بازاڕی (عوکاز)یش کە بازاڕێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی بوو، تایبەت بوو بە شیعر خوێندنەوە(١٠٤)، ئەو هۆزانەی کە دەهاتنە شاری مەککە و بازاڕی عوکاز بۆ پێشبڕکێی شیعری، زیاتر هۆنراوەکانیان لەسەر شێوازی دیالێکتی قوڕەیش دەنووسی و دەخوێندەوە، واتە شێوەی ئاخاوتن و نووسینی قوڕەیش لە شاری مەککە باڵادەست



دێڤید هیوم

بوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوە دواتر خوای گەورە قورئانی پیرۆزی بەم شێوەزارە بۆ پێغەمبەری خوا محەمەد (د. خ) دابەزێنێت، بەهۆی قورئانی پیرۆزەوە ئەم شێوەزارە لە شێوەزارێکی ناوچەییەوە بوو بە زمانی ستاندارد، لە زمانی شاری مەککە بوو بە زمانی ستانداردی دەوڵەتی عەرەبی - ئیسلامی و دواتر هەموو وڵاتە عەرەبییەکان(١٠٥). دیالێکتەکانی زمانی عەرەبیش ئەمڕۆکە دوای پتر لە هەزار و چوارسەد ساڵ هێشتا لەو وڵاتانە درێژە بە خۆیان دەدەن، ساڵانە بە سەدان فیلم، گۆرانی، کۆمەڵە شیعر و شانۆنامە بەو دیالێکتانەی زمانی عەرەبی (بەتایبەتی دیالێکتی میسری، لبنانی، عیراقی، ... تاد) بەرهەم دەهێنرێن، ئەم دیالێکتانەش زۆر لە زمانی ستانداردی عەرەبی جیاوازن، شان بە شانی زمانی ستانداردی عەرەبی لە پێشبڕکێدان، لە پەیڤین و نووسینی ئەدەبی و هونەریدا بەردەوامن، بەو بەرهەمانەش ژیانی ئەدەبی و هونەری ئەو وڵاتانە دەوڵەمەند دەکەن، تەنانەت هەندێک لەو دیالێکتانە (بەتایبەتی دیالێکتی میسری و تاڕادەیەک دیالێکتی لبنانی) بەهۆی گرنگی ئەو بابەتە هونەری و ئەدەبییانەی پێیان بەرهەم دەهێندرێن، هێندە لە نێو گەلانی عەرەبدا زانراون، کە وەک زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی عەرەبی خەڵک تێیان دەگات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دوو دیالێکتە نەیانتوانیوە تەنانەت لە وڵاتەکەی خۆشیاندا جێگەی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی عەرەبی بگرنەوە و ببن بە زمانی ستانداردی عەرەبی، لە هەمان کاتیشدا بە بیری هیچ کام لە گەلی میسر و لبنانی، یان گەلانی تری وڵاتانی عەرەبییدا نەهاتووە، کە داوا بکەن دیالێکتەکانیان، لەبەر ئەوەی لە وڵاتەکانیاندا زانراوە، جێگەی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو و زمانی ستاندارد بگرنەوە، یان بکرێن بە زمانی خوێندن لەو وڵاتانەدا، بەو بیانووەی منداڵان لە زمانی ستاندارد ناگەن و لەماڵەوە لەگەڵ دایک و باوکییاندا بە دیالێکتی وڵاتەکانیان دەدوێن، چونکە کارێکی لەم جۆرە دەتوانێت زمانی عەرەبی بکاتە چەندین زمان(١٠٦).

زمانی عەرەبی چەندین دیالێکتی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت، کە بەم شێوەیە(١٠٧):

**یەکەم:** دیالێکتەکانی ڕۆژهەڵات:

١- دیالێکتی میسری (شێوەزاری سعیدی، شێوەزاری ئەسکەندەرییە).

٢- دیالێکتی نیلی (شێوەزاری سوودانی، شێوەزاری چادی، شێوەزاری بەقارە).

٣- دیالێکتی ڕۆژهەڵاتی (شامی).

أ - دیالێکتی لبنانی (شێوەزاری بەیرووتی، شێوەزاری باکوور، شێوەزاری تەرابلوس، شێوەزاری زەعزتاویە، شێوەزاری بەشراوی، شێوەزاری کورە، شێوەزاری عەکاری).

ب - دیالێکتی سووری: شێوەزارەکانی دیمەشقی، شامی، حەمسی، حەلەبی، ساحلی، دیری، مارۆنی دەگرێتەوە.

ج - دیالێکتی فەلەستینی: شێوەزارەکانی نابلس، خەلیل، قودس، حەیفا، غەزاوی، فەلاحی، بەدەوی دەگرێتەوە.

د - دیالێکتی ئوردنی: شێوەزارەکانی ئیربداوییە، کەرکەرییە، بەدەوی، مەعانی دەگرێتەوە.

٤- دیالێکتی عیراقی:

أ - شێوەزاری بەغدایی.

ب - شێوەزاری بەسراوی.

ج - شێوەزاری ئەنباری.

د - شێوەزاری موسڵاوی.
٥- دیالێکتی دوورگەی عەرەب:
أ - دیالێکتی کەنداو: شێوەزاری ئیماراتی، بەحرێنی، قەتەری، کوێتی دەگرێتەوە.
ب - دیالێکتی سعوودی: شێوەزاری نەجدی و حیجاز دەگرێتەوە.
ج - دیالێکتی یەمەنی
د - دیالێکتی بەحرانی
ه - دیالێکتی عومانی
و - دیالێکتی شەحیە
**دووەم:** دیالێکتەکانی ڕۆژئاوا
١- دیالێکتە سەرەکییەکانی ڕۆژئاوا
أ - دیالێکتی مەغریبی
ب - دیالێکتی جەزائیری
ج - دیالێکتی توونس
د - دیالێکتی حەسانییە
ه - دیالێکتی ئەندەلوسی
٢- دیالێکتی پێش هیلالی
أ - دیالێکتی جەبەلی
ب - دیالێکتی جیجلی
ج - دیالێکتی سەقلی
د - دیالێکتی ماڵتی
٣- دیالێکتە سەرەکییە بەدەوییەکان:
أ - دیالێکتی لیبی
ب - دیالێکتی حەسنی
ج - دیالێکتی کەنداوی
د - دیالێکتی نەجدی
ه - دیالێکتی بیابانی
لەپاڵ ئەو هەموو دیالێکت و شێوەزارە عەرەبییانە، کەچی تەنیا جەخت لەسەر شێوەزاری عەرەبی پەتی دەکەنەوە، هەروەها لە زۆرینەی وڵاتانی عەرەبیدا تەنیا جەخت لەسەر بوونی یەک زمان دەکەن، ئەویش زمانی عەرەبییە، سەرباری بوونی چەندین زمانی تر لەم وڵاتانەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ وڵاتاندا ئاماژە بە زمانی تری وەکو زمانی نیشتمانی دەکەن، بۆیە لێرەدا هەندێ لە وڵاتانی عەرەبی بە نموونە دەهێنینەوە.
- لبنان، لەم وڵاتەدا تەنیا ئاماژە بە بوونی زمانی عەرەبی دەکرێت وەک زمانێکی ڕەسمی، وەک لە مادە (١١)ی دەستووری لبنانی ساڵی (١٩٧١)ی بەکار، بەم جۆرە باسی زمانی ڕەسمی وڵات دەکات: «عەرەبی زمانی نیشتمانی ڕەسمییە» (١٠٨).
- جەزائیر، سەرەتا لە جەزائیر تەنیا ئاماژە بە زمانی عەرەبی دەکرا، هەروەک لە مادە (٣)ی دەستووری جەزائیری ساڵی (١٩٩٦) هاتووە: «زمانی عەرەبی زمانی نیشتمانی و ڕەسمییە» (١٠٩)، بەڵام جەزائیر لە (١٠)ی ئیبریلی ٢٠٠٢ دەستووری وڵاتەکەی هەموارکرد، بەهۆیەوە مادەی (٣)ی دەستکاری تێدا کرد و زمانی ئەمازیغی وەک زمانێکی نیشتمانی خستە نێو مادەکەوە، کە تێیدا هاتووە: «زمانی عەرەبی زمانی نیشتمانی و ڕەسمییە، ئەمازیغی ئەویش زمانی نیشتمانییە، دەوڵەت کاردەکات بۆ بەرزکردنەوە و پێشکەوتنی بە هەموو جۆراوجۆرییە زمانییەکەیەوە، کە لە خاکی نیشتمان بەکاردێت» (١١٠).
- کوێت، لەم وڵاتەشدا تەنیا زمانی عەرەبی زمانی ڕەسمی وڵاتە، هەروەک لە مادە (٣)ی دەستووری ساڵی (١٩٦٢)ی وڵاتی کوێتدا هاتووە: «زمانی عەرەبی زمانی ڕەسمیی وڵاتە» (١١١).
- قەتەر، لەم وڵاتەشدا تەنیا ئاماژە بە زمانی عەرەبی وەک زمانێکی ڕەسمی کراوە، هەروەک لە مادە (١)ی دەستووری (١٩٨٦)ی قەتەردا هاتووە: «قەتەر وڵاتێکی عەرەبی خاوەن کیانێکی سەربەخۆیە، ئایینەکەی ئیسلامە، شەریعەتی ئیسلامیش سەرچاوەی سەرەکی یاساکانییەتی، سیستەمەکەشی دیموکراتییە، زمانی عەرەبیش زمانی ڕەسمییە» (١١٢).
- سوودان، لە مادەی (٨)ی دەستووری ساڵی (٢٠٠٥)ی سوودان‌دا هاتووە(١١٣):
١- هەموو زمانە بنچینییەکانی سوودان زمانی نەتەوەیین، پێویستە ڕێزیان لی بگیرێت و پێش بخرێن و بەرزبکرێنەوە.
٢- عەرەبی فراوانترین زمانی نەتەوەییە، کە لە سوودان بڵاوە.
٣- زمانی عەرەبی لە ئاستی نەتەوەدا دەبێ بە تەنیا زمانی سەرەکی بێت، زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی دوو زمانی ڕەسمین بۆ کاروباری حکوومەتی نەتەوەیی و زمانی خوێندنن لە فێرکردنی باڵادا.
٤- دەشێ بۆ هەر دەستەیەکی یاسادانان، لەپاڵ



**مۆنتیسکیۆ**

زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی هەر زمانێکی نەتەوەیی تر بکاتە زمانی ڕەسمی کارکردنی.

٥- نابێ جیاکاری دژی بەکارهێنانی هەریەک لە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی بکرێت لەهەر ئاستێکی فەرمانڕەوایی، یان لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی خوێندن.

واتە لە سوودان لەپاڵ زمانی عەرەبی، زمانی بیانی هاوردەکراوە و کراوەتە زمانی ڕەسمی وڵات.

- مۆریتانیا، لەم وڵاتەدا زمانی ڕەسمی وڵات زمانی عەرەبییە، بەڵام زمانی نیشتمانی لەم وڵاتەدا بریتیین لە زمانەکانی (عەرەبی، بولاریە، سونکیە، ولفیە)، بەو واتایەی لەم وڵاتەدا ئاماژە بە چەندین زمانی تر دەکات، کە بوونیان لە وڵاتدا هەیە، هەروەکو لە مادە (٦)ی دەستووری ساڵی (١٩٩١)ی بەکاری وڵاتی مۆریتانیا هاتووە: «زمانە نیشتمانییەکان: عەرەبی و بولاری و سونکی و ولفییە، عەرەبیش زمانی ڕەسمییە» (١١٤).

مەغریب، وڵاتی مەغریب یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لە ساڵی (٢٠١١) گۆڕانکاری بەسەردا هات، چونکە پێشتر لەم وڵاتەدا تەنیا ئاماژە بە زمانی عەرەبی و نەتەوەی عەرەب دەکرا، بەڵام لە ٢٠١١/٧/٢ دەستووری ئەم وڵاتە هەمواركرا و لەم ڕۆژەدا دەنگدان لەسەر دەستووری نوێی مەغریب کرا و زۆربەی دەنگی دەنگدەرانی وەرگرت، لەم بارەوە (تەیب شەرقاوی) وەزیری ناوخۆی مەغریب ڕۆژی ٢٠١١/٧/٤ ئەنجامی دەنگدانەکەی ڕاگەیاند و وتی: «ڕێژەی دەنگدەران بە (بەڵێ) گەیشتە ٩٨,٤٩٪، لە کاتێکدا ڕێژەی دەنگدەران بە (نەخێر) گەیشتە ١,٥١٪، کە ئەو دەنگدانەش لەسەر ئاستی ٩٤٪ لە نووسینگەکانی دەنگداندا هاتەدی و ڕێژەی بەشداربووانی دەنگدان بەپێی خەملاندنی کۆتایی گەیشتە ٧٢,٦٥٪» (١١٥).

پێشتر لەم دەستوورەدا لە بەشی (٥) تەنیا ئاماژە بە زمانی عەرەبی دەکرا، وەک زمانی ڕەسمی وڵات، بەڵام ئەم بەشە هەموارکرا و بەم شێوەیەی لێهات:

بەشی (٥):

- زمانی عەرەبی بە زمانی ڕەسمی دەوڵەت دەمێنێتەوە.

- دەوڵەت بۆ پاراستن و پەرەپێدان و گەشەپێدانی کار دەکات.

- زمانی ئەمازیغیش بە زمانی ڕەسمی دەوڵەت دادەنرێت، چونکە زمانی ئەمازیغی گەنجینەیەکی هاوبەشی هەموو مەغریبییەکانە بەبێ هەڵاوێرکردن، بە یاسا قۆناغەکانی کارکردنی سروشتی زمانی ئەمازیغی دیاری دەکرێت، چۆنیەتی تێکەڵکردنی لە بوارەکانی خوێندن و بوارەکانی پێویستی ژیانی گشتیدا هەر بەو یاسایە دیاری دەکرێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە لە ئایندەدا ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێت، چونکە زمانی ئەمازیغی سیفەتی ڕەسمی هەیە، دەوڵەت بۆ پاراستنی حەسانیەت کاردەکات، چونکە بەشێکە لە ناسنامەی ڕۆشنبیری یەکگرتووی مەغریب و لێی جیا نابێتەوە، هەروەها دەوڵەت هەوڵ دەدات بۆ پاراستنی دیالێکت و بەکارهێنانی دەستەواژەی ڕۆشنبیری لە مەغریبدا. دەوڵەت بۆ ڕێکخستن و گونجاندنی سیاسەتی زمانەوانی و ڕۆشنبیری نیشتمانی کاردەکات، هەروەها هەوڵیش دەدات بۆ فێربوون و زانینی ئەو زمانە بیانیانەی کە زۆرتر لە جیهاندا بەکاردەهێنرێن، چونکە ئەو زمانانە ئامرازی بەردەوامی و کارلێکی ناو کۆمەڵگای زانست و مەعریفەتن و بەسەر ڕۆشنبیرییە جۆراوجۆرەکاندا دەکرێنەوە و دەرگا بۆ شارستانیەتی هاوچەرخ واڵا دەکەن.

- ئەنجوومەنێکی نیشتمانی بۆ زمانەکان و ڕۆشنبیری مەغریب دەکرێتەوە، بەتایبەتی بۆ پاراستن و پێشکەوتنی زمانی عەرەبی و زمانی ئەمازیغی و دەستەواژە جۆراوجۆرەکانی ڕۆشنبیری مەغریبی کاردەکات، ئەمە میراتەکەی ئەسڵ و داهێنانێکی تازە بابەت و هاوچەرخە، هەموو دەزگاکانی ئەم بوارانە دەگرێتەوە و بە یاسایەکی ڕێکخەری گشت دەسەڵات و پێکهاتە و چۆنێتی ڕەوشی دیاری دەکرێت(١١٦).

**٥- پاکستان**

پاکستان، دەکەوێتە باشووری کەرتی ئاسیا، پایتەختەکەشی (ئیسلام ئاباد)ـە، ئەم وڵاتە لە ١٩٤٨/٨/١٤ لەژێر داگیرکاری بەریتانی ڕزگاری بوو و سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند(١١٧).

سیستمی دەسەڵات لەم وڵاتەدا، کۆمارییە، دەسەڵاتی لە دوو ئەنجوومەن پێکهاتووە، یەکەمیان ئەنجوومەنی یاسادانان، کە بەناوی (ئەنجوومەنی ئومە)یە، دووەمیان (ئەنجوومەنی پیران)ـە(١١٨).

پاکستان وڵاتێکی فرەئایین و فرەزمان و فرەنەتەوەیە، بەهۆیەوە ئایینەکانی (ئیسلام، مەسیحی، ئێزیدی، زەردەشت) لەخۆ دەگرێت و زمانەکانی (ئۆردوو، ئینگلیزی، بینجابی، سندی، پەشتوو، بالووش، ... تاد) لەخۆ دەگرێت، نەتەوەکانی (بینجابی، سندی، باشتۆن، بالووش) لەخۆدەگرێت. دەستووری پاکستان کە لە (١٠)ی نیسانی (١٩٧١)ـەوە بڕیاری لێ دراوە و بەکاربووە(١١٩). لەم وڵاتەدا دوو زمان، زمانی فەرمی و ستانداردی وڵاتن، کە ئەوانیش ئۆردو و ئینگلیزییە، لەگەڵ ئەوەشدا زمانی ئۆردوو بە تەنیا لەلایەن ٨٪ دانیشتوانەوە قسەی پێ دەکرێت، کەچی ئینگلیزی زمانی هاوبەشی توێژی هەڵبژاردەی پاکستان و زۆربەی زۆری وەزارەتەکانی حکوومەتیشە(١٢٠).

لەم وڵاتەدا نزیکەی (٢٠) زمان قسەیان پێ دەکرێت، ئەگەرچی (ئۆردو) زمانی فەرمییە، بەڵام زمانی نەتەوەیی زۆرینەی دانیشتوانیان نییە، بۆیە دەستووری ساڵی ١٩٥٦ بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی بۆ کاروبارە فەرمییەکان بۆ ماوەی (٢٠) ساڵان چەسپاند و دواتریش دەستووری ساڵی (١٩٦٢) ماوەکەی بۆ کاتێکی دیاری نەکراو درێژکردەوە، وێڕای ئەمەش دەستووری ساڵی (١٩٧٣) ماوەیەکی گواستنەوەیی (١٥) ساڵانی بۆ زمانی ئۆردو دیاری کرد، کە لە پاش ئەو ماوەیەدا ناشێ چیتر زمانی ئینگلیزی بۆ کاروباری فەرمی بەکاربربرێت(١٢١)، بەڵام هەر چۆنێک بێت، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە دەستەی بژاردە و ڕۆشنبیران زمانی ئینگلیزی بە ڕەوانی دەزانن، بۆیە ئەم زمانە (ئینگلیزی) بە پێی ئەمری واقیع بووەتە زمانی نیشتمانی و ناکرێت دەستبەرداری بن.

ئەوەی پەیوەستیش بێت بە زمانی کەمینەکانەوە، ئەوە بریتین لە:- بینجابی، سیندی، سیراکی، پەشتوو، بەلووجی، هیندکۆ، براهویی، بور، شاسکی، ... تاد(١٢٢). لەم بارەوە دەستووری پاکستان بە ڕاشکاوانە لە چەند مادەیەکدا ئاماژە بە زمان دەکات، لەوانە:

مادەی (٢٨)

بە پشت بەستن بە مادە (٢٥١)، هەر بەشێکی هاووڵاتیان کە زمان و ڕێنووس و کولتووری جیاواز و چەسپاویان هەیە، دەبێ ئەو مافەیان پێ بدرێت، کە بە پێی یاسا بپارێزرێن و پەرەیان پێ بدەن و بۆ ئەو مەبەستانەش پەیمانگاگەلی هاوشێوە دابمەزرێنن.

مادەی (٢٥١)

١- زمانی نەتەوەیی (نیشتمانی) پاکستان ئۆردووە، پێویستە هەموو ئامادەکارییەک بکرێت، تا ئەو زمانە لە فەرمانگەکان و بۆ هەموو کاروبارێکی دیکەش لە ماوەی پازدە ساڵدا لەڕۆژی بەکاربوونییەوە بەکاربهێنرێت.

٢- بە پشت بەستن بە بەندی (١)، دەکرێ زمانی ئینگلیزی بۆ کاروباری فەرمی هەتا ئامادەکارییەکان تەواو دەکرێت بۆ ئەوەی (ئۆردوو) جێگەی بگرێتەوە، بەکاربهێنرێت.

٣- بەبێ زیانگەیاندن بە دۆخی زمانی نەتەوەیی، بۆ ئەنجوومەنێکی ناوچەیی هەیە بەپێی یاسا پێوەرگەلێک پیادە بکات (دابهێنێ)، بە مەبەستی خوێندن و پێشخستن و بەکارهێنانی زمانێکی ناوچەیی لەتەک زمانە نەتەوەییەکاندا.

مادەی (٢٥٥)

سوێندێک کە بە پێی دەستوور پێویستە کەسێک بیخوات، دەبێ بە زمانێک بێت، کە ئەو کەسە تێی دەگات.

کەواتە وەکو دەردەکەوێت بە پێی دەستوور (ئۆردوو) زمانی فەرمی و ستانداردی وڵاتە، بەڵام دەشکرێت زمانی ئینگلیزی وەکو زمانێکی ستاندارد لە وڵاتدا بەکاربهێنرێت، تاکو زمانی (ئۆردوو) دەسەڵاتی بەسەر هەموو ناوچەکاندا دەسەپێنێ، هەروەها مافێکی ڕەواشی بە زمانە خۆجێییەکان داوە، بەجۆرێک هەموو ئەنجوومەنەکان سەرپشکن لە بەکارهێنانی زمانە خۆجێییەکەی خۆیان لەپاڵ زمانی ستانداردی پاکستانی کە (ئۆردوو)ە، بۆ سوێندخواردنیش ئەوە هەموو کەسێک ئازادە بە شێوەزاری خۆی سوێند بخوات، کە ئەمەش ماف دانە بە دیالێکتەکان، بەو واتایەی دیالێکتەکانیش لە هەندێ شوێندا بەکاردێن، لەوانە وەکو ئاماژەمان بۆی کرد ئەنجوومەنی شار و ناوچەکان و لەکاتی سوێندخواردندا..

**٦- هیندستان**

کۆماری هیندستان یەکێکە لە وڵاتانی کیشوەری ئاسیا و پایتەختەکەی نیودەلهییە، وڵاتێکی کۆماری فیدراڵییە، سەرۆک کۆمار سەرۆکی وڵاتە و بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە ڕێگەی هەڵبژاردن دەستنیشان دەکرێت، ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران هەیە، بە پێی وەرگرتنی زۆربەی دەنگ لە پەرلەمان، کە لە دوو ئەنجوومەن پێکهاتووە، ئەنجوومەنی ویلایەتەکان (داجیا سەربما)، ئەمەش نوێنەرایەتی دابەشی کارگێڕییە گشتییەکان دەکەن، کە وڵاتی هیندستان لێی پێکهاتووە، بەڵام ئەنجوومەنی گەل (لوک سەبما) ئەمە لەڕێگەی هەڵبژاردن دەستنیشان دەکرێت(١٢٣).

هیندستان وڵاتێکی فرەزمان و فرەئایین و فرەنەژادە، بەجۆرێک هەندێکیان زمانی ڕەسمین و هەندێکی تریان زمانی نیشتمانین، هەندێکی تریشیان لە بواری جیاجیادا ڕێگەیان پێ دراوە، بە نموونە دراوی کاغەزی هیندستان بە (٢٢) زمان لەسەری نووسراوە، زمانەکانیش بریتین لە: (ئەسامی، بەنگالی، بۆردۆی، دوگری، کۆجاراتی، هیندی، کانندا، کەشمیری، کۆنکانی، مایسیلی، مالایالامی، مانیبوری، ماراسی، نیبالی، ئۆریا، پەنجابی، سەنسکریتی، سانسالی، سەندی، تامیلی، تیلۆکوی، ئۆردوو) (١٢٤). هیندستان لە (٢٩) ویلایەت پێکهاتووە، لە ساڵی ١٩٤٧ سەربەخۆیی خۆی بەدەست دەهێنێت، بۆیە هەر لەو کاتەوە خەریکی دانانی دەستوورێک بوون بۆ وڵاتەکەیان، (١٢٥) دەستووری وڵاتەکەش بۆ یەکەم جار لە (٢٦)ی تشرینی دووەمی ١٩٤٩ دانراوە، پاشان (٧٨) جار هەمووارکراوە و دواجاریش ساڵی ١٩٩٥ بوو(١٢٦). لەم دەستوورەدا لە مادەکانی (٣٤٣ - ٣٥١) باسی زمان دەکات، بەجۆرێک لە زۆربەی مادەکاندا ئاماژە بە زمانەکانی (هیندی و ئینگلیزی) وەک زمانی ستانداردی وڵات دەکات، بە نموونە لە مادەی (٣٤٣)دا هاتووە:

١- زمانی ڕەسمی وڵات زمانی هیندییە بە ئەلفوبێی دیڤانەگاری.

٢- زمانی ئینگلیزی بۆ ماوەی پازدە ساڵ لە کاتی دەست پێکردنی ئەم دەستوورەوە بەردەوام دەبێت و لە هەموو پێویستییە ڕەسمییەکانی وڵات بەکاردێت(١٢٧).

سەرباری تێپەڕبوونی ماوەی پازدە ساڵان بەسەر ڕۆژی دەستپێکردنی کار بە دەستوورەکەدا، کەچی زمانی ئینگلیزی دەشێت شانبەشانی زمانی هیندی بەکارببرێت:

أ - بۆ گشت مەبەستێکی ڕەسمی وڵات کە ڕاستەوخۆ لە پێش ئەو ڕۆژەدا بۆیان بەکارهێنراوە.

ب - بۆ هەڵسوڕانی کاروبار لە پەرلەماندا(١٢٨)، هەروەها لە مادەی (٣٥٠ أ) ئاماژە بە ئاسانکاری دەکات بۆ فێربوونی زمانی دایک لە قۆناغی یەکەمی خوێندندا، بەجۆرێک حکوومەت هاریکارە لە فێرکردنی دانیشتوان، ئەم فێرکردنەش بە زمانی دایک دەبێت، بەڵام تەنیا لە قۆناغی سەرەتاییدا، هەروەکو لە مادەکەدا هاتووە: «پێویستە هەموو ویلایەتێک، یان دەسەڵاتێکی ناوخۆیی ئاسانکاری پێویست بکات بۆ فێرکردنی زمانی دایک لە قۆناغی یەکەمی پەروەردەکردنی منداڵی پەیوەست بە کۆمەڵەیەکی کەمینەی زمانەوانی، سەرۆکی کۆماریش پێویستە ڕاسپاردەیەک بۆ ویلایەتەکان بەگوێرەی پێویست، یان گونجاو دەربکات، بۆ دەستەبەرکردنی ئەم ئاسانکارییانە» (١٢٩).

ئەگەر بێینە سەر یاسای زمانە فەرمییەکان لە وڵاتی هیندستان، ئەوە لە ساڵی ١٩٦٣ـەوە توانرا ئەم یاسایە بۆ وڵات دابنرێت(١٣٠)، لە زۆر بەند و بڕگەدا ئاماژە بە کاری زمانەکان لە نێو وڵاتی هیندستاندا دەکات، بە جۆرێک ڕێگە بە زمانی ئینگلیزی لە زۆر بواردا دەدات

هاوشانی زمانی هیندی بەکاربهێنرێت، بە نموونە لە خاڵی (حەوتەم)دا دادگەکان لە بەکارهێنانی زمانی هیندی، یان هەر زمانێکی تری ڕەسمی لە وڵاتدا سەرپشک دەکات، هەروەکو لەم خاڵەدا هاتووە: «سەرپشکبوون لە بەکارهێنانی (هیندی)، یان هەر زمانێکی فەرمی دیکە لە دادگاییکردن... تاد، لە دادگا باڵاکاندا وەک لە ڕۆژی دیاریکراو، یان هەر ڕۆژێکی دواترەوە، حاکمی ویلایەتێک دەشێت، بە ڕازیبوونی پێشوەختەی سەرۆک کۆمار دەسەڵاتی بەکارهێنانی هیندی، یان زمانی ڕەسمی ویلایەتەکە، سەرباری زمانی ئینگلیزی ڕێگە پێدراوە بۆ مەبەستی هەر دادگایی کردنێک، فەرمانێک، یان هەر کارێک لە دادگای باڵای ئەو ویلایەتەوە دەرچوێنرابێت، کاتێک هەر دادگاییکردنێک، فەرمان، یان هەر کارێک بە هەر یەک لەو زمانانە (بێجگە لە زمانی ئینگلیزی) دەرچوێنرابێت، ئەوە پێویستە وەرگێڕانێکی هەمان بابەتی بە زمانی ئینگلیزی لەگەڵدابێت، کە بە گوێرەی دەسەڵاتی (دادگای باڵا)وە دەرچووبێت» (١٣١)، کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی جگە لە سەرۆک کۆمار، حاکمی ویلایەتەکانیش دەتوانن لە ویلایەتەکانی خۆیاندا لە بواری دادگا زمانێکی تر بەکاربهێنن، بەجۆرێک ئەو زمانە لە وڵاتدا زانراو و دیاربێت، بەو واتایەی لە وڵاتدا زمانێکی ڕێگە پێ دراو و ڕەسمی بێت.

### ٧- سویسرا

وڵاتی کۆنفیدراسیۆنی سویسرا، کە پایتەختەکەی ناوی (بێرن)ـە، وڵاتێکە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەوروپاوە(١٣٢)، وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەزمانە، کە نەتەوەکانی (سویسری، ئیتاڵی، ئەڵمانی، ئیسپانی، فەڕەنسی) لەخۆ دەگرێ، ئەنجوومەنی یاسادانان لەم وڵاتەدا لە دوو ئەنجوومەن پێکهاتووە، یەکەمیان ئەنجوومەنی دەوڵەت، دووەمیان ئەنجوومەنی نەتەوەیی، کە بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێردرێت(١٣٣).

دراوی سویسری بە چوار زمان لەسەری نووسراوە، ئەو زمانانەش بریتین لە زمانەکانی (ئەڵمانی، فەڕەنسی، ئیتاڵی، ڕۆمانشی)، ئەم زمانانەش لە وڵاتدا زمانی فەرمین، لە هەمان کاتیشدا ناسنامەی هاوڵاتیانی سویسری بە زمانەکانی (ئەڵمانی، فەڕەنسی، ئیتاڵی، ڕۆمانشی، ئینگلیزی)یە(١٣٤).

سویسرا لە ساڵی ١٨١٤ لەژێر داگیرکاری فەڕەنسی ڕزگاری بوو و بەیەکجاری سەربەخۆیی خۆی وەرگرت(١٣٥). وەکو ئاماژەمان بۆی کرد، وڵاتێکی کۆنفیدرالییە، کە هەر (٢٦) کانتۆن(**) و نیوە کانتۆنەکان خاوەنی سەربەخۆییەکی بەرفراوانن، حەڤدەیان بە زمانی ئەڵمانی دەدوێن، چوار بە زمانی فەڕەنسی (جورا، نیچاتیل، ڤاود، جنیڤا)، یەکێکی بە زمانی ئیتاڵی (تیسینۆ / تێسین) و چواریشیان هەریەکەو پتر لە زمانێکیمان هەیە (بێرن، فریبوگ، ڤالی، گراوبۆندن)، سێیانیان جووتزمانین (فەڕەنسی و جەرمانی)، کەچی چوارەمەکەیان (گراوبۆندن) بە سێ زمان دەدوێن (جەرمانی، ڕۆمانشی و ئیتاڵی)، لەبەر ئەوەی هەر کانتۆنێ (هەرێمێک) یاسای تایبەت بەخۆی لە بواری پەروەردەدا هەیە(١٣٦).

دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە زمانی ڕۆمانشی یەکێکە لەو سێ زمانە ڕۆمانیانەی، کە تاکو ئێستا ماون، شان بە شانی (لادین) و (فرۆلیان)، کە هەتا ئیمرۆش لە هەرێمی (نالپی باشوور)دا لەلایەن خەڵکەوە بەکاردەبرێن، ئێستا بە گشتی زمانەکە لە ژمارەیەکی زۆر کەمی شێوە دۆڵەکانی (گریسچوون) وەک زمانێکی بە فەرمی ناسراو بەکاردێت، ئەمەو بەهۆی دووریی شوێنی نیشتەنی ڕۆمانشییەکان و لەیەکتر دابڕانیانەوە، شێوەزارەکانیان زۆر جیاوازن(١٣٧).

وڵاتی سویسرا هەر لەساڵی (١٢٩١)ـەوە دەستووری هەیە، لە دەستووری ساڵی (٢٠٠٠)ی بەکار، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە باس لە چوار زمانی ستاندارد لە وڵاتدا دەکات، ئەم باسکردنەش لە مادەی (٤)ـە، کە تایبەتە بە زمانەکانی وڵات، مادەی (١٨) کە پەیوەستە بە ئازادی زمان، مادەی (٧٠) کە تایبەتە بە زمانەکان، کە تێیدا هاتووە(١٣٨):

مادەی (٤) زمانەکانی وڵات

زمانەکانی وڵات ئەمانەن: ئەڵمانی، فەڕەنسی، ئیتاڵی و ریتۆ ڕۆمانشی.

مادەی (١٨) ئازادی زمان

دەستوور دەستەبەری ئازادی زمان دەکات.

مادەی (٧٠) زمانەکان

١- زمانەکانی فەرمی (ڕەسمی) لە سویسرا ئەمانەن

(ئەڵمـانی و فـەڕەنسی و ئیـتـاڵی)، هەروەها (ڕیتـۆ ڕۆمـانشی) بە زمـانی ڕەسمی دادەنرێت بۆ ئەوانەی بەو زمانە قسە دەکەن.

٢- هەرێمـەکان زمانە ڕەسمییەکـانیان دەستنیشـان دەکەن و بۆ پاراستن و گونجانی کۆمەڵە زمـانەکان، ئەوە هەرێمـەکـان پارێزی دابەشکردنی جـوگـرافـیـای زمـانە ئاساییەکان دەکەن و ڕەچاوی زمانی خۆجێیی و کەمە نەتەوایەتییەکانیش دەکرێت.

٣- پاڵپشتی فیدراڵ و هەرێمەکان بۆ لێک تێگەیشتن و ئاڵوگۆڕکردن لە نێوان کـۆمـەڵە زمـانەکـانی جـیـاواز دەکرێت.

٤- فـیـدراڵ یارمەتی هەرێمەکانی دەدات، کە چەندین زمـانی تێدایە، تاکـو بە ڕێکی ئەرکی خـۆی لەم بارەوە ڕاپەڕێنێت.

٥- پاڵپـشـتی فـیـدراڵ بۆ ڕێککارییەکـانی لە هەردوو هەرێمی (جـــرا) و (بۆندن) و (شین)، بۆ پاراســتنی زمـانی (ڕیتـو ڕۆمـانشی و ئیـتـاڵی) و گـرنگی پێدانیـان لەو دوو هەرێمەدا.

ئەگەر بێـینە سەر بواری پەروەردە بە زمـانی بیـانی لە سویسرا، ئەوە هەر لە کۆنەوە بە دوو زمانە سەرەکییەکان: ئەڵمــانی و فـــەڕەنسی بووە، بەجـــۆرێک لەو بەشـــەی سویسرا، کە بە زمانی ئەڵمانی دەدوێن، زمانی فەڕەنسی وەکـو یەکـەم زمـانی بیـانی فـێـری خـەڵک کـراوە و بە پێـچـەوانەشـەوە، وێڕای ئەمـەش کـانتـۆنی (زیـۆریخ) بڕیارێکی تازەی داوە، کـە گـرنگی سـەرەکی بە زمـانی ئینگلیـزی بدات لەسـەر ئاسـتی خوێندنی سـەرەتاییـدا، بەڵام ئەم بزاڤە زۆر بە توندی لەسەرانسەری وڵات خرایە بەر هێـــرشی ڕەخنەوە، بۆیە لەم بارەوە توێژینەوەکـەی (CNF) چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت هێمـای ڕێنمـایی کــردن بێت بۆ دارشــتنی پەیڕەو و بەرنامــە بۆ ئایندەی خـوێندنی زمـان لە سـویسـرا، لەم بارەوە (د.کـریسـتین مـۆتاس) کە یەکێکە لە ڕێکخەرانی پرۆژەکە، ئاماژەی بەوە داوە، کـە هەندێ زمـانی بیـانی دیاریکراوی وەک ئیـسپـانی، ئێسـتـا لەلایەن ژمـارەیەکی زۆرتری خـەڵکی ســویســـراوە، زیاتر لەو زمــانە فــەرمــیــیــانەی وەکــو (ڕۆمانشی)، کە مەترسی نەمانیان لێ دەکرێت، قسەی پێدەکرێت، بە ڕای ئەو دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە هەر تەنیا بە سوودی داڕێژەرانی سیاسەت و سیاسەتوانانی سویسرا ناگرێتـەوە، بگرە دەشێت بە هەمـان شێـوە و بە یەکسـانی ڕێ نیشـاندەر بێت بۆ پرۆژەیەکی زۆر مەزنتری فرەزمانی، کە پێی دەوترێت (ئەوروپا) (١٣٩).

کـەواتە لە وڵاتی سـویسـرا بەشـێـوەیەکی فـەرمی دان بەوەدا دەنێت، کـە چوار زمـــان نەوەک چوار دیالێکت، زمانی فەرمی و ستانداردی وڵاتن، لەگەڵ ئەوەشدا مافی تەواویش دەدات بە زمـانی کـەمـینە نەتەوایەتییـەکـانی وڵات، تاکـو بەهۆیەوە کـار بە زمـانی خـۆیان بکەن. لەهەمـان کـاتیشدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە لەم وڵاتەدا یاسـای زمـانیش دانراوە، بۆ بەڕێوەچوونی کـاری هەرێمەکان لە چوارچێوەی ڕێنمایی زمانیدا.

هەروەها لە ٢٥ ٪ی دانیـشـتـوانی سـویسـرا بیـانین و زمـانگەلی وەک (ئیـسـپـانی، سـربۆکـرواتی، تورکی و ئەلبـانی) بە بەربڵاوی لە وڵاتدا قـسـەیان پێ دەکـرێت و خەڵک لێیان تێدەگات، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کـامێکیان لە ڕۆژگـاری ئەمـڕۆکـەدا پێگەیەکی ڕەسمـیـیـان نییـە، سـەرباری ئەوەش بەکـارهێنانی زمـانی ئینگلیـزی وەک زمـانی پێـوەندی بازرگـانی لەنێـوان ئەو سـویسـریانەی ئەڵمــانی زمـــان و فـــەڕەنسی زمـــانن ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەسەندندایە(١٤٠).

### ٨- کەنەدا

وڵاتی کەنەدا وڵاتێکە دەکەوێتە کیشوەری ئەمەریکای باکوور، پایتەختەکەی (ئۆتاوا)یە، وڵاتێکی فیدراڵییە و (١٠) هەرێم لەخۆ دەگرێت، پەرلەمـانی ئەو وڵاتە لە دوو ئەنجـومـەن پێکهـاتووە، ئەویش ئەنجـومـەنی پیـران و ئەنجـومـەنی گشـتی(١٤١). کـەنەدا بە درێژایی مێـژوو لەژێر داگـیـرکـاری فـەڕەنسی و بەریتـانیـادا بوو، تا ١٨٦٧/٧/١ ئیـتـر سـەربەخـۆیی خـۆی وەرگـرت و لەژێر داگـیـرکـاری بەریتـانیـا ڕزگـاربوو(١٤٢). لە سـاڵی (١٨٧٦)ـەوە دەسـتـووری هەیە. لە دەسـتـووردا هەر بۆ زمـان هەشت مـادە (لە ١٦ - ٢٣) تەرخـانکراوە و هەر مـادەیەکیش چەندین برگەی لەخۆگرتووە و تێیـاندا دان بە دوو زمـاندا دەنێت، کە لەسەرانسـەری کـەنەدا وەکـو یەک بەکـاربهێنرێن و یەکسـانن و هاوڵاتیـانی فـەڕەنسی، یان ئینگلیـزی سـەرپشـکن لە هەر شـوێنێکی وڵاتەکـەدا، زمـانەکـە بەکـاربێنن(١٤٣)، مـادەکـانیش ئەمـانەی خوارەوەن:

مادەی (١٦)

١- زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی دوو زمانی فەرمین لە کەنەدا، لە بەکارهێنانیاندا لە دەزگاکانی پەرلەمان و دەزگا حکوومیییەکان، هەمان ماف و پشکیان هەیە.

٢- زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی دوو زمانی فەرمین لە نێو برەنزویکدا(١٤٤)، هەردوو زمان هەمان ئاستی کۆمەلایەتی و ماف و پشکیان لە بەکارهێنانیاندا هەیە لە دەزگاکانی دەستەی یاسادانان و دەزگاکانی حکوومی لە نێو برەنزویکدا.

٣- هیچ بەندێک لەم دەستوورەدا دەسەلاتی پەرلەمان، یان دەسەلاتی یاسادانان دیاری ناکات، سەبارەت بە یەکسان کردنی ئاستی ئینگلیزی و فەرەنسی و بەکارهێنانی هەردوو زمانەکە.

مادەی (١٦-١)

١- کۆمەلەی زمانەوانی ئینگلیزی و کۆمەلەی زمانەوانی فەرەنسی لە برەنزویکدا، هەمان ئاست و ماف و پشکیان هەیە، هەروەها جیاکردنەوەی دەزگاکانی فێرکردنیان هەیە، ئەوانیش جیاکردنەوەی دەزگا رۆشنبیرییەکانیان هەیە، ئەم دەزگایانەش بۆ پاراستن و بەرەوپێشبردنی ئەم جۆرە کۆمەلانە زۆر گرنگن.

٢- رۆلی حکوومەت و دەستەی یاسادانان لەنێو برەنزویکدا سەبارەت بە پاراستن و بەرەوپێشبردنی پایە و ماف و ئەو پشکییانەی کە لە برگەی (١) دیاری کراوە، بریاری لەسەر دراوە و چەسپێنراوە.

مادەی (١٧)

١- هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە، زمانی ئینگلیزی، یان فەرەنسی لە هەر گفتوگۆیەک یان کۆنووسێکی دانیشتەکانی پەرلەماندا بەکاربێنێت.

٢- هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە، زمانی ئینگلیزی، یان فەرەنسی لە هەر گفتوگۆیەک یان لە هەر کۆنووسێکی دەستەی یاسادانانی نێو برەنزویکدا بەکاربێنێت.

مادەی (١٨)

١- یاسا و تۆمار و رۆژنامەکانی پەرلەمان دەبێت بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی چاپ بکرێن و بلاوبکرێنەوە، کۆپی هەردوو زمانەکەش باوەرپێکراو دەبێت و پشتی پێ دەبەسترێت.

٢- یاسا و تۆمار و رۆژنامەکانی نێو برەنزویک دەبێت بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی چاپ بکرێن و بلاوبکرێنەوە، کۆپی هەردوو زمانەکەش باوەرپێکراو دەبێت و پشتی پێ دەبەسترێت.

مادەی (١٩)

١- لە هەر دادگایەکی دامەزراو لەلایەن پەرلەمانەوە، دەتوانرێت زمانی ئینگلیزی، یان فەرەنسی لە کاتی دادبینی و داکۆکیکردندا بەکاربهێنرێت، هەروەها لە کاتی دەرکردنی فەرمانە دادوەرییەکاندا.

٢- لە هەر دادگایەکی نێو برەنزویکدا دەتوانرێت زمانی ئینگلیزی، یان فەرەنسی لە کاتی دادبینی و داکۆکیکردندا بەکاربهێنرێت، هەروەها لەکاتی دەرکردنی فەرمانە دادوەرییەکاندا.

مادەی (٢٠)

١- هەر هاولاتییەکی کۆمەلگای کەنەدا مافی ئەوەی هەیە، کە خزمەتگوزاری پێویست لە سەرۆکایەتی، یان لە نووسینگە ناوەندییەکانی هەر دەزگایەکی تایبەت بە پەرلەمان و حکوومەتی کەنەدا وەربگرێت و دەتوانێت پێوەندیشیان پێوە بکات، جا چ بە زمانی ئینگلیزی بێت، یان بە زمانی فەرەنسی، هەروەها هەمان مافیشی لە هەموو نووسینگەکانی دیکەی ئەم دەزگایانە دەبێت، کاتێک:

أ - هاولاتی داوا بکات بە یەکێک لەم زمانانە خزمەتگوزاری لەم دەزگایانە پێشکەشی بکرێت، یان کاتێک داوا دەکات پێوەندییان پێوە بکات.

ب - بە گوێرەی سروشتی نووسینگەکە وا باش دەبێت، کە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و پێوەندیکردن بە هاولاتییانەوە لەلایەن نووسینگەکان بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی بێت.

ت - هەر هاولاتییەکی کۆمەلگای نێو برەنزویک مافی ئەوەی هەیە کە خزمەتگوزاری بەردەست لەهەر نووسینگەیەکی دەسەلاتی یاسادانان وەربگرێت، یان لە هەر دەزگایەکی حکوومی بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و پێوەندیشیان پێوە بکات بە هەمان زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی.

مادەی (٢١)

هیچ مادەیەک لەم بەشەدا لە (١٦ - ٢٠) ماف و سەرپشکی پەیرەوکردنی زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی کە چەسپێنراون و پەیرەو دەکرێن بەگوێرەی بەندەکانی دیکەی

دەستووری کەنەدا، هەڵناوەشێنرێتەوە و نرخیشیان کەم ناکاتەوە.

مادەی (٢٢)

هیچ مادەیەک لەم بەشەدا لە (١٦ - ٢٠) نرخی ماف و پشکی و یاسا چەسپیوەکانی تایبەت بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی کە وەدەست هێنراون و کاریان پێ دەکرێت، تاکو ئێستا و دوای بەکارهێنان و دەست بە کاربوونی ئەم دەستوورەش کەم ناکاتەوە و پووچەڵ ناکاتەوە.

مادەی (٢٣) زمانە کەمینەییەکان و مافە پەروەردەییەکان

١- هاوڵاتییانی کەنەدا

أ - ئەوانەی زمانی سەرەکییان (واتە زگماکییان) ئینگلیزی، یان فەرەنسییە و زمانە سەرەکییەکەشی لەو هەرێمەی تێدا ژیان بەسەر دەبات دەخوێندرێت و خەڵکیش لێی تێدەگەن، جگە لەمەش زمانەکە لە هەرێمەکە کەمینە بێت، یان نا.

ب - ئەوانەی خوێندنی سەرەتاییان لە کەنەدا بە زمانی ئینگلیزی، یان فەرەنسی تەواوکردووە و لە شوێنێک نیشتەجێ بوون، کە زمانی ئینگلیزی، یان فەرەنسی تێیدا زمانی کەمینەیە، ئەوە ئەو هاووڵاتییانە مافی ئەوەیان پێ دەدرێت، کە منداڵەکانیان خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی بە زمانی سەرەکی ئەو ناوچەیە تەواو بکەن.

ج- - ئەو هاووڵاتییە کەنەدییانەی کە یەکێک لە منداڵەکانیان خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندییان بە زمانی ئینگلیزی، یان فەرەنسی لە کەنەدا تەواوکردووە، یان خەریکە تەواوی بکات، ئەو هاووڵاتییانە دەتوانن هەموو منداڵەکانی دیکەیان بە هەمان زمانی منداڵەکەی تریان خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی تەواو بکەن.

٣- مافی هاووڵاتییانی کەنەدا بەپێی لقی (١) و (٢) سەبارەت بە تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی منداڵەکانیان بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی لە هەرێمێکدا کە ئەو دوو زمانە زمانی کەمینەن، ئەوە:

أ - دەتوانرێت پەیڕەوبکرێت لەکاتێک لە هەرێمەکەدا ژمارەی منداڵانی ئەو هاووڵاتییانە ئەوەندە بێت، کە بتوانرێت کەلوپەلی خوێندنیان لە رێکخراوی حکوومی تایبەت بە فێرکردنی کەمینە زمانەکانەوە بۆ دابین بکرێت.

ب - هەروەها ئەو هاولاتیانە مافی ئەوەیان هەیە کە بۆ منداڵەکانیان ئاسانکاری بکرێت سەبارەت بە خوێندنی زمانی کەمینە لە رێکخراوی حکوومی تایبەت بە فێرکردنی کەمینە زمانەکان.

دەبێ ئەوە بوترێت، کە لە پەرلەمانی کەنەدا لە ساڵی ١٨٦٧ـەوە زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی بەکاردەهێنرێت، لە هەمان کاتیشدا لە ساڵی ١٩١٠ یاسای زمانە فەرمییەکان لەم وڵاتەدا دەرچووە و لە ساڵی ١٩٦٩ هەموارکراوە، لە ساڵی ١٩٧٤ـەوە تاکو ئێستا هەموو هەناردەیەکی بازرگانی وڵاتەکە بە هەردوو زمانەکە نووسراوە(١٤٥).

هەروەکو لەم ماددانەدا دەردەکەوێت، کە لە کەنەدا گرنگییەکی زۆر بە زمان دراوە، بەهۆیەوە زۆر رێوشوێنی یاساییان سەبارەت بە زمان دەست نیشانکردووە، چ لەڕووی زمانی فەرمی و ستانداردی وڵات، یان لە ڕووی هاوسەنگی لە بەکارهێنانی هەردوو زمانەکەدا، بەو واتایەی لە کەنەدا هەردوو زمانی (فەرەنسی و ئینگلیزی) لە یەک پلەدان و بەکارهێنەرانیشیان سەرپشکن لە کاتی بەکارهێنانی یەکێک لەم دوو زمانەدا، کاتێ پێویستییان پێ دەبێت، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەم وڵاتەدا هیچ یەک لەم دوو زمانە لە ئەویتر بەرزتر و باڵاتر نییە، بەڵکو لە یەک پلەدان.

دەبێ ئەوەش بوترێت، کە پارەی کەنەدی بە زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی لەسەری نووسراوە، بە هەمان شێوە پاسپۆرتیش بەو هەردوو زمانە نووسراوە(١٤٦).

## ٩- بەلجیکا

وڵاتی بەلجیکا دەکەوێتە کیشوەری ئەورووپاوە، پایتەختەکەی (برۆکسل)ـە، سیستمی حوکم لە وڵاتەکە دیموکراتی پەرلەمانییە(١٤٧)، ئەم وڵاتە بەپێی دەستووری ساڵی ١٩٨٩ کە بڕیاری بۆ دراوە بە دابەشکردنی بۆ سێ هەرێم، کە هەریەکەیان مافی ئۆتۆنۆمی هەیە، ئەوانیش: فلەمیش لە باکوور، والۆن لە باشوور، پایتەختەکەشی برۆکسلە، دەسەڵاتی یاسادانانیش لە دوو ئەنجومەن پێکهاتووە، ئەوانیش

ئەنجـوومـەنی پیـران و ئەنجـوومـەنی نوێنەرانە(١٤٨). بەلجیکەکان لە ساڵی ١٨٣٠ سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند و داگیـرکـەری هۆڵەندییـان لە وڵات وەدەرنا، لە سـاڵی ١٨٣١ەوە دەستووری تایبەت بە خۆیان هەیە(١٤٩).

دەسـتـووری بەلجـیکا کـە لە سـاڵی ١٩٧٠ دەرچووە و بەکـاره، لەم وڵاتـەدا سێ زمـان، زمـانی ڕەسـمی و سـتـانداردی وڵاتن، کـە لە شـوێن و هەرێمی جـیـاجـیـادا بەکاردێن، زمانەکانیش بریتین لە (فەرەنسی، هۆڵەندی، ئەڵـمـانی)، لەم بارەشـەوە چەند مـادەیەکی بۆ زمـانە ستانداردەکان داناوە(١٥٠):

مادەی (٤) زمانی هەرێمەکان

١- هەرێمـەکـانی بەلجـیـکا بەگـوێرەی زمـانی هاووڵاتیـانی بەسـەر چوار هەرێمـدا دابەش کـراوە، ئەو هەرێمـەی کە هاووڵاتیـانی بە زمـانی فـەرەنسی دەدوێن، ئەو هەرێمەی کە هاووڵاتیانی بە زمانی هۆڵەندی دەدوێن و هەرێمی برۆکسلی پایتـەخت کـە هاووڵاتیـانی بە دوو زمان دەدوێن و ئەو هەرێمەی کە هاووڵاتیـانی بە زمانی ئەڵمانی دەدوێن.

٢- هەر کۆمیـونێکی (شانشین) مەلەکی دەبێت سەر بە یەک لەو هەرێمانە بێت، کە بەپێی زمانی هاووڵاتیـان دابەش کراون.

٣- ئاست، یان سنووری ئەو چوار هەرێمـەی، کـە بە گـوێرەی زمـانی هاووڵاتیـان دابەش کـراون، دەتوانرێت (بگۆردرێت) جـیـابکرێتـەوە، بەڵام تـەنیـا لەڕێگەی یاسایەکەوە، کە بۆ ئەم مەبەستە دابنرێت و بڕیاری لەسەر دەربێت، ئەمەش بە هەڵبژاردنێکی (دەستەی زمانەوانی) لە هەر ئەنجـوومـەنێکی یاسـادانانەوە بێت، کـە تێـیـدا زۆرینەی دەنگی دەسـتـەی زمـانەوانی بڕیاری لەسـەر بدات، بەمـەرجێک زۆرینەی ئەندامـانی هەر دەستـەیەک کە کـۆی دەنگەکـان دوو دەسـتـەی زمـانەوانی دوو هەرێم بێت، ئەوانەی بڕیارەکـەیان لا پەسندە ٣/٢ دەنگەکـان بێت.

مادەی (١٨٩)

١- دەقەکانی سەپێنراو، واتە پابەندبوون بە دەقەکانی دەسـتـوور بە زمـانی (فـەرەنسی و هۆڵەندی و ئەڵـمانی) بڵاودەکرێنەوە.

وەکـو دەردەکـەوێت لەم وڵاتـەدا سێ زمـان، زمـانی ڕەسـمی و سـتـانـدارده، بەڵام هەریەکـەیان لە هەرێم و شوێنی تایبەتی خۆیان، بەو واتایەی هەر سێ زمانەکە لە تاکە شـوێنێکدا لەبەرانبەر یەکـتـردا بەکار نایەن، بەڵکو هەریەکەیان بەگوێرەی زۆری ڕێژەی ئاخێوەرانیان، دابەش کـراون، هەر بەو هۆیەشـەوە دابەشکردنی هەرێمـەکـان لەم وڵاتەدا لەسەر بنچینەی زمانی دابەش کراون.

ئەگەر بێینە سەر یاساکانی زمانیش لەو وڵاتەدا، ئەوە لە ساڵی ١٩٦٣دا دەرچوونە، بەهۆیەوە بناغە و زەمینەی یاسایی بۆ سیستەمی پەروەردەیی ئێستا ڕەخساندووە، ڕەوشی ئەم وڵاتە لەگـەڵ زۆرینەی وڵاتەکـانی دیکەی ئەوروپا جـیـاوازە، سێ کـۆمـەڵگەی زمـانەوانی تێـدایە: فـەرەنسی، هۆڵەندی و ئەڵـمـانی، سێ هەرێمـیش: برۆکسلی پایتـەخت، هەرێمی فلەمیش و هەرێمی والۆن، وێڕای ئەمـەش وڵاتەکـە بەسـەر (١٠) ناوچە و (٥٨٩) شـارەوانیـدا دابەش بووە، سنووری هەرێمی برۆکـسلی پایتـەخت جـووتزمـانە (فـەرەنسی، هۆڵەندی)، هەرێمی فلەمـیش بە فـەرمی هۆڵەندی زمـانە، هەرێمی والۆن هەردوو ناوچەی فـەرەنسی زمانەکە و کـانتۆنە ئەڵمـانیی زمـانەکان دەگرێتـەوە، لە هەرێمی برۆکسلی پایتـەختـدا کۆمەڵگە فـەرەنسی و فلەمیشەکە هەردووکیان دەتوانن بە لەبەرچاوگرتنی خەڵکەکـە و دامـەزراوەکـانیـان لەبارەی پرسی زمـانەوە بەپێی ویست و دەسـتەڵاتەکـانی خـۆیان ڕەفتار بکەن.

## ١٠- کاتالۆنیا

کـاتالۆنیـا هەرێمـێکە سەر بە وڵاتی ئیـسـپـانیـا، کە دەکـەوێتـە کـیـشـوەری ئەوروپا، دەسـتـووری هەرێمی کاتالۆنیا بە یاسای (بنەڕەتی کاتالۆنیا) ناسراوە، چونکە (یاسـای بنەڕەتی) وەکـو دەسـتـووری کـاتالۆنیـا و دۆڵی ئاران دەناسرێت، کە هاوڵاتیانی کـاتالۆنیـا و دامـەزراوە سیـاسی و یاساییـەکـان دان بە (دۆڵی ئاران)، وەکـو واقـعـێکی نەتەوەیی و کـیـانێکی تایبـەتمەند دەنێن(١٥١).

دەستووری هەرێمی کاتالۆنیای ئیسپانی، لە (٢٢٧) مـادە پێکهـاتووە، گـەرچی دەسـتـووری ئیـسـپـانیـا لە (١٦٩) مـادە پێکدێت(١٥٢). یاسـای بنەڕەتی لە کـاتالۆنیـا دەستپێکەکەی بۆ ساڵی ١٩٣٠ دەگەڕێتەوە، پاشـان یاسـای بنەڕەنی ١٩٧٩، دواجـاریش یاسـای بنەڕەتی ٢٠٠٦، لەم دەسـتـوورەدا (یاسـای بنەڕەتی

كـاتالۆنيـا ٢٠٠٦)، له مـاده (٦) ئامـاژه به زمـانی تايبەت و زمانه فەرمييەكان كراوه، بەم شێوەيه:
ماده (٦) زمانی تايبەت و زمانه فەرمييەكان
١- كاتالان زمانی تايبەتی كاتالۆنيايه، بەم شێوەيه كاتالان زمانی بەكارهێنانه له سەرجەم ئيداره گشتييەكان و هۆكارەكانی پێوەندی گشتی له كاتالۆنيا، زمانێكه كه بەشێوەيەكی ئاسايی بەكاردەهێنرێت، وەكو هۆكارێكی پێوەندی و فێركاری له خوێندندا.
٢- كـاتالان زمـانی فـەرمـيـيـه له كـاتالۆنيـا، زمـانی ئيسـپـانيش كـه زمـانی فـەرمی دەوڵەتی ئيسـپـانيـايه، فـەرمـيـيـه، هەمـوو كـەسەكان له كاتالۆنيا مـافی خۆيانه بەكـاری بهـێنن، هەروەها مـاف و ئەركی خـۆيانه هەردوو زمانه فەرمييەكه بزانن، پێويسته دەسەڵاته گشتييەكانی كاتالۆنيا رێوشوێنی پێويست بگرنەبەر بۆ ئاسانكاری له پيادەكردنی ئەم ماف و ئەركانه و جێبەجێ كردنيان.
٣- پێـويسـتـه ئەنجـوومـەنی گـشـتی و دەوڵـەت بۆ ئەم مەبەسته چەند كارێكی پێويست ئەنجام بدەن، سەبارەت به داننـان به فـەرمـيـيـەتی زمـانی كـاتالان لـه يەكـێـتـيی ئەوروپا و ئامــادەبوون و بەكــارهێـنانی ئەو زمــانه له ئۆرگــانيــزمــه نێــودەوڵـەتيــيــەكــان و له پەيماننـامــه نێـودەوڵـەتيـيـەكـان سـەبارەت بەوەی كـه پێـوەندی به بوارەكانی كولتووری، يان زمانەوانييەوه هەيه.
٤- پێـويسـتـه ئەنجـوومـەنی گـشـتی پشـتـيـوانی لەو پێوەندی و هاوكـارييـانه بكات لەگەڵ ئەو كـۆمـەڵگا و هەرێمانەی، كه كولتووری زمانەوانی هاوبەشيان لەگەڵ كـاتالۆنيـا هەيه، لەم بارەيەوه ئەنجـوومـەنی گـشـتی و دەوڵەت بەگـوێرەی پسـپـۆڕەتيـيـان رێككەوتنامـه و پەيماننامه و ميكانيزمەكانی دی سازدەدەن، بۆ هاندان و بڵاوبوونەوەی زمانی كاتالان له دەرەوه.
٥- زمـانی ئۆكسـيـتـانا، كـه له دۆڵـی ئاران پێی دەوترێت ئارانێس، زمانی تايبەتمەندی ئەو ناوچەيەيه و بەگوێرەی دەقەكـانی ئەم (ياسای بنەڕەتييه) فەرمييه. كـەواته له هەرێمی كـاتالۆنيا زمـانی (كـاتالان) زمـانی ستانداردی هەرێمەكەيه، بەڵام لەپاڵ زمانی (كاتالان)، كه دەكرێ تەنيا له (دۆڵی ئاران) زمـانی (ئۆكسيـتانا) بەكـاربهـێنرێت، هەروەها له سـەرانسـەری هەرێمـەكـەدا لەپاڵ زمانی كاتالان، زمانی (ئيسپانی) بەكاربهێنرێت، چونكه زمانی فەرمی و ستانداردی وڵاتی ئيسپانيايه، كاتالۆنياش هەرێمێكه سەر به وڵاتی ئيسپانيا.

**١١- نەرويج**

شـانشـينی نـەرويج پايتـەخـتـەكـەی ئۆسلۆيه، وڵاتێكه دەكەوێته نيمچه دوورگەی ئەسكەندەنافيا له كيشوەری ئەوروپا، سـيـسـتـمی حـوكم له وڵاتەكـەدا پاشـايی دەستووريیه(١٥٣)، پەرلەمانی نەرويج له ساڵی ١٩٠٥ ياسـايەكی به پێكهێنانی وەزارەتی دەرەوه دەركـرد، بەڵام پاشـای سـوێد لەمـەدا بەرەنگاری وەسـتـا، دواجـار گـرژی لەنێـوان هەردوولا پەيدا بـوو، له ئەنجـامدا لەهەمـان سـاڵ نەرويج سـەربەخـۆيی خـۆی ڕاگـەيانـد و له سـويد جيابووەوه(١٥٤).

زمانەكەيان سەر به زمانه جەرمەنييەكانی باكووره، كه لەگـەڵ زمـانه دراوسـێيـەكانی دەوروبەری وەک سـوێدی و دانيـمـاركی بەشـێـوەيەک لەيەک نزيكن، دەتوانن هەتا ڕادەيەک لەگەڵ يەكتر گفتوگۆ بكەن(١٥٥).

له نەرويـج دوو زمــان پێـگەی سـتـانداردیان هەيه، ئەگەرچی هەوڵدانێكی بەرنامه بـۆ دارێژراو له ئارادايه بۆ ئەوەی ئەو دوو زمـانه ئاوێـتـەی يەكـتـر بكەن و زمـانێكی سـتـانداردی يەكگرتوويان هەبێت. له سـاڵی ١٨١٤ نەرويـج دوای چوار سـەده لـەژێر دەسـتی دانيـمـارک هاته دەرەوه، لەو كـاتەدا نەرويجـيـيـەكـان بەدوای ڕەگوڕيشـەی فـەرهەنگی خـۆياندا دەگـەڕان، ئەوان لـەنێـو دروشـمـه جياوازەكـانی ناسنامەی نەتەوەيی نوێی خۆيان، گـرنگی زۆريان به زمان دەدا، كۆشش بۆ زيندووكردنەوەی زمانی نەرويجی هەرچەند لەسەردەمی ژێردەستەيی دانيماركيش بەردەوام بوو، بەڵام نەرويجـيـيـەكـان فـێـربـبوون به زمـانی دانيماركی بنووسن(١٥٦).

سـتـانداردی يەكـەم (بۆكـمـۆل)ی پێ دەوترێت، كـه نزيكەی له ٨٣٪ قـوتابخانەكانی نەرويج پێيی دەخوێنن، تەنانەت بۆ خـوێندنی باڵا (مـاسـتـەر، دكـتـۆرا) زمـانی بۆكـمـۆل ڕێژەكـەی له ئەوی تر زياتره، ئەو زمـانه له ڕۆژهەڵاتی وڵات و له بوارەكانی پيشـەسازی و بازرگانی بەكـاردێت، سـتـانداردی دووەم زمـانی (نينۆرشک)ی پێ دەوترێت، كـه تەنيـا له ١٧٪ قـوتابيـان بەو زمـانه وانه دەخوێنن، زۆربەی ئەو قوتابيانەش، كه دەگەن به خوێندنی باڵا، ئەوه زمانەكەيان بۆ (بۆكمۆل) دەگۆڕن، بۆيه دەكرێت بگوترێت زمـانی بۆكمۆل زمـانێكی سـتانداردی باڵادەستی

ژیانی گشتی ئەو وڵاتەیە، هەرچی نینۆرشکە، ئەوە بە شێوەیەکی ڕێژەیی و لە بواری ئەدەب و لە ڕۆژئاوای وڵات و لە دەرەوەی شارە گەورەکان بەکاردێت(١٥٧).

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، نەرویج زمانێکی تایبەت بە خۆی هەبوو، کە بە نەرویجی کۆن ناو دەبرێت، بەڵام دوای کۆتایی هاتنی مەملەکەتی نەرویج لە سەدەی چواردەم، زمانەکەشی چیتر لە بواری نووسیندا بەکار نەهات، لەکاتی حوکمڕانی کردنی دانیمارکی - نەرویجی (١٣٨٠ - ١٨١٤) زمانی دانیمارکی دەبێتە زمانی نووسین لە نەرویج، لە ساڵی ١٨١٤ نەرویج لە دانیمارک جیا دەبێتەوە، پاشان لەگەڵ سوید یەکێتییەک پێکدەهێنن تا ساڵی ١٩٠٥ بەردەوام دەبێت، ئیتر لەو ساڵە بەدواوە نەرویج دەبێتە وڵاتێکی سەربەخۆ و دەبێتە وڵاتێکی خاوەن دەستوور و پەرلەمانی خۆی، کە ئەمەش پێویستی بە زمانێکی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی لە زمانی دانیمارکی دوورکەوێتەوە(١٥٨).

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم دوو مامۆستای قوتابخانە، کە لە بواری زمانناسیدا شارەزابوون، دوو ڕێگا چارەیان بۆ ڕزگاربوون لەو گرفتە پێشنیار کرد، ئەم دوو زمانناسەش بە ناوەکانی کنود کنودسێن (١٨١٢ - ١٨٩٥) و ئیڤار ئاسێن (١٨١٣ - ١٨٩٦) (١٥٩)بوون. کنود کنودسێن مامۆستای گوندێک بوو، قۆناغ بە قۆناغ بە نووسینی دانیمارکیدا هاتەوە، تا گەیشتە ئەوەی ستانداردێکی بەهێزی نووسین و ئاخاوتنی دروستکرد، بەو واتایەی زمانی دانیمارکی لە ڕێگەی دەستکاری کردنەوە، زمانێکی تازەی نەرویجی لی سازکرد، بۆیە لە ساڵی ١٨٥٦ کتێبی ڕێزمانی ئەو زمانەی نووسی، چەند ساڵێک دواتر فەرهەنگێکی وشەی پەتی نەرویجی بۆ جێگرتنەوەی زمانی بێگانە بڵاوکردەوە، بۆیە ئەم زمانە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم زیاتر پەرەدەسێنێ و زیاتر ڕەنگی نەرویجی وەردەگرێ و لە زمانی دانیمارکی دوور دەکەوێتەوە، لە ساڵی ١٩٠٧ ناوی زمانی ریکسمالی (زمانی وڵات)ی لێ دەنرێت، دوای ئەوە زمانەکە زیاتر چاکسازی تێدا دەکرێ و لە ساڵی ١٩٢٩ ئەم زمانە بە ڕەسمی دەبێتە (بۆکمۆل)، واتە (زمانی کتێب) (١٦٠).

ئیڤار ئاسێن چاکسازێکی تری بواری زمانناسی نەرویجی بوو، ئەمیش مامۆستای گوندێکی نەرویج بوو، ئەو پێی وابوو زمانی ڕەسەنی نەرویجی لە نێو شێوەزاری گوندنشینەکانی ڕۆژئاوای نەرویجە، ئەو زمانەی کە ئەو پەرەی پێدا، ئەدگار و پێکهاتەی کۆمەڵێک شێوەزاری گوندەکانی نەرویجی لەخۆ گرتبوو، بۆیە لە ساڵی ١٨٦٤ کتێبی ڕێزمانی دەرکرد و لە ساڵی ١٨٧٣ فەرهەنگێکی وشەیی بڵاوکردەوە(١٦١)، بۆیە ئیڤار ئاسێن ئەو زمانەی بە لاندسمال، یان زمانی نەتەوەیی ناوبرد، دواتر لە ساڵی ١٩٢٥ ناوەکەی بە ڕەسمی دەبێتە زمانی نینۆرشک(١٦٢).

ئەم دوو زمانە ستاندارده لە وڵات بێ کێشە و گیروگرفت نەبوون، بۆ نموونە لە هەندێک قوتابخانە کە بە زمانی نینۆرشک دەخوێنن، کەچی سەرچاوە و کتێبی گرنگ بەو زمانە لە کتێبخانەکان نادۆزنەوە، بۆیە ناچار دەبن لەپاڵ زمانەکەی خۆیان، زمانی بۆکمۆل فێربن، چونکە وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد لە ٨٣٪ی کتێب بەو زمانە نووسراوە، لە هەمان کاتیشدا زۆربەی قوتابیان بۆ خوێندنی زانکۆ واز لە نینۆرشک دێنن و بۆکمۆل فێردەبن(١٦٣)، بۆیە لایەنگرانی زمانی نینۆرشک لە نەرویج خۆیان بە کەمینەیەک دەزانن، لەبەرانبەردا دەیانەوێ زمانەکەیان زیاتر بایەخی پێ بدرێ و لە هەموو بوارێکدا بەکاربێت(١٦٤).

دەبێ ئەوەش بوترێت کە لە وڵاتی نەرویج هەردوو زمانەکە بە ستاندارد ناسراوە، هەر بۆیەشە پەرلەمانی نەرویجی لە ساڵی ١٩٠٧ بڕیاری دا بۆ هەموو ئەو قوتابییانەی کە لە قوتابخانەکانی ئامادەیی خوێندن تەواو دەکەن و دەیانەوێت بچنە زانکۆ، دەبێ لە تاقیکردنەوە بە هەردوو زمان دەربچن(١٦٥).

کنودسێن و ئاسێن هەردووکیان لەم کارەیاندا مەبەستیان بوو وڵاتەکەیان زمانی نەتەوەیی هەبێت و لەو پێناوەشدا هەوڵی زۆریان دا، کنودسێن بڕوای بە چاکسازی هەنگاو بە هەنگاو بوو، بەڵام ئەو ڕێبازەی کە (ئاسێن) گرتییەبەر بە ئاشکرا ڕاپەڕینی پێوە دیاربوو، بۆیە لە ساڵی ١٨٨٦ خولی تایبەت بۆ مامۆستایان کرایەوە، پاشان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بەدواوە، حکوومەتی نەرویج ڕۆڵێکی کاریگەری لە بواری زماندا بینیوە، چونکە لەم وڵاتەدا زمانەوانی پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ بابەتی سیاسی و فەرهەنگی هەیە، حکوومەتی نەرویج بە بەراورد لەگەڵ

ولآتانی تر ڕۆڵێکی زیاتری گێڕاوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان بۆکمۆل و نینۆرشک، لەگەڵ ئەوەشدا حکوومەت هەر لەسەرەتاوە هەردوو زمانی پەسند کردووە و پشتگیرییان لێ دەکات(١٦٦).

لە ساڵی ١٩٠٧ مۆلتکە مۆ (١٨٥٩ - ١٩١٤) دەستی بە چاکسازی زمان کرد، بۆ ئەوەی یەکێتی بۆ زمانی نەرویجی بگێڕێتەوە، بۆیە پێشنیاری کرد هەردوو زمان ڕەچاو بکرێت، بەجۆرێک هەردوو ستاندارەدکە پێویستە وردە وردە لە یەک نزیک بکرێنەوە و زمانێکی هاوبەشی نووسین دروست بکرێت بەناوی (سامنۆرشک)، واتە زمانی نەرویجی هاوبەش(١٦٧)، ئەم پرۆژەی زمانی هاوبەشی نەرویج بۆ ماوەی سەدەیەک لەلایەن شارەزایانی زمان و چینی ڕۆشنبیران و حکوومەتی نەرویجییەوە زۆر بە گەرمی مشتومڕی لەسەر دەکرا، بۆ ئەوەی هەر چۆنێک بێت ڕێگە چارەیەک بۆ ئەم جووتستانداردییە بدۆزنەوە و نەتەوەی نەرویجی لەم کێشەیە ڕزگار بکەن، نەرویجیش وەک هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئەوروپا ببێ بە خاوەن یەک زمانی ستانداردی نووسین، بۆیە لەسەرەتا ئەم پلانە لەنێو خەڵکی نەرویج لایەنگیری زۆری هەبوو، بەڵام دواتر نارەزایی زۆر دەبێت، تا لە ساڵی ٢٠٠٢ پەرلەمانی نەرویجی بە ڕەسمی ڕایدەگەیەنێت کە پرۆژەی (سامنۆرشک) سەرکەوتوو نەبوو، بەشێوەیەکی سیاسی واز لەو پرۆژەیە دەهێنرێت و چیدی نابێتە جێگەی باس، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٥ پێشنیازی چاکسازی کردنی بۆکمۆل دەکرێت، بۆیە ئەو زمانە ڕۆژ دوای ڕۆژ لە نەرویج بایەخی لە زیادبووندایە(١٦٨).

کەواتە وەکو دەردەکەوێت لە نەرویج دوو زمانی ستاندارد هەیە، نەوەک دوو دیالێکتی جیاواز بن، بەو واتایەی زمانی بۆکمۆل لە بنەڕەتدا زمانی دانیمارکییە، کە پێشتر زمانی فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدارانی وڵات بووە، کە لە سەردەمێکدا نەرویجیان داگیرکردبوو، لەبەرانبەریشدا خەڵک نەیانتوانیوە ئەم زمانە پشتگوێ بخەن. زمانەکەی تریش زمانی نینۆرشکە، کە زمانێکی بە ڕەچەڵەک نەرویجییە و هی خەڵکی گوند و خەڵکی ڕەشوڕووتە.

**١٢- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا**

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکەوێتە نێوەندی کیشوەری ئەمەریکای باکوور، کە بەشێکە لەسەر زەمینی جیهانی نوێ، ئەم وڵاتە لە باکوورەوە کەنەدا دراوسێیەتی، وڵاتی مەکسیک و کەنداوی مەکسیکۆ دەکەونە دیوی باشوورییەوە و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە زەریای ئەتڵەسی و لە ڕۆژئاواشەوە زەریای ئارام، ڕووبەرەکەی نزیکەی (٩,٦٣١,٤٢٠کم٢) چوارگۆشەیە و پایتەختەکەشی (واشنتۆن)ـە(١٦٩). ئەمەریکا بەسەر (٥١) ویلایەتدا دابەش کراوە، هەر ویلایەتێکیش دەستووری تایبەت بە حکوومەتەکەی خۆی هەیە، بەڵام حکوومەتی فیدراڵی لە کاروباری ناوخۆیی بەرپرسیارە (١٧٠).

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ساڵی ١٤٩٢ لەلایەن دەریاوانی ئیتاڵی (کریستۆڤەر کۆلۆمبس)ەوە دۆزرایەوە، دوای ئەوەی لە ١٤٩٢/٨/٣ ڕووەو ڕۆژئاوا کەوتە ڕێ و لە ١٤٩٢/١٠/١٢ ئەم شوێنەی دۆزییەوە(١٧١). بەم دۆزینەوەیەش (کۆلۆمبس) شۆڕشێکی گەورەی لەو سەردەمە لە جیهاندا بەرپاکرد، چونکە دواتر ئەم کیشوەرە نوێیە بووە نیشتمانی گەلێکی زیندوو و چالاک(١٧٢). لە (١٧٧٦/٧/٤) سەربەخۆیی خۆیان لە بەریتانیا ڕاگەیاند و پاش (٨) ساڵ شەڕ لەگەڵ بەریتانییەکان، لە ١٧٨٣/٨/٣ توانییان بە تەواوی سەربەخۆیی خۆیان بەدەست بهێنن، پاش ئەم سەربەخۆییەش توانییان یەکەم دەستوور بۆ ئەم وڵاتە لە ٢١ی حوزەیرانی ١٧٨٨ دابنێن و لە (٣٠)ی نیسانی ١٧٨٩ یەکەم حکوومەتی فیدراڵی ئەمەریکا بە سەرۆکایەتی (جۆرج واشنتۆن) دامەزرا، سەرەتاش شاری (نیویورک) کرایە پایتەختی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، پاشان لە ساڵی ١٨٠١ شاری واشنتۆنیان دروست کرد و پایتەختیان گواستەوە ئەو شارە، کە تایبەتە بە فەرمانڕەوایی ئەمەریکا(١٧٣).

ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وڵاتێکی فرەزمان و فرەئایین و فرەنەژادە، زمانەکانی ئینگلیزی، ئیسپانی، عیبری، فەرەنسی، چینی، عەرەبی، ڕووسی، ... لەخۆدەگرێت، هەروەها ئایینەکانی مەسیحی پرۆتستانت و کاسۆلیک، ئیسلام، جوولەکە... لەخۆدەگرێت، هەروەها نەژادەکانی بەریتانی، ئیرلەندی، ئەڵمانی، ئیتاڵی، هیندی، ئەفریقی، عەرەب... لەخۆ دەگرێت(١٧٤).

ئەگــەر بێــینە ســەر دەســتــوور، ئەوە هەندێک لە ویلایەتەکـان لە سـاڵی ١٧٧٦دا توانییـان دەسـتـووری خـۆیان دابنێن، وەک ویلایەتەکـانی (نیـوهامـشـەر، کـارۆلینای باشـوور، ڤێـرجینیـا، نیـوجەرسی، دیلاوەر، پەنسلڤانیـا، ماریلاند، کـارۆلینای باکـوور)، هەروەها هەردوو ویلایەتی (جۆرجیـا و نیـویۆرک)یش لە سـاڵی ١٧٧٧ دا دەســتــووری خــۆیان دانا، دەســتــووری ویلایەتەکــــانی تریش لە ســــاڵەکــــانی دواتر نووسرانەوە(١٧٥).

دەســتــووری ویلایەتە یەکگرتووەکـان بە ڕەزامـەندی زۆربەی ویلایەتەکان لە (١٧)ی ئەیلوولی ١٧٨٧ دانرا، ئەم دەســتــوورەش لە پێــشــەکــیــەک و حـەوت بەند پێکهـاتووە و (٢٧) جـار هەمـوارکـراوە و لە ڕێگەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی نێوان حکوومەتی نەتەوەیی و حکوومـەتی ویلایەتەکـانەوە سـیـسـتـمـێکی فـیـدراڵی دامەزراند، بەهۆی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە سێ لقی سـەربەخـۆدا (دەسـەڵاتی جـێـبـەجـێکردن، یاسـادانان، دادوەریی) حکـوومـــەتی نەتـەوەیی هاوســــەنگـیی دامەزراند(١٧٦).

دەبێ ئەوەش بوترێت، کە بیری سیاسیی هەندێک لە فـەیلەسـوفـەکـانی وەک (تۆمـاس هۆبز)، (جـۆن لۆک)، (جـان جـاک ڕۆسـۆ)، (دێڤـید هیـوّم)، (مـۆتیـسکۆ)، گرنگییان هەبوو لە دانانی دەستووردا و سوودیان لە بیرە سیاسییەکانیان وەرگرتووە(١٧٧).

ئەگەر بێینە سەر لایەنی زمان لە دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، ئەوە جێگەی سەرسوڕمانە، کـە لە هیچ مـادە و بڕگـەیەکـدا ئامـاژە بە زمـان و زمـانی سـتـاندار لە وڵاتدا ناکـات، بەڵکو هەژموون و دەسەڵاتی زمـانی ئینگلیـزی بەسـەر هەمـوو زمـانەکـانی دیکەدا زاڵ بووە و باڵادەســتــە، دەبێ ئەوەش بـوترێت کــە زمــانی ئینگلیـزی دوو لقی سـەرەکی هەیە، ئەوانیش ئینگلیـزی ئەمــەریکی و ئـینگلیــزی بەریتــانی، هەریەک لە دوو زمـانەش چەندین شـێـوە و شـێـوەزاری ناوخـۆیی زمـانی ئینگلیزییان هەیە(١٧٨)، بەڵام ئەوەی لێرەدا باسی لێوە دەکـەین ئینگلیزی ئەمـەریکییـە، کـە لە ئەمەریکا بەبێ ئەوەی لە دەسـتـوور ئامـاژەی بۆ بکرێت، بووەتە زمـانی هاوبەش و سـتـانداردی نەتەوە جیـاوازەکـانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەجۆرێک « زۆرکەس پێیـان وایە، کـە لەبەر ئەوەی ئینگلیـزی ئەمـەریکی لە وڵاتدا باڵادەست و زاڵە، ئیدی ئەوە بە کردەوە زمانی ڕەسمییە» (١٧٩).

کـەواتە زمـانی ئینگلیـزی لە ویلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمەریکا زمانی نەتەوەییە، بەڵام بە زمانی ستاندارد و فـەرمی ڕانەگـەیەنراوە، هەرچەندە دەسـتـووری ویلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمـەریکا نوسـخـەی ئەسلی بە زمـانی ئینگلیــزی نـووســراوە، کــە ئـەمــەش خــاڵێکی ترە لە باڵادەستی زمانی ئینگلیزی(١٨٠).

دەبێ ئەوەش بوترێت، کـە بەدرێژایی هەوڵدانێکی زۆر کراوە بۆ بە ڕەسمیکردنی زمانی ئینگلیزی ئەمەریکی، بۆ نموونە لە سالّی ١٩٢٣ یەکەم یاسا سەبارەت بە زمـانی ڕەسـمی لە ئاسـتی فیـدراڵیـدا خرایەڕوو، بەڵام ئەمـە بە مەسەلەیەکی جیدی وەرنەگیرا و لە ساڵی ١٩٨١ دیسان پێـشنیـارێکی لەو جـۆرە پەیدابوو، ئەم جـارەیان لەلایەن سـیـناتۆر (سی. ئی. هایا کـاوا) ئەوەی پێشنیــاری کۆنگرێس کرد، بۆ ئەوەی زمانی ئینگلیزی لەسەرانسەری وڵاتدا وەک زمـانی ڕەسـمی و سـتـاندارد ڕابگەیەنرێت، بەڵام دەنگی لەســەر نەدرا، بەڵام لە سـاڵی (١٩٩٦) کۆنگرێس بۆ جاری یەکەم لەسەر ستانداردی ئینگلیزی دەنگی دا. کــۆنگرێس بە (٢٥٩) دەنگ بەرانبــەر (١٦٩) دەنگ (یاسـای دەسـتـەڵاتی زمـانی ئینگلیـزی) پەسندکـرد(١٨١)، سـاڵی ٢٠٠٦ سـیـناتۆر (جـەیمس ئینهـایف) مـادەیەکی لە یاسـاکـەی زمـانی ئینگلیـزی ڕەسمی زیادکرد، کە تێیدا هاتبوو: «زمـانی ئینگلیزی وەک زمـانی نەتەوەیی ناوزەد بکرێ، ئینگلیـزی زمـانی هاوبەش و یەکـخـەری ویلایەتە یەکگرتووەکـانە»، دیارە ئەمە ئەگەرچی لەلایەن حکوومەتەوە پەسندکرا، بەڵام هیچ بەرهەڵستییەک و بەرتەسکییەکی بۆ بەکارهێنانی زمانی دیکە دانەدەنا(١٨٢).

بە واتایەکی تر حکوومەت ڕاستەوخۆ تا هەنووکە دژی زمانەکانی تر کاری نەکردووە، ئەگەرچی (یاسای زمانی ئینگلیـزی) پەسند کـردووە، بەڵام نەیخسـتـووەتە بواری دەسـتـوور و یاسـاکـانی تری جـێبـەجـێکردنی زۆرەملێی دەوڵەتەوە، چونکە ڕەنگە بەرهەڵسـتی لە بەرانبـەریدا پەیدابێت، بەهۆی ئەوەی ئەمـــەریکا وڵاتێکی نموونەی دیموکراسـییـە و خـەڵکی بیـانی و بێگانە و کـۆچبـەر لە دانیـشـتـوانی ڕەسـەنی وڵاتەکـە زیاترن، واتە لە بنەڕەتدا

قسەپێکەرانی زمانی ئینگلیزی لەچاو هاوزمانەکانی تر زۆر کەمترن، بەڵام ئەمرۆکە زمانی ئینگلیزی بەگشتی و ئینگلیزی ئەمەریکی بەتایبەتی وەکو زمانێکی نێودەوڵەتی لە دیبلۆماسییەت و بازرگانی نێودەوڵەتی و گەشتوگوزاردا بەکاردەهێنرێت، بەجۆرێک (سمیت)ی زمانەوان زۆر لە جیاوازییە فێرخوازییەکان لەنێو زمانی ئینگلیزی بۆ قسەپێکەرانی زمانانی دی پوخت و کورت دەکاتەوە، یان ئەوەی کە لەڕووی تەقلیدییەوە بە زمانی ئینگلیزی ناوزەد دەکرێت، بەو واتایەی زمانی ئینگلیزی زمانێکی بیانییە، یان بەو حیسێبەی کە زمانێکی دووەمە، بەڵکو زمانی ئینگلیزی بەو وەسفە کە زمانێکی نێودەوڵەتی و هاریکارە بۆ قسەپێکەران(١٨٣).

ئەگەر بێینە سەر ڕەچەڵەکی زمانی ئینگلیزی بەگشتی، ئەوە دەبینین لە بنەڕەتدا زمانی ئینگلیزی زمانی عەشیرەتێکی داگیرکەری ئەڵمانییە، لە سەدەی پێنجەمی زایینی سێ عەشیرەتی ئەڵمانی، کە پێکهاتبوون لە (جوتێس، سەکسۆن، ئەنگلس) لە دەریای باکوور پەڕینەوە و بریتانیایان داگیرکرد، ئەو کاتیش لە بریتانیا هیچ زمانێک نەبووە ناوی زمانی ئینگلیزی بووبێ، بەڵکو خەڵکە ناوخۆییەکە بە زمانی کەڵتی قسەیان دەکرد، عەشیرەتی (ئەنگلس) لە هەرێمی ئینگلاندی ئەڵمانی دەژیان و زمانەکەیان پێی دەوترا (Englisc) و زمانی عەشیرەتی داگیرکاری ئەڵمانی بەرەبەرە بوونە بەشێک لە ناوی (نیشتمان) و (زمانی (نەتەوە)یی بەشێک لە خەڵکی بریتانیا و زمانی ئینگلیزی و نیشتمانی ئینگلیز لەناو نیشتمان و زمانی عەشیرەتی ئەنگلس دروستبوون(١٨٤).

لەگەڵ ئەوەشدا زمانی ئینگلیزی دواتر سەرچاوەکەی لە (دیالێکتی لەندن) وەرگرت، لەبەر ئەوەی زمانی ئینگلیزی خاوەن ئەدەبێکی دەوڵەمەندە، دیاردەی فرەدیالێکتی تێدایە، بۆیە زمانی پایتەخت بووە زمانی هاوبەش، ئەدەب و دراما و تیپی نواندن، وایان کرد ئەم زمانەی پایتەخت (لەندەن - ئیست میدلاند) ببێ بە زمانی وڵات و زمانی دەوڵەت، لەبەرانبەریشدا هەر یەک لە (چۆسەر، کاکستۆن، مالۆری، شکسپیر، میلتۆن، جۆنسۆن، دیکنز، ئیلیەت)، ئەم زمانەیان هەڵبژارد بۆ نووسین، کە زمانی زگماکی کەسیان نەبوو(١٨٥). کەواتە دروستبوونی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی ئینگلیزی بەهۆی تێکەڵبوونی شیعری (چۆسەر) و (شکسپیر) و شاعیرانی دیکە لەگەڵ شێوەزاری لەندەن ڕۆڵی خۆی هەبووە لە بڵاوبوونەوە و چەسپاندنی(١٨٦)، هەروەها بەپشت بەستن بە تایبەتمەندییەکانی زمانی ئینگلیزی، لەلایەن (هایز) دە جۆری زمان دیاریکراون، کە بەم شێوەیەی خوارەوەن(١٨٧):-

١- ئینگلیزی ستاندارد:

وەک یەکێک لە شێوەزارەکانی زمانی ئینگلیزی پێناسە کراوە، کە بە پرۆسەی ستانداردکردندا ڕۆیشتووە، بە پێی پێوەرەکان سیمای زمانی ستانداردی هەیە، لەوانە ئۆتۆنۆمی، زیادبوون و کەمبوونەوە و لەنێوچوونی نییە، تێکەڵەی چەند شێوەزارێکی ترە و خاوەنی سیفاتی دیفاکتۆیە.

پێوەرەکانی زمانی ئینگلیزی ستاندارد لەو کۆمەڵگایانەی کە زۆرینە قسەی پێ دەکات، وەک ئەمەریکای باکوور، بریتانیا و باشوور و ناوەڕاستی ئەفریقیا و (ناوچەکانی ئوسترالیا و نیوزلەندا و دوورگەکانی باشووری خۆرئاوای ئۆقیانووسی هێمن)، ئەوەیە کە یاسای نووسراو (داڕێژراو)ی ڕێزمانی و لێکسیکی هاوکۆکە لەگەڵ یاسا ڕێزمانی و لێکسیکالییەکانی ئەو گرووپانەی کە لە ژووری ئابووری و کۆمەڵایەتی باڵادەستن و لە بنچینەدا ڕێزمان و وشە و ڕەوانبێژییەکی هاوبەش پێکدێن، سەرەڕای هەبوونی جیاوازیی بەرچاو لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە.

٢- زمانی ئینگلیزی کلاسیکی:

دەکرێ ئەوە پەسەند بکەین کە جۆرێکی زمانی ئەدەبی کۆنی ئینگلیزی بێ، بناغەی زمانی پەرستن بووە لە کڵێسەکانی دەوڵەت (ئایینی ڕەسمی دەوڵەت) و کڵێسە سەربەخۆکان. شێوەزارێکی ئینگلیزییە کە بەوە لە زمانی ستانداردی ئینگلیزی ئەو سەردەمە جیادەکرێتەوە، کە نازیندەگییە (زیندوو نییە).

٣- ئینگلیزی خۆماڵی:

پێناسەی زاراوەی زمانی خۆماڵی (vernacular) لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆ پێشنیار کراوە بەوەی، کە «زمانی زگماکی گرووپێکە کە لەڕووی سیاسییەوە لەژێر هەژموونی گرووپێکی تردان، کە بە زمانێکی تر دەدوێن». ئەم پێناسەیەی زاراوەی (vernacular) لەڕووی یاساییەوە بەوە لە دیالێکت جیا دەکرێتەوە کە

سیفەتی (سەربەخۆیی) هەیە و دیالێکت نییەتی.

٤- دیالێکتی ئینگلیزی:

(تراسک) دیالێکت بەوە پێناسە دەکات کە شێوەزارێکی دیاری زمانێکە، کە لە هەرێمێکی جوگرافی، یان لەلایەن گرووپێکی کۆمەڵگا قسەی پێ دەکەن. زۆربەی دیالێکتناسان کۆکن لەسەر ئەوەی کە دیالێکتەکان جۆراوجۆرن، لێکتێگەیشتن دەیانخاتە چوارچێوەی یەک زمانەوە، بەڵام چەمک و پێناسەی لەیەکتر تێگەیشتن زۆر ورد و ڕوون نییە. بە پێچەوانەوە دەکرێت زمانێک بەوە پێناسە بکرێ، کە فۆرمێکی ئاخاوتنە، کە قسەکەری زمانێکی تر بە تەواوەتی لێی تێ ناگات.

٥- ئینگلیزی کریۆل:

زمانەکانی (Creole) بەوە لە زمانی خۆماڵی و (دیالێکت) جیادەکرێنەوە، کە لەڕووی ڕۆنان و وشە و زاراوەوە تێکەڵەن، پێوەری تێکەڵی و کەمبوونەوە و لەنێوچوونی پێوە دیارە. کریۆل لەسەر زمانی ئینگلیزی و چەند زمانێکی خۆرئاوای ئەفریقیا بنیادنراوە، بەڵام یەکەی ڕێزمان و فۆنۆلۆژی و وشەکانیان لە ژمارەیەکی کەمتر پێکهاتوون لەچاو زمانی سروشتی، بەڵام لە هەمان کاتدا لە پێکهاتەیاندا زوو گەشە دەکات، هەمان حاڵەتی دیالێکتیان بەدەست هێناوە و دەیانەوێت بە هەمان بارودۆخی زمانی خۆماڵی بگەن، ئەویش بەدەستهێنانی سەربەخۆییە.

٦- زمانی ئینگلیزی بازرگانی (پیجن):

ئەو جۆرە زمانە زیاتر لە ئەنجامی پێوەندییەکانی بازرگانی و کار و کاسبییەوە پەیدا دەبێت و زمانی ئینگلیزی بازرگانی بەوە جیادەکرێتەوە کە سیفەتی زیندەگی نییە، چونکە زمانی ئینگلیزی بازرگانی پێچەوانەی (کریۆل) و زمانە سروشتییەکان نییە، کە کۆمەڵگای ئاخاوتنی زمانی یەکەمیان هەبێت، بەڵام سیفەتی دیفاکتۆ و بەکارهێنانیان هەیە. ئەو جۆرە زمانە ئەگەر گەشە بکات، دەبێتە زمانی (کریۆل) و لەوانەشە بەخێرایی گەشە بکات و ببێتە زمانی ستاندارد.

٧- ئینگلیزی دەستکرد:

دیالێکتێکی دەستکرد (دروست کراو)ـە، کە سەر بە هەر زمانێک بێت دوو سیفەتی نییە، کۆمەڵگایەک کە زمانی یەکەمیان ئەو شێوەزارە بێ، لەگەڵ سیفەتی مێژوویی، واتە زمانێک دابەش دەبێت بۆ دوو زمان، زمانی یەکەم و زمانی دووەم هەروەک لە حاڵەتی پیجن کە لە بنەچەدا زمانێکی دەستکردە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات گرووپێکی کۆمەڵایەتی بەکاری دێنن، کە بۆ ئەوان زمانی یەکەم نییە، بەڵکو وەک زمانی بازرگانی هاوبەش بەکاری دێنن.

ئەم دیالێکتە پێچەوانەی دیالێکتی پیجنە لە پێوەرەکانی تێکەڵی و ئۆتۆنۆمی، واتە زیاتر پەتی دەبێت، زیاتر جەخت دەکاتە سەر ئەو گرێ فرمانیانە کە لە بنەچەدا هی زمانی ئینگلیزی کۆنن، ئەمەش لەسەر حیسێبی ئەو فرمانانەیە کە درێژترن و لێکدراون و لە بنەچەدا ڕۆمانین، بەمەش ئینگلیزییەکی بنەڕەتی دروست دەکات کە کەمتر تێکەڵاوی تێدایە، وەک لە زمانی ئینگلیزی ستاندارد.

٨- ئینگلیزی ئێکسایزد:

ئەم دیالێکتەی زمانی ئینگلیزی جۆرێکی تێکەڵە، بەڵام کەمبوونەوە و لەنێوچوونی کەمە، نموونەی ئەم جۆرەیان زمانی ئینگلیزی هیندییە، یان بە پێچەوانەکەی هیندی بە ئینگلیزی کراو، کە ڤێرژنێکی تەواوی زمانی ئینگلیزییە و کەرەستەکانی سیستمی زمانی هیندی تێدایە. شێوەزارەکانی ئێکسایزدی ئینگلیزی، بانگەشەی ئۆتۆنۆمییان بۆ کرابێ، یان نا، سیفەتێکی هاوبەشی زمانی ئینگلیزین بۆ ئەوانەی زمانی دووەمیان ئینگلیزییە.

٩- ئینگلیزی ژێر کاریگەریی زمانی بێگانە:

پێوەندی بە دیالێکتی ئێکسایزدی ئینگلیزی هەیە، بەوەی کە هەردووکیان ستاندارد نین، هەردووکیان سیفەتی زیندوویی و مێژووییان کەمە. هەردووکیان بەوە جیا دەکرێنەوە کە سیفەتی (تێکەڵە)یان هەیە، (واتە تێکەڵەی چەند زمانێکی ترن). قسەکەری ئەو زمانانە زوو زوو شێوەی ئاخاوتنیان لە زمانی بێگانە بۆ زمانی ئینگلیزی، یان بە پێچەوانەوە دەگۆڕن، ئەم دیاردەیەش پێی دەگوترێت (دیالێکت گۆڕین)، ئەمەش بە پێی هەڵوێست ڕوودەدات.

١٠- زمانی ئینگلیزی قسەکەری بێگانە:

ئەو جۆرە زمانەیە، کە بێگانەکان لە ڕێگەی خوێندنی ڕێزمان و خوێندنەوە و نووسینەوە فێری دەبن، سیمای تایبەتی ئەم زمانە خاوەنی شەش پێوەرە، لەوانەیە

پێوەری حەوتەمیشی هەبێت، ئەویش لەژێر کاریگەری زمانی زگماکی خۆیان لەڕووی دەنگسازی و ڕۆنانەوە تێکەڵە، زۆرجاریش بیرکردنەوەی زمانی زگماکی خۆیانی تێدا زاڵە، نموونەیەکی بیردۆزیانە لەلایەن (هاڵ) هێنراوەتەوە (زمانی ئیتاڵی کەسێکی بیانی قسەی پێ بکات)، وەک نموونەیەکە بۆ پرۆسەی بە پیجن بوون.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

101- www.wikipedia.org/wiki/Lingustic.

١٠٢- عیزەدین مستەفا ڕەسوول (د)(١٩٧١)، سەرنجێ لە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی، ل١٥.

١٠٣- نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو: هەژموون و دەسەڵاتی کرمانجی ناوەڕاست خۆی سەپاندووە و ستانداردبوونی خۆی ڕاگەیاندووە، سازدانی چاوپێکەوتن هەرێم عوسمان، ڕ. ئاسۆ، ژ (١٥٢٨)، سێشەممە ٢٠١١/٨/٩، پاشکۆی ئەدەب، ژمارە (١٨)، ل٥.

١٠٤- عیزەدین مستەفا ڕەسوول، هەمان سەرچاوە، ل١٥.

١٠٥- نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، هەمان سەرچاوە، ل٥.

١٠٦- ڕەفیق سابیر(د)(٢٠٠٨)، بەستاندارکردنی زمانی کوردی و ئەلفوبێی کوردی، ل٢٧ - ٢٨.

107- www.wikipedia.org/wiki/Lingustic.

١٠٨- طارق جمباز و کریم صوفي (٢٠٠٥)، نصوص الدساتیر في الدول العربیة، اربیل، ص٩.

١٠٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٢.

110- www.Dastur.com/Dastur-Arabice.

١١١- هەمان سەرچاوە.

١١٢- هەمان سەرچاوە.

١١٣- کریم محمد صوفي (٢٠٠٥)، دستور جمهوریة السودان الفیدرالي الانتقالي لعام ٢٠٠٥، اربیل، ص٦.

١١٤- طارق جمباز و کریم صوفی، هەمان سەرچاوە، ل٩٠.

115- www.Dastur.com/Dastur.Arabice.

116- www.Dastur.com/Dastur.Arabice.

١١٧- کەریم ئەحمەد محەمەد، ل١٣٤.

١١٨- عەلی کەندی، ل١٢٧.

١١٩- هەمان سەرچاوە، ل١٧٥.

١٢٠- طارق جامباز (٢٠٠٧)، یاسای زمانە فەرمییەکان لەچەند وڵاتێکی فرەزماندا، و: مەجید ئاسنگەر، ل١٩٠ - ١٩٢.

١٢١- هەمان سەرچاوە، ل ١٧٥.

١٢٢- عەلی کەندی (٢٠٠٨)، ئینسکلۆپیدیای کوردستان و جیهان، ل ٢٠٦ - ٢٠٨.

١٢٣- طارق جامباز (٢٠٠٧)، یاسای زمانە فەرمییەکان، ل ٦ - ٧.

١٢٤- کارزان طارق جامباز (٢٠٠٨)، التنظیم القانوني لتعدد اللغات في الدولة الفدرالیة، رسالة ماجستیر - کلیة القانون، جامعة کویة، ص ٦٠.

١٢٥- طارق جمباز (٢٠٠٦)، دستور الهند، ترجمة عبدالکریم ابوبکر هموند، من مطبوعات المجلس الوطني لکوردستان - العراق، ص١.

١٢٦- هەمان سەرچاوە، ل ١٦٥.

١٢٧- طارق جامباز (٢٠٠٧)، ل ١٨.

١٢٨- طارق محمد جمباز (٢٠٠٦)، دستور الهند، ص ١٦٨.

١٢٩- طارق جامباز (٢٠٠٧)، هەمان سەرچاوە، ل ١٧.

١٣٠- طارق جامباز (٢٠٠٧)، ل ٢١ - ٢٢.

١٣١- کەریم ئەحمەد محەمەد داودی (٢٠١٠)، کورتە ئینسکلۆپیدیای جوگرافیای وڵاتانی جیهان، بەرگی یەکەم، ل٢٨٦.

١٣٢- عەلی کەندی (٢٠٠٨)، ئینسکلۆپیدیای کوردستان و جیهان، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ل ٢٨٢.

١٣٣- طارق جامباز (٢٠٠٧)، یاسای زمانە فەرمییەکان لە چەند وڵاتێکی فرە زماندا، و: مەجید ئاسنگەر، ل ٩.

١٣٤- هەمان سەرچاوە، ل ٢٨٣.

***- کانتۆن ناوی هەرێمە لە سویسرا.

١٣٥- طارق جامباز (٢٠٠٧)، یاسای زمانە فەرمییەکان لە چەند وڵاتێکی فرەزماندا، و: مەجید ئاسنگەر، لە چاپکراوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان - عیراق، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ل١٠٦ - ١٠٧.

١٣٦- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٥.

١٣٧- طارق جامباز (٢٠٠٣)، زمانە فەرمییەکان لە دەستووری کەنەدا و سویسرا و بەلجیکادا، گ. پارێزەر، ژ (٥ - ٦)، ٢٠٠٣، ل ١١٤ - ١١٥.

١٣٨- طارق جامباز (٢٠٠٧)، هەمان سەرچاوە، ل ٩٩ - ١٠٠.

١٣٩- هەمان سەرچاوە، ل ٩٩.

١٤٠- عەلی کەندی (٢٠٠٨)، ل ٦٢٠.

١٤١- هەمان سەرچاوە، ل ٦٢٨.

١٤٢- تاریق جامباز، زمانە فەرمییەکان لە دەستووری کەنەدا و سویسرا و بەلجیکا، ل ١١٥ - ١١٦.

١٤٣- برەنزویک ناوی هەرێمە لە وڵاتی کەنەدا.

١٤٤- طارق جامباز (٢٠٠٧)، قانون اللغات الرسمية في كندا لسنة ١٩٨٨، ترجمة عبدالكريم ابوبكر همووندي، من مطبوعات المجلس الوطني لكوردستان - العراق، مطبعة شهاب، اربيل، ص ١٦.

١٤٥- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣.

١٤٦- مصطفى فاخوري (٢٠٠٧)، الاقطار والبلدان - موسوعة جغرافية وتاريخية واقتصادية، دار المعرفة، بيروت - لبنان، ص ١٠٦.

١٤٧- عەلی کەندی، ل ٣٢٩.

١٤٨- مصطفى فاخوري (٢٠٠٧)، ص ١٠٧.

١٤٩- طارق جامباز، زمانە فەرمییەکان لە دەستووری کەنەدا و سویسرا و بەلجیکادا، ل ١٢٠ - ١٢١.

١٥٠- طارق جامباز (٢٠٠٧)، یاسای بنەڕەتی کاتالۆنیا ٢٠٠٦، و: محمد کاکەیی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٥.

١٥١- هەمان سەرچاوە، ل ٥.

١٥٢- مصطفى فاخوري، هەمان سەرچاوە، ل ٤٢٣.

١٥٣- هەمان سەرچاوە، ل ٤٢٤.

١٥٤- سوداد ڕەسووڵ (٢٠١٠)، جووت ستانداردەکەی ئەمیری حەسەنپوور و ئەفسانەکەی، هەفتانەمەی هەولێر، ژ (٤١)، تەمموزی ٢٠١٠، ل ٥.

١٥٥- ناصر قلی سارلی، ل ١٦٥.

١٥٦- سوداد ڕەسووڵ، هەمان سەرچاوە، ل ٥.

١٥٧- هەمان سەرچاوە، ل ٥.

١٥٨- ناصرقلی سارلی، ل ١٦٥.

١٥٩- بڕوانە: سوداد ڕەسووڵ، ل ٥، ناصر قلی سارلی، ل ١٦٥.

١٦٠- ناصر قلی سارلی، ١٦٦.

١٦١- سوداد ڕەسووڵ، ل ٦.

162- Learning ،Larson Karen A. (1985) without lessons. Socialization and Language change in Norway University press of p. 40. ،America

١٦٣- هەمان سەرچاوە، ل ٤٣.

١٦٤- سوداد ڕەسووڵ، هەمان سەرچاوە، ل ٦ - ٧.

١٦٥- ناصر قلی سارلی، ل ١٦٥ - ١٦٦.

١٦٦- سوداد ڕەسووڵ، ل ٧.

١٦٧- سەرچاوەی پێشوو، ل ٧.

١٦٨- ئاراس فەریق زەینەڵ(د)(٢٠١٠)، مێژووی ئەمەریکا لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، چاپخانەی پێوەند، سلێمانی، ل ٦.

١٦٩- عەلی کەندی (٢٠٠٨)، ل ٦٤٢.

١٧٠- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٧)، نەژادی ناوی ئەمەریکا، ڕ. بەدرخان، ژ. (٧٩)، ٢٠٠٧/٣/٢٢، ل ١٤.

١٧١- ئاراس فەریق زەینەڵ(د)(٢٠١٠)، ل١٢.

١٧٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٦ - ٧.

١٧٣- بڕوانە: مصطفى فاخوری، ل ٤٥٢، عەلی کەندی، ل ٦٤١.

١٧٤- ئاراس فەریق زەینەڵ، ل ١٠٦.

١٧٥- کۆمەڵێک، نووسەر(٢٠١٠)، دەربارەی ئەمەریکا - دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و سەرنج و ڕاڤەکاری، و: حەسەن حوسێن و سەلام عەبدولکەریم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ل ١٣.

١٧٦- ئاراس فەریق زەینەڵ، ل ١١٠.

١٧٧- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو(٢٠٠٩)، زمانەوانی، بەرگەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم)، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ل ٤٠٨.

١٧٨- جەیمس کراوفۆرد، بۆچی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، زمانی ئینگلیزی ڕەسمی نییە، و: حەسەنی قازی، بڕوانە: www.ruwange.blogspot.2008

179- www.Answers.com/National Language.

١٨٠- جەیمس کراوفۆرد، هەمان سەرچاوە www.ruwange.blogspot.2008

١٨١- هەمان سەرچاوە.

١٨٢- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو(٢٠٠٩)، هەمان سەرچاوە، ل ٤٣٠.

١٨٣- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو (٢٠١١)، زمانەوانی، بەرگی هەشتەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل ١٢٨ - ١٢٩.

١٨٤- ئیسماعیل فەهمی قەرەداغی (د)(٢٠١٠)، وێژەی ئینگلیزی و زمانی ستاندەردی ئینگلیزی، سمیناری ئەکادیمیای کوردی، هۆڵی مەلا مەحموودی بایەزیدی، چوارشەممە ٢٠١١/١/١٢

١٨٥- عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ(د)(١٩٧١)، سەرنجێ لە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی، چاپخانەی (سلمان الاعظمی)، بەغدا، ل ١٦.

186- p. 10 - 12. ،Ali Mahamood jukil

# شێرە ژنی باڵاگریوە بۆ سەری هەڵدا

ڕەحیم لوقمانی
(سنە)

کاتێک ئاوڕێک لە مێژوو بدەینەوە و سەد ساڵێک بچینە دواوە، دەتوانین بۆ چۆنیەتی سەرهەڵدان و لەشکرکێشی و ڕووداوی خوێنباری وڵاتەکەمان، خوێندنەوە و تێڕوانینی تازەترمان بێ. سەد ساڵ پێش ئێستا بارودۆخی ئێران بە دەستی قاجارەکان چۆن بووە و ئەنجامی حوکمڕانی ئەوان لە حکوومەتە ناوچەییەکاندا چی لێ کەوتووەتەوە؟ ئەوەی کە جێی سەرنجە پێش ئەو زەمەنە مێژووییە، دەسەڵات لە ناوچەکانی ئێراندا، بە شێوەی نیمچە هەرێمی و لە سەر جیاوازی زمان و نەتەوە بەڕێوە چووە. وەک ئەیالەتی ئازربایجان، کوردستان و ئەیالەتی لوڕستان.

لە دوارۆژەکانی دەسەڵاتی قاجاریدا، بە هۆی پاشاگەردانی و لاوازی حکوومەتی ناوەندییەوە، دەسەڵات زۆرتر لە دەست فەرماندەکانی سەربازیدا بووە. یەکەم هەنگاوی سەربازیش ئەمە بووە، دەسەڵاتەکانی ناوچەیی بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان و هێزی عەشایر لە چەک دامالن، یان بیانکەنە داردەستی خۆیان. لەو سەروبەندەدا ئەو شوێنانەی کە زۆرتر کەوتنە بەر شالاوی لەشکری زۆرداری حکوومەتی ناوەندی، هەرێمی ئازربایجان و کوردستان و لوڕستان بوو. یەکێک لەو هۆزانەی لوڕستان کە دەسەڵاتی تایفە و ناوچە و کاروباری کۆمەڵایەتی خۆیانی لە دەستدا بوو، هۆزی قەڵاوەند لە باڵاگریوەی لوڕستان بوو.

قەندی خان کوڕی بوزورگ خانی باڵاگریوە، کەسایەتییەکی شایستە و ناودار و میواندار و بەخشندەی ناوچەکە بووە. دەڵێن نۆ کوڕی هەبووە و لە ناو کوڕەکانیدا، باباخان و عەباس خان، لە ناو کچەکانیش، قەدەم خێر و گۆتەڵا لە هەموان ناسراوتر و



**سمکۆی شکاک**

دیارتربوون، چونکە لە شەڕەکاندا چالاکی و ئازایەتییان ناوبانگی دەرکردبوو. کاتێ لاوانی هۆز و براکانی قەدەم خێر لە شەڕدا بوون، قەدەم خێر بۆ پاراستنی ئازادی و دەسەڵاتی هۆزەکەیان، بە دابینکردنی چەک و فیشەک، سەنگەر بە سەنگەر یارمەتی جەنگاوەرانی داوە.

لە سەرەتای حکوومەتی پەهلەویدا بوو کە شاڵاوی لەشکری ئێرانی بۆ داگیرکردن و کوشتاری خەڵکی کوردستان و لوڕستان دەستی پێکرد. با لێرەدا ئاماژەیەکی مێژوویی دیکەی هاوزەمان بکەم. هەر لەو سەردەمە و لەکۆتاییەکانی دەسەڵاتی ئەحمەد شای قاجاردا بوو، کە لەشکری ئێران بە سەرکردایەتی ڕەزا خانی پەهلەوی، (پێش ئەوەی ببێتە شای ئێران) هێرشی کردە سەر سمایل ئاغای سمکۆ لە ناوچەی ورمێ. پێش هێرشی سەربازی، عەبدوڵڵاخانی تەهماسبی سەرۆکی لەشکری ئازربایجان، بە سمکۆ ڕادەسپێرێ کە فەرماندەی لەشکری ئێران دەیەوێ بیبینێ. هاتنی سەرۆکی سوپا بە ئامانجی دیداری دۆستانەیە، نابێ سمکۆ چەکدار لەگەڵ خۆی بێنێ، بەڵام سمکۆ لەم ڕاسپاردانە گوماندار بووە و دەزانێ کە سەرنجی ئەوان بۆ کوردان، هەمیشە ڕوانینی دوژمنانە بووە و هیچ ڕووکاری دۆستانە و قبووڵ کردنیان لە مێژوودا نەبووە. سمکۆ بە ڕواڵەت قبووڵی دەکا، بەڵام وردبینی و قایمەکاری خۆی دەکا. ڕەزاخانی پەهلەوی و پازدە کەسێک دەچنە لای سمکۆ. کە ڕەزا خان سەرنج دەدا سمکۆ ٦٠٠ سواری لەگەڵدایە، زۆر تێک دەچێ و بە یەکێک لە دۆستانی دەڵێ: ئەگەر ئەم کوردە نەمانکوژێ، شانسی گەورەمان بووە. ئەو شەوە هیچ قسە و باسێکی ئەوتۆ ناکەن و ڕەزا خان بە یاری تەختەوە سمکۆ سەر گەرم دەکا و تا بەیانی چەند دەستی پێ دادەنێ. بەیانیش ڕەزا خان هیچ قسە و باسێک ناکا، تا سمکۆ هەموو گومانێکی بڕەوێتەوە. لە ڕۆیشتندا، سمکۆ خۆی ڕەوانەیان دەکا . لە ڕێدا ڕەزا خان بە تووڕەیی بە عەبدوڵڵا خان دەڵێ: دەبێ بە هەر داوێک بێ، ئەم کوردە بکوژین، ئەگەر ئەو سیاسەتی بوایە دەبوو ئێمەی بکوشتایە. دوای ماوەیەک بۆ دیدارێکی دیکە بە پیلان و دهۆ، بۆ گفتوگۆی دۆستانە بانگی دەکەن. ئەویش بە دڵنیایی دیداری دۆستانەی پێشوو، چەکداری زۆر لەگەڵ خۆی نابات. دوژمنان ئەم جارە هەلیان بۆ دەڕەخسێ و بە خیانەت و پیلانی هەمیشەیی خۆیان ئەم سەرکردە عەشایەرەی کورد وەک دەیان کەسایەتی دیکە دەکوژن.

مەبەستم لەم ئاماژە مێژووییەدا ئەم خاڵە گرنگەیە، کە ئەوان وەک دەسەڵات و باڵادەست، لە جیاتی قبووڵ کردنی بەرانبەر، لە مێژوودا هەمیشە هێرشکار و پیلانگێڕ بوونە، گەلی ژێردەستیش کە هەردەم دەستی برایەتی بۆ هەڵێناون، غەدر لێکراو و لە داو کەوتوو و دۆڕاو بووە، کەچی ئەوان بۆ خراپ نیشاندانی هەموو بزووتنەوەکانی گەلان، هەمیشە دەستەواژەی چەتە و شەڕخواز و ڕێگر و جیاوازی خوازیان بۆ بەکار هێناون.

ئەوەی کە لە مێژووی سیاسەتەکانی دەسەڵاتدا نەگۆڕ و یەکسان و هاوبەش بووە، یەکەم جۆری ڕوانینیانە بۆ گەلانی ژێردەست و غەیرەزمانی خۆیان، بە دەستەواژەی ناشیرینی هەمیشەیی. دووەم دانانی تەڵەی کوشتن، فریودان و سوێندخواردن بە قورئان و گفتوگۆی برایانە بووە و ئاکامی هەموو پیلانەکانیش، تراژیدیای مەرگی گەورەکانی کورد بووە.

هۆزەکانی لوڕستانیش، وەک قەندی خانی بابی قەدەم خێر، (بۆ شکست دانیان لە بەرانبەر حکوومەتی مەرکەزیدا و ناشیرین کردنیان لە نێو گەلانی دیکەدا) بێ گومان بێ بەش نەبوون لەو جۆرە ناو و ناتۆرانە، ئەگەر وا نەبووە، بۆچی بە تەیارکردنی لەشکر، ڕوویان لە خەڵکی کوردستان و لوڕستان و ناوچەکە کردووە؟ ئایا گرفتی ئەو دەمانەی ئێران تەنیا خەڵکی لوڕستان و کوردستان بووە؟ لە سەروبەندێکی وەهادایە کە قەدەم خێر دەبینێ، لەشکرێکی ناهەق و دەرەکی، بێ ڕەحمانە هێرش دێنێتە سەر ماڵ و زێد و ژیانی هۆز و بنەماڵەکەیان. وەک مرۆڤێکی بە هەست، چۆن دەتوانێ بێ دەنگ دانیشێ و تەماشاوانی وێرانکاری و داگیرکردنی ولاتەکەی بێ؟ لەشکری دەوڵەتێک بە زمان و کولتوور و هەموو شتێکی جیاوازەوە، سەدان کیلۆمەتر دوورتر هاتووە و حاشا لە دەسەلات و زمان و کولتووری ناوچەکەی و لە بوونی خۆشی دەکات.

باوک و برا و کوڕەکانی هۆز لە بەرانبەر شالاوی بێ عەدالەتی داگیرکەردا، لە ناچاری پەنا بۆ ئامێزی بێ درۆ و بێ دەهۆی چیاکان و چەکە سادەکانی خۆیان دەبەن. قەدەم خێر وەک ئەندامێکی کۆمەڵگاکەی هەست بە بەرپرسیارەتی دەکا. نایەوێ وەک زۆربەی ژنانی ئەو کولتوورە، لە بەرانبەر هەموو نەریت و ستەمێکدا بێ دەنگ دانیشێ. سوننەتەکانی شەرم و شەرعی زەمان دەشکێنێ و بەرگی پیاوان لە بەر دەکا و دەچێتە سەنگەری پاراستنی لوڕستان، بەلام لەشکری بێ بەزەیی و زۆرداری قاجار و دواتریش پەهلەوی، نایەڵن هیچ گەلێکی ئەو ولاتە ڕۆژێک بە ئازادی و ئارەزووی خۆیان بژین. عەشیرەتێکی لوڕستان، یان کوردستان، بە بێ پشتیوانی ناوخۆیی و جیهانی، تەنیا بە چەکی سادەوە تا چەند بتوانێ خۆی ڕاگرێ!

لە ساڵەکانی سەرەتای حکوومەتی پەهلەویدا، دەوڵەتی داگیرکار شالاو دەباتە ناوچەی گاوازین. سەفقولی مێردی قەدەم خێر لە شەڕێکی نابەرانبەردا دەکوژرێ، بەلام قەدەم خێر و براکانی بە شەڕی پارتیزانی دەکەونە شەڕی بەرگری لە ولاتەکەیان. لە ئاکامدا برایەکی قەدەم خێریش دەکوژرێ، بەلام لە شەڕێکی وا نابەرانبەردا، توانایی چەکداری بێ پشتیوانی هۆز لە کوێ و شالاوی لەشکری زۆر و بێ بەزەیی داگیرکەر لە کوێ؟

لە کۆتایی دەسەلاتی قاجار و سەرەتاکانی دەسەلاتی پەهلەوی بە چەند ساڵ شەڕی بەردەوام، چەکدارانی لوڕستان توانییان چەند ساڵێک خۆڕاگیری بکەن (۱۳۰۷ تا ۱۳۲۰ کۆچی هەتاوی) (۱۹۲۸-۱۹٤۱ز)، بەلام لە ئاکامی جەنگی نابەرانبەردا، ڕاپەڕینی عەشیرەتی ناوچە و هۆزی قەندی بە ڕواڵەت کۆتایی پێ هات، بەلام ئەو مەسەلەی کە هەر کۆتایی پێ نەهاتووە و هەرگیز فەرامۆش نابێ، یاد و ناوی قارەمانەتی ژنێکە، کە بووەتە هێمای بەرخۆدانی خەڵکی لوڕستان و بەگشتی خەڵکی کوردستان. ناوی قەدەم خێر هەمیشە لە ناو خەیاڵی بەرخۆدانی گەل و لە سینگی مێژوو و لە دڵی بەرد و سەنگەری چیاکاندا دەمێنێ، بەلام لەشکر و پادشا و حاکمانی دەسەلات، یەک لە دوای یەک هەرەسیان هێنا و کەوتنە بن خۆڵی ساردی مێژووی کوژاوەی خۆیان و بیر چوونەوە. وەلێ ناو و باوەڕی قەدەم خێر، تفەنگەکەی، سەنگەرەکەی، ئاواتەکەی، تا هەتایە لە ناو زایەڵەی گۆرانی و شیعر و لە ناو گەرووی کەمانچە و لەناو هەناسەی لوڕستاندا دەژی و دەنگ دەداتەوە.

ئاوڕدانەوە و خوێندنەوەی ڕووداوەکانی مێژوو پێمان دەڵێ کە لەو سەردەمەدا و لە چوارچێوەی بەرتەنگی سوننەت و مەزهەبدا، ژنێکی ئاسایی وەک زۆربەی ژنانی دیکە، چۆن دەبێتە میدالی شانازی و ئوستوورەی گەلێکی کەونارا و دەیان ئاواز و گۆرانی لەسەر ساز دەبێ؟

**قەدەم خێر، یا جوونی خوەت، یا جوونی بووەت**
**واکو ئوو هەفتیرتە داو لیچی سووەت**
**قەدەم خێر قەدەم زهنە دەو دیوە خونش**
**چی جهالی عاشقی جەکسون وهشونش**
**قەدەم خێر قەسەم خورە ئەفتاو نەیینە**
**د مردنی بووە خوە چل گیس برینە**

بێ شک، هۆکاری دروست بوون و سەرهەڵدانی قەدەم خێرەکان، یەکەم جار خودی دەسەلاتە و چۆنیەتی مامەڵە کردنی لەگەڵ گەلی ژێردەستی خۆی، واتە دەسەلاتێکی دەرەکی کە هەموو شتێکی لەگەڵ گەلانی ژێردەستی خۆی جیاوازە. بێگانەی داگیرکەر، لە جیاتی شالاوی سەربازی و لەشکر و ناڵەی تۆپ و تفەنگ، ئەگەر بە سۆزی

مــوزیک و چڕینی هونەرمــەندان و شنەی شــیــعــری شاعیرانیان بهاتنایە، بێ گومان قەدەم خێرەکان و هەموو پیـر و لاوانیش بە دەنگی ئاشـتی و ئەشق و شـیـعـر و ئاوازەوە دەچوونە پێشـوازیان، ئەگەر لە جیاتی لەشکر، نوێنەری ئاشتی و کولتووری خودی دەسەڵات، بۆ ناسین و ئاڵوگـۆڕی فـەرهەنگی بهـاتنایە، بێ گـومـان لە ناو دڵی فـەرهەنگ و خـۆشەویسـتی دیوەخـانی گـەل، بە چەپکە گوڵی سۆز و هونەرەوە پێشوازییان لێدەکرا، نەک لە چیا و سـەنگەردا بە قـرمـژنی گولله و فـیـشـەک...! ئەگـەر ڕووداوەکان بەو جۆرە بوایە، بێ گومان قەدەم خێرەکان و براکانی، جـۆرێکی دیکە ناوبانگیـان دەردەکرد و ئێـستـا ئێــمــەش جــۆرێکی دیکە یادی ئەوانمان دەکــردەوە و لە جـیــاتی پەسنی چەک و ڕەخت و شـەڕ و سـەنگەر، لە بەرهەمی قـەڵەم و هونەر و ئەندێشـەی هەردوولا چێـژی تایبەتیمان وەردەگرت.

لە زەمەنێکی مێژوویی بەم شێوەیە کە هێرشی سوپای بێگانە بۆ سەر گەلێک لە ئارادا بووە، یەکەم پێشڕەوانی فیداکاری و بەرگری، گەنجان و پیاوانی گەل بوونە، بەڵام ٩٠ ساڵ پێش ئێستا، بۆ کچێکی جوان و خانزادە، کە بە بەرگی پیــاوانەوە ڕەخت و چەک بپــۆشێ و ڕووبەڕووی دوژمن بچـێـتـە ناو سـەنگەری برا و کـەسـەکـانی، ئـەمـە بەسەرهاتێکی نایابە و کەمـتـر لە مـەیدانی بەرخـودان و باوەڕی عـــەشـــایەریدا ڕووی داوە. ئەمـــەش دەتوانێ هۆکارێکی بە ئوستوورە بوون و خۆشەویستی قەدەم خێر بێ لە لای نەوەکـانی هاوزەمـانی. دەنا هەر ئێــسـتـاش لە دنیـای ڕۆشنگەری مـۆدێرن و لە سـەنگەری بەرخـودانی ئازادی گەلدا، سالآنێکە بە هەزاران قەدەم خێری جوان و خوێندەوارمان بە گیان و باوەڕەوە ئامادەی فیداکارین و هەزارانی دیکە لەم ڕێیەدا گـیـانی شـیـرینیـان پێشکەش کردووە.

لە کــاتێکدا لەشکری زۆرداری داگـیـرکـەر بە هەمـوو هێـزەوە هێـرشی هێناوەتە سـەر زێد و مـاڵی هۆزەکـانی لوڕسـتـان، قـەدەم خـێـر کـە دەبینێ هەمـوو برا و مـێـرد و کەسەکانی لە سەنگەری پاراستندان، هەڵوێستی بوێرانە دەگـرێ و ئەسـپی لێ تاو دەدا و سـەنگەر بە سـەنگەر خواردن و فیشەک بۆ جەنگاوەران دەبا. هەر لەم جەنگەدا سـەفـقـولی مـێـردی قـەدەم خـێـر دەکـوژرێت، بەڵام ئەم کــۆسـتــانە کــار ناکــاتە سـەر هەڵوێست و ورەی ژنە جەنگاوەر. بەم شێوەیە براکان و جەنگاوەرانی دیکەی لە گەمارۆی دوژمن دەرباز دەکا. ئەم فیداکارییە، لە هەموو لوڕستان و کوردستاندا دەنگ دەداتەوە.

لە مـاوەی ساڵی ١٣٠٨ کـۆچی مـانگیـدا (١٩٢٩ز)، عەباس خان و باباخـانی برا و هاوسەنگەری قەدەم خـێـر کـوژران و کـۆسـتی گـەورەتر نیـشـتـە سـەر دڵی ژنە جەنگاوەر، هەرچەندە خەبات و پارێزگاری لاوانی ناوچە تا چەند ساڵێک بەردەوام بوو، بەڵام نەبوونی پشتیـوانی گـشـتی و هەڵوێسـتی تواندنەوە و سـڕینەوە لە لایەن دوژمنەوە، لە ئاکـامـدا ئاگـری خـەبات و سـەرهەڵدانی لاوانی هۆز، بوو بە ئاگری بن خۆڵەمێشی شکست، بەڵام پشکـۆی گـیـانی بەرخـودانی مرۆڤـایەتی و ئازادی، هیچ کـات بۆ هەمـیـشـە ناکوژێتـەوە. خەمی خۆشـەویسـتـان و نسکۆی ڕاپەڕینی نەتەوەیی، تا ڕادەیەک ئاگری دەروونی ژنە جـەنگاوەری هێـور کـردەوە، بـەڵام بیـر و ئەندیشـەی ئازادی و ئەوینی نیـشـتـمـان، بۆ هەمـیـشـە لە ناو دڵ و دەروون و خوێنی نەتەوەییدا نامرن.

لێرەدا، لەگەڵ یاد کردنەوەی ڕووداوەکان و ئاماژەیەکی مێژوویی، چەند پرسیـارمـان لا دروست دەبێ. ئایا بیری ئازادیخـوازی و مـافـخـوازی دواتر لە ناو بنەمـاڵە و هۆزی قـەدەم خـێـر و هۆزەکـانی دیکە سەری هەڵدایەوە؟ ئەگـەر ســەری هەڵدا بە چ ئاراســتــەیەک بوو؟ ئەگـــەر نا هۆکارەکانی چی بوون؟

لە هەمـوو شوێنەکانی وڵاتدا بیری داگیرکردنی خاک و سڕینەوەی گەلی بن دەست، تەنیا بە شاڵاوی سەربازی و شەڕ و کوشتار کۆتایی پێ نەهاتووە، بەڵکو خراپتر لەوە، هەوڵدانێکی دیکەش لە ئارادا بووە، بۆ تواندنەوەی زمان و کولتوور و نەهێشتنی بیری نەتەوەیی. دەسەڵاتداران بۆ گـەیشتن بەم ئامـانجـانە، دەیان شـێـواز و پرۆژەیان بەکـار هێناوە. یەکـێـک لەوانە مــەســەلەی ژن و ژنخــوازی و هاوسـەرگـیـری بووە، ئەویش بەرژەوەندی حکوومـەتی و پیـــلانی ســـیــــاسی لە پشت بووە، نەک لە ڕووی خۆشـەویسـتی و هاوسۆزی و ژیانی یەکسـانییـەوە. لەم جـۆرە پێـوەندییـەدا بە داخـەوە هەمـیـشـە کـەسی سەر بە دەسـەڵات براوە بووە و لایەنی گـەلی ژێردەست ئاکـامی ژیانی دۆڕاندووە.

ئەگـەر لە سـەردەمی قـەدەم خـێـردا چەند سـەدە بچـینە پێشـتـر، نموونەی بنەمـاڵەی ئەردەڵان دەبینین، کە یەکێک

لە هۆکـارەکـانی سـەرەکی شکسـتـیـان، جـیـا لە وابەستەبوون، مەسەلەی ژن و ژنخوازی بێگانە بووە لە ناوەندی دەسـەڵاتی بنەمـاڵەیاندا، ئەویش نەک بۆ خۆشەویستی و ئاشتی و ژیانی تەبایی. شەرەفنامەی بدلیسی بەشی میرانی ئەردەڵان، دەڵێ: هەڵۆخان کارامەترین خونکاری ئەردەڵان بوو. چەند پێتەخت و قەڵای هەبوون: زەڵم، حەسەناوا، قەڵای مەریوان و پالنگان. تورکی عوسمانی و عەجەمی ئێرانی لێی دەترسان. شا عەبباس هات بیگرێ لە هەمەدان شکستی هێنا. ئەم جار بە فێڵ و دەهۆ خۆی لێ نزیک کردەوە. نامەی بۆ نووسی کە "حەز دەکەم لێک نزیکتر بینەوە، خان ئەحمەد خانی کوڕت بنێرە بۆ ئیسفەهان با لە ماڵی خالۆوانی هەڵدا و دەرس بخوێنێ." چونکە ژنی هەڵۆخان هەر لە بنەماڵەی سەفەوی بوو. خان کوڕەکەی و دیاری زۆری نارده ماڵە خەزووران.

خان ئەحمەد خان پاش چەند ساڵ بە کولتووری بێگانە ڕاهات. شا پێی گوت بابی تۆ هەوای نافەرمانی و جیایی لە سەردایە. باشترین کەسی شیاو بۆ حکوومەتی ئەردەڵان هەر تۆی. شا لەشکری ئامادە کرد و بە سەرۆکایەتی خان ئەحمەد خان هێرشیان هێنایە سەر نیشتمان و قەڵای باوک لە حەسەن ئاوا. هەرچی کردیان قەڵا بە بێگانە نەگیرا. ئاقیبەت ژنی هەڵۆ خان و مەلای قەڵانشین بوون بە هاودەستی ئەحمەد خان و سوپای بێگانە. بە ڕێنمایی دزەکۆشک، دوژمن ئاوی قەڵایان لێ وشک کردن، پاشان بە هاودەستی هاوسەری دەهۆ، دەروازەیان بۆ کردنەوە. هەڵۆخان باڵبەست کرا و بردیان بۆ زیندانی ئیسفەهان و لەوێ دواتر کوشتیان. ئەحمەد خان بە فەرمانی شا بوو بە والی سنە. ئەمە هەر ئەو والییەیە کە چەندین موڵک و ئاسەواری مێژوویی سنەی بە ناوکراوە و ڕەنگە هەندێ کەس شانازییان پێوە بکەن. دیسان نموونەیەکی دیکە هەر لە بنەماڵەی ئەردەڵان دێنمەوە. لە سەرەتای سەدەی نۆزدە و لە دەسەڵاتی خوسرەو خانی ناکام کە میرنشینی سنە لەوپەڕی لاوازیدا بوو، لە ڕێگەی ژنی یەکەمییەوە (جەهان حوسنی کچی فەتح عەلی شای قاجار) لە چەند لاوە هێرشی سەربازییان کرایە سەر و بەم جۆرە میرنشینی ئەردەڵان پاش سەدان ساڵ کەبکەبە و دەبدەبە، بە یەکجاری هەرەسی هێنا و مەستوورە و چەند کەسێک کە لە جەغزی دەسەڵاتدا نەبوون، پەنایان بردە خاکی بابان لە سلێمانی. ئەمڕۆ لە هەموو یادەوەرییەکانی میران، بۆ هاووڵاتیانی ئەردەڵان و بۆ مێژووش، تەنیا قەڵای وێران و تەلاری بێ ناز و غەدر و خیانەتی بێگانەیان لە شوێن بە جێ ماوە.

ئێستا مەبەستم لەم ئاماژە مێژووییانە ئەوەیە کە بێژم گروتاوی ڕاپەڕینی قەدەم خێر و ڕوحی خۆ پارێزی هۆزەکەیان، پاش ئەو هەموو خوێن و خەبات و فیداکارییە چی بەسەر هات؟ ئایا لە ناو ئەندێشە و باوەڕی بەرەی دواتر و قەدەم خێرەکانی دیکە، ڕەنگدانەوەی کردەیی وەک خۆی، یان بزاڤی فەرهەنگی و ئەدەبی لێ کەوتووەتەوە؟

لە سەرەتای دەستنیشان کردنی حکوومەتی پەهلەوی بە دەستی بەریتانیا، هێزەکانی دەوڵەت بە هەموو هێزی سەرکوتگەری خۆیان، هێرشیان بردە سەر لوڕستان و لە چەند شەڕی نابەرانبەردا، لە ماوەیەکی کەمدا، مێرد و دواتر دوو برای قەدەم خێر کوژران. ئەم کۆستە گەورانە لە جەستە و ڕوحی ناسکی ژنانەی قەدەم خێردا زۆر ڕەنگدانەوەی ناخۆشیان هەبووە. بە جارێ وایان لێکرد لە باری دەروونییەوە تێک بشکێ و گۆشەگیر بێ، ئەگەرچی هاوسەنگەران بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە بەرانبەر هێزی بێگانەدا ڕاوەستان، بەڵام دواتر بە ناچاری هەموو ڕادەستی هێزی زۆردار و تەیاری داگیرکەر بوون. لەم سەروبەندەدا کە قەدەم خێر، بیری هەستان و تۆڵەی لە سەردابوو، والی زادەیەکی ناوچە، بە ناوی جەلال خان کە یەکێک لە پیاوانی دەسەڵات بوو، ناردییە خوازبێنی قەدەم خێر، بەڵام قەدەم خێر کە زۆر کینەی دوژمنان و نەیارانی لە دڵدا بوو، جوابی نەداتەوە، بەڵام جەلال خان بە پشتگەرمی حکوومەت و گوشاری سەر بنەماڵە و قەوم و هۆزەکانی دیکە، بە نابەدڵی قەدەم خێریان ناچار کرد ئەم داوایە قبووڵ بکات، هەرچەندە بە ڕواڵەت ئەم کارەی قەدەم خێر لەگەڵ مەسەلەی هاوسەرگیری ئەردەڵانەکان جیاواز دیارە، بەڵام لە دیدگای سیستمی باڵادەست، ئامانجەکە لای ئەوان هەریەکە. ئەویش کوژاندنەوە و کپ کردنی ڕوحی نەتەوەیی، یان دروست کردنی ڕوحی تەسلیم و باوەڕمەند بوون بە زمان و کولتووری باڵادەستە. ئەم وەرچەرخانە تاڵەی ژیانی قەدەم خێر، بوو بە مایەی حەسرەت و داخی بەردەوام لە دیتنی دوژمنانی

له ماڵی خۆیدا. قەدەم خێری تەواری ئازادی سەر چیاکان و خۆشەویستی هۆز، لە ماڵی خۆیدا چۆن هاتوچۆی بەردەوامی نەیاران و دوژمنانی خۆی و برا و هاوسەنگەرانی ببینێت! بێ گومان مەرگی خۆشتر بووە تا هەر ساتێکی ژیانی بەوجۆرە. لە فەزای ماڵێکی ئاوادا، ئایا منداڵ و بەرەی هاوفکر و هاوسەنگەری ئەوی لێدەکەوێتەوە، یان دەست و پێوەند و داردەستانی حکوومەتی؟

بێ گومان زۆربەی تەجروبەکانی مێژوو پێمان دەڵێ، لەم جۆرە پیلانەدا هەمیشە سیستەمی دەسەلات لایەنی براوە بوون. ئەوان هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە لە ناوەندی مەکۆی سەرهەڵدانی گەلدا ڕەگ و چەکەرەی خۆیان داکوتن. تا بەو شێوەیە بتوانن تۆوی هەرچەشنە بزاڤێکی ڕۆشنبیری، فەرهەنگی و ئازادی خوازانە، بە تەواوی بنەبڕ بکەن. بێجگە لەمە هەوڵی ئەوەیان داوە کە شوناس و ناسینی ئەو بزاڤانە، لای بەرەکانی داهاتوو بە کاری بێگانە و تێکدەرانە بدەنە قەڵەم. بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە، هەوڵیان داوە سەرەکیترین شادەماری پێناسی نەتەوە کە زمانەکەیەتی، وشکی بکەن، یان ئەگەر وشک نەکرا بە لەهجەیەکی لاوەکی و دواکەوتووانەی بدەنە قەڵەم. تا بەرەی داهاتوو لە بیر کردنەوە و هەستی زمان و شوناسی نەتەوە بە تەواوی خاڵی ببنەوە و شانازییان کولتوور و فەرهەنگ و زمانی دەسەلات بێ، کە بە باوەڕی من لەم زەمینەدا سەرکەوتنی باشیان بەدەست هێناوە، ئەگەر لە ڕوانگەی زمانەوە بڕوانین بۆ مەسەلەکان و زمانی ئێستا و پێناسی گشتی خەڵکی ناوچەکە بخوێنینەوە، بێ گومان ئەم ڕاستییەمان بە جوانی بۆ دەردەکەوێ، هەرچەندە ڕەنگە زۆر تاڵیش بن...

مەسەلەیەکی گرنگی دیکە ئەمەیە کە ئەو جۆرە پیلانانە بۆ سەردەمی ڕووداو و بەرەی ئەو سەردەمە زۆر ڕەنگدانەوەیان نەبووە، ئەگەر وا بوایە، هاواری قەدەم خێر و ناڵەی تفەنگەکەی و سۆزی باوەڕەکەی، لە ناو گەرووی گەل و زایەڵەی کەمانچە و لە گۆرانی و عەشقی نەتەوەدا، بانگیان هەڵنەدەهێنا. قەدم خێر وەک ژنێکی دژەباوی ئەو سەردەمە، خۆی و جوانییەکەشی چ لە ناو جەنگدا، چ لە ئاواز و ئاهەنگدا، چ لە دەرەوەی بازنەی لوڕستاندا دەنگی دایەوە و سنووری بێ دەستەڵاتی ژنی لوڕی بەزاند، هەرچەندە سیمایەکی زۆر جوانی ژنانەشی هەبوو، بەڵام ئەوەی کە ناوبانگی پێ بەخشیوە، تەنیا سیمای جوانی ژنانەی نەبووە، بەڵکو سوارچاکی و چەک هەڵگرتن و خەبات بووە لە دژی سوپای بێگانە، بۆ پاراستنی زمان و فەرهەنگی و وڵاتەکەی، چونکە لە ڕابردوودا ئەم ئەرکانەیان هەمیشە بە کاری پیاوانیان زانیوە. لە هەمان حاڵدا زۆر ژنانی دیکەی سەردەمی قەدەم خێر هەبوون کە لە ڕووداوەکاندا دەوری چەکدارییان نەگێڕاوە و هیچ کاتیش لە خەم و ئازارەکان بێ بەش نەبوون، هەرچەندە مێژوو کەمتر چاوی لێکردوون، بەڵام ئەوان جۆرێکی دیکە پشتیوانییان لە پیاوان و خەباتی خۆیان کردووە، بێجگە لە کاروباری ناو ماڵ و فەراهەم کردنی خواردەمەنی بۆ پیاوانی سەنگەر، بێ گومان باری قورسی نەهامەتی، خەمی گرانی لە دەستدانی مێرد و کوڕ و برا و ئازیزان، هەمیشە لە سەر شانی ژنانی بندەستی هۆز بووە، ئەگەر پیاوانی عەشیرەت و هۆز تەنیا لە ژێر باری هەژاری و ستەمی میللی و هێرشی دەرەکیدا ژیاون، بەڵام ژنانی نەخوێندەوار و بێ دەرەتانی عەشایر، دوو ئەوەندە باری ستەمیان قورستر و کوشندەتر بووە. ستەمی دواکەوتوویی فەرهەنگی، سوننەتی پیاوسالاری عەشیرەتی، کۆت و زنجیرەکانی مەزهەب و ...تاد لە لایەکی دیکەش هێرشی نابەرانبەر و ماڵوێرانکەر و کولتووری پاوانخوازی بێگانە، زۆرترین تاڵاو و کارەساتی شوومی بۆ سەر ژنانی کۆمەڵگا بووە، کەچی لە مێژوودا، ڕوانگە و بۆچوونەکان زۆرتر زووم کراوەتە سەر بزاڤی چەکداری و لە جۆرەکانی دیکەی خەبات و قورسایی باری ژنانی ئەو سەردەمە، شتێکی ئەوتۆ دەستنیشان نەکراوە، بەڵام سوارچاکی، جوانی و بەرخودانی قەدەم خێر، ئێستاش بۆ گەلی نەدۆڕاو، لە یادەوەری مێژوو و گۆرانی نەتەوەییدا دەنگ دەداتەوە.

ئەم تایبەتمەندییەی شێرەژنی "باڵاگریوە" لە سەردەمی خۆیدا، لە شیعری شاعیراندا و لە گەرووی گۆرانیبێژاندا دەنگی داوەتەوە و تا ئێستاش هەندێ گۆرانی و مەقام بە ناوی قەدەم خێر ناسراوە. بێجگە لەو شیعر و ئاوازانەی بە شان و باڵیدا هەڵگوتراوە، خودی دەستەواژەی "قەدەم خێر" ئەمڕۆ ناوی مەقامێکی حەماسی چوار زەربییە لە مۆسیقای لوڕستاندا. یەکەم جار مراوەک(مرادبەگ) کە لە خوازبێنی کچە جەنگاوەر نائومێد دەبێ، دەیکاتە ئوستوورەی شیعری خۆی و لە هەموو لوڕستاندا دەنگ

دەداتەوە:

**عاشقم وە دوختەر بالاگریوە**
**ڕەنگ و ڕەنگ یاوتیام چی دار میوە**
**قەدەم خێر هەم سوری هەم سفید هەم با نمەکی**
**ئەسپت زین میکنم خۆم هەم یەدەکی**

دواتر هونەرمەندێکی دیکەی لوڕستان بە ناوی مەلا جەمشیدی شاعیر و کەمانچەژەنی تایفەی قەلاوەندی، شیعری زۆر جوانی پێدا هەلدەلێ و ئاوازی بۆ ساز دەکات، کە تا ئەمڕۆش هونەرمەندانی لوڕستان بە ناو ئاوازی قەدەم خێر دەیلێنەوە.

**سو قەدەم پیشی قەدەم قەدەم قەدەمە**
**دەسگیرونی ا بوزورگ ئەللە کەرەمە**
**قەدم خێر دوهار میا مەیلش وەقینە**
**تفەنگچی د مەیدوونش خۆشی نەبینە**
**قەدم خیر دوهار میا ، مەیلش وەجەنگە**
**هەفت تیری دوپیچ ساووش پور د شەنگە**

لەگەلّ نیشاندانی چاو و برۆ و بسک و سەروێندا، لایەنی سەرەکی و بەرجەستەی ژیانی ژنە جەنگاوەری لوڕ، تفەنگ و فیشەک و سوارچاکییە، کە مەزنایەتی و ناودارییان بە کەسایەتی شێرە ژنی بالاگریوە بەخشیوە.

بێ گومان یاد کردن و ناساندنی قەدەم خێر، تەنیا وەک جەنگاوەرێکی ئەو سەردەمەی ژنێکی لوڕ، جیا لە خوێندنەوەی بارودۆخی ژنانی ناو سوننەت و دابونەریتی عەشیرەتەکان، بەگشتی ناتوانێ پیشاندەری سیمای تەواوی ژنانی لوڕستان و بەتایبەت خاتوونێکی جەنگاوەر بێ. خاتوونێک کە ژیانی قەلانشینی خۆی بۆ پاراستنی خاک و هۆزەکەیان تەرخان کرد. ئەمڕۆ ۹۰ سالّ لە ژیان و خەبات وفیداکاری قەدەم خێر تێپەڕبووە. بەرەکانی دوای قەدەم خێر، ئەوەی گێڕدەی قەیرانی شوناس نەهاتوون لە کوولتور و زمانی دایک و لە خۆشەویستی خاک نامۆ نەبوون؛ بەم جۆرە یادی ژنە گەریلای بالاگریوە دەکەنەوە و ئاوا دەیناسن: "قەدەم خێر لە تایەفەی قەلاوەند و لە چیای تەنگەوان نەهاتە دنیا. قەدەم خێر کچی کوێخا قەندی نەبوو، براکانی تەنیا نۆ کەس نەبوون، بەلّکو قەدەم خێر لە نێو مێژووی پەرێشانی لوڕ، لە هەموو لوڕستانەوە هاتە دنیا. براکان و خوشکەکانیشی هەموو ئەوانەن کە ئەمڕۆ بە زمانی لوڕی قسە دەکەن.

سەرچاوەکان:


١- مشاهیر لور: ایرج کاظمی
٢- تاریخ جغرافیایی و اجتماعی لرستان: حمید ایزدپناه
٣- سایتی ڕەگبار
٤- بازیگران عصر طلایی (خاطرات تیمورتاش)
٥- شەرەفنامە: شەرەفخانی بدلیسی، وەرگێڕانی هەژار
٦- چەند وتاری فارسی سەر ئینتەرنێت.

# ڕۆژنامەنووسیی منداڵان له باشووری كوردستاندا

جەواد حەمەد بەگ ساڵح
(كۆیە)

دنیـای ڕۆژنامـەنووسـیی منداڵان دنیـایەكی ڕەنگین و لێـوانلێـوە لە خـەون و هیـواو ئومـێد، كـۆمـەڵێـک بنەمـاو یاسای هەمەجۆر لەخۆ دەگرێت، كە پێویسـتە هاوشان و گـونجـاو بن لەگـەڵ ئەو ئامـانج و پەیامـە پەروەردەییـانەی هـەڵـیـگـرتـووە، چـونـكـە مـنـداڵ نـەوەی داهـاتـووی كـۆمـەڵگەكەی و ئایندەی گەلەكەیەتی، بەو مـەبەسـتـەی نەوەیەكی هۆشـیـار و كـاریگەری لێ دروست بێت، بۆیە مـنداڵ هۆكــارێكی گـــرنگە بۆ دروســـتكردنی هەر كۆمەڵگەیەک لە كۆمەڵگەكانی جیهانداو پێوەرێكیشە بۆ هەڵسـەنگاندنی ژیار و شـارسـتـانی نەتەوەكـانی جیـهـان و ئاوێنەیەكی ڕاستەقینە و ڕاستگۆیە، چالاكی هەمەجۆری لە گشت بوارەكانی ژیاندا لێ ڕەنگ دەداتەوە(١).

ڕۆژنامەنـووسیی منداڵان، ڕۆژنامـەنووسیی تایبەت بە منداڵانـن، هەفـتـە گـۆڤـار، یان نامـیلكەن بۆ ئاراسـتـە و ڕێنمـایی و فـێركردنی بە شـێوەیەكی تایبەت، ڕەنگی زەق و جـوان بـۆ وروژاندن و حـەوانەوە و ڕابواردنی منداڵان بەكـاردەهێنرێت، مـەتەڵ و پێـشـبـڕكێ و گـاڵـتـەوگـەپ و یاریی نووسراو و وێنەكێشراو دەدرێن بە منداڵان، وێڕای گەشەپێـدانی ئارەزووی خوێندنەوەیان، هەروەها ڕۆڵێكی گــرنگیش لە پێـــشـكەشكردنی ئەزمـــوونی بەرایی بۆ خـــوێندنەوە و چێـــژ وەرگـــرتنی هونەری و پەیڤ و جواناسیدا دەگێڕێت.

لەو كـاتانەی منداڵ خـاوەنی جیـهـانێكی تایبـەتمەند و ناسک و هەسـتـیـارە، لە ڕووی تەمـەنیـشـەوە بە چەند قـۆناغـێكدا تێـدەپەڕێت، بۆیە دەبێت ڕۆژنامـەنووسـیی منداڵان لە ڕووی شێـوە و نـاوەرۆكـیـەوە لـەگـەڵ تـوانایی جەستەیی و ژیری و كۆمەڵایەتی و باری دەروونی منداڵ، بە گوێرەی قۆناغەكانی تەمەنی بگونجێت.

بۆ نموونە لە تەمەنی (٣-٥) ساڵان دەبێت بابەتەكـانی بابەتی وێنەیی ســادە و ســاكــار و ڕەنگاوڕەنگ بن، چیرۆک و گفـتوگۆی سادە لەخۆ بگرن، لە تەمەنی (٦-

١٢) ساڵیدا دەبێت بایەخ بە وێنە و نووسین بدرێت، لە تەمەنی (١٢) ساڵیش تا دوایین قۆناغی تەمەنی منداڵی واتا (١٨) ساڵی بابەتەکان بەشێوازی نووسراو دەخرێنە ڕوو و لەگەڵ بەکارهێنانی وێنە لەگەڵ نووسراوەکاندا، قوتابخانە کاریگەری بەرچاوی لەسەر منداڵان هەیە، گەشە بە بەهایەکانی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتیی دەدات. منداڵ دوای پێوەندیکردنی بە قوتابخانەوە، هاو تەمەن و هاوپۆلانی خۆی دەناسێت، ئامادەیی تایبەتی و گشتی بۆ دەکرێت و بەرە بەرە شارەزای دابونەریتی قوتابخانە دەکرێت و ڕۆژانە ئامۆژگاری تازەی پێ دەدرێت، دواتریش دەچێتە سەر وانە خوێندن و جۆرە بەهایەکی پێ دەبەخشرێت، شارەزایانی بواری منداڵان باوەڕیان وایە کە کۆرپەلە لە چلەمین ڕۆژییەوە، واتا لە تەمەنی چل ڕۆژییەوە دەتوانێت شتەکانی دەوروبەری خۆی بەدی بکات، بەڵام بۆ بینینی بڵاوکراوەیەک کە لێرەدا مەبەستمانە، لە تەمەنی دوو ساڵیدا ئەم توانایییەی لێ دەردەکەوێت، پۆلێنبەندی بڵاوکراوەکانی تایبەت بە منداڵان لە تەمەنی (٢-٦) ساڵییەوە لەم قۆناغەدا کە هێشتا نەچووەتە بەر خوێندن بڵاوکراوەکانی دەبێت تایبەتمەند بن بە وێنە و کاریکاتێر و نەخشەی سادە، لەگەڵ خستنەڕووی ژمارەکانی لە (١-٩)، یان پیتەکانی (ئەلفبێیە)، لێرەدا دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە دەبێت ژمارەی لاپەڕەی بڵاوکراوەکە کەم بێت تاکو منداڵەکە بتوانێت بیگرێت و گرتنی لا ئاستەنگ نەبێت، دەبێت کاغەزەکەش ئەستوور بێت، بۆ ئەوەی خۆی بگرێت و زوو نەدڕێت، ئەم جۆرە بڵاوکراوانە چیرۆکی وێنەداری زۆر سادە و نووسینی کەمیش لەخۆ دەگرن، ڕەنگاوڕەنگی ئەم بڵاوکراوانەش زۆر سادە و تاکڕەنگە و لەگەڵ چاپکردنی هەندێک وێنەی سادە (ڕەنگ نەکراو) بۆ منداڵ، بۆ ئەوەی چانسی ڕەنگ کردن لە خودی گۆڤارەکەوە بۆ منداڵ بڕەخسێت، ڕۆژنامەنووسیی وێنەدار بۆ منداڵان، هەمیشە بایەخ بە وێنەی دیمەنی ڕەنگاوڕەنگ و دەرهێنانی ڕەنگ دەدات، بە مەبەستی سەرنجڕاکێشانی منداڵان و ڕاکێشانیان بۆ خوێندنەوە، بە جۆرێک ڕۆژنامەنووسیی منداڵان زۆر بە وردی بابەتەکان هەڵدەبژێرن و پێشکەشی منداڵانی دەکەن و پشت بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگی وەک (سوور و زەرد) دەبەستێت لە پاڵ چیرۆکی زۆر کورت و ڕوون و ئاسان تاکو منداڵان خۆیانی تێدا بدۆزنەوە و حەز بە خوێندنەوەیان بکەن، ئەم جۆرە بڵاوکراوانە لە بنچینەدا ئاراستەکراون و ڕەوشێکی پەروەردەیی لەخۆ دەگرن، هەڵبژاردنی بابەت و بەرهەمەکان دەبێت بەپێی ئاستی تەمەن و چێژی منداڵان بێت و لەگەڵ دنیای ڕەنگاوڕەنگ و دەروونی منداڵان گونجاو بێت، کاریگەری گەورەی ڕۆشنبیریی لەسەر دروستکردن و بینای کەسێتی منداڵان لە پاشەڕۆژدا دەنوێنێت، چونکە بەهۆیەوە بیروبۆچوون و دابونەریت و کولتوورە نەتەوەییەکان و کولتووری گەلان و نەتەوەکانی دیکەی دنیا دەناسن و ئاشنا دەبن، وێڕای ئەمانەیش زمانی منداڵ بە پەیڤ و وشە و زاراوە دەوڵەمەند دەکات و پاراو دەکات،(٢)، بۆیە دەکرێت بڵێین هەر منداڵێک توانایی خوێندنەوەی هەبێت، ئەوە جەماوەری ڕۆژنامەنووسیی منداڵانە، ئەگەر ئەم جۆرە ڕۆژنامەنووسییە بیەوێت سەرکەوتوو بێت و منداڵان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، دەبێت سووک و سانایی و جوانی پەیڤەکان کاریگەری لەسەر هەست و بیروهۆشی منداڵان بنوێنن، دەبێت وێنەکان گەشە بە چێژیان بدات و ئەندێشەیان بەرفراوان بکات، ئەرکی ڕەنگەکانیشە چاوی منداڵان مەست و تێر بکەن و بە ئاسانی و دوور لەماندووبوون، زانیارییەکانیان پێ بگەیەنن و گەشە بە بیر و هۆشیان بدەن.

لەبەر گرنگی ڕۆژنامەنووسیی تایبەت بە منداڵان، دەبینین دوای نیو سەدە لە دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی عەرەبی لە عیراق بەناوی (الزوراء) لە ساڵی (١٨٦٩)ز لەلایەن عوسمانییەکانەوە بیر لە دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤاری منداڵان کراوەتەوە. بەشێک لەسەرچاوە عەرەبییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ساڵی (١٨٧٠) لە میسر یەکەم گۆڤاری تایبەت بە منداڵان بەناوی (روضة المدارس المصرية) دەرچووە، لە عیراقیش بۆ یەکەم جار دوای (٥٢) ساڵ لە دوای میسر لە ٩ی تشرینی یەکەمی (١٩٢٢) لەلایەن سەعید فەهیم کە کورد بووە و لە هۆزی حەویزیبە ساڵی (١٩٠٩) لە گەڕەکی بەفریقەندی شاری کۆیە لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩٧٢ لە تەمەنی (٦٣) ساڵیدا لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە(٣)، گۆڤارەکەی بەناوی (التلميذ العراقي) بووە و بڵاوکراوەتەوە.

لەم مێژووە بەدواوە ئاوڕ لە ڕۆژنامەنووسیی منداڵان دراوەتەوە و ئەم ئەزموونە درێژەی پێ دراوە(٤) بەهۆی ئەوەی گۆڤارەکە بە زمانی عەرەبی بووە، بۆیە عەرەب شانازی پێوە دەکات و بە یەکەمین ڕۆژنامەنووسیی منداڵان لە عیراق ئەژماری کردووە، لە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردی تایبەت بە منداڵان فەرامۆش کراوە و وەک دەستپێک ناوی نەهاتووە، تەنیا لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا لە گۆڤاری زاری کرمانجی کە گۆڤارێکی گشتی بووە (١٩٢٦- ١٩٣٢) ناوی هاتووە و بەرهەمی زۆری تایبەت بە منداڵان و پەروەردە و خوێندن و هیتر لە

یەکەمین ژمارەیەوە تا دوایین ژمارەی بڵاوکردووەتەوە و کارمەندێکی ئەکتیڤی بووە(٥).

لە ئێرانیشدا یەکەمین گۆڤاری منداڵان بە زمانی فارسی بەناوی (گۆڤاری ئەدەب) بووە، خاوەنی ئیمتیاز و بەڕێوەبەری (عەبدوڵڵا زادە فەریور) بووە و دواتر (ئیسماعیل ئەمیر خیزی و یەحیا ئەرین پور) بەڕێوەیان بردووە.

ئەم ڕۆژنامانەی کە لە عیراق بە زمانی عەرەبی و لە ئێران بە زمانی فارسی دەرچوونە ڕێگە خۆشکەربوون بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی تایبەت بە منداڵان. لە کاتی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد (١٩٤٦) کارمەندانی چاپخانەی کوردستان بۆ یەکەم جار لە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا گۆڤاری (گروگاڵی منداڵانی کورد) تایبەت بە منداڵانیان بڵاوکردووەتەوە.

کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی وەک پاشکۆیەکی گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) لە مایسی (١٩٧٢) ژمارە (١)ی گۆڤاری (ئەستێرە)ی تایبەت بە منداڵان لە سلێمانی دەرکردووە(٦). سەرۆکی نووسینی شەهیدی سەرکردە سەیدا (ساڵح یوسفی) بووە، ئەم گۆڤارە بە شێوازی پچڕ پچڕ بووە و تەنیا (٣) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، ژمارە (١)ی لە مایس (١٩٧٢) بووە، ژمارە (٢)ی لە ئەیلوولی (١٩٧٢) بووە، ژمارە (٣)یشی لە شوباتی (١٩٧٤) دەرچووە، لەگەڵ کەمی ماوە و ژمارەی دەرچوونی ئەم گۆڤارە، لە هەمان کاتیشدا ئەم گۆڤارە بە یەکەم گۆڤاری منداڵان بە زمانی کوردی لە باشووری کوردستان دادەنرێت، توانی منداڵانی کورد بە دنیای ڕۆژنامەنووسیی منداڵان ئاشنا بکات و ئاسۆی بیریان فراوان بکات، هەروەها بووە پێشینە و دەستپێک بۆ دەرکردن و دەرکەوتنی چەندین بڵاوکراوەی تری تایبەت بە منداڵان، بۆ ئەوکاتەش ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی گرنگ و پڕشنگدار بوو.

هەمدیسان لە مایسی (١٩٧٥) لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری کوردی لە بەغدا گۆڤارێک بەناوی ئەستێرە دەرچوو، کە ئەم جارەیان ئەستێرە وەک گۆڤارێکی سەربەخۆ دەرکەوت، سەرۆکی نووسینی (ئیحسان فوئاد و بەڕێوەبەری نووسینی جەمال خەزنەدار) بووە، ئەم گۆڤارە تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچووە، مخابن ڕژێمی بەعس ڕێگری لێ کردووە و وەستاندوویەتی. گۆڤاری نەوروز، ژمارە (١)ی لە ئازاری (١٩٨٠) بەشێوازی نهێنی لە شاری ڕەواندز لەلایەن (هەڵگورد عەبدولوەهاب) کە دەستنووس بوو (٣) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. لەنێوانی ساڵانی (١٩٨٢- ١٩٨٥) چەندین گۆڤاری تایبەت لە شاخ چاپ کراون، لەمانە: گۆڤاری ئەستێرە ساڵی ١٩٨٣.

گۆڤاری سروشت ساڵی ١٩٨٣، تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچووە. گۆڤاری گزنگ، پاشکۆی گزنگی بچووکی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، ساڵی (١٩٨٥) تەنیا سێ ژمارەی لێ دەرچووە.

گۆڤاری ئەستێرە بە یەکەمین گۆڤاری نهێنی تایبەت بە منداڵان دادەنرێت، لەناوچە ئازادکراوەکانی باشووری کوردستان بە نهێنی بۆ گوند و شارۆچکە و شارە گەورەکان نێردراوە، ئەم گۆڤارە مانگانە بووە، ژمارە (١)ی لە ١٩٨٣/٢/١ دەرچووە و بریتی بووە لە (٢٤) لاپەڕە، بەرگی دەرەوە و ناوەوەی بە ڕەنگی قاوەیی چاپ کراوە و بابەتەکانی ناوەوەشی بە ڕەنگی ڕەش، گۆڤارێکی وێنەدار بووە، زۆرترین فەزای لاپەڕەکانی بۆ وێنە تەرخان کراوە، ئەم گۆڤارە دەکەوێتە خانەی نهێنییەوە بەهۆی ئەوەی مۆڵەتی نەبووە و بە دزی و نهێنییەوە بڵاوکراوەتەوە و ئەم دەست و ئەو دەستی کردووە.

ئەمیندارێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان وەکو پاشکۆی گۆڤاری (کاروان) گۆڤاری (کاروانی منداڵان)ی لە شاری هەولێر دەرکردووە، ژمارە (١)ی لە ٢٨ی نیسانی ١٩٩٠ دەرچووە، ژمارە (٢)شی کە دوایین ژمارەی بووە، لە حوزەیران ١٩٩٠ دەرچووە، ئەم گۆڤارە لەوە بترازێت کە هەوڵی داوە منداڵان هان بدات بۆ فێربوونی نیگارکێشان، بۆ منداڵانی کورد شتێکی تری فەراهەم نەکردووە، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی تەسکی سیاسی خۆیان بووە، ویستوویانە بیکەنە هۆکارێک بۆ شیرینکردنی سەدام حوسێن لای منداڵانی کورد و ناساندنی وەک سەرکردەیەکی خۆشەویست و باوک و لێوانلێو لە سۆز و میهرەبانی.

لەدوای ڕاپەڕین دەرگا لەپێش ڕۆژنامەنووسیی منداڵان زیاتر کرایەوە، چەندین دەزگای تایبەت بە منداڵان دامەزرا، کە بڵاوکراوەی تایبەت بە منداڵانیان دەردەکرد، وێڕای ئەمانەیش ڕۆژنامە گشتییەکانیش گرنگیان بە منداڵان دەدا و لاپەڕەی تایبەتیان بۆ منداڵان تەرخان کردبوو. دواتر خەمخۆرانی بواری ڕۆژنامەنووسیی منداڵان بیریان لە دەرکردنی بڵاوکراوەی تایبەت بە منداڵانیان کردەوە و گرنگیان پێ دا، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم ڕۆژنامەنووسە بەڕێزانە: (مەولوود ئیبراهیم حەسەن، ئیدریس لاوە هەڵگورد عەبدولوەهاب) ژمارە سفری گۆڤاری (پەڕەسێلکەیان) لە گەلاڕێزانی ١٩٩١ دەرکرد، ئەم گۆڤارە بەیەکەم گۆڤاری دوای ڕاپەڕین لە هەرێمی

کوردستاندا ئەژمار دەکرێت، ئەم گۆڤارە تاکو ساڵی ١٩٩٥ لە دەرچوون بەردەوام بوو و (٨) ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە.

بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری منداڵان سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری (هەنگ)ی دەرکرد(*) کە گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە و ژمارە (١)ی لە نەورۆزی (١٩٩٣) دەرچووە و تاکو ئێستاکەش بەردەوامە، وێڕای ئەم گۆڤارانەش کۆمەڵێک گۆڤاری تری تایبەت بە منداڵان دەرکەوتن لەمانە:

١- گۆڤاری پەلکەزێڕینە، لەلایەن ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لە حوزەیرانی (٢٠٠١) لە هەولێر دەرچووە، گۆڤارەکە بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەی منداڵان لە ڕووی یاساییەوە گرنگی بە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری یاسایی داوە.

٢- گۆڤاری پەیامی ڕاستی: ئەم گۆڤارە لەلایەن نووسەرانی کوردستان سەر بە یەکگرتووی ئیسلامی بڵاوکراوەتەوە، وەک پاشکۆیەکی خۆی گۆڤاری (جگەرگۆشەکان)ی دەرکرد، یەکەم ژمارەی ئەم گۆڤارە لە حوزەیران ١٩٩٨ دەرچووە.

٣- گۆڤاری سڤۆرە: لە سەرەتادا دەزگای ڕاگەیاندنی (گازی) و دواتریش دەزگای خانی بۆ ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن ئەم گۆڤارەیان لە شاری دهۆک دەرکردووە، ژمارە (١)ی لە (٢٢) نیسانی ١٩٩٨ بە هەردوو ڕێنووسی کوردی (بە پیتی عەرەبی) و پیتی لاتینی بڵاوکردووەتەوە و هەنووکەش هەر بەردەوامە.

٤- گۆڤاری- سندبادی بەغدا: وەکو گۆڤارێکی وەرزی ساڵانە دەزگای ڕۆشنبیری منداڵان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بەغدا، بە هاریکاری خاچی سووری نێودەوڵەتی بڵاویان کردووەتەوە، ژمارە (١)ی لە (٢٠٠٢) بڵاوکراوەتەوە.

٥- دەزگای سپێرێز بەهاوکاری ڕێکخراوی دیاکۆنیای سویدی لە دهۆکدا گۆڤاری (کەپر)یان لە تەمووزی (٢٠٠٣) دەرکردووە.

٦- گۆڤاری ئەستێرە: ئەم گۆڤارە تایبەت بووە بە منداڵانی قوتابخانە و ویستوویەتی ببێتە سەکۆیەکی پەروەردەیی نیشتمانی بۆ منداڵانی کورد، ژمارە (١)ی لە سلێمانی ساڵی (١٩٩٢) دەرچووە، دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەش سەرجەمیان مامۆستا بوون.

٧- گۆڤاری ژینوار: یەکەم گۆڤاری منداڵانە کە تایبەت بێت بە ژینگە، گۆڤارێکی مانگانەیە، بەڕێوەبەرێتی گشتی هۆشیاری و ڕاگەیاندن و ژینگە دەریدەکات، ژمارە (١)ی لە ساڵی (٢٠٠٦) دەرچووە و (٢١) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

٨- بڵاوکراوەی پەریستان: لە دوا لاپەڕەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە، لە دوای دەرچوونی (١٢) ژمارە لە ڕۆژنامەکە جیابووەتەوە و سەرەتا بە چوار لاپەڕە وەکو بڵاوکراوەیەک دەرچووە، بەڵام دوای (٣٣) ژمارە گۆڕاوە بۆ شێوەی گۆڤار، وەک پاشکۆی ڕۆژنامەکە چوار ژمارەی لێ دەرچووە و یەکەم ژمارەی لەشوباتی (١٩٩٣) و دوا ژمارەشی لە ئەیلوولی هەمان ساڵ لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە.

٩- گۆڤاری هێڤی: وەک پاشکۆی کوردستانی نوێ دەرچووە، تەنیا چوار ژمارەی لێدەرچووە.

١٠- بڵاوکراوەی (هێلانەی منداڵان): لە سەرەتادا لەدوا لاپەڕەی ڕۆژنامەی (برایەتی) بڵاوکراوەتەوە، لە ژمارەی پێنجەمیدا بووەتە پاشکۆیەکی سەربەخۆی ڕۆژنامەکە، لە (١٦)ی ئەیلوولی (٢٠٠٠) دەرچووە و (٥٧) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

١١- گۆڤاری خەندە: لەلایەن کۆمەڵەی ئیسلامی لە کوردستانی عیراقدا دەرچووە، یەکەم ژمارە لە شوباتی (٢٠٠٢) لە سلێمانی بووە، ئەم گۆڤارە تەنیا (٨) ژمارەی لێ دەرچووە.

١٢- گۆڤاری زەنگ و بەنگ: یەکەم ژمارەی لە ئەیلوولی (٢٠٠١) بڵاوکراوەتەوە و ژمارە (١٧)ەشی لە شوباتی (٢٠٠٣) لە شاری دهۆک دەرچووە.

١٣- گۆڤاری ئاوات و هێڤی: ڕێکخراوی (MAG) بە یارمەتی حکوومەتی سوێدی و هۆڵەندی، لە ساڵی (١٩٩٦) لە هەولێر دەرچووە، دەستەی نووسەران و بەڕێوەبەران (شێرزاد حەسەن و عومەر عەبدوڵڵا) بوون.

١٤- گۆڤاری ئاگا: لەلایەن ڕێکخراوی کوردستان بۆ هۆشیارکردنەوە لە مین (کۆما) بڵاوکراوەتەوە.

ئەم گۆڤارە لە ساڵی (٢٠٠٢) دەرچووە و تەنیا (٣) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

١٥- گۆڤاری کەناری: لەلایەن دەزگای کەناری ساڵی (٢٠٠٣) لە سلێمانی بڵاوکراوەتەوە، کە گۆڤارێکی ئەهلی پەروەردەیی ڕۆشنبیری گشتی بووە.

١٦- گۆڤاری کۆڵارە: ئەم گۆڤارەش ئەهلی بووە لە ١٥/١/٢٠٠٢ لە سلێمانی دەرچووە، کە تایبەت بووە بۆ منداڵانی تەمەن نێوان (٩-١٥) ساڵی، هەروەها گۆڤاری (کۆڵارە)ی منداڵان وەک پاشکۆیەکی تایبەت بەخۆی بڵاوکراوەی (ترش و شیرین) لە ٢٥/١٠/٢٠٠٢ لە سلێمانی تایبەت بە مەتەڵ و یاری و هزر بڵاوکردووەتەوە.

١٧- گۆڤاری تان تان: بۆ منداڵانی تەمەن نێوان (١٠-١٨) ساڵیدا لەلایەن بنکەی چاپەمەنی تایم لە سلێمانی دەرچووە، ئەم گۆڤارە تەرخان کرابوو بۆ بڵاوکردنەوەی سیناریۆ کە زۆربەیان لە بەرهەمەکانی

ناودارانی جیهانین، چەندین ئەکتەر و کارەکتەری ناودارانی جیهانی بە منداڵانی کورد ناساندووە وەک: (ڤانتۆم، رۆبن هود، تۆم و جیری، تان تان، بۆ نازا...تاد) لەپاڵ ئەمانەشدا گۆڤارەکە لە بڵاوکردنەوەی بابەتی تایبەت بە رووناکبیری گشتی بێ بەش نەبووە.

١٨- گۆڤاری پەپوولە: کۆمەڵەی منداڵپارێزی کوردستان لە سلێمانی لە شوباتی ١٩٩٢دا بڵاوی کردووەتەوە.

١٩- گۆڤاری نێرگز: لە ١ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٩ لە شاری هەولێر لەلایەن کۆمەڵەی منداڵپارێزی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، ئەم گۆڤارە تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچووە.

٢٠- گۆڤاری دنیای منداڵان: لەلایەن سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منداڵانی کوردستان لە کۆتایی ئابی ١٩٩٩ بڵاوکراوەتەوە.

وێرای ئەم گۆڤارانەش هەندێک گۆڤاری دیکەی تایبەت بە منداڵان بۆ ماوەیەک لە شوێنانی هەمەجۆردا سەریان دەرهێناوە و مخابن دوای ماوەیەک وەستاون و ون بوون، لەمانە گۆڤاری (شەمامە) کە گۆڤارێکی منداڵانی سەرکەوتوو بوو، لە ساڵی ٢٠١١ چەند ژمارەیەکی لە سلێمانی لێ دەرچوو، پاشانیش وەستا، هەروەها لە ناوەندی منداڵپارێزی رۆژهەڵاتی کوردستان (لە شاری کۆیە) گۆڤاری دنیای منداڵان و گۆڤاری نێرگز بە بەردەوامیی دەردەچن(٧) بەشێوەیەکی گشتی بابەتەکانی گۆڤاری منداڵان لە کوردستاندا لە بابەت خۆی دەدۆزێتەوە و گرنگی پێ دەدەن، لەمانە:

زانست و زانیاری بەرێگای راستەوخۆ و ناراستەوخۆ بە منداڵان دەگەیەنێت، هەست و تێبینییان بەهێز و چڕ دەکاتەوە، هانیان دەدات سوود لە کاتەکانیان وەربگرن و بە فیڕۆی نەدەن، قوتابخانەیان لا شیرین و خۆشەویست دەکات، دروستکردنی گیانی بەرەنگاری و چەسپاندنی گیانی نەتەوەپەروەری، هانی منداڵان دەدەن بۆ کار و کۆشش کردن بە مەبەستی بەرەو پێشبردنی نیشتمانەکەیان، کوردستان، ناسین و بڵاوکردنەوەی سامان و کولتووری نەتەوەکەیان، شارەزایی و ناسینی زیاتری مێژوو و جوگرافیای وڵاتەکەیان، ناسینی کەڵە پیاو و ناوداران، ناسین و باکگراوەندی ئاستەنگی و کارەساتەکانی کورد، گرنگیدان بە مێژووی ئەدەبی کوردی، ناساندنی بە ئەدەبی گەلان، هاندانی منداڵان بۆ رەوشتی رێزگرتن لەسەرووی خۆی، بەرهەمی منداڵانی بەهرەمەند، بڵاوکراوەی هۆشیاری هاتوچۆ...تاد.

لە پاڵ ئەمانەشدا لە رۆژنامەنووسیی منداڵاندا چەند خاڵێکی لاواز بەدی دەکرێن لەمانە:

دیاری نەکردنی تەمەن، رەچاوی ئەوە ناکرێت ئەم بڵاوکراوەیە بۆ کامە تەمەنە؟ چونکە بەپێی تەمەن و توانایی و تێگەیشتن و بیرکردنەوەی منداڵان جیاوازە، بەشێکیان تەنیا بۆ بەسەربردنی منداڵانە و کەمتر بۆ پەروەردە کردن و هۆشیارکردنەوەیە، زۆر بە کەمی دەگەیەنرێتە سەرجەم منداڵان بەبێ جیاوازی و زۆربەیان تەنیا لە شارە گەورەکان دابەش دەکرێن، هەر بۆیە تیراژیان زۆر کەمە لە چاو زۆری رێژەی منداڵان...تاد(٨).

**پەراوێزەکان:**

**١- محەمەد کەریم ئەحمەد، رۆژنامەنووسیی کوردی تایبەتمەند، ماستەرنامە، (٢٠١٠)، چاپ نەکراو.**

**٢- د. هیمداد حوسێن، رۆژنامەوانیی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان (١٩٤٣-١٩٤٧) لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس ٢٠٠٨، ل١١٤.**

**٣- جواد حەمەدبەگ، ئەو رۆژنامەنووسە کوردەی، کورد نایناسێت و عەرەب شانازی پێوە دەکات، رامان (گۆڤار) ژمارە (١٥٥) نیسانی ٢٠١٠، ل١٢٣-١٢٧.**

**٤- السيد عبدالرزاق الحسني، تأريخ الصحافة العراقية، مطبعة الزوراء، بغداد، ١٩٥٧، ص٣٤-٣٥.**

*** هادي نعمان الهيتي، صحافة الأطفال في العراق، ص٣٣.**

*** سالمه عبود، صحافة الطفل في الوطن العربي، نشأة وتطور مجلات الأطفال ودورها في تنمية ثقافة الطفل، دارالفجر للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٩، ص٤٦-٥٥.**

**٥- کوردستان موکریانی، گۆڤاری زاری کرمانجی، نێوان ساڵانی (٩٢٦- ٩٣٢) و لەو ماوەیەشدا (سەعید فەهیم) لە رەواندز مامۆستا بووە.**

**٦- حەمە ساڵح فەرهادی، چەند لایەنێکی رۆژنامەنووسی کوردی، چاپخانەی الحوداث بغداد، ١٩٨٨، ل١٠٦.**

**٧- ناوەندی منداڵپارێزی رۆژهەڵاتی کوردستان، گۆڤاری دنیای منداڵان، ژمارەکانی (١١٩- ١٢٣)، ٢٠١٢.**

**٨- محەمەد کەریم ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨١.**

**(*) ئێستا ئەم گۆڤارە لەگەڵ گۆڤارەکانی دیکەی وەزارەتی رۆشنبیری دەرناچن.**

**(رامان)**

# چەمکی ترازان
# لە کۆنتێکستی دوا ئەزموونە هونەرییەکانی (خۆشی شەوقی)دا

وەهبی ڕەسووڵ
(سلێمانی)

(خۆشی شەوقی) لەو هونەرمەندانەیە کە ساڵگارێکی درێژە لە نێو پسپۆڕی تایبەتی خۆی و دەرەوەی ئەو پسپۆڕییەدا کاری هونەری دەکات، ئەزموون کردن و هەوڵەکانی هەندێ جار خۆ بڵاودەکەنەوە و هەندێ جاری تریش بەیەک هەوێڵدا کار دەکەن و کارا دەبن، ئەو لە نێوان ئەم بەدواداچوونە جیاوازانەیدا، بە بەرەنجامی جیاجیاوە دێتە دەر، کە هەندێ جار لە ئاستێکی ئاسۆیی کارەکانی هەڵکشاوتر خۆ دەنوێنن. وەک بە ئاگایی من لە سەرجەم ڕەوتی کارکردنی هونەری هونەرمەند، ئەزموونی ئەم ساڵانەی دوایی (واتە لە میانی ساڵانی دوو هەزاردا) زیاتر خۆی لە خۆ کۆکردنەوەیەکدا ئاراستە دەکات و دەیەوێت خاڵە کاراکانی ئەزموونە جیاجیاکانی لە بۆتەی هێڵێکی کارکردندا چڕ و پەیت بکاتەوە. (بۆ نموونە بڕوانە ئامادەیی نەخش و زەخرەفەی وەرگیراو لە کەلەپووری خۆجێییەوە لەکاری ساڵانی نەوەد و پێشتری هونەرمەندا، کە لەم کارە نوێیانەیدا هەندێ جار وەک قەیتانێک ئامادەیی دەمێنێت) ئەو پەل بۆ ئەزموونی نوێ و ئازاد دەکێشێ، بەڵام بەبێ یادکردنی ئامادەییەکانی ڕابردووی، ئەم ئامادەییە لە سەراپا جەستەی ڕابردوویدا نییە، بەڵکو زۆرجار ئەوەی ئامادەیە چۆنیەتی مامەڵەی ستایلی هونەرییە، تەکنیکە، ساکار و ڕاشکاوانە بینینی دنیایە.

دەکرێت بڵێین ئەزموونی هونەری هونەرمەند خاوەن پشتێنەیەکی زەمەنی تایبەتە، بەڵام ئەزموونی هونەری کارکردنی ئەم ساڵانەی دوورتر دەکەوێتەوە لە سنووری سیستمی کارکردنەکانی پێشتری، هەر لە مامەڵەی تەکنیکی خستنەڕوو لە بنیادی کاری هونەریدا (کاری هونەری وەک تابلۆ و هەندێ جاریش دووردەکەوێتەوە تا



خۆشی شەوقی

پەیکەری ڕیلیڤی و نزیک بوونەوە لە بە وەزیفی کردن و بە ژیان کردنی کارێکی هونەری)، تا دەگاتە پەخشی ئەو واتایانەی، ژێدەرەکانیان وەک توانایییەکی میتافۆری کار لەسەر کارابوون و کراوەیی و مانەوەیان، لەزەین و ئەندێشەی بینەردا دەکات. شارێگەی ئەم پرۆسێسەش، پشتبەستی ژێدەرێکی سەرەکییە کە هەڵگری چەمکی ترازانە، ترازان وەک چەمکێکی گشتگیر و فرە ڕەهەند، دوورکەوتنەوە و پەرت بوون و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی بنیادی پێکهاتەی هەبوویەکە و پەرش بوون و تێپەڕبوونیەتی لە نەخشەی بوونی خۆی.


گوتاری کاری هونەری، لەو یەکە بنیادیانەوە ئاراستە دەگرێت، کەوەک بەرایی، پەخشێکی ئاشنا دەکەن بەرانبەر بیرەوەرییەکانی وەرگر/ بینەر، (وەک درەخت/لق و چڵ و بەرد و گوڵ و خۆر و ماسی و مەل و چەند یەکەیەکی زەخرەفی خۆجێیی بە چارەسەری جیا)، بەڵام ساتێ لە کۆبنیادێکی تری هاوشان بە چەند کۆدێکی جیاواز و نوێدا، خۆئاراستە دەکەنەوە، ئەو دەمە بە وزە گەلێکی تەعبیری وا بارگاوی دەبن، کە چیتر وێستگەی ئامادەبوونەوەی ئەو ئاشنایەتیانە، لای بینەر جێ دەهێڵن و خۆ لە هەژموونی یەک ئاراستەیی شرۆڤەکردن لەتوانستەکانی واتادا ئازاد دەکەن.

لە هەندێ کاری هونەریشدا هونەرمەند زۆر بە چڕکراوەیی کاردەکات و بە بەرەنجامەکانی قایل دەبێت، نموونەی ئەم حاڵەتە ئەو تابلۆیانەیەتی کە تەنیا لە ڕیزبەندکردنی چەند بارستەیەکی بەردین پێکهاتووە، بەبێ هیچ جۆرە دەستنیشانکراوییەک، تەنیا کارکردنێکی هێڵکاری نەبێت لەسەر ڕووی ئەو بارستە بەردینانە. ژێدەری سەرەکی بۆ ئەم یەکە بنیادیانە سروشتە، بەڵام لەم جۆرە کارانەیدا بەتایبەت بەردی سەر نزرگە پیرۆزەکان و ڕیزکردنی بەرد لە گەمەی منداڵی و پەیکەرە تەوتەمییەکانمان دێنێتەوە یاد، بەڕاڤەیەکی گشتگیر تردا، بەبەردبوونی پێوەندی و پەیوەستییە ترازاوەکانمان لا ئامادە دەکاتەوە.

هەر لەم کارانە و چەند کارێکی تردا، دەقی هونەری، سروشت دەکاتە ناسنامەی خۆی کە ناسنامەیەکە هەڵگری پەیامێکی مرۆڤایەتی سەرجەم، واتە بەدیهاتووە هونەرییەکە لە ناسنامەیەکی نەتەوەیی خۆ تێدەپەڕێنێ، یان خۆجێیی کە لە کارکردنە زەخرەفییەکاندا زیاتر خۆ ئاراستە دەکەن.

هونەرمەند لە میانی ئەم کارانەدا لە پرۆسێسی نیگارکێشان خۆ زیاتر بەدوور دەگرێ (بۆ نموونە خۆ لە بەرجەستەکردنێکی ڕاستەوخۆیانەی فیگەر نادات) وەک لە کاری ساڵانی نەوەدی و زۆر کەمتر بەو بینگە منداڵانە ساکارە لەتەک فۆڕم و ڕیزبەندی ڕەنگ و هێمادا کاردەکات. ئەمێستا هەموو ئەو جیهانەی لە جیهانی سادە و بەرایی سروشتدا داناوە و چڕکردۆتەوە، وەک بڵێی لە بەرایی بوونەوە، لە سروشتدا بووبێتە دنیایەک لە بری هەموو ئەو وردەکارییانە.

بە سانایی تێبینی ئەوە دەکەین هونەرمەند خۆی لە زۆرێک لە سەمتی کارکردنی پێشووی ئازاد کردووە، ئەم بەرەنجامەش کەمتر وەک گوتاری واتا هەڵگری کارەکان دەردەکەوێت، بەڵکو زیاتر خۆ لەلایەنی ئەزموونی ئیستێتیکی کارکردندا بەدەردەخەن. سەرنج دەدەین هەموو، یان زۆربەی ڕابردووی کارکردنی هونەرمەند لە ڕوویەکی تەخت/فلاتدایە، واتە ڕوویەکی لەو جۆرە توانایی لەخۆگرتن و قۆرخکردنی(ئیحتیوای) سەرجەمی خواستە تەکنیکییەکانی هونەرمەندی کردووە.



هاوکـات و هاوشـانی ئەم پرۆسـێـسی ئازادبوونە، بەرەنجامی تەکنیکی تر، خۆ ئامادە دەکاتەوە، کە تێیدا هەژمـوونی تاک سـەنتـەری و سـەروەری لە ڕووکـەشی پێکهـاتەی تـەکنیـکی دەقـدا تێـک دەشکێ (نموونەی بەرەنجـامـێکی وەها لە دووتوێی کـارە ڕووناکی پەخش ئامێـزەکانیـیەوە دەبینین، کـە لە زۆربەی حاڵەتەکـاندا کـارگـەلێکی خـڕن و لە تواناییـەکـانی یەک پارچەیی و ئاسۆیی کارێکی هونەری خۆ تێپەڕ دەکەن) بەدیهـاتنی بەرەنجامەکان لە چارەسەرە ڕوئیایی و تەکنیکییـەکانی دەقی بینەییدا، بەهێندەوە ناوەستێ، بەڵکو - لە هەندێ کـاری هونەریدا - هێـزێکی گـومـانگـەرا (لەلای بینەر) دواتر هەڵوەشـێنەر (لەلای هونەرمـەند) کـار لەسـەر تواناییـەکـانی بەشـوێن/ پێگە بوونی کـاری هونەری/ تابلۆ دەکات و لەباکگراوندێکی گریمانەیی و پشتبەستوو بەیارمـەتی ئەندێشـەیەکی گـریمانەیی، سـەرلەنوێ بەتێـپـەڕبوون لە سنووری تابلۆوە بەرەو ڕەهەندەکـانی پەیکەرسازی، بنیاد دەنێتەوە.

چەمکی ترازان لە زۆرێک لە کارەکاندا وەک واتایەکی خـاوەن دەسـەڵات و بە هەژمـوون، هەر لە یەکـەم بینینەکـانەوە خـۆی ئاراسـتـە دەکـات، ئەم چەمکە لە یەکـەمین دەسـتپێکی پرۆسێسی چێژوەرگرتنەوە ڕەنگ ڕێژی بۆ سـەرنج و بینینەکـانمان دەکـات، لە داڵانی دەروازەیەکی باریکەوە دەمـانخـاتە نێـو پانتـاییـەکی فراوانی لێکدانەوەوە، ترازان بە مانایەک و چەندان مانا خۆ ئاراستە دەکات، جارێک ترازان پێوەندی دووری زێد و غـەریبیـیـە و جـارێکی تر لە دوور ڕوانینە لە شەقاربوونی خاکی نیشتیمان و بۆ جارێکی تریش پەرت بوونی خێزانە تا دەگاتە پەرت بوونی خودی کیانی مرۆڤ خۆیشی. ئەمانە و چەند هەوێڵی تر لە ڕاڤەکاریی کراوەی نێـو داخراوی و دیاریکراوی چەمکی ترازان، تواناییـەکی کـرانەوە بە داخـراوی کـاری هونەری دەدەن وەک دەقـێک خاوەن ژێدەرێکی گوشارگەرا.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر سەرکێشیکردنە هونەرییەکانی، ئەوە دەڵێین ئەم سـەرکێـشـییـە هونەرییـە (مـەبەست لە تواناییـە بە شـوێن کـردنەکـانی کـاری هونەرییـە لای هونەرمـەند) و چەندێکی تر، وەک بارکـردنی کـاری هونەری بە لۆدی توانستـە تەکنۆلۆژییەکانی ڕووناکی، کە ئەم بەدیهـاتووە هونەرییـانە لە سنوورەکـانی (هونەری جووڵەیی- Kinetic Art) نزیک دەکاتەوە، هاوشان





دیزاینەوە.
هەموو ئەم گۆڕانکاری و پەلهاویشتن و سەرکێشییە تـــەکـــنـــیـــکـــی و ئیـــســـتـــێـــتـــیـــکیـــانەیە، دڵەڕاوکـــێی هونەرمـــەند دەخەنەڕوو لە نێوان سۆزی هونەرمـــەند بۆ گـەیشتن و گـەیاندنی پەیامی وتراو و سـەرکـێـشی بۆ وتارێکی ئەزمـوونی تەکنیکی کـە بە لایەک تازەگـــەری بێت و لەلایەکی تریش خـــودی هونەرمـەند خۆیشی لە یاد نەکات وەک ئامادەیی کارکردنە هونەرییەکانی ڕابردووی.
خواست لەسەر ئەم پرکێشی و سەرکێشییە هونەرییانە، وای کـردووە، ڕیـتـمی سـیـسـتـمی سـتـایلی پەیڕەوکـراو جێگیری بەخـۆوە نەبینێ و خستنە ڕووە ڕوئیـاییـەکـانی خـود پەرتوبڵاوییـەک لە توانست بەخشـیـەکـانی کـاری هونەریدا بەخـــۆوە ببـــینێ، ئەمـــانەش دیاردەگـــەلێکی چارەســەر و بینیـنی هونەرین، کـە وادەکـەن هونەرمـەند و ئەزموونەکەی لەو پانتاییەی نەخشەیەک بۆ تایبەتمەندی و تاکگەرابوون بەدوور بووەستن، هیـچ نەبێت لە ئـەمــڕۆی کارکردنی هونەری هونەرمەنددا بەدی دێن.

لە ئامـادەکـردنەوەی ڕەهەندی زەمـەنی (وەک ڕەهەندی چوارەم)، و لێکدان و پێکەوە کـــۆکـــردنەوەی چەند سەمتێکی جیاواز لە مادەی کارکردن، (تاسوود وەرگرتن لە مـادە ئامـادە دروسـتکراوەکـان - Ready made) لەیەک یەکەی پەخشـیـدا (باسـتیش)، کـە ئەم مـاددانە بەرەنجامی ئەم مامەڵە تەکنیکییەی دەق، لە پێگەیەکی پەراوێزکراوی تەنانەت دوور لەکایەی هونەری و نزیک لە کـــایەی ژیانـێکی ڕۆژانەی ئاســـاییـــەوە، بەرەو بەسەنتەرکردنی نێو کارێکی هونەری ئاراستەیان گرتووە. هەر ئەم پرکێشییە هونەرییە وادەکات، کاری هونەری لە تەختی بەشکۆیی ناوازەیی و بە نوخبـەیی خۆی دابەزێت و پەیوەستییە ئاشناکان بە بینەری ئاساییەوە ببەستێ، گـــوتاری هونەری لە ڕێگەی ئامـــرازە ئاشناکـــانەوە گوتارێکی نا ئاشنا پەخش بکات، ئەمەش پرۆسێسێکە توانایـیـەکانی گـەیاندن، لە کـاری هونەرییـەوە بۆ بینەر، خێراتر و ساناتر دەکات.
کـارکردن لەم پێناوە و بۆ ئەم پێناوە هەر لێـرەدا و بە ئەوەندەوە ناوەستێ، بەڵکو هونەرمەند لە پێناو گەیاندنی وتاری هونەرییـانەی، پەنای بۆ چەند تواناییــەکی نێـو هونەری شـێـوەکـاری، تەنانەت دەرەوەی شـێـوەکـاریش بـردووە و ئەم تـوانـاییـــــانـەی لە دووتـوێی کـــــارە هونەرییەکانیدا لێکداوە، وەک نیگارکێشـان، گرافیک، پەیکەرسـازی و وەک سـتـایلی کـارکـردنیـشی لەهەندێ دەقی هونەریدا، وێڕای شێوەکاری، دەچێتە پانتاییەکانی

# هێزە بنەڕەتییەکانی درامایە کە دەروازە بۆ خوێندنەوەی نوێ دەکەنەوە

لە سویدییەوە: دانا ڕەوف
(سوێد)

لە شانۆ ئینتیمەکەی ستریندبێری، "ئانا پێتەرشۆن" لە نمایشێکی باڵاو ناوازەدا، بە تەنیا ئەکتەر و ڕیژیسۆرە، ڕۆڵی هەر سێ کارەکتەرەکە "ژولیا"، "ژان" و "کریستین" لە شانۆنامەی خاتوو ژولیادا دەگێڕێت و لە دیمەنی کۆتاییدا، بەوپەڕی تووڕەییەوە ناڕەزایی دەردەبڕێت.«١» بۆچی پێویستە "ژولیا" کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت و خۆی بکوژێت؟«٢» بۆچی "ژان" ئەو هەنگاوە نەنێت؟ ئەویش وەک "ژولیا" سێکسی کردووە، دەبووایە ئەویش بەهەمان شێوە بارێکی گران بووایە بەسەر شانییەوە؛ ئانا پێتەرشۆن، بەم شێوەیە گفتوگۆ لەگەڵ دەقەکە دەکات.«٣» ئەو وەک هاوگفتوگۆیەکی ئەمڕۆ مامەڵە لەگەڵ شانۆنامە گرینگ و بەبایەخەکەی "ستریندبێری" دەکات، کە لە ساڵی ١٨٨٨دا نووسیویەتی.

"پێتەرشۆن" دەقەکەی بە شێوەی کتێب بە دەستەوەیە، لەگەڵ خۆی تاووتوی دەکات و بە بەردەوامی ئاماژەی بۆ دەکات.«٤» هەندێک لەبەشەکانی دەخوێنێتەوەو دەیخاتە ژێر پرسیارەوە، دیمەنەکان پێشکەش دەکات و کارەکتەرەکان تاقی دەکاتەوە و لە هەمان کاتدا لەگەڵ بینەرەکانیدا لە پێوەندییەکی چاپووک و خێراشدایە.«٥» کە دەقەکە بەم شێوەیە لەسەر شانۆ بەرجەستە بکرێت، لەهەمان کاتدا پەیام و هێزە بنەڕەتی و گەورەکانی دراماکەش، وەکو خۆی بگەیەنێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئاوگۆست ستریندبێری "خاتوو ژولیا"ی وەک زنجیرە ڕووداوێک نووسیوە، کە تێدا فیگۆر و کارەکتەرەکان، بەشێوەیەکی سروشتی کاردانەوەیان بۆ ململانێکانی ئەمڕۆمان دەبێت.«٦» ستریندبێری بۆ خولقاندنی کارەکتەرەکانی، بە ئاگاییەوە لە شێواز و فۆرمە کلێشەیی و تەقلیدییەکانی ئەو ڕۆژگارە دوور

کـەوتۆتەوە. هەر لەبەر ئەوەشـە کـە دەکـرێت بەسـانایی "خـاتوو ژولیـا" بەوپەڕی ئازادییـەوە بگوێزرێتـەوە بۆ نـاو ژووره مـۆدێرنەکـان و خـۆی لە هەمـــوو جـــۆرە بنەمـــایەکـــانی کـــۆمـــەڵایەتیـــدا دابڕێـنێت و جیابکاتەوە.

هەمـوو نمایشـێکی نوێی "خـاتوو ژولیـا" ڕەنگدانەوەی پێـوەندییـە نوێیـەکـان، شـوناس و سیسـتـمی دابونەریتـە کۆمـەڵایەتییـەکانە، هەر لەبەر ئەوەشـە هەمـوو ئەو نمایشانەی، کـە لە وڵاتانی جـیـاوازی ترەوە پێشکەش دەکرێن، جێگای سەرنجن و پێـویسـتـە خـوێندنەوە و لێکدانەوەیان بۆ بکرێت.

ئێسـتـا دەتوانین "خـاتوو ژولیـا" لەسـەر شـانۆکـانی ئەوروپا ببینین، بۆ نموونە لە خوێندنەوەیەکی ڕووسـیـدا، کـە بەڕێوبەری شـانۆی شـاوبینەی ئەڵمـانی، تۆمـاس ئۆسـتـەرمـایەر کاری ڕیژی بۆ کردووە، لە بەریتانیـا و لە وەرگـێـڕانێکی تازەی پاتریک مـابەر و ڕیژی ناتالی ئەبرەهامی، لە ئەڵمانیا بە شێوازێکی مۆڵتی-میدیا و لە ڕیژی هونەرمەندی بەریتـانی کـاتچی میـتچڵ و لیـۆ وۆرنەر، هەروەها نمایشـێکی فـەڕەنسی، لە نواندنی ئەستێرەی سینەما (جولیا بینۆچە) لە یەکێک لە ڕۆڵ و کـارە دەگـمـەنەکـانیـدا لە سـەر شـانۆ بوو. تۆمـاس ئۆسـتـەرمـایەر (کە ئێسـتـا لە فـیسـتـیـڤـاڵی دووەمی بێرگمـاندا، بە شانۆنامـەی "شـەیتـانەکـان"ی لاش نۆرێن بەشـداره) لە سـەرەتای سـاڵەکـانی (٢٠٠٠)ـەوە سەرکەوتنێکی گەورەی نێونەتەوەیی بە خوێندنەوە نوێ و هاوچەرخەکانی بە شانۆنامەی (ماڵی بووکەڵە) و (هێدا گابلەر)ی هێنریک ئیبسن بەدەست هێناوە. ئەم ڕیژیسۆرە ڕووداوەکـانی ئەم شـانۆنامـە کـلاسیـکیـیـانەی هێناوەتە پێشەوەو ڕەنگدانەوەی ڕۆژگاری ئەمڕۆیان بە ڕوونی پێوە دیارە. لەوێدا پاڵەوانە ئافرەتەکان ؛ هێدا بەنموونە لە نێو تـەڵـەی زێـدە ڕازاوەی دیـزایـنـێـکـی مـــــــۆدێـرن و دەستبلاوییەکی زۆر و بێ پایان و خۆشگوزەرانییەکی بێ گـیـان و ژینگەیەکی سـاردا بەندکـراون و بە تەواوی



**دیمەنێک لە «خاتوو ژولیا»، ڕێژیسۆری ئەڵمانی «تۆماس ئۆستەرمییەر» شانۆی نەتەوایەتی سووسی - مۆسکۆ**

تاساون.«٧»

"خاتوو ژولیا" کەی تۆماس ئۆستەرمایەر لەسەر شانۆی نەتەوایەتی لە مۆسکۆ پێشکەش کراوە. شانۆنامەنووس مـیـتـچـێڵ دیرنێنکۆڤ دەقـەکـەی ئامـادەکـردووە و ڕووداوەکانی هێناوەتە پێشـەوەو لە شەوی سـەری ساڵی ئەمڕۆی مۆسکۆدا دایڕشتۆتەوە. "ژولیا" کچێکی نازدار و بە دەمەوەدراوی ژەنەڕاڵێکی پێشووی دەزگای کەی، گی، بی KGBیە«٨» ئێسـتـاش کەسێکی تازە دەوڵەمـەندی گـەندەڵەو لە ژیانێکی مـاتەریالی و بێ بایەخـدا دەسووڕێتـەوە و لە دەریای پارەدا مەلە دەکـات. تۆمـاس ئۆستەرمایەر و سینۆگرافەکەی هونەرمەند ژان پاپێڵبۆم مـەتبـەخـێکی سـوپەر مـۆدێرنیـان دروست کـردووە، لەو مەتبەخەدا کامێرایەکی ڤیدیۆ، ڕووداوەکان بە شێوەیەکی زیندوو لەسـەر شاشەیەک دەهێنێـتە پێشەوە، هەر وەک ئەوەی کـە ئەمـە پرۆگـرامـێکی تیـڤی چێـشت لێنان و خواردن ئامادەکردن بێت، بەم جۆرە وردەکارییەکان دەخاتە ڕوو.

لە ڕووسیـایەکدا، کـە ئەمڕۆ مرۆڤ ئاژەڵەکـانیـان بۆ ڕازاندنەوەو جوانی، بە ڕەنگی زەق و جیاواز خـاڵ کوتی دەکـەن، لەم نمایشـەدا بەباشی جـێگای بۆتەوە. "ژولیـا" خواردن دەکات بەدەمی سەگەکەیەوە، کە پەتێکی زیوینی لەملدایەو لە جـانـتـایەکی جـوانی مـۆدێرنی دیزاینی فـەڕەنسـیـدا، گـرتوویەتی بە بەر سنگییـەوە، تا بە

شـێـــوەیەکی توندوتیــژی دراماتیکی، لە دوا دیمەنی شـانۆنامـەکـەدا سـەری لێ بکرێتـەوە.«٩» "ژان" کـە لەوەوبەر لە "شیشان" سەرباز بووە، ئێستا یەکێکە لەو سەدان شۆفێرە ڕووسییە تایبەت و شەخسییانەی، کە ئەمـڕۆ لە پشت سـووکـانی لانگرۆزەرەکـانیـانەوە، بە درێژایی چەندین کـاتژمـێـر، بەبێ ئەوەی مـاتۆڕی ماشێنەکانیان بکوژێننەوە، لە چاوەڕوانی ئاغاکانیاندان. "ژان" لێرەدا مرەمرێ ئەوە دەکات و خەون بەوەوە دەبینێت کە لە هیندستان، ئەو شوێنەی ڕووسییە دەوڵەمەندەکان بە لێشـاو گـەشـتی بۆ دەکـەن، هوتێل بکاتەوە. بۆ ئەو مـەبەسـتـە بە دوای هاوکـار و شـەریکێکدا دەگـەڕێت، شـەوی سـەری سـاڵیش ئەو شـانسـەی لەگـەڵ "ژولیـا" بۆ دەڕەخسـێت تا سـەمـایەکی بەهێـزی لەگـەڵدا بکات. ئاهەنگەکە بە مۆسیقای جازی دونکە دونکە دەست پێ دەکات و لە دیمەنە پانتۆمایمە ناوازەکەی نێوان پەردەکانی تێکسـتـەکـەشـدا، لە کـاتێکدا خـەڵکە مـەست و سەرخۆشەکان ئاهەنگ دەگێڕن و مەتبەخەکە بە تەواوەتی بە بوتڵی ڤۆدگا، کاغەزی ڕەنگاوڕەنگی ئاهەنگگێڕان و پاشـمـاوەی خـواردن دەکـەن بە تەویلە، مـۆسـیـقـاکـەش بەردەوام دەبێت. ئێڤگێنی مـیـرۆنۆف-یش بە پۆرترێتـە کـزو هێـمنەکـەی خـۆی بـۆ "ژان"، وێنەی پیـاوێکی دوای جـەنگمـان بۆ بەرجـەسـتـە دەکـات، کـە توندوتیـژی و سـەرکـوتکردن و ئازارەکـانی ئەو جـەنگەی هەڵگرتووە، بەڵام ئێـسـتـا دەیەوێت لە دوای ئاشـتـیـیـەوە لە دیاردە ناشـارسـتـانی و نـاشـیـرینە شـەڕانییـەکـانی هاوڕێ و هاوشانەکانی خۆی دوور بکەوێتەوە. چۆوپن کاماتۆڤا وەک "ژولیـا" بەرهەمی چینێکی ئەرەسـتـۆکـرات، ئیـمـتیـازپێدراو و خـۆپەرست وایە، کـە هیچ شـتێک لەبەرچاو ناگـرێت. "ژولیـا" هەرگـیـز فـێـری ئەوە نەبووە ڕەچاوی پێداویستییەکانی کەسانی تر بکات، هەر لەبەر ئەوەشە ئەو لەم بارودۆخەدا، پێـویستی بەوە نەبووە، کە پێناسەی کەسێتی خۆی دەستنیشان بکات. "ژولیا" تا ئەم کـاتە چارەنووسـسـازەی شـەوی سـەری سـاڵ، بە ئازادییـەوە، بەبێ ئەوەی خـۆی هیچ هەڵبـژاردنێکی بۆ بوونی خـۆی هەبێت، لە نێـو ژیانێکی زێدە ڕازاوەو خۆشگوزەرانی لوکس ئاسادا، بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەک و ئامانجێک سووڕاوەتەوە. "ژان" بە "ژولیا" دەڵێت کە، لێـرەدا مـەسـەلەکە سـەبارەت بە سـێکس نییـە، بەڵکو سەبارەت بە دەسەڵاتە.

"ژولیا" لەگەڵ "ژان" ئەو دەرفەتەی بۆ دەڕەخسێت، کە دەسـەڵاتی بەسـەر ژیانی خۆیدا هەبێت، بەڵام مـانای ئەم هەست بەلێـپـرسـیـارێتی کـردنە تووشی شـڵـەژان و پەشۆکانێکی تەواو و هەڵچوونێکی شێتانەی دەکات. "ژولیـا" لە سـەربەسـتی خـۆی دەترسـێت، بەڵام بە پێـچـەوانەوە کـریسـتین لە بارودۆخـێکی نایەکـسـانی سـتـرکـتـۆری دەسـەڵات و هەژاری، هەروەها جـاروبار دزیکردنێکی بچووک و بێ بایەخیشدا لە خانەخۆیەکەی، زیاتر هەست بە ئاسوودەیی و دڵنیـایی دەکـات. تۆمـاس ئۆسـتـەرمـایەر بە شـێـوەیەکی تەواو هەر وەک "نورە" و "هێـدا گـابلەر" لەوە دەکـۆڵێـتـەوە، کـە چۆن چینی مـامناوەندی لە بێ توانایی و دەسـتـەوەسـتـانی خـۆیاندا بەندبوون و توانایی ئەوەیان نییـە خـۆیان لەو ئاکـار و ڕەفتارە کۆمەڵایەتیانەوە دابڕێن، کە لە باو و باپیرانەوە بۆیان ماوەتەوە. "ژولیا" دەبێتە (بیمبۆ)یەکی بێ کرداری ئیفلیج، «١٠» کە تەنیا بە پێڵاوە بەرزەکانییەوە سەرسم دەدات و ناتوانێت بڕوات بەڕێوە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو لەسەر پێگەی دەسەڵاتە لەرزۆک و نادروستەکەشییەوە دەکەوێتە خوارەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە لەکاتێکدا بە نائومـێـدییـەوە یاری بە دەمـانچـەکەی دەستی دەکات، دەبێتە جێگای مەترسی. "نورە" ی تۆماس ئۆستەرمایەر لە دوا دیمەندا، بە شـــێـــوەیەکی دڕندە و خـــوێناوی (تۆرفـالد)ی مـێـردی دەکـوژێت، «١١» بەڵام لێـرەدا "ژولیا" بە چەکەکەی دەستییەوە ڕواوڕوو لە "ژان" دەچێتە پێـشـەوە، بەمـەش ڕووبەڕووی ئەو ڕووخـان و کـەوتنە دەبێـتـەوە، کـە بە شـێـوەیەکی ڕاسـتی و ترسناک هەردووکیان دەگرێتەوە.

شـانۆنامـەنووسی ئینگلیـزی پاتریک مـابەر لە سـتریندبێرییـەوە ئەو هەست و هێـزەی بۆ مـاوەتەوە، کـە چۆن بتـوانێت زمـانێکی توندوتیـژ و درێژ و دیالۆگـێکی بەهێـز و خـاوەن کـردار بەکـاربهـێنێت. ئەم نووسـەرە لە سـاڵی ١٩٩٥دا شـانۆنامـەی (دوای خـاتوو ژولیـا) دەنووسـێت، کـە بە تەواوەی شـوێن پێی سـتـریندبێـری هەڵگرتووە، بەڵام ڕووداوەکانی هێناوەتە دوا ساڵەکانی دووەمین جەنگی جیـهـانییـەوە، واتە سـاڵی ١٩٤٥، بە تایبەتی شەوی سەرکەوتنە گەورەکەی پارتی کرێکاران. لەم شـانۆنامـەیەدا باوکی "ژولیـا" سـەر بە پارتی

کرێکارانە، ئەو سەمایەی لەگەڵ خەڵکیدا دەیکات بەرەو بیرکردنەوەیەکی نوێمان دەبات، بیرکردنەوەیەک سەبارەت بە یەکسانی نێوان چینەکانی کۆمەڵ. نمایشەکەی ناتالی ئەبرەهامی لە بەهاری ئەم ساڵدا و لەسەر شانۆی Young Vic لە لەندەن، وەک درامایەکی سیاسی لە روانگەی ریالیزمی دەست شۆرەوە، بە هاوشانی گۆرانییە باو و میللییەکانی سالآنی چلەکانی ئەوروپاوە پێشکەش دەکرێت.«١٢» قژە زەرد و لوولەکەی ناتالیا دۆرمێش و جگەرەکێشانەکەی بە چەشنی خانمی دیوەخانەکان لە



دیمەنێک لە «خاتوو ژولیا»، رێژیسۆری ئینگلیزی «ناتالی ئەبرەهامی»

بەرجەستەکردنی رۆڵی "ژولیا"دا، هەروەها بە جلە گوڵ گوڵییە درێژ و ئاودامانییەکەیەوە، وەک ئەوە وایە لە "خێزانی ئاشتۆن"ـەوە وەرگیرابێت.«١٣» لە کاتێکدا ئەو بە خۆشی وێنەیەکی رۆمانسییانەی سۆسیالیزم و کرێکاران و ئاشتی، پێکی هەڵدەدا، کەچی بەکردەوە بە شێوەیەکی بێ باک و لە خۆبایی مامەڵەی لەگەڵ کریستین-ی کارەکەری دەکرد. کاتێ یۆهان گاڵتەی بە جووتبوونی ئەوان (کرێکاران) دەکرد و رووی لە میش، وەک سوزانییەک، وەردەگێرا، ئەو خۆی بە خانمێکی بە ئەسڵ و فەسڵ دەزانی.

یۆهان لەلای خۆیەوە لە نیویۆرک پەرۆشی ژیان بوو. حەزی دەکرد لەوێ یانەیەکی شەوانە بکاتەوەو لە کۆمەڵگەیەکی یەکسانی راستەقینەدا بژی. بەریتانییەکان لەکاتی شەردا لە بۆتەی یەکێتییەکی نەتەوایەتیدا دەژیان، پارتی کرێکارانیش لە هەوڵی ئەوەدا بوو ئەم یەکێتییە بقۆزێتەوەو بیکاتە ئامانجێکی سیاسی، ئەمەش هیوای لەلای خەڵکی دروست کرد، بەڵام ئەمە بەشێوەیەکی کۆنکرێتی رووبەرووی چەندین کێشە بووەوە، بە تایبەتی لە کاتێکدا تاکی بەریتانی (ئیندڤید) لەنێو مێژووی سیستەمی چینایەتیدا مابوونەوە، دڵنیا نەبوون بە چ شێوەیەک و چۆن رۆڵە نوێیەکانی خۆیان، لەگەڵ یەکتردا بەرجەستە بکەن. خوێندنەوەکەی ناتالیا ئەبراهام لە ناوەراستی زەمەنی گۆرانکارییەکاندا ئەم بارودۆخە نائارامە کۆمەڵایەتییە دووپات دەکاتەوە.

ریژیسۆری بەریتانی کاتچی میتچڵ، بە هاوکاری هونەرمەندی ڤیدیۆ و وێنەگر لیۆ وۆرنەر، یەکێک لە خوێندنەوە هەرە رادیکاڵە نوێیەکانیان بۆ خاتوو ژولیا کردووە. ئەم نمایشە تاکو ئێستا چەندین پاداشتی گرینگی بەدەست هێناوە. ئەم دوو هونەرمەندە ئینگلیزە لە بەرلین، خاتوو ژولیاکەی خۆیان بە ئەڵمانی بۆ شانۆی شاوبینە بەرهەم هێناوە، ئەمساڵیش لە ستۆکهۆڵم بەشداری فیستیڤاڵی بێرگمان دەکات.«١٤»

کاتچی میتچڵ رەهەند و دیدی دەقە شانۆییەکەی هەڵگێراوەتەوە و لەبری "ژولیا" و "ژان"، رووداوەکانی لە مەتبەخەکەی کریستین و کارەکتەری کریستیناوە، کە رۆڵێکی لاوەکییە بەرجەستە کردووە. هونەرمەندی ئەڵمانی خاتوو چۆڵ بێو رۆڵی کریستین دەبینێت. ئەم ئافرەتە بێدەنگە کارەکەرە لە هونەر، دراما و تۆژینەوە و نووسینی مێژوودا بە تەواوەتی پەراوێز خراوە، بەڵام لێرەو لەم نمایشەدا لە چەقی رووداوەکاندایە. کریستین بەسۆز و خۆپێچاوە، وەکو فیگۆرێکی ڤێرمەر، «١٥» بە پەرۆشییەکی زۆر و گەرمەوە، گوڵە هاوینەییەکان بۆ بەرگە سەرینەکانی لێ دەکاتەوە، لە گەمە بێ شەرمەکەی نێوان دەزگیرانەکەی و خانمی خاوەن زەوییەکە دەروانێت و لە ژوورە تەنیاکەی کارەکەرییەکەیەوە، لە مەتبەخەکەوە

گوێی لە شەڕ و دەمە دەمی نێوانیان دەبێت. ئەوە دنیا بچووکەکەی ئەوە کە کار و فرمانەکانی بەوپەڕی ڕێزو دڵسۆزییەوە جێبەجێ دەکات و ژیانی خۆی بۆ تەرخان کردووە، کە ئەوان بەوپەڕی بێ ڕێزییەوە پێی پیا دەنێن. کریستین هەست بەم بێ ڕێنییە دەکات و بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە، بە تەواوەتی بێدەنگ دەبێت. ناوازەیی ئەم کارەی کاتچی میتچڵ لەوەدایە ڕێگای بۆ گرووپەکەی خۆش کردووە، کە ڕاستەوخۆ بەکامێرای سینەمایی وێنەی نمایشەکە بگرن، کە بە شێوەیەکی زیندوو، هاوتەریب لەگەڵ نمایشەکەدا لە سەر شاشەیەکی گەورە پێشان دەدرێت، ئەمەش چەمکێکی مۆدێرنی هونەری ڕیژییە، کە ئەم هونەرمەندە لەوەوبەر لەگەڵ لیۆ وۆرنەر لە پرۆژەی (شەپۆلەکان)ی ڤێرگینیا وۆلف و (گەمژە)ی دەستۆیڤسکی لە لەندەن لەسەر شانۆی نەتەوایەتی بەکاری هێناوە.«١٦»

کاتچی میتچڵ و لیۆ وۆرنەر پانتایی شانۆکەیان کردووە بە ستۆدیۆی فیلم، چەند ئەکتەرێک لەم ستۆدیۆیەدا لە بەشی پێشەوەی شانۆکەدا، بەرانبەر بە مێزێک ڕاوەستاون، کاریگەرییە دەنگییەکان دەخوڵقێنن، یان وێنەی دیمەنەکان لە نزیکەوە دەگرن، لەپشت ئەوانیشەوە دیکۆری مەتبەخێک هەیە، کە بە شێوەیەکی کلاسیکی و بە چەشنی مەتبەخەکانی ساڵانی (١٨٠٠)ەکان ڕۆنراوە، لەگەڵ خولقاندنی ژینگەیەکی "هامەشهەی" یانەی هونەری ڕووناکی.«١٧»

بینەران لەلایەکەوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان لە بارودۆخێکی دوورەپەرێزیدان و بەهۆی بەکارهێنانی هەموو جۆرەکانی تەکنیک و کامێراوە خۆیان دەبیننەوە، میکرۆفۆن و ئێکسسوارەکان بە بەردەوامی لەگەڵ نمایشەکەدا بەکار دەهێنرێت - لە هەمان کاتدا وەک لە بەشەکانی فیلمێکدا زۆر بە چڕی ڕووبەڕووی هەموو ژیانی کریستین دەبینەوە. وێنە نزیکەکانی دەستە سوورهەڵگەڕاوە قڵێشاوە کارەکەرییەکەی، کە جگەری گوێرەکە چاک دەکات، لووتە چەورە بریسکاوییەکەی، تێڕوانینە ماندووەکەی و هەستە تێکشکاوەکەی، کە ئەو دەبینێت و دەزانێت "ژان" ی دەزگیرانی ناپاک بووە - هەموو ئەمانە بە خۆدا چوونەوەیەکی چڕ لەلای ئەم کارەکتەرە دروست دەکەن، کە دەروازەی چەندین بنەمای قووڵ بە ڕووی دەقەکەدا دەکاتەوە. سێ ئەکتەری جیاواز

هەڵسوکەوت و جووڵە و سیناریۆکانی کریستین جێبەجێ دەکەن - یەکێکیان هەندێک جار لە بەردەمی میکرۆفۆنێکی هەستیاردا دادەنیشێت و وەکو مۆنۆلۆگێکی ناوەوەی کریستین، شیعرەکانی ئینگەر کریستنسەن دەخوێنێتەوە.«١٨» کاتچی میتچڵ و لیۆ وۆرنەر بەم کارەیانەوە بنەماکانی سینەماتۆگرافی و کۆمپۆسیشون بەباشی شی دەکەنەوە و چەندین دیدو تێڕوانینی نوێ بە ڕووی شانۆدا دەکەنەوە، ئەم دوو هونەرمەندە لەم ڕووەوە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری هونەری سینەمای ئینگمار بێرگمانەوە.«١٩» لە سەرەتادا "ژولیا" لە وێنەکەدا، لە نێوان "ژان" و کریستین، هەر وەک تەلیزمێک دەردەکەوێت. لە دیمەنێکی تردا کریستین بە تەنیا لە پێشەوە، لە پشت چوارچێوەی شووشەی پەنجەرەکەیەوە ڕاوەستاوە و سەیری دەرەوە دەکات، بەڵام "ژان" و "ژولیا" لە پشتەوە لە نێو حەزی یەکتریدا تواونەتەوە. کە کریستین دەنوێت، گرووپەکە لە سەر شانۆ، بە ئاو و کاریگەرییەکانی هونەری ڕووناکی، لە دۆخێکی سروشتیدا، زنجیرە وێنەیەکی فیلمی خەونە ئامێز دەخوڵقێنن. دەنگی سەر وێنەکان کە هونەرمەند گارێث فرای ئامادەی کردووە، «٢٠» بە هاوشانی مۆسیقایەکی چەلۆی زیندوو، کە هونەرمەندی مۆسیقی کلاوی میلەر لە سەر شانۆکە و لە شوێنی تایبەتمەند و جیا جیادا پێشکەشی دەکات، بە درێژایی نمایشەکە ئامادەبوونیان هەیە، یەکەیەکی دینامیکییان دروست کردووە و کاریگەرییان بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانەوە هەیە. کاتچی میتچڵ بەم شێوەیە لە بەرجەستەکردنێکی نێزیک و ئینتیمی لێکۆڵینەوەیەکی وردی سایکۆلۆژیای ئافرەتاندا سەرکەوتنی بە دەست هێناوە، ئەم ڕیژیسۆرە لێرەدا کارەکتەرەکانی دەقە شانۆییەکە بە چاوی ئەمڕۆمانەوە دەخوێنێتەوە، لە هەمان کاتدا بەو تەکنیکە مەودا دوورەوە، بە شێوەیەکی لۆژیکی و بابەتییانە و فاکتەئاسا هەموو شتە دەستکرد و نا سروشتییە دراماییەکان بەرجەستە دەکات. ئەم نمایشە فرە میدیایەی کاتچی میتچڵ ئەکتەرەکانی لەو ساتەوەختەدا ڕادەکێشێتە ناو چالاکییەکی بە دەستوبردی ئەکتیڤەوە، لە وێدا کارەکتەرەکانی بە هیچ شێوەیەک پشوو نادەن، بەڵکو بەردەوام ناچاردەکرێن خەریکی کامێراکان بن، ڕووناکی و



دیمەنێک لە «خاتوو ژولیا»، ڕێژیسۆری ئینگلیزی «کاتی میتچڵ»

دەنگ بۆ بەشەکان ئامادە بکەن، یان کورتە دیالۆگی ئاڵوگۆڕ پێکراو بۆ دیمەنەکان تۆمار بکەن.

هەروەها ڕێژیسۆری فەرەنسی فرەیدێرک فیزباچ لە نمایشی خاتوو ژولیاکەی خۆیدا ئەتمۆسفێرێکی لێوانرێژ لە بێ تەنایی و نائارامی لە ئێستا و لەم چرکەساتەدا دەخوڵقێنێت. لەم ئەتمۆسفێرەدا ژیان دەگوزەرێنێت، خۆشەویستی و خەونەکان دێنەدی و دەبنە بەشێکی ئەو ژیانەی دەگوزەرێت. هەموو ئەمانە پێکەوە، بەوپەڕی خۆشییەوە لە شەوێکی درێژی بێ خەودا بەرجەستە دەبن. "ژولیا"ی جولیا بێنێوچە، "ژان" ی نێکۆلاس باچوۆد و "کریستین" ی بێنێدیکت سێراتی نوێنەری گەنجە فەرەنسییەکانی ئەمڕۆن، بەرهەمێکی بێ ڕەگو ڕیشەی میدیا کولتووری و بازرگانی شوێنە چێژبەخشەکانی ئەم ئان و ساتەن، لەو شوێنانەدا، کە مرۆڤ بە هەموو ڕێگاو ستراتیژبەتێک لە هەوڵی ئەوەدایە جێگا پێی خۆی بکاتەوە، خۆی پێشان بدات و ببینرێت. خانەوادە و فەرزەندەکانی ئەم کارەکتەرانە سەر بەنەوەی ساڵانی ١٩٦٨-ن، ئەو نەوەیەی کە فێری ژیانی کۆمەڵگایەکی یەکسان بوون. "ژولیا" لەگەڵ کۆمەڵێک گەنج بەوپەڕی بەختیارییەوە سەمایەکی دیسکۆ ئاسا لەناو دارستانێکی سپیداری ڕووناک و پاکدا دەکات. دەیەوێت پێوەندییەکی سێکسی لەگەڵ "ژان" دروست بکات، بۆ ئەوەی خەمی هەڵوەشاندنەوەی مارەبڕییەکەی لەبیر خۆی بەرێتەوە، کە لەماوەیەکی کورتی لەمەوبەردا ڕووی داوە، قۆڵی کراسە ڕووتە هەڵقڵیشاوە ئاهەنگییەکەی، بەوپەڕی بێ دەربەستییەوە دێتە خوارەوە، لە کاتێکدا زیاتر و زیاتر "ژان" دەبێتە جێگای سەرنجی و بەوپەڕی ئاڵۆشەوە، بە تێکەڵ بوونەوە گوێ لە چیرۆکە خودییە خەیاڵییەکانی دەگرێت. نێکۆلاس باچوۆد "ژان" ێک بەرجەستە دەکات کە جەستەی بە هۆی گوشارەوە، لە نێوان پلەو پایەیەکی نزم و هەستی ژێر دەستەیی و پەرۆشییەکی زۆر بۆ پلەو پایەیەکی بەرز، گرژ و ڕەق بووە. "من بۆ ئەوە لە دایک نەبووم تا بکەوم" یان "گرمۆڵە ببم" وەک "ژان" لە وەرگێڕانە فەرەنسییە ڕوونەکەی تێرێ سیندنیگدا دەیڵێیت. "ژان" خۆی لە ستراتیژییەتێکی گەمەی ڕۆڵەکەیدا دەبینێتەوە، لەوێدا بە شێوەیەکی هۆشمەند بە دوای بنیادنانی وێنەیەکی نوێی خۆیدا دەگەڕێت، بەڵام "ژولیا" لەم شەوەدا تا دێت زیاتر لەو وێنەیەی کە سەبارەت بەخۆی هەیەتی بەتاڵ دەبێتەوە.

"ژولیا" لە پڕ لەوە تێدەگات کە هەموو بیرو بۆچوون و دیدی ئەو بۆ ژیان هی خۆی نییە، بەڵکو هی خانەوادەکەیەتی، کە ئەو هەر بەڕاستی خاوەنی هیچ پێناسێکی تایبەتمەندی خۆی نییە. هەستکردنی بە تەنیایی و لە پەراوێزدا مانەوەی، بە بەراورد لەگەڵ "ژان " و کریستین، بەتایبەتی لە دوا دیمەندا ئێجگار گەورە و ترسناکە، بەتایبەتی کە ئەوان ("ژان" و کریستین) دەتوانن بگەڕێنەوە سەرکارەکانیان، کریستین جگە لە کارەکەشی بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە دەچێت بۆ کلێسا تا بڕوا پتەوەکەی بە خودا ڕازی بکات، ئەمەش جیهانێکی ئارام و ئاسوودەی پێ دەبەخشێت. خوێندنەوە ڕوون و شیکارییە ئەنالیتیکییەکەی فرەیدێرک فیزباچ (کە بەرهەمی فیستیڤاڵی ئەڤینیۆنی ساڵی ٢٠١١یە، ئەم ساڵیش بە گەشتێکی ئەورووپی لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپادا نمایش دەکرێتەوە) لە هەموو ئەو نمایشانەی کە لێرەدا ئاماژەیان بۆ کراوە، نزیکە لە تێکستەکەی

ستریندبێرییەوە و بەوپەڕی دەست پاکییەوە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی ڕەها و تەواوەتی مۆدێرن و سەربەم ڕۆژگارەمانە. زمانەکەی تا ئاستێکی باش هاوشانی زمانە فەڕەنسییەکەی ئەم سەردەمەو ساڵەکانی دوو هەزارە و جۆرە وشە و دەستەواژە و ڕستەی وای بەکارهێناوە کە نزیکە لە زمانی قسە پێکردنەوە، بە شێوەیەکی سەد لە سەدیش لەگەڵ زمانەکەی ستریندبێریدا نزیک و هاوتەرییە.

بە شێوەیەکی گشتی دیالۆگەکانی خاتوو ژولیا هەر وەک موشەک بە نێو ژوورەکەدا گڤەی دێت، ئەمەش بە تەواوەتی لەلای کاتچی میتچڵ ڕەت دەکرێتەوە و ئەو گرینگییەی پێ نادرێت، زیاتر لە پێناوی ئەوەی بینەران بە چاوێکی فرەڕەهەندەوە تێی بڕوانن و هەڵوێستەیەک لەمەڕ بەرجەستەبوونی کارەکتەرەکاندا بکەن. دیدی ڕێژی و خوێندنەوەکەی کاتچی میتچڵ بە تەواوەتی پێچەوانەی خوێندنەوەکانی ستریندبیرییە و جۆرە ڕچەشکێنییەکە، لەوانەیە هەر لەبەر ئەمەش بێت کە ئەو زیاتر دەستپاک و نزیک بێت لەوەوە.

ئەوەی کە ستریندبێری لە (خاتوو ژولیا)ی دەوێت، جگە لە بەرەنگاربوونەوە و دابڕانێک زیاتر لە بنەما لاساییەکان، کلێشە و کارەکتەرە جێگیر و ڕەگ داکوتراوەکان، هیچی تر نییە؟

**سەرچاوە:**

**SvD Understrecket. Dramatisk urkraft beddar for nytolkningar av Theresa Bener. 2012.**

**پەراوێزەکانی وەرگێڕ:**

١- ستریندبێری و ئاوگوست فالک، کە ڕێژیسۆرێکی ئەوکاتەی سوێد دەبێت، لە ساڵی ١٩٠٧دا شانۆی ئینتیم لە ستۆکهۆڵم دادەمەزرێنن. ستریندبێری شانۆنامەکانی گەمەی ژوور: باوبۆران، زەوی سووتاو، سۆناتای تارمایی، کەڵک و دەسکێشی ڕەش بە تایبەتی بۆ ئەم شانۆیە دەنووسێت. ستریندبێری لەگەڵ ئاوگوست فالک سەرپەرشتی شانۆکە دەکات، یارمەتی ڕێژیسۆر و ئەکتەرەکانی دەدات و ڕێپێرتواری ساڵانەی بۆ دادەنێت. شانۆی ئینتیم دوای چوار ساڵ، لە ساڵی ١٩١٠دا بەهۆی تەنگژەی ئابوورییەوە دادەخرێت و ناتوانێت بەردەوام بێت.

٢- ئانا پێتەرشۆن کە ژنە ئەکتەر و ڕێژیسۆرێکی دیاری سوێدییە، خاتوو ژولیا لە نمایشێکی ناوازەدا، بە تەنیا لەسەر شانۆی ئینتیم پێشکەش دەکات. نمایشەکە جۆرە مانیفێستێکی هونەرییەو هەر خۆی ئەکتەر و ڕێژیسۆرە، تەکنیکی فیلم بەکاردەهێنێت و بە شێوازێکی دانسقە فیلم و شانۆ تێکەڵاو دەکات. زۆرجار ڕاستەوخۆ لەگەڵ بینەران دەدوێت و دەقەکەی ستریندبێری دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

٣- ئانا پێتەرشۆن نمایشی خاتوو ژولیا لە زۆربەی وڵات و فیستیڤاڵە جیهانییەکاندا پێشکەش دەکات؛ تا ئێستا لە بولگاریا و مەکدۆنیا نمایش کراوە، بەم زووانەش بەرەو ئەمەریکا، ئەفەریقای باشوور، کۆریای باشوور و ڕووسیا دەڕوات.

٤- عەلی عوسمان یاقووب شانۆنامەی خاتوو ژولیای لە سوێدییەوە کردووە بە کوردی و لە ژمارە (٣٠) زنجیرەی شانۆی بیانیدا لە دەزگای ئاراس، لە ساڵی ٢٠٠٩دا بڵاوکراوەتەوە.

٥- دیدی ئەم ڕێژیسۆرە ئافرەتە لە دووپاتکردنەوەو نارەزایی دەربڕینێکی تووڕەدا کۆدەبێتەوە سەبارەت بە خۆکوشتنی کارەکتەری ژولیا لە کۆتایی شانۆنامەکەدا. ئانا پێتەرشۆن چەمکێکی مۆدێرن و فەمێنستی بە دەقەکە دەبەخشێت و وەک ئافرەتێک لە ناچارکردنی ژولیا بە خۆکوشتنی نارەزایی خۆی دەردەبڕێت، ئەو پێی وایە کە ژان-یش هێندەی ژولیا لەم گەمەیەدا تاوانبار و بەرپرسیارە و ئەوەی دەبێت بمرێت ژان-ە نەک ژولیا.

٦- ئاگوست ستریندبێری ١٨٤٩-١٩١٢ یەکێکە لە گەورەترین نووسەرەکانی سوێد و بەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان. ئەم نووسەرە بە شانۆنامەکانی ناوبانگێکی جیهانی و نێونەتەوەیی بە دەست هێناوە و گۆڕانکاری بنەڕەتی لە پرۆسەی هونەری شانۆ و شانۆنامەنووسیندا کردووە. ستریندبێری ڕابەری شانۆی ناتورالیزم بووە، هەروەها یەکێکە لە نووسەرە ڕچەشکێنەکان و لە بواری شانۆی گوزارشتئامێز و مۆدێرندا ڕۆڵێکی یەکلایکەرەوەو گرینگی گێڕاوە. لە گرینگترین شانۆنامەکانی: باوک، خاتوو ژولیا، بەرەو دیمەشق، خەونە نمایشێک، سۆناتای تارمایی، کەڵک، سەمای مەرگ، جەژنی هەڵسانەوە... تاد

٧- تۆماس ئۆستەرمایەر یەکێکە لە ڕێژیسۆرە دیار و داهێنەکانی ئەڵمانیا، لە شانۆی (شاوبینە) لە بەرلین کاردەکات و کاریگەرییەکی دیاری بەسەر شانۆی مۆدێرن و هاوچەرخی ئەوروپییەوە هەیە، وەک ڕێژیسۆری میوان لە زۆربەی شانۆ گەورەکانی ئەوروپادا کاردەکات. ئەم ڕێژیسۆرە بە خوێندنەوە تازە و جیاوازەکانی بۆ شانۆی کلاسیکی، بە تایبەتیش خوێندنەوە

نوێیەکانی بۆ شانۆنامەکانی هێنریک ئیپسن ناسراوە. یەکێک لە دیدی کار و پرۆگرامی ئەم ڕیژیسۆرە هەڵبژاردنی شانۆی کلاسیک و لە هەمان کاتدا نووسەرە نوێیەکانی ئەمڕۆی ئەڵمانیاو ئەوروپایە. لەم ڕووەوە ئەم هونەرمەندە، چەندە کار لەسەر شانۆی کلاسیکدا دەکات، هێندەش بە گرینگییەوە دەڕوانێتە شانۆنامەنووسەکانی ئەمڕۆ و دەیانخاتە سەر شانۆ.

٨- KGB دەزگای ئاسایش و سیخوڕیکردن و داپڵۆسینی یەکێتیی سۆڤێتی جارانە، ئەم دەزگایە لە ساڵی ١٩٥٤دا دامەزراوە و لە ساڵی ١٩٩٣دا بە بڕیاری سەرۆکی ئەوکاتەی ڕووسیا (بۆریس یەڵتسن) داخراوە. ئەم دەزگایە نزیکەی ٧٥٠٠٠٠ هەزار کارمەند (سیخوڕ)ی هەبووە و شانەیەکی ملیۆن کەسیش بۆ ڕاپۆرت نووسین و سیخوڕیکردن بەسەر خەڵکی و تەنانەت ئەندامانی خێزانیشەوە. کەی گی بی KGB بەرپرسیارە لە گرتن، ئەشکەنجەدان، کوشتن، ونکردنی هەزاران کەس لە یەکێتیی سۆڤیەتی جاران، وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و تەنانەت ئەوروپای ڕۆژئاواش.

٩- مەبەست لەم "سەگە" ئەوەیە ئەم ڕیژیسۆرە لەبری هوزارە (باڵندە)کەی کە لە قەفەزێکدایەو ژولیا دەیەوێت ئەوکاتەی لەگەڵ ژان ڕادەکات و ماڵی باوانی بەجێ دەهێڵێت، لەگەڵ خۆی بیبات، بەڵام ژان بەمە قایل نابێت و لەبری ئەوە ملی هوزارەکە لێدەکاتەوە. لەم نمایشەدا لەبری ئەوە سەری ئەو سەگە دەبڕن.

١٠- بیمبۆ بەو ئافرەتە قژ زەردانە دەوترێت کە گێل و نەفامن و تەنیا ڕوخسار و جوانی و ڕازاوەیی جلوبەرگیان مەبەستە و جۆرێکن لە کاڵایەکی سێکسی، بۆ ئەم مەبەستەش تەنیا بە خۆپیشاندانی جەستەیانەوە خەریکن.

١١- کارەکتەرەکانی شانۆنامەی (ماڵی بووکەڵە)ی هێنریک ئیپسن.

١٢- نووسەری ئینگلیزی جۆن ئۆزبۆرن لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، شانۆنامەی (بە تووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەرەوە) دەنووسێت، ئەم شانۆنامەیە لە پەنجاکانی شانۆی ئینگلیزیدا هاوارێکی تووڕە، ڕاچڵەکینێکی توند و هەنگاوێکی نوێ بوو. ئەم شانۆنامەیە دەرگای بە ڕووی زۆربەی شانۆنامەنووسەکانی ئەو سەردەمەدا کردەوەو جۆرە ڕێبازێکی شانۆیی خوڵقاند. دواتر ڕەخنەگرەکان ئەو بزووتنەوەیەی جۆن ئۆزبۆرنیان ناونا (ریالیزمی دەست شۆر) لەو ڕووەوەی هەموو وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەو کۆمەڵگای تێدا بەرجەستە ببوو.

١٣-"خێزانی ئاشتۆن" زنجیرە درامایەکی تەلەڤزیۆنی ئینگلیزییەو لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٢دا پەخش کراوە، ڕووداوەکانی زنجیرەکەش بۆ ساڵانی ١٩٣٨-١٩٤٥ی شاری لیڤەرپوڵ دەگەڕێتەوە.

١٤-نمایشی خاتوو ژولیاکەی کاتچی میتچڵ لە فیستیڤاڵی دووەمی ئینگمار بێرگماندا لە ستۆکهۆڵم دەبێتە جێگای سەرنج و ستایشی ڕەخنەگر، بینەر و هونەرمەندان و لە میدیاکانی سوێددا بە هەند و گرینگییەوە مامەڵەی لەگەڵ کرا.

١٥-یۆهانس ڤێرمەر وێنەکێشێکی بەناوبانگی هۆڵەندییە و لەسەدەی شازدەدا ژیاوە.

١٦-کاتچی میتچڵ داهێنەری ئەم فۆرم و شێوازەیەو شانۆی لە بارێکی لاسایییکردنەوە/ مۆدێرنەوە بۆ توخمێکی فرە میدیایی گوێزاوەتەوە بۆ دروست کردنی شانۆیەکی تر و کردنەوەی دەروازەیەکی تر بە ڕووی هونەری شانۆدا. لەمەوبەر تەکنیکی فیلم و سینەما و فیدیۆ لە نمایشی شانۆیدا، لێرەو لەوێ بەکار هاتوون، بەڵام هیچ کەسێک بەم شێوازە چڕە و بەم تەکنیکە باڵایە سینەمای لە شانۆدا بەکارنەهێناوە. کاتچی میتچڵ شانۆ و سینەما تێکەڵاو دەکات و لە ڕوانگەی هونەرەکانی تریشەوە، مۆسیقا، تەکنیکی دەنگ، وێنەگرتنی سینەمائی و بە شێوەیەکی زیندوو و بەبەر چاوی بینەرانەوە هونەرێکی باڵا دەخوڵقێنێت.

١٧- فیلهێلم هامەشهەی هونەرمەندێکی دانیمارکییەو لە ساڵی ١٨٦٤دا لە شۆپنهامن لە دایک بووە. ئەم هونەرمەندە زیاتر وێنەی پۆرترێت، خانووبەرە، دیمەنی سروشتی و ئەندازەی ناوەوەی خانووبەرەی کێشاوە. فیلهێلم هامەشهەی لە بواری بەکارهێنانی ڕووناکی و دروست کردنی سێبەردا بەناوبانگە.

١٨- شاعیرێکی دانیمارکییە، لە ساڵی ١٩٣٥دا لە دایک بووە و لە ساڵی ٢٠٠٩دا کۆچی دوایی کردووە. جگە لە شیعر ڕۆمان، شانۆنامە و وتاری ئەدەبی نووسیوە. لە ساڵی (١٩٧٨)ەوە ئەندامی ئەکادیمیای دانیمارکی بووە.

١٩- ئەم دوو هونەرمەندە سوودیان لە شێواز و تەکنیکە سینەماییەکەی ئەم هونەرمەندە گەورە سوێدییە وەرگرتووە و بە ئاشکرا کاریگەری ئەویان بەسەرەوەیە.

٢٠- واتە ئەو دەنگانەی کە ڕاستەوخۆ لەسەر شانۆ دەخرێتە سەر وێنەکان، هەر وەک سینەما.

# نۆڤێچێنتۆی پیانۆژەن، یان (ئەفسانەی ١٩٠٠)

**هاشم سەڕاج**

نۆڤلێتی پیانۆژەن، یان ئەفسانەی ١٩٠٠ لە نووسینی (ئەلێساندرۆ باریکۆ)یە و «ئازاد بەرزنجی» لە فارسییەوە وەریگێڕاوە بۆ زمانی کوردی و بابەتێکیشی لەژێر ناوی نۆڤێچێنتۆ.. کوڕە تەنیاکەی دەریا بۆ نۆڤلێتەکە نووسیوە و تێیدا ئاماژەی بە کۆمەڵێک خاڵی گرنگ داوە لەوانە، مۆسیقا زۆرترین پانتایی لەم دەقەدا داگیرکردووە، ئەمەیش پێوەندی بە خودی باریکۆوە هەیە کە پەیمانگەیەکی تایبەت بە مۆسیقای دامەزراندووە، نۆڤێچێنتۆ مانای تەواوی بوون و ڕزگار بوونی خۆی لە مۆسیقادا دەبینێتەوە و لەڕێی کلیلەکانی پیانۆکەیەوە گوزارشت لە ئازار و حەز و خەون و خولیاکانی دەکات، هاوکات وەرگێڕی کوردی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە باریکۆ لەم تێکستەدا زۆر بە چڕی و کورتبڕی و بە شێوازێکی مینیماڵ بەسەرهات و ڕووداوەکانمان بۆ دەخاتە ڕوو و باقی وردەکارییەکان بۆ خەیاڵ و فەنتازیای خوێنەر جێ دێڵێت. بەرلەوەی لە هەندێ لایەنی ڕۆمانەکە بدوێم، حەز دەکەم لە بارەی چۆنیەتی لە دایکبوونی نۆڤێچێنتۆ و بەهرە و هەڵکەوتنییەوە ئاماژە بە ڕۆمانی «عەتر»ی نووسەری ئەڵمانی «باتریک زوسکیند» بدەم، چونکە لە ڕووی بەهرە و توانایییەوە جۆرێک لە لێکچوون لە نێوان هەردوو پاڵەوان، یان کەسایەتییەکاندا بەدی دەکرێت، پاڵەوانی ڕۆمانی «عەتر» لە بازاڕی ماسیفرۆشی و لەژێر عەرەبانەیەکدا لە دایک دەبێت و دایکی بە هەمان چەقۆی لەت و پەتکردنی ماسی، ناوکی کۆرپەکەی دەبڕێت و دواتر ئەو بەهرە و تواناییە سەیر و سەمەرەیەی لە لا پەرە دەسێنێت، نۆڤێچێنتۆش بە هەمان شێوە کە خێزانە کۆچەرەکانی نێو کەشتی «ڤێرجینیە» کۆرپەیەک دەخەنە نێو کارتۆنێک و لە هۆڵی بۆنەکان و لەسەر پیانۆیەک دایدەنێن و جێی دێڵن، بەو نیازە خێزانێکی دەوڵەمەند هەڵیبگرێتەوە، کەچی ئەم کۆرپەیە دەبێتە نسیبی «دانی بوودمان»ی کرێکاری ڕەشپێست کە لە ماتۆڕخانەی کەشتییەکەدا کار دەکات. دواجار ئەو پیانۆژەنە



ئەفسوونکارەی لێ دەردەچێت، دانی بوودمانی پیر ئەو منداڵەی لە وێدا دۆزییەوە، لەسەر مقەبای کارتۆنەکە بە مەرەکەبی شین نووسرابوو «تی، دی، لیمونی، وێنەی لیمۆیەکی شینیش لەسەر مقەبایەکە بوو، ناوی نانۆڤێچێنتۆ، واتە هەزار و نۆ سەد ئەو ڕۆژەی کە لەناوەڕاستی ئۆقیانووسدا بوون دەمەسلنگێک شۆڕبۆوە ڕێک بە مووروەغەی پشتی دانی بوودمان کەوت سێ ڕۆژی پێچوو ئینجا مرد، کە دانی لە سەرەمەگدابوو، نۆڤێچێنتۆ ڕۆژنامەی کۆنی بۆ دەخوێندەوە و هەواڵی پێشبڕکێی ئەسپ و ئەسپسواری پێ ڕادەگەیاند، ئەوکاتە نۆڤێچێنتۆ منداڵێکی بچووک بوو، یان ئەو ڕۆژەی کە دانی سەری نایەوە، ئەو تەمەنی هەشتساڵ بوو..

لە ئێستا بەدواوە هەوڵ دەدەم هەندێ لایەنی هونەری و ژیانی ئەو پیانۆژەنە ئەفسوونکارە بخەمەڕوو و هاوکات لە هەندێ بابەتی نەگوتراوی هونەریی بدوێم، یان ئەو بابەتانەی کە دەق و ڕاستەوخۆ نایاندرکێنێ و بە شاراوەیی دەمێنێتەوە، چونکە ئەم تێکستە لە بنەڕەتدا بەشێوەی سیناریۆ بۆ شانۆ نووسراوە، دواتر بۆتە فیلم... دەکرێ هونەری پیانۆژەنی لای نۆڤێچێنتۆ بە نەشئەی تلیاک بچوێنین هەر کەسێک ئالوودەی ببێت، لە کۆتاییدا لەنێو پانتایی ئەو نەشئەیەدا سەردەنێتەوە، مۆسیقا، یان هونەری ژەنیاری لای نۆڤێچێنتۆ لە توانابییەکی تێکەڵ بە شێتییەوە سەرچاوەی گرتووە، واتە ئەو توانایی فەرمی و شوناسنامێزە نییە گوزارە لە مەبەستێک بکات، هونەر لێرە و لەم تێکستەدا شوێنی ئەو دەستەواژەیەی «هایدگەر» دەگرێتەوە کە لە بارەی بوونەوە دەڵێت «بێ بنەڕەتە»، ئەمەیش لەو دارڕژانە ڕیتمی و میلۆدییەدا دەردەکەوێت کە بێ ویستی خۆی لەگەڵ «جێلی ڕۆڵ» داهێنەری جاز دەکەوێتە کێبڕکێیەکی کوشندەی پیانۆژەنی، جێلی بڕوای تەواوی بە ئەتەکێتی مۆسیقی و ناوبانگ دەرکردن و بە یەکەم دەرچوون...تاد و ئەم بابەتانە هەیە، کەچی هونەری ژەنیاری لای نۆڤێچێنتۆ لە عیشق و جوانی و چێژ و بەهرەی شێتانەوە سەرچاوەی گرتووە، هاوکات چەشنی مرۆڤێکی غەجەری نەبڕوای بە شوناس و بنەڕەتە، نەناسنامەی فەرمی ئەو کەشتی ڤێرجێنییە بە وڵاتی خۆی دەزانێت، چونکە هەر لەنێو کەشتییەکەدا لە دایک بووە و دواجاریش هەر لەنێو هەمان کەشتیدا لەنێو دەچێت. ئەگەر لە ڕوانگەی ڕەخنەی هەڵوەشانەوەگەرییەوە لەم تێکستە سیمبۆلییە بڕوانین، پێویستە بەدوای واتا شاراوەکانی نێودەقدا بگەڕێین، هەڵبەتە ئەوە کردەی خوێندنەوەیە کە واتا شاراوەکان ئاشکرا دەکات، یان ئەوە خوێنەرە واتا دەخولقێنێت، چونکە «جاک دریدا» باوەڕی وایە کە هیچ واتایەکی نموونەیی و چەسپاو و جێگیر، بوونی نییە، بەو مانایە کە واتا «پاش لە دایکبوونی دەق دروست دەبێت»، یان بە شێوازێکی تر، واتا هەمیشە دوادەخرێت، بۆ نموونە ئەگەر لەم بڕگانەی خوارەوە ڕامێنین، یەکسەر بۆچوون و وێناکردنەکانی «شۆپنهاوەر»مان بیر دەکەوێتەوە کە پێی وایە هەمیشە «شەقا»یەکی هەتاهەتایی، لە خودی بووندا ئامادەیە و ویستێکی کوێریش بەڕێوەی دەبات، [ئەم کەشتییە کەشتییەکی چەند سەرسوڕهێن و نائاساییە، فەرماندەکەی کاپتن «سمیث» کە زۆر لە شوێنە داخراوەکان دەترسێت. لە هەمان کاتدا پیاوێکی زۆر ژیرە «بێ گومان سەرنجتان داوە کە لە بەلەمی فریاکەوتنەکەدا دەخەوێت»، هەروەها بەڕێزان لەم کەشتییەدا کۆمەڵێک کەسی کارامە لە خزمەتی ئێوەدان «پۆل سیزینسکیج، کە سوکانداری کەشتییەکەیەو قەشەیەکی پێشووی پۆڵەندییە، کابرایەکی زۆر هەستیارە، دەرمانی هەموو دەردێکی لە لایە، بەڵام بەداخەوە نابینایە...ل٢١» تێکستی پیانۆژەن بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاری لەسەر بابەتگەلێک کردووە لەوانە: عیشق، جوانی، ڕێکەوت، خەیاڵ، شوناس، داهێنان گەڕان بەدوای واتای بوون...تاد نۆڤێچێنتۆ بەڕێکەوت چاوی بە شۆخێک دەکەوێت و عاشقی دەبێت و ناوازەترین ئاوازی خۆی بۆ جوانی ئەو شۆخە دەژەنێت و وێنەی ڕوخساری لە دنیای خەیاڵیدا دەپارێزێت، نۆڤێچێنتۆ.. خوێندنی لەنێو کەشتییەکە تەواو کردووە، تۆزێکیش لە خەسڵەتی بێ موبالاتی لە دانی بوودمان وەرگرتووە، وێڕای عیشقی بۆ دەریا و ئۆقیانووس و سەفەری بەردەوامی نێوان ئەمەریکا و ئەورووپا.. هێزی پێشبینی و

توانایی وەرگــــرتنی زانیـــاری لەلا بەهێــزە، برێ جـار گـەشـتـیـارەکـانی دەدواند و باسی شـارە گـەورەکـان و شــــتگەل و ڕووداوەکـــانیــــان بۆ دەگـــێـــڕایەوە. ئەو یەکــــــەر زانیـارییـەکـانی وەردەگـرت و وەک ئـەوەی لـە شــــــوێـن و لـەنێـــــــو ڕووداوەکاندا ژیابێت، بەم شێوەیە تا دێ ئەزمـــوونە هونـەرییـەکـەی پەرە دەسێنێت، مۆسیقا و دەریاش تاقە پەناگــەن کــە بوونی خــۆی تێــدا دەدۆزییەوە، هاوکات دەقی پیانۆژەن لە دوورەوە هزری ئەفسانەیی تێدا دەخـولقـێندرێت، یەکـەم لە ڕووی ژەنـیـنـەوە، یـان ئـەو ژەنـیــــــــارە ئەفـســوونکارەی کـە ئاوازەکـانی مانەندی ئۆرفیـۆس دەژەنی و هەست و ســـۆز و ئەڤین و ئاگـــری ناخی ئاوێزانی ئاوازەکـانی دەبوون، دووەم ئەو مرۆڤەی تا مرد، یان ڕاستتر تا لەگەڵ کەشتییەکەدا تەقێنرایەوە، پێی نەخـســتـە سـەر وشکانی، لە ڕوویەکی دیکەوە ئەم ڕۆمـــــانە لە بـنـیــــــادی قــــــوولّدا هـەڵگری ڕشنگگەلێکی دایۆنۆسیـسـیـە و خــــودی بوون لە زەمــــاوەندێکدا دەبینێت. [مۆسیقامان بۆیە دەژەنی تا موسافیرەکان هەست بە تێپەڕینی کات نەکەن و لەبیریان بچێتەوە کێن و لە کوێن، مۆسیقامان دەژەنی تا سەما بکەین، چونکە ئەگەر سەما بـکـەیـت نـامـــــــریـت و هـەسـت بـە جـاویدانی دەکـەیت.. ل١٩].. ئەو ڕاسـتـیـیـەی «نیـتـشـە» باوەڕی پێدەکات، مۆسیقا دەریدەبڕێت و لەنێـو دەقـەکـەدا بە شـاراوەیی دەمێنێتەوە. مەبەستی نیتشە ئەو ڕاستییە دایۆنۆسیسییەیە کە میتافۆرێکە هەر جارێ بەشێوەیەکی جـیـــاواز ســـۆز و ئارەزووەکـانمان دەجووڵێنێت، چونکە مۆسیقا لای نۆڤێچێنتۆی پیانۆژەن ڕێگایەکە بۆ ڕزگـــاربوون و دۆزینەوەی خـــود و واتای بوون..

بەم شـێـوەیە دواجـــار لەگــەڵ کەشتییە کۆنەکە دەتەقێنرێتەوە و لەگەڵ ئاوی دەریا و ئۆقیانووسەکان تێکەڵ دەبێت، ئەمــە ئەو بنیـــادە نیهلیستییەیە کە لە پانتایی دەقدا بە چەندین شـــێــوە و شـــێـــواز دەردەکـەوێت و دەسگیـر ناکـرێت- لێـرەدا هونەری ڕاسـتـەقینە کـە لە ئاوازە دانسـقـەکانی نۆڤێچێنتۆی پیانۆژەندا بەرجەستەکراوە، ئاوێتەی واتای بوون دەکرێت.. کەواتە بوون لـە بـنـەڕەتدا هـەڵـگـری تـۆوی تراژیدیایە.

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: نۆڤێچینتۆی پیانۆژەن.**

**نووسینی: ئەلێساندرۆ باریکۆ.**

**وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی.**

**چاپ: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.**

**چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٨.**

**کوردستان - سلێمانی.**

# خوێندنەوەی کتێبی:
# (کاریگەری ئیسلام لەسەر کولتووری کورد)

**حەسەن مەحموود حەمە کەریم**
**(سلێمانی)**



هەموو جار کە کۆڕ و کۆنگرەیەک لە سلێمانی سازدەکرێ، نووسەر و ڕۆشنبیرانی بیانی بانگێشت دەکرێن، ئێمە بەوەندەی لە خودی کۆنگرەکە سوودمەند دەبین، هێندەی تر لە پەراوێز و پشتی کۆنگرەش سوود وەردەگرین، برادەرانی بیانی دەناسین، لەو کاتەدا ئەگەر چەندەمان خەرجی بدایە نەماندەتوانی بگەینە ئەو کەسایەتییانەو ئاوا بە ئاسانی لە خزمەتیاندا سوود و ناسین و دروستکردنی پێوەندی و ئاڵوگۆڕی زانیاری و ئەزموونە نوێیانە دەستەبەر بکەین، واتە پەراوێزی سیمینار و کۆنگرە لە خودی کۆنگرە بۆ ئێمەی دوورە دەست خۆشتر و بەجۆشتر و سوودمەندترە.

شەوێک لە سلێمانی لە ماڵێک لە خزمەت چەند برادەرێکی نووسەری پاوە و مەریوان دەعوەت بووین، کە بۆ کۆنگرەیەک لەسەر شێوەزار و ئەدەبیاتی هەورامی سازدرابوو، هاتبوون، باسمان لە کێشەی کۆکردنەوەی کەلەپوور و ئەفسانەی کوردی دەکرد، برادەرێک لەوانە کە لە کۆکردنەوەی کەلەپوور و ئەفسانەدا کاری دەکرد وتی: لە هەورامانی تەخت، پیاوێکی پیر هاتە شاری پاوە بۆ لامان، دەیان ئەفسانەی کۆنی بە شیعر لەبەر بوو، کە زانیم گرنگە، وتم با ئەم خەزێنەیە بنووسینەوە و لە فەوتان ڕزگاری بکەین، کابرا ڕازی بوو، هەر ئەو ڕۆژە دوو لەو چیرۆکە ئەفسانەییانەم لەسەر نەوار تۆمارکرد، کاتێکی ترمان دانا کە بێتەوە، یان من بچم و هەموویان تۆمار بکەم، بەڵام زۆری نەبرد، هەواڵ هات کابرا مردووە، پاشتر ئەو دووانەم نووسییەوە، یەک دانەیان نزیک بە سەد لاپەڕە دەرچوو، هەموو شیعر و داڕشتن و وشەی نایاب و وتەی نەستەق و جوان، کێش و سەروای ڕێکوپێک، خەزێنەیەکی بە نرخ و ون، لە ڕووی ماناو ناوەڕۆکەوە دەوڵەمەند، وتم دەفەرموو.!! ئاخۆ چەندین باپیرە و داپیرەی زرنگ و وریاو هۆشیار و شارەزا و زیرەک و زەین ڕوون و پوخت و پاکی ئاوەهامان هەبێت، کە لە کونجی دێهاتی ناو دۆڵ و شاخە دوورە دەستەکاندا شاردرابنەوە، هەریەکەیان ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسانەو داستان و حەکایەت و سەرگوزشتە و پەندی پێشینان و ئیدیۆم و وشەی ناسک و بە تام و بە ماناو ڕستەی تەڕ و پاراوو نەبیستراو، کە تا ئێستا بۆ نووسین و بواری ڕۆشنبیری سەرقەپاغی نەشکابێ و

بەکار نەبرابێت هەبێت، لە زەینیاندا کۆبووبێتەوە، بەڵام خۆ نەبانکردنی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەو خەزێنە بەنرخانە، کەم سەلیقەیی ئێمە و خۆماندوونەکردنمان و هیچ لە بارانەبوویی دەزگا بەناو ڕۆشنبیری و فۆلکلۆری و کەلەپوورییەکان کە هەر بۆ کێبەرکێ و ناکۆکی نادروست دروست بوون، نەک بۆ کار و پیشەی تایبەتی نەتەوەیی، ئەمانە وای کردووە، ئەو خەزێنە ون و مروارییە بەنرخانە بمرن، ئەدەب و هونەر و فۆلکلۆر و سامانە نەتەوەییەکە لەگەڵ خۆیان دەبەنە ژێر گڵ و دنیای بێ بن و لەناوچوون، ئەوجا خەڵکی و دەزگا کولتووری و کەلەپوورییەکان گلەیی دەکەن، بۆچی مێژوو و کەلەپووری ئێمە ونە؟ سەرەداوەکانیان نازانین؟ ئێمە لە کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆر و ئەنستیتۆی کورد، دەیان پرۆژەمان پێشکەش کرد، چەندین جار داوامان کرد کارێک بۆ کۆکردنەوەیان بکرێ، بەڵام مەخابن..!

سەیری ئەدەبی ڕووسی و ئەڵمانی و فەرەنسی، تەنانەت عەرەبی و فارسی و تورکی بکەن، بۆچی ئەدەبی ڕووسی خاوەن بناغە و دەوڵەمەندە؟ بۆچی چەندین قوتابخانەی ئەدەبی و ڕەخنەیی و بەراوردکاری و فیکری و فەلسەفی و ڕۆشنبیری لێ دروست بووە و بوونەتە پێشەنگ و هەموو جیهان چاویان لێدەکەن؟ عەبدولمتەلیبی شاعیری ڕووسی دەگێڕێتەوە دەڵێ: یەکێتیی نووسەرانی سۆڤیەت، منیان دانا دوای کاروانێکی کۆچەری لادێیی دەوارنشین بکەوم، شەوو ڕۆژ، بە دەشت و دۆڵ و کێو و لادێکاندا، گوێیان لێ بگرم، بۆ کۆکردنەوەی وشە و پەند و ئیدیۆم و ئەوەی کە پێیانە و دەیڵێن لە شتی دانسقە و نەبیستراو، منیش بە سەلیقەی خۆم تۆمارم دەکردن.. ماوەیەکی زۆری پێچوو، کارێکی گەورەی کرد، هەتا ئەو هاتەوە، یەکێتیی نووسەرانی سۆڤیەتی ئەوکاتە، ماڵ و حاڵیان پشتگوێ نەخست، تا ئەو دەگەڕێتەوە، خانووە کۆنەکەی بە خانوویەکی نوێ بۆ دەگۆڕن، کەلوپەلی نوێی لە قەنەفە و پێویستی تر کە نەیبووە، بۆ ئامادە دەکەن، کە بە کەشکۆڵە پڕەکەیەوە دەگەڕێتەوە، شتی سەیر دەبینێ..! ئەو کار و دڵسۆزییانە، ئەدەبی ڕووسی گەیاندە ئەو ئاستە بەرز و باڵایە و پۆپەی ئەدەبی جیهانی، کە ئێستا بووەتە خەزنەیەکی پڕ، چەندین جۆر ڕێباز و قوتابخانە و لق و پۆپی لێ پەیدابووە، بووەتە هێڵکار و بەرنامە بۆ زانکۆکانی جیهان، هەزاران ماستەر و دکتۆرای جیهانی لەسەر ئامادەکراوە، هەزاران زانای مەزنی پێگەیاندووە، ساڵ نییە چەندین کەسیان بەر خەڵاتی نۆبڵ و ئۆکستراو فەیسەڵ و خەڵاتە جیهانییەکانی تر نەکەون.

## خوێندنەوە و ڕانان

دانسقەترین کتێب بەلای منەوە کە لەسەر ئەفسانە و کەلەپووری کورد بە کوردی نووسرابێت، نامە دکتۆراکەی دکتۆر مەولوود ئیبراهیمە، بەناوی (پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی)، پاش ئەو بە دوو ساڵ، کتێبێکی تری نایاب بەناوی (کاریگەری ئیسلام لەسەر کولتووری کورد) لە ئامادەکردنی (تۆفیق کەریم) بڵاوبووەوە، کە لە نوێترین کتێبە بڵاوکراوەکانی (پرۆژەی تیشک)ـە و زنجیرەی ٨٢ ی وەرگرتووە، چاپی یەکەم ٢٠١٢ لە چاپخانەی زانا لە سلێمانی بە تیراژی هەزار دانە لە دووتوێی ١٠٢ لاپەڕەی قەبارە مامناوەندی چاپ کراوە و ژمارەی ١٢٦٧ی ساڵی ٢٠١٢ی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی پێ بەخشراوە.

سەرەتای کتێبەکە بە پێشەکییەک دەست پێدەکات کە د.سەباح بەرزنجی لە لاپەڕە ٥ دا نووسیویەتی و تێیدا دەڵێت: قسەکردن لەسەر کاریگەری ئەدەبیاتی ئیسلامی و ڕەنگدانەوەی کولتووری ئیسلام لەسەر کۆمەڵگەی کوردی و دەرکەوتنی جۆرێک لەتەماهی لە نێوان شوناسی ئایینی و نەتەوایەتیدا بابەت و پرسێکی گرنگ و بنەڕەتییە لە ئەمڕۆی کایەی هزر و ڕۆشنبیری کوردیدا، لەو ڕوانگەیەوە دەگونجێ ئەم نووسینە سەرەتایەکی ڕۆشن بێت بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئەم لایەنەی پەیوەستبوونی کوردان بە ئایین و شارستانییەت و کولتووری ئیسلامەوە.. نووسەر هەوڵی داوە هەموو گێڕانەوەکان لە سەرچاوەی بڕوا پێکراوەوە وەربگرێت کە هیچ گوزارەیەک بە بێ بەڵگە نەهێنێتەوە. دەرگای لەسەر بابەتێکی زیندوو کردووەتەوە کە پێشتر کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە، بەتایبەت لە ناوەندی ئیسلامی کوردستاندا. ئەم بابەتە دەتوانێ پاڵپشتێکی بەهێز بێت بۆیان کاتێک دەیانەوێت باس لە شوناسی ئایینی گەلی کوردستان بکەن. بۆ گوزارە ئایینییەکان، گەڕاوەتەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکانی شەریعەت کە ئەمەش ڕاستاندنێکی زیاتر بەنووسینەکە دەدات. فراوانی باسەکە کە نووسەر هەوڵی داوە زۆرترین بواری کەلەپوور و کولتوری کوردی کێومالّ بکات.

پاشان نووسەر لە لاپەڕە ٦و٧و٨ دا ناساندنێک بۆ بەرهەمەکەی

دادەنێت و دەڵێت: تەمەنێکە لەبەشێکی پێکهاتەکانی کولتووری کوردی ورد دەبمەوە وەک فۆلکلۆر و کەلەپوور و دابونەریت و ئەوانی تر.. لەو سەرنجانەمدا هەستم کردووە کولتووری ئێمە پەیوەستییەکی پتەوی بە ئایینی ئیسلامەوە هەیە، ڕاستەوخۆ پێوەی کاریگەر بووە و ئیسلام بووەتە ئیلهام بەخش و داهێنەری بەشێکی فراوانی ئەو کولتوورە، هەر بۆیە پێم خۆش بووە ئەو کاریگەری و پەیوەستییە ڕوون بکەمەوە، پاشان نووسەر باسێک لە نێوان نەیاراندا شەڕی کولتوور دەکات، بەرانبەر تۆمەتبار دەکات کە ئەوان لە شێواندن و دەستێوەردان و ناشیرینکردنی ئیسلام و دژایەتی کولتووری ئیسلامیدا بوون، پاشان نووسەر لە لا٢٥دا پێناسەی ئەو چەمکە بنەڕەتییانە دەکات کە بۆ ئەم باسە زۆر گرنگە وەک (کاریگەری، ئیسلام، کولتوور)، پاشان پێناسەی (فولکلۆر و ئەدەب و کەلەپوور و ڕۆژنامەنووسی و زمان) دەکات کە سەر باسی پێنج بەشی کتێبەکەن و بۆ هەر یەکەیان لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل تەرخان دەکات.

دواتر نووسەر کتێبەکەی دابەش دەکات بە چەند بەشەوە بەم جۆرە:

**بەشی یەکەم:** لاپەڕە ٣٠ بە ناوونیشانی (کاریگەری ئیسلام لەسەر فولکلۆری کوردی) دەست پێدەکات کە پێکهاتووە لە باسی گرنگی فولکلۆر و تایبەتمەندییەکانی، پاشان باس لە کاریگەری ئیسلام لەسەر فۆلکلۆری کوردی دەکات. لێرەوە دەیکاتە دوو بەند لە یەکەمیاندا لاپەڕە ٣٣ باسی پەندی پێشینان دەکات بەم جۆرە: سەرەتا پێناسەی پەند دەکات و زۆر جوان باسی کاریگەری ئیسلام لەبوارە جیاوازەکانی پەندی کوردی دەکات و دەیکات بە هەشت خاڵەوە وەک بواری بیروباوەڕو هێنانی نموونەی پەندی کوردی لە زاراوە شەرعییەکاندا، تێڕوانینی شەرعییانە بۆ ئەو باسە دەهێنێتەوە و بەسەرچاوەی گرنگ دەیسەپێنێ، پاشتر باسی شانازیکردن بە ئاینداریییەوە لە پەنددا، شارەزایی شەرعی وەرگرتن لە چیرۆکی کوردیدا، پابەندبوون، پاشان باسی بەهەڵە تێگەیشتن دەکات لە هەندێک پەندو باسی هەڵشاخان بە ئایین و مامۆستایانی ئایینددا دەکات، پاشتر باسی پەندی پێشینان و حەکایەتی کوردی دەکات، بۆ هەردووکیان نموونەی ڕاست و دروست و دەوڵەمەند دەهێنێتەوە. وادیارە نووسەر لە ناوەڕاستی بەشی یەکەمەوە کتێبەکەی کۆتایی پێهێناوە.

لە دووەمیاندا لە لاپەڕە ٧٦ باس لە حەکایەتی کوردی دەکات، سەرەتا پێناسەیەکی حەکایەت، پاشان جیاوازی نێوان حەکایەت و ئەفسانە دەکات، کاریگەری ئیسلام لەسەر حەکایەتی کوردی، چەند نموونەیەک لە حەکایەتی کوردی وەک: تەوبەی نەسوح، پاشای دوورگە، ئەحمەدی دارفرۆش، عابیدە نەزانەکە، گەورە ئاودەڕێژێ و بچووک پێی تێدەخات، پاشان باسی کاریگەری ئیسلام لەسەر ئەم حەکایەتانە دەکات، پاشتر باسی کاریگەربوونی حەکایەتی کوردی بە چیرۆکە ئایینییەکان دەکات.

نووسەر لێرەدا کتێبی یەکەم کۆتایی پێدێنێ، وا دیارە لەکتێبی دووەمدا تەواوکەری بەشی یەکەم دەبێت، کە باس لە ئەفسانە و داستان و گۆرانی و لایلایە و گاڵتەوگەپ و مەتەڵ دەکات و باس لەوە دەکات کە چەندە ئیسلام کاریگەری لەسەر ئەوانە جێ هێشتووە.

**بەشی دووەم:** نووسەر دەیەوێت لەم بەشەدا باس لە کاریگەری ئیسلام لەسەر کەلەپووری کوردی بکات.

**بەشی سێیەم:** باس لە کاریگەری ئیسلام لەسەر ئەدەبی کوردی دەکات.

**بەشی چوارەم:** باس لە کاریگەری ئیسلام لەسەر زمانی کوردی دەکات.

**بەشی پێنجەم:** باس لە کاریگەری ئیسلام لەسەر ڕۆژنامەنووسیی کوردی دەکات.

نەخشەی کاری کتێبەکە و ناواخنی کتێبەکە بەو جۆرەی نووسەر دایڕشتووە، لە ڕاستیدا نوێیە و لە کتێبخانەی کوردیدا وێنەی نییە.

دەستخۆشی لە مامۆستا تۆفیق کەریم دەکەم، کە لەگەڵ ئەو هەموو کارو پیشە زۆر و زەبەندەی لەسەربەتی، زاتی ئەوەی کردووە بیپەرژێتە سەر ئەم باسە گرنگ و هەستیارە، کە کاری دەزگایەکە و ئەم بۆ ماوەیەکی درێژ بەتەنیا شانی داوەتە بەر، هیوادارم وردتر بێت، کاتی زۆرتری بۆ دابنێ، سەرچاوەی بەهێزی بۆ ئامادە بکات، پرس و ڕا بکات بۆ دارشتن و بە ئەکادیمی کردنی باسەکە، دەرهێنانی لە بوارێکی تەسکی کلاسیکی، بۆ دنیای ئەکادیمی، سوود لەسەرچاوەی هەمە فیکرە و هەمە تەرەف و لایەنە وەربگرێت، کەس نییە هێندەی ئەو هاورێ و دڵسۆز و پسپۆڕی ئەکادیمی زانکۆیی و نووسەری کارامەی هەبێت، کە پێداچوونەوە و سەرپەرشتی بۆ بکەن.

من لەگەڵ مامۆستا تۆفیق کەریم و زۆر بەرپرسی تردا سەفەر و گەڕانی زۆرمان کردووە، هیچ بەرپرسێک نییە هێندەی جەنابیان لە خەمی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و ئەدەب و

کولتووری کوردیدا بێت، جاری وابووە کۆمەڵێک برادەر چوار سەعات سەفەرمان لەسەیارەکەی ئەودا بەو باسانەوە تەواوکردووە، هەر ئەویش بووە کەشوهەوای ڕەخساندووە، جگە لەباسی نووسین و بڵاوکراوە و گرفتی گۆڕەپانی ڕۆشنبیری کوردستان، نەیهێشتووە باسەکە بترازێ.

### تێبینی و پێشنیار

لەبەر ئەوەی نووسەر لە لاپەڕە ٨ دا لەدوا دێڕی پێشەکی و ناساندنی کتێبەکەیدا دەڵێ: (ئومێدەوارم خوێنەران بە تێبینی و ڕەخنەکانیان هاوکارم بن، تا لە بەشەکانی دیکەی تردا سوودیان لێوەربگرم) هەر لەو ڕوانگەیەوە پێم باشە هەندێ تێبینی و پێشنیار بدەم، هەتا بۆ چاپێکی تر و بەشەکانی تری کتێبەکە سوودبەخش بێت، من توانایی تێبینی دانی زیاترم نەبوو، چونکە لاپەڕەی سەرچاوەکانی کتێبەکە نەنووسرابوو تا بە ئاسانی بگەڕێم و سەرچاوەکان تاووتو و ئەم دیو ئەو دیو بکەم و سەرنجەکانم نیشان بدەم:

١- ئەم کتێبە وەک بیرۆکە بێ وێنەیە و کارێکە پێشتر نەکراوە، لە کتێبخانەی کوردیدا هاوشێوەی نییە، ئەگەر نووسەر کاتی زیاتری بداتێ و بە ڕێگەیەکی ئەکادیمی بنووسیبا، لەوبڕوایەدام داهێنان و شاکارێکی مەزنی وەک باسی (پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی د.مەولوود ئیبراهیم حەسەن)ی لێدەهاتە بەرهەم، بە شانازییەوە جێی خۆی لە کتێبخانەی کوردیدا دەکردەوە و تەکانێکی گەورەی بە کولتووری کوردو دەرخستنی کاریگەری ئیسلام لەسەر کولتووری کوردی دەدا.

٢- وەک نووسەر خۆی باس دەکات لە ساڵی ١٩٩١ دەستی بەنووسینی ئەم بابەتە کردووە و شتی لەسەر نووسیوە و کۆکردووەتەوە، تا ٢٠١٢ کتێبێکی ١٠٠ لاپەڕەی لێ چاپ کردووە، واتە ئەم کتێبە ١٠٠ لاپەڕەیە ٢٢ ساڵی خایاندووە، کە بەشیکردنەوەی زیاتر دەکاتە ٢٦٤ مانگ، یان ٧٩٢٠ ڕۆژ، واتە دوو مانگ و نیو لاپەڕەیەکی بەرکەوتووە، یان ٧٥ ڕۆژ یەک لاپەڕە، بەڕای من بەڕێ کردنی پرۆژەیەکی جددی بەم جۆرە خەمساردییە وە خەسارەبێت، ئەگەر هەموو شت بە تەلەفۆن و سەرپێیی بڕواو بکرێت، پرۆسەی نووسین و بەرهەمهێنانی فیکر، کەشی ساف و دۆخی گونجاوو بیرکردنەوەی زۆر و غەم و خۆ یەکلاکردنەوە و کاری شەو و ڕۆژی دەوێت، ئەگەر ئەو ماوەیە ڕۆژی یەک سەعاتی بۆ ئەم باسە گرنگە دابنایە، یان ڕۆژی لاپەڕەیەکی لێ بنووسیایە، دەیکردە نزیک بە هەشت هەزار لاپەڕە و شاکارێکی مەزنی کولتووری مێژوویی دەردەچوو.

٣- نووسەر خۆی لە لاپەڕە ٦ دا دەڵێ (بەداخەوە من جگە لە کەمتەرخەمی خۆم، کاری نووسین بە ئەرکی پلە سێ و چوارم دێت.. بۆیە تەواوبوونی بەشی یەکەمی نووسینەکە تا ئەمڕۆی خایاند)، بەڕای من نووسین و خزمەت بە نووسین وەها ناکرێ، یەکەم: هەستی نووسین دوورە لەو کەسانەی کە سەرقاڵی کاری سەربازی و سیاسی و بازرگانی و ئیداری و هەندێ شتی ترن، مەگەر نووسینیان کردبێتە پلە یەک، نووسین ئیلهام و بۆهاتن و زەوق و شەوقی دەوێت، کاری سەرپێیی و هەرواییی نییە، کاری ئەو کەسانە نییە کە هەرکات کاریان نەماو بێ تاقەت و بێ ئیش بوون، بێنەوە سەر لاپەڕەکانیان کە نازانن لە کوێیان داناوە و بە چ ڕاو ئاستێک گەیشتوون، ڕۆژێک لە نووسین دابڕێیت، فیکرەکەت دەئاڵۆسکێ و نایەیتەوە سەری، نووسین پرۆژەیە، لە گەورەترین پرۆژەکانە، نووسەر گاڵتەی بە پۆست و پلەوپایەی وەزارەت و پەرلەمان و ئەوانە دێت کاتێ بەو دنیایەوە سەرقاڵ دەبێ، نووسین عەشقە، هەمیشە دڵی لای مەعشووقەکەیەتی و بۆی دەژی، خۆ یەکلاکردنەوە و بۆ ژیان و لەگەڵ ژیانی دەوێت، وەک جگەرگۆشەیەکی تاقانەی ساوایە، ناکرێ ڕۆژێک بێ شیر بێت، دەبێت هەمیشە غەمت بێ و لە باوەشتابێت، تابزانیت لێی نێزیکی، هەرکات لێی دوور بوویتەوە، ئەوسا بیری تر بکەرەوە، دەبێت هەموو کارە پلە دوو و سێ و چوارەکانی تری بۆ بووەستێنی، هەموو کاتەکانتی بدەیتێ، بەگیان و دڵ بە شەووڕۆژ بۆی بژیت، دڵت پڕ بێت لەو، ئەوسا ئەو خۆیت دەداتێ و خۆیت بۆ دەکاتەوە و بەدەمتەوە دەتریقێ و گڕوگاڵت بۆ دەکات، ئەوسا لە خۆی بەشت دەداو کانیاوی فیکر و هۆش و بیرت دەتەقێ، کە زنجیرەی بیرت پچڕا، هەرگیز نایەیتەوە سەری، ئەگەر هاتیشیتەوە، ئەو فیکرەی پێشتر نییە کە لێی دابڕایت، دەستە دووەکەیەتی، دووەم: نووسین هی ئەوە نییە ببێتە کاری سێیەم و چوارەمی کەسێک، وەک نووسەری ئەم کتێبە دەیڵێت، ئەو خەمساردییە هی بەرهەمهێنی فیکر و کتێب نووسین نییە، نووسین کارێکی جددییە، پرۆژەیەکی فیکری مەعریفییە، هەر شتێک چووە ئاستی پلە سێ و پلە چوار، ئەوە بێ خێر و بێ نرخە، شەست ساڵ شەڕی کورد و عەرەب و کورد و فارس و

کورد و تورک تا ئەمڕۆش لەسەر ئەوەبوو کە کورد بە پلە دوو حیسابی بۆ دەکرا نەک پلە سێ و چوار، پلە دوو یەعنی پەراوێز خستن و پشتگوێ خستن، هەموو کەس خۆی لە هاوڕێ و کەسی پلە دوو و سێ و چوار دەدزێتەوە، خۆی پێوە خەریک ناکات، کاتی خۆی بەوەوە ناکوژێ، هەموو کەس کاتەکانی بۆ کەس و شتە پلە یەکەمەکان دادەنێ، پلە یەک خۆشەویستە، لە دڵتایە، کاتە هیچە بێ نرخەکانیش دەداتە پلەکانی تر، من پێم باشە ئەگەر نووسەر، یان هەرکەسی تر نووسین ناکاتە کاری یەکەمی وازی لێ بهێنێت، با هەم کاتی بە فیڕۆ نەڕوات، هەم نووسینیش ڕزگاری بێت و بەدەست کەسێکەوە گیر نەخوات و بەدەستییەوە خەسارنەبێت کە نرخی تەواوی خۆی ناداتێ.

٤- چاپێکی باش بۆ ئەو کتێبە بەنرخە هەڵنەبژێردراوە، هەر بەیەکجار خوێندنەوە هەموو لاپەڕەکانی کتێبەکەی لای من لە بەرگەکە ترازان و جوێ بوونەوە و هەڵوەشایەوە.

٥- سەرچاوەکان بەشێوەی ئەکادیمی نەنووسراون، تەنیا ناوی کتێبەکە و نووسەرەکە نووسراوە، چاپ و چاپخانە و ساڵ و شوێن نەنووسراوە، ئەوەی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ ئەم کتێبە بکات، دەبێت بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکان، چۆن دەتوانێ ئەو کارەبکات. ؟.

٦- لە پەراوێزەکاندا ناوی لاپەڕەی زۆربەی سەرچاوەکان نەنووسراون، لێکۆڵەر چوزانێ ئەو باسە لە چ لاپەڕە و کام چاپدایە تا ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات، هەر ڕشتەی مرواری دوازدە جار چاپ کراوەتەوە، نووسەر سوودی لە کام چاپ و کام لاپەڕە بینیوە. ؟.

٧- ناوی چەند گۆڤاری هێناوە وەک: ڕامان و بوار و کەلەپوور و هیواو فۆلکلۆر کە سوودی لێ بینیون، بەڵام ناوی ژمارە و ساڵەکان و بابەتەکە و نووسەرەکە و لاپەڕەکەی گۆڤارەکانی نەبردووە، هەر ڕامان ئێستە ١٨٥ ژمارەی لێدەرچووە، کە لە هەموویان نوێترە، خوێنەرو ئەوەی ڕانان دەکات چۆن بگەڕێ و کاری لەسەر بکات. ؟

٨- لە لاپەڕە ٢دا نووسراوە ئەم کتێبە لە چاپخانەی زانا چاپ کراوە، بەڵام لەدواوەی بەرگەکە نووسراوە لە چاپخانەی سیڤا چاپ کراوە.. کامیان تەواوە. ؟!

٩- لە ناوەرۆکدا لا٤ هەموو ناوەرۆکی کتێبەکەی نەهێناوە، زۆر باسی گرنگی ناو کتێبەکەی نەنووسیوە، بازی زۆری داوە، کە وتت ناوەرۆک، دەبێت هەموو ناوونیشانی بچووک و گەورەی تێدا بێت، بە تایبەت لە لاپەڕە ٣٩ بۆ ٦٧ کە گرنگترین ناوچەی کتێبەکەیە، سەرباسی گرنگی زۆری تێدایە کە لە ناوەرۆکدا ناویان نەهاتووە، ئەوە بۆ خوێنەر زۆر گرنگە، لە ناساندنی خێرای کتێبەکەدا ئاسانتر دەبوو.

١٠- لە لا ٩ ی کتێبەکەدا بۆ برگەی سێیەم نووسراوە، (بەرەنگاربوونەوەی نوور)، بەڵام لە لا ١٥ کە باسی دەکات نووسراوە (بەرەنگاربوونەوەی نوێ)، دەبێ کامیان ڕاست بێت.!

١١- لە لا ٩٧ ژمارە ٧ی بۆ بابەتێک بەکاربردووە، لە لا ٩٨دا دووبارە ژمارە ٧ی لەباتی هەشت بەکاربردووە.

١٢- لە لا٤٥ دووجار لقی ٤ی دووبارە کردووەتەوە.

١٣- دەبوو بۆ ئایەتەکان کە هێناویەتی **یەکەم:** ماناو تەفسیری کوردی بکردنایە، بەتایبەت کە ئەو باسی تەفسیری هەژاری کردووە و سوودی لێ بینیوە، **دووەم:** دەبوو ناوی سورەت و ژمارەی ئایەتەکان بنووسرایە.

١٤- دەبوو فەرموودەکانی مانا بکردایە و بیبردایەتەوە سەر سەنەدە ڕەسەنەکەی خۆی و ناوی سەرچاوەکەی ببردایە کە مەخابن هیچ لەوانەی تێدا نییە.

١٥- نووسەر بۆ ئەو بوارە فراوانە سەرچاوەی کۆنی بەکار هێناوە، سەرچاوە زۆرە، بە تایبەت فارسی و عەرەبی، برادەرێکی زانکۆیی بۆ نامەی ماستەرەکەی لەسەر ئیدیۆم لەم سێ مانگەی دواییدا دووجار چووەتە تاران و نزیک بە چل سەرچاوەی نوێ و دەوڵەمەندی هێناوە، بەڵام مەخابن سەرچاوەکانی کتێبی (کاریگەری ئیسلام لە سەر..) هەموویان کۆنن و لەکارکەوتوون، سەیری کتێبی (پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، د.مەولوود ئیبراهیم) بکەن لەو بوارەدا زۆر دەوڵەمەندە و ٢٥٠ سەرچاوەی نوێ و بەهێزی تەنیا بۆ یەک بەشی کەلەپوور کە ئەفسانەیە بەکاربردووە.

١٦- مامۆستا تۆفیق کەریم لە لاپەڕە ٢١ی کتێبەکەیدا (کاریگەری ئیسلام..) دەڵێ: ئەمین زەکی دەڵێ: (بەوەدا باش دەردەکەوێ کە گەلی کورد لەو ٦٥ یە کە زۆر کۆنترە)، بەڵام لە کتێبەکەی ئەمین زەکی بەو جۆرە نەنووسراوە، بەڵکو نووسراوە: (کەوابو ئەبێ بونی عشایری کورد لە کوردستاندا زۆر پێش تاریخی ٦٥٠پ-م بێ) بڕوانە (پەراوێزی لاپەڕە ٦١ی بەرگی یەکەم، کوردو کوردستان، محمد امین زەکی، چاپخانەی دارالسلام،

مهابات، انتشارات سیدیان، ساڵی چاپەکەی تێدا نییە). نە بڕگەکە وانووسراوە، نە ساڵەکە ئەو ژمارەیەیە، نە کەس دەزانێ ٦٥ چییە.؟ ساڵە، کێشانەیە، یان ژمارەی خەڵکە، دەبوو پێش زایینی بۆ بنووسیایە، بەڵام تەعبیرەکەی ئەمین زەکی کە من هێناومە، ڕوونە و تێدەگەیت باسی چی دەکات، دەڵێ کورد لەو ساڵە کۆنترە.

١٧- کاک تۆفیق لە لا ٢٠ دا دەڵێ: ئەمین زەکی لە لاپەڕە ٩٠دا دەڵێ: (کوردستان یەکەم نیشتیمانە و دووەم بنەچەی مرۆڤە و گەلان بە هۆی کارەسات و ڕوداوی کۆن لەوێوە ئاوارە بوون و لە هەندەران نیشتەجێبوون.)، بەڵام لە هیچ جێیەکدا ئەمین زەکی وا ناڵێت، هەموو کتێبەکەی ئەمین زەکی گەڕام بۆ ئەو بڕگەیە نەبوو، تەعبیرەکەش ئەگەر هی ئەمین زەکی بێت، بە غەڵەت نووسراوە و داڕێژراوەتەوە، هەرگیز ئەمین زەکی وشەی هەندەرانی بەکار نەهێناوە، ئەوە وشەیەکی نوێیە و دوای نەوەدەکان داهات، کتێبەکەی ئەمین زەکی هی سییەکان و چلەکانە. ئەگەر نووسەر بۆی داڕێژاوەتەوە، **یەکەم:** کارێکی هەڵەیە و دەبێت بۆ ئەوە پرس بەکەس و کاری بکرێت، **دووەم:** تەعبیرە داڕێژراوەکەش سەرتاپای لە ڕووی ماناوە هەڵەیە.

١٨- لە لا١٧ دا شیعرە هەڵبەستراوەکەی هورمزگانی هێناوە و دەڵێ ڕەشید یاسەمی هەڵیبەستووە، بەڵام لە لاپەڕە ١٨ دا دەڵێ ئەو شیعرە سەعیدخان هەڵیبەستووە، دەبوو نووسەر یەکلای بکردایەتەوە.

١٩- بەداخەوە دەبوو پێش چاپ، کەسێکی شارەزا لەبواری زمانەوانی و نووسین و داڕشتندا، شارەزا لە بواری نووسینی ئەکادیمی بیبینیایە و ئەو لێشاوە هەڵەیە بەسەریدا تێنەپەڕیایە، وشەی عەرەبی و وشە زارەکی و ئاخافتن نەک نووسین زۆر بەکار هاتووە، بە تایبەت کە ئەو لەسەرەتاوە سوپاسی دکتۆرێک کە پرۆفیسۆرە و سوپاسی دەستەیەک لە نووسەران و ڕۆژنامەنووسان دەکات کە من دەیانناسم زۆر وردو بەتوانان لەبواری هەڵەچنی و شێوازی نوێی نووسیندا، نازانم چۆن ئەو هەڵە زەقانەیان بەسەردا تێپەڕیوە ئەگەر خوێندوویانەتەوە و پاکنووسیان کردووە.؟ دوای بیست و دوو ساڵ بۆ سەد لاپەڕە، دەکرا ساڵێکیانی بۆ پێداچوونەوە دابنایە، بە تایبەت بۆ بابەتێکی وا گرنگ و هەستیار، دەڵێی دوای تایپ و دیزاین، نووسەر نەیدیوە و یەکسەر ڕەوانەی چاپخانەی کردووە.

٢٠- بریا نووسەر ئەوەی ڕوونکردایەتەوە کە ئایا ئیسلام چ زیادەیەکی بۆ کولتووری کوردی هێناوە و چی لێ سەندووەتەوە و بەچی بۆی گۆڕیوە و چی بۆ زیاد کردووە؟ ئایا ئەو دابونەریت و پەندو بیرکردنەوانەی کە کورد پێش ئیسلام هەیبووە، هەر هەمووی خراپ بووە و لەگەڵ ئیسلامدا پێک نەهاتووەتەوە، یان ئیسلام کولتووری کوردی پاکلەمە کردووە و تەنیا نەگونجاوەکانی بە عەقیدەی ئیسلامی لابردووە، من وادەزانم کە ئیسلام بەو هەزار و چوارسەد ساڵەی ئالوودەی ناخی کورد و دابونەریت و ڕەوشت و بیرکردنەوەی بووە، نەیتوانیوە سەد دەر سەد کورد بگۆڕێ، لە هەموو بیر و ڕەوشتەکانی پێش ئیسلامی دابڕێنێ و لای ببات و بە ئیسلام بۆی قەرەبوو بکاتەوە.

ئەگەر هەموو دابونەریتی کورد ئیسلامی بێت، ئەی چی لەو هەموو دەروێش و سۆفی و تەکیە و خانەقاو سیخلێدان و شمشێر بازی و نووشتە و فاڵ و جادوو و تەناسوخی ئەرواح و دەیانی تر دەکەی کە زیاد لە چارەکی کورد پێوەی خەریکە، چی لەو هەموو شەخس و خسن و مەزەرگە و مەرقەدو پەڕۆ زەرد و سوور و داوای بەخت و داوای منداڵ و بەردلکاندن بە کێل و تەبەڕوک فرۆشتن و نووشتەی شیرینکردن و ناشیرینکردن و کارە دوور لە بنەمای ئیسلامییە دەکەیت، کە بەشێکی زۆری کورد پێوەی موبتەلایە و بە ئایینی دەزانێ، ئەو هەموو جادوو و جنۆکە پەرستییەی کە بووەتە بەشێکی دیار لە کۆمەڵگەی کوردیدا، زۆربەیان ڕەمزە ئیسلامییەکانی وەک مەلاو کۆلکە مەلاو قورئان خوێن و شێخە ئایینییەکان بەناوی ئایینەوە دەیکەن و کراوەتە ئایین، ئەوانە هەموو دابو نەریتی زەردەشتی و مەجووسی و ئایینەکانی تری کۆنی کوردە، کاریگەرییان هەتا ئەم ساتەوەختەش بەسەر ڕەوشت و کولتووری کوردییەوە ماوە و بەو هەزار و چوارسەد ساڵە نەتوانراوە بنەبڕ بکرێ و بسڕێتەوە و هەرگیز ناشکرێ.!

٢١- مامۆستا لەم باسەیدا توانایی و سەلیقە و وردبینی زۆری بەکارهێناوە، بەڕای من ئەو لایەنانەی پڕکردووەتەوە کە د. مەولوود ئیبراهیم حەسەن لە نامەی دکتۆراکەیدا لەسەر پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی کردوویەتی، ئەو هەوڵی داوە خواو کاریگەری ئایین لەسەر کولتوور و ئەفسانە دەربکات، بەڵام مامۆستا تۆفیق هەمووی بە کاریگەری ئایینەوە بەستووەتەوە، بەڕای من لە هەردوو بارەکەدا هەڵەن، نە ئەفسانە و کەلەپووری

کورد لە کاریگەری ئایین دوورە، نە هەر هەمـــــوویشی لە ژێر چەترو پەیوەستە بە ئایینەوە، بەشێکی چاکی کەلەپووری کورد کاریگەری ئیسلامی لەسەرە، بەشێکی زۆر کەمیش نییە کە هەتا ئەمڕۆ، لەژێر کاریگەری ئایینە کۆنەکانی وەک زەردەشتی و بووزی و هیندۆسی و براهمایییدا ماوەتەوە، وەک لە خالّی ٢٠دا باسم کرد، ئەو هەزار و چوار سەد ساڵەی ئیسلام لە کوردستاندا نەیتوانیوە بیسڕێتەوە، ئایین ناتوانێ هەموو شتێک بکات.! زۆر شت دەکات، بەڵام زۆر شتیش هەیە کە هەزاران ساڵە بە سەد و بیست و چوار هەزار پێغەمبەر و تۆفانی نووح و ئایینەکانی گاور و جوو و ئیسلام بنەبڕ نەکراوە، تابەردەکەی ئەحەد و نەفخی صور هەردەمێنێ، مرۆڤ دەبێت واقیعبین بێت، چاوکراوە بێت، هەموو شتەکان وەک خۆی ببینێ، کاریگەری ئایین لەسەری جادوویانە نەبێت، ئەو باسانە لەئایەت و فەرموودەدا زۆرە.

٢٢- بریا نووسەر هەندێ بێلایەنی بپاراستایە، بەهەستێکی کراوەوە ئەو زەحمەتەی بکێشایە، کولتووری هەموو میللەتێک پڕە لەکێشە و گرفت، هەریەکە ئافاتەکەی لە دەلاقەیەکەوە بینیوە و داویەتی بەسەر لایەنێکی تردا، نووسەری جددی و دڵسۆز دەبێ هەوڵی کەمکردنەوەی بدات، دەست بخاتە سەر گرفت و خاڵە لاوازەکان، خۆی نەکاتە تەرەفی لایەک، هەموو گرفت و کێشەکان بدات بەسەر لایەکی تردا، نابێت هەر کەسە تەنیا بە مەزنەی خۆی و لە دەلاقەی خۆیەوە بڕوانێ.

٢٣- هەندێ دەستەواژەی بەکارهێناوە وەک (ناحەزان، بێژنگی دڕاوی کینە، جاڕی بێدینی، سنگ دەرپەڕاندن، ڕۆشنبیری نادینی، دژە دین، هەوڵی کزکردنی ڕۆڵی دین) خۆڕزگارکردن لەو ڕستانە بۆ نووسەری ئیسلامی و عەلمانی لەم چاخەی ئەمڕۆدا گرنگە.

٢٤- مەبەستی نووسەر هەر لەسەرەتاوە دەردەخات، هەندێ خوێنەر هەر لە لاپەڕە یەکەوە دڕدۆنگ دەکاو دوور دەخاتەوە، یان هەڵوێستی سلبی و گرژی لە باسەکان وەربگرێ، هەر لە سێ لاپەڕەی یەکەمدا دەتوانی بزانی نووسەر بە چ ئاراستە و هەست و نەفەس و بڕیاری پێشوەخت نووسیویەتی و دەیەوێت چی بڵێ، ڕەوتی نووسینی خۆی دیاری دەکات.

٢٥- هەندێ سەرلەوحە و ناونیشانی توند و نارێک و بێ تەنسیقی تێدایە وەک (لە ڕەخنەگرێکی شەرمنانەوە بۆ سنگ دەرپەڕاندن و تۆمەتبارکردن)، (هەڵشاخان بە ئایین و مامۆستایانی ئایینیدا)، (بەڵگە داتاشین)، (بەرەنگاربوونەوەی نوور) ئەمانە ناونیشانی گلەیی و بناشت و شەڕە دەنووک و ئاخافتنە نەک نووسین.

٢٦- دەبوو نووسەر هیچ نەبێت بەشی یەکەمی تەواو بکردایە و بە نوقسانی و نیوە ناچڵ پەلەی نەکردایە لە بڵاوبوونەوەی هەتا تەواو دەبوو، ئەوسا دەبووە بەرگێکی شایستە و دەوڵەمەند بەو باسە.

٢٧- لەم بەشی یەکەمەدا هەست دەکەیت دەوڵەمەندی و خۆماندووکردنی زۆری پێوەدیار نییە و نووسەر نەگەڕاوە شتی نوێ بهێنێ کە زۆر و زەبەندەیە، هەر ئەوانەی هێناوە کە لە کتێبە پێشووەکاندا کۆکراونەتەوە و قسەی لەسەر ئەوانە کردووە، دەبوو چەند پەندی نوێ و چەند کەسی بدواندایە و چەند ناوچە بگەڕایە بۆ پەند و حەکایەت و شتی نەبیستراو و نەنووسراوی بهێنایە کە زۆر زۆرن و شتی نوێی لێیان هەڵبهێنجایە.

٢٨- پاشان نووسەر لە لاپەڕە ٦و٧و٨ دا لە نێوان نەیاراندا باسێک لە شەڕی کولتوور دەکات، بەرانبەر تۆمەتبار دەکات کە تەنیا ئەوان لە شێواندن و دەستتێوەردان و ناشیرین کردنی ئیسلام و دژایەتی کولتووری ئیسلامی بەرپرسیار بوون، ڕاستە ئەوە بەشێکی کێشەکەیە، بەڵام هەمووی هەر ئەوان نەبوون، لایەنی دووەمی پشکی بەر موسوڵمانان خۆشیان دەکەوێت، پێم وایە لەو قۆناغانەدا سەرچاوەی تەوژمی ئیسلامی لە کوردستان، تەنیا مزگەوت و حوجرە و فەقێ و مەلا بوون، ئەوان ئەو دەمە کە نووسەر باسی دەکات لە خەو و خەیاڵێکی قووڵدا بوون، ئەوان زیاتر لە قورسکردن و لە قالبدانی ئاییندا بوون، لەبری پوختکردنەوە، چڵک و چەوێڵیان پێوە دەلکاند، لە خەڵکیان ئاڵۆز دەکرد، بەرنامەیان تەنیا خەریکی وانە وشکە بێ گیانەکان بوون، ئەو دەمە هەموو خاکی کوردەواری وێرانەبوو، هەست و سۆزی ئیسلامەتی لەدڵی پەیڕەوانیدا مردبوو، مزگەوتەکان تابلێی قەرەباڵغ بوون، دەنگی بانگ و سەلا تا دوور دەچوو، فەقێ سەرگەرمی دەرس و دەوربوون، بەڵام بەبابەتە وشکە بێ گیانەکانی وەکو (مەنتیق و بەلاغەو عەقائیدو نەحوو و صەرف و فەلسەفە و عیلمی کەلام و ئیلاهیات)ـەوە خەریک بوون، هەمیشە کادیری بیر وشک و دوور لە هەستی ئیسلامی دروست دەکرد، بانگەواز و هەوڵدان بۆ سۆزی ئیسلامی بەکارێکی بیدعەو لاوەکی دەبینرا، بەڵکو هەر بیریشی لێ

نەدەکرایەوە، پیاوانی ئایینی ئەوکاتە مشەخۆرێک بوون، لەسەر سەرفیترە و زەکات و وەقفی مزگەوت و دەعوەت و دەعوەتکاری ئەم و ئەووەوە دەژیان، فەقێکانیش، کە لە خوێندنی وانە وشکەکان دەبوونەوە، بەگۆرەوی بازی و کڵاوێن و دامە و نۆرِسکێن و مەتەڵ هێنانەوە و سێباز و گاڵتە و فشقیات و کاری منداڵانەوە خەریک بوون، ئەمە لەکاتێکدا بیر و هۆشی موسوڵمانان بەنج کرابوو، دزەکرابووە ناو تەنانەت عەقڵی زۆر لەزاناو فەقێ و حوجرە و مزگەوتەکانەوە، بیرۆکە زەمینییەکان جێی خۆیان کردبووەوە، غەفڵەت باڵی ڕەشی کێشابوو، لەم چۆڵی قوڵفەیەدا، هەر تۆوێکت بچاندایە سەوزدەبوو، هەردەبوو ئەم بۆشاییەش پڕ بکرایەتەوە، ئالێرەوە بڕوای لادینی چەسپا، کاری خۆیان کرد، ڕەگیان داکوتا، لەم کاتانەدا و لەم کەشوهەوا ناسازەدا مەلاکانمان لە باتی ئاسانکردن و گەیاندنی ئایین، لاخەبەر بوون لە ئایین و واقیعی کۆمەڵگەی کوردی، بۆشاییەکی ڕۆشنبیری سیاسی عەقیدییان دروست کردبوو کە بە هەر چییەک بێت هەر دەبوو پڕ بێتەوە، کورد لە ناچاریدا لای کردەوە بەلای ئەوەی کە دڵی دەیگرێ، ئایینی جێ هێشت بۆ فەقێ و مەلاو حوجرە، هەر برای نووسەر نموونەیەک لە وتەیەکی تۆفیق وەهبی دەهێنێتەوە و باسی شەڕی قوتابخانەکان و مزگەوتەکان دەکات، باس لە شەڕی مەلاو مامۆستایانی قوتابخانە دەکات، کە وا دەزانم مەلاکان لەوەدا ناحاڵی بوون، ئەوان دژی فیکرەی عەلمانی و شیوعی نەبوون، هێندەی دژی ئەو نوێخوازی و سیستەمە نوێیەی خوێندن بوون کە تاکە ڕێگە بووە بۆ پێشکەوتنی وڵات و بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری سەردەم و گەیاندنی میللەت بە ئاستی وڵاتانی پێشکەوتوو، مەلاکان دژی لادینی نەبوون وەک نووسەر لە چەند جێدا بە هێماو ئاشکرا باسی دەکات، بەڵکو لە ناحاڵی خۆیان، دژی پێشکەوتنەکە بوون، ئەوان بە دەستکیسەی دەرەبەگ و ئاغاو شێخی تەکیەو خانەقاکان ئەوەیان دەکرد، چونکە بەزۆری مەلاکانی ئەو سەردەمە وەک پیاوی ئەوان کاریان دەکرد و هەڵوێستیان دەنواند، هەمیشە لە سەر سفرەی گەرم و چەوری شێخ و ئاغاکان دەم گەرم و دڵڕەق دەبوون بەرانبەر بەو نوێخوازانە، بەرزترین نوێخوازی ئەو سەردەمە تۆفیق وەهبی بەگ و محەممەد ئەمین زەکی بەگ و پیرەمێرد و گۆرانی شاعیر و جەمال عیرفان بوون، وەک نووسەر باسی دەکات مەلاکان هەوڵی کوشتنی چەند کەسیان دا، لەوانە جەمال عیرفانیان کوشت و تۆفیق وەهبی بەهەوڵێک خۆی دەربازکرد، ڕەنگە ئەمە یەکەم تیرۆری دینی بێت لە کوردستان کە بەداخەوە لە بنج و بنکی مەلا نەزانە نەشارەزا لە دین و لە دنیاکانەوە سەرچاوەی گرتبوو، دەستیان چووە خوێنی خوێندەواران و ترساندن و ڕاوەدوونانی زیرەکەکانی ئەم وڵاتە و ناشیرینکردنی ئایین، ئەگەر کریستیانەکان پێنج سەد ساڵ لەوەو پێش بە نەزانی و عەیبەیەک لە ئایینێکی تێکدراودا لە ئەوروپا ئەوەیان کرد، دەبێ چی بەمەلاکانی لای خۆمان بڵێین کە لە چەرخی بیستداو بە ناوی ئایینێکی پوخت و پاک و دوور لە هەڵەو ڕق و قین و تۆڵەو پڕ لە زانستەوە ئەوەیان دەکرد..، مەخابن بۆ ئەو هەڵوێستە نەزۆکە کزە دوابڕاوە، ئەم کارانە ئایینی دواخست، واتە ئایین بە دەستی پیاوەکانی ناشیرین و کز و کوێر و دوا کەوت، نەک بەدەست خەڵکی تر.

### وەبیرخستنەوە

لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەگوترا کە کورد مێژوو و کولتوور و کەلەپوور و فۆلکلۆر و ئەفسانەی نییە، یان کولتوور و کەلەپووری کوردی هی ئەوە نییە لەسەری بنووسرێ و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەسەر بکرێ، یان دەگوترا کە ئەم ئەدەبەی کورد لە شیعرو چیرۆک و داستان و ئەفسانە و پەند و ئیدیۆم و فولکلۆر و ئەو شتانەی کە هەیە، هەموو خوازراو و هی میللەتانی ترە و خزێنراونەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، دەوترا ئەو شیعرە کوردەوارییانەی گۆران و نالی و مەحوی و پیرەمێرد و فڵان و فیسار، هەموو لە ئەدەبی فارسی و تورکی و عەرەبی و بیانی ترەوە خوازراو و تەرجەمە کراون و شاعیران بە ناوی خۆیانەوە بڵاویان کردوونەتەوە، هەروەکو چۆن ئەمڕۆ بە داهێنانەکانی ڕەهەند و بەختیار عەلی و هاوڕێکانی لە ئەدەب و فیکر و نوێخوازی و تازەگەری دەگوترێت بەرهەمی زەینی خۆیان نییە و تەرجەمەی ئەم زمان و ئەو فەلسەفە و فیکر و ئەدەبەن و گۆڕانکارییان تێداکردوون و بە کوردی کراون، ئەمانەیان بە ئاشکرا لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی حەفتاو هەشتاکاندا بڵاودەکردەوە و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا دەوترایەوە، وەک چۆن بەبەرهەمە نوێکانی ئەمڕۆ دەکرێ و دەگوترێ و دەنووسرێ، دەمگوت بڵێی ئەم قسەو ڕایانە کار لە لاوان و خوێندەواری خاوەن بەهرەی کورد بکەن، ڕوونەکەنە

دنیای ئەدەب و کولتوور و نەنووسن و بەرهەم نەهێنن، یان ئەوەی کە جێماوە لە مێژوو و کولتوور و کەلەپوور و فولکلۆر بە بێ نرخ و بە هیچ سەیر بکرێت، تەنانەت ئێستا کە کەناڵە ئاسمانییەکان پەیدابوون، خەڵکی کورد لە ماڵەوە هەموو شتێک لە ژیان و ئەدەب و کولتوور و فۆلکلۆری وڵاتان دەبینن، لە هەندێ کەس دەبیستم دەڵێن وامان دەزانی بێشکە و ساج و دەستاڕ و هێلەک و تیرۆک و پنە و دۆینە و دۆکوڵیو و ترخێنە و یاپراخ و کەلانە و قوبڵی و شتی تر، کورد دایهێناون و تایبەتن بە کورد، کەچی لە کولتووری ئەفغان و هیند و تورک و ئاسیایی و ئەفەریقاییدا هەمووی هەیە، ڕەنگە باپیرانی ئێمە ئەو شتە سادانەش لەوانەوە فێربووبن، بێ گومان هەموو گەلانی سەرزەوی لە یەک بەرەباب و دایک کەوتوونەتەوە و بڵاوبوونەتەوە، لە یەک زمان و دابونەریتەوە فێربوون و تەشەنەیان کردووە، بەڵام بە بڵاوبوونەوەیان بە زەمینە جیاوازەکاندا، هەریەکەیان بەبیروبۆچوون و پێویستی و بەرژەوەندی خۆیان گۆڕانکارییان تێداکردوون، تورک دەڵێ کەلانەو دۆلمە (یاپراخ) داهێنراوی کولتووری تورکییە، خەسرەوی برام لە ئەڵمانیا وتی ئەفغانییەک وتوویەتی توخوا وەکو نەورۆزەکەی ئێمەتان کردە هی خۆتان، دەست لە (پلاڤ) پلاو مەدەن و مەیشێوێنن، ئەوە شای خواردنی کەلەپووری هەزاران ساڵەی دیوەخانانی ئێمەیە، ڕۆژێک دوو بەنگلادیشی لە ماڵی ئێمە بوون، خواردنمان دانا، خێزانم وتی با ئەو قاپە ترخێنەیەش بێنم، هێنای، خێزانم وتی دەزانن ئەوە چییە.؟ منیش باسم کرد لەچی دروست دەبێت، وتیان ئۆی ئەوە لای ئێمە تەرخێنەیە و بە ئێسقان و گۆشتاو لێی دەنێین، ئێمە عەجایەبمان لێهات ئەو وڵاتە دوورە دەستە چۆن بەهەمان ناوی ئێمە ئەو چێشتەیان ناو ناوە، ئەوە دەچێتە بواری ئاڵوگۆڕ و گواستنەوە و تێکەڵبوونی کولتوور و کەلەپوور، زۆر شتی ڕۆژهەڵاتی هەر لە بیرکردنەوە و فیکر و ئایین و فۆلکلۆرەوە لەیەک دەچین، زۆر سەردەم بووە هەموومان لەیەک سنووری کراوەدا پێکەوە ژیاوین، لە ئەنجامی لەشکرکێشی و بازرگانی و سەردان و زیارەتی حەج و شوێنە پیرۆزەکان و زۆر شتی تر بەیەکتر و کولتوور و جۆری ژیانی یەکتر ئاشنا بووین.

کورد بەهۆی ئەوەی هەمیشە ژێردەستە بووە، دەوڵەتی نەتەوەیی سەرتاسەری، یان ناوچەیی بە دووچاوانی سەری خۆی نەدیتووە، تووشی زۆر لە نەخۆشییە دەروونییەکان وەک گوێ پێنەدان و خۆبەکەم زانین و سەیری مێژوو بەهیچکردن و خۆماندوونەکردن و دنیا بەبێ نرخ سەیرکردن بووە، گوزەران و مێژووی پێشینە و ئەزموونەکانی ڕابردوو بە هەند وەرناگرێ و لەلای گاڵتەجاڕییە، قەشمەری بە ژیان و داهێنانەکان دێت، بڕوای بە ئایندە و داهاتوو نەماوە و پێی وایە لە ڕابردوو باشتر نابێت، چونکە تاکی کورد لە کۆندا لە خاکی خۆی دەرکراوە و هەر ڕاونراوە و ڕەوی پێکراوە، لە ماڵ و حاڵی هەڵکەنراوە و کشتوکاڵی کاول کراوە و سووتێنراوە، لەزەتی لە ژیان و هەواو هەناسەی خۆی نەبینیوە، خۆی و دەوروبەری و هیچ شتێک بەهی خۆی نازانێ، هەر شتێک نزیکەکانی دایدەهێنێ، ئەم گاڵتەی لێدێ، هەر لەوەوەیە کە گاڵتە بەسەروەرییەکان و مێژووی خۆی دەکات و نوکتە لەسەر کەسایەتییەکانی دروست دەکات، زۆرجاریش تێی دەپەڕێنێ و تاوانباریان دەکات، صەلاحەدینی ئەیوبی و قازی محەممەد و شێخ مەحموود و مەلا مستەفا بارزانی و ئەوانی تر بەر نەشتەر و قسەی نەشیاو دەدات و بۆ کۆنتریش دەڵێ دەوڵەتی ماد کورد نەبووە، کاوە جاش بووە، نەورۆز هیچ ئەسڵ و فەسڵێکی نییە، میرنشینە کوردەکانیش لە حکومەتی هەرێمی ئەمڕۆ باشتر نەبوون، هەر خەریکی ستەم و خۆخۆری و شەڕی خۆتڕێن و براکوژی و پواز و پیاوی عوسمانی و سەفەوی بوون.

کورد چونکە سەرەتاکانی ژیانی لە ئەشکەوتدا بەسەربردووە لە ڕووداو و شتەکانی دەوروبەری تێنەگەیشتووە، پەنای بۆ ئەفسانە بردووە، بۆ ئەوەی دەوروبەر و خۆی بناسێ، پاشان لێی چووە پێش و داهێنانی گەورەی تێدا کرد، ئەفسانە بە هیچ شێوەیەک چیرۆک هەڵبەستنی بێهودە نییە، بەڵکە واقیعیەتێکی زیندووە، ئەفسانە نموونەی هەوڵدانی سەرەتایی مرۆڤە بۆ ناسینی خۆی و دەوروبەر، بۆچوون و لایەنە ئایینی و زانستی و فەلسەفییەکانی تێدا ڕوون دەکاتەوە.

لە حەکایەت و ئەفسانە کوردییەکاندا بەزۆری دێو و درنج و پاڵەوان و خوداوەند و کەسایەتییە ئەفسانەییەکان ڕۆڵی تێدا دەبینن، ئەوەی لەسەر کولتوور و کەلەپوور بنووسێ، دەبێ ئەوانە لەگەڵ مێژوو و ئایین و فەلسەفە و زانستدا بەراورد بکات، لە ناو ڕابردوودا بۆ خواو ئایین و زانست بگەڕێ، هەروەک دەبێ لە نێو زانستدا بە دوای ئەفسانەو فۆلکلۆردا بگەڕێ، ئەم

لێکۆڵینەوانە بە کاری سەرپێیی و هەرواو لارەملێ تەواو نابێت و ماناو کرۆکی نابێت، بەڵکو دەبێ سەرەداوی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی فۆلکلۆر و کەلەپوور و کولتووری کوردی بدۆزێتەوە، دەبێ بۆ ئەم کارە پەنا بۆ نامە ئاسمانییەکان ببات کەبەلای منەوە بەهێزترین سەرچاوەی بەرهەمهێنەری داهێنانەکان و ئەفسانەکانن، نەترسێت لەوەی لەگەڵ بیروباوەڕ و باوی کۆمەڵگەدا ناگونجێت، دەبێت سوود لە زانستی نوێ و تیوری گەشەکردن و پێگەیشتنی مرۆڤ لای داروین و دەروونییەکان لای فرۆیدو ئەو زانیارییانەی ئەو زانایانە لەو بوارانەدا پێی گەیشتوون سوود وەربگرێ، مەبەستم نییە بڵێم مرۆڤ تەنیا لە گۆڕانکارییە فسیۆلۆژی و سایکۆلۆژییەکانی ئەم سەرزەوییەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵکو کاریگەری شوێن و جوگرافیا لەسەر بیرو پێکهاتەی مرۆڤ و دەروون و بیرکردنەوەی کاریگەرە، دەبێ ئەو گۆڕانکاریانەی لە نێو مرۆڤ و ئەفسانەدا بەراورد بکەین، پەنا بۆ هەوڵەکانی شوێنەوارناسی ببەین، بە تایبەت لە دۆزینەوەی پاشماوە و ئێسکبەندی ئەو مرۆڤانەی لە ئەشکەوت و نێو گۆڕەکانی کوردستاندا دۆزراونەتەوە، ئەم بەراوردە لە نێوان مرۆڤی ئەفسانەی کوردی و پاشماوەکانی مرۆڤ، کارێکە دەبێ بکرێ، هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی ئەو پێوەندییە زۆر بڵاوەی کە کولتوور و فولکلۆر و ئەفسانە لەگەڵ پسپۆڕییەکانی تردا هەیەتی، لە گەڵ ئەو گۆڕانە جەستەیی و ئاوەزییەی لە مرۆڤدا ڕووی داوە، گۆڕان لە جوگرافیای ژیانی ئەو مرۆڤەدا ڕووی داوە، لە ئەشکەوت و شاخەوە بۆ دەشت و گوند و شار، هەروەها لە مرۆڤی کێوییەوە بۆ مرۆڤی عاقڵ و کرۆمایۆن، هەروەها باس لە ئەفراندنی مرۆڤ بکات بەو ئاستەی کە لە کولتوور و کەلەپوور و ئەفسانەی کوردیدا هەیە، بەبەراورد بە ئایین و زانست، کە باس لە دروستکردنی مرۆڤ دەکەن، لە کەلەپووری کوردیدا باسی ئەو دنیاکراوە، باس لە خوێندنەوەی سروشت و دەوروبەر و ڕووداوەکانی ژیان کراوە، بە پێی ئەوەی کە سروشتی کوردستان جیاوازییەکی هەیە، لە ڕووی جوانییەوە کاری لە مرۆڤەکان کردووە کە زیاتر لێی ڕابمێنن، باس لە مانگگیران و بوومەلەرزە و ڕەشەباو گێژەڵووکە و زریان و لافاو و ئاگر و ئاودەربوون و ئاوی ئاموون و توونی باباو شەوە و شیلان و شەولەبان و بەردی پیرۆز و ئاوی حەیات و قەوز و قەزەح و پرچی ئایشێ و فاتمە کراوە، کە ئەمانە لە سروشتەوە هەن و کاریگەرییان لە سەر زەینی کولتوور و ئەفسانەیی کورد کردووە، مرۆڤی کورد لەمەدا بە چاوی زانستەوە ئەفسانەی داڕشتووە، باس لە سەیارە و ڕادیۆ و پانکەو تەلەفۆن و بێتەل و مووشەک و دەڕاسە و فڕۆکەو ژێردەریایی و چەکی گەورە و بچووک و شتی تر کردووە، باسی هێزە ئەفسانەییەکانی کردووە، کە زەخیرەن بۆ دروستکردنی ئەفسانەو تەقینی زەینی کولتووری مێژینە، وەک پەرجوو و موعجیزەی پێغەمبەران و فاڵ و ناوچاو و دەست و بەخت خوێندنەوە و دڵ خەبەردان و حاسەی شەشەم و نەعرەتە و جادووگەری، باسی کۆنفۆ و پاراسایکۆلۆژی و ئەستێرەناسی و گیانبەخشین و قسەکردن و هێزی وشە و پاڵەوانە ئەفسانەییەکان و گورزی گران و ئامێرە ئەفسانەییەکان و وڕێنەو خەو و خەیاڵ و هزر و فەلسەفە کراوە، بەم ئامێرانەو تێکەڵکردنیان دەقی ئەفسانەیی دروست دەبێت.

نووسەرانی بواری کولتوور و کەلەپوور و فۆلکلۆر دەبێ گرنگی بەو پێوەندییە کۆن و لەمێژینەیە بدەن، کە ئەمانە هەیانە بە مێژووی کوردەوە، باس لە کەسایەتی مێژوو و ڕووداوی مێژوویی و هەندێ جار دەرئەنجامی مێژوویش بکەن، هەوڵ بدات پێناسەی مێژوو و ئەو دیدە ئەفسانەییەش باس بکەن کە لە کۆنەوە هەندێ لە مێژوونووسان، مێژوو و ڕەچەڵەک و ڕەگەزی کوردیان بردووەتەوە سەر جنۆکەو دێو و درنج، وەک مەسعوودی و تەبەری و هەندێ لە مێژوونووسانی تورک و عەرەب، یان ئەوانەی تر وەک فیردەوسی و هەندێ مێژوونووسانی فارس کە باس لەوە دەکەن کە کورد لەو قوربانیانە دروست بووە کە لە ئەفسانەی ئەژدیهاکانی زوحاک ڕزگار دەکران و دەنێردرانە شاخی دەماوەند و حەشاردەدران، ئەم باسە مێژووییە تەواو ئەفسانەیی کراوە و لە ڕاستییەکەی ون کراوە، هەروەها دەبێ نووسەری ئەم بوارە ئەفسانەی پێغەمبەران و ڕووداوەکانی قورئان و تەورات و ئینجیل و پیاوچاکان و کەسایەتییە ئایینییەکانی وەک ئادەم و حەواو نووح و تۆفان و ئیبراهیم و ئیسماعیل و سەربڕین و داود و جنۆکە و دەنگ خۆشی و سولەیمان و بەلقیس و فڕین و دێو و یەعقووب و کوێر بوون و عەشق و یووسف و زولەیخاو مووساو خستنە ناو ئاوو ئاسیەو عیساو بەرزکردنەوە و ئیمامی عەلی و شێرەکەی و زولفەقارەکەی و حسەین و بەرگری و شەهیدبوون و ئیمامی ئەبوبەکر و

عومەر و خدری زندە و زۆر ئەسحابە
و پیرانی تەریقەت و زەردەشتی و
مەجووسی و ئاگرپەرستی بخاتە بەر
دیدی کاری خۆی، لە ڕووداوە
ڕاستەکانی لانەدات و جیاوازی
نێوان ڕووداوە ڕاستەکەو چۆنیەتی
کردنی بە ئەفسانەو شوێنی بۆ
زیادکردن و کەمکردنی دیاری
بکات، هەتا لەو ڕوانگەیەوە زەینی
مێژوویی و ئاست و کاریگەرییە
عەقڵییەکانی کورد بە درێژایی
مێژوو دەربکەوێ، کە ئەوان
پێغەمبەر بوون و خوا هەندێ کاری
لەسەر دەستیاندا کردووە کە بۆ
کەسی سادە نەکراوە، دەبێ نووسەر
جیاوازی لە نێوان موعجیزە و
جادوودا بکات، لە ئەفسانەی
کوردیدا هەموو پێغەمبەر و
کەسایەتییەکی ئایینی دوو باسی
هەیە، باسێکی مێژوویی ڕاست،
باسێکی ئەفسانەیی تێکدراو و
ڕەونەقپێدراو، هەروەها کەسایەتی
مێژوویی وەک ئەسکەندەری
مەکدۆنی و زیلقەرنەین و ئەسحاب
ئەلکەهف و و نەمروود و فیرعەون و
جەمشید و هۆشەنگ، لە هەقایەت و
ئەفسانەی کوردیدا ڕۆڵی گەورەیان
پێدراوە، لە دیرۆک و ئەفسانەکانی
ڕۆژهەڵاتیشدا هەر یەکە بەجۆرێک
باسیان هەیە، بەڵام لە کەلەپووری
کوردیدا ڕۆڵی گەورەتریان پێدراوە،
لە ڕووداوە ڕاستەکە ترازاندوویانە و
ئەفسانە ئامێزکراوە و لەگەڵ مێژوودا
پێک گیراون، وەک دیقەتم داوە
گرنگی ئەم باسە لەوەدایە، ئەم
هەقایەتە کولتوورییە کوردیانە کە لە
هەندێ ڕووداو لە نێو دەقە
ئەفسانەییەکاندا هەن، کەچی مێژوو
کەمتر باسی کردوون، یان هەر باسی
نەکردوون، هەر بۆیە گەڕان بە نێو
ئەفسانەی کوردیدا، بە دوای
ڕاستییە مێژووییەکاندا، کارێکی زۆر
پێویستە، هێشتا زۆر شت هەن لە
گۆشەکانی حەقایەت و ئەفسانەدا
دەرنەهێنراون، نرخی ڕاستەقینەیان
نەزانراوە، نەدۆزراونەتەوە، لەگەڵ
ئەمانەیشدا، هەندێ ڕووداوی
مێژوویی لەم لاو لەولا لەگەڵ
ئەفسانەی کوردیدا بەراوردکراون، کە
ئەم جۆرە ڕووداوانە هەم لە واقیعدا
هەن و ڕوودەدەن، هەم لە
ئەفسانەشدا دووبارە دەبنەوە، دەبێت
نووسەری ئەم بوارە ئەو جیاوازییانە
بزانێت و دیقەتی دەرهێنانی هەبێت،
ئێمە ئەگەرچی تا ئێستا مێژووی
خۆمان وەکو پێویست
نەنووسیوەتەوە، هۆیەکی گرنگی
لەوەدایە، کە ئەفسانەی خۆمان بە
چاوی گەڕان بە دوای مێژوودا
نەخوێندووەتەوە، ئەگەر بە زانایی و
پشوودرێژی بەم کارەوە خەریک بین،
دواجار زۆر گۆشەی تاریک و نیوە
تاریک لە نێو مێژووی ئێمەدا ڕوون
دەبنەوە.

نووسەری ئەم بوارە دەبێت بەراورد
لە نێوان ئەفسانەو ئایین و
فەلسەفەدا بکات، هەندێک پێیان
وایە کە حەقایەت و ئەفسانە
ڕیشەیەکی کۆنتری هەیە، کە هێشتا
ئایین و فەلسەفە تەواو
دەرنەکەوتوون، بەڵام ئەوە ڕاست
نییە، ئەفسانەو فەلسەفەو مانای
شتەکان، دوای دابەزین و دوای
یەکەم ئایین تەقی و سەری هەڵدا،
ئەو نووسەرانە هەوڵ دەدەن ڕیشەی
لە نێو پەند و گوتە و تەواوی
کولتووری کوردیدا بدۆزنەوە، بەڵام
نکوڵییەکە لەوەدایە کە تا ئێستا
مێژووی دەرکەوتنی فەلسەفەی
کوردی نەنووسراوە، لایەنە
جیاجیاکانی وەک مێژووی
فەلسەفەی کورد و فیکرو هزری
فەلسەفەی کورد و کەسایەتی
فەلسەفەی کورد، شتێکی ئەوتۆی
لەبارەوە نەنووسراوە، کە ئەوە
کارێکی زۆر زەحمەت دەبێت،
هەرچەند هەندێک پێیان وایە کە
کورد فەلسەفەی نییە و تا ئەم ساتە
وەختە فەیلەسووفی بۆ بەرهەم
نەهاتووە، بەڵام ئەوەی سەرمایەیەکی
گرنگ و لەبن نەهاتووە، ئەو دەقە
زۆرو گرنگ و پڕانەیە کە ئەفسانەی
کوردی هەیەتی، لە نێو دەقە
ئەفسانەییەکاندا، پاشماوەی فیکری
کۆنترین ئایین، تا دەگاتە دوا ئایینی
ئاسمانی کە ئیسلامە، لە نێو
کەلەپوور و پەند و حەکایەتی کوردی
و ئەفسانەکاندا هەیە، هەروەها،
لەنێو زۆر لە هەقایەت و
ئەفسانەکاندا، ڕیشەی زۆر لە
فەلسەفە دەست دەکەوێ، لە نێو
ئەفسانەی کوردیدا دەق هەیە کە
زیاتر لە فەلسەفەیەکی تێدایە،
هەندێ جار فەلسەفەی دژ بەیەک لە
یەک کەسایەتی و لەیەک دەق و لە
یەک فیکردا بە دەست دەکەوێ، کە
ئەمەش بۆ خۆی تایبەتمەندییەکی
ئەفسانەیە بەگشتی و ئەفسانەی
کوردی بەتایبەت، هیچ کولتوور و
کەلەپوور و ئەفسانەیەک نییە کە
فەلسەفەیەک یان زیاتری لە پشتەوە
نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ
ئایینێک نییە فەلسەفەیەکی نەبێت!
دەرکەوتووە کە فەلسەفەی بێ ئایین
لە پێشینەی کورددا بووە و هەیە،
هەر لە سروشت پەرستییەوە، تا
دەگاتە خودای یەکتاپەرستی لە
ئەفسانەی کوردیدا دەقی فەلسەفی و
ڕووگە و مانای فەلسەفی هەیە،
هەندێک زۆر لە خۆیان دەکەن کە
دەڵێن هەرگیز کورد بتپەرستی
نەبووە، یان هەندێکی تر دەڵێن
سەرەتای دەرکەوتنی کورد لە مێژوودا
بە بتپەرستی بووە، بە هەردوو
دیوەکەیدا هەڵەیەکی بێ سوودە،
یەکەم دەرکەوتنی کورد بە

خواپەرستی بووە، من ئەوەم لە چەند بابەتی کاوە و نەورۆزدا بەسەرچاوەی بەهێز سەلماندووە، هەروەها دواتریش زۆر قۆناغی مێژوویی کورد بووە بتپەرست و سروشت پەرست و گیاندار پەرست و مرۆڤ پەرست و سۆشیالیزم و شیوعی و مارکسی بووە، ئەوەش هەڵەیە وەک ڕۆژهەڵاتناسێکی ئەوروپی دەڵێ ئیمانی کورد بە دین و خوا جێگەی بڕوا نییە. من دەڵێم هیچ گەلێک نییە لەسەر زەویدا هێندەی کورد خزمەتی ئایینی کردبێت و زاناو سەرکردەی بە ئایین بەخشیبێت، هەموو ئەفسانە کوردییەکان ئایینین، زۆربەی کولتووری کورد بەسەر ئایینەوە بنجی بەستووە، لەبارەی ڕیشەی فەلسەفە لە نێو ئەفسانەی کوردیدا، بوونگەرایی و واقیعی و فەلسەفەی ئایینەکان و کلیلی ئەفسانە لە ئەفسانەی کوردیدا باسی هەیە، (هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو) لە ئەفسانەدا، کلیلی فەلسەفەی ئەو حەکایەتەیە، دەبێ نووسەری کولتوور ماناکانی فەلسەفە لەم سەرەتایەوە بدۆزێتەوە، دەبێت دەری بخات مرۆڤ لە سەرەتاوە چۆن بیری لە خودا کردووەتەوە، پاشان بە پشت بەستن بە ئایینە ئاسمانییەکان چۆن پەرستوویەتی، دەبێت باس لە کاریگەری ئایین و ئاینزاکان و ڕەنگدانەوەیان لە کەلەپوور و ئەفسانەی کوردیدا بکات.

یەکێک لە گرنگی و دەوڵەمەندی کەلەپووری ئێمە ئەوەیە کە لەگەڵ ئەو هەموو کۆنییەی کە هەیەتی، تۆوی تازەترین زانستی لە بنج و هەناو و ناخ و ڕیشەی خۆیدا هەڵگرتووە، کۆنترین بەرهەمی زانستییە سەرەتاییەکانی مرۆڤی لە بنگڵیدا خەزن و حەشار و پاراستووە، وەک بڵێی کەلەپوور و داستان و حەکایەت و ئەفسانە فەرهەنگێکی زانستییە، لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی زەمان، هەر لە ئەشکەوتەوە بۆ دێ و شار و شارستانی بڕی کرد و دوا نەکەوت، هەر لە تەور و چەقۆ و قەمەی بەردین و جامۆلکەی قوڕین و تیروکەوان تا دەگاتە ئاوێنەی دنیابین و فڕین و چەرخ و فەلەک و بەرماڵی فڕین و بەرماڵی سەرئاو بوونی هەیە، جگە لەوانە لە نێو پەند و گۆتەشدا بنەمای زانستی و کاری زانستی دەست دەکەوێت، کە دەربڕی حاڵەتە فیزیاوی و فەلەکییەکانە، نووسەری ئەم بوارانە دەبێت باس لە پێوەندی ئەفسانەو زانست بکات، هەوڵ بدات شتێک لە بارەی زانستی کوردییەوە بڵێت، ئەو زانستە خۆماڵییەی کە لە نێو میللەت و وڵات پێگەیشتووە و بەرهەم هاتووە، کە لە شێوە و ناویشدا خۆماڵین، هەوڵ بدات هەستی دەربڕینی حاڵەتی زانستی لای کورد باس بکات، بیربکاتەوە ئەفسانەی کۆنی کورد لەگەڵ تازەترین داهاتی زانستی دنیادا بەراورد بکات، پاشان باسی نوێترین زانستی سەردەم بکات کە مرۆڤ پێی گەیشتووە، باس لەو هەواڵە سەیرانە بکات کە لە ئەفسانەی کوردیدا زۆر دووبارە دەبنەوە و بوونەتە مایەی سەرسوڕمان وەکو ئاوێنەی دنیابین و چەرخ و فەلەک و ئەنگوستیلە و سیمرخ و شتی تر، ئەوەی لەنێو ئەفسانەدا بە کاری ئەفسانە دەزانرێ، بەشێکی دەستکردی زانستییەو هەبووە و بەکار هاتووە، هەندێکیش هەتا ئەمڕۆ هەر دنیای خەیاڵن و زانستی ئەمڕۆ پەی پێ نەبردووە.

داستان و ئەفسانە بۆ خۆی بەشێکی گرنگی کارکردنە لەسەر دەربڕین و خوێندنەوەی ناوەوەی مرۆڤ، هەر بۆیە زانایانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی، بۆ خوێندنەوەی ناخی مرۆڤ سوودی زۆریان لە حەکایەت و ئەفسانەکان بینیوە، بەردەوامیش سوودی لێ دەبینن، چونکە دەقی ئەفسانەیی وەک دەق، دەکرێ لە ژێر ڕۆشنایی هەر تیور و هەر فەلسەفەیەکدا بخوێندرێتەوە، هەتا ئەگەر ئەو تیور و فەلسەفانە لەگەڵ یەک ناکۆکیش بن و دژی فیکرەی نووسەریش بن، ئەمەش تایبەتمەندییەکی تری ئەفسانەیە و دنیای لێکۆڵینەوە لە ئەفسانەدا فراوانتر دەکات.

لەنێو کەلەپوور و ئەفسانەدا ململانێیەکی بەردەوام لە نێوان مرۆڤ و دێودا هەیە، دێوی ناو ئەفسانە لەگەڵ هەموو توانستی ئەفسانەیی و هێزە جەستەیی و ڕەوشتە دڕندەییەکەی، دواجار لە بەرانبەر خۆڕاگری و ژیاندۆستی و عەقڵداری مرۆڤدا، بە چۆکدا دێت و خۆناگرێ و شکست دێنێ و مرۆڤ سەردەکەوێ. لە ئەفسانەی کوردیدا هەمیشە خێر و شەڕ، شەڕیانەو هەمیشە خێر سەردەکەوێت، بەڵام مرۆڤی لاواز و کەم ئەزموون هەمیشە لەبەردەم دێو و شەیتاندا شکست خواردووە، دەنا مرۆڤی خێرخواز و پیاوچاک دەتوانێت ببێتە فریشتە، لە ئەفسانەی کوردیدا هەمیشە مرۆڤ و ژیان بەڕوونی دەردەکەوێت، مرۆڤ لەبەردەم دەروونی شەڕانی خۆیدا شکست دەخوات.

کولتوور و کەلەپوور و فۆلکلۆر بەشێکی هەرە کۆن و گرنگ و دەوڵەمەندی ڕۆشنبیری هەر میللەتێکە، ئەو کەسەی لەسەر کولتوور و کەلەپووری کوردی

بنووسێت، دەبێت شارەزا و پشوودرێژ بێت، سەلیقەی بەسەر لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی تیوری بەراوردکاریدا بشکێت، تێهەڵکێشی نێوان مێژوو و ئایین و فەلسەفە و زانست بزانێت.

کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردی لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤدا لەبرەودابووە، مرۆڤی قۆناغەکانی گەشەکردن و پێگەیشتن، لە نێو دەقە جیاجیاکانی مێژووی کوردیدا زۆروزەبەندەن، سەرەڕای بوونی مرۆڤ بەشێوە جیاجیاکان، جۆر و ژیان و هەڵسو کەوتیشیان ڕەنگدانەوەی قۆناغەکانی گۆڕانەکانە، لەگەڵ گەشەکردن و پێشکەوتنی ژیان و گۆڕانی جەستەیی مرۆڤەکان، شوێن و ژیان و کەرەستەی ژیانیشیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە ئەشکەوتەوە دێتەدەر، گوند دروست دەکات، بەرەو داهێنانی شارەقەڵا و شارە دەوڵەت دەچێ، بەهۆی پێکگرتن و لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی ئێسکبەند و کەرەستەی ژیانی قۆناغە جیاجیاکانی مرۆڤ، لە هەندێ ئەشکەوت و گۆڕستانی کوردستان، دەرکەوت هەندێک لە قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤ بۆ یەکەم جار لە کوردستان دۆزراوەتەوە. دەبێت بابەتی نووسین لەم بوارەدا هەموو ناوچەکانی جوگرافیای کوردستانی بگرێتەوە، هیچ ناوچەیەک بێبەش نەکات.

خۆزگە تۆفیق کەریم بەو زانست و تواناییەی خۆی کە لە کەلەپووردا خەریکەو بەشتێک گەیشتووە، کارێکی بەراوردکاری لە نێوان دەقە کەلەپوورییەکانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی دەکرد، بۆ نموونە باسی خەڵقی ئادەم و حەوا، نووح و ئیبراهیم و زەردەشت و ئیمامی عەلی و حسەین و زیلقەرنەین و ئەسکەندەری مەکدۆنی و نەورۆز کە لە ناو زۆر لە گەلان هەیە، خەڵقی بوونەوەر و زەوی و ئاگر و شەیتان و تۆفان، کە وەک لە ئەفسانەی کوردیدا هەیە، لە ئەفسانەی فارسی و عەرەبی و ژاپۆنی و چینی و هیندی و سۆمەری و میسری کۆن و گریکی و شوێنی تریشدا هەیە، بزانین ئەفسانەی کوردی بۆ ئەو بابەتانە لە چ ئاستێکدایە، لە ڕووی داڕشتن و مێژوو و فیکرە و فەلسەفە و زانستەوە، پاشان هەندێ لەو ئەفسانە کوردییانەی بەوەی دەچواند کە لە تەورات و ئینجیل و قورئان و نامە ئاسمانییەکاندا هەیە و کاری بەراوردکاری تێیاندا دەکرد.

خۆزگە هەر هەمان کاری بەراوردکاری لە پەند و ئیدیۆم و قسەی نەستەق و فەلسەفە و فۆلکلۆری ناوچە جیاوازەکانی کوردستان وەک بادینان و سۆران و گۆران و هەورامان و موکریان و گەرمیان و لوڕ و لەک و ئازربایجان و بۆتان دەکرد، بزانین ئاستی فیکری و بیری و سەلیقە و دەستڕەنگین و بیرکراوەیی کام ناوچە بەهێزتر و لاوازتر و گونجاوترە، چ ناوچەیەک بەهێزترە لە ڕووی داهێنانی کەلەپووری و فۆلکلۆرییەوە، پاشان بەرهەمی فیکری و فۆلکلۆری کوردی بە بەرهەمی میللەتان دەچواند، بزانین ئێمە لە مێژوودا چ جیاوازییەکمان لەگەڵ میللەتانی جیهاندا بووە، لەو بڕوایەدام گەر ئەو کارە زانستییە بەراوردکارییە گرنگە بەسەرکەوتوویی بکرێت، لایەنە لاوازەکانی توانستی خۆمان بە درێژایی مێژوو تا بە ئەمڕۆ دەگات بۆمان دەردەهات و دەمانتوانی بگەینە ئاستێکی چاک بۆ چاککردن و ڕاستکردنەوەی دەروونی و فیکری و ڕەوشتی و ئاوەز و سەلیقە.

پاشان هەر لە خوێندنەوەی کەلەپووری کوردیدا، ئەو پێوەندییە کۆن و لە مێژینەیەی نێوان کورد و نەتەوەکانی دەوروبەر چاکتر دەناسرێ و ڕوون دەبێتەوە، وەک پێوەندی ئایینی و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، وەک پێوەندی نێوان کوردو یۆنان و ئەرمەن و تورک و فارس و فیرعەونی و عەرەب، لەنێو مێژوو و ئەفسانەی کوردیدا، قۆناغە پڕ لە گۆڕانکارییە مێژووییەکانی کورد لەڕووی ئایینی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بەزنجیرە و بەپێی زەمەن دەست دەکەون، بۆ نموونە، بەپێی مانەوەی هەندێ پاشماوەی ئایینی، لە دابو نەریت و نێو کەلەپووردا، ئایینی یەکتاپەرست و سروشت پەرست و گیانلەبەر پەرست و میهر پەرستی و زەردەشتی و عیسایی و مووسایی و موسوڵمان و ئاینزاکانیان دیارە.

لە لێکۆڵینەوەی کەلەپووری دێرینی کورد، دەگەیتە ئەو باوەڕەی، کە خەڵکی شانەدەر و هەزارمێرد و زاوی چەمی و کەریم شایەر پێش دەیان هەزار ساڵ پێش زایین، جۆرە باوەڕ و ئایینێکی سەرەتاییان بووە، ئەویش لە ئەنجامی پشکنینی زانستییانەی ئێسکەکانیاندا دەرکەوتووە، هەر لەنێو ئەو ئایینە سەرەتاییەدا سەرەداوی فەلسەفەی ئایینی دیارە، چونکە هیچ ئایینێک نییە بێ فەلسەفە، واتە لەو سەردەمە زووەدا، ئایین لە کوردستان سەری هەڵداوە، کوردستان یەکەم وڵاتەو لانکی دووەمی مرۆڤایەتییە کە ئایین تێیدا پەیدا بووە، پاشتریش بەردەوام زۆر جۆر ئایینی تێدا پەیدا بووە و بڵاوبووەتەوە، نووح لێرە دابەزی و بە ئازادی بیروباوەڕی ڕاگەیاندو حەوایەوە، ئیبراهیم لەسەر ئەم خاکە

لەدایک بوو، لەسەر ئەم خاکە شۆڕشی یەکتاپەرستی ڕاگەیاند و لەسەر ئەم خاکە بتەکانی شکاندو لەسەر ئەم خاکە ئاگری بۆ کرایەوە و هەڵدرایە ناوی و ڕزگاری بوو، کەواتە خاکی کورد مەڵبەندی ئایینی و مەڵبەندی ئەفسانە گەورەکان بووە، لەنێو ئەفسانەی کوردیدا پاشماوەی باوەڕ و عەقیدەی هەموو ئەو ئایینانە کە لە کوردستاندا هەبووە، ئەو باوەڕە لەنێو دابو نەریت و پەند و ئەفسانە و حەکایەتە کوردییەکان کەم و زۆر ماونەتەوە، هەر لە ئایینی سروشت پەرستی و زیندەوەر پەرستی و میهرپەرستی، تا ئایینە ئاسمانییەکان و ئاینزاکانیان، کە ئایینی خودا پەرستین، لە ئەفسانە کوردییەکاندا ئامادەییان هەیە، پاش وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە هەست دەکەیت کە لەنێو ئەفسانەی کوردیدا، پاشماوەی باوەڕی زیاتر لە ئایینێک و ڕیشەی زیاتر لە فەلسەفەیەک لە ناو ئەفسانەکاندا هەن، لە ناو دەقی هەندێ ئەفسانەدا، کاریگەری چەند ئایین و فەلسەفەیەکی تێدا دەست دەکەوێ، لە هەندێ حەکایەت و ئەفسانەی کوردیدا لە یەک کاتدا کاریگەری سروشت پەرستی و میترایی و زەردەشتی و ئیسلامی بەسەرەوەیە، ڕیشەی فەلسەفەی زۆر قووڵی تێدایە، زۆر شت هەبوون لە باوەڕ و خوو و دابونەریت لە نێو حەکایەتە کۆنەکاندا، ئێمە بە ئەفسانەمان دەزانین، کەچی دەرکەوت ئەمانە ڕۆژانێک ئەرکی ئایینی تایبەت و دابونەریتی نێو کۆمەڵ بوونەو بەپیرۆزییەوە پەیڕەو کراون.

لە حەکایەت و ئەفسانەی کوردیدا، زانست بەشێوە سەرەتاییەکەی و قۆناغە جیاجیاکانی پێشکەوتنی، لە نێو کۆنترین و بڵاوترین دەقی حەکایەتدا هەیە، وەک ئاگر و مووشەدەمە و ئاسن و مس تاوانەوە و زرنیخ و ئاڵتوون پوختکردنەوە و بە خشڵکردنی و مرواری و کل و دروستکردنی گالیسکە و عەرەبانە و چەرخ و فەلەک، هەندێ زانست کە لە نێو ئەفسانەدا هەیە، ئێمە پێشتر بە زانستێکی ئەفسانەییمان دەزانین، کەچی دەرکەوت ئەمانە بەرهەمی زانستین و عەقڵی مرۆڤیش لە سەردەمە جیاجیاکان دروستی کردوون و بەکارهێنراون، پاشتر هێنراونەتە نێو ئەفسانە، وەک زانستی بیناسازی و قەڵاسازی و زانستی گیادەرمانی و نەخۆشییەکان و زانستی ئامێرە دەستکردەکان، ئەو کارە زانستییانەی نێو حەکایەت و ئەفسانە، کە پێشتر بە خەیاڵی ئەفسانەیی و شتی دوور لە ڕاستی و ژیان دەزانران، دواتر زانست هەموو ئەو هیواو خەیاڵە زانستییانەی کرد بە کار و واقیع و سوودیان لێ بینرا، وەک زانستی دەروونی و بۆماوەیی و چارەسەری نەخۆشییەکان، هەموو ڕێگا چارەسەرییەکان بەکارهێنراون، چارەسەری بەهۆی جادوو، بە هۆی ئایین و پاراسایکۆلۆژی و گیادەرمانی و بەهۆی بەکارهێنانی خوێن و ئەندامێک لە جەستەی زیندەوەر و گیانلەبەر.

**بۆ ئەم خوێندنەوەیە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە.**

**١- کاوە و نەورۆز لە نێوان ئەفسانەو ئاییندا، حەسەن مەحموود حەمە کەریم، چاپخانەی تیشک، ناوەندی ڕۆشنبیر، چاپی سێیەم، ١٩٩٧ سلیمانی.**

**٢- ئایینی کورد، حەسەن مەحموود حەمە کەریم، چاپی سێیەم، سلێمانی، ١٩٩٨، چاپخانەی تیشک.**

**٣- پێکهاتەی ئەفسانەی کورد، د.مەولوود ئیبراهیم حەسەن. چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٧، چاپ یەکەم، نامەی دکتۆرا،**

**٤- گۆڤاری ڕامان، خوێندنەوەی کتێب، حەسەن مەحموود حەمە کەریم. ژمارە ٢٠١١/١٧٠، ١٤٦٧**

**٥- کاریگەری ئیسلام لەسەر کولتووری کورد، تۆفیق کەریم، چاپی یەکەم ٢٠١٢، سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی تیشک.**

**٦- ظهور الكرد في التاريخ، د.جمال رشيد احمد، ج٣، ط١، ٢٠٠٥، مطبعة التربية، ، دار نشر اراس، اربيل.**

**٧- مهد البشرية، الحياة في شرق كردستان، دبليو اي ويگرام، ترجمة جرجيس فتح الله، دار نشر اراس، اربيل ٢٠٠١مطبعة التربية.**

**بە بۆنەی داگیرساندنی مۆمی حەڤدە ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە**

# ڕامان و دەرفەتی وەک یەک بۆ هەمووان

**ئەسکەندەر جەلال**
**(سوید)**

مێژووی ڕۆژنامەنووسیی ئێمەی کورد، مێژوویەکی دەستکورت و هەژارانەیە، نەخاسمە ڕۆژنامەنووسیی ڕێکوپێک و تۆکمەمان هەمووی لەسەدەیەک تێپەڕناکات، ئەگەر هاتو ڕۆژنامەی کوردستانی دایکمان لێ دەرهێنا، گۆڤارە کوردییەکان، ئەوانەی خزمەتی بەرچاو و دیاری کۆمەڵگەکەمانیان کردبێت، کە بەهۆیانەوە وەکو ئەستێرە دەدرەوشێنەوە بە شومار ئێجگار کەمن و مرۆ دەتوانێ هەموویان بژمێرێت.

هەندێ گۆڤاری گرانبەها هەن جێگەی دیارییان گرتووەو لەمێژووی ئێمەدا بە درەوشاوەیی ماونەتەوە، بەوانە دەگوترێت گۆڤاری سەنگین، هەروەک پێشکەوتن و گەلاوێژ و ژین و گۆڤارەکانی دیکەی وەک ڕۆژی کوردستان و کۆڕی زانیاری کورد و ئەوانەی دیکەیش کاروان و بەیان و چەندانێکی دیکە... ئەمە جگە لە چەندین گۆڤاری دیکەیش کە لەوان سەردەمان دەرچووینە، بەڵام نەتوانراوە وەکو ئەو گۆڤارانە جێ بگرن.

لەدوای ڕاپەڕینیش کۆمەڵێک گۆڤاری دیکە هاتنە ئاراوە کە ئەوانیش سەنگینییان تێدابوون، لە ناویاندا گۆڤاری ڕامان دەرچوو، ئەگەر قسە لەسەر ڕامان بکرێت و بەچاوێکی بابەتیانە لێی بروانرێت دەتوانرێت بگوترێت ڕامان گۆڤارێکی سەنگینە، دەبا بزانین سەنگینی ڕامان لە چیدایە؟ چی وای کردووە ببێتە گۆڤارێکی سەنگین؟

ئەو تایبەتمەندییانە چین لە (ڕامان)دا هەن و لە گۆڤارەکانی دیکەدا نین و وا دەکەن خوێنەر بێ دوودڵی و بێ سڵکردنەوە بڵێت ڕامان گۆڤارێکی سەنگین و لەمەش بەولا لە سەنگینترین و دیارترین ئەو گۆڤارانەیە کە کورد لەمێژووی ڕۆژنامەنووسی و کولتووری خۆی-دا بەخۆیەوە بینیونی..

ئەگەر سەرنج لەو گۆڤارە جوانانەی ڕابردوومان بدەین کە هەموویان بە شەونخوونی خەڵکانی لە خۆبردوو هاتوونەتە ئاراوە و لە مێژووشدا جێگەیان گرتووە، دەبینین هەر یەکێک لەوان گۆڤارانە یەکێک لەخاڵە لاوازەکانییان هەبووەو بەهۆیانەوە بوونەتە خاوەن خەوشێکی دیار، یان بەلانی کەمەوە بوونەتە گۆڤارانێکی وا کە مرۆڤ بتوانێت بەسانایی پەنجە لەسەر هەڵەو کەموکورتییەکانیان دابنێت.

ئەوەی لە ڕامان-دا جیاکارییەک دروست دەکات، ئەوەیە کە ڕامان گۆڤارێک نییە خوێنەر بە ئاسانی بتوانێ خەوشی لێ وەدۆزێتەوە، بەڵام ئەگەر بێتو بە ئاراستەی باشتر کردن و تۆکمەترکردن و سەنگینتر کردنیدا بەدوایدا بگەڕێین، هەڵبەت دەتوانرێت خاڵی (ئەرێ)ی دیکەی لێ بدۆزرێتەوە کە بە هۆیەوە ڕووەو باشتربوونی هەڵکێشرێ..

لەساڵی ١٩٩٦دا گۆڤاری ڕامان ژمارەی سەرەتای بە



تێرامان دەرچوو و هەر لەو ژمارەیەدا من چیرۆکێکم لێی بڵاوبووەتەوە، هەر بەبینینی، هەست کرا گۆڤارێکی تازەیەو مژدەیەکی نوێی پێیە، لەو دەمەدا بۆشاییەکی گەورەی نەبوونی گۆڤارێکی ئەدەبی و کولتووری هەبوو، بەدەرکەوتنی ئەو گۆڤارە، ئەو بۆشاییە تا ڕادەیەکی زۆر توانرا پڕ بکرێتەوە. بە تەنیا خودی ڕامانیش شانی دایە بەر ئەو کار و ئەرکەو هەر لەسەرەتایەوە مایەی ئومێد بوو، چونکە لە ڕەوشێکی تایبەت هات و توانی سەرنجی هەمووان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت بەوەی مۆمێکی دیکەی لە کایەی کولتووری ئێمە داگیرساند، ئینجا ژمارە بە ژمارە هات بەعەقڵی هەنگاوی پتەو بۆ باش و باشترکردنی، لە ژمارەی سەرەتاوە هەتا ئەو ژمارەیەش، ڕامان هەمیشە لە ئەزموون کردنی کاری پوختی کولتووری و ئەدەبیدایە، کێرڤی ڕامان هەر لەبەرزبوونەوەیە، لە ژمارەیەک بۆ ژمارەیەکی دیکە خەرمانی ڕامان دێت و بەبەرەکەتتر دەبێت.

چۆن من لەو وڵاتانەی ژیانم لێ بەسەربردوون، بەدوای گۆڤارە ئەدەبییەکانیاندا گەڕاوم و خولیام بووە گۆڤارە ئەدەبییەکانیان ببینم و بەدەستیان بخەم، ئاواش لە وەڵامی پرسیاری گۆڤاری ئەدەبی دیار و سەنگینی ئێمە بۆ خوێنەرانی دنیا، مرۆ بێ سڵ کردنەوە دەتوانێت گۆڤارێکی ڕامان پێشکەش بکات و بڵێت ئەوە گۆڤاری ئەدەبیی ئێمەیەو ژمارەی ١٨٦ـە و حەڤدە ساڵە لە ڕۆژ و کاتی خۆیدا دەردەچێت..

بێینەوە سەر ناوازەییەکەی ڕامان کە سەنگینی کردووە، بۆ ئەمە دەتوانین بێژین ڕامان بەزۆر لایان دەتوانرێت سەنگینییەکەی بخرێتە بەرچاوان..

لە ناویاندا دەتوانین باسی بوونە مینبەری ڕامان بکەین، کە ئەمەش بەسییەتی بۆ دەرخستنی بەهادارییەکەی و دەرخستنی ئەو ڕۆڵەی کە ڕامان بە وجوودی خۆی لە نێو کایەی کولتووری ئێمەدا دەیگێڕێت.

وەک دەیبینین ڕامان هەرزوو بوو بە پانتایی تەقینەوەی بە هرە تازەکان لە لایەک و کوانووی گەشاندنەوەی پشکۆکانی ژێر خۆڵەمێش لە لاکەی دیکەوە. دەستی بەهرەی نوێی تێدا گیراو هەروەک دەستیش بۆ ئەوانە درێژکرا کە کەوتبوون و یارمەتییان درا بۆ هەڵسانەوە..

لە (ڕامان)دا هەوڵ درا سیمای دەرکەوتە تازەکان دیار بکرێت، نەک هەر بە بڵاوکردنەوەی تێکست و چاوپێکەوتنەکانی، تیراژ و گفتوگۆ چڕوپڕەکانی دیکەیش، بەڵکو بە ڕێکخستن و ئامادەکردنی تەوەر و دواندنی بە کۆمەڵ و بەرچاوخستنی توانایی و بەهرەکانیان، جا هەرچۆنێک بن، ئەمەیان گرنگترین خاڵە کە دەبێت هەڵوەستەی لەسەر بکرێت.. ڕامان بووە ئەو پانتاییەی کە بە زیاتر لە لایەنێک هەوڵی داوە دەنگە تازەکان بخاتەڕوو، لەوەش گرنگتر ئەوەبوو ئەو خستنەڕووە خستنە ڕوویەکی بێ لایەنانەو بێ تەرەفانە بوو، واتە ڕامان هەرگیز نەهاتووە لەوە نزیک ببێتەوە لایەنێک، یان کەسێکی دیاری کراو، یان میتودێکی دیاریکراو بخاتە پێشەوەو تەرەفگیری بۆ بکات، یان بانگەشەو پاڵپشتی بۆ بکات و بکەوێتە پاڵی.. ئەمەیان خاڵی هەم وەرچەرخان و هەم درەوشاوە و لەهەمان کاتیشدا مایەی شانازییە بۆ ئەو گۆڤارە کە نەهات لاپەڕەکانی بکاتە شوێنی پاڵپشتییەکی کوێرانە بۆ دروست کردن و دەرخستنی کەسێک لە کەسەکان، یان ناوێک لە ناوەکان، بەڵکو بە پێچەوانەوە بووە ئەو گۆڕەپانەی هەموو سوارێک تێیدا ئازاد بێت، ئەسپی خۆی تێدا تاو بدات، سوارچاکیش خەڵک دەیبینن و خۆی خۆی دەسەلمێنێت، هەمدیس چاوی خەڵکە بڕیاری لەسەر دەدات، نەوەک ڕامان هاتبێت و پەسنی کردبێت..

ئەمە گەورەترین سەروەرییە ڕامان هەیەتی، ئازادی بۆ هەمووان مسۆگەر کردووە و لە لاگیری و تەرەفگیری هەر قەڵەمێکی دیاری کراو ئێجگار دووربووە، هەروەک هیچ پەرژینێکیشی لە ڕووی هیچ کەس دانەناوە، بەڵکو دەرفەتی وەک یەکی بۆ هەموو دەنگ و قەڵەمێک فەراهەم کردووە..

هەر لە ژمارەی سەرەتایەوە هەتا بەو ژمارەیەش دەگات، شاهیدی ئەوەین کە هەمیشە کەسانی تازەو نەناسراو بەشی زۆرتریان هەیە بە بەراورد لەگەڵ ناوی ناسراو و دیار، ئەمەش سەلمێنەری ئەو بۆچوونەی سەرەوەیە کە دەڵێت ڕامان دەرفەتێکی کراوەو هەمیشە ئامادەیە بۆ هەمووان و هەموو دەتوانن وەک سەکۆیەک قسەی خۆیانی تێدا بکەن و وەک تەختێکی شانۆ دەوری خۆیانی تێدا ببینن، خوێنەرانیش بۆ ئەو سەرنجانەمان

ژمارەکانیان لەبەر دەستە و دەتوانن تەحقیق لەباری وردی، یان درشتی ئەو سەرنجانەمان بکەن.

گۆڤاری رامان جگە لە ئەدەبیات و دەقی داهێنراو و توێژینەوەی ئەدەبی، بووەتە مەیدانێکی دیکەیش، ئەویش بابەتی رۆشنبیری گشتییە، لە زۆر جاراندا هەست دەکەیت هەر رامان بۆشایی نەبوونی گۆڤارێکی کۆمەلایەتی و هونەریی گشتی و چەند بوارێکی دیکەیشی پڕ کردووەتەوە و دەرفەتی بلاوکردنەوەی ئەو بابەتانەشی بۆ رەخساندوون، ئەمە لەکاتێکدا ئەدیبان و نووسەران و شاعیرانیش بە شوێنی تایبەت بە خۆیانییان زانیوە..


هەر پەیوەست بە مەسەلەی دەرکەوتە تازەکان و گرنگی رامان لە تەحکیم و لە مەکانەتەکەی، دەتوانین لەوە بدوێین چۆن رۆژانێک (بگرە ئێستاش)، پێوەری بابەتی ئەدەبی چاک و دەقی دانسقەو تەنانەت خۆراگەیاندنیش وەک ئەدیب و شاعیر گۆڤاری رامان بوو، بگرە زۆر لە تازە دەستپێکردووەکان پێوەری دان پێدانان و هاتنە مەیدانی خۆیان لە بلاوبوونەوەی بابەتەکانیان لە راماندا دەبینییەوە.. رێک چەشنی ئەوەی رامان بروانامەی دەرکەوتن و هەلکەوتن و خۆناسین بێت.. چەشنی ئەوەی هەر کەسێک بابەتی لە رامان بلاو نەبووبێتەوە، نەجێی گرتبێت و نە شاعیر و نە ئەدیبیش بێت.. ئەم بۆچوونەشیان لە خۆیەوە سەری هەلنەدابوو.

باشە ئەمە لە چییەوە هاتووە؟ دکتۆر مارف خەزنەداری رەحمەتی گوتەنی (ئەمە بۆ وا کەوتووەتەوە..؟)

هەلبەت ئەم بۆچوونەی ناو لاوان و تازە پێگەیشتووان لەمەوە سەرچاوەی گرتووە، کە رامان گۆڤارێکی سەنگینی حسێب بۆکراوی کەم هاوتای نێو گۆڕەپانی رۆشنبیری ئێمەیە و دەقی دیار و نایابی تێدا بلاودەکرێتەوە و خوێنەرێکی زۆری هەیەو توێژەران و لێکۆلەران بۆ کارەکانی خۆیان بەسەرچاوەی گرنگی دەزانن..

ئەمەو زۆر بواری درەوشاوەتری رامان هەیەو خوێنەر دەتوانێت قسەیان لەسەر بکات، بەم شێوەیە زۆر لایەنی رۆژنامەنووسی هەیە رامان تێیاندا سەرقافلەی گرتووە..من لەو کورتە هەولەدا هەر ویستم ئاماژە بەو سەکۆ ئازادەو بەو هەولەی رامان بدەم لە رەخساندنی دەرفەتی وەک یەک بۆ هەمـوو قـەلەمێک بە کۆن و تازەیەوە، نەک لایەنەکانی دیکە کە ئەمانیش بواری قسەی زۆرمان بۆ دەکەنەوە..

مایەوە بلێین خۆزگە کورد هەر تاکانە رامانێکی نەدەبوو، بەلکو خاوەنی چەندان رامانی دیکە دەبوو تا بەهەموویان ببانە کۆمەلێک جۆگەو پێکەوە رژابانە نێو رووباری رۆشنبیریی کوردییەوە..




# پارێزگاری ڕەسەنایەتی هونەری گۆرانی و موزیکی کوردیمان

**وریا ئەحمەد**



پارێزگاری کردن لە ڕەسەنایەتی هونەری گۆرانی و موزیکی کوردیمان لە ئەستۆی کێ دایە؟ بەڕای ئێمە بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی: وەزارەتی ڕۆشنبیری، سەندیکای هونەرمەندان، دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بە تایبەتی ڕادیۆ و (tv)یەکان، تیپەکانی موزیک، گۆرانیبێژە ڕاستەقینەکان، ڕەخنەگران و هونەردۆستان دایە. بەداخەوە ئەم واقیعە تاڵەی چەند ساڵێکە لەلایەن خەڵکانێکی نامۆوە سەپێنراوەتە سەر ئەم هونەرە، وا دەبێتە دیاردە و زۆریش بەداخەوە خەریکە سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە تایبەتی ڕادیۆ و (tv)یەکان پەیڕەوی دەکەن و برەو بەو بەرهەمە لاوەکی و کرچوکاڵانە دەدەن، ئەو بەرهەمانەی لە زۆر ڕووەوە هونەریان تێدا بەدی ناکرێت، بێ گومان کاردانەوەی خراپیش دەکەنە سەر زەوق و سەلیقەی خەڵکی بە گشتی و منداڵ و هەرزەکارانیشمان بە تایبەتی، خۆ ئەگەر کار وابڕوات و لایەنە پێوەندیدارەکان لەو بەرهەمە ناحەز و ڕەزا قورسانەی بەناوی گۆرانی کوردییەوە ئەمڕۆ بە خەڵکی بێ گوناهی کوردستان دەفرۆشرێن، بەرانبەر بەو تاوانەی دەرهەق بە هونەری گۆرانی و موزیکی کوردیمان دەکرێت، ئەگەر ئەو لایەنانە تا دوایی ئاوا بێ دەنگی هەڵبژێرن، ئەوە داهاتووی ئەو هونەرە زۆر شێواو و ئاڵۆز دەبێت و ئەگەر بەم جۆرەش بەردەوام بێت، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە جیاتی بەرەوپێش چوون، هونەرەکە پاشەکشە دەکات.

بڕواناکەم لە هیچ قوژبنێکی ئەو گۆی زەمینەمان کاری ئاوا ناڕەوا دەرهەق بە هونەری گۆرانی و موزیک کرابێت! تۆ سەیری میللەتانی دنیا بکە ئەمڕۆ لە میانی بەرنامەی پێشکەوتووی هونەری بەرزدا، کە بە دەیان ملیۆن بودجەی بۆ تەرخان دەکرێت و لە هەموو ڕوویەکەوە گرنگی بە جوانی و ئاستی بەرزی دیمەن و جلوبەرگ و ڕوخسار و ئاواز و تیپی موزیکی بەشدار بوو و ئاستی ئەو بەهرەمەندانەی بەشداری لەوجۆرە بەرنامە پێشکەوتوانەدا دەکەن، کە دواتریش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ نیشانی بینەرانی دەدەن و لە بردنەوەی بلیمەتەکاندا بەشداربیان پێدەکەن و ڕایەکانیان بەهەند وەردەگرن، ئەوە بەرلەوەی بۆ دواجار بڕیاری کۆتایی بۆ پێشکەوتووەکانی ئەو بەرنامانە ڕابگەیەنن! دواتریش ئەوانەی لە میانی ئەو بەرنامە پێشکەوتووانەدا دەردەچن، ئەمە دوای ئەو هەموو تاقیکردنەوە و ڕاپرسییانە وەک ئەوە وایە بڕوانامەیان هەبێت و مافی تۆمارکردن و پێشکەشکرنی کاری هونەرییان پێ درابێت، نەک وەک ئەوەی بەداخەوە ئەمڕۆ لەلای خۆمان ڕوو دەدات، کە هەرچی ڕاست دەبێتەوە بۆ خۆی گۆرانی تۆمار دەکات و لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکانیشەوە، بێ سێ و دوو و بێ هەڵسەنگاندن، بە گوێی خەڵکی بێ تاوانی ئەم وڵاتەی دادەدەن.

زۆرجار ڕوویداوە لە ناو ئۆتۆمبێلدا چەندین ڕادیۆم گۆڕیوە و گوتوومە: ئێ ئەوە خوایە، بەڵکو شتێکی نوێ ببیستم شایانی گوێ لێگرتن بێت! کەچی مخابن لە چەند هونەرمەندێکی دەنگخۆش بترازێت کە لە پەنجەکانی هەردوو دەست تێناپەڕن، دیارە مەبەستم لە گۆرانیبێژانی ئەم ڕۆژگارەیە، مەگەر بە ڕێکەوت ئەگینا بەرهەمی بەپێز و جوان و ئاست بەرز کە لە ڕووی ئاواز و هۆنراوە و دەنگ و موزیک و تۆمارکردنیشەوە باش بێت، ئەگەر بشبێت زۆر دەگمەنە و لەناو ئەو هەموو شاڵاوی بەرهەمە خراپانەدا بزر بوونە.